حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی - کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی مێژوو

# ململانێی چەکداری پارتە کوردییەکان لە باشوری کوردستان (١٩٩١-٢٠٠٣)

نامەیەکە خوێندکار:

**شاڵاو ئیبراهیم عەزیز**

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی مێژوو / لە پسپۆڕی مێژووی نوێ و هاوچەرخ

بە سەرپەرشتی

**پرۆفیسۆر د. ئارام عەلی مستەفا**

٢٧٢٢ کوردی ٢٠٢٣ زاینی

رەزامەندیی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار (شاڵاو ئیبراهیم عەزیز)

بە ناونیشانی

( ململانێی چەکداریی پارتە کوردییەکان لە باشوری کوردستان (١٩٩١-٢٠٠٣) )

بە چاودێریی ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان / زانکۆی سلێمانی ئامادە کراوە، بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ( مێژوو)، پێشنیاز دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشتیار: پ. د. ئارام عەلی مستەفا

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

ڕێکەوت: ٩ / ١ / ٢٠٢٣

بە پێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

ناو: پ. د. پشکۆ حەمە تاهیر عبدالرحمن

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

سەرۆکی بەشی: مێژوو

ڕێکەوت: ٩/ ١/ ٢٠٢٣

ڕەزامەندیی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەك ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، نامەی خوێندکار (شاڵاو ابراهیم عزیز) بەناونیشانی (ململانێی چەکداریی پارتە کوردییەکان لە باشوری کوردستان (١٩٩١-٢٠٠٣) ) خوێندەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارماندا بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ( مێژوو ) پێ بدرێت.

واژۆ:

ناو: سەروەر عبدالرحمن عمر

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

سەرۆکی لیژنە

ڕێکەوت: ٢٢/ ٥ / ٢٠٢٣

واژۆ:

ناو: محمد عبداللە کاکە سور

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

ئەندام

ڕێکەوت: ٨ / ٣ / ٢٠٢٣

واژۆ:

ناو: هاوار کمال میرزا عبداللە

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ئەندام

ڕێکەوت: ٨/ ٣/ ٢٠٢٣

واژۆ:

ناو: ئارام علی مصطفی

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

ئەندام و سەرپەرشتیار

ڕێکەوت: ٨ / ٣ / ٢٠٢٣

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان – زانکۆی سلێمانییەوە پەسەند کرا.

واژۆ:

ناو: پ. ی. د. پاڤێ جمیل احمد

ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان

ڕێکەوت: ٥/ ٦ / ٢٠٢٣

## پێشکەشە بە

* ڕۆحی پاکی ئەوانەی لە ئاگری شەڕی ناوخۆدا بوونە قوربانیی.

* دایک و باوکم، بۆ هەمیشە قەرزداری ماندووبوونیانم.

* هاوسەری ئازیزم، کە هەمیشە هاوکار و پاڵپشتم بووە.

* منداڵە چاوگەشەکانم (محمد- شاهەند- لیرە).

## سوپاس و پێزانین

* بۆ بەڕێز پرۆفیسۆر دکتۆر ئارام عەلی، کە ماندوو بوو لەگەڵم و ئەرکی کێشا کە سەرپەرشتی توێژینەوەکەی کرد و بە وردی خوێندییەوە و پێشنیاری بە جێ و بایەخداری بۆی هەبوو، سەرنج و تێبینییەکانی بەپێز و گرنگ بوون.

* بۆ سەرۆکایەتی بەشی مێژوو، بەڕێزان (پ.د. پشکۆ حەمە تاهیر عەبدولڕەحمان، پ.ی.د. هاوار کەمال میرزا)، کە هاوکار و یارمەتیدەرمان بوون، دڵسۆزانە بە دەم کاروبارەکانمانەوە چوون.

* بۆ (پ.د. سەروەر عەبدولرەحمان) سەرۆکی ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان، کە هاوکاری زۆر کردم لە پێدانی سەرچاوە و زانیاری، بەتایبەتی پێدانی پرۆتۆکۆڵەکانی پەرلەمانی کوردستان.

* بۆ مامۆستا (ڕزگار حاجی حمید)، کە لە پێدانی چەندین سەرچاوەی جۆراوجۆر لە کتێب، ڕۆژنامە و گۆڤار هاوکاریی زۆری کردم.

* بۆ مامۆستا (فەتاح تەنیا) لە کتێبخانەی گشتی کەلار، کە لە پێدانی سەرچاوەکان هاوکاری زۆری کردووین.

* بۆ برای بەڕێزم مامۆستا (بازیان سابیر)، بەڕێوبەری کتێبخانەی گشتیی کفری، کە هاوکارییەکی زۆری توێژینەوەکەمانی کردووە.

* بۆ (بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانی کوردی)، کە هاوکارمان بوون.

* بۆ (دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان)، کە لە پێدانی چەندین بەڵگەنامە و سەرچاوەی گرنگ هاوکارمان بوون.

* بۆ کتێبخانەی (گردی زەرگەتە)، کە لە پێدانی سەرچاوە و زانیاری هاوکارمان بوون.

* بۆ کتێبخانەی (شێخ ئەحمەد شاکەلی) کە لە پێدانی سەرچاوە و زانیاری هاوکارمان بوون.

* بۆ مامۆستا (جەلیل حەمە حسێن)، کە لە ماوەی خوێندنماندا هەمیشە هاوکار و یارمەتیدەرم بووە.

* بۆ مامۆستا (ئیدریس سیوەیلی)، توێژەری بواری هزری ئیسلامی، کە هاوکار و یارمەتیدەرم بوو.

* بۆ مامۆستا (عەلی نادر) وەرگێڕی یاسای زمانی ئینگلیزی، کە یارمەتی دەرو هاوکارم بووە.

# لیستی هێما و ناوە کورتکراوەکان

| هێمای ناوە کورتکراوەکان | ناوەکان |
|---|---|
| س.پ | سەرچاوەی پێشوو |
| هـ.س | هەمان سەرچاوە |
| س | ساڵ |
| ز | زاینی |
| چ | چاپ |
| ب | بەرگ |
| ل | لاپەڕە |
| و | وەرگێڕان |
| ی.ن.ک | یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان |
| پ.د.ک | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| پ.ک.ک | پارتی کرێکارانی کوردستان |
| حشع | حزبی شیوعی عێراق |
| باسک | بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان – عێراق |
| حسک | حزبی سۆسیالیستی کوردستان |
| حسیک | حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان |
| پاسۆک | پارتی سۆسیالیستی کوردستان |
| ح.ش.ک | حزبی شیوعی کوردستان |
| پ.ک.س.ک | پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان |
| حدکا | حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران |
| پاک | پارتی ئازادی کوردستان |
| ی.ن.د.ک | یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان |
| ح.ز.ک | حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان |
| هـ.د.ک | هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان |
| الجبهة الوطنية القومية الديمقراطية العراقية | بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی دیموکراسی عێراق (جوقد) |
| الجبهة الوطنية الديمقراطية العراقية | بەرەی نیشتمانی دیموکراسی عێراق (جود) |
| ب.یە.ئی | بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی |
| پ.پ.ک | پارتی پارێزگارانی کوردستان |
| ح.ک.ک | حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری |
| م. س | مەکتەبی سیاسی |
| ب.ڕ.ا.ئی | بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی |
| حسدک | حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان |
| ب.س.د.ک. | بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان |

## پێڕستی بابەتەکان


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١ ـ ٦ | پێشەکی |
| ٧ ـ ٢١ | دەروازە: سەرەتای شەڕی ناوخۆ و ململانێی چەکداریی نێوان پارتەکانی باشووری کوردستان (١٩٧٦- ١٩٩١) |
| | بەشی یەکەم: ڕەوشی باشووری کوردستان و ململانێی چەکداری پارتەکان (١٩٩١ ـ ١٩٩٤) |
| ٢٢ ـ ٣٣ | باسی یەکەم: ڕاپەڕین و کۆڕەو (١٩٩١). |
| ٣٤ ـ ٤٦ | باسی دووەم: دانوستانی نێوان بەرەی کوردستانیی و حکومەتی عێراق (١٩٩١). |
| ٤٧ ـ ٥٣ | باسی سێیەم: هەڵبژاردن و دروستبوونی حکومەتی هەرێم (١٩٩٢). |
| ٥٤ ـ ٦٤ | باسی چوارەم: شەڕی نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان(پ.ک.ک) و یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان(ی.ن.ک) و پارتی دیموکراتی کوردستان(پ.د.ک) (تشرینی یەکەمی ١٩٩٢). |
| ٦٥ ـ ٧٢ | باسی پێنجەم: شەڕی نێوان (پ.د.ک) و حزبی سۆسیالیستی کوردستان(حسک) (١٩٩٣). |
| ٧٣ ـ ٨٣ | باسی شەشەم: شەڕی (ی.ن.ک) و بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان(باسک) (کانوونی یەکەمی ١٩٩٣). |
| | بەشی دووەم: شەڕی ناوخۆ و ململانێی چەکداری پارتەکان لە باشوور کوردستان (١٩٩٤ ـ ١٩٩٧) |
| ٨٤ ـ ٩٤ | باسی یەکەم: گەڕی یەکەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) (١٩٩٤) |
| ٩٥ ـ ١٠٨ | باسی دووەم: گەڕی دووەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) (١٩٩٤ تاکو گەڕی سێیەمی شەڕی ناوخۆ) |
| ١٠٩ ـ ١١٦ | باسی سێیەم: شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) (١٩٩٥) |
| ١١٧ ـ ١٢٨ | باسی چوارەم: گەڕی سێیەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) (١٩٩٦-١٩٩٧) |
| ١٢٩ ـ ١٣٥ | باسی پێنجەم: گەڕی دووەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (ی.ن.ک) و (باسک) (١٩٩٧) |
| | بەشی سێیەم: شەڕی ناوخۆ و ململانێی نێوان پارتەکان (١٩٩٧ - ٢٠٠٣) |
| ١٣٦ ـ ١٤١ | باسی یەکەم: گەڕی دووەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) (١٩٩٧) |
| ١٤٢ ـ ١٥٠ | باسی دووەم: گەڕی چوارەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) و ڕێکەوتنامەی واشنتۆن (١٩٩٨) |
| ١٥١ ـ ١٥٧ | باسی سێیەم: شەڕی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.ک.ک) ساڵی (٢٠٠٠) |
| ١٥٨ ـ ١٦٣ | باسی چوارەم: پەیوەندیی و ململانێی پارتە سیاسییەکان (١٩٩٩- ٢٠٠٣) |
| ١٦٤ ـ ١٧٨ | باسی پێنجەم: شەڕی نێوان (ی.ن.ک) و گروپە ئیسلامییە جیهادییەکان (٢٠٠١- ٢٠٠٣) |
| ١٨٩ ـ ١٨٠ | ئەنجام |
| ١٨١ ـ ١٩٥ | لیستی سەرچاوەکان |
| ١٩٦ ـ ٢٩٤ | پاشکۆکان |
| I | پوختەی نامە بە زمانی عەرەبی (ملخص البحث) |
| II | پوختەی نامەکە بە زمانی ئینگلیزی (Abstract) |

# پێشەکی

ڕووداوەکانی نێو گۆڕەپانی سیاسی باشووری کوردستان، لە کۆتایی سەدەی بیستەم کاریگەریی زۆری لەسەر پەیوەندی و ململانێی نێوان پارتە سیاسییەکان، هەروەها ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆی کایە سیاسییەکان لە باشووری کوردستان هەبوو. ململانێی نێوان پارتە سیاسییەکان، بەتایبەتی و ڕەوشی سیاسی بە شێوەیەکی گشتی لە باشووری کوردستان، بەپێی دەسەڵات و توانا و هێزی پارتە سیاسییەکان گۆڕانکاریی بەخۆوە بینیووە ،هەندێک جار پەیوەندی نێوان پارتە سیاسییەکان باش بووە و هەندێک جاریش خراپ، تاکو ئەو ئاستەی شەڕی ناوخۆی و براکوژی لێکەوتۆتەوە. مێژووی پارتە سیاسییەکان لە باشووری کوردستان بەدەر نییە لە شەڕی ناوخۆی، بە ئاوڕدانەوە لە مێژووەکەیان تۆمارێکی زۆر لە جیابوونەوە و ناکۆکی و ململانێ و شەڕی ناوخۆیی بەدیدەکرێت، زۆرجار ڕوودانی شەڕە ناوخۆیەکان لەسەر شتگەلێکی سادە و ساکار بووە، بە نموونە- شەڕی نێوان (ی.ن.ک) و (باسک) لە ساڵی (١٩٩٣)، یان شەڕی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) (١٩٩٤- ١٩٩٧)، شەڕی ناوخۆی پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بە بەراوردکردن بە شەڕی ناوخۆی وڵاتەکانی جیهان، ڕەنگە ماوەیەکی زۆرتری خایاندبێت و پارتە شەڕکەرەکان بۆ ڕەوایەتییدانیان بە شەڕی ناوخۆی و لە پێناو بەردەوامبوونی شەڕ و سەپاندنی باڵادەستی سیاسیی و سەربازیی خۆیان، زۆرجار چوارچێوە و مۆرکێکی ئاینیی یان تایەفی یان جیاوازی فکری بۆ دروست دەکەن.

ململانێی چەکداریی پارتە کوردییەکان لە باشووری کوردستان (١٩٩١- ٢٠٠٣) ناونیشانی ئەم نامەیەیە، کە تیایدا گرنگیی بە ململانێ و شەڕی ناوخۆی پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان و هۆکار و بەردەوامبوونی شەڕی ناوخۆی نێوانیان پارتەکان لەو ماوە مێژووییەدا دەدات.

## گرنگی توێژینەوەکە:

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە لە ژێر ناونیشانی (ململانێی چەکداری پارتە کوردییەکان لە باشووری کوردستان ١٩٩١-٢٠٠٣) وەک ماوەیەکی مێژوویی لە مێژووی هاوچەرخی کورد گرنگ و پڕ بایەخە، چونکە لەو ماوە مێژووییەدا کۆمەڵێک گۆڕانکاری گەورە هاتووەتە کایەوە، کە کاریگەری لەسەر پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان هەبووە، گرنگییەکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە لە ساڵی(١٩٩١) دەست پێدەکات، سەرەتای قۆناغێکی نوێیە لە مێژووی بزاڤی ڕزگارییخوازیی کورد، کە خۆی لە ڕاپەڕین و دواتر دروستبوونی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەبینێتەوە. هاوکات گرنگی و بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە سەرهەڵدانەوەی شەڕی ناوخۆی پارتەکان لە باشووری کوردستان و کاریگەرییان لەسەر هەرێمی کوردستان و کاریگەرییەکانی شەڕی ناوخۆ بە شێوەیەک بووە، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەر ماوە، واتە شەڕی ناوخۆی و ململانێی چەکداریی بووەتە پرسێکی بۆماوەیی. گرنگییەکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی سیاسەتی هەریەکە لە عێراق، ئێران و تورکیایە لە شەڕی ناوخۆیی نێوان پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە خۆیی دەبینێتەوە لە دەرخستن و خستنەڕووی ململانێی چەکداریی پارتە کوردییەکان لە باشووری کوردستان و ئەو پاڵنەر و هۆکارانەی کە بوونە هۆی دروستبوونی، هەروەها شیکردنەوە و بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمیی لە ململانێی چەکداری و شەڕی ناوخۆی پارتەکان لە باشووری کوردستان، جگە لەوەش هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی ڕەوشی سیاسی باشووری کوردستان (١٩٩١- ٢٠٠٣) و خستنەڕووی ئەو ڕەوشە ئاڵۆزەی باشووری کوردستان لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆی پارتەکان گیرۆدەی ببوون، ئامانجێکی دیکەی توێژینەوەکەمان خستەنەڕووی ڕۆڵی وڵاتانی عێراق، ئێران و تورکیایە لە شەڕی ناوخۆدا.

**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**

ململانێی چەکداری پارتە کوردییەکان لە باشووری کوردستان (١٩٩١-٢٠٠٣) لەگەڵ ئەوەی قۆناغێکی گرنگ و هەستیارە لە مێژوویی پارتە سیاسییەکاندا کاریگەری ڕاستەوخۆیی لەسەر پرسی کورد لە باشووری کوردستان هەبوو، دەکرێت بۆ هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەیەکی ئەکادیمیی، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زانستی بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوەوە، چەند فاکتەرێک هەبن و کاریگەر بن. بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک هۆکار ئەم بابەتەی توێژینەوەیەمان هەڵبژارد، لەوانە نەبوونی نامەیەکی زانستی و ئەکادیمی تایبەت بە شەڕی ناوخۆ و ململانێی چەکداریی پارتە سیاسییەکان لە باشووری کوردستان، هەروەها دەرخستنی هۆکار و کاریگەرییەکانی شەڕی ناوخۆ و خستنەڕووی ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لە ماوەی ساڵانی (١٩٩١-٢٠٠٣)، چونکە ئەوەی کە لەلایەن سەرکردە و کاراکتەرە سەربازییەکانی پارتەکانی باشووری کوردستان نووسراوەتەوە، زۆرتر لایەنگیریی بۆ پارتێکی دیاریکراو پێوە دیارە.

**پرسیاری توێژینەوەکە:**

گرنگترین ئەو پرسیارانەی، کە ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە وەڵامیان بداتەوە ئەمانەن: شەڕی ناوخۆی پارتەکان لە قۆناغی (١٩٩١- ٢٠٠٣)، درێژکراوەی بەردەوامی شەڕی ناوخۆی پارتەکانە لە (١٩٧٦- ١٩٨٧)؟ هۆکاری بەردەوامی شەڕی ناوخۆی پارتەکان لە باشووری کوردستان، ڕۆڵی وڵاتانی هەرێمیی و دەرەکیی لە شەڕی ناوخۆی باشووری کوردستاندا، ئایا توانایی پارتە سیاسییەکانی باشوور لە ئاستی ئەم شەڕانەدا بووە؟ ئایا بەردەوامی شەڕەکان کاریگەری لەسەر ناوبانگی کورد لە دەرەوەدا هەبووە؟

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی مێژوویی - سیاسیی (گێڕانەوە و خستنەڕوو) بەستراوە، لەم ڕێگەیەوە هەوڵدراوە وێنای ڕەوشی سیاسی باشووری کوردستان (١٩٩١- ٢٠٠٣) و شیکردنەوەی بابەتەکە، بە پشتبەستن بە سەرچاوەی ڕەسەن و لەسەر بنەمای بەڵگە و دیکۆمێنتەکان بە شێوازێکی زانستیی و بابەتییانە و بەشێوەیەکی کرۆنۆلۆژی ڕووداوە مێژووییەکان خراوەتەڕوو.

**ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە:**

ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی بێ کێشە و گیروگرفت نابێت، گرفتی ئەم توێژینەوەیە جیاوازە لە هەر توێژینەوەیەکی تر، بەهۆی هەستیاریی بابەتی توێژینەوەکە و هەروەها نەبوونی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ورد لەسەر بابەتی توێژینەوەکە، ئەو سەرچاوە و زانیارییانەی، کە لە بەردەستدا بوون، زۆربەی ڕۆژنامە و زمانحاڵی پارتە سیاسییەکان، لەگەڵ بەشێک لە بیرەوەری و یاداشتی کەسایەتییە سیاسی و سەربازییەکاندا بوون.

ئەو نووسراوانەش، چ ڕۆژنامە و زمانحاڵی پارتەکان چ نووسراو و یاداشت و بیرەوەرییەکان، لایەنگیرییەکی زۆریان بۆ پارتە سیاسییەکان پێوە دیار بووە، هەروەها نادیاری ڕووداوەکان و نا ڕوونی و ووردەکاریی بەشێکی دیاری ڕووداوەکان لەم قۆناغەدا، جگە لەوە دەستخستنی بەڵگەنامەکان لەو ماوە مێژووییەدا کارێکی دژوارە، چونکە زۆرێکی لەو بەڵگەنامانە تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت بە نهێنی ماوەتەوە و دەستخستنی کارێکی ئاسان نییە، لەم پاڵ ئەم ئاستەنگانەدا دەست ڕانەگەشتنی توێژەر بە زۆرێک لە ئەرشیف و بەڵگەنامەی پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان.

جگە لەوە ئاستەنگێکی دیکەی توێژینەوەکە ئەوەیە، کە بەهۆی هەستیاریی توێژینەوەکەوە زۆرێک لە کەسایەتییە سیاسیی و سەربازییەکان و بەشداربووانی شەڕی ناوخۆ، لەبەر هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی تایبەت بە خۆیان، ئامادە نەبوون بۆ چاوپێکەوتن و پێدانی زانیاری ڕاست و دروست لەسەر ڕووداوەکانی شەڕی ناوخۆ، ئەو چاوپێکەوتنانەش، کە ئەنجامدراون، بە جۆرێک لە جۆرەکان، لەبەر بەرژەوەندی خودی و پارتایەتی، هەوڵی شێواندنی ڕاستییەکانیان داوە. یەکێکی تر لە ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە، بەهۆی بەردەوامی شەڕی ناوخۆ بۆ

ماوەیەکی درێژ، زۆرێک لە دۆکیۆمێنت و ئەرشیفی پارتە سیاسییەکان لەناوچوون یان سووتێنراون، وەک ئەوەی لە ڕووداوی (٣١/ ئابی ١٩٩٦) ڕوویدا، کە (ی.ن.ک) زۆرێک لە ئەو دۆکیۆمێنت و ئەرشیفانەی سووتاند، کە هەیبوو. ئاستەنگێکی دیکەی توێژینەوەکەمان ئەوەیە، زۆریی هەندێک لەو بەڵگەنامانەی، کە لەبەردەستماندان، وەک کۆنووسی کۆبوونەوەکانی نێوان(ی.ن.ک) و (پ.د.ک) لە ساڵانی (١٩٩٨- ١٩٩٩)، کە ژمارەیان (٥٤)ە، هەربۆیە ناچار بووین، تەنیا یەک پەڕەی سەرەتای کۆبوونەوەکانی نێوان هەردوولامان لە پاشکۆدا داناوە. بەڵام بەهۆی گرنگی بابەتی توێژینەوەکەمانەوە، هەوڵمانداوە بتوانین بەسەر ئاستەنگەکاندا زاڵ بین و بەپێی توانا و بەردەستبوونیان، زانیاری و بۆچوونە جیاوازەکانی نێوانیان کۆبکەینەوە و سوودیان لێوەربگرین.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکەمان لە دەروازە، سێ بەش و ئەنجام پێکهاتووە. بەم شێوەیە:

**دەروازە:** لە سەرەتای ململانێی چەکداری پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لە ساڵانی (١٩٧٦- ١٩٩١). ئامانج لە دەروازە، تێگەیشتنە لە ڕەوشی سیاسی باشووری کوردستان لە دوای ڕێکەوتنامەی جەزائیر و کۆتاییهێنانی خەباتی چەکداریی کورد لە باشووری کوردستان، دەستپێکردنەوەی قۆناغێکی نوێ لە ژیانی پارتایەتی لە باشووری کوردستان، کە ئەویش قۆناغی فرەپارتیی بوو، دامەزراندنی چەندین پارتی سیاسی نوێ لە باشووری کوردستان و دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریی دژ بە حکومەتی عێراق و هەروەها ململانێی چەکداریی و شەڕی ناوخۆی پارتەکان، کە لە سەرەتای (١٩٧٧) دەست پێدەکات، بە تایبەتی لە نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)، کە تا ساڵی (١٩٨٠) درێژەی کێشا. لە دوای ساڵی (١٩٨٠)وە هەردوو پارت (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) لە دوو بەرەی جیاواز و دژبەیەکدا بوون، ئەوانیش بەرەی (جود) و (جوقد) بوون. لە دوای ساڵی (١٩٨٠)وە شەڕی نێوان (ی.ن.ک) و بەرەی (جود) بۆ ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشا، تا ساڵی (١٩٨٦) و ئاشتبوونەوەی گشتی پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان و دروستبوونی بەرەی کوردستانی لە ساڵی (١٩٨٨).

**بەشی یەکەم:** تایبەتە بە ڕەوشی باشووری کوردستان و ململانێی پارتەکان لە (١٩٩١- ١٩٩٤)، بەسەر شەش باسدا دابەش بووە:

باسی یەکەم: بۆ ڕاپەڕینی (ئازاری ١٩٩١) دژی حکومەتی عێراق تەرخانکراوە. لەم باسەدا بە وردی هەنگاوەکانی ئازادکردنی ناوچەکانی کوردستان و شکستی حکومەتی عێراق و کۆڕەوی کورد خراوەتەڕوو.

باسی دووەم: بۆ گفتوگۆکانی نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی عێراق تەرخانکراوە، کە خۆی لە چەندین گەڕی گفتوگۆدا بینییەوە، تا کشانەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق لە ناوچەکەدا.

باسی سێیەم: بۆ هەڵبژاردنی (ئایاری ١٩٩٢) و دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەرخانکراوە.

باسی چوارەم: بۆ یەکەمین ململانێی چەکداری و شەڕی ناوخۆی پارتەکان لە باشووری کوردستان لە دوای ڕاپەڕین و دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەرخانکراوە، ئەویش شەڕی نێوان (پ.ک.ک) و (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لە (تشرینی یەکەمی ١٩٩٢).

باسی پێنجەم: زۆرتر بۆ یەکگرتنەوەی پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان تەرخانکراوە، لەوانە یەکگرتنی (حسک) و (پاسۆک) و دواتر یەکگرتنەوەی هەریەکە لە (حسک و پاسۆک و پارتی گەل) بە ناوی (حزبی یەکگرتن) و چوونە ناو (پ.د.ک) لە (ئابی ١٩٩٣) و دواتر جیابوونەوەی باڵێکی حزبی یەکگرتن لە (پ.د.ک) بە سەرکردایەتی (محمد حاجی محمود) و دروستکردنەوەی (حسک) و بەرپابوونی شەڕ لە نێوان (حسک) و (پ.د.ک) لە (کانوونی یەکەمی ١٩٩٣).

باسی شەشەم: بۆ شەڕی ناوخۆی و ململانێی چەکداری نێوان (ی.ن.ک) و (باسک) لە (کانوونی یەکەمی ١٩٩٣) تەرخانکراوە.

**بەشی دووەم:** تایبەتە بە شەڕی ناوخۆی نێوان پارتەکان (١٩٩٤- ١٩٩٧)، بەسەر پێنج باسدا دابەشبووە:

باسی یەکەم: بۆ دەستپێکردنی گەڕی یەکەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) لە (١/ ئایاری ١٩٩٤) تەرخانکراوە، کە زۆربەی ناوچەکانی باشووری کوردستانی گرتەوە و بووە دەستپێکی شەڕێکی خوێناوی، کە تا ساڵی (١٩٩٨) درێژەی کێشا.

باسی دووەم: تایبەتە بە گەڕی دووەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)، کە بە دیاریکراوی لە (١٥/ کانوونی یەکەمی ١٩٩٤) دەستپێدەکات و تا (ئابی ١٩٩٦) بەردەوامبوو، چەقی ململانێی گەڕی دووەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) هەولێر و دەوروبەری بوو، کە لە (کانوونی دووەمی ١٩٩٥) (ی.ن.ک) بە تەواوەتی دەستی بەسەرداگرت و (پ.د.ک) هەوڵی گرتنەوەی دەدا.

باسی سێیەم: بۆ شەڕی ناوخۆی و ململانێی چەکداری نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) تەرخانکراوە، کە لە (ئابی ١٩٩٥)وە دەستپێدەکات و لەگەڵ شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) هاوکاتە، تا (١٠/ کانوونی یەکەمی ١٩٩٥) شەڕ لەنێوان هەردوولادا بەردەوامبوو.

باسی چوارەم: بۆ گەڕی سێیەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) تەرخانکراوە، کە لە (١٦- ١٧/ ئابی ١٩٩٦)وە دەست پێدەکات، لەم باسەدا باس لە رووداوی (٣١/ ئابی ١٩٩٦) و کشانەوەی (ی.ن.ک) بۆ ئێران و گەڕانەوەی (ی.ن.ک) لە هێرشێکدا بە ناوی (گەردەلوولی تۆڵە) کراوە.

باسی پێنجەم: بۆ گەڕی دووەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (ی.ن.ک) و (باسک) (١٩٩٧) تەرخانکراوە. لەم باسەدا باس لە سەرەتای بەشدارییکردنی (باسک) لە شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) و درێژەکێشانی شەڕی نێوان هەردوولا دەکەین، تا (نیسانی ١٩٩٧) جارێکی تر هەردوو هێز تووشی شەڕێکی قورسی ناوخۆی دەبنەوە و بە ڕێکەوتنامەی تاران و بەشدارییکردنی (باسک) لە حکومەتی هەرێمی کوردستان- سلێمانی کۆتایی دێت.

**بەشی سێیەم:** تایبەتە بە شەڕی ناوخۆی نێوان پارتەکان لە (١٩٩٧- ٢٠٠٣) بەسەر پێنج باسدا دابەش بووە:

باسی یەکەم: بۆ گەڕی دووەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) تەرخانکراوە، کە لە (ئایاری ١٩٩٧) دەست پێدەکات و تا (ئەیلولی ١٩٩٨) بەردەوام بووە، لەم باسەدا لەشکرکێشییەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر (پ.ک.ک) و شەڕی نێوان (پ.ک.ک) و (پ.د.ک) باسکراوە.

باسی دووەم: بۆ گەڕی چوارەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) و ڕێکەوتنامەی واشنتۆن تەرخانکراوە. لەم باسەدا شەڕەکانی (گەردەلوولی تۆڵەی دووەم) و هێرشەکانی (ی.ن.ک) و هاوپەیمانانی بۆ سەر (پ.د.ک) و بەشدارییکردنی (پ.ک.ک) لە گەڕی چوارەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) و دەستتێوەردانی سوپای تورکیا لە بەرژەوەندی (پ.د.ک) و ڕێکەوتنامەی واشنتۆن باسکراون.

باسی سێیەم: تایبەتە بە شەڕی ناوخۆی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.ک.ک) لە ساڵی (٢٠٠٠). لەم باسەدا پەیوەندییەکانی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.ک.ک) لە دوای ڕێکەوتنامەی واشنتۆن و ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا و دەستپێکردنی شەڕی ناوخۆی لە نێوان هەردوولادا باسکراوە.

باسی چوارەم: بۆ پەیوەندیی و ململانێی پارتە سیاسییەکان لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٩- ٢٠٠٣) تەرخانکراوە. لەم باسەدا پەیوەندی و کۆبوونەوەکانی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لە ئاستی باڵادا، بۆ ئاساییکردنەوەی ڕەوشی باشووری کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردوولا، بەتایبەتی کێشەی ئاوارە و دەرکراوەکانی نێوان هەردوولا و کێشەی داهات و گومرکەکان، بەتایبەتی داهاتی گومرکی ئیبراهیم خەلیل و کۆتاییهێنان بە شەڕی ڕاگەیاندن و کردنەوەی پەرلەمانی کوردستان لە نێوان هەردوولادا لە (تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢) لە دوای ماوەیەکی زۆر لە لەکارخستنی بەهۆی شەڕی ناوخۆوە، هەروەها خستنەڕووی ئەو ململانێیانەی کە لەو ماوەیەدا ڕوویداوە.

باسی پێنجەم: بۆ شەڕی نێوان (ی.ن.ک) و گرووپە ئیسلامییە جیهادییەکان (٢٠٠١- ٢٠٠٣) تەرخانکراوە. ئەم باسە بەسەر دوو تەوەردا دابەشکراوە، لە تەوەری یەکەمدا، باس لە لێکترازانەکانی ناو بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی و دروستبوونی گرووپە جیهادییەکان و کۆمەڵی ئیسلامی و دووبارە دروستبوونەوەی بزووتنەوەی ئیسلامی دەکەین، هەرچی تەوەری دووەمە، زۆرتر بۆ شەڕی نێوان (ی.ن.ک) و جوندلئیسلام و ئەنسارلئیسلام تەرخانکراوە، کە لە (ئەیلولی ٢٠٠١)وە دەستپێدەکات تا (نیسانی ٢٠٠٣) درێژەی کێشا، چەندین شەڕ و ململانێی خوێناوی لەو ماوەیەدا لە نێوان هەردوولادا ڕوویانداوە.

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا، کۆمەڵێک خاڵ، وەک ئەنجامی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو.

**شیکردنەوەی سەرچاوەکان:**

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەمان، سوود لە چەندین سەرچاوەی فرە جۆر وەرگیراوە، هەر یەکە لەو سەرچاوانە دەستگیرۆییەکی باشی توێژەر بوون لە پێدانی زانیاری ناو توێژینەوەکە هەندێک لەو سەرچاوانە بریتین لە بەڵگەنامەکان، کە بایەخ و گرنگی زانستی خۆیی هەیە لە توێژینەوەی زانستیدا بە گشتی و بە تایبەتی لە توێژینەوە لە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان، چونکە لەو بەڵگەنامانەدا ڕاستەوخۆ ئاماژە بە شەڕی ناوخۆیی پارتە سیاییەکان کراوە و هەندێک لەو بەڵگەنامانە کە بەکارهێنراون بڵاونەکراوەن و گرنگی و بایەخی خۆیان هەیە، وەک کۆنووسی کۆبوونەوەکانی لیژنەی باڵای ئاشتی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) کە هەموو کۆبوونەوەکان نووسراونەتەوە، جگە بەڵگە نامە بڵاوکراوەکانیش گرنگی خۆیی هەیە، کە دەرخەر و خستنەڕووی ڕووداوەکانە، سەرجەم بەڵگەنامەکان لە پاشکۆدا خراوەتەڕوو لەگەڵ ناوهێنانی ئەو شوێن و کەسانەی کە لێمان وەرگرتوون،

بەشێکی تری ئەو سەرچاوانەی، کە سوودمان لێوەرگرتووە و زانیاری زۆری تێدایە، بریتییە لە یاداشت و بیرەوەری کەسایەتییە سیاسییەکانی باشووری کوردستان، کە بۆخۆیان لە ناو ڕووداوەکاندا بوون و دروستکەریی ڕووداوەکان بوون و تۆماریان کردووە، ئەگەرچی زۆرێک لەو یاداشت و بیرەوەرییانە بە شێوەیەکی لایەنگیری بۆ پارت و لایەنێکی دیاریکراو نووسراونەتەوە، بەڵام گرنگی و بایەخی خۆیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵمانداوە بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، وەک یاداشت و بیرەوەرییەکانی نەوشیروان مستەفا ئەمین، (لە کەناری دانووبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن، خولانەوە لەناو بازنەدا)، کە زانیاری زۆری تێدایە لەسەر شەڕی ناوخۆیی پارتەکان (١٩٧٦-١٩٨٨)، کە نووسەر بۆخۆی لە ناو ڕووداوەکاندا بووە و زۆرێک لە ڕووداوەکانی تۆمارکردووە، لە دەروازەدا سوودێکی زۆرمان لێوەرگرتووە.

هەروەها بیرەوەرییەکانی محمدی حاجی محمود (ڕۆژمێری پێشمەرگەیەک) کە خۆیی لە پێنج بەرگدا دەبینێتەوە، گرنگی و بایەخی زۆری هەیە، کە زۆرێک لە ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارەی تۆمارکردووە، بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەکان کە زۆرترین بەڵگەنامەی تێدا بەکارهاتووە، کە لە زۆربەی بەش و باسەکانی توێژینەوەکەدا سوودامان لێوەرگرتووە.

جگە لەوە بیرەوەرییەکانی جەلال تاڵەبانی (دیداری تەمەن) کە دوو بەرگە هاوشێوەی بیرەوەرییەکانی دیکە بایەخ و گرنگی زۆری هەیە، چونکە بۆخۆیی لە ناو ڕووداوەکاندا بووە، بۆ زۆرینەی بەش و باسەکانی توێژینەوەکە سوودمان لێوەرگرتووە، ئەمانە و چەندین یاداشت و بیرەوەری کەسایەتی و کاراکتەرە سیاسییەکانی نێو گۆڕەپانی سیاسی باشووری کوردستان سوودمان لێوەرگرتووە.

جۆرێکی تر لەو سەرچاوانەی کە لە توێژینەوەکەماندا سوودی زۆرمان لێوەرگرتووە ڕۆژنامەکانە، بە تایبەتی ڕۆژنامەی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لەوانە (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەی برایەتی، ڕۆژنامەی وڵات) گرنگی ڕۆژنامەکان بۆ توێژینەوەکە لەوەدایە کە زانیاری زۆری تێدایە، زۆرێک لە ڕووداوەکانی ڕۆژگاری شەڕی ناوخۆ لە دوتوێی ڕۆژنامەکاندا تۆمارکراوە، چونکە هەر ڕووداوێک ڕوویدابێت لە ڕۆژنامەکاندا نووسراوەتەوە، بە تایبەتی لە ماوەیی شەڕی ناوخۆیی پارتەکان، شەڕی ناوخۆیی ڕەنگدانەوەی زۆری بەسەر ڕۆژنامەی پارتەکانەوە هەبووە.

جۆرێکی دیکە لەو سەرچاوانەی کە لە توێژینەوەکەدا سوودمان لێوەرگرتووە، بریتییە لەو پەرتوکانەی کە بەشێوەیەکی گشتی زانیاری هەمەلایەنی دەربارەی ڕەوشی سیاسیی باشووری کوردستان و ململانێی پارتە کوردییەکانی تێدایە، وەک: سەلاح ڕەشید، شەڕی ناوخۆی کورد، کە باسی زۆرێک لە ململانێ چەکدارییەکانی کردووە، لە زۆربەی بەش و باسەکاندا سوودمان لێوەرگرتووە، نووسەر بۆخۆیی لە ناو ڕووداوەکاندا بووە، سوودی لە بەڵگەنامەی زۆر بینییووە، هەروەها فاتیح ڕەسوڵ، لە پێناوی دەسەڵاتدا، یەکێکی دیکە لەو پەرتوکانەی کە سوودی زۆرمان لێوەرگرتوو، زۆرێک لە ڕووداوەکانی تۆمارکردووە، زانیاری زۆر گرنگ و دەگمەنی خستووەتەڕوو، ئەو زانیارییانەی لە زۆرترین شوێنەوە وەرگرتووە، گرنگی و بایەخی ئەم سەرچاوانە لەوەدایە زانیاری بەسوودی تێدایە بۆ توێژینەوەکەمان، ڕاستەوخۆ باسی ڕووداوە مێژووییەکانی ئەو قۆناغەیان کردووە، لەبەر ئەوە وەک سەرچاوەی بنەڕەتی بۆ توێژینەوەکەمان سوودمان لێوەرگرتووە.

چاوپێکەوتن، جۆرێکی ترە لەو سەرچاوانەی، کە هاوشانی سەرچاوەکانی تر، سوودمان لێوەرگرتوون. بەڵام بەهۆی هەستیاریی بابەتەکە و هاوچەرخیی لە ڕووی مێژووییەوە، هەوڵمانداوە سوود لەو کەسایەتییانە وەربگرین، کە لە بواری سیاسیی و سەربازییدا، بەشدار و ئاگاداری ڕووداوەکانی باشووری کوردستان بوون لەو ماوەیەدا، کە توێژینەوەیەکی تێدا ئەنجامدراوە، هەرچەندە بەهۆی هەستیاریی بابەتەکەوە، زۆرێک لەو کەسایەتییە سیاسی و سەربازییانە، ئامادەی چاوپێکەوتن و پێدانی زانیاری نەبوون، بەڵام توانیومانە ژمارەیەک چاوپێکەوتن ئەنجام بدەین، کە سوودی زۆریان بە توێژینەوەکەمان گەیاندووە. لە گرنگترین ئەو چاوپێکەوتنانەی کە توێژەر ئەنجامیداوە، چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (محمدی حاجی محمود) کە بۆخۆیی لەناو ڕووداوەکاندا بووە، ئەو زانیارییانەی کە لێی وەرگیراوە بۆ توێژینەوەکەمان زۆر گرنگ و بایەخدار بووە، هەروەها چاوپێکەوتن لەگەڵ (دکتۆر محمود عوسمان، شێخ محمد شاکەلی، شێخ جەعفەر مستەفا، محمد حەمەئەمین پێنجوێنی) و زۆرێک لە چاوپێکەوتنەکانی دیکە سوودی زۆریان بۆ توێژینەوەکەمان هەبووە، چونکە بۆ خۆیان لەناو ڕووداوەکاندا بوونە.

## دەروازە:

## دەروازە: سەرەتای شەڕی ناوخۆ و ململانێی چەکداریی نێوان پارتەکانی باشووری کوردستان (١٩٧٦- ١٩٩١)

## دەروازە

### سەرەتای شەڕی ناوخۆیی و ململانێی چەکداریی نێوان پارتەکانی باشووری کوردستان (١٩٧٦-١٩٩١)

شەڕی ناوخۆیی و ناکۆکی لەسەر دەسەڵات و ململانێی سیاسی و حزبی مۆرکێکی دیاری نێو مێژووی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد بووە، ئەم ململانێیەش پاش پەیدابوونی پارتە نوێیەکان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی باشووری کوردستان پەیدابوو. پارتی دیموکراتی کوردستان(پ.د.ک)، کە بۆ ماوەیەکی درێژ تاکە پارتی باشووری کوردستان بوو، خاوەنی خەباتێکی مێژوویی و ژمارەیەکی زۆری قوربانی بوو، ڕازی نەبوو بە ئاسانی گۆڕەپان بۆ پارتێکی نوێ چۆڵ بکات و دەسەڵات لەدەست بدات، جگە لەوەش یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان(ی.ن.ک)[1] بە هەمان شێوە بوونی (قیادەی موەقەتە- سەرکردایەتی کاتی)[2] ڕەتدەکردەوە.[3] هەرچەندە ناکۆکی و ململانێی چەکداریی پارتەکان لە باشوور پێشینەیەکی دوور و درێژی هەبوو، کە سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ (١٠/ شوباتی ١٩٦٤) و ڕێکەوتنی مستەفا بارزانی و حکومەتی عێراق، کە بووە سەرەتای شەڕێکی ئاشکرا لە نێو سەرکردایەتی (پ.د.ک)، هەروەها بەستنی کۆنفرانسی ماوەت لە (٤/ نیسانی ١٩٦٤) بووە سەرەتای لێکترازان و لەتبوونی ڕیزەکانی (پ.د.ک) و بووە هەنگاوێک بۆ سەرەتای ناکۆکییەکی توند و درێژی خوێناوی کورد بە کورد، تا (ئاداری ١٩٧٠) و یەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکەی (پ.د.ک) کۆتایی هات.[4]

بەیانی (١١/ ئاداری ١٩٧٠) کۆتایی بە شەڕی ناوخۆی کورد هێنا، کە نزیکەی (٥) ساڵی خایاند بە گەڕانەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی(م.س)(پ.د.ک) و یەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکەی ناو (پ.د.ک) هیچ ململانێیەکی ناوخۆیی لە نێوانیاندا ڕووی نەدا. هەتا ڕێکەوتنامەی جەزائیر لە ساڵی (١٩٧٥)، سەردەمێکی دیکە دەست پێدەکات.[5] واژۆکردنی ڕێکەوتنامەی جەزائیر لەنێوان عێراق و ئێران لە (٦/ ئاداری ١٩٧٥)، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی بەسەر جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە باشووری کوردستان جێهێشت، بەتایبەتی

---

١- (ی.ن.ک): لە دوای ڕێکەوتنامەی جەزائیری (١٩٧٥) و شکستی شۆڕشی کورد، (ی.ن.ک) وەک یەکێک لە هێزە سیاسییە تازە دامەزراوەکانی کوردستان بۆ درێژەدان بە شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کوردستان هاتە مەیدان، کە سەرەتا لە دیمەشق لە (٢٢/ ئایاری ١٩٧٥) بیرۆکەی دامەزراندنی گەڵاڵە کرا، جلال تاڵەبانی یەکەمین بەیاننامەی دامەزراندنی (ی.ن.ک)ی ئامادەکرد بۆ کۆبوونەوەکان، کە لە ڕێستورانتی (تولەیتولە) لە گەڕەکی (ئەبو ڕومانە) ئەنجام دەدران سەرئەنجام ڕۆژی (٢٢/ ئایاری ١٩٧٥) بەیانی دامەزراندنی (ی.ن.ک) لەلایەن جەلال تاڵەبانی و عادل موراد و فواد مەعسوم و عبدالرەزاق فەیلییەوە پەسەندکرا و نێردرا بۆ چاپ و دەزگای ڕاگەیاندنی سوریا بەیاننامەکەی بڵاوکردەوە، دوای دەرچوونی بەیاننامەکە جلال تاڵەبانی بەڕێکەوت بەرەو ئەڵمانیای خۆرئاوا بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ (نەوشیروان مستەفا، کەمال فواد و هۆمەر شێخموس) لە کۆبوونەوەکەدا پێشنیاری چەند گۆڕانکارییەکی بچووکیان کردبوو و سەرلەنوێ بەیاننامەکەیان چاپ کردەوە و (١/ حوزەیرانی ١٩٧٥) بووە ڕۆژی دروستبوونی (ی.ن.ک). پاش کۆبوونەوەکەی بەرلین هەریەکە لە (نەوشیروان مستەفا، کەمال فواد و هۆمەر شێخموس) بۆ سەرکردایەتی و دەستەی دامەزرێنەر زیادکران، ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) لەسەر شێوەی نیمچە بەرەیی بوو، کە لە سێ باڵ و گروپ پێکهاتبوو، ئەوانیش کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان، بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و هێڵی گشتی، هەریەکەیان پلەیەکی جیاوازی لە ئایدۆلۆجیای سۆسیالیزم هەبوو، ئەم پارتە تاکو ئێستا چوار کۆنگرەی ئەنجام داوە، کۆنگرەی یەکەم لە (٢٧/ کانوونی دووەمی ١٩٩٢) بوو لە سلێمانی، کە تێیدا هەردوو باڵی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتی شۆڕشگێڕان یەکیان گرتەوە، کۆنگرەی دووەمی (ی.ن.ک) لە ساڵی (٢٠٠١) بوو، کۆنگرەی سێیەمی (١/حوزەیرانی ٢٠١٠) بوو، کۆنگرەی چوارەمی لە (٢١-٢٤/کانوونی یەکەمی ٢٠١٩) بوو، کە لەم کۆنگرەدا سیستمی هاوسەرۆکی پەسەندکراو لە ئێستا پارتێکی سۆسیال دیموکراتە. بڕوانە: د. سەروەر عەبدولرەحمان عومەر: مێژووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (١٩٧٥-١٩٧٦)، ب١،چ٢، هەولێر، ٢٠١١، ل١١٤-١١٥؛ فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب٣، چ٤، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەروەری، سلێمانی، ٢٠٢١.

٢- قیادەی موەقەتە (سەرکردایەتی کاتی پارتی): لە دوای شکستی شۆڕشی کورد لە (ئازاری ١٩٧٥)و بە دیاریکراوی لە (١٠/ کانوونی یەکەمی ١٩٧٥) دامەزراو تا (٤/ تشرینی یەکەمی ١٩٧٩) لە کۆنگرەی نۆیەمی (پ.د.ک) هەڵوەشایەوە، یەکەمین بەیاننامەی دامەزراندنی خۆی لە نێو کوردە ئاوارەکاندا لە ئێران بە زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردەوە بە ناوی (کوردستان مەیدانی ڕاستەقینەی خەباتە) سامی عبدالرحمان سکرتێری بوو دەستەی دامەزرێنەرانی ئەمانە بوون (مەسعود بارزانی، ئیدریس بارزانی، جەوهەر نامیق سالم، کەریم شنگاری، عارف تەیفور، محمد ڕەزا، ئازاد بەرواری، سامی عبدالرحمان، عەلی عەبدوڵڵا، نوری شاوەیس). بڕوانە: مەسعود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (١٩٧٥- ١٩٩٠)، ب٤، بەشی ١، چ١، چاپخانەی ڕۆکسانا، ئابی ٢٠٢١، ل٤٨- ٤٩.

٣- د.عەلی تەتەر نێرەوی: بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراق لە ساڵەکانی جەنگی عێراق- ئێراندا (١٩٨٠-١٩٨٨)، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٧٩.

٤- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ململانێ و شەڕی ناوخۆی ساڵی (١٩٦٤- ١٩٧٠) بڕوانە: سەلاح ڕەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، چ١، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٥٩-١٠٧

٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٠.

دوای ئەوەی مستەفا بارزانی بانگەوازی کۆتایی پێهێنانی شۆڕشی لە باشووری کوردستاندا لە (١٨ و ١٩/ ئاداری ١٩٧٥)، ئەم بڕیارەی مستەفا بارزانی لە ساڵی (١٩٧٥) بووە هۆی پەرتەوازەبوونی چالاکی سیاسیی کورد لە باشووری کوردستان.[١] قۆناغی پاش ڕێککەوتنامەی جەزائیر بە کۆتایی قۆناغی تاک پارتی و قۆناغی سەرەتای فرە پارتی ئەژمار دەکرێت و ئەو بۆشاییە سیاسییەی، کە لە باشووری کوردستاندا دروستبوو، بووە هۆی دروستبوونی چەندین پارتی نوێ لەوانە (بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان)(ب.س.د.ک)[٢] و (پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک))[٣] و (پارتی دیموکراتی کوردستان- لیژنەی ئامادەکردن).[٤] زۆربوونی پارتەکان لە باشووری کوردستان، دەرهاویشتەی یەکەمین ئاماژەی سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداریی لە ڕاستەوە بۆ چەپ بوو، ئەمیش بووە هۆی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆی پارتەکان لە باشووری کوردستان، بەتایبەتی لە نێوان (ی.ن.ک) و قیادە موەقەتەدا.[٥]

دوو هێزی چەکداری دژ بەیەک، بە دوو ئەقڵیەتی جیاواز و دوو ئایدۆلۆژیای جیاوازەوە، کە هەریەکێکیان هەوێنی بەربەرەکانی ئەوی تریانی لە ناخی خۆیاندا هەڵگرتبوو، هەر یەکێکیان دەرفەتێکی بۆ هەڵکەوتبێت، دژی ئەوی تریان هەڵوێستی وەردەگرت، لەبەرئەوە زۆر ئاسایی بوو، کە ئەو ناکۆکییە سیاسییانە لە نزیکترین کاتدا بتەقێتەوە و شەڕێکی نوێی ناوخۆی لە نێوانیاندا دروست ببێت.[٦] دوو هێزی جیاواز، (ی.ن.ک) لە سوریاو سوریاو قیادەی موەقەتە لە ئێران، کەوتبوونە جموجۆڵ، ئەم دوو هێزە بە ئەندازەیەک لەگەڵ یەک ناکۆک بوون، هەریەکێکیان ئەیویست ئەوی تریان لەناوببات. ئەم ناکۆکییە ڕەگی داکوتا بوو هەم لە ناو ڕیزەکانی مەفرەزە سەرەتاییەکان و هەم لە جموجۆڵی سیاسی ئەو دوو پارتە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان.[٧]

---

١- کاوە تەیب: کەرتبوون لە نێو پارتە سیاسییەکان لە باشووری کوردستان (١٩٧٦-١٩٩٨)، چ١، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٨١.

٢- بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان لە دوای شکستی شۆڕشی کورد دەستەیەک لە کادر و لێپرسراوی سیاسی و پێشمەرگەکانی پێشووی (پ.د.ک) لە ئێران یەکدەگرنەوە لە (ورمێ) دەکەونە ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا بۆ دامەزراندنی پارتێکی سیاسی بە دەستپێشخەری (ساڵح یوسفی) بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستانیان ڕاگەیاند، بەیاننامەی دامەزراندنەکەشی لە ڕێگەی (کەریمی حیسامی) لە بەیروت چاپکرا و لە (٨/ ئابی ١٩٧٦) ڕاگەیەندرا، دەستەی دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی سۆسیالیست پێکهاتبوون لە (ساڵح یوسفی، عەلی عەسکەری، د.خالید سەعید، سەعدی عەزیز، علی هەژار، کاردۆ گەلاڵی، ڕەسول مامەند، تاهیری علی والی سەید کاکە، مەلا ناسیح) پاش ماوەیەک لە دامەزراندنی بزووتنەوەی سۆسیالیست لە (٦/ تشرینی دووەمی ١٩٧٦) لەسەر پێشنیاری جلال تاڵەبانی بزووتنەوەی سۆسیالیست چووە ناو نیمچە بەرەی (ی.ن.ک)وە لە تەنیشت کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان بووە ئەندام لەم بەرەیە. بڕوانە: سەلام عەبدولکەریم: ژیانی سیاسی لە باشووری کوردستان (١٩٧٥- ١٩٩١)، چ١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١١، ل٤٢-٤٥.

٣- پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک) پارتێکی سیاسی نەتەوەیی بوو، یەکەمین بەیانی دامەزراندنی بۆ (١١/ ئەیلولی ١٩٧٥) لە شاری کەرکوک دەگەڕێتەوە، بە ناوی پارتی سۆسیالیستی نەتەوەیی کورد، لەلایەن هەریەکە لە (ئازاد مستەفا، شێرزاد فاتیح، فەرهاد عبدالقادر)ەوە دامەزراوە و دواتر لەسەر پێشنیاری د.جەمال نەبەز ناوی پارتەکە گۆڕدرا بۆ (پارتی سۆسیالیستی کورد)، کە کورتکراوەکەی (پاسۆک) بوو. بڕوانە: زانا فقێ محمد: پارتی سۆسیالیستی کورد- پاسۆک (١٩٧٥- ١٩٩١)، نامەیەکی ماستەرە پێشکەشی بەشی مێژووی فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، ٢٠١٦، ل٥٣- ٥٤ ؛ برایم جەلال: چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە، چ٣، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١١، ل١٢٥.

٤- پارتی دیموکراتی کوردستان- لیژنەی ئامادەکردن: لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول باڵێک لە پارتی دیموکراتی کوردستان بە کردەوە هەڵوەشاوە و بە ناوی (پارتی دیموکراتی کوردستان- لیژنەی ئامادەکردن) جیابووەوە. هەریەکە لە (د.محمود عوسمان، قادر جەباری، شەمسەدین موفتی، عەدنان موفتی) لە سوریا لە کۆتایی ساڵی (١٩٧٦) بە بەیانێک ئەم کۆمیتەیان دامەزراند، دامەزراندنی ئەم کۆمیتەیە بۆ ئەوەبوو، کە (پ.د.ک) لەسەر بنچینەیەکی نوێ بنیادبنێنەوە، لە (تەموزی ١٩٧٧) زۆرێک لە سەرکردایەتییەکەیان بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە و لە نزیک مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) و جلال تاڵەبانی دەگیرسێنەوە، هەرچەندە ئەم کۆمیتەیە نابێتە بەشێک لە نیمچە بەرەی (ی.ن.ک)، لەدوای شەڕی هەکاری و جیابوونەوەی بزووتنەوەی سۆسیالیست لە (ی.ن.ک) لە (٢١/ ئازاری ١٩٧٩) لەگەڵ بزووتنەوە کەوتن و بەمشێوەیە ئەم کۆمیتە لە (٨/ ئابی ١٩٧٩) لەگەڵ بزووتنەوەی سۆسیالیست یەکیانگرت و حزبی (سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان)یان دامەزراند، ئەم یەکگرتنە تا کۆنگرەی یەکەمی حزبی (سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان) درێژەی کێشا و دواجار بەهۆی ململانێی نێوان ڕەسول مامەند و د.محمود عوسمان جارێکی تر پارتەکە لە (ئایاری ١٩٨١) بووەوە بە (حزبی سۆسیالیستی کوردستان- حسک). بڕوانە: برایم جەلال: س.پ، ل١٢٣- ١٢٤؛ کاوە تەیب: س.پ، ل١٢٨- ١٢٩؛ د.جمال فەتحوڵڵا تەیب: بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باشووری کوردستان (١٩٧٥/٣/٢١ - ١٩٨٠/١١/٢٨)، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢، ل٥٧.

٥- شیلان حاجی شەریف: ناکۆکی و شەڕی ناوخۆیی پارتە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور لە ساڵانی (١٩٧٥- ١٩٩٢)، چ٢، سلێمانی، ٢٠٢١، ل١١٣.

٦- سلاح ڕەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، ل١٦٧؛ شیلان حاجی شەریف: س.پ، ل١٣٧.

٧- نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق (١٩٧٥- ١٩٧٨)، چ١، ١٩٩٧، ل٩٦-٩٧.

هەردوو پارتی ناوبراو مەفرەزە چەکدارییەکانیان ڕەوانەی باشووری کوردستان کرد و (پ.د.ک) دەستی بە خەباتی چەکداریی، بە ناوی شۆڕشی گوڵان کردەوە.[1] هەروەها (ی.ن.ک) لە (١/ حوزەیرانی ١٩٧٦) دەستی بە بە خەباتی چەکداری، بە ناوی شۆڕشی نوێوە کردووە.[2] (ی.ن.ک) لە ڕێگەی سوریاوە، یەکەمین دەستەی چەکداری بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریی ئامادەکرد، کە ژمارەیان (٣٧) کەس بوو، بە سەرکردایەتی ئیبراهیم عەزۆ، کە دابەشبوون بەسەر (٤) مەفرەزەی بچووکدا، لە سەرەتای (حوزەیرانی ١٩٧٦) بۆ باشووری کوردستان گەڕانەوە. لە (١٥/ تەموزی ١٩٧٦) بەشێکی مەفرەزەکە لەلایەن قیادەی موەقەتە و هێزەکانی نزیک لێیان چەک کران و دواتر کوژران و (١٨) پێشمەرگەی دیکە و پاشماوەی هێزەکە بە دیلی ڕادەستی قیادەی موەقەتە کران و لە ئەشکەوتی (پاقێ) هەموویان دەکوژرێن.[3]

جگە لەوەش لە (٣٠/ ئابی ١٩٧٦) مەفرەزەیەکی تری (ی.ن.ک) بە سەرکردایەتی جەباری مەلا غەنی لە ناوچەی سندی، نزیک زاخۆ، لەگەڵ (٣) پێشمەرگەی دیکەی (ی.ن.ک)دا لەلایەن قیادەی موەقەتەوە کوژران.[4] کوژران.[4] لە دوای ئەم ڕووداوانە هەر لایەنە و کەوتە بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی و لەناوبردنی نەیارەکەی لە ناوچەکەدا لە پێناو ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا و هێوکردنەوەی ڕەوشەکە لە (١٦/ تشرینی یەکەمی ١٩٧٦) لە لەندەن، هەریەکە لە جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی، لەسەر چەند خاڵێک ڕێکەوتن، لەوانە دامەزراندنی دەستەیەک بۆ بەدواداچوون و جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامەکەی نێوانیان و هەوڵدان بۆ ئاشکراکردنی بکوژانی پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک) لەسەر سنووری تورکیا، دواتر سوریا بە فەرمی بانگهێشتی مەسعود بارزانی کرد بۆ مۆرکردن و جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ڕێکەوتنامەکەی لەندەن و لە (١/ ئاداری ١٩٧٧) لە دیمەشق ڕێکەوتنامەیەکی نوێ لەنێوان هەرسێ لایەندا بە ئامادەبوونی جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی و باقر حسێن ئەمینداری پارتی بەعسی هەرێمی عێراق بوو مۆرکرا.[5]

ئەم ڕێکەوتنە نەبووە هۆی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا. لە (٢٣ تەمموزی ١٩٧٧) مەفرەزەیەکی سەر بە قیادەی موەقەتە لە شیوی میر بادین لە گوندی (کانی بی) ناوچەی کۆیە مەفرەزەیەکی (ی.ن.ک)یان بەسەرکردایەتی (حەمەغەفور ئاغجەلەری) غافڵگیر کردوو دایانەبەر دەسترێژی گوللە، لە ئاکامدا (حەمەغەفور ئاغجەلەری) و (٨) پێشمەرگەی دیکە (ی.ن.ک) کوژران،[6] لە دوای ئەم پێکدادانەش جارێکی دیکە لە (١٣/ تشرینی یەکەمی ١٩٧٧) لە بۆسەیەکدا (حەسەن خۆشناو) و مەفرەزەکەی، کە ژمارەیان (١٠) پێشمەرگە بوو لە گوندی (باویان) لەلایەن قیادەی موەقەتەوە بە هاوکاری دانیشتوانی ناوچەی (ڕاشیدان) کوژران.[7] کوشتنی مەفرەزەکانی ئیبراهیم عەزۆ و حەسەن خۆشناو بە سەرەتای دەستپێکی شەڕی ناوخۆ دادەنرێت، لە دوای ئەم ڕووداوانە، (ی.ن.ک)یش کەوتە هەوڵی لەناوبردنی مەفرەزەکانی قیادەی موەقەتە لە ناوچەکانی سۆران دا. نەوشیروان مستەفا لەم بارەیەوە دەڵێت:"ئاگاداری مەفرەزەکانی قیادەی موەقەتەمان کرد، یان ئەبێت واز لە قیادەی موەقەتە بهێنن و بێنە ڕیزی (ی.ن.ک)وە، یان دەبێت ناوچەی سۆران بەجێبهێڵن، ئەگەر هیچیان ناکەن، ئەوا با خۆیان بۆ شەڕ ئامادە بکەن".[8]

بەمشێوەیە سەرەتای دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ، بە شەڕی ناوخۆ دەستی پێکرد. (ی.ن.ک) جەزرەبەیەکی کوشندەی بەرکەوت و پردی پێکەوە کارکردنی لەگەڵ قیادەی موەقەتەدا پچڕا و بۆ (ی.ن.ک) ئاسان نەبوو بتوانێت چاوپۆشی لەو هێرشانەی قیادەی موەقەتە بکات، بۆ بەرزکردنەوەی باری مەعنەوی ئەندام

---

١- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئەسعەد عەدۆ: مێژووی سەرەتای شۆڕشی گوڵان (١٩٧٦/٥/٢٦)، چ٢، چاپخانەی ڕۆکسانا، ٢٠٢١، ل١٦٤.

٢- سەلاح ڕەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، ل١٦٩.

٣- نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە، ل١٢٢ ؛ سەلاح ڕەشید: دیداری تەمەن- مام جەلال لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری، ب٢، چ٣، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٥٥.

٤- نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە، ل١٢١-١٢٢.

٥- بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی خاڵەکانی ڕێکەوتنامەی نێوانیان بڕوانە: مسعود بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ب٤، ب٤، بەشی یەکەم، ل٢٣٢ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە، ل١٣١-١٣٢.

٦- فەرید ئەسەسەرد: ئەنسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب٣، چ٤، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٢٠٨٠.

٧- سەلاح ڕەشید: شەڕی ناوخۆی کورد: س.پ، ل١٧٥ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە، ل١٧٩.

٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٦.

و دۆستەکانی، پێویست بوو بەرگریی لە خۆی بکات، لەبەر ئەوەی (ی.ن.ک) هێز و پشتیوانی لەسەر سنوور و ناوچەکانی بادینان نەبوو، ئەبوو تۆڵەی خۆی لە قیادەی موەقەتە لە ناوچەی سۆران بکاتەوە، لەم قۆناغەی شەڕی ناوخۆ و لە قۆناغی دواتری شەڕی ناوخۆدا، زۆربەی شەڕەکانی لە ناوچەی سۆران بوو، ناوچەی بادینان بە ئارامی و وەک ناوچەیەکی داخراو مایەوە.[1]

هەتا ڕوودانی شەڕی هەکاری لە (حوزەیرانی ١٩٧٨)، چەندین شەڕ و پێکدادان لەنێوان هەردوولادا لە ناوچەکانی نۆکان و سلێمانی سورێن ڕوویان دا. مەفرەزەکانی قیادەی موەقەتە لە زۆربەی ناوچەکانی سۆران دەرکران و چوونە سنووری ئێران.[2] واتە (ی.ن.ک) لە کۆتایی (١٩٧٧)دا بڕیاری دەرپەڕاندن و لەنێوبردنی پێشمەرگەکانی قیادەی موەقەتەی دا لە ناوچەی سۆران دا، لە چەندین هێرش و پەلاماری یەک لەدوای یەکدا توانی ژمارەیەکیان لەنێوببات و ئەوانی تریش وەدەربنێ.[3] شەڕی هەکاری (حوزەیرانی ١٩٧٨) بە دژوارترین دژوارترین قۆناغەکانی شەڕی ناوخۆ دادەنرێت، کە (ی.ن.ک) گورزێکی گەورەی چەکداری بەرکەوت جگە لەوەش برینە سیاسی و سەربازییەکانی نێوان هەردوولای قووڵتر کردەوە.[4]

لە دووەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) لە نۆکان، بەگشتی بڕیاردرا بارەگا و بنکە و دەزگا سەرکردایەتییەکانی (ی.ن.ک) ببرێتە ناوچەی برادۆست، کە دەکەوێتە ناوچەی سێ سنووری عێراق- ئێران- تورکیا، هەروەها مەبەستیان بوو دوای ئەوەی لە دوو هەوڵدا چوونیان بۆ بادینان سەرکەوتوو نەبوون و کۆمەڵێک پێشمەرگە و کادریان لەناوچوون، ویستیان بە هێزێکی گەورەی (١٠٠٠) کەسی ئەو خەونە بهێننەدی و هەوڵبدەن بارەگا لەو ناوچانە دابنێن و لە ڕێگەی هاتوچۆ دڵنیابنەوە و زەمینەی خەباتیان فراوان و گەورەتر بکەن.[5]

جگە لەوەش ئەو ناوچەیە شوێنێکی ستراتیژی گرنگ بوو، بە ئاسانی چەک و تەقەمەنی و پێویستییەکان لە سوریاوە دەگەیشتە دەست (ی.ن.ک) هەر بۆیە بە پێویست زانرا هێز لەو ناوچەیەدا جێگیر بکرێت، (ی.ن.ک) بە هاوکاری (دەدەکەدە)[6] لەگەڵ قاچاخچییەکان، کە چەکیان پێ دەفرۆشتن تاکو ڕادەیەک خۆیان پێ پڕچەک کرد و لەکاتی ڕۆیشتنی هێزەکانی (ی.ن.ک) بۆ ناوچەی هەکاری پشت بە دەدەکەدە بەسترابوو، بۆ ئەوەی ئەو چەکانەی لە قامیشلیەوە د.کمال خۆشناو ئامادەی کردبوو بگاتە دەستیان بۆیە (ی.ن.ک) هێزێکی گەورەی بە سێ قۆناغ بەرەو ناوچەی برادۆست بەڕێخست.

- **بەشی یەکەمی هێزەکە،** کە ژمارەیان (٣٢٠) پێشمەرگە بوو، (١٥٠) چەکدار و ئەوانیتر بێ چەک بوون بە سەرکردایەتی د.خالید سەعید و حسێن بابە شێخ لە (١٩/ نیسانی ١٩٧٨) لە ناوچەی قەڵادزێ وە بەڕێکەوتن.[7]

- **بەشی دووەمی هێزەکە،** (٥٠٠) پێشمەرگە بوون بە سەرکردایەتی علی عەسکەری و تایەری عەلی والی و سەید کاکە لە (٢١/ نیسانی ١٩٧٨) دوو ڕۆژ دوای ڕۆیشتنی هێزی یەکەم دەبوو لە ناوچەی قەڵادزێ وە بکەوێتە ڕێ و دەبوو هەردوو هێزەکە لە سەرەتای (ئایاری ١٩٧٨) لە ناوچەی برادۆست یەکبگرنەوە.[8]

- **بەشی سێیەمی هێزەکە،** (١٥٠) کەس بوون زۆربەیان چەکداربوون، سکرتێری گشتی (ی.ن.ک) و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) و نوێنەرانی کۆمیتەی ئامادەکردنی (پ.د.ک) و پاسۆک لەگەڵیان بوون، ئەم هێزە

---

١- سەلاح ڕەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، ل١٨٠ ؛ شیلان حاجی شەریف: س.پ، ل١٤٦.
٢- د.علی تەتەر نێروەی: س.پ، ل٩٦.
٣- د.جەمال فەتحوڵڵا تەیب: س.پ، ل١٧٩.
٤- سەلاح ڕەشید: شەڕی ناخۆی کورد، ل١٨٢.
٥- د.عەلی تەتەر نێرەوی: س.پ، ل٩٧ ؛ نەوشیروان مستەفا: لە کەناری دابوونەوە، ل٢٦٨.
٦- دەدەکەدە (ddkd): ناوی کورتکراوەیی ڕێکخراوێکی ئاشکرای باکووری کوردستان بوو، چەند جارێک ناوی خۆی گۆڕیوە بەڵام ناحەزەکانی و پۆلیسی تورک بە (شڤان چی) ناویان ئەبەن، چونکە ڕێکخراوەکە خۆی بە درێژەکێشانی ئەو باڵەی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا دادەنێت، کە دکتۆر شڤان ڕابەرایەتی ئەکرد. بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە لە کەناری دابوونەوە، ل٩٠.
٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٨-٢٦٩.
٨- حەمە نوری تۆفیق: پیاونامە- گوڵبژێرێکی ژیاننامەی شەهیدی نەمر عەلی عەسکەرییە، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٨٠.

دەبوو لە (٢٧/ نیسانی ١٩٧٨) بەڕێ بکەوتایە و لە قەندیل چاوەڕوانی یەکگرتنەوەی بەشی یەکەم و دووەمی هێزەکەی بکردایە لە برادۆست.[١]

بەشی یەکەمی هێزەکە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا گەیشتە ناوچەی برادۆست، بەشی دووەمی هێزەکە لە کاتی دیاریکراوی خۆی دواکەوت لەگەڵ بەشی سێیەمی هێزەکە پێکەوە دەرچوون بەرەو قەندیل لە دوای گەیشتنی هێزەکە بۆ (کەوپەر) و (دۆڵەنێ) هێزەکە بووە دوو بەشەوە، بەشێکیان بە سەرکردایەتی علی عەسکەری دەبوو بچێتە برادۆست و لەگەڵ هێزی یەکەمدا یەکبگرنەوە، بەشەکەی تری هێزەکە لەگەڵ جەلال تاڵەبانی دا لە (دۆڵەنێ) بمێنێتەوە تاوەکو گەیشتنی هێزی یەکەم و دووەم بە یەکتر و دواتر ئەو هێزەی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی دایە بچێتە برادۆست. لەگەڵ دەرچوونی بەشی دووەمی هێزەکە لە ڕێگادا دووچاری پێکدادان و بۆردوومانی هێزەکانی عێراق و ئێران بوونەوە و چەندین کوژراو و برینداریان هەبوو هێزەکە لە (١٣/ ئایاری ١٩٧٨) لەگەڵ بەشی یەکەمی هێزەکەدا لە برادۆست یەکیان گرتەوە.[٢] لە دوای گەیشتنی هەردوو هێزەکە بە برادۆست سەرکردایەتی هێزەکە بڕیاری دابوو بچێتە ناو قوڵایی خاکی تورکیاوە، بۆ ئەوەی نزیکبوونەوە لە شوێنی وەرگرتنی چەکەکان و چەکدارکردنی بێ چەکەکانی هێزەکەیان، سەرکردایەتی هێزەکە پشت ئەستوور بە بەڵێنەکانی (دەدەکەدە) زیاتر چوو بوونە ناو قوڵایی خاکی تورکیاوە هەتا گەیشتبوونە ناوچەی (ژیرکی)، کە یەکێکە لە هۆزەکانی عەشیرەتی (ئەرتوشی) لە نزیک گوندی (بازێ) لە دۆڵێکدا جێگیر دەبن.[٣]

لە ئێوارەی (١/ حوزەیرانی ١٩٧٨) شەڕ لەنێوان قیادەی موەقەتە بە هاوکاری هۆزەکانی نزیک لێیان لەگەڵ (ی.ن.ک) دەستیپێکرد و هێزی سەرەکی شەڕەکە چەکداری عەشیرەتەکانی (پنیاش، ئورەماری، پیروزی و دۆسکی) بوون. لە دوای شەڕی بازێ سەرکردایەتی هێزەکەی (ی.ن.ک) بڕیاری کشانەوەی دا بە مەبەستی دەرچوون لە گەمارۆی هێزەکانی قیادەی موەقەتە و چەکداری خێڵەکان، لە کشانەوەدا هێزەکەی (ی.ن.ک) زیاتر بەرەو قوڵایی خاکی تورکیا ڕۆیشت، لە سەرەتای کشانەوەکەدا هێزەکە بوو بە سێ بەشەوە بەشی یەکەم و دووەمی هێزەکە دەربازی بوو بەشی سێیەمی هێزەکە لەلایەن قیادەی موەقەتە و عەشیرەتەکانی ناوچەکەوە گیران و چەککران لە ناو ئەوانەدا، کە گیرابوون علی عەسکەری و تایەری علی والی و سەید کاکەی تێدابوو.[٤]

بەشێکی تری هێزەکە بە سەرکردایەتی تالیب ڕۆستەم، کە ژمارەیان (١٧٦) کەس بوو خۆیان ڕادەستی سووپای عێراق کردەوە.[٥] بەشێکی تری هێزەکەی (ی.ن.ک) لە دوای شەڕی بازێ بە سەرکردایەتی د.خالید سەعید و حسێن بابە شێخ و عومەر عەبدوڵڵا، کە ژمارەیان (١٧٠) کەس بوون زیاتر چوونە ناو قوڵایی خاکی تورکیاوە چوونە گوندی (کەهێ) لە نزیک جولەمێرگ ناوەندی ویلایەتی هەکاری، ئەم هێزەی (ی.ن.ک) بۆ دەربازبوون و دەرچوون لە ناوچەکە چەندین ڕێگەیان گرتەبەر، تاکو دواجار لە (١٩/ حوزەیرانی ١٩٧٨) کەوتنە بۆسەیەکی گەورەی سەدان چەکداری عەشیرەتەکانی ژیرکی و مام خۆران و زیوکیان و کۆچەر سپێرتی گیتە بە سەرکردایەتی شێخ موسای کەرەڤان، لەم شەڕەدا، کە چەند کاتژمێرێکی خایاند، چەندین پێشمەرگەی (ی.ن.ک) کوژران و زۆربەی هێزەکە بە دیلی کەوتنە دەست چەکدارەکانی ژیرکی لەوانە د.خالید سەعید، حسێن بابە شێخ، عمر عەبدوڵڵا و حامی حاجی غالی. دواتر ڕادەستی قیادەی موەقەتە کران بەمشێوەیە دوا بەشی هێزەکەی (ی.ن.ک) تیاچوو.[٦] لەو هێزەی (ی.ن.ک) تەنها (٨) کەس دەربازی بوو گەڕانەوە سەرکردایەتی (ی.ن.ک) لە قەندیل لە (١٦/ حوزەیرانی ١٩٧٨).[٧]

---

١- نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە، ل٢٦٩.
٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٢-٢٧٨.
٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨١-٢٨٥.
٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٦-٢٨٩.
٥- مەکتەبی سیاسی و ناوەندی مێژوویی (ی.ن.ک): عەلی عەسکەری و بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، چ١، چاپ و پەخشی پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٣، ل١٨٩- ١٩٠.
٦- نەوشیروان مستەفا ئەمین: لە کەناری دانوبەوە...، ل٢٨٩-٢٩٠.
٧- سەلام عەبدولکەریم: ژیانی سیاسی...، ل٦٥.

هەریەکە لە (عەلی عەسکەری و د.خالید سەعید و حسێن بابە شێخ) بە دیلی لەلایەن سەرکردایەتی کاتی قیادەی موەقەتەوە کوژران و کوشتنی ئەم سێ سەرکردەی (ی.ن.ک) ململانێی نێوان ئەم دوو پارتەی قووڵتر کردووە.[1] جگە لە کوژرانی سێ سەرکردەی دیاری (ی.ن.ک) و خۆبەدەستەوەدانی بەشێکی هێزەکە بە قیادەی موەقەتە و بەشێکی تری هێزەکە بە سووپای عێراق لە شەڕ و پێکدادانەکانی گوندی بازێ دا (١٢٠) کوژراو هەبوو.[2] لە دوای شەڕی هەکاری هێزەکانی هەردوولا لە سەنگەردا بوون لە دژی یەکتر لە (٢٧/ تەموزی ١٩٧٨) لە گوندی کانی ژنان لە سنووری شەمێران هێزەکانی (ی.ن.ک) بە مەفرەزەیەکی (٧٠) کەسییەوە لە بۆسەیەکدا مەفرەزەیەکی (١٧) کەسی قیادەی موەقەتە لە ناوچەکەدا بە سەرکردایەتی عەزیز حمە ساڵح، کە بەرپرسی هێزەکەی قیادەی موەقەتە بوو چەک کران و لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان هەردوولا لە سنووری شارەزور و هەڵەبجە (٧) پێشمەرگەی قیادەی موەقەتە و (١) کەسی خەڵکی گوندەکە کوژرا ئەمەیش یەکەمین تۆڵەی هێزەکانی (ی.ن.ک) بوو لە دوای شەڕی هەکاری.[3] لە دوای ڕووداوەکەی کانی ژنان، هێزەکانی قیادەی موەقەتە بە سەرکردایەتی نادر هەورامی لە سنوری ئێرانەوە پەلاماری هێزەکانی (ی.ن.ک) دەدەن بە سەرکردایەتی ئەحمەد گریانەیی، کە (عەزیز حمە ساڵح) و چەند پێشمەرگەیەکی قیادە مۆقەتە دیلە لە لایان، کە لە شەڕەکەی کانی ژنان دا گیرابوون. لە ئەنجامدا هێزەکەی (ی.ن.ک) شکستیان هێنا و ئەحمەد گریانەیی لەو شەڕەدا کوژرا.[4]

شەڕی هەکاری کاریگەرییەکی قوڵی کردە سەر (ی.ن.ک) بەگشتی و بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان (بزووتنەوە) بەتایبەتی و بووە هۆی لاوازکردنی بەشێوەیەکی بەرچاو، چونکە دوو لە سەرکردە و دامەزرێنەرانی کوژرابوون، دوای شەڕی هەکاری جۆرێک لە ناهاوسەنگیی لە نێو پەیکەری سیاسی و چەکداریی (ی.ن.ک)دا دروستبوو بە جۆرێکی وەها، ڕۆڵی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، وەک هێڵێکی ناو (ی.ن.ک) زۆرتر دەرکەوت. پێشووتریش ناکۆکی قوڵ لە نێوان کۆمەڵە و بزووتنەوەدا هەبوو ئەم هۆکارانە و چەندین هۆکاری دیکە وایان کرد، (بزووتنەوە) لە (٢١/ ئاداری ١٩٧٩) لە ڕیزەکانی نیمچە بەرەی (ی.ن.ک) هاتە دەرەوە و لەگەڵ لیژنەی ئامادەکاری (پ.د.ک) بارەگاکانیان بردە (گۆڕەشێر و بێدەلان و سەرکەندە و دۆڵەتوو). جگە لەوەش هەندێک لە ئەندامانی (بزووتنەوە) لە نێو ڕیزەکانی (ی.ن.ک)دا مانەوە، لەوانە (عمر مستەفا، جەمال حەکیم ئاغا و عەلی حەوێز)، نوێنەرایەتی پارتەکەیان کرد و هەر بە ناوی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانەوە (بزووتنەوە) و لە ناو نیمچە بەرەی (ی.ن.ک)دا مانەوە.[5]

جیابوونەوەی باڵی (بزووتنەوە) تا ڕادەیەک لە ڕووی چەندایەتییەوە پارسەنگی هێزی تێکدابوو، کە پەیکەری ڕێکخراوەیی و چەکداری (ی.ن.ک) دووکەرت کرد، پاش شەڕی هەکاری، ئەمە کوشندەترین گورز بوو، کە بەر (ی.ن.ک) کەوت، بە جیابوونەوەی (بزووتنەوە) کەلێنێکی تر کەوتە شۆڕشی نوێ و پێشبینی ڕوودانی گرژی و شەڕی ناوخۆ زۆر زیادی کرد، چونکە ئەقڵییەت و سەرکردایەتی بزووتنەوەی کوردایەتی ئەو واقیعەی پێ قبوڵ نەدەکرا، هەر لەگەڵ جیابوونەوەی بزووتنەوە شەڕی ڕاگەیاندن لە نێوانیاندا دەستیپێکرد. پەیوەندی نێوان بزووتنەوە و (ی.ن.ک) زیاتر گرژیی تێکەوت و دواتریش بەرەو شەڕی چەکداریی سەری کێشا، چونکە ڕەوشێک هاتە کایەوە بۆ ڕوودانی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریی لەبار بوو. لە لایەکیشەوە هەردوولا خاوەنی هێزی چەکداری بوون.[6] هەردوو پارت، بەتایبەتی لە ناوچەکانی دەشتی هەولێر بۆ بچووکترین بیانوو لە یەکتر دەگەڕان و هەوڵی ڕاکێشانی چەکدار و لایەنگری یەکتریان دەدا، (شەفیق زاهیر

---

١- نەوزاد عەلی ئەحمەد: پشکۆیەک لە خۆڵەمێشدا- بەشێکی گرنگ لە ژیاننامەی هۆمەر شێخموس، چ٢، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٨، ل٣١٩- ٣٢٠.

٢- د.عەلی تەتەر نێروەی: س.پ، ل٩٩.

٣- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕووداوەکەی کانی ژنان بڕوانە: پشکۆ نەجمەدین: ئەزموون و یاد- فڕین لە شەودا (١٩٧٨- ١٩٨٣)، چ٥، چاپخانەی هەژار موکریانی، ٢٠١٩، ل٧٣- ٧٩ ؛ محمد حاجی محمود: ڕۆژمێری پێشمەرگەیەک، ب٢، بێ شوێن و ساڵی چاپ، ل١٧٥.

٤- بڕوانە: پشکۆ نەجمەدین: ئەزموون و یاد- فڕین لە شەودا (١٩٧٨- ١٩٨٣)، ل١١١- ١١٥.

٥- سەلام عەبدولکەریم: ژیانی سیاسی...، ل٦٧-٦٩.

٦- ئیسماعیل تەنیا: حزبی سۆسیالیستی کوردستان- هەڵکشان- داکشان- پەرتەوازبوون، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٩، ل٧١- ٧٢.

کۆیی)، فەرماندەی یەکێک لە مەفرەزەکانی بزووتنەوە بە هاندان و بەڵێنی (عەلی حەوێز) لە نێو ڕیزەکانی بزووتنەوە گەڕایەوە ناو (ی.ن.ک) لە (٥/ تەمموزی ١٩٧٩) لە گوندی شوشکەی بناری چیای قەندیل لەگەڵ شێرکۆ شێخ عەلی، فەرماندەی بزووتنەوە ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە و کەوتنە شەڕەوە. لە ئەنجامدا سێ پێشمەرگەی بزووتنەوە کوژرا، ئەمیش یەکەم شەڕی نێوان بزووتنەوە و (ی.ن.ک) بوو.[1]

لە دوای ئەوەی بزووتنەوە لەگەڵ لیژنەی ئامادەکاریی (پ.د.ک) لە (٣-٦/ ئابی ١٩٧٩) یەکیانگرت و لە (٨/ ئابی ١٩٧٩) (حزبی سۆسیالیستی یەکگرتووی کوردستان (حسیک)یان ڕاگەیاند[2]، ململانێ و شەڕی نێوان (حسیک) و (ی.ن.ک) زیاتر دەستیپێکرد، بەتایبەتی لە ناوچەکانی دەشتی هەولێر و خۆشناوەتی، لەو ناوچانەدا هێزەکانی (ی.ن.ک) لاوازبوون و (حسیک) بە هەموو شێوەیەک هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانەی دەدا. لە (٥/ ئەیلولی ١٩٧٩) لە نازەنین هێزەکانی (حسیک) هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) کرد و هەندێکیان لێ کوشتن و هەندێکیشیان لێ چەک کردن، ئەمیش زەبرێکی کوشندە بوو، کە (حسیک) لە (ی.ن.ک) وەشاند.[3] ململانێی نێوان هەردوولا لەسەر دەسەڵات و داهات بووە، نەک لەسەر جیاوازی بیرو ئایدۆلۆجیا.

لە بەرامبەر هێرشەکانی (حسیک) بۆ سەر (ی.ن.ک) هێزەکانی (ی.ن.ک) لە (٢٣/ ئەیلولی ١٩٧٩) بە سەرکردایەتی محەمەد حاجی مەحمود کە فەرماندەی هەرێمی یەکی شارەزور و هەورامانی ئەو کاتەی (ی.ن.ک) هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (حسیک) لە ناوچەی (بلەکی) کرد، کە سەرکردەکەیان عوسمان قادر منەوەر بوو. جگە لە دەربازبوونی عوسمان قادر منەوەر، سەرجەم هێزەکەی (حسیک) چەککران.[4] ناکۆکییەکانی نێوان (حسیک) و (ی.ن.ک) درێژەی هەبوو، هەرچەندە چەند هەوڵێک بۆ کۆتاییهێنان بەو ناکۆکی و شەڕ و ململانێیی نێوانیان درا، بەتایبەتی لە (١٥/ نیسانی ١٩٨٠) لە بارەگای سەرەکی پاسۆک، بەڵام هەتا دەهات پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا ئاڵۆزتر دەبوو.[5]

لە ساڵی(١٩٨٠) بەدواوە، هاتنەناوەوەی لایەنی سێیەم (پ.د.ک)، ڕۆڵی لە قوڵکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان (حسیک) و (ی.ن.ک) هەبوو. ئەم قۆناغە، تا دروستبوونی کاری بەرەیی لە باشووری کوردستان، کە هەریەکە لە (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لە هەوڵی دروستکردنی دوو بەرەی جیاواز و دژ بە یەکدا بوون. لەوەشدا (ی.ن.ک) پێش (پ.د.ک) کەوت، لە ڕادیۆی دیمەشق لە (١٢/ تشرینی دووەمی ١٩٨٠) هەواڵی ڕاگەیاندنی (بەرەی نیشتیمانی نەتەوەیی دیموکراتی عێراق (الجبهة الوطنية القومي الديمقراطية العراق- جوقد))ی ڕاگەیاند، کە لە (ی.ن.ک) و حیزبی شیوعی عێراق(حشع) و (حسیک) و ڕێکخراوی ڕزگاریخوازیی گەلی عێراق و حزبی بەعس/ سەرکردایەتی هەرێمی عێراق، بزاڤی سۆسیالیستی عەرەبی، پارتی سۆسیالیستی عێراق و دیموکراتە سەربەخۆکان پێکهاتبوو.[6]

بەرەی جوقد بەهۆی کێشەکانی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) بووە سەرەتایەک بۆ دابەشکردنی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، چونکە هەریەکە لە (پ.د.ک و پاسۆک) لەم بەرەیەدا فەرامۆش کرابوون، هەرچەندە (پ.د.ک) هەوڵی دابوو، لەم بەرەیەدا بەشداربێت، بەڵام بەهۆی دژایەتییکردنی (ی.ن.ک) و کێشە و ناکۆکییەکانی نێوانیان، بە یارمەتی هەندێک لە لایەنە عەرەبییەکان، هەوڵەکانی شکستی هێنابوو. لەبەر ئەوە (پ.د.ک) نەیتوانی ببێتە ئەندام لە بەرەی جوقدا.[7] بەشداریپێنەکردنی (پ.د.ک) لە بەرەی جوقد و دابەشبوونی (حسیک) بەسەر دوو بۆچوونی جیاوازدا، لەسەر بەشدارییکردنی (حسیک) لە بەرەی جوقد، زەمینەیەک بۆ دروستکردنی بەرەیەکی یتر هاتە کایەوە و سەرئەنجام (١٦) ڕۆژ دوای دروستکردنی بەرەی جوقد بەرەی

١- شاخەوان شۆڕش: قادر شۆڕش چل ساڵ خەبات و تێکۆشان،چ١، چاپخانەی خۆیبوون، دانیمارک، ٢٠٠١، ل٢٠٠١ ؛ ئیسماعیل تەنیا: س.پ، ل١٠٠.

٢- کرمانج گوندی: سی ٣٠ ساڵ خەبات و وولاتێکی وێران ١٩٦١-١٩٩٠، چ١، سوید، ١٩٩٠، ل٧٥.

٣- نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق (١٩٧٩- ١٩٨٣)، چ١، ١٩٩٧، ل١٣٧.

٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٧-١٣٨.

٥- سەلام عەبدولکەریم: ژیانی سیاسی...، ل٩٥.

٦- د.عەلی تەتەر نێروەی: س.پ، ل١٨٦- ١٨٧ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن...، ل١٧٦.

٧- جەمال فەتحوڵڵا تەیب: س.پ، ل٢٨١ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن...، ل١٧٧.

(بەرەی نیشتمانیی دیموکراتی(الجبهة الوطنية الديمقراطية- جود)) لە (٢٨/ تشرینی یەکەمی ١٩٨٠) لە ناوچەی ڕاژان، لەنێوان هەریەکە لە (حشع- حسیک- پ.د.ک) پێکهێنرا. پاش دوو ساڵ لە دروستبوونی بەرەی جود (پاسۆک) لە (مایسی ١٩٨٢) بووە ئەندام لەم بەرەیە.[١]

پێکهێنانی بەرەی جود کاردانەوەی زۆر توندی لێکەوتەوە، چونکە هەریەکە لە (حشع و حسیک) بەو پێیەی لە بەرەی جوقددا ئەندام بوون، بۆیان نەبوو، بە بێ ڕەزامەندی جوقد هاوپەیمانیی بەرەیی لەگەڵ هیچ پارت و لایەنێکی دیکەدا پێکبهێنن.[٢] بەرەی جوقد مۆڵەتی یەک مانگیان بە (حشع و حسیک) دا، کە هەڵوێستی خۆیان یەکلایی بکەنەوە، چونکە نەدەبوو، لە یەک کاتدا لە دوو بەرەدا بەشداری بکەن. ئەوان بڕیاریان دا لە بەرەی جوددا بمێننەوە و بەم هەنگاوەش ئەندامێتییان لە بەرەی (جوقد) هەڵپەسێردرا.[٣] لە دوای دروستبوونی دوو بەرەی جیاواز، (ی.ن.ک) دروستبوونی بەرەی (جود)ی بە دژایەتییکردنی بەرەی (جوقد) دەزانی. لەگەڵ ئەوەشدا دروستبوونی دوو بەرەی جیاواز لە عێراق و باشووری کوردستان نەیتوانی کۆتایی بە شەڕ و ململانێی نێوان پارتەکان بهێنێت، جگە لەوەش لەبری ململانێی نێوان پارتەکان ململانێی نێوان بەرەکان پەیدابوو.[٤] پەیوەندییەکانی (ی.ن.ک) لەگەڵ لایەنەکانی ناو بەرەی جود چووە دۆخێکی خراپەوە، چونکە بە کردەوە و هێزی کرداری و سەرەکی لە نێو بەرەی جوقددا تەنیا (ی.ن.ک) بوو، هەروەها بنکە و بارەگا و هێزی چەکداریی لە باشووری کوردستاندا هەبوو، هەر لە سەرەتاوە دۆخی شەڕ لەنێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) بەردەوام بوو، لە نێوان (ی.ن.ک) و لایەنەکانی تری ناو جوددا ڕووداو و شەڕ ڕووی دابوو.[٥]

لە دوای گرتنی نەوشیروان مستەفا لە (٥/ کانوونی دووەمی ١٩٨١) لە گوندی قەویلە لەلایەن (حسیک)ەوە، هێندەی دیکە پەیوەندییەکانی نێوان (حسیک) و (ی.ن.ک) ئاڵۆزتر بوو بەتایبەتی لە دوای پەیوەندیکردنی محەمەد حاجی مەحمود لە (٧/ کانوونی دووەمی ١٩٨٠) بە (حسیک)ەوە، هاوسەنگی هێز لە هەرێمی (١) و ناوچەکانی شارەزوور بە لای (حسیک)دا بوو.[٦] لە سەرەتای (شوباتی ١٩٨١) نەوشیروان مستەفا لە دوای (٣٢) ڕۆژ لە دەستبەسەریی، لەگەڵ ئەو پێشمەرگەی لەگەڵیدا بوو، دەربازی بوو و خۆیان گەیاندە هێزەکانی (ی.ن.ک) لە شارباژێر.[٧]

هەرچەندە لە پێش ئەم ڕووداوەش، شەڕی (ی.ن.ک) و (حسیک) هەر لە ساڵی (١٩٧٩)وە دەستی پێکردبوو، بەڵام دوای دەستگیرکردنی نەوشیروان مستەفا ڕەهەندێکی تری وەرگرت و توندوتیژی پێکدادانی زیاتری لێکەوتەوە، لە هاوین و پایزی (١٩٨١)دا تەواوی ناوچەکانی سلێمانی و شارەزوور و دەشتی هەولێر خۆشناوەتی گرتەوە.[٨] نەوشیروان مستەفا دەڵێت: "لە ماوەی شەڕی نێوان (ی.ن.ک) و بەرەی جوددا، زیاد لە (١٠) شەڕ و پێکدادانی خوێناوی گەورە و بچووک ڕوویداوە، کە زۆربەیان لەسەر چەکفڕاندن لە لای (ی.ن.ک)وە بۆ لای ئەوان و بەپێچەوانەوە، پارە وەرگرتن و وەرگرتنی باج، ڕەفتارکردن لەگەڵ ئەنجوومەنی ئاواییەکان و خەڵک گرتن بووە".[٩] سەرەتای شەڕی نێوان جود و (ی.ن.ک) لە (٢٢/ حوزەیرانی ١٩٨١) بوو، بوو، کە لە گوندی (مامە خەلان) شەڕ لە نێوان (ی.ن.ک) و (پاسۆک)دا دروست بوو، کە تێیدا دوو پێشمەرگەی (پاسۆک) و پێشمەرگەیەکی (ی.ن.ک) کوژران. لە دوای شەڕەکەی گوندی مامە خەلان، (پاسۆک) بڕیاری تۆڵەکردنەوە دابوو لە (٢٣/ حوزەیرانی ١٩٨١) بە هێزێکی گەورەوە لە گوندی (گەڕەدێ) هێرشیان کردە سەر

١- مسعود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ب٤، بەشی یەکەم، ل١٣٥ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان...، ل١٧٧.
٢- فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب١، چ٤، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٥٥٢.
٣- شیلان حاجی شەریف: س.پ، ل١٧١.
٤- زانا فەقێ محمد: س.پ، ل٨٨.
٥- سەلام عەبدولکەریم: ژیانی سیاسی...، ل١١٦.
٦- ئیسماعیل تەنیا: س.پ، ل١١٨- ١١٩.
٧- نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن...، ل١٩٤ ؛ شیلان حاجی شەریف: س.پ، ل١٩٨.
٨- ئیسماعیل تەنیا: س.پ، ل١٢٠.
٩- نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن...، ل٢٠٧-٢٠٨.

مەفرەزەیەکی (ی.ن.ک) و شەڕ لە نێوانیاندا ڕوویدا و تەواوی پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک) کوژران، کە ژمارەیان (٦) پێشمەرگە بوو.[١]

لە دوای شەڕ و ئاڵۆزییەکانی نێوان (ی.ن.ک) و (پاسۆک) لە (٢٣/ ئابی ١٩٨١) لە گوندی سێکانیان لە دۆڵی جافایەتی شەڕ لە نێوان (ی.ن.ک) و (حسک) دروست بوو، کە بووە هۆی کوژرانی (٦) پێشمەرگە لە (حسک) و بریندار بوونی (٥) پێشمەرگەی تر، کە لە نێوانیاندا شێرکۆی شێخ عەلی، فەرماندەی سەربازیی (حسک) و ئەندامی سەرکردایەتی تێدابوو، لە (ی.ن.ک) (٧) پێشمەرگە کوژرا، کە لەناویاندا فەرماندەی سەربازیی (ی.ن.ک) جەمالی عەلی باپیری تێدابوو، جگە لەوەش بریندار بوونی (٧) پێشمەرگەی تری (ی.ن.ک).[٢] دوای ئەم ڕووداوە، هێزێکی زۆری (حسک) لە دەشتی هەولێر و دۆڵی ڕەواندز و ناوچەی خۆشناوەتی و کۆیە، بۆ تۆڵەکردنەوە بەرەو ناوچەی ڕووداوەکە کەوتنەڕێ و دەیان ڕووداو و شەڕ و کارەساتی خوێناوی لێکەوتەوە و ئیدی بەرەی شەڕەکە زۆر فراوانتر بوو.[٣]

لە تۆڵەی کوشتنی شێرکۆ شێخ عەلی، (حسک) بە فەرماندەیی سەید کاکە هێرشی بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە خۆشناوەتی و دۆڵی جافایەتی کرد و چەندین شەڕ و پێکدادان لە نێوانیاندا ڕوویدا و هێزەکەی (ی.ن.ک) پاشەکشێی بۆ سەفرە و زەروون کرد. هێزەکەی مستەفا چاوڕەش بە فریای هێزەکەی (ی.ن.ک) کەوت و هێزەکەی (حسک) شکا و بۆ بناری چیای کۆسرەت گەڕایەوە. چەندین پێشمەرگە لە هەردوولا کوژران، جگە لە چەککردنی ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە، لەلایەن هەردوولاوە.[٤]

شەڕی نێوان (حسک) و (ی.ن.ک) لە مانگەکانی (ئەیلول، تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی ١٩٨١) هەر بەردەوام بوو. لە (٧/ تشرینی یەکەمی ١٩٨١) لە گوندی تەپەکەلی شارەزوور لە شەڕێکدا، مام ئاراس فەرماندەی سەربازیی (حسک) و (٦) پێشمەرگەی دیکە، لەلایەن هێزەکانی (ی.ن.ک)وە بە دیلی کوژران و هەروەها لە شەڕێکی دیکەی نێوان هەردوولادا لە سەرەتای (تشرینی دووەمی ١٩٨١)، (عەوڵاسوور)، فەرماندەی هەرێمی (١٤)ی (حسک) و (٧) پێشمەرگەی (حسک) لە شەڕێکدا لە گوندی (دۆڵە ڕەقە) کوژران و هەر لەو شەڕەدا سێ پێشمەرگەی (ی.ن.ک)یش کوژران.[٥]

هەر لە درێژەی شەڕەکانی بەرەی جود و (ی.ن.ک) لە (٤/ ئەیلولی ١٩٨١) (حشع) و (ی.ن.ک) لە دژی یەکتر کەوتنە شەڕەوە، بە تایبەتی لەدوای هاتنی عەبدوڵڵا ماوێلی بۆ ناو ڕیزەکانی (حشع). ناوبراو پێشووتر دەستی لە کوشتنی چەند پێشمەرگەیەکدا هەبووە، لەلایەن هێزەکانی (ی.ن.ک) و لە گوندی (دەرگەڵە) کوژرا، لە تۆڵەی کوشتنی عەبدوڵڵا ماویلیدا، (حشع) بە فەرماندەیی عەلی حەمەعەزیز (٦) پێشمەرگەی (ی.ن.ک) لە گوندی (فەقێیان) کوژرا.[٦] ئەمیش بارودۆخی ناوچەی باڵەکایەتی ئاڵۆز کرد و هێزەکانی (ی.ن.ک) چوونە سەر سەر بەتالیۆنی (حشع) لە وەرتێ و (حشع) دایانە چیای کاروخ و دامەزران، لە شاخەکەدا لەلایەن هێزەکانی (ی.ن.ک)وە گەمارۆدران. (حشع) جەلال تاڵەبانی ئاگادارکردەوە، بە بڕیاری ئەو شەڕەکە کۆتایی پێهات.[٧]

شەڕی نێوان بەرەی جود و (ی.ن.ک) بەردەوام بوو. لە (٢٥/ تشرینی دووەمی ١٩٨١) هێرشی هاوبەشی جود بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە دۆڵی خانەقا و وەرتێ دەستی پێکرد و نزیکەی (٥٠) پێشمەرگەی (ی.ن.ک)یان لە ناوچەکەدا چەککرد. فەرماندەیی هیزەکانی جود، لە (پ.د.ک) محمد مەلا قادر و لە (حسک) سەید کاکە و لە (حشع) ئەبو عاید و لە (پاسۆک) کەریم سەلام پێکهاتبوو. شەڕی نێوان بەرەی جود و (ی.ن.ک)

---

١- زانا فەقێ محمد: س.پ، ل٩١ ؛ ئیبراهیم جلال: چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە...، ل٣٥٥.
٢- نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن...، ل٢١٠ ؛ شاخەوان شۆڕش: س.پ، ل١٦٧.
٣- ئیسماعیل تەنیا: س.پ، ل١٢٣؛ سەید کاکە: بیرەوەری پێشمەرگەیەک، چ٣، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٠، ل١٩٨.
٤- شیلان حاجی شەریف: س.پ، ل١٩٨ ؛ سەید کاکە: س.پ، ل١٩٩- ٢٠٠.
٥- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شەڕەکانی (ی.ن.ک) و (حسک) بڕوانە: ئازاد کاکل: ئازارەکانی شەڕی ناوخۆ لە یاداشتی پێشمەرگەیەک (١٩٨٢- ١٩٨٣)، ب١، چ١، چاپخانەی ماردین، هەولێر، ٢٠١١، ل٦١- ٦٢- ٦٣.
٦- فاتح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد (١٩٨٠- ١٩٨١)، ب٢، چ١، سوید، ١٩٩٢، ل٣٣٩- ٣٤٠ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن...، ل٢١٢.
٧- شیلان حاجی شەریف: س.پ، ل٢٠٠ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن...، ل٢١١.

لە وەرتێ و دەوروبەری تاکو (کانوونی یەکەمی ١٩٨١) هەر بەردەوام بوو.[١] هەتا ناوەڕاستی ساڵی (١٩٨٢) شەڕ و ململانێیەکی گەورەی وا نەبوو، کە ببێتەوە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی گشتگیر لە نێوان پارتەکاندا. ئەوەی هەبوو چەککردنی لەشکری ئیسلامی کورد (لاک)[٢] لەلایەن (ی.ن.ک)ەوە لە (٢/ تەموزی ١٩٨٢) بوو. لەشکری ئیسلامی لە سێ جێگادا بارەگایان لە (بەری مەرگە)، (سەرگەڵوی دۆڵی جافایەتی) و (حاجی مامەندی شارباژێر) هەبوو.[٣]

لە شەڕی چەککردنی لەشکری ئیسلامیدا، (٣) پێشمەرگەی (ی.ن.ک) لە شەڕەکەدا کوژران، بە (سەلاحی موهەندیس)ی فەرماندەی کەرتیشیانەوە، کە کەسوکارەکەی لە تۆڵەی ئەودا، تەقەیان لە دیلەکانی لەشکری ئیسلامی کرد، دوو کەسیان لێ کوشتن و هەندێکیشیان بریندارکردن.[٤] لە دوای چەککردنی لەشکری ئیسلامی لەلایەن (ی.ن.ک)وە، (پ.د.ک)و(ی.ن.ک) بە نێوەندگیری (حشع) لە (٢٨/ تەموزی ١٩٨٢) لە پشتئاشان ڕێکەوتنامەیەکیان مۆرکرد، کە لە شەش خاڵ پێکهاتبوو، لەوانە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان. لە دوای ئەم ڕێکەوتنە، هێزەکانی (پ.د.ک)، بە سەرکردایەتی قادر قادر، بۆ ناوچەکانی سلێمانی و شارباژێر و دەوروبەری گەڕانەوە.[٥]

لەگەڵ ئەوەشدا لە دوای ڕێکەوتنامەکە، (پ.د.ک) ڕازی نەبوو هێزەکانی (ی.ن.ک) بگەڕێنەوە ناوچەکانی بادینان، بە پاساوی ئەوەی ڕێکەوتنی پشتئاشانی (٢٨/ تەموزی ١٩٨٢) ڕێکەوتنامەیەکی ناوچەیی بووە.[٦] لە دوای ئەمیش، جارێکی تر پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا ئاڵۆزتر بوو، هێزەکانی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لە نزیک گوندی چەرمەگا ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە. لە سەرەتای (تشرینی یەکەمی ١٩٨٢) لە شەڕێکدا (٧) پێشمەرگەی (پ.د.ک) و (٤) پێشمەرگەی (ی.ن.ک) دەکوژرێن.[٧] پەیوەندییەکانی نێوان (ی.ن.ک) و لایەنەکانی ناو بەرەی جود هێندە ئاڵۆزبوو، لە سەرەتای ساڵی (١٩٨٣) هێزەکانی (پ.د.ک) بە سەرکردایەتی حەسۆ میرخان ژاژۆکی لە سەرەتای (شوباتی ١٩٨٣) هاتن بۆ ناوچەکانی نزیک لە سەرکردایەتی (ی.ن.ک) لە ناوزەنگ، بە یارمەتی ئێران هەڕەشەی گرتنی ناوچەکەی کرد، دواتر بە نێوەندگیری (حشع) ڕێکەوتن کرا تا هێزەکەی حەسۆ میرخان بکشێتەوە.[٨] لە (١٧/ کانوونی دووەمی ١٩٨٣) هێزێکی (حسک) لە گوندی (ئاوماڵ) لە نزیک تەقتەق هێرشیان کردە سەر مەفرەزەیەکی (ی.ن.ک) و پێشمەرگەیەکی (ی.ن.ک) کوژرا و چەندین پێشمەرگەی دیکە چەک کران. ئەم ڕووداوەش بووە هۆی شەڕی گەورەی (نێرەگین) لە (٥/ شوباتی ١٩٨٣) لەنێوان (حسک) و (حشع) لە لایەک و (ی.ن.ک) لە لایەکی تر. لە گوندی نێرەگین (٩) پێشمەرگەی (حسک) و (٣) پێشمەرگەی (حشع) و (٧) پێشمەرگەی (ی.ن.ک) کوژران.[٩]

لە ڕۆژانی (١١ و ١٢/ شوباتی ١٩٨٣) لە دەشتی هەولێر و کۆیە هێزەکانی جود بە کۆمەڵ لەگەڵ هێزەکانی (ی.ن.ک) بە گژ یەکتردا چوون. لە (١٦/ شوباتی ١٩٨٣) جود بەیانێکی توند و هەڕەشەئامێزی لە دژی (ی.ن.ک) بڵاوکردەوە و لە (٢٠/ شوبات)یش (ی.ن.ک)، بە بەیانێکی توند وەڵامی جودی دایەوە. هەر لە (٢٤)ی هەمان مانگدا جود بەیانێکی توندوتیژی دیکەی دژی (ی.ن.ک) دەرکرد.[١٠] وردەشەڕ لەنێوان

---

١- نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن...، ل٢٢٨-٢٢٩.
٢- لەشکری ئیسلامی کوردستان (لاک) پارتێکی سیاسی ئیسلامی بوو، لە کۆماری ئیسلامی ئێران لە شاری تاران لە سەرەتای (شوباتی ١٩٨١) وەک پارتێکی تازە بە ناوی لەشکری ئیسلامی کوردەوە دامەزرا، دامەزرێنەرەکانی (مەلا حسین ماریونسی، شێخ قادری سوتکە، عەباس شاهین) بوون. بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن...، ل٢٠١.
٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٣.
٤- شیلان حاجی شەریف: س.پ، ل١٧٦؛ دکتۆر فایق محمد گوڵپی: کە لێرەوە سەیری ژیانی خۆم ئەکەم ١٩٨١-١٩٨٩، ب١، چ١، چ١، چاپخانەی تاران، ٢٠١٨، ل١٤٨.
٥- د.عەلی تەتەر نێروەی: س.پ، ل٢٨١ ؛ فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب١، ل٤٠٦- ٤٠٧.
٦- نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن...، ل٢٦٢.
٧- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شەڕەکەی گوندی چەرمەگا. بڕوانە: ئیبراهیم جەلال: عەشق و خەبات و ئازادی، چ١، تاران، ٢٠٢١، ل١٦٤-١٦٨.
٨- نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن...، ل٢٨٠.
٩- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شەڕەکەی نێرەگین. بڕوانە: ڕێباز: قەندیل بەغدای هەژاند- یاداشتەکانی پێشمەرگایەتی لە ساڵانی (١٩٨٠- ١٩٨٨)، چ٣، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٧، ل٢٢٦- ٢٢٧ ؛ ئازاد کاکل: س.پ، ل٧٧.
١٠- نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن...، ل٢٨١.

هەردوولادا بەردەوام بوو، تا کوشتنی جەزای عەلی کاتب لە (١/ نیسانی ١٩٨٣) لە شارباژێر لەلایەن هێزەکانی (ی.ن.ک)وە. جەزای عەلی کاتب، کە بەرپرسی ناوچەی سلێمانی (پ.د.ک) بوو، لەگەڵ دوو پێشمەرگەی (ی.ن.ک) لە بۆسەیەکی هێزەکانی (ی.ن.ک)دا کوژرا، کە بۆ عوسمانی قادر منەوەر، بەرپرسی (حسک) لە ناوچەکەدا دانرابوو.[١] لە تۆڵەی کوشتنی جەزای عەلی کاتب، لە (٢/ نیسانی ١٩٨٣) لە گوندی (گۆرەدێم) هێزەکانی (پ.د.ک) لە بۆسەیەکدا (٨) پێشمەرگە و کادری (ی.ن.ک) کوشت و ئەمە جگە لە کوشتنی پێشمەرگەیەکی تری (ی.ن.ک) لە کاتی ناشتنی جەزای عەلی کاتبدا.[٢] لە دوای ئەم ڕووداوانە هێزەکانی هەردوولا بە تەواوەتی کەوتنە سەنگەرگرتن لە دژی یەکتر، هەر هێزێکیان هەوڵی دەرکردنی هێزەکەی تری لە ناوچەکەدا دەدا. لە (١٥/ نیسانی ١٩٨٣) لە (باداوان) لە بۆسەیەکدا هێزەکانی (حسک) و (حشع) (٥) پێشمەرگەی (ی.ن.ک) دەکوژن. لە ناو کوژراوەکاندا (شەماڵ و سەرباز)، دوو فەرماندەی تیپی کۆسرەت ی (ی.ن.ک) تێدا بوو.[٣]

لە دوای کوژرانی دوو فەرماندەکەی (ی.ن.ک)، لە (١٩/ نیسانی ١٩٨٣) شەڕ لەنێوان (ی.ن.ک) و (حسک) و (پ.د.ک) دەستی پێکرد و شەڕ زۆربەی ناوچەکانی گرتەوە، تا لە (٢٨/ نیسانی ١٩٨٣) هێرشی هاوبەشی بەرەی جود بۆ سەر (ی.ن.ک) لە دۆڵی بالیسان و دۆڵی مەلەکان و دۆڵی ئاکۆیان دەستی پێکرد، دەست بەسەر مەڵبەندی چواری (ی.ن.ک) لە بالیسان گیرا. هێزەکانی جود نزیکبوون لە گرتنی دۆڵی خانەقا و دۆڵی شەهیدان، بۆ ئەوەی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) لە ناوزەنگ بە تەواوەتی لە ناوچەکانی هەولێر دابڕن. لەم شەڕەدا (٧) پێشمەرگەی مەڵبەندی چواری (ی.ن.ک) کوژرا[٤] لە هێزەکانی بەرەی جودیش (٥) پێشمەرگە کوژرا.[٥] گرتنی مەڵبەندی چواری (ی.ن.ک)، کاردانەوەی توندی لە لایەن ئەو پارتەوە لێکەوتەوە، سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بڕیاری لەسەر ستراتیجی یەکلاکردنەوە دا و زۆر بەخێرایی دەستی بە جێبەجێکردنی کرد. پاش گرتنی مەڵبەندی (ی.ن.ک) لە بالیسان (ی.ن.ک) پلانی گرتنی ئاشقۆڵکە و قرناقا و پشتئاشانی دا، کە سەرکردایەتی و بارەگا سەرەکییەکانی (حشع) و (حسک) و (پاسۆک)ی لێ بوو. لە (٢٩/ نیسانی ١٩٨٣) بە فەرماندەیی نەوشیروان مستەفا هێزێکی گەورەی (ی.ن.ک) لە (قەڵاتوکان)ەوە بەڕێکەوت.[٦]

لە ڕەزگە شەڕ و پێکدادان لەنێوان (حشع) و (ی.ن.ک)دا ڕووی دا. پێشمەرگەیەکی (ی.ن.ک) کوژرا و هێزەکانی (حشع) کشانەوە و چوونە دۆڵەکۆگە. هێزەکانی (حسک) و (حشع) و (پاسۆک) لە ئاشقوڵکە و قرناقا و پشتئاشان دا لە ئامادەباشیدا بوون، هێزەکانی (ی.ن.ک) لە بەرەبەیانی (١/ ئایاری ١٩٨٣) لە سێ قۆڵەوە لە باکور و باشوور و ڕۆژئاواوە هێرشیان بۆ سەر لایەنەکانی بەرەی جود کرد. لە ئێوارەی (٢/ ئایاری ١٩٨٣) دەستبەسەر ئاشقۆڵکە و قرناقادا گیرا، کە بارەگای (حسک) و (پاسۆک)ی لێ بوو.[٧] لە دوای دەستگرتن بەسەر بارەگاکانی (حسک) و (پاسۆک)، هێزەکانیان بەرەو پشتئاشان کشایەوە و بەرەو قەندیل هەڵکشان. لە پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ گوشاری هێزەکانی (ی.ن.ک) لەسەر (حشع) زیادی کرد، هێزەکانی (حشع) دەستیان بە کشانەوە کرد و هێزەکانی (ی.ن.ک) دەستیان بەسەر سەرکردایەتی و مەکتەبی عەسکەری و چاپخانە و ئێزگەی (حشع)دا لە پشتئاشاندا گرت.[٨]

---

١- بۆ زانیاری زیاتر. بڕوانە: ئاوات قارەمانی:ڕێگا باریکەکان، چ٣، چاپخانەی کۆشکی سەرا، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٣٠٠- ٣٠٤.
٢- نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن...، ل٢٨٥ ؛ ئیبراهیم جەلال: چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە، ل٣٨٥.
٣- مامۆستا عوسمان کانی پانکەیی: سەروەرییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ڕۆژگارە سەختەکانی گەلی کورددا، چ٢، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٧٨.
٤- نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن...، ل٢٨٨.
٥- ئازاد کاکل: س.پ، ل٩٧.
٦- فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب١، ل٤١١.
٧- ئیبراهیم جەلال: چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە، س.پ، ل٣٨٩ ؛ ئیسماعیل تەنیا: س.پ، ل١٣٩.
٨- ئەحمەد بانیخێڵانی: یادەوەرییەکانم، چ٢، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٤٣١؛ فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب١، ل٤١٢.

لە شەڕی پشتئاشاندا گورزێکی کوشندە بەر بەرەی جود بەگشتی و (حشع) بەتایبەتی کەوت. جگە لە کوژرانی (٦٤) پێشمەرگەی (حشع)، کە زۆرینەیان دیل بوون، هەریەکە لە (کەریم ئەحمەد و ئەحمەد بانیخێڵانی)، ئەندامانی سەرکردایەتی (حشع) و (٤٨) کادر و پێشمەرگەی (حشع) بە دیلی کەوتنە دەست (ی.ن.ک).[١] (حسک)یش (١٢) کوژراو و (٧) دیلی هەبوو، لە (پاسۆک)یش چەند کوژراوێک هەبوو.[٢] لە (ی.ن.ک) (٤٠) کوژراو هەبوو.[٣] جگە لەوەش کوژرانی دوو گەریلای (پ.ک.ک) لەلایەن هێزەکانی (ی.ن.ک) و لە کاتی شەڕی پشتئاشاندا، ئەوانیش (محمد قەرەسۆنگۆر)، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (پ.ک.ک)[٤] و (ئیبراهیم سەعید) گەریلای (پ.ک.ک) کوژران. بەم شێوەیە کۆتایی بە شەڕی پشتئاشان هات.[٥]

دوای تەواوبوونی شەڕەکە، هەردوو سەرکردەی (حشع) (کەریم ئەحمەد و ئەحمەد بانیخێڵانی) لەگەڵ جەلال تاڵەبانی لە (١٠/ ئایاری ١٩٨٣) بانگەوازێکی هاوبەشیان بۆ چەکدارانی هەردوولا بڵاوکردەوە و داوایان لێکردن، کە لە تەواوی قۆڵەکاندا شەڕ ڕابگرن.[٦] ئەمیش لە کاتێکدا بوو، کە پێشووتر ڕێکەوتنێکی مەیدانیی لە گوندی دێوانەی ناوچەی قەرەداغ لەنێوان مەڵبەندی(١)ی (ی.ن.ک) و سەرکردایەتی مەڵبەندی سلێمانی- کەرکوکی (حشع) مۆرکرا. گرنگی ئەم ڕێکەوتنە، کە لە (١١) خاڵ پێکدەهات، ئەوە بوو، کە توانی ناوچەیەکی زۆر لە سلێمانی و قەرەداغ و دەوروبەری لە شەڕی ناوخۆیی نێوان هەردوو پارتی ناوبراو بپارێزێت. هەردوولا لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕی نێوان (ی.ن.ک) و بەرەی جود، توانیان ڕێگە لە سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆی لە ناوچەکەدا بگرن.[٧]

تەنیا شەڕ و پێکدادانێک لە سەروبەندی شەڕی پشتئاشاندا لە ناوچەکەدا ڕوو دابێت، ڕووداوەکەی گوندی مەسۆیی ناوچەی قەرەداغ بوو، کە مەفرەزەکانی (ی.ن.ک) تەقەیان لە مەفرەزەیەکی (حشع) کردبوو، کە (٦) پێشمەرگە بوون، (٢) کوژراو و بریندارێک و (٣) دیلیان هەبوو.[٨] ئەم شەڕە پارسەنگی هێزی لە ڕووی سەربازییەوە بە سوودی (ی.ن.ک) گۆڕی و هێزەکانی بەرەی جود لە ناوچەکانی هەولێر و خۆشناوەتی بێهێز کرد، لەگەڵ ئەوەشدا هێزەکانی جود لە مانگی (ئابی ١٩٨٣) دووبارە خۆیان ڕێکخستەوە و بە هێزێکی زۆرەوە، ویستیان پارسەنگی هێز بە سوودی خۆیان ڕاستبکەنەوە.[٩]

لە (١٣/ ئابی ١٩٨٣) هێزەکانی جود هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە ناوچەکانی قەندیل و دۆڵی خانەقا کرد. هێرشەکە لەگەڵ هێرشی ئێران بۆ سەر حاجی ئۆمەران هاوکات بوو. شەڕ لە (١٣-١٨ ئابی ١٩٨٣) بەردەوام بوو، تەنیا لە (پ.د.ک) (١٥) پێشمەرگە کوژراو هەبوو. دواتر هێرشی فراوانی (ی.ن.ک) بۆ

---

١- ئیسماعیل تەنیا: س.پ، ل١٤٠ ؛ فاتیح ڕەسول: چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی خەباتی گەلی کورد (١٩٨٢- ١٩٩٠)، ب٣، چ١، سوید، ١٩٩٤، ل٢٧٩.
٢- ئازاد کاکل: س.پ، ل١٠٠.
٣- ئیبراهیم جەلال: عەشق و خەبات و ئازادی، ل١٧١.
٤- پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک) یەکێکە لە پارتە کوردییەکانی باکووری کوردستان، سەرەتای دامەزراندنی ئەم پارتە دەگەڕێتەوە بۆ (تشرینی دووەمی ١٩٧٨) لەدوای چالاکی زۆر و جموجوڵی سیاسی بەردەوام، بە دیاریکراوی لە (٢٧/ تشرینی دووەمی ١٩٧٨) لە گوندی (فیس) لە ناوچەی ئامەد بە ئامادەبوونی (٢٢) ئەندام دوای چوار ڕۆژ لە کۆبوونەوە و تاوتوێکردنی زۆر، بڕیاری دامەزراندنی پارتەکەیان دا لە چوارچێوەی پارتێکی سیاسی بە ناوی (پارتی کرێکارانی کوردستان) هەر لە هەمان ساڵیشدا بەیاننامەی دامەزراندن ئامادەکرا و لیژنەی ئامادەکاری پێکهێنرا و بە فەرمیش لە (٢/ ئازاری ١٩٧٩) پارتەکە ڕاگەیەنرا، پارتەکە لەسەر بنەمای بیر و فەلسەفەی (مارکسیزم- لینینزم) دامەزراوە. یەکەم کۆنفرانسی لە (١٥/ تەموزی ١٩٨١) کراوە، یەکەم چالاکی گەریلای لە ساڵی (١٩٨٤) لە ناوچە شەمزینان دەستپێکرد. پ.د.یاسین سەردەشتی و ئەوانی تر: مێژووی چەپ لە تورکیا، چ١، چاپخانەی تاران، ٢٠٠٦، ل٣٣٧.
٥- مسعود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (١٩٧٥- ١٩٩٠)، ب٤، چ١، ل١٤٠ ؛ نەوشیروان مستەفا ئەمین: ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن...، ل٢٩٤.
٦- کەریم ئەحمەد: ڕێڕەوی تێکۆشان، و: جەلال دەباغ، چ١، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٣٠٠ ؛ ئیسماعیل تەنیا: س.پ، س.پ، ل١٤٠- ١٤١.
٧- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕێکەوتنەکە بڕوانە: بەهادین نوری: بیرەوەرییەکانی بەهادین نوری، ب٢، چ٢، چاپخانەی تاران، ٢٠١٩، ل٢٢٣- ٢٢٤ ؛ فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب٢، چ٤، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٩٠١- ٩٠٢.
٨- بەهادین نوری: س.پ، ل٢١٨ ؛ فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب٢، س.پ، ل٩٠٣.
٩- ئیسماعیل تەنیا: س.پ، ل١٤١.

سەر لایەنەکانی جود لە (١/ ئەیلولی ١٩٨٣) لە چەندین قۆڵەوە دەستپێکرد. لەم شەڕەدا جارێکی تر لایەنەکانی جود شکان و (پ.د.ک) زۆرترین کوژراوی هەبوو، دوو فەرماندەی باڵای (پ.د.ک) (حەسۆ میرخان ژاژۆکی و عەبدولرەحیم جەسیم) لە بەرزاییەکانی کونە کۆتر کوژران، جگە لەوەش (٥٠) کوژراوی دیکەیان هەبوو.[١] لەم شەڕەدا لە (حشع) (١٥) کوژراو، لە (حسک) (٥) کوژراو و لە (ی.ن.ک) (٢٢) کوژراو هەبوو. گەڕی ئەم جارەی شەڕ بە گەڕی دووەمی شەڕی قەندیل بەناوبانگە.[٢]

ئەم شەڕە بووە خاڵێکی یەکلاکەرەوە. لەو بەروارە بەدواوە شەڕێکی گەورە و فراوانی وا ڕوویندا، بەڵام هەتا ئاساییکردنەوەی پەیوەندی نێوان پارتەکان، چەندین شەڕی بچوک و چەککردنی مەفرەزەکانی یەکتر هەبووە، بەتایبەتی لەنێوان (حسک) و (ی.ن.ک).[٣] دوای ئەوەی (ی.ن.ک) و لایەنەکانی بەرەی جود قۆناغێکی قۆناغێکی درێژیان لە شەڕی ناوخۆی تێپەڕاند، ئاکامەکەی بە زیانی خۆیان و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد کۆتایی پێهات. لە ماوەی شەڕی ناوخۆی نێوان پارتەکان لە باشووری کوردستان چەند هەوڵێک درا، بەتایبەتی لە لایەن نووسەران و ڕووناکبیرانەوە. چەندین هەوڵی تاکەکەسیش بۆ ڕاگرتنی شەڕی نێوان پارتەکان هەبوو، بەڵام هیچ گوشارێکی سیاسی و سەربازیی نەبووە تاکو پارتەکان ناچار بە ئاشتی بکات.[٤] لە (نەورۆزی ١٩٨٤) جەلال تاڵەبانی لە وتارێکدا بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە، بۆ ئاشتی و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بە ڕێگای وتووێژ، داوای ئاشتبوونەوەی گشتی و بانگهێشتی لایەنەکانی بەرەی جودی کرد.[٥]

لە دوای کۆتاییهاتنی وتووێژ و گفتوگۆکانی نێوان (ی.ن.ک) و حکومەتی عێراق لە (١٥/ کانوونی دووەمی ١٩٨٥) (ی.ن.ک) بەیاننامەیەکی لەسەر کۆتاییهێنانی وتووێژەکان لەگەڵ حکومەتی عێراق دەرکرد، لە لایەن بەرەی جودەوە ئەمە بە هەنگاوێکی گرنگ و ئەرێنی لە قەڵەم درا.[٦] لە دوای ئەوە (ی.ن.ک) کەوتە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ لایەنەکانی ناو بەرەی جود. لە سەرەتادا پەیوەندییەکانی لەگەڵ (حسک) ئاسایی کردەوە. لە (٢١/ ئاداری ١٩٨٥) لە ناوگردان ڕێکەوتننامەیەکی ناوچەیی لە نێوان هەردوولادا ئیمزاکرا، ئەمەیش بۆ ئاشتبوونەوەی گشتی، هەنگاوێکی گرنگ و کاریگەر بوو. ئاکامی ئەم ڕێکەوتنە ناوچەییەی نێوان هەردوولا، ئاشتبوونەوەی گشتی لەنێوان هەردوولادا هێنایە کایەوە. لە (١٨- ٢٤/ نیسانی ١٩٨٦) لە یاخسەمەر ڕێکەوتننامەیەک لە نێوان هەردوولادا مۆرکرا.[٧]

ڕێکەوتنی (حسک) و (ی.ن.ک) بووە سەرەتایەک بۆ ڕێکەوتن و ئاشتبوونەوەی گشتی لەنێوان (ی.ن.ک) و لایەنەکانی تری بەرەی جود، جگە لەوەش، ئەم ئاشتبوونەوە گرنگیی تایبەتی خۆی هەبوو، چونکە کۆتایی بە شەڕ و ناکۆکی نێوان (حسک) و (ی.ن.ک)، لە لایەک و (ی.ن.ک) و لایەنەکانی تری ناو بەرەی جود، لە لایەکی ترەوە هێنا.[٨] ئەم هەنگاوەی (حسک)، بووە هاندەرێک، کە (پاسۆک)یش بەو ئاراستەیە هەنگاو بنێت. لە لە (١٠- ١٢/ ئایاری ١٩٨٦) پرۆتوکۆڵی ئاشتی لەنێوان (ی.ن.ک) و (پاسۆک)دا ئیمزاکرا، پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا بەرەو ئاساییبوونەوە ڕۆیشت. دوای ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی هەردوولا، (پاسۆک) بنکە و بارەگاکانی بردەوە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی(ی.ن.ک) لە دۆڵی جافایەتی و مالومە.[٩]

---

١- نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن...، ل٣١٣-٣١٩-٣٢٠ ؛ مسعود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی، ب٤، ل٢٤٥ ؛ قادر ڕەشید: پشتئاشان لە نێوان ئازار و بێدەنگیدا، چ١، ٢٠٠٣، ل١٠٤.

٢- نەوشیروان مستەفا ئەمین: پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن...، ل٣٢٠ ؛ ئیبراهیم جەلال: چەپکێک لە مێژووی کۆمەڵە، ل٣٩٢.

٣- ئیسماعیل تەنیا: س.پ، ل١٤٢ ؛ ئازاد کاکل: س.پ، ل١٣٨- ١٣٩.

٤- سەلام عەبدولکەریم: ژیانی سیاسی، ل١٦٨ ؛ ئیسماعیل تەنیا: س.پ، ل٢٣٠.

٥- شیلان حاجی شەریف: س.پ، ل٢٢٣ ؛ ئیسماعیل تەنیا: س.پ، ل٢٣٠.

٦- شیلان حاجی شەریف: س.پ، ل٢٢٣.

٧- بۆ زانیاری لەسەر ڕێکەوتنی هەردوولا. بڕوانە: سەلام عەبدولکەریم: ژیانی سیاسی، ل١٧١- ١٧٣؛ ئیسماعیل تەنیا: س.پ، ل٢٣١.

٨- سەلام عەبدولکەریم: ژیانی سیاسی...، ل١٧٦ ؛ ئیسماعیل تەنیا: س.پ، ل٢٣٢.

٩- زانا فەقێ: س.پ، ل١٠٢ ؛ سەلام عەبدولکەریم: ژیانی سیاسی...، ل١٧٧.

لە دوای ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان (ی.ن.ک) و ئێران، کە بە ئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەیەکی سیاسی و سەربازیی تەواو بوو، لە ڕۆژانی (٧ و ٨/ تشرینی دووەمی ١٩٨٦)، بە نێوەندگیری ئێران ڕێکەوتنێک لەنێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)دا ئیمزاکرا. لە (ی.ن.ک) جەلال تاڵەبانی و لە (پ.د.ک) ئیدریس بارزانی ئیمزایان کرد.[١]

سەبارەت بە پەیوندییەکانی نێوان (حشع) و (ی.ن.ک)، (حشع) ڕێکەوتن و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ (ی.ن.ک) دواخست و خستییە دوای ئاشتبوونەوەی هەموو لایەنەکانی بەرەی جود. لە مانگی (کانوونی دووەمی ١٩٨٧) نوێنەرانی هەردوو پارت لە ڕاژان ڕێکەوتنامەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان ئیمزاکرد.[٢] دواجار بەهۆی دەستپێشخەری (حسک)، بۆ بەدەمەوەچوونی بانگەوازەکەی (ی.ن.ک) بۆ ئاشتبوونەوەی گشتی، توانرا لەنێوان (ی.ن.ک) و لایەنەکانی بەرەی جوددا ئاشتەوایی بێتە کایە و جوڵانەوەی کوردی لە شەڕی ناوخۆیی ڕزگاری بێت، هەروەها هەوڵ و تەقەلاکانیش یەکبخرێت و زەمینەیەک بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی سیاسی و سەربازیی لە نێوان پارتەکاندا بڕەخسێنێت.[٣]

لە دوای ئاساییبوونەوەی پەیوەندی (ی.ن.ک) و پارتەکانی تر، لە دەستپێشخەرییەکدا جەلال تاڵەبانی بیرۆکەی دامەزراندنی بەرەیەکی بەرفراوانی کوردستانی هێنایە ئاراوە، بۆ ئەو مەبەستەش ناوبراو لە (٢٢/ نیسانی ١٩٨٧) نامەیەکی هاوشێوەی بۆ هەریەکە لە (مەسعود بارزانی، ڕەسول مامەند، ئازاد مستەفا، سامی عەبدولڕەحمان)، نارد ئەوانیش وەڵامی داخوازی و بانگەوازەکەیان دایەوە و بۆ یەکەمینجار نوێنەری لایەنەکان لە (١٨/ تەموزی ١٩٨٧) لە ئاستی باڵادا کۆبوونەوە.[٤] لە (٣٠/ تەموزی ١٩٨٧) جارێکی تر نوێنەری هەر پێنج لایەنەکە کۆبوونەوە و لە پاش کۆبوونەوەکە، لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا، بۆ دانانی بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی بەرەی کوردستانی، کۆمیتەیەکیان لەسەر ئاستی سەرکردایەتی پارتەکان پێکهێنا.[٥]

لە (٢/ ئایاری ١٩٨٨) بە نوێنەرایەتی شەش پارتی سیاسی، نەوشیروان مستەفا لە (ی.ن.ک)، عەلی عەبدوڵڵا لە (پ.د.ک)، ڕەسول مامەند لە (حسک)، سامی عەبدولڕەحمان لە (پارتی گەل) [٦]، عەزیز محەمەد لە (حشع)، کەریم سەلام لە (پاسۆک) لە خواکورک کۆبوونەوە و بەیاننامەی دامەزراندنی بەرەی کوردستانییان واژوو کرد.[٧]

ساڵی (١٩٩٠) بە تەواوی بەرەکە فراوانکرا و دوو پارتی دیکە بوونە ئەندام. لە (تشرینی دووەمی ١٩٩٠) سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیی ڕەزامەندی نیشان دا، کە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، بە سەرکردایەتی قادر عەزیز و بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری بە ئەندام وەربگرێت. سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانیی یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی باشووری کوردستان بە ئامادەبوونی نوێنەری پارتەکان لە (٧- ٩/ حوزەیرانی ١٩٨٨) بەست.[٨]

---

١- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر خاڵەکانی ڕێکەوتنامەی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک). بڕوانە: مەسعود بارزانی: بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ل٥٩٢- ٥٩٣ ؛ نەشیروان مستەفا ئەمین: خولانەوە لە ناو بازنەدا- دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق (١٩٨٤- ١٩٨٨)، چ١، ١٩٩٩، ل٢٠١- ٢٠٢.

٢- ئەحمەد بانیخێڵانی: س.پ، ل٤٩٠- ٤٩٢ ؛ سەلام عەبدولکەریم: ژیانی سیاسی...، ل١٧٨-١٧٩.

٣- سەلام عەبدولکەریم: ژیانی سیاسی، ل١٨٠.

٤- ئیسماعیل تەنیا: س.پ، ل٣٣٣ ؛ فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب١، ل٢٨٨.

٥- سەلام عەبدولکەریم: ژیانی سیاسی...، ل١٨٥.

٦- پارتی گەل: پارتێکی سیاسی نەتەوەی چەپگەرا بوو، لە (٢٦-٣٠ /تەموزی ١٩٨١) لە شاری ڤیەنا لەلایەن سامی عەبدولڕەحمان عەبدولڕەحمان و هەندێک لە ئەندام سەرکردایەتییەکانی (پ.د.ک)وە دامەزرا، لە دوای کۆنگرەی نۆیەمی (پ.د.ک) لە (٤/ کانوونی یەکەمی ١٩٧٩)، کە لە ڕیزەکانی (پ.د.ک) هاتنە دەرەوە و ئەنجامەکانی کۆنگرەیان ڕەتکردەوە و پارتی گەلی دیموکراتی کوردستانیان ڕاگەیاند. بڕوانە: کاوە تەیب: س.پ، ل ١١٥-١١٩.

٧- فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب١، ل٢٩١ ؛ ئیسماعیل تەنیا: س.پ، ل٢٣٣.

٨- فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب١، ل٢٩٢ ؛ ئیسماعیل تەنیا: س.پ، ل٢٣٤.

بەرەی کوردستانی لە ماوەی کارکردنیدا چوار ئەرکی گرنگی بەجێهێنا، لەوانە:

یەکەم: لێک نزیکردنەوەی لایەنە سیاسییە پێکهێنەرەکان و چەسپاندنی گیانی سازان و تەبایی لە نێوانیاندا.

دووەم: ڕاییکردنی کاروباری ڕاپەڕینی ئاداری (١٩٩١) و سەرخستنی پرۆسەکە بە هاوکاری و هەماهەنگی لایەنە پێکهێنەرەکانی بەرەی کوردستانی.

سێیەم: بەڕێوەبردنی پرۆسەی وتووێژ و گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراق لە پاش قۆناغی ڕاپەڕین.

چوارەم: بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکانی باشووری کوردستان، لە ماوەی پاش ڕاپەڕین تا هەڵبژاردنی (١٩/ئایاری ١٩٩٢) و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان[١]

دوای بەرقەراربوون و دامەزراندنی ئەنجوومەنی نیشتمانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەی کوردستانیی ڕۆڵی نەما و ورده ورده بەرەو هەڵوەشاندنەوە ڕۆیشت.[٢]

حکومەتی عێراق بە درێژایی ساڵانی (١٩٨٧-١٩٩١) لە سیاستە توندوتیژییەکانی بۆ جینۆساید کردنی خەڵکی باشووری کوردستان بەردەوام بوو، بە جۆرێک لەم قۆناغەدا جگە لە شاڵاوەکانی ئەنفال، کە بە هەشت قۆناغ لە (٢٣/شوباتی ١٩٨٧) دەستیپێکرد و کەوتە کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە لە (١٦/ئاداری ١٩٨٨)، جگە لەوەش چەندین پێشمەرگە و کادر و کەسان و ڕێکخستنی پارتە سیاسییە کوردییەکان لە نێو شارەکاندا لە سێدارە دران و گوللـە باران کران، بەهۆی ئەم سیاسەتەی حکومەتی عێراق لەم قۆناغەدا جوڵانەوەی کورد تووشی جۆرێک لە لاوازی بوو، جۆرێک لە نا ئومێدی ڕووی لە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد کرد لە باشووری کوردستان.[٣]

ماوەی ساڵانی (١٩٧٦-١٩٩١) ماوەیەکی دژوارە لە مێژووی پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان، کە شەڕی ناوخۆی نێوان پارتەکان دەستی پێکرد و بە دروستبوونی بەرەی کوردستانی (١٩٨٨) لەم قۆناغەدا کۆتای هات.

---

١- فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب١، ل٢٩٣.
٢- ئیسماعیل تەنیا: س.پ، ل٢٣٤.
٣- سەلام عەبدولکەریم: ژیانی سیاسی...، ل١٩٦.

## بەشی یەکەم: ڕەوشی باشووری کوردستان و ململانێی چەکداری پارتەکان (١٩٩١ ـ ١٩٩٤)

باسی یەکەم: ڕاپەڕین و کۆڕەو (١٩٩١).

باسی دووەم: دانوستانی نێوان بەرەی کوردستانیی و حکومەتی عێراق (١٩٩١).

باسی سێیەم: هەڵبژاردن و دروستبوونی حکومەتی هەرێم (١٩٩٢).

باسی چوارەم: شەڕی نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان(پ.ک.ک) و یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان(ی.ن.ک) و پارتی دیموکراتی کوردستان(پ.د.ک) (تشرینی یەکەمی ١٩٩٢).

باسی پێنجەم: شەڕی نێوان (پ.د.ک) و حزبی سۆسیالیستی کوردستان(حسک) (١٩٩٣).

باسی شەشەم: شەڕی (ی.ن.ک) و بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان(باسک) (کانوونی یەکەمی ١٩٩٣).

**باسی یەکەم: ڕاپەڕین و کۆڕەو (١٩٩١):**

ڕاپەڕینی ئاداری ساڵی (١٩٩١)ی باشووری کوردستان، یەکێکە لە ڕووداوە گرنگ و مێژووییەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد دژی حکومەتی عێراق، وەرچەرخانێکی گرنگی مێژوویی و دەستکەوتێکی گەورە بوو، تەواوی شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان لە سەربازانی حکومەتی عێراق پاککرایەوە. ڕاپەڕین بە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیی و بە هاوکاریی و هاوئاهەنگی دانیشتوانی شارەکان، ڕاستەوخۆ لە دوای ڕاپەڕینی باشووری عێراق، ئەنجام درا.[١]

دیارە ڕاپەڕین لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکییەوە سەریهەڵدا، لە گرنگترین ئەو هۆکارانە، داگیرکردنی کوێت لەلایەن حکومەتی عێراق لە (٢/ ئابی ١٩٩٠) بوو، کە پتر لە (١٠٠) هەزار سەربازی گاردی کۆماریی و هێزی تایبەتی حکومەتی عێراق سنووری نێودەوڵەتی (کوێت)یان بەزاند و بەخێراییەکی زۆر بەرەو پایەختی ئەو وڵاتە ڕۆیشتن. لە بەرەبەیانێکی زوودا وڵاتی کوێت داگیرکراو دەسەڵاتدارانی بەرەو عەرەبستانی سعودیە هەڵاتن. حکومەتی عێراق بەپێی ڕاگەیەندراوێکی فەرمی شکست و ڕووخانی دەسەڵاتی (ئال سباح)ی (کوێت)یان ڕاگەیاند.[٢] داگیرکردنی کوێت کاردانەوەیەکی زۆری هەرێمیی، ناوچەیی و نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا هێنا. سەرۆکی ئەمریکا (جورج بۆش ١٩٨٩- ١٩٩٣) لە (٢/ ئابی ١٩٩١)دا سەرکۆنەی داگیرکردنی کوێتی کرد و داوای دەستبەجێ کشانەوەی هێزەکانی عێراقی کرد.[٣] هەر هەمان ڕۆژ ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیاری (٦٦٠)ی دژ بە داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە دەرکرد. لە بڕیارەکەدا بەتوندی سەرکۆنەی دەستدرێژی عێراق بۆ سەر کوێت کرا، داوای کرد عێراق بەبێ هیچ مەرجێک بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنانەی پێش (٢/ ئابی ١٩٩٠) لێ بوو، هەروەها پەلە بکرێت لە دانوساندن لەنێوان عێراق و کوێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.[٤]

ئەنجوومەنی هاریکاریی کەنداو لە قاهیرە کۆبووەوە بەیاننامەیەکی دەرکرد و داوایان لە عێراق کرد، بەبێ هیچ مەرجێک پاشەکشە بکات بۆ ئەو شوێنانەی لە پێش (٢/ ئابی ١٩٩٠) لێی بووە. داوای لە (وڵاتانی عەرەبی) کرد یەک هەڵوێستی بنوێنن. وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەتی میسر و عەرەبستانی سعودی هەوڵەکانیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان چڕکردەوە. لە ئەنجامی جێبەجێنەکردنی بڕیاری (٦٦٠) و نەکشانەوەی عێراق لە کوێت، ئەنجوومەنی ئاسایش لە (٦/ ئابی ١٩٩٠) گەمارۆی ئابووریی خستەسەر عێراق و لەبەر هۆکاری مرۆیی، خۆراک و پێداویستی پزیشکی نەگرتەوە.[٥]

ئەمریکا لە گوشارەکانی بۆ سەر وڵاتە سەرەکییەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش و هەندێک لە وڵاتانی عەرەبی، بۆ سەپاندنی گەمارۆی تەواوەتی لەسەر عێراق و دروستکردنی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا، لە بەکارهێنانی هێز بۆ ڕزگارکردنی کوێت سەرکەوتوو بوو. لەگەڵ هەموو هەوڵە دیبلۆماسییەکان و کاردانەوە نێودەوڵەتییەکان و بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە کشانەوەی عێراق لە کوێت، بەڵام عێراق لەسەر نەکشانەوەی لە کوێت سوور بوو. لە (٢٩/ تشرینی دووەم ١٩٩٠) لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیاری (٦٧٨)، لەسەر پێشنیاری ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، یەکێتی سۆڤیەت و ڕۆمانیا دەرچوو، کە کۆتا هەلیان بە عێراق دا، ئەگەر تاکو (١٥/ کانوونی دووەم) نەکشێتەوە، ئەوا هەموو ڕێکارێکی پێویست، بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری (٦٦٠) و سەرجەم بڕیارەکانی تر لە پێناو گەڕانەوەی ئاشتی و ئاسایش بۆ

---

١- شوان حسێن: جەوهەر نامیق سالم ژیان و بەرهەم و ڕۆڵی سیاسی ١٩٤٦- ٢٠١١، نامەی ماستەرە پێشکەش بە ئەنجوومەنی فاکەڵتی ئادابی زانکۆی سۆران کراوە، سۆران، ٢٠١٦، (بڵاونەکراوە)، ل٩٧.

٢- هەڵگورد جلال: دەروازەیەک بۆ ناسینی جەنگی عێراق- کۆیت، چ١، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠١٦، ل٧٠.

٣- عبدالوهاب عبدالستار القصباب: أحتلال مابعد أستقلال التداعيات الاستراتيجية العرب الامريكية على العراق، مركز الدراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٧، ص١٣١.

٤- ڕزگار حاجی حەمید: عێراق مێژوویەک پڕ لە جەنگی ململانێ، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ٢٠٢١، ل٢٨٢

٥- محمود ڕەزا و کامران فەهمی: پەندە ستراتیژییەکانی جەنگی کۆیت. گ.سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی ژ(٤)، ساڵی دووەم، کانوونی دووەم ١٩٩٣، ل٢٤.

ناوچەکە دەگرنەبەر.[1] لە دوای ئەم بڕیارە هێزەکانی وڵاتانی هاوپەیمان، کە لە (٣٠) دەوڵەت بە سەرۆکایەتی ئەمریکا پێکهاتبوو، هێزەکانیان لە ناوچەکەدا پترکرد.[2]

دوای کۆتاییهاتنی وادەی ئەنجوومەنی ئاسایش لە (١٥/ کانونی یەکەمی ١٩٩٠)، عێراق لە خاکی کوێت نەکشایەوە. فڕۆکەکانی ئەمریکا لە شەوی (١٧/ کانونی دووەمی ١٩٩١) پێش کاتژمێر سێی بەیانی هێرشیان کردە سەر ڕادارەکانی عێراق، تیایدا ئامانجە ستراتیژی و تەکتیکییەکانی لە ناو خاکی کوێت و عێراقدا کرانە ئامانج. ئەم هێرشە بە (گەردەلوولی بیابان) ناسراوە. شەڕ بەشێوەیەک گەرم بوو، تەنیا لە هەفتەی یەکەمی جەنگەکەدا، نزیکەی (١٢)هەزار هێرشی ئاسمانی کرایە سەر عێراق، کە چوار هەزار شوێنی بۆ دەستنیشان کرابوو. سەرجەم هێرشی فڕۆکەکان پتر لە (١٤١,٩٣١) تەن تەقەمەنیان بەسەر هێزەکانی عێراقدا باراند.[3]

هێرشە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان بۆ سەر سوپای عێراق، پێش دەستپێکردنی هێرشی پیادە و وشکانیی، مەبەستی تێکشکاندنی تەواوەتی سوپای عێراق بوو.[4] قۆناغی دووەمی جەنگەکە، لە (٢٤/ شوباتی ١٩٩١) بە هێرشی وشکانیی دەستی پێکرد. لە (٢٦/ شوبات) هێزی وشکانیی هاوپەیمانان لە بیابانەوە بە ئاراستەی ڕۆژئاوا و باشووری فورات پێشڕەوی کرد.

لە (٢٨/ شوباتی ١٩٩١) (جۆرج بۆش) سەرۆکی ئەمریکا بڕیاری وەستاندنی جەنگی دا،[5] بە مەرجێک عێراق سەرجەم بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایش جێبەجێ بکات. لە (٣/ ئاداری ١٩٩١) لە وتووێژێکدا سەرکردایەتی سەربازیی هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ژەنراڵ (شوارتسکۆف) و هێزەکانی عێراق بە سەرکردایەتی (سوڵتان هاشم) لە خێوەتگەی (سەفوان) لەسەر چەند خاڵێک ڕێککەوتن. ڕازیبوونی عێراق بە مەرجە سەربازییەکانی وەستانی جەنگ بەپێی گفتوگۆکانی سەفوان، هۆکارێکی کاریگەر بوو بۆ کردنەوەی قۆناغێکی نوێ لە عێراق. لە ئەنجامی ئەم شکستە سەربازییەی عێراق لە کوێت و داڕمانی سوپای عێراق، ڕاپەڕینی جەماوەریی لە شارەکانی باشووری عێراق دەستی پێکرد، کە بە ڕاپەڕینی (شەعبانیە) ناسراوە. دواتر ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان دەستی پێکرد.[6] ڕاپەڕین لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکارەوە سەری هەڵدا، هۆکارە نێوخۆییەکانی ڕاپەڕینەکە خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە، لەوانە خراپیی سیاسەتی حکومەتی عێراق لە پیادەکردنی سیاسەتی تۆقاندن و قڕکردنی کورد لە ڕێگەی شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیاباران، چۆڵکردنی گوندەکان و ڕووخاندنیان و ڕاگواستنی دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان و نیشتەجێکردنیان لە ئۆردوگا زۆرەملێکاندا. هەموو ئەمانە وای کرد ڕق و تووڕەیی کۆمەڵانی خەڵکی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی دژی حکومەتی عێراق توندتر بێت.[7]

نارەزایی جەماوەری گەلانی عێراق بەگشتی و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی دژی ڕەفتار و شێوازی حوکمڕانی و سیاسەتەکانی حکومەتی بەعس، کە خەسڵەتی حکومەتێکی تاکڕەو و تۆتۆلیتار و داپڵۆسێنەری لە خۆیدا بەرجەستە کردبوو، پاڵنەرێک بوو بۆ ئەوەی گەلانی نارازی عێراق، لە هەر دەرفەتێکدا بۆیان ڕێک بکەوێت، خۆیان لە دەستی ئەو حکومەتە ڕزگار بکەن.[8]

---

١- بڕیاری (٦٧٨) لە (٢٩ ی تشرینی دووەمی ١٩٩٠) لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ کۆی (١٢) دەنگ بەرامبەر دوو دەنگی دژ و دەنگ نەدانی چین پەسەندکرا S\RES\٦٧٨

٢- ڕزگار حاجی حەمید: س.پ، ل٢٨٣.

٣- شەماڵ عبداللە: عێراق و بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، چ١، سلێمانی، ١٩٩٨، ل١٥؛ ڕزگار حاجی حەمید: س.پ، ل٢٨٣.

٤- ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا: ڕاپەڕینی ئاداری (١٩٩١) لە باشووری کوردستان، چ١، چاپ و پەخشی حەمدی سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٣٥.

٥- ڕزگار حاجی حەمید: س.پ، ل٢٨٤.

٦- زيد عدنان ناجي الطائي: تداعيات حروب الخليج الثلاث على الامن القومي العربي العراق نموذجا (١٩٨٠- ٢٠١١)، ط١، بغداد، ٢٠٢٠، ص٢٨٨.

٧- سەلام عبدالكريم: ژیانی سیاسی لە باشووری کوردستان، ل٢٠٢-٢٠٣.

٨- کەریم ئەحمەد: ڕێڕەوی تێکۆشان، ل٣٢٩.

خراپی ڕەوشی ئابووری ناوچە کوردییەکان لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی سیاسەتی بەعس لە ناوچەکەدا خۆی لە چۆڵکردن و خاپوورکردنی ناوچە گوندنشینەکان و گواستنەوەیان بۆ ئۆردوگا زۆرەملییەکاندا دەبینییەوە.[1] هۆکارێکی سەرەکی دیکە، کە سەرکردایەتی کوردی خستە جووڵە و هانی خەڵکی بۆ ڕاپەڕین دا، لە ڕاستیدا ئەو بانگەوازەی سەرۆک کۆماری ئەمریکا (جورج بۆش) بوو لە ڕۆژی (١٥/ شوباتی ١٩٩١)دا، کە داوای لە خەڵکی عێراق کرد لە دژی (سەدام حسێن)ی دیکتاتۆر ڕاپەڕن و بیروخێنن. هەروەها سەرۆکی ئەمریکا لە وتارێکیدا باسی تاوانەکانی ڕژێمی حکومەتی عێراق بەرامبەر بە گەلی کورد کرد و وتی، کە ناتوانرێت وێنەی ئەو ژنە کوردە لەبیربکرێت، کە بۆ بەرگریکردن لە کاریگەریی بۆمبی کیمیاویی، منداڵەکەی لە باوەش گرتبوو.[2]

لە درێژەی وتەکانیدا لە (١٥/ شوباتی ١٩٩١)، کە لە زۆرترین کەناڵە تەلەفزیۆنییە گرنگەکانی، وەک (CNN و BBC) و چەندان کەناڵی دیکەی عەرەبی و جیهانی پەخشکرا، ڕایگەیاند، کە ڕێگای دیکە بۆ ڕاگرتنی خوێنڕشتن هەیە، ئەویش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە هێزە چەکدارەکانی عێراق و گەلی عێراق جڵەوی کاروبارەکان بگرنەدەست و (سەدام حسێن)ی دیکتاتۆر ناچاربکەن لە دەسەڵات بڕوات، لەگەڵ پابەندبوون بە بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و گەڕانەوە بۆ ئەندامێتی لە خێزانی نەتەوە ئاشتیخوازەکاندا.[3]

هەموو ئەم هۆکارانە و خراپی بارودۆخی کوردستان وای کرد، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بێزاریی و ناڕەزایی خەڵک ڕوو لە پتربوون بکات، بەتایبەتی لە دوای شکانی سوپای عێراق و پاشەکشێکردنیان لە کوێت، خەڵکێکی زۆر لە سەرتاسەری عێراق بۆ زانینی چارەنووسی کوڕەکانیان چووبوونە بەسرە، دەسەڵاتدارانی عێراق لەو شارەدا پەشۆکابوون. خەڵکەکە بەتەواوەتی بێزار و لە حاڵەتی ئامادەباشیدا بوون. لە (١/ ئاداری ١٩٩١) یەکێک لەو سەربازانەی، کە لە کوێتەوە گەڕابووە و لە گۆڕەپانی سەعد لە شاری بەسرە تەقەی لە پەیکەرەکەی (سەدام حسێن) کرد. ئەو تەقەیە بۆ هەڵگیرسانی ڕاپەڕینێکی سەرتاسەریی بەس بوو. لە بەسرە، میسان، کەربلا و نەجەف ڕاپەڕین دەستی پێکرد.[4]

لە کوردستان ڕەوشەکە بەشێوەیەکی تربوو، بەرەی کوردستانیی ئامادەسازیی بۆ ڕاپەڕین و هاندانی خەڵک دژ بە حکومەتی عێراق و دامودەزگاکانی و دانانی نەخشەی ڕاپەڕین و ئازادکردنی شارەکانی کوردستان، بەتایبەتی لە وادەی نزیکبوونەوەی ڕاپەڕیندا، هەروەها ئاگادارکردنەوەی جەماوەری کوردستان بۆ هاوکارییکردنی ڕاپەڕین و هێزی پێشمەرگە لە ڕێگای ناردنی نامەی حزبەکانی نێو بەرەی کوردستانیی بۆ ڕێکخستنی کەسایەتی و جەماوەری کوردستان بەنهێنی و بە ئاشکرا لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە، بەتایبەتی ڕادیۆی گەلی کوردستان کردبوو.[5] هەربۆیە هێزی پێشمەرگەی لایەنەکانی بەرەی کوردستانیی ماوەیەک پێش ڕووداوەکان، کەوتبوونە خۆسازکردن، بۆ ئەوەی لە کاتێکی دیاریکراودا ئامادەکارییەکان بۆ ڕاپەڕین تەواو بکرێت و بڕیارەکانی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانیی جێبەجێ بکەن.[6]

سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانیی لە (٢٧/ تشرینی یەکەم) و (١/ تشرینی دووەمی ١٩٩٠) لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا بڕیاری دا هەموو پارتەکانی ناو بەرەی کوردستانیی دەست بە دروستکردنی شانەی چەکداری و دەستەی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بکەن. دیسان جارێکی تر سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیی وەک ئامادەکارییەک بۆ ڕوودانی هەر پێشهاتێکی سیاسی، کە لە ناوچەکەدا ڕوویدات کۆبووەوە، لە ناوەڕاستی مانگی (کانونی دووەمی ١٩٩١) مەسعود بارزانی سەردانی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) لە (قاسمەڕەش) کرد. بە ئامادەبوونی نەوشیروان مستەفا و مولازم عومەر عەبدوڵا، مەسعود بارزانی

١- عبدالرەزاق مەرزەنگ: ڕاپەڕین و بەهاری ئازادی، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٢.
٢- هۆشمەند علی محمود: ڕاپەڕینی شاری هەولێر لە ساڵی (١٩٩١)دا، چ١، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٦٢-٦٣.
٣- پیتەر گالبێرس: کۆتایی عێراق، و: سۆران علی محمد ئەمین، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٧١؛ د.شیرین فواد مەعسوم: کورد و ئەمریکا پەرەسەندنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر بە کوردی عێراق (١٩١٨- ٢٠٠٦)، و.ڕزگار عمر علی، چ٢، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٢٧١.
٤- مەجید سالح: ڕامانێک لە نەوشیروان مستەفا ئەمین، چ١، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٣٩٠.
٥- سەلام عبدالكريم: ژیانی سیاسی...، ل٢٠٣.
٦- ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا: س.پ، ل٢٢١.

سەرپەرشتی کۆبوونەوەی بەرەی کوردستانیی کرد. لە دوای چەندین کۆبوونەوە مەسعود بارزانی، وەک سەرۆکی بەرەی کوردستانیی لە ناوخۆی کوردستان دیاریی کرا و جەلال تاڵەبانی وەک سەرۆکی بەرەی کوردستانیی لە دەرەوە دەستنیشانکرا و نەوشیروان مستەفاش، وەک جێگیری مەسعود بارزانی لە ناوخۆدا دیاریی کرا.[١]

هەر لە مانگی (کانونی دووەمی ١٩٩١)دا، بەرەی کوردستانیی لە کرماشان جارێکی تر کۆبووەوە، مەسعود بارزانی، نوێنەری (پ.د.ک) و نەوشیروان مستەفا، نوێنەری (ی.ن.ک) و محەمەد حاجی مەحمود نوێنەری حزبی سۆسیالیستی کوردستان(حسک) و محەمەد باقر حەکیم، نوێنەری ئەنجوومەنی باڵای شورای ئیسلامی لە عێراق ئامادە بوون. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا سەرجەم هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستنە نهێنییەکانی گشت لایەنەکانی ناو بەرەی کوردستانیی لە ناوچەکەدا بڵاوە پێ بکەن.[٢] یەکێکی تر لە هەنگاوەکانی بەرەی کوردستانیی ئەوە بوو، لە (٢٩/ کانونی دووەمی ١٩٩١) لێبوردنێکی گشتیی بۆ هەموو جاش و مستەشار و پیاوانی بەعس دەرکرد و داوای لێکردن، کە ڕووی چەکەکانیان بکەنە بەعس و ئیتر کاتی ئەوەیە هاوکاریی هێزی پێشمەرگە بکەن،[٣] چونکە ژمارەی جاشەکان لەو کاتەدا لە (٣٠٠) هەزار پتر بوون.[٤] (پ.د.ك) لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئەم لیبوردنە بە دەستپێشخەری مەسعود بارزانی بووە، هەروەها هاوکاریی هێورکردنەوەی ئەو توندی و دژوارییەی کرد، کە لەنێو سیستەمە سیاسیەکە دەرکەوت، جگە لە هەڵوێستی پارتەکانی ناو بەرەی کوردستانی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان– عێراق (باسك)[٥] پەسەندکردنی ئەم لێبوردنەی ڕەتکردەوە و هاوکارییکردنیان لەگەڵ کەسایەتییە کۆنە جاشەکاندا لا قبووڵ نەبوو.[٦]

لەسەر ڕەتکردنەوەی ئەو لێبوردنە و قبووڵنەکردنی هاوکاریی جاش و مستەشارەکان، عیرفان عەلی عەبدولعەزیز ئەوە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت: "بڕیاری لێبوردنی گشتیی بۆ جاش و مستەشارەکان لەسەر پێشنیاری ڕابەری بزوتنەوەی ئیسلامی بووە، بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە توانا و چەکەکانیان، هەرچەندە (باسك) لە دەرەوەی بەرەی کوردستانیی بووە، بەڵام هاوکاریی و هەماهەنگی تەواوییان لەگەڵ لایەنەکانی بەرەی کوردستانییدا هەبووە".[٧] ڕایی ئێمە لەسەر لێبوردنەکە ئەوەیە کە لەسەر پێشنیاری بەرەیی کوردستانیی بووە. لە مانگی (شوباتی ١٩٩١)دا دواین گفتوگۆ لەنێوان لایەنەکانی بەرەی کوردستانییدا کرا، گفتوگۆ لەسەر بەرنامەی ڕاپەڕین و پرسی لێبوردنی جاشەکان و پێویستی پاراستنی دامودەزگاکان و بانک و بەڵگەنامە و دامودەزگاکانی تاپۆ و تۆماری باری شارستانی و دادگاکان کرا. هەر لە (١٥/ شوباتی ١٩٩١) نوێنەرانی (ی.ن.ك) و (پ.د.ک)

---

١- هەلکەفت عبدالواحید سالح: پێشهاتێن سیاسی ل کوردستانا عێراقێ (٥ ئادارا ١٩٩١- ١ی گولانا ١٩٩٤)، نامەی ماستەرە پێشکەش بە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی دهۆک کراوە، دهۆک، ٢٠٢٢، (بڵاونەکراوە)، ل١٦- ١٧.

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

٣- سلاح ڕەشید: شەڕی ناوخۆی کورد...، ل٢٨٤.

٤- فەرەیدون عبدالقادر: هەڵۆ سوورەکانی قەندیل، چ٢، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٥٩٥.

٥- باسک: سەرەتای دروستبوونی (باسک) دەگەڕێتەوە بۆ دوای خۆپیشاندانە جەماوەرییەکەی هەڵەبجە لە ئایاری (١٩٨٧)، کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شار، کە زانایانی ئاینیی و زۆربەی چین و توێژەکانی دیکەی بەشدارییان تێداکرد و حکومەتی عێراق بەتووندی خۆپیشاندانەکەی سەرکوت کرد، لەدوای ئەوەش ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شاری هەڵەبجە بەرەو ئێران کۆچیان کرد، بە گەیشتنیان بۆ ئێران لە (٢٤/ ئایاری ١٩٨٧) لە ژێر ناوی (کۆمەڵەی زانایانی کۆچەری) بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە و داوای شۆڕشی چەکداری و جیهاد دەکەن لە دژی ڕژێمی بەعس. ئەم بەیاننامەیە بووە سەرەتایەک بۆ ڕاگەیاندنی پارتێکی نوێ بەناوی (باسک). دواتر لە (حوزەیرانی ١٩٨٧) لە شاری سنە لە کۆبوونەوەیەکدا بڕیاری ڕاگەیاندنی (باسک) درا بە ڕابەرایەتی (شێخ عوسمان عبدالعزیز١٩٢٢- ١٩٩٩). بڕوانە: ئیدریس سیوەیلی: ڕەوتی ئیسلامی لە باشووری کوردستان (١٩٤٦- ١٩٩١)، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٧١؛ ئارام قادر و ئیدریس سیوەیلی: بەڵگەنامەکان دەدوێن بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان/ عێراق (١٩٨٧- ١٩٩٩)، ب١، چ١، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٥- ٦.

٦- گەراس ئارڤی. ستانسفیڵد: کوردستانی عێراق پەرەسەندنی سیاسی و پێشکەوتنی دیموکراسی، و.د.یاسین سەردەشتی، چ١، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٢٢٦.

٧- چاوپێکەوتن لەگەڵ: عیرفان علی عبدالعزیز، سلێمانی، (٢٠٢٢/٥/١٧). عیرفان علی عبدالعزیز لەدایکبووی (١٩٦٤/١٢/١٢) لە سەرەتای دروستبوونی بزووتنەوەی ئیسلامی (١٩٨٧) پەیوەندی بە ڕیزەکانی بزوتنەوەی ئیسلامییەوە کردووە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی سیاسی چەندین پۆستی سیاسی وەرگرتووە، ئێستا ڕابەری گشتی بزوتنەوەی ئیسلامی یە لە کوردستان.

لەلایەن ئێرانەوە بۆ کرماشان بانگران. لە (پ.د.ک) مەسعود بارزانی و لە (ی.ن.ک) نەوشیروان مستەفا ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون و لەسەر بەرنامەی ڕاپەڕین قسەکرا.[1]

دوایین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی سیاسیی بەرەی کوردستانیی لە شاری مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجامدرا. بڕیاردرا هێزی پێشمەرگە بڵاوبکرێتەوە و بەرنامەیەک بۆ هێرشکردن و ئازادکردنی شار و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان دابنرێت، بۆ ئەم مەبەستەش سەرجەم هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستنە نهێنییەکانی گشت پارت و لایەنە سیاسییەکان ئاگادارکرانەوە، کە بڕیارەکانی سەرکردایەتی سیاسیی بەرەی کوردستانیی جێبەجێ بکەن. لە (٢٧/ شوباتی ١٩٩١) هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەستی بە جموجوڵ لەسەر سنووری ئێران کرد و لە (٤/ ئاداری ١٩٩١) هێزی پێشمەرگەی لایەنەکانی بەرەی کوردستانیی و (باسک) بەرەو شار و شارۆچکەکان بەڕێکەوتن.[2]

جگە لە جموجوڵی خەڵک و ئامادەکارییەکانی بەرەی کوردستانیی بۆ ڕاپەڕینی سەرتاسەریی، بەپێی بڕیاری سەرکردایەتی سیاسیی بەرەی کوردستانیی، دەبوو ڕۆژی (٦/ ئاداری ١٩٩١) یەکەم ڕۆژی دەستپێکی ڕاپەڕین بێت و ڕاپەڕینەکەش لە هەموو ناوچەکانی کوردستان و سەرتاسەریی بێت، چونکە بەپێی ئەو بەرنامەی بەرەی کوردستانیی دایِنابوو، دەبوو ڕۆژێک پێش (٧/ ئاداری ١٩٩١) هێزەکانی پێشمەرگە بگەنە ناو شارەکان، بۆ ئەوەی بە هەماهەنگی جەماوەر بەشداریی ڕاپەڕینی سەرتاسەریی بکەن، بەڵام ڕاپەڕین لە پێش وادەی خۆی دەستی پێکرد.[3] ڕۆژی (٤/ ئاداری ١٩٩١) لە شارۆچکەی خەبات نزیکەی هەولێر جەماوەر ڕاپەڕین و پەلاماری دامودەزگاکانی حکومەتی عێراقیان دا، سوپای عێراق بەرەنگاریان بووەوە و لە ئەنجامدا دوو هاوڵاتی دانیشتووی شارۆچکەکە بە ناوەکانی (بەختیار عومەر هۆریۆیی و محەمەد فاروق گڵاڵێ) کوژران و ئەم ڕاپەڕینە هەر زوو کپکرایەوە.[4] لە (٥/ ئاداری ١٩٩١) بڵێسەی ڕاپەڕین لە ڕانییەوە دەستی پێکرد، پێش ئەوە هەندێک ڕووداو لە ڕانیە و دەوروبەری ڕوویان دابوو، لەوانە گرتن و سزادانی هەندێک لە هاوڵاتیان لەلایەن دامودەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی عێراق، ئەمەیش وای کرد، ڕاپەڕین لە پێش وادەی خۆی لە ڕانیەوە دەست پێبکات.[5]

ڕانیە یەکەمین شوێن بوو، کە بڵێسەی ڕاپەڕین تێیدا هەڵبگیرسا. لەو بارەیەوە نەوشیروان مستەفا دەڵێت: "ڕانیەمان هەڵبژارد بۆ ئەوەی ڕاپەڕین لە ئەوێوە دەست پێبکات، چونکە بارەگاکانی خۆمان لە شێنێ، ناوزەنگ، زەڵێ و قاسمەڕەش بوو، نزیک بوون لەو ناوچەوە هەروەها ڕانیە دەکەوتە ناوەڕاستی کوردستانی عێراق. جگە لە ناوچەی ڕانیە نەماندەتوانی لە هیچ شوێنێکی ترەوە هێز بەرەو هەولێر و ناوچەکانی تر بجوڵێنین".[6]

لە (٥/ ئاداری ١٩٩١) عەلی نەبی لە شاری ڕانیە یەکەم فیشەکی ڕاپەڕینی تەقاند و بەدوای ئەودا خەڵکی شار ڕاپەڕین و هەموو دامودەزگاکانی حکومەتی عێراقیان ڕاماڵی. پێش ئەوەی حکومەت هەموو هێزەکانی لە ڕانیە کۆبکاتەوە و دامودەزگاکانی خۆی قایم بکات، جەماوەری ڕانیە توانیان شاری ڕانیە ئازادبکەن و بیکەن بە دەروازەیەک بۆ زنجیرەیەکی یەک لەدوای یەکی ڕاپەڕین لە هەموو شارەکانی باشووری کوردستان.[7] لە ڕزگارکردنی شاری ڕانیەدا لایەنەکانی بەرەی کوردستانیی و (باسک) هەریەکەیان بە هێزی چەکدارییان و ڕێکخستنی نهێنییەکانیان لە ناو شاردا بەشداربوون. هەروەها حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆڵیان هەبوو لە ئازادکردنی شاری ڕانیە و کۆیە لە پاڵ هێزەکانی بەرەی کوردستانیی.[8]

---

١- فەرەیدون عبدالقادر: س.پ، ل٥٩٥.
٢- ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا: س.پ، ل٢٢١.
٣- مەجید سالح: س.پ، ل٣٩١؛ ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا: س.پ، ل٢٧٧.
٤- عبدالرەزاق مەرزەنگ: س.پ، ل٩١.
٥- ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا: س.پ، ل٢٨٤.
٦- مەجید سالح: س.پ، ل٣٩١.
٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩١.
٨- عبدالرەزاق مەرزەنگ: س.پ، ل٧١؛ سلام حەوێز اسماعیل: کوردستانی باشوور لە شۆڕشی چەکدارییەوە بۆ ڕاپەڕین (ئازاری ١٩٩١)، چ١، هەولێر، ٢٠١١، ل١٨٩- ١٩٠.

له دوای ئازادکردنی شاری ڕانیە، ڕاپەڕین شارۆچکەی حاجیاوای گرتەوە. لە (٦/ ئاداری ١٩٩١) لەدوای شەڕێکی قورس لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگە و حکوومەتی عێراق شارۆچکەی چوارقوڕنە ئازادکرا. لەو شەڕەدا چەندین کوژرا و بریندار لە هەردوولا هەبوو، بەتایبەتی لەدوای بۆردومانکردنی شارۆچکەی چوارقوڕنە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە. لە بۆردومانەکانی سوپای عێراق بۆ سەر چوارقوڕنە (٦) کەس کوژراو دواتر فیرقەی سەربازی چوارقوڕنە بەتەواوەتی لەلایەن جەماوەرەوە دەستی بەسەرداگیرا.[١] لەدوای ڕزگارکردنی چوارقوڕنە لە (٦/ ئاداری ١٩٩١) پشدەر و دەوروبەری ئازادکرا و دواتریش ناوچەکانی بازیان و بایجان ئازادکرا.[٢] لەدوای ڕاپەڕینی ڕانیە، ڕاپەڕین لە سلێمانی لە بەیانی (٧/ ئاداری ١٩٩١) دەستی پێکرد و هێرشی سوپایی عێراق لە چوار قۆڵەوە بە زرێپۆش و چەکی قورس بۆ سەر سلێمانی دەستی پێکرد، شەڕ ماوەی دوو سەعات بەردەوام بوو، سوپای عێراق شکا و ئەوەیش پتر هانی جەماوەری بۆ ڕاپەڕین دا، هێرشێکی جەماوەریی بەرفراوان دەستی پێکرد، هەتا نزیکەی نیوەڕۆ زۆربەی شوێنەکان دەستی بەسەرداگیرا، شەڕ هەتا نزیک بانگی عەسر بەردەوام بوو.[٣]

لەدوای ڕزگارکردنی سەرچنار و زۆرێک لە شوێنەکانی سلێمانی، تاکە شوێنێک، کە مابوو حکومەتی عێراق بەرگرییەکی زۆریان لێکرد، (ئەمنە سوورەکە) بوو، چەندین هێرش کرایە سەری، چەندین کوژارو و بریندار هەبوو، بەهۆی بەرگریی سەختی سوپای عێراقەوە، نەدەتوانرا بگیرێت. لە ڕۆژی (٨/ ئاداری ١٩٩١) ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان بانگەواز لەسەر بانگەوازی دەکرد بۆ جەماوەری ڕاپەڕیوی سلێمانی، کە ڕاپەڕین درێژە پێبدەن و هێزی پێشمەرگە بەڕێگاوەن و بە زووترین کات دەگەنە لاتان. دوای گەیشتنی پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی (٧) (ی.ن.ک) پێشمەرگەکانی (حسک) و پێشمەرگەکانی (حشع) و جەماوەرێکی زۆری ڕاپەڕیوی سلێمانی لە هەرچوارلاوە هێرشکرایە سەر ئەمنە سوورەکە، تا نزیک ئێوارە توانرا بەتەواوەتی کۆنترۆڵی ئەمنە سوورەکە بکرێت.[٤]

لە ڕزگارکردنی شاری سلێمانیدا، ئەوانەی لە ئەمنەسوورەکە بەرگرییان کرد، لە سەرانی سوپای عێراق (١٧٥) بەرپرسی باڵای حکومەتی عێراق کوژرا.[٥] لە دوای ڕزگارکردنی شاری سلێمانی بارودۆخێکی ناهەموار و ئاڵۆز لە شارەکەدا دروستبوو لە نامەیەکی مولازم عومەر عەبدوڵا، کە ئاراستەی هەریەکە لە نەوشیروان مستەفا و مەسعود بارزانی کردووە لە (٩/ ئاداری ١٩٩١) لەسەر بارودۆخی سلێمانی باس لە دزی و تاڵانکردنی دامودەزگاکانی حکومەت و سووتاندنیان دەکات لەلایەن جەماوەرەوە هەروەها باس لە کوشتنی نزیکەی (١٠٠) کەس دەکات لە ناو شاردا.[٦]

هەر لەسەر ئەو بارودۆخە سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانیی لە شەوی (٨-١٩٩١/٣/٩) بانگەوازێک ئاراستەی جەماوەری ڕاپەڕیوی سلێمانی دەکات و داوای وەستاندنی کوشتن و بڕین و تاڵانکردنی دامودەزگاکانی حکومەت دەکات.[٧] لە (٨/ ئاداری ١٩٩١) ڕاپەڕین هەریەکە لە عەربەت، زەڕایەن، هەڵەبجەی تازە و سەیدسادق و کۆمەڵگەی نەسری گرتەوە هەر لە هەمان ڕۆژدا لەدوای بەرگرییەکی کەم شاری پێنجوێن ئازادکرا دواتر هەریەکە لە شارۆچکەی دووکان، پیرمەگرون و چەمچەماڵ ئازادکرا، ڕاپەڕینی چەمچەماڵ گرنگییەکی زۆری هەبوو چونکە دەروازەیەک بوو بۆ ڕزگارکردنی کەرکوک.[٨] (٩/ ئاداری ١٩٩١) هەریەکە لە شاری کۆیە و دەربەندیخان ئازادکرا، ڕزگارکردنی دەربەندیخان لە دوو لایەنەوە گرنگی گەورەی خۆی هەبوو یەکەمیان چونکە بەنداوێکی گەورە و گرنگی تێدابوو هەم بۆ ئاوەکەی هەم بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا

١- عبدالرەزاق مەرزنگ: س.پ، ل١٠٢؛ ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا: س.پ، ل٣٠١-٣٠٣.
٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ (٣٣٥)، ٨ ئازاری ١٩٩٣، ل٣.
٣- ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا: س.پ، ل٣١١-٣١٢.
٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٣-٣١٦.
٥- حسین عارف: تەمەنێک لە بندەستی ڕووداو و کارەساتەکانەوە، ب٢، چ١، سلێمانی، ٢٠١٨، ل٣٩.
٦- بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (١).
٧- بەختیار مستەفا ئەمین و خالید حسین ئەحمەد: تۆڕی پەیوەندییەکانی پێشمەرگە لە شاخ (سندوقە ڕەشەکەی پێشمەرگە)، چ١، چاپخانەی تاران، ٢٠١٩، ل٦٣٧؛ سلاح ڕەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، ل٢٥٤.
٨- عبدالرەزاق مەرزنگ: س.پ، ل١١٥؛ ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا: س.پ، ل٣١٩.

و له ڕوویەكی ترەوە شارۆچكەیەكی سەرسنوور بوو لە دواتردا دەتوانرا وەک كارتی گوشار لە دژی حكومەتی عێراق بەكاربهێنرێت.[1]

لە (٩/ ئاداری ١٩٩١) تەواوی شەقڵاوە و دەوروبەری لە سوپای عێراق پاككرایەوە و دەست بەسەر ئەم شوێنانەدا گیرا (قایمقامیەت، بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش، دەزگای سیخوڕی و لیواء، بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس) هەر لە هەمان ڕۆژدا ئوردوگای (كۆڕێ)یش بەتەواوەتی ئازادكراوە.[2] لەدوای ڕزگاركردنی زۆرێک لە ناوچەكانی گەرمیان لە (٩/ ئادار)دا بارودۆخی شاری كەلار ئاڵۆز بوو حكومەتی عێراق لەدوای هەموو ئەو شكستانەی لە ناوچەكەدا بەسەریدا هاتبوو كەوتە گواستنەوەی سەرجەم كەلوپەل و بەڵگەنامە و نووسراوەكانی حكومەت لە ناوچەكەدا و گواستنەویان بەرەو خانەقین لەدوا نیوەڕۆی (٩/ ئادار) هێزەكانی پێشمەرگە گەیشتنە شاری كەلار حكومەتی عێراق بە دوو كۆپتەر كەوتە بۆردومانكردنی شاری كەلار و دەوروبەری دوو هاوڵاتی كوژرا و شاری كەلار و دەوروبەری بەتەواوەتی ئازادكرا.[3] كشانەوەی سوپای عێراق لە كەلار و دەوروبەری بووە دەروازەیەک بۆ ڕزگاركردنی شاری كفری لە (١٠/ ئاداری ١٩٩١)، زۆربەی هێزەكانی سوپای عێراق كشانەوە بۆ ناوچەكانی قەرەتەپە و جەبارە و دوز.[4]

ڕزگاركردنی هەربر و پیرمام و دیانا و ڕەواندز و خەلیفان و سۆران و دەوروبەری شارۆچكەی تەق تەق و مێرگەسوور و چۆمان سپیلک فیرقەی (٣٣) هەموو لیواكانی و سەربازگەی سپیلک لە (١٠/ ئاداری ١٩٩١).[5] لە دوای كشانەوەی سوپای عێراق لە ناوچەكانی مەیدان و قورەتوو و جێگیربوونیان لە خانەقین هەڵقەی ڕزگاركردنی خانەقین لە (١١/ ئادار) دەستی پێكرد هەر لەو ڕۆژەدا توانرا شاری خانەقین ڕزگاربكرێت.[6] لەدوای ڕزگاركردنی زۆرێک لە شار و شارۆچكەكانی كوردستان شاری دوز یەكێک بوو لەو شارانەی گەرمیان، كە بارودۆخێكی جیاوازتری هەبوو لە شارەكانی دیكە، ئەویش لەبەر زۆری هێزی حكومەتی عێراق هەروەها بوونی هێزێكی زۆری موجاهدینی خەڵق لە شارەكەدا.[7]

هەر بۆیە نەدەتوانرا هەروا بە ئاسانی ڕاپەڕین سەرهەڵبدات لەدوای كۆبوونەوەی شانە چەكدارییەكانی هێزی پێشمەرگەی كوردستان بە سەرپەرشتی عوسمانی حاجی مەحمود لە ڕۆژی (١١/ ئاداری ١٩٩١) هێرشكرایە سەر دامودەزگاكانی حكومەتی عێراقی و دوای ماوەیەكی كەم شارەكە بەتەواوەتی ئازادكرا لەدوای ڕزگاركردنی شاری دوز حكومەتی عێراق بەپاڵپشتی هێزەكانی موجاهدین خەڵق و لیوای (٦٢-٦٥-٦٨) و هێزی تایبەت و لیوای (١)ی مخاویر فەیلەقی (٢)ی قواتی بارق هێرشیان كردە سەر هێزی پێشمەرگە لە شاری دوز لەدوای تۆپ بارانكردنی چڕی ناو شار هێزی پێشمەرگە شكا لە (١١/ ئاداری ١٩٩١) بڕیاری پاشەكشێ درا لە شەڕەكەدا ژمارەیەكی زۆر كوژراو لە سوپای عێراق هەبوو لە هێزی پێشمەرگەش (٣٩) كوژراو هەبوو دیارترین فەرماندەی باڵای یەكێتی (حەمە ڕەش) بوو.[8]

لە (١١/ ئاداری ١٩٩١) شاری هەولێر ڕزگاركرا، شاری هەولێر لەڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە یەكێک بوو لە شارە گەورەكانی كوردستان لەدوای ئامادەكارییەكانی لایەنەكانی بەرەی كوردستانیی و ئامادەكردنی مەفرەزە پارتیزانەكانیان و ناردنیان بۆ شار لەوانە (ی.ن.ک)، (پ.دک)، (حسک)، زەحمەتكێشان و (حشع) هەروەها لایەنەكانی دەرەوەی بەرەی كوردستانیی، وەک (باسک) ڕۆڵیان هەبوو.[9] لە پێش ڕاپەڕینی (١١/ ئاداری ١٩٩١) چەند ڕووداوێک لە هەولێردا ڕوویدا هەریەكەو بەپێی خۆی كاریگەری خۆی هەبوو لەسەر

١- محمود سەنگاوی: بیرەوەرییەكانی سەنگاوی، چ١، سلێمانی، ٢٠١٨، ل ٣٧٦.
٢- بەختیار مستەفا أمین و خالید حسێن ئەحمەد: س.پ، ل٦٩٥.
٣- ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا: س.پ، ل٣٢٢-٣٢٣؛ بەختیار مستەفا أمین و خالید حسێن: س.پ، ل٦٩٤.
٤- مەحمود سەنگاوی: س.پ، ل٣٧٦.
٥- عبدالرەزاق مەرزنگ: س.پ، ل١٣٠؛ بەختیار مستەفا أمین و خالید حسێن ئەحمەد: س.پ، ل٦٩٩.
٦- عبدالرحمان مەرزنگ: س.پ، ل١٣٠؛ ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا: س.پ، ل٣٤٠.
٧- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕێكخراوی موجاهدینی خەڵق و شەڕەكانیان لە ناوچەكانی گەرمیان بڕوانە: ڕزگار حاجی حەمید: چیم نووسی، ب١، چ١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل١٩٠- ١٩٢.
٨- ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا: س.پ، ل٣٤٤- ٣٤٥؛ ڕزگار حاجی حەمید: چیم نووسی: س.پ، ل١٩١؛ محمود سەنگاوی: س.پ، ل٣٧٩.
٩- حسێن عارف: س.پ، ب٢، ل٣٢؛ ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا: س.پ، ل٣٥٣-٣٥٤.

خەڵكی و تێكڕا لە چاوەڕوانی دۆخێكی سیاسی و دژواردا بوون لەوانە ڕاپەڕینی ئۆردوگای خەبات لە (٤/ ئادار) وخۆپیشاندانەكەی (حشع) لە (٦/ ئادار).[١]

ڕێكخستنە نهێنییەكانی (حشع) خۆپیشاندانێكی گەورە و بەرفراوانیان لە شاری هەولێر دەستپێكرد بە زەبری هێز بڵاوەیان پێكرا لەدوای ئەوە و حكومەتی عێراق ژمارەیەكی زۆر هێزی هێنایە شاری هەولێر لە (١٠/ ئادار) بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر ئەگەرێكی ڕاپەڕین لەدوای ڕزگاركردنی شەقڵاوە و ئۆردوگای بەستۆرە. شەقڵاوە ناوچەیەكی گرنگ بوو بۆ هێرشكردنە سەر هەولێر و ئازادكردنی شارەكە، هێزی پێشمەرگە لە قۆڵی شەقڵاوە و هێرشی بردەسەر هەولێر سەعات (٨) بەیانی (١١/ ئادار) هێزی پێشمەرگە گەیشتە بازگەی (شاوەیس) لە نزیک هەولێر ڕووبەڕووی سوپای عێراق بووەوەو لەدوای كاتژمێرێک شەڕ سوپای عێراق شكاو هێزی پێشمەرگە چوونە ناو شار و تێكەڵ بە جەماوەری ڕاپەڕیو بوون، پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ شار بەتەواوەتی ئازادكرا ڕێگەی گشتی (هەولێر- كەركوک) كەوتە دەست هێزی پێشمەرگە.[٢]

لە دوای ڕزگاركردنی هەولێر هەریەكە لە ئاكرێ و بەردەڕەش ئازادكرا، هەتا (١٢/ ئادار) زۆربەی ناوچەكانی كوردستان لە سوپای عێراق پاک كرایەوە. لە (١٣ و ١٤/ ئادار) ڕاپەڕینی شێخان، زاخۆ و دهۆک دەستی پێكرد، دهۆک یەكێک بوو لەو ناوچانەی، كە حكومەتی عێراق دەسەڵاتێكی بەهێزی هەبوو تێیدا لە سەرەتادا بەرەی كوردستانیی بڕیاری دابوو لە (١٥/ ئادار) ڕاپەڕین لە دهۆک بكرێت، بەڵام ڕاپەڕین لە دهۆک پێشكەوت ئەویش بەهۆی ڕاپەڕینی زۆربەی ناوچەكانی دەوروبەری لەوانە زاخۆ لە (١٤/ ئادار) شاری دهۆک و دەوروبەری ڕزگاركرا.[٣]

سەركردایەتی سیاسی بەرەی كوردستانیی لەدوای ڕزگاركردنی زۆرێک لە ناوچەكانی كوردستان، بیری لە ڕزگاركردنی شاری كەركوک كردەوە، بۆ ئەم مەبەستەش، پێش ڕاپەڕین چەندین شانەی چەكداری نهێنییان ناردە ناو شاری كەركوک، كە لە سەرجەم پارت و ڕێكخراوە كوردییەكان پێكدەهات، بەتایبەتی شانە چەكدارییەكانی (شاڵاو لە سلێمانی) و (بروسک لە هەولێر) پەیوەندییان بە پێشمەرگە دابڕاوەكان و سەرۆک عەشیرەت و جاش و موستەشارەكانەوە كرد بۆ یارمەتیدانی هێزی پێشمەرگە و جەماوەر، لە ئەگەری ڕوودانی ڕاپەڕین لە شارەكەدا.[٤] لە پێش ڕاپەڕینی كەركوک، لیژنەی ڕاپەڕینی شاری كەركوک دروستبوو، بانگەوازی بۆ ڕاپەڕین و هەڵكوتانە سەر دامودەزگاكانی حكومەتی عێراق لە كەركوک دەكرد. لە پێناو نەگەیشتنی بڵێسەی ڕاپەڕین بۆ شاری كەركوک حكومەتی عێراق (عەلی حەسەن مەجید)ی نارد بۆ شاری كەركوک بۆ كۆنترۆڵكردن و سەركوتكردنی هەوڵەكانی كورد لە كەركوک. لەو پێناوەشدا، بۆ ترساندنی خەڵک كەوتە كوشتنی ژمارەیەكی زۆری خەڵک و گولەبارانكردنی (٢٣) لاوی كەركوكی، چەند بڕیارێكی دەركرد لە پێناو ڕوونەدانی ڕاپەڕین لە كەركوک.[٥]

لە (١٣/ ئاداری ١٩٩١) لە شارۆچكەی شۆڕش كۆبوونەوەیەک لەنێوان بەرپرسە سیاسی و سەربازییەكانی (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) كرا، لە (ی.ن.ک) شەوكەتی حاجی موشیر، ڕۆستەم كەركوكی، دارا تۆفیق ئاغا و سیروان كوێخا نەجم. لەلایەن (پ.د.ک) ئازاد قەرەداغی بەرپرسی لقی كەركوكی پارتی، نەجات حەسەن لیژنەی ناوچەی كەركوک، دەروێش ئاغا لێپرسراوی سەربازی (پ.د.ک) بەشداربوون، كە تیایدا بڕیاردرا لە سێ قۆڵەوە هێرش بۆ سەر كەركوک بكرێت.[٦] قۆڵی یەكەم لە ناوچەكانی هەولێرەوە بۆ كەركوک و قۆڵی دووەم لە ڕێگای (سلێمانی- كەركوک) و قۆڵی سێیەم لە ناوچەكانی كەلار و كفری و گەرمیان.[٧]

---

١- هۆشمەند علی محمود: س.پ، ل٦٩-٧٥.
٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨-٩٩؛ ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا: س.پ، ل٣٤٥- ٣٤٦.
٣- زامدار ئەحمەد: ڕاپەڕینی كۆیە، س.پ، ل٣٢- ٣٣.
٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤؛ ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا: س.پ، ل٣٦٥.
٥- پشكۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەری: ڕاپەڕینی كەركوک ساڵی (١٩٩١)، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٧٣.
٦- ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا: س.پ، ل٣٧٣؛ شەوكەت حاجی مشیر: س.پ، ل٧٤.
٧- شەوكەت حاجی مشیر: چیوەرۆ دەروازەیەک بەرەو كەركوک، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٦٧- ٦٨.

له بروسکەیەکی مولازم عومەر عەبدوڵا بۆ هەریەکە لە کۆسرەت رەسوڵ و نەوشیروان مستەفا، وەک ئاگادارکردنەوەیەک لە (١٥/ ئاداری ١٩٩١)دا دەڵێت: "ئەمشەو سەعات (١١) لە هەموو قوڵەکانەوە داخلی شاری کەرکوک دەبین".[١]

لە دوای داخڵبوونی هێزی پێشمەرگە بۆ ناو کەرکوک، ڕاپەڕین لە گەڕەکی رەحیماواوە دەستی پێکرد و هێرشکرایە سەر دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق، سەر لە بەیانی (١٩/ ئادار) حکومەتی عێراق بە هێزێکی زۆرەوە بە پاڵپشتی هێلیکۆپتەری جەنگیی پەلاماری گەڕەکی رەحیماوایان دا، لە سەعات (٥) ئێوارەی (١٩/ ئادار) هێرشی پێشمەرگە بۆ ناو کەرکوک دەستی پێکرد، لە چەندین قوڵەوە توانیان بچنە ناو شاری کەرکوک، بەچوونی هێزی پێشمەرگە بەشێکی زۆری گەڕەکە کوردییەکان ئازادکرا.[٢]

هەتا (٢٢/ ئادار) زۆربەی ناوچەکانی کەرکوک ڕزگارکران، ناوچەکانی شەریکەی نەوتی (K١) و سێ ڕێیانی (کەرکوک- تکریت- هەولێر) گرتنی فڕۆکەخانەی کەرکوک لە (٢٣/ ئادار) حکومەتی عێراق لەدوای کۆکردنەوەی چەند لیوایەک بە پاڵپشتی تۆپخانە و زرێپۆش و هێلکۆپتەری جەنگی هێرشیکردە سەر هێزەکانی پێشمەرگە لە فڕۆکەخانەی کەرکوک هێزی سوپای عێراق شکا و پتر لە (٢٠) کوژراویان هەبوو، جگە لە فڕۆکەخانە دەستگیرا بەسەر کۆمپانیای هۆندای کۆری دا لە کەرکوک.[٣]

تەنها شوێن، کە مابوو دەستی بەسەردا بگیرێت، (سەربازگەی خالید)[٤] بوو. بۆ ڕزگارکردنی ئەو سەربازگەیەش، ڕۆژی (٢٣/ ئادار) کۆبوونەوەیەک لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە ئەنجامدرا، کە تێیدا زۆربەی لایەنەکانی بەرەی کوردستانیی تێیدا بەشداربوون. تێیدا بڕیاردرا لە شەوی (٢٥/ ئادار) هێرش بکرێتە سەر سەربازگەکە.[٥] هێزەکانی پێشمەرگە لە شەوی (٢٥/ ئادار) لە سێ قوڵەوە هێرشیان کردە سەر سەربازگەی خالید، هەندێک پێشڕەویی کرا، بەڵام دواجار هێزی پێشمەرگە شکا و بڕیاری کشانەوەی دا.[٦]

لە دوای شکانی هێزی پێشمەرگە لە کەرکوک، حکومەتی عێراق هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر ناوچەکانی کوردستان و توانی لە ماوەیەکی کەمدا زۆربەی ناوچەکانی داگیربکاتەوە. ئەمەیش پەیوەندی بە کۆمەڵێک هۆکارەوە هەبوو، لەوانە:

أ- ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە شەڕی کەنداودا پتر مەبەستیان ڕزگارکردنی وڵاتی کوێت و کشانەوەی سوپای عێراق بوو لەو وڵاتە و سەپاندنی هەندێک سزا لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە ناوچەکەدا، مەبەستیان ڕزگارکردنی گەلانی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی نەبوو.

ب- ئەمریکا جۆرێک لە نەرمیی و کەمتەرخەمیی و بێدەنگیی لە ئاست سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکانی ناوەڕاست و باشووری شیعەکان نواند، ئەمیش هاندەربوو بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕین.

ج- ئەمریکا پتر لە بڵاوبوونەوەی هەژموونی ئێران و بیری شیعەگەرایی لە ناوەڕاست و باشووری عێراق دەترسا.

د- هەروەها ئەمریکا لەوە دەترسا بارودۆخی عێراق، وەک دۆخی لوبنانی لێ بێت و عێراق بۆ چەند قەوارەیەکی جیاواز لە شیعە و سونە و کورد دابەش ببێت.

---

١- بەختیار مستەفا ئەمین و خالید حسێن ئەحمەد: س.پ، ل٩٧٠.
٢- ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا: س.پ، ل٣٧٨-٣٧٩؛ زامدار ئەحمەد: س.پ، ل٣٣.
٣- بەختیار مستەفا ئەمین: س.پ، ل٧٠١؛ شەوکەت حاجی مشیر: س.پ، ل١٠٩.
٤- سەربازگەی خالید: یەکێک بوو لە گەورەترین سەربازگەکانی حکومەتی عێرق کەوتبووە نێوان کەرکوک و موصل، ڕاستەوخۆ لەلایەن علی حسن مجید و عزت دوری و دەیان سەرکردەی سەربازی عێراقەوە سەرپەرشتی دەکرا، سەدان تانک و فڕۆکەی جەنگی و تۆپی نەمساوی دۆشکای دوولوولە و چوارلولە و بە هەزاران سەربازی تێدابوو، (بڕوانە: پشکۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەری: س.پ، ل٧٣)
٥- ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا: س.پ، ل٣٧٩؛ شەوکەت حاجی مشیر: س.پ، ل١١٢.
٦- بەختیار مستەفا ئەمین: س.پ، ل٧٥١؛ فەرەیدون عبدالقادر: س.پ، ل٦٠٢.

هەموو ئەم هۆکارانە وایان کرد ئەمریکا جۆرێک لە نەرمیی بنوێنێت، حکومەتی عێراق کەوتە هێرشکردن بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان. لەدوای دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکانی باشووری عێراق لە (٢٧/ ئاداری ١٩٩١) هێرشی حکومەتی عێراق بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان دەستی پێکرد.[١]

مەترسیدارترین خاڵی ڕێکەوتنەکەی ژێر چادرگەی سەفوانی نێوان (جەنەراڵ شوارستکۆف) و (جەنەراڵ سوڵتان هاشم) سوپاسالاری عێراق، ئەوە بوو شوارستکۆف ڕێگەی بە عێراق دا بە فڕینی هەلیکۆپتەرە سەربازییەکان لە سنووری عێراقدا بسوورێتەوە، ئەم ڕازیبوونەش لای سەرکردایەتی حکومەتی عێراق وەها لێکدرایەوە، کە ئەمریکا بە دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکانی شیعە لە باشوور و کورد لە باکوور ڕازییە. لەدوای کۆبوونەوەی سەرکردەکانی حکومەتی عێراق هەموو هێزەکانی (پاسەوانی کۆماری) و بە هاوکاریی هێزەکانی موجاهیدینی خەڵق، سوپای عێراق هێرشی بۆ ناوچە کوردییەکان دەستپێکرد.[٢]

لەدوای (٤٨) کاتژمێر شاری کەرکوک بەتەواوەتی لەلایەن سوپای عێراقەوە کۆنترۆڵکرایەوە، سوپای عێراق بە یارمەتی هێزەکانی موجاهدینی خەڵق بەرەو شاری هەولێر پێشڕەوییان کرد، هێزی پێشمەرگە هێڵی بەرگریی لە نزیک (شێراوە) و پردێ لێدا و ڕووبەڕووی سوپای عێراق بووەوە. هێزی پێشمەرگە شکا و لە (٣١/ ئاداری ١٩٩١) شاری هەولێر لەلایەن سوپای عێراقەوە دەستی بەسەردا گیرا.[٣] لە دوای گەڕانەوەی جەلال تاڵەبانی لە دەرەوە، لە شەقڵاوە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی سیاسیی بەرەی کوردستانیی، بە مەبەستی خۆسازدانەوە و بەرگریکردن لە پێشڕەوی سوپای عێراق دەستی پێکرد. لە (٣/ نیسانی ١٩٩١) شاری سلێمانی دەستی بەسەرداگیرا[٤]

ئاکامی لەشکرکێشیی و پەلاماردانەوەی کوردستان لەلایەن سوپای عێراقەوە، ترسێکی گەورەی لەلای خەڵکی کوردستان دروستکرد، بەشێوەیەک لە سەرەتاکانی مانگی (نیسانی ١٩٩١) ڕووداوی کۆڕەوی لێکەوتەوە، کە هەزاران کەس لە خەڵکی کوردستان لە ترسی حکومەتی عێراق ڕوویان لە سنوورەکانی ئێران و تورکیا کرد. کۆڕەوی ملیۆنیی خەڵکی کوردستان و ڕۆشتنیان بۆ سنوورەکان، زۆربەی خەڵکی شارە گەورەکانی، وەک سلێمانی و هەولێر بەرەو ناوچە سنوورییەکانی ئێران ڕۆیشتن و خەڵکی ناوچەی بادینان و دهۆکیش ئاوارەی سنوورەکانی تورکیا بوون.[٥]

کۆڕەوی گەلی کورد، لەدوای کۆڕەوی ئەفغانییەکان بۆ پاکستان لە ساڵی (١٩٨٠)، گەورەترین کۆڕەو بوو، لە سەرەتای کۆڕەوەکەی گەلی کورددا، تاڕادەیەک سستیی لە هەڵوێستی وڵاتانی ئیسلامی و نێودەوڵەتی ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان، سەبارەت بەو پێشێلکارییانە بەدی دەکرا، کە حکومەتی عێراق بەرامبەر بە کورد ئەنجامی دەدا.[٦] لە سەرەتاکانی (نیسانی ١٩٩١) سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیی یاداشتێکیان ئاراستەی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش کرد، داوایان کردبوو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی بە ئەرکی مرۆیی و ئەخلاقی خۆی هەڵبسێت و ڕێگا بگرێت لەو مەرگەساتەی، کە دووچاری کورد بۆتەوە.[٧] پاڵەپەستۆی بێشوماری پەنابەران وای کرد، هەریەکە لە حکومەتی تورکیا و ئێران، بۆ دانانی سنوورێک بەرامبەر بە کۆڕەوی کوردان، نامە ئاراستەی ئەنجوومەنی ئاسایش بکەن.[٨] بۆ ئەم مەبەستە، سەرۆکی فەرەنسا (فرانسوا میتران)، بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەگەڵ تورکیا لەسەر ئامادەکردنی پڕۆژە بڕیارێک بۆ ئەنجوومەنی ئاسایش لەسەر کۆڕەوەکەی گەلی کورد، نوێنەری تایبەتی خۆی (بێرنارد کۆشنەر)ی بۆ تورکیا نارد. پڕۆژە بڕیارێک لەلایەن فەرەنسا و تورکیاوە ئامادەکرا و لە ئێوارەی (٥/ نیسانی

---

١- د. موکەڕەم تاڵەبانی: ٤ ڕۆژ لە کوردستانی ئازاد، چ١، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٦١.
٢- مەجید سالح: س.پ، ل٤٠٢.
٣- هەڵکەفت عبدالواحد: س.پ، ل٤١- ٤٢.
٤- حەمەی حەمە سەعید: دەنگی خاک بیرەوەری (١٩٩١- ٢٠٠٠)، ب٢، چ١، ل٥٣.
٥- ئاراس عەبدولرەحمان مستەفا: س.پ، ل٣٩٨-٣٩٩.
٦- د.کوثر عزیز گەلاڵی: باشووری کوردستان لە ساڵی (١٩٥٨)ەوە تا ئەمڕۆ، چ١، چاپخانەی کاروان، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١١٨.
٧- د.فرسەت سۆفی علی: پێگەی یاسایی هەرێمە بە نێودەوڵەتی کراوەکان، چ١، چاپخانەی خانی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٨٩.
٨- شەماڵ عەبدوڵا: سروشتی یاسایی بڕیاری (٦٨٨) و چۆنیەتی کاراکردنی، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٢.

١٩٩١) لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە، دوای کۆمەڵێک هەموارکردن، ڕەزامەندیی لەسەر بڕیاری (٦٨٨) درا.[١]

بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی وەرچەرخانێکی گەورە بوو بۆ پرسی کورد لە باشووری کوردستان، سەرەتایەکی گرنگ و گۆڕانێکی گەورە بوو لە یاسای نێودەوڵەتی، چونکە یەکەم جار بوو ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیارێک دەربکات و تیایدا داپڵۆسینی ناوخۆ، بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بەمەترسی دابنێت. بڕیارەکە چەند ڕەهەندێکی سیاسی و یاسایی و مرۆیی هەبوو.[٢]

**بڕیاری (٦٨٨) چەند خاڵێکی گرنگی لە بەرژەوەندی کورددا بوو، لەوانە:**

أ- سەرکوتکردنی گەلی عێراق لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، دەبێتە مایەی تێکدانی ئاسایشی نێودەوڵەتی.

ب- دەبێت عێراق دەستبەجێ واز لە سەرکوتکردنی خەڵک بهێنێت، دەبێت مافە سیاسییەکانی خەڵکی عێراق پارێزراو بێت.

ج- ئەنجوومەنی ئاسایش سوورە لەسەر ئەوەی دەبێت عێراق ڕێگە بە ڕێکخراوە مرۆییەکان و نێودەوڵەتییەکان بدات بۆ هەموو ئەوانە پێویستییان بە یارمەتیدانە.[٣]

دوای دوو ڕۆژ لە دەرکردنی بڕیاری (٦٨٨)، تورگوت ئۆزال، سەرۆک وەزیرانی تورکیا داوای دروستکردنی ناوچەی ئارامی بۆ کورد لە ناو خاکی عێراقدا کرد. بیرۆکەکە بە گەرمییەوە لەلایەن (جۆن مەیجەر)ی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیاوە پێشوازی لێکرا. هەروەها سەردانی وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (جیمس بەیکەر) بۆ وڵاتی تورکیا لە (٨/ نیسانی ١٩٩١) و سەردانی ناوچەی (جوکورا) لەسەر سنووری نێوان (عێراق- تورکیا)، هەرچەندە سەردانەکەی کەمتر لە (١٠) دەقیقە بوو، بەڵام ئەوە بەس بوو بۆ قەناعەتپێکردنی بەوەی، کە پێویستە کارێکی گەورەی نێودەوڵەتی ئەنجام بدات.[٤] هەروەها دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ مەرگەساتی ئاوارە و پەنابەرانیان لە ناوچە سنوورییەکانی تورکیا و ئێران دەگواستەوە، ئەمەیش کاریگەریی گەورەی لەسەر ڕای گشتی جیهانی ڕۆژئاوا دروستکرد. سوپای عێراق لەسەر هێرشکردن بۆ سەر ناوچە کوردییەکان بەردەوام بوو. تاکو ئەوکاتەی هێزەکانی پێشمەرگە توانیان لە دەربەندی کۆڕێ ڕێگا لە پێشڕەویی سوپای عێراق بگرن، لە ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی لە چیای ئەزمەڕ هێزەکانی پێشمەرگە بەتەواوەتی سوپای عێراقیان ڕاگرت، هێزەکانی پێشمەرگەی لایەنەکانی بەرەی کوردستانیی و (باسك) ڕۆڵی گەورەیان لە شکانی سوپای عێراق هەبوو.[٥]

لە دوای ئەو ڕەوشە ناهەموارە، هەریەکە لە (فرانسوا میتران) و (جۆن میجەر)، پشتگیریی پێشنیارەکەی (تۆرگوت ئۆزال)یان لە دروستکردنی ناوچەی ئارام بۆ کورد کرد. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ پێشنیارەکە نەبوو، هەڵوێستی سکرتێری (UN) لەسەری ڕوون نەبوو. بەهۆی زۆریی پاڵەپەستۆی هەریەکە لە بەریتانیا و فەرەنسا، لە (١٠/ نیسانی ١٩٩١) (جورج بۆش ١٩٨٩–١٩٩٢) دەسەڵاتی سیاسی عێراقی ئاگادارکردەوە، کە نابێت هیچ فڕۆکەیەکی شەڕکەر لە هێڵی باکووری (٣٦) بفڕێت و هیچ کردەوەیەکی سەربازییش ئەنجام بدرێت.[٦] بۆ ئەو مەبەستەش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا فڕۆکەی شەڕکەری ناردە بنکەی ئەنجەرلیکی تورکیا بەمەبەستی پابەندکردنی عێراق بە ناوچەی دژە فڕین. تورکیا ڕازی بوو، بۆ ماوەی

---

١- د.فرسەت سۆفی علی: س.پ، ل١٩٠.
٢- د.جاسم تۆفیق خۆشناو: دەخالەتی مرۆڤانە لە کوردستان، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٦.
٣- هیوا مینە: هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژئاوا بەرامبەر بە کوردستانی عێراق لە (ئازاری ١٩٩١- ئەیلولی ١٩٩٨)، ل٦٤.
٤- د.شیرین فواد مەعسوم: س.پ، ل٢٨١-٢٨٢؛ د.فرسەت سۆفی علی: س.پ، ل١٩٧.
٥- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شەڕەکان بڕوانە: شەریف وەرزێر: ڕاپەڕین و سەروەری ڕۆڵی بزاڤی ئیسلامی کوردستان، چ١، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٢١٣- ٢١٤؛ وریا یوسف: کۆڕێ ئەو دەربەندەی خۆری لێ ئاوا نەبوو، چ١، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٣٢- ٣٣.
٦- د.فازل زەهاوی: بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجوومەنی ئاسایش و سەرئەنجامی دەولییەکانی، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، ژ (٣)، تشرینی یەکەمی ١٩٩٣، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی دەری دەکات، ل٣١- ٣٢.

(٦) مانگ بنکەی ئەنجەرلیک بەکاربهێنێت و دواتریش بەپێی پێویست ماوەکە درێژبکرێتەوە. ئەم پرۆسەیەش پێی دەگوترێت قەدەغەکردنی (فرینی ئاسمانی) لە ناوچەی (باکووری هێڵی ٣٦).[١]

بەپێی ئەم پرۆسەیە هێزەکانی هاوپەیمانان دەسەڵاتی عێراقیان ناچارکرد بە درێژایی (١٢٠کم) و پانی (٥٠کم) پاشەکشێ بکات. دواتر قۆناغ بە قۆناغ ناوچەکە فراوانتر کرا تاکو کۆتایی (ئایاری ١٩٩١) نزیکەی (٢٠) هەزار سەرباز، کە سەر بە (١١) دەوڵەت بوون، بۆ پارێزگاریی لە کورد ڕەوانەی ناوچەکە کران.[٢] تاکو ئەوکاتەی لە (حوزەیرانی ١٩٩١) سەرجەم پەنابەرانی کورد بۆ زێدی خۆیان گەڕانەوە. هەر لەو بەروارە هێزە فرەڕەگەزەکان بەشێوەی قۆناغ بە قۆناغ دەستیان بە کشانەوەی هێزەکانیان لە ناوچەکەدا کرد، تا مانگی (تەموزی ١٩٩١) سەرجەم هێزەکانیان کشاندەوە.[٣]

لە پێناو دووبارە نەبوونەوەی ئەو مەرگەساتەی لە کۆڕەودا ڕووی دا، هاوپەیمانان هێزێکی بەرپەچدانەوەی خێرایان لە شارۆچکەی (سلوپی) خاکی تورکیا دانا، کە هاوسنوورە لەگەڵ عێراقدا، ئەو پرۆسەیەش بە هێزی (چەکوشی ئامادە) ناونرا، بۆ ئەوەی لەکاتی هەر پەلامارێکی هێزەکانی عێراق ڕەدی بدەنەوە. هەروەها لە ساڵی (١٩٩٢) سەنتەری هەماهەنگی سەربازی (ئێم سی سی mcc) دروستکرا پێکهاتبوو لە هێزەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و تورکیا. ئەم هێزەش بۆ سەرپەرشتییکردنی کاری فریاگوزاریی و چاودێریی سەربازیی و لێکۆڵینەوە لە پێشێلکارییەکانی عێراق بەرامبەر بە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش بوو.[٤]

ڕاپەڕین و کۆڕەوی کورد لە باشووری کوردستان دوو ڕووداوی مێژوویی گرنگی مێژووی هاوچەرخی کوردن، ڕاپەڕین قوناغێکی نوێ و جیاکەرەوە بوو لە قۆناغەکانی پێشووتر، کە تێیدا گەلی کورد لە دوای ساڵانێکی زۆر لە زوڵم و ستەمی یەکلەدوایەکی ڕژێمەکانی عێراق توانی لە (ئاداری ١٩٩١) بە تەواوەتی کوردستان ئازاد بکات، هەرچەندە ماوەی ڕاپەڕین و ئازادی گەلی کورد کورت بوو، لە دوای هێرشی سوپای عێراق کارەساتی کۆڕەوی لێکەوتەوە، بەڵام دواجار لە ئاستی نێودەوڵەتییدا، بەهۆی دەرکردنی بڕیاری (٦٨٨) و دروستکردنی پەناگەیەکی ئارام بۆ کورد، کاریگەریی گەورەی لە ڕووداوەکانی دواتری باشووری کوردستان هەبوو.

---

١- فرسەت سۆفی علی: س.پ، ل١٩٨.
٢- د.جاسم تۆفیق خۆشناو: س.پ، ل١٠٣.
٣- فرسەت سۆفی علی: س.پ، ل١٩٩.
٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٩.

**باسی دووەم: دانوستانی نێوان بەرەی کوردستانیی و حکومەتی عێراق (١٩٩١):**

سەبارەت بە دانوستانی نێوان بەرەی کوردستانیی و حکومەتی عێراق لە پێش ڕاپەڕینی (ئاداری ١٩٩١) چەندیجار گفتوگۆ و دانوستان کراوە، دانوستان پرۆژەیەک بوو لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لەکاتی ڕاپەڕیندا ئاراستەی بەرەی کوردستانیی کرا.[1] سەرەتای دەستپێکردنی دانوستانی نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی سیاسیی بەرەی کوردستانیی دەگەڕێتەوە بۆ داواکارییەکانی سەدام حسێن، کە لە نامەیەکدا ڕۆژی (١١/ ئاداری ١٩٩١) بۆ هەریەکە لە مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی ناردبوو، کە هێشتا ڕاپەڕین بەردەوام بوو، پەیامەکەی سێ تەوەری سەرەکی لەخۆگرتبوو، بەم شێوەیە:

١- گلەیی: چونکە کاتی هەڵبژاردنی جوڵانەوەکە لەگەڵ جوڵانەوەی شیعە هاوکات بوو.

٢- هەڕەشە: چونکە بوونەتە هاوپەیمانی شیعە و هاوکارییان کردوون، لە کاتێکدا، کە ئەو دەیتوانی جوڵانەوەکەیان بەتەواوەتی دابمرکێنێتەوە و چۆن شارە شیعەنشینەکانی گرتۆتەوە، ئەیتوانی شارەکانی کوردستانیش بگرێتەوە.

٣- پێشنیار: بۆگفتوگۆ بۆ لەیەکگەیشتن.

ئەم پەیامەی سەدام حسێن بە دوو ڕێگای جیاواز و بۆ دوو وڵاتی جیاواز و لە ڕێگەی دوو کەسی جیاوازەوە، بەڵام بەهەمان ناوەڕۆک و ڕستە و ڕێزمان بۆ جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی ناردبوو. جەلال تاڵەبانی ڕەزامەندی دانوستانی لەسەر ئەوە دەربڕی، کە شاندێک پێکهاتبوو لە (محەمەد تۆفیق ڕەحیم و فواد مەعسوم، وەک نوێنەری (ی.ن.ک) و هۆشیار زێباری و موحسین دزەیی، وەک نوێنەری (پ.د.ک) لە لەندەن لەگەڵ حکومەتی عێراق دانوستان بکەن، بەڵام نوێنەرەکانی (پ.د.ک) دانوستانیان ڕەتکردەوە، پێیان وابوو ئێستا کاتی دانوستان نییە، چونکە سەدام حسێن و حکومەتەکەی لە ڕووخاندایە.[2]

لە دوای گەیشتنی هەمان نامە بە مەسعود بارزانی، لەسەر دانوستان ڕازی بوو، ئەویش لەدوای کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرکردەکانی بەرەی کوردستانیی بە نامەیەک وەڵامی سەدام حسێن دایەوە، لە ڕێگەی حاجی عوبید حاجی مجید سەرسوری بەڵام نامەکە نەگەیشتە دەست سەدام حسێن، چونکە لە ڕێگادا کۆپتەر پەلاماری ئۆتۆمبێلەکەی حاجی عوبید سەرسوری داو سووتاندی، بەمەش نامەکەی مەسعود بارزانی نەگەیشتە بەغداد بەمجۆرە دەستپێشخەرییەکەی سەدام حسێن لە کوردستان بێ بەرهەم بوو.[3] لە دوای سەرنەکەوتنی ئەو هەوڵەی سەدام حسێن بۆ دانوستانکردن جارێکی دیکە سەدام حسێن دکتۆر موکەرەم تاڵەبانی ڕاسپارد، کە قسە لەگەڵ هەریەکە لە مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی دا بکات، بەڵام بەهۆی ئەوەی جەلال تاڵەبانی لە سوریا بوو، لە سلێمانی لەگەڵ هەریەکە لە فەرەیدون عەبدولقادر و محەمەدی حاجی مەحمود و نێچیرڤان بارزانی کۆبووە و لە (٢٩/ ئاداری ١٩٩١). لە سەلاحەدین لەگەڵ هەریەکە لە مەسعود بارزانی و نەوشیروان مستەفا و کەریم ئەحمەد دا کۆدەبێتەوە و بەبێ ئەوەی بتوانێت جەلال تاڵەبانی ببینێت هەرچەندە سوور بووە لەسەر بینینی نوێنەرانی بەرەی کوردستانیی ئامادەییان بۆ دانوستانکردن لەگەڵ حکومەتی عێراقدا دەربڕی.[4]

هەرچۆن بێت، ئەوکات سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانیی زۆر مەبەستیان بوو گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بکەن، لەم بارەیەوە دکتۆر موکەرەم تاڵەبانی دەڵێت: "هەموو سەرکردەکانی بەرەی کوردستانیی بڕیاریاندا بەبێ ئەوەی مام جەلال ببینم، بە زووترین کات بگەڕێمەوە بۆ بەغداد و ئامادەییان بۆ گفتوگۆکردن بگەیەنمە سەدام حسێن، ئەمەیش لە کاتێکدا بوو، کە سوپای عێراق هێرشی بۆ گرتنەوەی ناوچەکان دەستپێکرد بوو، هیچ بیریان لەوە نەکردەوە، چۆن بەرگریی هێرشەکەی حکومەتی عێراق بکەن".[5]

---

١- هێرش عەبدوڵا حەمە کریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا (١٩٩١- ١٩٩٨)، چ١، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٩٥.

٢- نەوشیروان مستەفا: مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی- بەعس (١٩٩١)، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٠- ١١؛ ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا: س.پ، ل٤١٨-٤١٩.

٣- نەوشیروان مستەفا: مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی...، ل١١.

٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١-١٢.

٥- ٤ ڕۆژ لە کوردستانی ئازاد، ل٦٣- ٦٤.

تەنانەت سەرکردەکانی بەرەی کوردستانیی ئەوەندە پەلەی دانوستان و ڕاگرتنی شەڕیان بوو، پێش ئەوەی دکتۆر موکەرەم تاڵەبانی ڕێگای وتووێژ بکاتەوە، سەرکردەکانی بەرەی کوردستانیی لە ڕێگەی کەسێکی سەر بە حکومەتی عێراق و ئەندامی ئەنجوومەنی جێبەجێکردن (غاندی محەمەد حەسەن دزەیی)یەوە نامەیەکیان بۆ سەدام حسێن ناردبوو، داوای دانوستانیان لێ کردبوو. لەم کاتەدا حکومەتی عێراق لە هێرشەکانی بۆ سەر کوردستان بەردەوام بوو، ئەگەر سەدام حسێن بە جۆرێکی ئاشتیانە دانوستان بکات، دەیەوێت لە پێگەیەکی بەهێزەوە دانوستان لە بەرامبەر بەرەی کوردستانییدا بکات.[١]

ناردنی دکتۆر موکەرەم تاڵەبانی بۆ کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەمەبەستی دانوستان، کۆمەڵێک هۆکار و ئامانجی لە پشتەوە بوو، لەوانە هێورکردنەوەی کورد، کە بەهۆی دەستپێکردنی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی (ئاداری ١٩٩١)ەوە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان ئازادکرابوو، هەروەها ئامانجی سستکردن و خاوکردنەوەی گوڕوتین و ڕۆحییەتی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکە بوو، هەروەها گێڕانەوەی هەندێک متمانە بۆ خۆی، ئەمە سەرباری ئەوەی دەیویست، کورد سوود لەو دەرفەتە وەرنەگرێت، کە بەهۆی هەڵوێست و هاوسۆزیی نێودەوڵەتی بەگشتی و لە سەرووی هەموویانەوە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، بەتایبەتی بەرامبەر ڕووداوی کۆڕەوی کوردان لەو ماوەیەدا دروستببوو.[٢]

هەوڵی دکتۆر موکەرەم تاڵەبانی بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ و دانوستاندن بێ ئەنجام بوو. لەدوای ئەو هەوڵە بێ ئەنجامانە، جەلال تاڵەبانی لە (٥/ نیسانی ١٩٩١) لە کارێزە نامەیەکی بۆ سەدام حسێن نووسی، ئامادەیی بەرەی کوردستانیی بۆ ڕاگرتنی شەڕ و دەستپێکردنی گفتوگۆ دەربڕی، نامەکەی بە (دارای تۆفیق ئاغا)دا نارد، کە پێش ئەوەی بێتە پێشمەرگە، ئەفسەری هەواڵگریی سەربازیی عێراق بوو. نامەکە لە ڕێگەی داراوە بە دەستی سەدام حسێن گەیشت. سەدام حسێن لە وەڵامدا دەڵێت، کە جگە لە جیابوونەوە هەموو شتێک قابیلی باسکردنە.[٣] لە دوای گەڕانەوەی دارای تۆفیق ئاغا لە (٧/ نیسانی ١٩٩١) سوپای عێراق لەسەر هێرش بۆ ناوچەکانی کوردستان هەر بەردەوام بوو، کە گوایە فەرمانی ڕاگرتنی شەڕیان پێنەگەیشتووە. جەلال تاڵەبانی جارێکی دیکە دارای تۆفیق ئاغای نارەوە بۆ بەغداد بۆ ئاگاداربوونەوە و هەواڵپرسی ئاگربەست و ڕێکخستن و چوونی شاندی بەرەی کوردستانیی بۆ بەغداد بەمەبەستی گفتوگۆ.[٤]

دکتۆر موکەرەم تاڵەبانی لەم بارەیەوە دەڵێت: "سەدام حسێن گفتوگۆی دەویست، بەڵام دەیویست لە گفتوگۆکەدا لە بەرامبەر بەرەی کوردستانییدا بە بەهێزیی دەربکەوێت، هەر ئەوەش هۆکار بوو لە بەردەوام هێرشکردنی بۆ گرتنەوەی ناوچەکان، تا دواجار شکانی سوپای عێراق لە بەرزاییەکانی کۆڕێ و بەرزاییەکانی ئەزمر لە سلێمانی".[٥] لە (٩/ نیسانی ١٩٩١) لە دوای گەڕانەوەی دارای تۆفیق ئاغا حکومەت بڕیاری ڕاگرتنی شەڕی دا و داوای دەستەی نوێنەرانی بەرەی کوردستانیی کرد بۆ بەغداد بەمەبەستی گفتوگۆ و دانوستاندن.[٦] لەدوای گەڕانەوەی دارای تۆفیق ئاغا بڕیاری ڕاوەستانی شەڕ لە بروسکەیەکدا، کە مام جەلال ئاراستەی مەسعود بارزانی دەکات، لە خاڵێکدا دەڵێت: "میری ئەمری ڕاگرتنی شەڕی داوە و لە خاڵێکی تردا داوای چوونی شاند دەکات بۆ دانوستاندن و لەگەڵ دیاریکردنی ئەندامانی شاندەکەیان و بەڕێکردنیان بەرەو کەرکوک".[٧]

گەڕی یەکەمی دانوستانەکانی نێوان بەرەی کوردستانیی و حکومەتی عێراق لە (١١/ نیسانی ١٩٩١) دەستی پێکرد، شاندی بەرەی کوردستانییی پێکهاتبوو لە: فەرەیدون عەبدولقادر و عومەر فەتاح لە (ی.ن.ک) و فازیل میرانی و ئازاد بەرواری لە (پ.د.ک)، بە یاوەری دارای تۆفیق ئاغا گەیشتنە بەغداد چاویان بە نوێنەرانی حکومەتی عێراق کەوت، کە پێکهاتبوون لە: عیزەت دوریی، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی

١- د. موکەرەم تاڵەبانی: س.پ، ل٦٣- ٦٤.
٢- سەلام عبدالکریم: ژیانی سیاسی...، ل٢١٠.
٣- سلاح رەشید: دیداری تەمەن: ب٢، ل١٨٩؛ نەوشیروان مستەفا: مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی...، ل٢١.
٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.
٥- ٤ ڕۆژ لە کوردستانی ئازاد، ل٦٢.
٦- نەوشیروان مستەفا: مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی...، ل٢٨.
٧- بڕوانە پاشکۆی ژ. (٢)

شۆڕش و تەها یاسین ڕەمەزان، جێگری سەرۆک کۆماری عێراق و تارق عەزیز، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و سەعدی مەهدی سالح، سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانیی و جەنەراڵ مەحمود شکور شاهین، سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی عێراق. لە کۆبوونەوەکەدا نوێنەرانی حکومەتی عێراق بە نوێنەرانی بەرەی کوردستانییان وتبوو، کە بۆ دانوستانکردن و ڕاگرتنی هێرشی سوپای عێراق بۆ ناوچەکانی کوردستان ڕازین. کاربەدەستانی حکومەتی عێراق ئامادەی ڕاگرتنی شەڕ و دەستپێکردنی دانوستان بوون، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد ئامادەییان دەربڕیبوو، جگە لە جیابوونەوە لەگەڵ هەموو ڕێگەچارەیەکدان بۆ کێشەی کورد.[١] ڕۆژی (١٥/ نیسانی ١٩٩١) شاندی بەرەی کوردستانیی گەڕانەوە و ئاگاداری سەرکردایەتی سیاسیی بەرەی کوردستانییان کرد، کە سەدام حسێن داوای کردووە هەریەکە لە جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی بەشداریی لە کۆبوونەوەی داهاتوودا بکەن.[٢]

لە دوای گەڕانەوەی نوێنەرانی بەرەی کوردستانیی لە بەغداد لە (١٩/ نیسانی ١٩٩١) کۆبوونەوەی بەرفراوانی بەرەی کوردستانیی لە ماڵی حوسێن ئاغای سورچی[٣] لە گوندی (کەڵەکین) ئەنجام درا، کە ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەی پارتە کوردییەکان بەشداربوون، لە (ی.ن.ک) جەلال تاڵەبانی، فەرەیدون عەبدولقادر، عومەر عەبدوڵا، عومەر فەتاح، کوسرەت ڕەسول، حەسەن کوێستانی و نەوشیروان مستەفا، لە (پ.د.ک) مەسعود بارزانی، نێچیرڤان بارزانی، ئازاد بەرواری و فازیل میرانی، لە (حسک) ڕەسوڵ مامەند، سەعد عەبدوڵا و سەید کاکە، لە (پارتی گەل) سامی عەبدولڕەحمان و بروسک نوری شاوەیس، لە (زەحمەتکێشان) قادر عزیز، (حشع) بەشداریی لەم کۆبوونەوەیەدا نەکرد.[٤]

(حشع) لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئێمە بەشداری وتووێژمان لەگەڵ حکومەتی عێراق لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانییدا لەدوای ڕاپەڕین نەکرد، لەبەرئەوە بوو، هیچ متمانەیەکمان بە حکومەتی عێراق و نیازپاکیی ئەو حکومەتە لە بەرامبەر چارەسەرکردنی مەسەلەی کورددا نەبوو، جگە لەوەش ئەزموونێکی تاڵمان لەگەڵ ئەو حکومەتە لە وتووێژ و هاوپەیمانیی و ڕێککەوتن لەگەڵیدا هەبوو، بەڵام ڕێگریش نەبووین لەوەی وتووێژ ئەنجام بدرێت".[٥] جگە لە (حشع)، (باسك)یش، کە ئەوکات هێزێکی سیاسی و چەکدار بووە، بەشدارییان لە دانوستانی نێوان حکومەتی عێراق و بەرەی کوردستانییدا نەکردووە و باوەڕیان بە دانوستان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا نەبووە.[٦]

سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیی بڕیاری دا جەلال تاڵەبانی سەرکردایەتی شاندی کوردی بکات. لە (١٩/ نیسانی ١٩٩١) جەلال تاڵەبانی بە دوو مەرج ڕازی بوو سەرۆکایەتی شاندەکە بکات، یەکەمیان: بریتی بوو لەوەی مەسعود بارزانی بە دەستی خۆی نامەیەک بنووسێت و بڵێت بەرەی کوردستانیی بڕیاری داوە جەلال تاڵەبانی بنێرێت بۆ بەغداد بەمەبەستی ڕێککەوتن؛ دووەم: جەلال تاڵەبانی ئازاد بێت لە هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی، کە لە شاندەکەیدا یاوەری دەبن، کە لەگەڵیان دەچێت بۆ بەغداد. لەدوای وەڵامدانەوەی مەسعود بارزانی، شاندی بەرەی کوردستانیی بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی ئامادەکرا بۆ چوونە بەغداد. شاندەکە پێکهاتبوو لە: جەلال تاڵەبانی لە (ی.ن.ک)، سامی عەبدولڕەحمان لە (پارتی گەل) نێچیرڤان بارزانی لە

---

١- نەوشیروان مستەفا: مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی...، ل٢٩.
٢- هیوا مینە: س.پ، ل٧٨.
٣- حوسێن ئاغای سورچی یەکێک بوو لە سەرۆک عەشیرەتەکانی سورچی، ئەم بنەماڵەیە لە هەموو شۆڕشەکانی کورددا هاوکاری حکومەتی عێراق بوون لە پێش ڕاپەڕین چەندین فەوجی خەفیفەیان هەبوو لە ڕاپەڕیندا بێلایەن بوون، لە دوای ڕاپەڕین پارتی پارێزگارانیان دروستکرد لەسەربەندی شەڕی ناوخۆدا بەتەواوەتی لە یەکێتی نزیکبوونەوە، پارتی ئەوەی بە دژایەتی بۆ سەر خۆی دەزانی لە (حوزەیرانی ١٩٩٦) لە شەڕێکدا لە گوندی کەلەکین حوسێن ئاغا و (٣٠) ئەندامی عەشیرەتەکەی کوژران. د.میشێل لیزەنبێرگ: ئابووری سیاسی کوردستانی عێراق: و.پ.د.یاسین سەردەشتی، سلێمانی، ٢٠٢٢، ل٥٥.
٤- نەوشیروان مستەفا: مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی...، ل٣٥- ٣٦؛ سەلاح ڕەشید: دیداری تەمەن: ب٢، ل١٨٣.
٥- کەریم ئەحمەد: ڕێڕەوی تێکۆشان...، ل٣٣٤- ٣٣٥.
٦- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ عیرفان علی عبدالعزیز، سلێمانی، (٢٠٢٢/٥/١٧).

(پ.د.ک)، ڕەسول مامەند لە (حسک). ئەم بەشدارییکردنەی نوێنەرانی حیزبەکانی کوردستان بۆ ئەوە بوو، نیشانی بدەن، کە بەرەی کوردستانییی بەرەیەکی یەکگرتووە.[١]

شاندی بەرەی کوردستانیی بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی لە (کۆڕێ)وە بەرەو عێراق بەڕێکەوتن. گەڕی یەکەمی دانوستانەکان لە (٢٠ تاکو ٢٨/ نیسانی ١٩٩١)ی خایاند، شاندی بەرەی کوردستانییی چەند جارێک لەگەڵ (عیزەت دوریی، عەلی حەسەن مەجید، حسێن کامیل و تاریق عەزیز) بە جیا و بە کۆمەڵ کۆبوونەوە، هەروەها چاویان بە سەدام حسێن کەوتبوو، لە ڕاستیدا بەرەی کوردستانیی پرۆژەیەکی ئامادە نەکردبوو بۆ دیارییکردنی خواستەکانی گەلی کورد، تاکو قسەی لەسەربکەن، بەگشتی باسی بابەتی جۆراوجۆریان کردبوو، بەتایبەت:

١- چارەسەری کێشەی کورد لەسەر بنچینەی بەیاننامەی (١١/ ئاداری ١٩٧٠).
٢- ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کوردستان.
٣- جیاکردنەوەی حزبی بەعس لە دەسەڵاتی دەوڵەت.
٤- هەڵبژاردنی گشتی بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانییی عێراق.
٥- مەسەلەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ.[٢]

گەڕی یەکەمی دانوستانەکان دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو چونکە لەو کاتەدا کۆچی بە کۆمەڵی دانیشتوانی باشووری کوردستان بۆ ناوچە سنوورییەکانی ئێران و تورکیا هەرمابوو، یەکتربینینی سەدام حسێن و جەلال تاڵەبانی لەو ڕۆژەدا و پیشاندانی لە تەلەفزیۆنی بەغداد، لە دەزگاکانی ڕاگەیاندا زۆر بەخراپیی دەنگی دایەوە.[٣] دوای چەندین دانیشتن و گفتوگۆ، شاندی بەرەی کوردستانیی بەبێ ئەوەی هیچ ڕێکەوتنێک ئیمزا بکات، گەڕایەوە کوردستان.[٤]

دوای گەڕانەوەی شاندی بەرەی کوردستانیی، کۆبوونەوەی سەرکردایەتی سیاسیی بەرەی کوردستانییی، بۆ هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە لە گەڕی یەکەمی دانوستانەکان و دانانی ڕێوشوێنی گەڕی دووەمی کۆبوونەوەکان، لە شەقڵاوە کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیی دەستی پێکرد، لەم کۆبوونەوەیەدا نوێنەرانی (حشع) بەشداربوون. لە کۆبوونەوەکەدا سەرۆک و ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتی بۆ گەڕی دووەمی دانوستانەکان دیاریکرا، هەروەها پێکهێنانی کۆمیتەیەک بۆ نووسینی خواستەکانی کورد. ئەم کۆمیتەیە سێ پرۆژەیان دەربارەی قانوونی ئۆتۆنۆمی (حوکمی زاتی) و ئاساییکردنەوەی هەلومەرجی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانیی عێراق ئامادەکرد.[٥]

گەڕی دووەمی دانوستانەکانی نێوان بەرەی کوردستانیی و حکومەتی عێراق لە (٧/ئایار بۆ ١٧/ حوزەیرانی ١٩٩١)ی خایاند، مەسعود بارزانی سەرۆکایەتی شاندی بەرەی کوردستانیی دەکرد بە یاوەری شاندێک، کە پێکهاتبوون لە: ئازاد بەرواری و ڕۆژ نوری شاوەیس و جەوهەر نامیق و جەرجیس حەسەن و چەند کەسێکی دیکە بۆ کاروباری بێتەل و سکرتاریەت لە (پ.د.ک)، لە (حسک) ڕەسول مامەند و سەعد عبدوڵا، سامی عەبدولڕەحمان لە (پارتی گەل)، هەروەها کۆسرەت ڕەسوڵ، نەوشیروان مستەفا و دارا تۆفیق ئاغا لە (ی.ن.ک)). شاندی بەرەی کوردستانیی لە (کۆڕێ)وە بەرەو سەلاحەدین و لەوێوە بۆ بەغداد بەڕێ کەوتن.[٦]

---

١- توانا قادر ابوبکر: بەرەی کوردستانی (١٩٨٧- ١٩٩٢)، نامەی ماستەرە پیشکەش بە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی ڕاپەڕین کراوە، ڕاپەڕین، ئایاری ٢٠١٧، (بڵاونەکراوە)، ل١٠٥.
٢- نەوشیروان مستەفا: مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی، ل٣٩؛ توانا قادر ابوبکر: س.پ، ل١٠٦.
٣- نەوشیروان مستەفا: مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی، ل٤٠؛ هیوا مینە: س.پ، ل٧٨.
٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٨.
٥- نەوشیروان مستەفا: مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی...، ل٤٥؛ مەجید سالح: س.پ، ل٤١٣.
٦- کریس کۆچێرا: بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد و ویستی سەربەخۆیی، و. حسن ڕەستگار، چ١، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٦٣؛ نەوشیروان مستەفا: مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی...، ل٤٧.

ئەوەی شاندی ئەمجارەی بەرەی کوردستانیی لە شاندی یەکەم جیادەکردەوە، ئەوە بوو، ئەمجارە سێ پرۆژەیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد پێ بوو، کە کۆمیتەیەک لە ئەندامانی بەرەی کوردستانیی ئامادەیان کردبوو. پرۆژەکانیش بریتی بوون لە:

١- یاسای ئۆتۆنۆمی.

٢- ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کوردستان.

٣- یەکێتی نیشتمانیی.[١]

یەکەمین کۆبوونەوەی ئەم گەڕەی بەرەی کوردستانیی و حکومەتی عێراق لە (٧/ ئایاری ١٩٩١) دەستی پێکرد.[٢] لە دوای (١٩/ ئایاری ١٩٩١) مەسعود بارزانی ڕایگەیاند، کەوا سەرکردەکانی کورد و نوێنەرانی حکومەتی عێراق گەیشتوونەتە ڕێککەوتنێک، ئەویش بە چەسپاندنی ڕژێمێکی دیموکراتی لە عێراقدا، لەگەڵ بڕیاردانی ئۆتۆنۆمی بۆ نەتەوەی کورد. لەدوای دوو هەفتە لە دانوستان لە نێوان هەردوولا، حکومەتی عێراق بڕیاری دا بە پێدانی ئۆتۆنۆمی بە کورد، بەپێی ڕێککەوتنێکی مەبدەئی، کە لە (٢٠) خاڵ پێکهاتبوو. هەردوو لایەنیش بڕیاریان لەسەر دا. ڕێککەوتنەکە بڕیاری لەسەر هەڵبژاردنێکی ئازاد و سیستمی فرە حزبی لە عێراق دا، هەروەها جیاکردنەوەی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریی لەگەڵ بوونی سەروەریی یاسا و ئازادی ڕۆژنامەگەریی و جیاکردنەوەی حیزبی بەعسی فەرمانڕەوا لە دەوڵەتی عێراق. هەروەها پێکهێنانی حکومەتێکی بنکەفراوان، کە لە حزبی بەعس و سەرکردەکانی کورد پێکدێت، لەگەڵ تێکەڵکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ناو سوپای عێراق. واژۆنەکردنی ڕێکەوتنامەکە بەشێوەیەکی کاتی لەنێوان هەردوولا، بۆ بەردەوامبوونی ناکۆکییەکان بۆ دیارییکردنی ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی دەگەڕێتەوە.[٣] لە سەرەتای دانووستانەکاندا وەفدی دانووستانکاری بەرەی کوردستانیی زۆر بە پەرۆشبوون بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراقدا. لە گەرمەی دانوستانی نێوان هەردوولا، ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە (٢٨/ ئایاری ١٩٩١) پرۆژەی یاسایی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق بڵاوکردەوە، پرۆژەکە بریتی بوو لە (٢٧) مادە، هەر مادەیەک لە چەند خاڵێک پێکهاتبوو، گەر بە وردی سەیری پرۆژەکە بکرێت، خاڵێکی تێدا نەهاتووە لەگەڵ ئاوات و بەرژەوەندی گەلی کورد یەکتر بگرێتەوە و بە عەقڵیەتێکی شۆڤێنی نەتەوەیی داڕێژراوە.[٤]

خاڵی ناکۆکی نێوان بەرەی کوردستانیی و سەرکردایەتی حکومەتی عێراق، خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینییەوە، لەوانە: دەستووری عێراق، ئاساییکردنەوەی دامودەزگا ئەمنییەکان لە کوردستان، دیارییکردنی سنووری ئۆتۆنۆمی، چارەنووسی بێسەروشوێنەکانی ئەنفال. سەرباری ئەمە داواکاریی حکومەتی عێراق لە بەرەی کوردستانیی بۆ هەڵوەشاندنەوەی هێزی پێشمەرگە، بڕینی هەموو جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ دەرەوە. جیاکردنەوەی حیزبی بەعس لە دەسەڵاتی حکومەتی، ئازادی و دامەزراندنی حیزبی نوێ، یاسایەکی تازە بۆ هەڵبژاردنی گشتی لە عێراقدا. کێشەی دەزگا ئەمنییەکان لە کاتی گفتوگۆکاندا یەکێک بوو لەو خاڵانەی بە چارەسەرنەکراوی مایەوە، دەزگاکانی ئەمن سەر بەدەسەڵاتی ناوەندی بن لە بەغداد، یان سەر بە دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی بێت لە کوردستان. کێشەی کەرکوک و پرسی ئاسایش و مەسەلەی سنووری جوگرافی کوردستان یەکێک بوو لە ناکۆکییە چارەسەر نەکراوەکانی نێوانیان، یەکێک لە پرۆژە گرنگەکانی بەرەی کوردستانیی ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کوردستان بوو ئەوان کردبوویان بە ئاساییکردنەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، لەبەرئەوە ئەو ناوچە کوردییانەی نەدەکەوتنە ناو سنووری ئۆتۆنۆمی یەوە ئاسایی نەدەبووەوە. دیاریکردنی سنووری کوردستان یەکێک بوو لە کێشە سەرەکییە چارەسەرنەکراوەکانی نێوان هەردوولا.[٥]

---

١- توانا قادر ابوبکر: س.پ، ل١٠٨.

٢- نەوشیروان مستەفا: مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی...، ل٤٨.

٣- د. حامید محمود عیسا: کسشەی کورد لە عێراق، ب٢، چ١، هەولێر، ٢٠١٤، ل١١٤- ١١٤.

٤- نەوشیروان مستەفا: مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی...، ل٦٠-٦٧.

٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو...، ل٨٩- ٩٢.

حکومەتی عێراق لەسەر پرۆژەکەی بەرەی کوردستانیی بۆ ئۆتۆنۆمی، نەک هەر ڕازی نەبوو، بەڵکو زۆر لەوانەی (١١/ ئاداری ١٩٧٠) و ساڵی(١٩٨٣)ی (ی.ن.ک) کەمتر بوو. دانوستانەکان بە دەرکردنی بەیاننامەیەک لەلایەن حکومەتی عێراقەوە کۆتایی پێهات، کە تێیدا کۆمەڵێک مەرجی بۆ بەرەی کوردستانیی دانابوو، کە جێبەجێ نەدەکران.[1] لە دوای مانەوەی ماوەیەکی زۆر لە دانوستانکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق، یەکەمین کەلێن کەوتە نێوان لایەنە بەشداربووەکانی بەرەی کوردستانیی، بەتایبەتی (ی.ن.ک) و (پ.د.ک). مەسعود بارزانی لەسەر ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراق سوور بوو، جەلال تاڵەبانیش پێداگریی لەسەر گەڕانەوەی شاندی بەرەی کوردستانیی دەکرد.[2] لە (١٧/ حوزەیرانی ١٩٩١) بارزانی و دەستەی نوێنەرانی لە بەغداد گەڕانەوە، گەڕێکی درێژی مانەوە بوو. سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیی چەند کۆبوونەوەیەکی لەسەر گەڕی دووەمی دانوستاندن و باسەکانی و پرۆژەکانی بەغداد کرد. بەم شێوەیە گەڕی دووەمی دانوستاندنەکانیش، پاش گفتوگۆیەکی زۆر نەیتوانی چارەسەری کێشەی کورد لە بەغداد بکات.[3]

دوای گەڕانەوەی شاندی بەرەی کوردستانیی لە بەغداد، کۆبوونەوەی فراوانی بەرەی کوردستانیی لە (٢٥/ حوزەیرانی ١٩٩١) لە شەقڵاوە بە بەشداریی زۆربەی لایەنەکانی بەرەی کوردستانیی، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەنجامەکانی دانوستان و کێشەکانی بەردەمی خستنەڕووی ئەنجامەکانی گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بەسترا.[4] دوای گەڕانەوەی شاندەکە، جارێکی تر هەردوولا بۆ سەر مێزی گفتوگۆ گەڕانەوە. سەردانی شاندی حکومەتی عێراقی بە سەرۆکایەتی عیزەت دوری بۆ هەولێر، گفتوگۆی نێوان هەردوولا دەستی پێکردووە، ئەمەیش ڕێگەی بۆ دەستپێکردنەوەی خولێکی دیکەی دانوستاندن و گفتوگۆی نێوان هەردوولا خۆشکرد.[5]

گەڕی سێیەمی دانوستان و دوا گەڕی لە (١٠/ تەموز - ١٤/ ئابی ١٩٩١)دا بوو. لەم خولەدا دەستەی نوێنەرانی بەرەی کوردستانیی بۆ دانوستان، پێکهاتبوو لە: مەسعود بارزانی سەرۆکی دەستەی نوێنەرایەتی، ڕۆژ نوری شاوەیس، جەوهەر نامیق سالم و ئازاد بەرواری لە (پ.د.ک) و فواد مەعسوم و دارا تۆفیق لە (ی.ن.ک) و لە (حسک) د.مەحمود عوسمان، عەدنان موفتی، سامی عەبدولڕەحمان و بروسک شاوەیس لە (پارتی گەل). دەستەی نوێنەرایەتی حکومەتی عێراق، پێکهاتبوو لە: عیزەت ئیبراهیم دوریی، عەلی حەسەن مەجید، سابیر دوریی، سەعدی مەهدی سالح، حسین کامیل خالید محەمەد، تاریق عزیز، د.مونزیر شاوی و محەمەد حمزە زوبەیدی.[6]

لە گەڕی سێیەمی دانوستانەکاندا چەند پرۆژەیەک بۆ ڕێککەوتن و ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کوردستان و یاسای ئۆتۆنۆمی و پرۆژەی ڕێککەوتنی کۆتایی ئامادەکرابوو. لە (٢١/ تەموزی ١٩٩١) پرۆژەیەکی (٢٠) خاڵی بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کوردستان ئامادەکرا، لە گرنگترین بەندەکانی:

١- لێبوردنی گشتی بۆ هەموو کورد و ئەندامانی بەرەی کوردستانیی، مەدەنی و سیاسیی لە تاوانی سیاسی یان هەڵاتوو لە جەنگ، لە هەموو سزایەک.

٢- ئازادکردنی بەندکراوان و ڕاگیراوان.

٣- گەڕاندنەوەی ئەندامانی بەرەی کوردستانیی بۆ سەر کارەکانیان لە مەدەنی و سەربازیی، ماوەی چوونەدەرەوەیان بە خزمەت بۆ هەژماربکرێت.

٤- هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری گواستنەوەی کارمەندان بۆ ناوچەکانی دیکە و گەڕاندنەوەیان بۆ شوێنی پێشووی خۆیان.

---

١- مەجید سالح: س.پ، ل٣١٤-٣١٥.
٢- ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا: س.پ، ل٤٣٣.
٣- توانا قادر ابوبکر: س.پ، ل١١٠؛ مەجید سالح: س.پ، ل٤١٥.
٤- د.عەبدوڵا ئاگرین: چەپکێک لە کۆنووسی کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی (١٩٩١/٦/٢٥-١٩٩٤/١١/٢٩)، چ١، هەولێر، ٢٠٢١، ل١٩.
٥- سەلام عبدالکریم: ژیانی سیاسی...، ل٢١٤؛ د.حامید محمود عیسا: س.پ، ب٢، ل١١٦.
٦- نەوشیروان مستەفا: مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی، ل١١٥- ١١٨.

٥- ڕاگرتنی پەخشی ڕادیۆکان و ڕادەستکردنی ئامێرەکان لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا.

٦- هەڵوەشاندنەوەی هەموو ڕێکخستنە چەکدارییەکان لەماوەی شەش مانگدا، لە ڕۆژی ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەکەوە، گەڕاندنەوەی کارمەندانی سوپا و ئاسایشی ناوخۆ بۆ کاری خۆیان.[١]

ئەمە و جگە لە ئامادەکردنی پرۆژەیەک بۆ ڕێککەوتن لەنێوان هەردوولادا لە پێناو بەرژەوەندی عێراقدا، لە گرنگترین بەندەکانی پرۆژەکە:

١- هەردوولا بەڵێن دەدەن بۆ کاری پێکەوەیی و تێکۆشان لە پێناو بەرگرییکردن لە سەروەریی و یەکپارچەیی عێراق و ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی دوژمنەکان و پیلانگێریی ئەمریکا، ئیسرائیل، ئێران، سوریا، تورکیا، عەرەبستانی سعودی و کوێت.

٢- حزبی بەعس و بەرەی کوردستانیی جەخت ئەکەنەوە، کە سەدام حسێن گەرەنتی سەروەریی و سەربەخۆیی یەکپارچەیی و گەشەسەندنی عێراقە.

٣- پشتگیریی حزبی بەعس و بەرەی کوردستانیی بۆ خەباتی گەلی کورد لە تورکیا، ئێران و سوریا لە پێناو بەدیهێنانی دیموکراسی و مافە نەتەوەییەکانیان،

٤- سەبارەت بە سنووری ناوچەی کارگێریی و ناوچەی ئۆتۆنۆمی، ڕێککەوتن لەسەر: سەبارەت بەو ناوچانەی، کە سەر بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی نین، بە کاری بارودۆخی نائاسایی دوائەخرێت تا بارودۆخی وڵات ئەگونجێت، ئەو ناوچانەی، کە ڕاوبۆچوونی جیاوازیان لەسەرە، لە داهاتوودا بە ڕێگای یاسایی و دامودەزگای نیشتیمانی تایبەتمەند چارەسەر دەکرێت.[٢]

دوای (٤٢) ڕۆژ لە وتووێژ و مانەوە لە بەغداد، مەسعود بارزانی و شاندی بەرەی کوردستانیی گەڕانەوە و ڕێککەوتنێکی ئامادەکراویان بۆ ئیمزاکردن هێنایەوە.[٣] بۆ ئەم مەبەستەش سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیی لە چەند دانیشتنێکی لە ڕۆژانی (٢٨-٢٩/ ئابی ١٩٩١) لە شەقڵاوە ئەنجامدا و هەروەها لە خەلیفان لە (١٠/ ئەیلولی ١٩٩١) بۆ تاوتوێکردن و بیروڕا دەربڕین لەسەر ڕێککەوتنە ئامادەکراوەکە لەگەڵ حکومەتی عێراق.[٤] لە کۆبوونەوەکانی بەرەی کوردستانییدا (ی.ن.ک) و (حسک) لە دژی ڕێکەوتن بوون و (پ.د.ک)یش لەگەڵ ڕێککەوتندا بوو.[٥]

ململانێی ئەم دوو پارتە لە ساتەوەختی دانوستاندنەکانی نێوان بەرەی کوردستانیی و حکومەتی عێراقدا سەریهەڵدا. جەلال تاڵەبانی لە کاتێکدا، کە سەرکردایەتی دانوستانەکانی مانگی (نیسانی ١٩٩١)ی دەکرد، دەرکی بەوە کردبوو، کە سەرکردایەتی دەوڵەتی عێراق تاکڕەوانە دەڕوانێتە دانوستان و مەبەستیان دووبارە بەهێزکردنەوەی عێراقە، بەبێ ئەوەی کێشەی کورد لە عێراقدا هەنگاوێک بەرەوپێش بڕوات، لەگەڵ ئەوەشدا خودی تاڵەبانی ئەو بۆچوونەی لا گەڵاڵە بوو، کە بەرەی کوردستانیی بێ ئەوەی ڕەوشی ناوخۆ و دەرەوەی کورد هەڵبسەنگێنێت، دانوستانیان پەسەندکردووە، بەتایبەتی لە کاتێکدا کێشەی کورد بەهۆی ئاوارەبوون و کۆڕەوەوە ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی وەرگرتووە، لێرەوە تاڵەبانی گەیشتە ئەو بڕوایەی، کە پێویستە بەڕێوەچوونی دانوستانەکان بەسەرپەرشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە ژێر سایەی بڕیاری (٦٨٨)دا بێت، تاکو عێراق بەجێبەجێکردنی پابەند بکات. وێڕای ئەمە لە نێو سەردانی تاڵەبانی بۆ ئەوروپا و ئەمریکا لە ناوەڕاستی (١٩٩١) ئەوەیان بۆ ڕوونکردەوە، کە ڕژێمی عێراق ئەگەری ڕووخانی هەیە و نەتەوەی کورد هەڵە دەکات لە دیکتاتۆرێکی وەک سەدام حسێن دڵنیا بێت، لەلایەکی ترەوە پەیمانی ئەوەی وەرگرتبوو، کە یارمەتی کورد لەو

---

١- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پرۆژە (٢٠) خاڵیەکەی نێوان هەردوولا بڕوانە: نەوشیروان مستەفا: مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی...، ل١٢٤- ١٢٨.

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١٩- ١٢٣.

٣- سەلام عبدالکریم: ژیانی سیاسی...، ل٢١٤.

٤- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کۆبوونەوەکانی بەرەی کوردستانی بڕوانە: د.عەبدوڵ ئاگرین: کۆنووسی کۆبوونەکانی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی، ل٥١- ٦٤.

٥- نەوشیروان مستەفا: مفاوەزاتی بەرەی کوردستانی، ل١١٩؛ سەلام عبدالکریم: ژیانی سیاسی...، ل٢١٤.

هەرێمە دەدرێت، کە لەدوای مانگی (تشرینی یەکەمی ١٩٩١) بەتەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی بەرەی کوردستانییدا بوو. لە بەرامبەردا مەسعود بارزانی، کە لە مانگی (ئایاری ١٩٩١) سەرۆکایەتی شاندی بەرەی کوردستانیی کردبوو، هەموو هەوڵەکانی بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراقی خستبووەگەڕ، چونکە گومانی لە هەڵوێستی نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانان بەتایبەتی ئەمریکا هەبوو. ئەو لەو کلاوڕۆژنەوە دەیڕوانی، کە چاوپۆشیی لە ئاستی کێشەی کورد و نسکۆی (١٩٧٥) و جینۆسایدی (١٩٨٨) و ڕاپەڕینی (١٩٩١)، بە بەڵگە دەزانی، کە کۆمەڵی نێودەوڵەتی لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا نەبووە، جگە لەوە پێی وابوو، کە چیتر کورد ناتوانێت خۆی لە بەردەم ڕەشەکوژیی و ئاوارەییدا بگرێت. هەموو ئەمانە وایان کرد، کە بارزانی باوەڕی بە چارەسەری ناوخۆیی کێشەی کورد لە ناو عێراقدا لە بەرامبەر چارەسەر لە دەرەوەی عێراق بە بەهێزتر بزانێت.[١]

ئەوەی ئەم گومانەی بەلای ڕاستیدا برد، دیارییکردنی بازنەی (٣٦) بوو بۆ ناوچەی دژە فڕین، کە بەشێک لە پارێزگاکانی سلێمانی و تەواوی پارێزگاکانی کەرکوکی نەدەگرتەوە، هەروەها کشانەوەی هێزی هاوپەیمانان لە (تەموزی ١٩٩١)، دواجار ئەم هۆکارانە وایکرد لە (٢٢/ نیسانی ١٩٩١)دا لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بگاتە گەڵاڵەکردنی پرۆژە بڕیارێک لە ژێر ناوی (پرۆژەی یاسای ئۆتۆنۆمی لە ناوچەی کوردستان).[٢] لە کاتێکدا سەرکردایەتی سیاسیی بەرەی کوردستانیی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا لە گەرمەی دانوستاندا بوون، نارەزایی جەماوەریی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان لە دژی حکومەتی عێراقی دەستیپێکرد لەوانە لە (١٧/ تەموزی ١٩٩١) خۆپیشاندانی جەماوەری لە شێخەڵا لە هەولێر دەستی پێکرد و حکومەتی عێراق بە توندی کەوتە سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران و بڵاوەپێکردنیان.[٣]

ڕۆژێک دوای ئەو خۆپیشاندانەی هەولێر، لە (١٨/ تەمموزی ١٩٩١) ڕاپەڕین لە شاری سلێمانی و دەوروبەری گرتەوە، ئەویش کاتێک ڕووی دا، کە هەندێک لە پێشمەرگەکانی دەوروبەری سلێمانی ویستبوویان لە سەربازگەی (سارداوە)وە بۆ هەندێک پێداویستی ڕۆژانەی خۆیان بۆ ناو شاری سلێمانی بچن، بەڵام سەربازگەکانی حکومەتی عێراق ڕێگرییان لێ دەکەن و شەڕ لەنێوان هەردوولادا لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی دەستپێدەکات هەتا کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ. ڕاپەڕین تەواوی شاری گرتەوە، پەلاماری هەموو بنکە و بارەگا و مۆڵگەکانی حکومەتی عێراقییان دا، لەو کاتەدا حکومەتی عێراق تانکێکی زۆری هێنایە ناو شار و لەسەر شەقامی سەرەکی شار لە دووڕیيانی سەرچنارەوە بەرەو ناو بازاڕ بۆ بەرگریی لەخۆکردن. شەڕی قورس و بەیەکدادان لەنێوان هەردوولادا دەستی پێکرد. لە ئەنجامدا دەست بەسەر هەموو دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق داگیرا. لەم ڕاپەڕینەدا باس لە کوژرانی (٢٢٠- ٣٠٠) سەربازی سوپایی عێراقی دەکرێت و (٢٥٠٠) سەربازی دیکە خۆیان ڕادەستی جەماوەری ڕاپەڕیو کردووە، جگە لە سووتانی دەیان تانک و زرێپۆشی حکومەتی عێراقی و شەهیدبوونی (١٢) پێشمەرگە و باس لە شەهیدبوونی (١٠٠) کەس لە هاوڵاتیان دەکرێت.[٤] لە دوای شاری سلێمانی، ڕاپەڕین ناوچەکانی شارەزوور و کەلار و دەربەندیخان و زۆر ناوچەی دیکەی گرتەوە، هێزی پێشمەرگە و جەماوەری ڕاپەڕیو دەستیان بەسەر دامودەزگاکانی حکومەتی عێراقدا گرت.[٥] بەم شێوەیە بارودۆخی نالەبار لە باشووری کوردستاندا دروست بوو، لە (تەموزی ١٩٩١) شاری هەولێر و سلێمانی بەتەواوەتی کەوتەژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگە و جەماوەری ڕاپەڕیو، حکومەتی عێراق بڕیاری دا هێزەکانی بۆ دەرەوەی شارەکان بکشێنێتەوە و لە دەوروبەری ئۆردوگاکاندا بەتەواوەتی دایمەزراندن. لە (٢/ ئابی ١٩٩١) شاری دهۆک کەوتەوە دەست هێزەکانی پێشمەرگە و جەماوەری ڕاپەڕیو، ئەم ڕاپەڕینەش لەلای جەماوەری کوردستان و هێزی پێشمەرگەوە بە ڕاپەڕینی دووەم ناسرا.[٦]

---

١- هێرش عەبدوڵا حەمە کەریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ ئێران و تورکیا و سوریا (١٩٩١- ٢٠٠٣)، چ١، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٥٠.
٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠-٥١.
٣- ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا: س.پ، ل٤٣٤-٤٣٥.
٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٥-٤٣٦.
٥- محمد حاجی محمود: ڕۆژمێری پێشمەرگەیە، ب٣، چ١، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٣١٢.
٦- ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا: س.پ، ل٤٣٦- ٤٣٧.

لە مانگەکانی ئەیلول و تشرینی یەکەم چەند شەڕێکی توند لە دەوروبەری کەرکوک پاشان ناوچەکانی تری گرتەوە لە (٥/ تشرینی یەکەمی ١٩٩١) سوپای عێراق بەپاڵپشتی سەدان زرێپۆش پەلاماری شارۆچکەی کفری و دەوروبەری داو دەستی بەسەردا گیرا. هێزەکانی سوپای عێراق بەرەو سەرقەڵا و کەلار لە پێشڕەویدابوون، بەڵام هێزەکەی سوپای عێراق لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە لە شارۆچکەی سەرقڵا بەتەواوەتی تێکشکا، جگە لەوەش هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە شارەزوور و دەربەندیخان و مەیدان ڕووبەڕووی یەکتربوونەوە و سوپای عێراق شکا و پاشەکشێی کرد.[١]

لە دوای هێرشی سوپای عێراق لە (٥/ تشرینی یەکەمی ١٩٩١) لە ڕۆژانی (٧ و ٨/ تشرینی یەکەمی ١٩٩١) سوپای عێراق بە هیزێکی زۆرەوە هێرشی بۆ سەر شاری سلێمانی کرد.[٢] لە ڕۆژنامەی (بەرەی کوردستانیی)دا لەسەر ئاڵۆزییەکانی شاری سلێمانی هاتووە، کە دیسان بەپێچەوانەی گیانی وتووێژی نێوان بەرەی کوردستانیی و حکومەتی عێراق لە ڕۆژانی (٧ بۆ ١٠/ تشرینی یەکەم) سوپای عێراق بەشێوەیەکی نامرۆڤانە لە سێ قۆڵەوە (باخی بەختیاری، گردی ئەحمەد بۆنخۆش، گەڕەکی وڵوبە)ی نزیک شاری سلێمانی کەوتە بۆمببارانکردنی ناو شاری سلێمانی و بووە هۆی کوژرانی پتر لە (٥٠) هاوڵاتی و بریندار بوونی پتر لە (٨٠٠) کەس.[٣] لە دوای ئەوەش جەماوەری شاری سلێمانی هەڵیانکوتایە سەر دامودەزگاکانی حکومەت و شارەکە و بەتەواوەتی پاککرایەوە، ئەمەش بە ڕاپەڕینی سێیەم ناسراوە[٤]. باس لە کوژرانی (٦٠) سەربازی عێراقی لە ئاڵۆزییەکانی (٧ بۆ ١٠/ تشرینی یەکەم) دەکرێت، هەرچەندە ڕۆژنامەی (بەرەی کوردستانیی)، کە زمانحاڵی هێزە کوردییەکانی ئەم دەمە بووە، ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە سەربازی دیل کوژرابێت.[٥]

ئەم ڕەوشە لە بەرژەوەندی حکومەتی عێراقدا نەبوو، بەتایبەتی دوای بڕیاری (٦٨٨) و دابینکردنی ناوچەی ئارام لەسەر هێڵی (٣٦) بۆ پاراستنی ناوچە کوردییەکان لە دەستی حکومەتی عێراق بەتەواوەتی سوپای عێراق لاواز بوو لە کوردستان، ڕۆژانە سەربازەکانی چەک دەکران و دەیان سەرباز و ئەمن هەواڵگری پۆلیسی عێراق دەکوژران، هەر بۆیە حکومەتی عێراق سەرجەم پیلانەکانی شکستی خوارد و نەیتوانی وەک جاران دەسەڵاتی خۆی بچەسپێنێتەوە و حوکمڕانی ناوچە کوردییەکان بکات. بۆیە دواجار گفتوگۆی نێوان سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیی و حکومەتی عێراق وەستا.[٦]

لە دوای ئەوەی دانوستانەکانی نێوان بەرەی کوردستانیی و حکومەتی عێراق هیچ ئەنجامێکیان نەبوو، سەدام حسێن لە (٢٦/ تشرینی یەکەمی ١٩٩١)دا بڕیاری دا هەموو دامودەزگاکانی حکومەتی ناوەندیی لە کوردستان بکشێنێتەوە. ئەم کارەی حکومەتی عێراق بۆشاییەکی کارگێڕیی و یاسایی و ئەمنی گەورەی لە کوردستاندا دروستکرد.[٧] لە کۆتاییدا دانوستانەکان لە نێوان بەرەی کوردستانیی و حکومەتی عێراقدا کۆتایی هات و هۆکاری بنەڕەتیش ئەوە بوو، لایەنی بەرەی کوردستانیی بە دەقی ڕێککەوتنەکە ڕازی نەبوو، ئەوە و چەند کێشەیەکی تر خاڵی بنەڕەتی ڕێکنەکەوتنی هەردوولا بوو.[٨]

ئامانجەکانی حکومەتی عێراق لە کشانەوەی دامودەزگا کارگێڕییەکانی لە(٢٦/ تشرینی یەکەمی ١٩٩١)و سەپاندنی گەمارۆی ئابووری بەسەر کوردستاندا خۆی لە چەند ئامانجێکدا دەبینیەوە:

١- حکومەتی عێراق پێی وابوو، بە کشانەوەی دامودەزگاکانی لە کوردستاندا، ئاژاوە و گێرەشێوێنی زۆر بڵاودەبێتەوە و شیرازەی کۆمەڵایەتیی تێکدەچێت و ڕیزەکانی کۆمەڵگەی کوردی لێکدەترازێت.

---

١- مەحمود سەنگاوی: س.پ، ل٤٠٠- ٤٠١؛ کەریم کاکە گەرمیانی: منیش پێشمەرگە بوون، چ١، سلێمانی، ٢٠١٧، ل١٠٨- ١٠٩.
٢- سلاح بروارى: جلال طالباني مواقف وأراء، ج١، ط ٢، السليمانية، نيسان ٢٠١٠، ص٣٠١- ٣٠٢.
٣- ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانی: ژ.(١)، خولی دووەم، ساڵی چوارەم، تشرینی یەکەمی ١٩٩١، ل١.
٤- مەسعود مەحمود حەسەن: شاری سلێمانی (١٩٨٨- ٢٠٠٣)، نامەی ماستەرە پێشکەشی بەشی مێژووی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، سلێمانی، ٢٠١٨،(بڵاونەکراوە)، ل١٠٩.
٥- ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانی: ژ.(١)، ل١.
٦- ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا: س.پ، ل٤٣٩.
٧- مەجید سالح: س.پ، ل٤٢٣؛ سلام عبدالكريم: ژیانی سیاسی...، ل٢١٥؛ سەلاح رەشید: شەڕی ناوخۆی کورد...، ل٢٧٠.
٨- سلام عبدالكريم: ژیانی سیاسی...، ل٢٢٠؛ ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا: س.پ، ل٤٣٩.

٢- حکومەتی عێراق ئامانجی بوو لە ڕێگەی دەزگا سیخوڕییەکانی و پیاوانی سەر بە ڕژێمی بەعس ناکۆکی بخاتە ناو لایەنە سەرەکییەکانی کوردستان.

٣- ئامانجی بوو، لە ڕێگەی بڕینی بودجەی مانگانەی موچەخۆران و کەمکردنەوەی پارە لە کوردستاندا، بێکاریی و برسێتی و ڕێگریی و دزییکردن بەفراوانی بڵاوبکاتەوە، بەتایبەتی لەدوای بڕینی موچەی پتر لە (١٥٠) هەزار فەرمانبەر.

هەموو ئەم هۆکارانە دەبنە هۆی نارەزایی و مانگرتن و خۆپیشاندان، کاری تێکدەریی بەرفراوان لە باشووری کوردستاندا بڵاودەبێتەوە و کورد ناتوانێت خۆی بەڕێوەبەرێت، ناچار دانیشتوان بۆخۆیان داوا لە حکومەت دەکەن، کە کاروبارەکان بگرێتەوە دەست و ئەویش مەرجەکانی خۆی بەسەر کوردستاندا دەسەپێنێت.[١] لە دوای کشانەوەی دامودەزگاکانی حکومەت، قۆناغێکی نوێ دەستی پێکرد، سەردەمی حوکمڕانیی بەرەی کوردستانییە. بەوهۆیەوە بەرپرسیارێتی گەورە کەوتە ئەستۆی بەرەی کوردستانیی، کە بریتی بوو لە پاراستنی خەڵک و خاکی هەرێمەکە و بەڕێوەبردنیان بەشێوەیەکی سەربەخۆو دوور لە هیچ دەسەڵاتێکی حکومەتی عێراق.[٢]

جگە لەوە، بەرەی کوردستانیی لەگەڵ حکومەتی عێراق بۆ گێڕانەوەی دامودەزگاکانی میری لە پەیوەندیدا بوو، بۆ ئەو مەبەستە سەرەتای مانگی (تشرینی دووەمی ١٩٩١) شاندێکی بەرەی کوردستانیی بە سەرۆکایەتی (ئازاد بەرواری) سەردانی بەغدادی کرد و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرکردایەتی حکومەتی عێراق لەمەڕ پەیوەندییەکانی بەرەی کوردستانیی و حکومەتی عێراق و کشانەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق کرد. لە کۆبوونەوەکەدا باس لە کشانەوەی دەستبەجێی هێزی پێشمەرگەی لایەنەکانی بەرەی کوردستانیی لە ناو شارەکاندا بە بوونی هەر پاساوێک کراوە. خاڵێکی تری کۆبوونەوەکە، باسکردن بووە لە کوشتن و زوڵمکردن لە فەرمانبەرانی حکومەتی عێراقی، تەگەرە خستنە بەردەم ئیش وکاری حکومەت لە هەولێر، سلێمانی و دهۆک.[٣]

لە دوای گەڕانەوەی شاندی بەرەی کوردستانیی لە بەغداد، لە (٢/ تشرینی دووەمی ١٩٩١) سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانیی لە خەلیفان بەمەبەستی گفتوگۆکردن لە بارەی هۆکارەکانی کشانەوەی سوپای عێراق لە کوردستان و ئاساییکردنەوەی ڕەوشی ناوخۆی کوردستان کۆبوونەوە و چەند بڕیارێکیان دەرکرد، لەوانە:

١- دیاریکردنی ژمارەی هێزی پێشمەرگە لە شارەکانی کوردستان، بۆ هاوکاریی لەگەڵ پۆلیس و کشانەوەی ئەوانی تر لە ناو شارەکاندا.

٢- لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە دەست لە کاروباری فەرمانگەکان وەرنەدرێت، وەکو پێشوو کاروباری خۆیان بەڕێوەبەرن.

٣- بارەگای چەکداریی گشت لایەنەکان لە شارەکانی سلێمانی، هەولێر و دهۆک هەڵبگرێت، تەنیا بەشێوەیەکی فەرمیی بارەگای بەرەی کوردستانیی هەبێت بۆ پاراستنی هێزی پێشمەرگەی تێدا بێت.

٤- بڕیاری جێبەجێکردنی دامەزراندنی شورا لە شارەکانی کوردستاندا درا.

٥- فەرمانگەکان وەک خۆیان دەمێننەوە، ئەگەر بەڕێوەبەری فەرمانگەیەک لە شوێنی خۆی نەمابوو، ئەوا جێگرەکەی دادەنرێت.

ئەمانە کۆمەڵە بڕیارێک بوون، لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە بۆ ڕێکخستنی کاروباری شارەکان دران.[٤] بەرەی کوردستانیی بۆ ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کوردستان لە هەوڵەکانی بەردەوام بوو، لە (٧/ تشرینی

---

١- مەسعود مەحمود حەسەن: س.پ، ل١٠٩- ١١٠.

٢- هێرش عەبدوڵا حەمە کریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا (١٩٩١- ١٩٩٨)، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل١٠١.

٣- د.عەبدوڵا ئاگرین: چەپکێک لە کۆنووسی کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی، ل٨٠- ٨١.

٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨١.

دووەمی ١٩٩١) شاندی بەرەی کوردستانیی لیژنەی هاوئاهەنگیی باڵا بە سەرۆکایەتی سامی عەبدولڕەحمان و ئەندامێتی جەوهەر نامیق و نازم عومەر و سەعد عەبدوڵا چوونە بەغداد و لەگەڵ هەریەکە لە عەلی حەسەن مەجید، وەزیری بەرگریی و سابیر عەبدولعەزیز، بەڕێوبەری دەزگای هەواڵگریی عێراقی بۆ قسەکردن لەسەر کشانەوەی دامودەزگاکانی میریی لە کوردستان و سەپاندنی ئابلۆقەی ئابووری بەسەر کوردستاندا کۆبوونەوە، کە (١٠/ تشرینی دووەمی ١٩٩١) ڕێکەوتنێک لەنێوان هەردوولادا ئیمزا کرا، کە چەند خاڵێکی لە خۆدەگرت لەوانە:

١- کشانەوەی هێزی پێشمەرگە لە شارەکاندا و دیاردەی چەکداریی لە شارەکاندا نەمێنێت.

٢- دامودەزگا کارگێڕییەکان، پاش کشانەوەی چەکدارەکان، بۆ شوێنی خۆیان دەگەڕێنەوە.

٣- کاروباری ئابووری و بازرگانی بەشێوەیەکی سروشتی لەنێوان ناوچەکە و گشت ناوچەکانی تردا هەبێت.

٤- سەرجەم بارەگا چەکدارییەکانی ناو شارەکان (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) جگە لە بارەگای بەرەی کوردستانیی گشتی دابخرێت.[1]

لە پێناو ئاساییکردنەوەی ڕەوشی کوردستان سەرکردایەتی سیاسیی بەرەی کوردستانیی لە (١٢/ تشرینی دووەمی ١٩٩١) بە ئامادەبوونی گشت لایەنەکانی بەرەی کوردستانیی، چەند بڕیارێکی گرنگی دەرکرد،[2]

یەکێکی تر لە بڕیارەکانی بەرەی کوردستانیی لە ناوەڕاستی (تشرینی دووەمی ١٩٩١) دانانی چوار کەسایەتی سەرەکی بوو بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هەرچوار پارێزگاکە و دەسەڵاتی تەواویان پێدرا ئەوانیش:

١- پارێزگای هەولێر/ کۆسرەت ڕەسوڵ.

٢- پارێزگای سلێمانی/ عومەر سەید عەلی.

٣- پارێزگای دهۆک/ فازل میرانی.

٤- ناوچە ڕزگارکراوەکانی پارێزگای کەرکوک/ بە ناحیە و قەزاکانەوە/ جەوهەر نامیق سالم.

هەرچەندە هێزی پێشمەرگە پتر لە ژێردەستی حزبەکاندا بوو، بەڵام بەشێک لە هێزی پێشمەرگە خرانە ژێر فەرمانی ئەو کەسانەی، کە دانرابوون بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕیی پارێزگاکان، بەمەبەستی پاراستنی ئاسایش و ئارامی و بەڕێوەبردنی کاروباری هاوڵاتیان، ڕاستەوخۆ ئەو کەسانەی دیاریکران، دەستبەکاربوون و سەرکردایەتی بەرەی کوردستانییش لە کۆبوونەوەکانی بەردەوام بوو بە وردی ڕەوشەکە و ڕووداوەکانی هەڵدەسەنگاند.[3]

لە بەردەوامبوونی کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانیی کۆمیتەی کارگێڕی بەرەی کوردستانیی پێکهێنرا، کە نوێنەری هەموو لایەنە بەشدارەکانی بەرەی کوردستانیی تێدابوو، ئەمە کاروباری ڕۆژانەی هاوڵاتیانی بەڕێوەدەبرد، واتە جێگەی ئەنجوومەنی وەزیرانی گرتەوە، پێکهاتبوون لە (هۆشیار زێباری لە (پ.د.ک)، قادری حاجی عەلی لە (ی.ن.ک)، قادر جەباری لە (حسک)، سامی عەبدولڕەحمان لە (پارتی گەل)، قادر عزیز لە زەحمەتکێشان و عەبدوڵا ئاگرین لە پاسۆک).[4]

بەرەی کوردستانیی بڕیاری دا، کە کاروباری شار و شارۆچکەکان ڕێکبخاتەوە، دامودەزگا کارگێڕییەکان بخاتەوە سەر هێڵی خۆی، بۆ ئەمەش بەڕێوەبەری شارەوانی و فەرمانگەکانی تر، وەک پێشووتر بەردەوام بوون لە کاری خۆیان و تەنیا ئەوە گۆڕا کە پێشووتر ئەمانە گوێڕایەڵی حکومەتی عێراق دەبوون، بەڵام لەوە بەدواوە گوێڕایەڵی سەرکردایەتی سیاسی بەرە و کۆمیتەی کارگێڕی ناوچەکان دەبوون، ئەمە جگە لەوەی ئەو بەڕێوبەرانەی، کە بەعسی بوون لە پۆستەکانیان دوورخرانەوە و نوێنەری حزب و لایەنەکان لە

---

١- د.عەبدوڵا ئاگرین: مێژووی ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانی، چ١، هەولێر، ٢٠٢١، ل٣٥.
٢- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بڕیارەکانی بەرەی کوردستانی بڕوانە: د. عەبدوڵا ئاگرین: کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی...ل٣٥-٣٦.
٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥-٣٦.
٤- توانا قادر ابوبکر: س.پ، ل١٠٠-١٠١.

شوێنەکانیان دانران. واتە بەرەی کوردستانیی لەڕووی کارگێڕییەوە جیهانبینی نوێی پیشان نەدا بۆ بەڕێوەبردنی دامودەزگاکان و لەسەر هەمان شێوەی حکومەتی عێراق کاروبارەکان بەڕێوەدەبران.[1]

بەرەی کوردستانیی لە هەوڵەکانی بەردەوام بوو بۆ بەڕێوەبردنی کوردستان لە پێناو دەرچوون لەو ڕەوشی ئاڵۆزەی لە ئەنجامی کشانەوەی دامودەزگاکانی حوکمەت و سەپاندنی ئابڵوقەی ئابووری عێراق لەسەر ناوچە کوردییەکان، مەسعود بارزانی بە یاوەری شاندێکی بەرەی کوردستانیی لە (٢٨/ تشرینی دووەمی ١٩٩١) سەردانی شاری بەغدادی کرد و بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئاڵۆزی کوردستان و گەڕانەوەی فەرمانگەکان و خزمەتگوزایی و ئەمن و ئاسایش ، لەگەڵ سەرۆک کۆماری عێراق و زۆرێک لە کاربەدەستانی عێراقدا کۆبووەوە. حکومەتی عێراق بە شاندی بەرەی کوردستانییان ڕاگەیاندبوو، کە پابەندییان هەیە بە ڕێکەوتنی لیژنەی هاوئاهەنگیی ناوەندیی، دەربارەی گێڕانەوەی دامودەزگاکان و فەرمانگە و خزمەتگوزارییەکان بۆ ناوچەکانی کوردستان لە هەرکوێ ئەمن و ئاسایش چەسپا و دیاردەی چەکداری نەما ئەوا فەرمانگە و خزمەتگوزارییەکان دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان، هەروەها میری بەڵێنی دابوو، کە هێزەکانی سوپای عێراق لەو شوێنانەی هەن، ناچنە پیش و هیچ جۆرە کردەوەیەکی سەربازیی لە دژی کورد ئەنجام نادەن، ئازادکردنی ئەو پێشمەرگانەی لە شەڕ و ئاڵۆزییەکانی مانگی (تشرینی یەکەمی ١٩٩١)دا دەستگیر کرابوون، دواتر لە (٤/ تشرینی دووەمی ١٩٩١) ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەیان ئازادکرد.[2]

خراپی ڕەوشی کوردستان و برسێتی و نەبوونی و گەمارۆی ئابووری دوولایەنە، دروستبوونی بۆشایی کارگێڕیی و کشانەوەی دامودەزگا فەرمییەکان و ترس لە هێرشی سوپای عێراق، وەک پێویست ئیدارە نەدانی هەرێم لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە، بوونە مایەی ئەوەی مانگرتنەکانی (کانونی یەکەمی ١٩٩١)ی لێیکەوێتەوە، کە تیایدا سەدان گەنج و چەندین کەس بۆ ماوەی (٨ تا ١٠)ڕۆژ لە بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان و فەرمانگە فەرمییەکاندا مانیان لە خواردن و خواردنەوە گرت و بە یاداشت بەیاننامەکانیان و داواکارییەکانی کوردیان لەم قۆناغەدا خستەڕوو. بۆ پشتیوانیکردنیشیان ڕۆژانە لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستانەوە، بە هەزار هاوڵاتی ڕژابوونە سەر شەقامەکان و بەشداریی خۆپیشاندانەکانیان دەکرد و بەرەو ڕووی نووسینگەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دروشمیان بەرزدەکردەوە. ئەم مانگرتنانە بزوتنەوەیەکی جەماوەریی سەرتاسەریی بوو لە هەرێمی کوردستاندا، بەیەکەم هەنگاوی خەباتی مەدەنی دیموکراسیانە لە باشووری کوردستاندا دادەنرێت.[3]

لە دوای گەڕانەوەی شاندی بەرەی کوردستانیی لە بەغداد سەرکردایەتی سیاسیی بەرەی کوردستانیی لە (١١/ کانونی یەکەمی ١٩٩١) کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا بڕیاریاندا کە کاروباری ناوخۆی شار و شارۆچکەکانی کوردستان ڕێکبخەنەوە نوێنەرانی حیزبی لایەنەکان بکەن بە کاربەدەست و بەڕێوبەری دامودەزگا کارگێڕییەکان. حکومەتی عێراقیشیان ئاگادارکردەوە، کە تاوەکو (٧-١٠) ڕۆژ، ئەگەر گەمارۆی ئابووری (ئازوقە و سووتەمەنی) لەسەر کوردستان لانەبرێت، ئەوا سەرکردایەتی سیاسیی بەرەی کوردستانیی فەرمانگەکانی کوردستان ڕێکدەخاتەوە و پاشەکشێی تەواو لە حکومەتی عێراق دەکەن.[4]

ئەوکات بەرەی کوردستانیی بەرزترین دەسەڵاتی سیاسیی و سەربازیی بوو لە کوردستاندا، لەگەڵ ئەوەشدا دامودەزگاکانی بەرەی کوردستانیی پتر دامودەزگای حیزبی و کاتیی و کاربەڕێکەر بوون، کە توانیان تا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراندنی فەرمی دامودەزگاکان، کاروبارەکان بەڕێوەبەرن.[5] هەربۆیە بارودۆخێکی ناجێگیر و تا ڕادەیەک بێ یاسایی و بێسەرو بەرەیی و یاساشکێنی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان لەڕووی بەڕێوەبردنەوە هاتە ئاراوە، بۆ نموونە لە

١- ڕوود هۆف و ئەوانی تر: هەڵبژاردنەکانی کوردستانی عێراق (١٩/ مایسی ١٩٩٢)، و. سفوت رەشید صدقی، چ٢، چاپخانەی ئەزمەر، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٥٠-٥١.
٢- ڕۆژنامەی بەرەی کوردستانی، ژمارە (٤)، خولی دووەم ساڵی چوارەم، کانونی یەکەمی ١٩٩١، ل١.
٣- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر مانگرتنەکانی ساڵی (١٩٩١) و داواکارییەکانیان بروانە: د.سەروەر عبدالرحمان عمر: مانگرتنەکانی ساڵی (١٩٩١)، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٢٩- ٣٠.
٤- عەبدوڵا ئاگرین: کۆنووسی کۆبوونەوەکانی بەرەی کوردستانی، ل١٢١- ١٢٢ ؛ ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا: س.پ، ل٤٤٢.
٥- توانا قادر ابوبکر: س.پ، ل١٠١.

کۆتایی ساڵی (١٩٩١) زۆربەی ئەو ئامێر و کەلوپەل و کەرەستە گرنگەکانی، کە لەدوای کشانەوەی حکومەتی عێراق بەجێمابوون، لە بەرامبەر بڕێکی پارەی کەم، لەلایەن بەرپرسە حیزبی و فەرماندە و پێشمەرگەی لایەنەکانەوە ڕەوانەی ئێران دەکران.[1]

دانوستانەکانی نێوان بەرەی کوردستانیی و حکومەتی عێراق بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوامبوو لە دوای چەندین خولی گفتوگۆ و دانوستانی نێوان هەردوولا، نەگەیشتنە خاڵێکی بنەڕەتی بۆ ڕێککەوتن، چونکە حکومەتی عێراق سور بوو لەسەر ڕێکنەکەوتن و پێدانی مافەکانی گەلی کورد، مەبەستیان لە گفتوگۆ و دانوستان زیاتر بۆ کات کوشتن و بەهێزکردنی پێگەی خۆیان بوو، لە دوای نەگەیشتنی هەردوولا بە ڕێککەوتن و ئاڵۆزییەکانی باشووری کوردستان، حکومەتی عێراق بڕیاری کشانەوەی دامودەزگاکانی خۆیدا لە ناوچەکانی باشووری کوردستان لە (تشرینی یەکەمی ١٩٩١).

١- ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا: س.پ، ل٤٤٣؛ د. عەبدوڵا ئاگرین: کۆنووسی کۆبوونەوەکانی بەرەی کوردستانی، ل٤٣.

**باسی سێیەم: هەڵبژاردن و دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان (١٩٩٢):**

دواجار بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە کارگێڕییە و ڕەوایەتیدان بە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن، بەرەی کوردستانیی بڕیاری دامەزراندنی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستانی دا ئەویش لەدوای ئەوە هات، کە بەرەی کوردستانیی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دەزگای یاسادانان و جێبەجێکردنی ڕژێمی بەعسی لە کوردستان دابوو، هەر بۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، دەبوو هەڵبژاردنی گشتی ئەنجام بدرێت. یەکەمین کێشە ڕووبەڕووی بەرەی کوردستانیی بووەوە، لایەنی یاسایی بوو، کە ئایا کوردستان لەڕووی یاساییەوە دەتوانێت هەڵبژاردن بکات و دەسەڵاتی یاسادانانی هەیە، لە کاتێکدا، کە هیچ دامەزراوەیەکی یاسایی باڵای نەبوو بڕیاری یاسادانان و هەڵبژاردنی هەبێت. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، لێکۆڵەرەوانی بواری یاسای دەستوریی، ڕێکەوتنامەی (١١/ ئاداری ١٩٧٠)یان بە پێشینەی یاسایی بۆ ئەم هەڵبژاردنە دانا. پێیان وابوو، بەیاننامەی (١١/ ئاداری ١٩٧٠) بنەمایەکی یاسایی گرنگە بۆ بڕیاردان لەسەر دەرکردنی هەر بڕیارێکی یاسایی، کە لە کوردستاندا دەربچێت. بە پشتبەستن بە مادەی (١٠)ی یاسای ئۆتۆنۆمی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٧٤)، کە حکومەتی عێراق خۆی تاکلایەنە پیادەی دەکرد.

مەبەستی بەرەی کوردستانیی لە جەختکردنەوە لەسەر بەیاننامەی (١١/ ئاداری ١٩٧٠) ئەوە بوو، کە هیچ خاڵ و بیانوویەکی یاسایی بە دەست حکومەتی عێراقەوە نەدەن، تا بەو بیانووەوە دەستبەسەر کوردستاندا بگرێت، هەروەها بۆ ئەوەی بەغداد و وڵاتانی دراوسێ وا تێنەگەن، کە نیازی دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆیان هەیە.[1]

دواتر بەرەی کوردستانیی بڕیاری دا لیژنەیەک بۆ دانانی یاسای هەڵبژادنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان پێکبهێنێت. لیژنەکە پێکهاتبوو لە (١٥) ئەندام.[2] لە (٢٣/ کانونی یەکەمی ١٩٩١) دەستی بە کارکردن کرد، لە (٢٨/ کانونی دووەمی ١٩٩٢) کارەکانی تەواوکرد و پرۆژەکەی پێشکەش بە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیی کرد.[3] لە (١٩/ ئاداری ١٩٩٢) سەرکردایەتی سیاسیی بەرەی کوردستانیی بە بەشداریی زۆربەی لایەنەکانی ناو بەرە، بۆ دەرکردنی بڕیارێک بۆ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان کۆبووەوە.[4]

لیژنەکە شێوازی هەڵبژاردنی تاکە کەسیان بەلاوە پەسەند بوو؛ واتە بازنەیی، بەڵام لایەنە سیاسییەکان بۆچوونی جیاوازیان لەسەر شێوازەکەی هەبوو. دواجار بەرەی کوردستانیی شێوەی لیستی پەسەندکرد و ڕێژەی (٧٪) بۆ ئەو پارتانە دانرا، کە دەیانەوێت بەشداریی هەڵبژاردن بکەن؛ دەبێت لەو ڕێژەیە پتر دەنگ بەدەست بهێنن، بۆ ئەوەی بەشداریی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بکەن.[5] لە (٨ نیسانی ١٩٩٢) لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە بڕیاری لەسەر درا، بە ناوی یاسای ژمارە (١) بۆ ساڵی (١٩٩٢) یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق پەسەندکرا و دواتر خرایە بەردەم لایەنە سیاسییەکان.[6]

---

١- ڕوود هۆف و ئەوانی تر: س.پ، ل٥٧- ٥٨؛ محمد رەوف: هەڵبژاردن لە کوردستان (١٩٩٢- ٢٠١٠)، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٣، ل١٥.

٢- لیژنەکە لە (١٥) ئەندام پێکهاتبوو: (د.سەعدی اسماعیل بەرزنجی، د.خورشید شەوکەت ڕەواندزی، دادوەر رەشید عبدالقادر، دادوەر ئەمیر حەوێزی، دادوەر نازم حەوێزی، شەمسەدین موفتی، مەعروف رەوف محمود بابان، حسن عبدالکریم بەرزنجی، مستەفا عەسکەری، د.قیس دێوالێ دوسکی، فەرسەت احمد، بەختیار حەیدەری، قادر جەباری نوێنەری بەرەی کوردستانی، فەرەنسۆ هەریری نوێنەری بەرەی کوردستانی). لیژنەکە لە ڕۆژانی (٢٣ و ٢٨/ کانونی یەکەم) و (٢، ٣، ٤، ١٦، ١٧، ٢٠، ٢٧، ٢٨/ کانونی دووەم) لە کۆلێژی یاسا و ڕامیاری لە زانکۆی سلاحەدین کۆبوونەوە بۆ داڕشتنی پرۆژە یاسای هەڵبژاردن بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سرهنگ حمید البرزنجی: انتخابات أقليم كوردستان العراق بين النظرية والتطبيق، ط١، مؤسسة موكرياني، اربيل، ٢٠٠٢، ص٢٩٠.

٣- سلێمان مستەفا حسن: کورد و یەکەم ئەزموون، چ١، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٤١.

٤- د.عەبدوڵا ئاگرین: کۆنووسی کۆبوونەوەکانی بەرەی کوردستانی..، ل١٢٣.

٥- ڕوود هۆف و ئەوانی تر: س.پ، ل٥٨.

٦- الجريدة الجبهة الكردستانية، العدد (٢)، (١٩٩٢/٤/١١)، ص١.

دواجار وا ڕاگەیەندرا، کە مەسعود بارزانی داوای دانانی ڕێژەی (٧٪) کردووە، وەک کەمترین ڕێژەی دەنگ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان، ئەمە وادیارە بۆ ئەوە بووە، کە خۆیان لە هەڵوێستی پارتە بچوکەکان ڕزگاربکەن، بەڵام لایەنەکانی تریش بەو ڕێژەیە قایل بوون، چونکە وایاندەزانی بە ئاسانی ئەو ڕێژەیە تێدەپەڕێنن.[1] بابەتی یاسای هەڵبژاردنی ڕابەری گەلی کورد لەکاتی دانانی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان لە ئارادا نەبوو. لەسەر پێشنیاری دکتۆر مەحمود عوسمان، نوێنەری (حسک) ئەو بابەتە خرایەڕوو. هەربۆیە لە (١٥/ نیسانی ١٩٩٢) یاسای ژمارە (٢) تایبەت بە هەڵبژاردنی ڕابەری گەلی کورد دەرکرا و بۆ ماوەی (٩) ڕۆژ دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ ئەوانە کرایەوە، کە خۆیان بۆ ئەو پۆستە هەڵدەبژێرن. (٢٥/ نیسانی ١٩٩٢) کۆتا ڕۆژی خۆپاڵاوتن بوو.[2]

سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانیی لە (١٥/ نیسانی ١٩٩٢) بریاری ژمارە (٣)ی بۆ پێکهێنانی لیژنەیەک، بە ناوی لیژنەی باڵای سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان بە سەرۆکایەتی دادوەر (ئەمیر حەوێزی) دەرکرد، کە بە ئەندامێتی ئەمانە بوو:

- ڕەشید مستەفا/ پارێزگاری هەولێر
- فواد سابر ڕەشید/ داواکاری گشتی
- کەریم سوڵتان شەنگاری/ نوێنەری (پ.د.ک)
- جەمیل عەبدولا/ نوێنەری (حسک) و پاسۆک
- بەدران ئەحمەد حەبیب/ نوێنەری حیزبی زەحمەتکێشان
- مەجید جەعفەر: نوێنەری پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان
- هادی مەحمود/ نوێنەری (حشع)
- جەمال تاهر بەکر/ نوێنەری (ی.ن.ک)

کاری ئەم لیژنەیە دابەشکردنی کوردستان بەسەر چەند کەرت و پێکهێنانی لیژنە بۆ ناوچەکان و دانانی پەیرەوی هەڵبژاردن بوو.[3] هەر سەبارەت بە کەمینەکان، بەرەی کوردستانیی لە کۆبوونەوەی (٨/ نیسانی ١٩٩٢) بڕیاریدا (٥) کورسی لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ کەمینەکان بێت لە (ئاشوورییەکان، کلدانی کاسۆلیک، نەستووری و سریانی). بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان، کورسییەکانی پەرلەمان بە (١٠٠) کورسی دانرا، لەسەر بنەمای یەک نوێنەر بۆ هەر (٣٠) هەزار دەنگێک، هەروەها (١٨) ساڵ بەرەو سەرەوە، وەک مەرجی تەمەن بۆ بەشدارییکردن لە هەڵبژاردن دانرا.[4]

بەپێی یاساکە هەڵبژاردنی ڕابەر لە هەمان ڕۆژی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان ئەنجام دەدرێت، زۆرینەی ڕەها مەرجی بەدەستهێنانی ڕابەرایەتی بوو.[5] لە یاساکەدا هاتووە، کە "گەلی کوردستان لە ڕێگەی دەنگدانێکی گشتی و نهێنی و ڕاستەوخۆدا، ڕابەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی هەڵدەبژێردرێت، بۆ ماوەی چوار ساڵ ئەو ڕابەرە نوێنەرایەتی گەلی کورد لە ناوخۆ و دەرەوەدا دەکات". دەبوو ئەو کەسەی خۆی بۆ ڕابەر هەڵدەبژێرێت، تەمەنی لە (٤٠) ساڵ کەمتر نەبێت.[6]

---

١- ڕوود هۆف و ئەوانی تر: س.پ، ل٥٨.
٢- بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٣).
٣- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٦٨)، پێنج شەمە، ١٩٩٢/٤/٦، ل١.
٤- سلێمان مستەفا حسن: س.پ، ل٦٤.
٥- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٧٤)، پێنج شەمە، ١٩٩٢/٤/٢٣، ل١.
٦- توانا قادر ابو بکر: س.پ، ل١٢٠.

هەموو ئەو پارتانەی بەشداریی هەڵبژاردنیان کرد، هەر پارتە و ڕەنگێکی جیاوازی بۆ خۆی هەڵبژارد، ڕەنگی سەوز بۆ (ی.ن.ک) و زەحمەتکێشان و ڕەنگی زەرد بۆ (پ.د.ک) و ڕەنگی شین بۆ (حسک) و پاسوک و ڕەنگی سوور بۆ (حشع)، تێکەڵەیەک لە ڕەنگی سوور و سەوز بۆ پارتی گەل، ئاڵای (باسک) سەوز و سپی و مانگێکی تێدا بوو، دیموکراسییخوازەکان و بێلایەنەکان سوور و سپی بوو، بزوتنەوەی ئاشووری دیموکراتی ڕەنگی مۆر بوو.[١]

هەروەها چوار پارت کاندیدیان بۆ ڕابەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد هەبوو، کە ئەمانە بوون:

یەکەم: جەلال تاڵەبانی کاندیدی لیستی هاوبەشی (ی.ن.ک) و حزبی زەحمەتکێشان بوو، دروشمیان مافی چارەی خۆنووسین بوو.

دووەم: مەسعود بارزانی کاندیدی لیستی (پ.د.ک) بوو، دروشمەکەیان دیموکراتیەت بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان.

سێیەم: دکتۆر مەحمود عوسمان کاندیدی لیستی یەکگرتن (حسک و پاسۆک) بوو، دروشمەکەیان کوردایەتی- دیموکراسی- سەربەخۆیی کوردستان بوو.

چوارەم: شێخ عوسمان عەبدولعەزیز کاندیدی لیستی (باسک) و دروشمەکەیان بریتی بوو لە: ئازادی، دادگەریی، ئاسایش.[٢]

کوردستان بۆ چوار ناوچەی هەڵبژاردن دابەشکرا و هەر ناوچەیەکیش بۆ چەند بنکەی هەڵبژاردن، (١٧٦) بنکەی دەنگدان هەبوو، (٦٢) بنکەی دەنگدان لە هەولێر و (٥٦) بنکەی دەنگدان لە سلێمانی و (٤٢) بنکەی دەنگدان لە دهۆک و (١٦) بنکەی دەنگدان لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی کەرکوک، کە کەلار و کفری و دەربەندیخان و دەوروبەری دەگرتەوە.[٣] دوای تەواوکردنی هەموو ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردن، لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان بڕیاریان دا (١٧/ ئایاری ١٩٩٢) لە سەرتاسەری کوردستاندا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت.[٤] لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان لە (٢١/ نیسانی ١٩٩٢) لەپێناو بەرەوپێشچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن، کۆمەڵێک ڕێنمایی تەکنیکی دەرکرد، کە دەبێت دەنگدەر و هەڵسوڕێنەرانی پرۆسەی هەڵبژاردن لە شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا پەیرەوی لێ بکەن.[٥]

لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان لە (١٦/ ئایار) بەیاننامەی ژمارە (١٠١) کاتی هەڵبژاردنی بۆ ماوەی (٤٨) کاتژمێر دواخست، ڕۆژی دەنگدان خرایە (١٩/ ئایاری ١٩٩٢) بەهۆی خراپی مەرەکەبی دەنگدان، کە بۆ ڕێگریی لە دووبارەبوونەوەی دەنگدان، چونکە مەرەکەبەکە بەشێوەیەکی ئاسایی لێ دەبوویەوە.[٦] بەڵام دواتر لەلایەن کیمیاگەرانی زانکۆی سەلاحەدینەوە کێشەکە چارەسەرکرا، ئەویش بە دروستکردنی تێکەڵەیەک لە ماددەی (نیترات)ی جیوەی تێدا بوو، بۆ ماوەیەکی زۆرتر لەسەر پەنجەی دەنگدەر دەمایەوە، بەڵام ڕەنگە دواخستنی هەڵبژاردن تەنیا بەهۆی خراپی مەرەکەبەکەوە نەبووبێت، چونکە وڵاتانی تورکیا و ئێران و عێراق لە دژی هەڵبژاردنەکە بوون، ئەمەیش بۆخۆی کاریگەریی هەبووە.[٧]

دواجار پرۆسەی دەنگدان لە کاتژمێر (٨)ی بەیانی (١٩/ ئایاری ١٩٩٢) لە سەرجەم بنکەکانی هەڵبژاردن دەستی پێکرد، لەبەر کەمی ناوەندەکانی دەنگدان و قەرەباڵغی زۆری خەڵک، دەنگدان هەتا کاتژمێر (١٢)ی شەو درێژەی کێشا.[٨] هەر لەگەڵ تەواوبوونی هەڵبژاردنەکان، زۆرێک لە لایەنەکان دەستیان کرد بە

---

١- ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا: س.پ، ل٤٥٠؛ هەڵکەفت عبدالواحد: س.پ، ل٧١.
٢- سلێمان مستەفا حسن: س.پ، ل٣٠٣؛ هەڵکەفت عبدالحواحد: س.پ، ل٧٥- ٧٦.
٣- ڕوودهۆف و ئەوانی تر: س.پ، ل٨٥.
٤- بەدران ئەحمەد حەبیب: هەڵبژاردنەکانی کوردستان (١٩/ ئایاری ١٩٩٢) بەڵگە و دەستهاوێژ، چ١، هەولێر، ١٩٩٨، ل٥.
٥- بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٤)
٦- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٩٤) یەک شەمە، ١٩٩٢/٥/١٧، ل١.
٧- مەسعود مەحمود حەسەن: س.پ، ل١٣٥.
٨- ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا: س.پ، ل٤٥٢.

ڕەخنەگرتن لەسەر شێوازی هەڵبژاردنەکە و ئاماژەیان بە ساختەکاریی زۆر لە پرۆسەکەدا دا. لە شەوی (١٩-٢٠/ ئایاری ١٩٩٢) (پ.د.ک) هەڵبژاردنەکانی بە نایاسایی لە قەڵەم دا و ئاماژەی بە ساختەکاریی زۆر لە ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوک داوە.[1] هەروەها لە (٢٠/ ئایاری ١٩٩٢) هەریەکە لە (حسک، پاسوک، حشع، پارتی گەل و پ.د.ک) لە ڕوونکردنەوەیەکدا باسیان لە ساختەکارییەکانی هەڵبژاردن کردبوو.[٢] هەر پارتە و پارتەکانی تری بە ساختەکاریی و پێشێلکاریی لە هەڵبژاردنەکاندا تۆمەتبار دەکرد، (ی.ن.ک) (پ.د.ک)ی تۆمەتبار دەکرد بە ساختەکردنی (٢٨٢٣٤) دەنگ لە مەڵبەندی سێی دهۆک، کە لە ژمارەی خەمڵێنراو دەستەی باڵا زۆرتر دەنگ درابوو.[٣]

سەرەڕای ناڕەزایی و سکاڵای بەشێک لە لایەنەکان لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان، بەڵام دواجار لە (٢٢/ ئایاری ١٩٩٢) لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی بڵاوکردەوە، کە بوو بە جێگەی ناڕەزایی و ڕەخنەی (پ.د.ک)، لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانی ئاماژەی بەوە کرد، کە هەریەکە لە (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) ڕێژەی یاساییان لە هەڵبژاردنەکاندا هێناوە و پارتەکانی تر لەنێوان ڕێژەی (٢٪) بۆ (٥٪)ی دەنگەکانیان هێناوە و نەگەیشتوونەتە ڕێژەی لە (٧٪) بۆ گەیشتن بە ئەنجوومەنی نیشتمانیی.

دەنگی پارتە سەرنەکەوتووەکان بەسەر هەردوو لیستی (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) دابەشکرا، بەم شێوەیە (پ.د.ک) (٥٠,٨٪) و (ی.ن.ک) (٤٩,٢٪).

ڕاگەیاندنی هەڵبژاردن بەم شێوەیە گرژیی و ئاڵۆزیی لەنێوان هەردوو پارتی سەرکەوتوودا دروستکرد.[٤]

دواجار هەردوولا لە (٢٢/ ئایاری ١٩٩٢) لەسەر چەند خاڵێک ڕێککەوتن، لەوانە:

یەکەم: هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی داهاتوو لە (١٥/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٢) بکرێت.

دووەم: هەڵبژاردنی ڕابەر دوای دوو مانگ بکرێتەوە.

سێیەم: ئەنجوومەنی نیشتمانیی پێکەوە لەنێوان هەردوولا بەیەکسانی پێکبێت.

چوارەم: سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی (پەرلەمان) لە (پ.د.ک) بێت و جێگرەکەی (ی.ن.ک) بێت.

پێنجەم: سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن لە (ی.ن.ک) بێت و جێگرەکەی (پ.د.ک) بێت.

شەشەم: ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن بەیەکسانیی دابەش بکرێت.

حەوتەم: دژی یەکتر هیچ جۆرە هاوپەیمانێتییەک نەکەن.

هەشتەم: جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی بەیانێک دەربارەی هەڵبژاردنی ڕابەر دەردەکەن.

نۆیەم: هەردوولا هەوڵی یەکخستنی دامودەزگاکانی شۆڕش بدەن.

دەیەم: ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردن لەلایەن لیژنەی باڵاوە نەکرێت، وەک هەیە و لەگەڵیدا ڕاگەیەندراوێکی هاوبەشی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) دەردەچێت.

یازدەیەم: هەر بڕیارێک لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی دەرچوو، بە ڕەزامەندی هەردوولا بێت.[٥]

١- مەسعود مەحمود حەسەن: س.پ، ل١٣٩.
٢- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٦٣.
٣- هێرش عەبدوڵا حەمە کریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ، ل٥٣.
٤- ڕوودهۆف و ئەوانی تر: س.پ، ل١٠٠.
٥- بەدران ئەحمەد حەبیب: س.پ، ل٥٨.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە بوو:

| زنجیرە | پارتەکان | ژمارەی دەنگەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | (پ.د.ک) | ٤٣٧٨٧٩ | ٪٤٥,٢٧١ |
| ٢ | (ی.ن.ک) و زەحمەتکێشان | ٤٢٣٨٣٣ | ٪٤٣,٨١٠ |
| ٣ | حسک- پاسۆک | ٢٤٨٨٢ | ٪٢,٥٧٢ |
| ٤ | حشع | ٢١١٢٣ | ٪٢,١٢٣ |
| ٥ | پارتی گەل | ٩٩٠٣ | ٪١,١٢٣ |
| ٦ | (باسک) | ٤٩١٠٨ | ٪٥,٠٧٧ |
| ٧ | بێلایەنەکان | ٥٠١ | ٪٠,٠٥١ |

دەنگی ئەو لایەنانەی ڕێژەی (٧٪)یان بۆ گەیشتنە پەرلەمان نەهێنا، بەسەر هەریەکە لە (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) بەشێوەیەکی ڕێژەیی دابەشکرا. دەنگەکان (١٠٥,٥١٧) دەنگی لایەنەکان بوو، ئەنجامەکان بەم شێوەیە گۆڕانکاریی بەسەردا هات: (پ.د.ک) (٤٩١,٤٨٩) بە ڕێژەی (٥٠,٨٪) و (ی.ن.ک) (٤٧٥,٧٣٣) بە ڕێژەی (٤٩,٢٪).[١]

ئەنجامی هەڵبژاردنی ڕابەر سەرجەمی دەنگەکان (٩٨٢,٦٤٩) دەنگ بوو، لەو ڕێژەیە (٩٧٠,٦٠٠) دەنگی ژمێردراو هەبوو، لەگەڵ (١٢٠٤٩) دەنگی نەژمێردراو. ڕیزبەندی هەڵبژاردنی ڕابەر بەم شێوەیە بوو:

یەکەم: مەسعود بارزانی (٤٦٦,٨١٩) دەنگ، ڕێژەی (٤٨,١٢٣٪)

دووەم: جەلال تاڵەبانی (٤٤١,٥٠٧) دەنگ، ڕێژەی (٤٥,٤٧٦٪)

سێیەم: عوسمان عەبدولعەزیز (٣٨,٨٦٥) دەنگ، ڕێژەی (٤٪)

چوارەم: دکتۆر مەحمود عوسمان (٢٣,٣٠٩) دەنگ، ڕێژەی (٢,٤٠٢٪)

لەبەر ئەوەی هیچ کام لە پاڵێوراوەکان زۆرینەی ڕەهای (٥٠+١)یان بەدەست نەهێنا، بڕیاردرا ئەو دوو پاڵێوراوەی زۆرترین دەنگیان هێنابوو، لە قۆناغی دووەمدا هەڵبژاردنیان بۆ بکرێتەوە بەڵام لەبەرئەوەی ئەو ڕەوشەی دوای هەڵبژاردن دروستبوو، ئەم هەڵبژاردنە ئەنجام نەدرا.[٢]

سەرەتای ناکۆکی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەرکەوت، (پ.د.ک) ئەنجامەکانی لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکانی ڕەتکردەوە و ڕایگەیاند بەبێ ئاگاداری سەرکردایەتی (پ.د.ک) بووە، سکاڵای یاساییان لەسەر (ئەمیر حەوێزی) سەرۆکی دەستەی هەڵبژاردنەکان تۆمارکرد و لەدوای ڕێکەوتنی هەریەکە لە (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) لە (٢٢/ ئایاری ١٩٩٢)، لە (٢٣/ ئایاری ١٩٩٢) ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەڕێژەی لە (٥١٪) بۆ (پ.د.ک) و (٤٩٪) بۆ (ی.ن.ک) لەلایەن دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە بڵاوکرایەوە. هەربۆیە هەردوولا لەسەر بنەمای ڕێکەوتنی (٢٣/ شوباتی ١٩٩٢) و (٩/ ئایاری ١٩٩٢)، کە تایبەت بە پابەندبوون بە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بوو، ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیان پەسەندکرد.[٣]

---

١- دڵشاد سیامەند شیراوی: ڕۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بونیادنانی پەرلەمان و حکومەت لەنێوان ساڵانی (١٩٩٢- ٢٠٠٦)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (٨)، ٢٠٢١/٦/٢ ، ل٣٧٩؛ سلێمان مستەفا: س.پ، ل٤٧٧-٤٧٨.

٢- مەسعود مەحمود حەسەن: س.پ، ل١٤٢.

٣- هەڵکەفت عبدالواحد سالح: س.پ، ل٩٢.

جەلال تاڵەبانی باس لە ڕێکەوتنی (٢٢/ ئایاری ١٩٩٢)ی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) دەکات و دەڵێت: "لەدوای ڕەتکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لەلایەن مەسعود بارزانییەوە، پێش ئەوەی ڕێکبکەوێت لەسەر (٥٠ بە ٥٠)، ڕێکەوتین لەسەر ئەوەی هەریەکە لە یەکێتی و پارتی (٤٤) کورسی ئەنجوومەنی نیشتمانیی، (١٢) کورسیش بۆ لایەنەکانی تری بەشداربوو لە هەڵبژاردن دابنرێت، بەڵام پارتەکانی تر ڕازی نەبوون بەو دابەشکردنە، بەو شێوەیە هەردوولا ڕێکەوتین لەسەر (٥٠ بە ٥٠)".[١]

لە دوای ڕێکەوتنەکەی (٢٢/ ئایاری ١٩٩٢)ی نێوان مەکتەبی سیاسی هەردوولا، (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) پێکهاتن لەسەر دابەشکردنی کورسییەکانی پەرلەمان و دەسەڵاتەکانی تری حکومەتی هەرێم (٥٠ بە ٥٠) بێت و یەکەم سەرۆکی پەرلەمان لە (پ.د.ک) بێت و سەرۆک وەزیران لە (ی.ن.ک) بێت وە گەڕی دووەمی پەرلەمان بەپێچەوانەوە بێت.[٢] پێکهێنانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان نزیکەی دوو هەفتەی خایاند، هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیش بەدەست حزبەکانەوە بوو. ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق یەکەمین دانیشتنی خۆی لە (٤/ حوزەیرانی ١٩٩٢) بەست، دەرگای هۆڵی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان لە کاتژمێر (١٠)ی سەرلەبەیانی کرایەوە و (١٠٥) نوێنەر کە (٥٠) نوێنەری لە لیستی زەردی (پ.د.ک) و (٥٠) نوێنەر لە لیستی سەوزی (ی.ن.ک) و (٤) نوێنەری لیستی بزوتنەوەی ئاشووری و (١) نوێنەری لیستی یەکگرتووی مەسیحییەکانی کوردستان ئامادە بوون، لەگەڵ ژمارەیەک میوان و هەواڵنێری کورد و بیانی.[٣]

بە پێی مادەی (٤٧)ی یاسای پەسەندکراو، بە تەمەنترین ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی، کە (حەسەن کانەبی بلباس) لە لیستی (ی.ن.ک) بوو، بە سەرۆکایەتی کاتیی هەڵبژێردرا و دواتریش سوێندی یاسایی خوارد. لەدوای ئەویشەوە، هەموو ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بەپێی پیتی ئەبجەدی هەمان سوێندیان خوارد. بەپێی مادەی (٤٨)ی ئەنجوومەن دەرگا بۆ هەڵبژاردنی خۆپاڵاوتن بۆ دەستەی سەرۆکایەتی کرایەوە، جەوهەر نامیق سالم بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و محەمەد تۆفیق ڕەحیم، وەک جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن خۆیان پاڵاوت. لە دوای دابەشکردنی کارتی دەنگدان و جیاکردنەوەی دەنگەکانیش، ئەنجام بەم شێوەیە بوو: جەوهەر نامیق سالم لە لیستی زەرد (پ.د.ک) بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و محەمەد تۆفیق ڕەحیم لە لیستی سەوز (ی.ن.ک) بە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشمانیی دیارییکران و بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی پەسەندکران.[٤]

هەمان ئەو دابەشکارییەی لە ئەنجوومەنی نیشتمانییدا کرا، لە پێکهێنانی ئەنجوومەنی وەزیرانیشدا کرا، بەشێوەیەک سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە (ی.ن.ک) بێت و جێگرەکەی لە (پ.د.ک) بێت، یان وەزارەتێک لە لایەنێک بوایە، دەبوو جێگرەکەی بە هەمان دەسەڵاتی وەزیرەوە لە لایەنەکەی تر بوایە، بەشێوەیەک سیستەمی (٥٠ بە ٥٠) هەر لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە تاوەکو دانانی فەرمانبەرێک دەبوو (٥٠ بە ٥٠) بێت. ئەم جۆرە دابەشکارییە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە تاکو ئەنجوومەنی شارەوانییەکان و قوتابخانەکان و نەخۆشخانەکان و دەزگا ئەمنییەکان پەیڕەو دەکرا.[٥]

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان لە (٦/ حوزەیرانی ١٩٩٢) لە دووەمین کۆبوونەوەی خۆیدا بەپێی یاسای ژمارە (٣)ی (١٩٩٢) دکتۆر فواد مەعسومی بۆ پێکهێنانی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ڕاسپارد. لە (٥/ تەموزی ١٩٩٢) ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان متمانەی بە یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی دکتۆر فواد مەعسوم بەخشی.[٦]

---

١- سەلاح ڕەشید: دیداری تەمەن، ب٢، ل٢٣٠.
٢- نەجم سەنگاوی: باشووری کوردستان ڕووداو و دەستەکەوتەکان، چ١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٥٢٢.
٣- ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، پرۆتۆکۆلەکان، ب١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٧، ل٩- ١٠.
٤- جەوهەر نامیق سالم: ژیان و بەرهەم و ڕۆڵی سیاسی، ل١٠٢.
٥- هەڵکەفت عبدالواحد: س.پ، ل٩٤؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (١١٠)، ١٩٩٢/٦/٥، ل١.
٦- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پێکهێنانی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بڕوانە: ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (١٣١)، ١٩٩٢/٧/٥، ل١.

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدوای دامەزراندنی، دەستی بە ڕێکخستن و دامەزراندنی فەرمانگەکان و ڕێکخستنی کاروباری دەوڵەت و دابینکردنی موچەی فەرمانبەران و موچەخۆرانی دەوڵەت بەگشتی و ڕێکخستنی کاروباری دەوڵەت و دامەزراندنی سوپای کوردستان لە (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) بە ڕێژەی (٥٠ بە ٥٠) کرد.[1] لە (ئەیلولی ١٩٩٢) حکومەتی هەرێمی کوردستان سێ پارێزگاری بۆ پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک دانا و شاری هەولێری بە پایتەختی حکومەتی هەرێمی کوردستان دانا. بەرنامە و کارنامەی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێم بەرەو ئاراستەی فیدراڵیەت دەچوو، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (٣٨) لە (٤/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٢) بە زۆرینەی دەنگی هەرسێ فراکسیۆنی زەرد و سەوز و مۆر بڕیاری فیدراڵی بۆ کوردستان بەپێی بڕگەی (٢) لە مادەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) پەسەندکرد. ئەمە هەنگاوێکی گرنگ بوو، لە مێژووی سیاسیی کورددا.[2]

تەمەنی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتی دکتۆر فواد مەعسوم زۆری نەخایاند، دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبری ئەوەی کێشەکانی خەڵک و حزبەکان چارەسەر بکات، بەپێچەوانەوە بووە هۆی ئەوەی ململانێی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) ئاڵۆزتر و دژوارتر بێت،[3] توانای ئیداری و دارایی و ئابووری کابینەکەی دکتۆر فواد مەعسوم کەمبوو کێشە و ململانێی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) زیادی کردوو، لەو ساتەدا کابینەکەی د.فواد مەعسوم لە (١٦/ ئاداری ١٩٩٣) دەستی لە کار کێشایەوە.[4] لە (١٨/ ئاداری ١٩٩٣) پەرلەمان دەستلەکارکێشانەوەی دکتۆر فواد مەعسومی پەسەند کرد و (عەبدوڵا ڕەسول عەلی)[5] بۆ پێکهێنانی دووەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاسپێردرا. د. ڕۆژ نوری شاوەیس بۆ جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان. عەبدوڵا ڕەسول لە (١١/ نیسانی ١٩٩٣) دووەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ڕاگەیاند و لە (٢٥/ نیسانی ١٩٩٣) لە پەرلەمان متمانەی پێدرا.[6]

هەڵبژاردنی (١٩/ ئایاری ١٩٩٢) و پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرچەرخانێکی گەورەی مێژوویی بوو، لە مێژووی هاوچەرخی کوردا، کە دوای چەندین ساڵ لە چەوساندنەوە و شۆڕشکردن دژی حکومەتی عێراق، کورد توانی بۆ یەکەمین جار هەڵبژاردن لە باشووری کوردستان بکات و دواتریش پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێکەوتەوە، هەرچەندە ماوەی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کورت بوو، بەڵام بۆ باشووری کوردستان وەرچەرخانێکی گەورە و گرنگ بوو، بە پێکهێنانی کابینەی دووەم، ململانێی ناو پارتەکان و یەکگرتنەوەی پارتە بچوکەکان لەگەڵ پارتە گەورەکان سەردەمێکی نوێ دەست پێدەکات. سەرەتای دەرکەوتنی ململانێی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) ئەم کابینەیە لە کابینەی یەکەم بە سەرۆکایەتی د.فواد مەعسوم جیادەکاتەوە، کابینەی یەکەم پتر کابینەیەکی مەدەنی بوو، کابینەی دووەم پتر سەربازیی بوو.

---

١- نەجم سەنگاوی: س.پ، ل٥٢٣.
٢- هەڵکەفت عبدالواحد: س.پ، ل٩٥.
٣- مەجید سالح: س.پ، ل٤٣٤.
٤- هەڵکەفت عبدالواحد: س.پ، ل١٠٢.
٥- عەبدوڵا رەسول علی، ناسراوە بە کۆسرەت ڕەسول علی لە ساڵی (١٩٥٣) لە گوندی شیواشۆک سەر بە قەزای کۆیە لەدایکبووە، دەرچووی پەیمانگای کشتوکاڵییە، هەر لە گەنجیشدا بەشداری کاری سیاسی کردووە و سەرەتای کاری سیاسی لە ناو (پ.د.ک) دەستپێکردووە، دواتر ئەندامی کۆمەڵەی (مارکسی لینینی) بووە لە ساڵی (١٩٧٦) ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان بووە، لە ساڵی (١٩٨١) بەرپرسی ڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووە لە هەولێر، لە ڕاپەڕیندا بەرپرسی ڕزگارکردنی شاری هەولێر و دەوروبەری بووە، لە ساڵی (١٩٩٣ تا ٣١/ ئابی ١٩٩٦) سەرۆکی حکومەتی هەرێم بووە لەدوای (٣١/ ئابی ١٩٩٦) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان- سلێمانی بووە تا ساڵی (٢٠٠١). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: مسعود ملا هەمزە: کۆسرەت ڕەسول علی لە پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٣/٤/١١ - ١٩٩٤/١٢/٢٢)، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٢، ل
٦- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕوانە: مسعود ملا هەمزە: س.پ، ل١٧-١٨.

**باسی چوارەم: شەڕی نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک) و (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) (تشرینی یەکەمی ١٩٩٢):**

سەرەتای پەیوەندییەکانی نێوان (پ.ک.ک) و پارتەکانی باشووری کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ دوای کودەتای سەربازی تورکیا (١٩٨٠) و دروستبوونی دەسەڵاتێکی سەربازی لە تورکیا، کەوتە لێدان لە هێزە دیموکراتیخواز و چەپ و ئیسلامییەکان لە ناو تورکیادا بەشێوەیەکی وا، کە مەودای پارتایەتی لە ناو وڵاتدا نەهێشتبووە، ئە ڕەوشە وای کرد سەرکردەکانی (پ.ک.ک) بە چەندین شێوازی جیاجیا وڵات بەجێ بهێڵن. هەندێکیان سەنگەری خەباتیان بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا و سوریا گواستەوە و هەندێکیشیان ئەوەی، کە پەیوەست بوو بە هێزی سەربازیی و چەکداریی بەشێوازی جیاجیا و بە شێوەی گرووپ گرووپ بەرەو سنووری ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان و بە دیارییکراوی بەرەو ناوچەکانی سەر سێ سنووری عێراق- ئێران- تورکیا ڕۆیشتن.[١]

سەرەتای هاتنی (پ.ک.ک) بۆ ناوچەکانی باشووری کوردستان بۆ ساڵانی (١٩٨٠- ١٩٨٨)، بەدیاریکراویی سەرەتای ساڵانی جەنگی(عێراق- ئێران) دەگەڕێتەوە. حکومەتی عێراق دەسەڵاتی لە پارێزگاکانی باکووردا بەتەواوەتی لاواز بوو، بۆ ئەم مەبەستەش (پ.ک.ک) بەنیازی دەستپێکردنی خەباتی چەکداریی و خۆدەربازکردن لەو ئابڵوقە قورسەی تورکیا، پێویستیان بە پشتگیریی و دۆستایەتی لەگەڵ پارتەکانی باشووردا هەبوو. بۆ ئەم مەبەستەش بیریان لە ناوچەی بادینان کردەوە، چونکە ئەم ناوچەیە بۆ (پ.ک.ک) گرنگیی و تایبەتمەندیی خۆی هەبوو، لەبەر ئەوەی دەبووە دەروازەیەک بۆ گەیشتن بە هەرێمی بۆتان.[٢]

بۆ ئەو مەبەستەش (پ.ک.ک) هاوپەیمانێتیەکی لەگەڵ (پ.د.ک)دا بەست و پرۆتۆکۆلیشیان ئیمزاکردبوو، بەدیاریکراویش لە ساڵی (١٩٨١) (پ.د.ک) بڕیاری دا، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا، ڕێگە بەو پارتە بدات نیشتەجێ ببن و بنکەی چەکداریی لە ناوچەی لولان و زاب دابمەزرێنێت. لە ڕووی خۆراک و پارە و چەکیشەوە دەستیکرد بە کۆمەککردنی (پ.ک.ک)، ئەم پەیوەندییانە بەڕادەیەک زیاد بوو، هەتا گەیشتە ئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەیەکی سیاسیی بە ناوی (پرنسیپەکانی هاوکاریی) لە (تەموزی ١٩٨٣)، کە تێیدا پێداگیریی لەسەر هاوکاریی و هاریکاریی نێوانیان و دژایەتیکردنی داگیرکاریی و دەستوەرنەدان لە کاروباری یەکتری کرابوو. ئەم ڕێکەوتنە کارئاسانیی بۆ سەرکردایەتی (پ.ک.ک) کرد، فەرماندەکانی لە ڕێگەی ئێران و چەکدارەکانی لە ڕێگەی سوریاوە بەشێوەی گروپ گروپ بە سنووری تورکیا و نزیک سلوپی و جەزیرە و ڕێڕەوی (سلوپی- شیرناخ- ئولودەرە) بێنە ناوچەکانی کوردستانی عێراقەوە.[٣]

ئەمە بە سەرەتای پەیوەندییەکانی (پ.ک.ک) بە پارتەکانی باشوورەوە دادەنرێت، سەرکردایەتی (پ.د.ک) لە ساڵی (١٩٨٣) ڕێگەی بە گەریلاکانی (پ.ک.ک) دا بێنە ناوچەکە و چەندین بنکە و بارەگای سەرەکییان لە ناوچەکانی (زاب) دانا، کە بارەگای ناوەندیی لێ بوو. لەم کاتەدا (پ.ک.ک) دوو بارەگای ڕاهێنانی سەربازیی هەبوو، یەکێکیان لە دۆڵی (بیقاع) بوو لە لوبنان، ئەوی تریشیان لە ناوچەی (لولان) بوو، کە کەوتبووە ناوچەی هەژموون و دەسەڵاتی (پ.د.ک)وە. (پ.د.ک) کەوتە یارمەتیدانی (پ.ک.ک) و هەموو پشتیوانییەکی بۆ (پ.ک.ک) دابینکرد. (کەمپی لولان)، کە ناوەندی بەڕێوەبردن و فەرماندەیی و بنکە و پێگەی ڕادیۆ نهێنییەکەی (پ.د.ک) بوو، لەگەڵ (پ.ک.ک)ە بەشکرا و بووە گەورەترین بنکە و بارەگای (پ.ک.ک).[٤]

---

١- هەڤاڵ جومعە: مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان، ب٢، چ٣، هەولێر، ٢٠٠٤، ل١٢٣- ١٢٤.
٢- مراد خۆشەڤی حسۆ: گۆڕانکارییەکانی کوردستانی عێراق و پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق (١٩٩٠- ٢٠٠٥)، چ١، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٧٨.
٣- د. سەلام عەبدولکریم: پارتی کرێکارانی کوردستان لە پێوەندییە هەرێمییەکانی تورکیادا (١٩٨٠- ١٩٩٩)، چ١، چاپخانەی پەنجەرە، تاران، ٢٠١٥، ل٢٥٩-٢٦٠.
٤- أیاد عجاج فیان: س.پ، ل٧٧.

لە دوای جێگیربوونی گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە ساڵی (١٩٨٣) لە ناوچەکانی باشووری کوردستان، (دووران کالکان) بارەگای سەرەکی لە زاب دانا. (سەلیم) فەرماندەیەکی تری گەریلاکانی (پ.ک.ک) بارەگای لە ناوچەکانی (حەفتانین) دانا، لەوێشەوە گەریلاکان دەیانتوانی هاتووچۆی ناوچەی بۆتان بکەن.[١]

جێگیربوونی گەریلاکانی (پ.ک.ک) لەگەڵ خراپی ڕەوشی ناوچەکانی باشووری کوردستان و گەرمبوونی شەڕی ناوخۆی ناو پارتەکان لە باشووری کوردستان هاوکات بوو. لە شەڕی پشت ئاشان لە (١/ ئایاری ١٩٨٣)دا، کە ململانێی نێوان (ی.ن.ک)و بەرەی جود لەوپەڕیدا بوو، گەریلاکانی (پ.ک.ک) بە نیازی نێوەندگیریی لەنێوان پارتەکاندا چووبوونە ناوچەکە و لەدوای کۆبوونەوەیان لەگەڵ شاندی (پ.د.ک)و شاندی (حشع) لە ڕێگایاندا بۆ لای (ی.ن.ک) دەکەونە ناو شەڕەوە. لە شەڕی پشت ئاشاندا دوو گەریلای (پ.ک.ک) لە نێوەندی شەڕەکەدا کوژرا.[٢]

پەیوەندی (پ.ک.ک) لەگەڵ پارتەکانی باشوور تاکو ساڵی (١٩٨٦) بە جێگیریی مایەوە، بەڵام دواتر پەیوەندییەکانی تێکچوو، بەتایبەتی لەگەڵ (پ.د.ک) کە هەردوو پارت لە یەک سنووری جوگرافیدا بوون، (پ.د.ک) هۆکارەکەی بۆ تێوەگلانی (پ.ک.ک) لە کوشتنی خەڵکی سیڤیل لە ناوچەکانی باکوور و باشوور دەگێڕێتەوە، جگە لەوە ئەنجامدانی چالاکی چەکداریی (پ.ک.ک) دژ بە تورکیا لە نزیک بنکە و بارەگاکانی (پ.د.ک) هۆیەکی دیکە بوو، بەمە تورکیا تۆپبارانی ناوچەکەی دەکرد.[٣] ئەمە بووە هۆی ئەوەی بنکە و بارەگاکانی (پ.د.ک) لە ساڵانی (١٩٨٣، ١٩٨٥، ١٩٨٦) دووچاری چەند هێرشێکی یەک لەدواییەکی سوپای تورکیا ببنەوە. ئەم هۆکارانە بوونە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنی نێوان هەردوولا، ئەمە و جگە لە کێشەی (پ.ک.ک) لەگەڵ لایەنگرانی (حشع)، هەندێک پێکدادان لە نێوان هەردوولادا ڕووی داوە.[٤] لەدوای لە دەستدانی پشتیوانیی و هاوکاریکردنیی (پ.د.ک)، کە لە کۆتایی (١٩٨٧) هاوپەیمانییەتی نێوانیان بەتەواوی کۆتایی پێهات، (پ.ک.ک) هەوڵی داوە پشتیوانیی و هاوکاریی (ی.ن.ک) بەدەست بهێنێت. ئەوەبوو لە (١/ ئایاری ١٩٨٨) پرۆتۆکۆلێکی لێکتێگەیشتن لە دیمەشق لە نێوان هەردوولادا مۆرکرا. سکرتێری گشتیی (ی.ن.ک) جەلال تاڵەبانی هەڕەشەی یارمەتیدانی ئاشکرای بۆ (پ.ک.ک) دەربڕی، ئەگەر بێت و تورکیا بەبیانووی گەڕان بەدوای گەریلاکانی (پ.ک.ک) هێرش بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان بکات.[٥]

لە ڕاپەڕیندا گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە ناوچەکانی زاخۆ، دهۆک، بامەڕنی، دەرکار و باتوفە ڕۆڵی گەورەیان بینی، هاوشانی پارتەکانی ناو بەرەی کوردستانیی هاتنە ناو شارەکان و بنکە و بارەگایان لە زاخۆ و دهۆک و زۆر ناوچەی دیکە کردەوە.[٦] بەم شێوەیە، (پ.ک.ک) ڕەوشی ناوچەکانی باشووری کوردستانی قۆستەوە و دەستی کردە بە ناردنی ژمارەیەکی زۆری گەریلا و چەک و پارە بۆ ناوچەکانی باشوور و ڕاکێشانی خەڵک بۆ لایەنگریکردنیان و سوود وەرگرتن لە ناوچە ئازادکراوەکانی باشوور بۆ ئەو مەبەستەش پارتێکی لە باشوور، بە ناوی پارتی ئازادی کوردستان (پاک) لە (١/ نیسانی ١٩٩١) دروستکرد. دروستکردنی ئەم پارتە بۆ ئەو مەبەستە بوو، (پ.ک.ک) لە باشووری کوردستان بناسێنێت و پشتگیریی خەڵکی بۆ خەباتی ئەو پارتە لە باشووری کوردستان بەدەست بهێنێت.[٧]

(پاک) وەک ڕێکخستنێکی نوێ لە باشووردا دەرکەوت. ئەم پارتە لە ڕووی ڕێبازی بیر و خەباتەوە خۆی بە هاوبیر و هاوخەباتی (پ.ک.ک) دەزانی. ئەم پارتە یەکەمین کۆنفرانسی دامەزراندنی خۆی لە چیای خواکورک، لەسەر سنووری عێراق- ئێران لە (ئایاری ١٩٩١)دا، بە ئامادەبوونی زۆرێک لە ئەندامانی پارتەکە

---

١- هەڤاڵ جومعە: س.پ، ب٢، ل١٢٤.
٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٩.
٣- د.سەلام عبدالکریم: پارتی کرێکارانی کوردستان لە پەیوەندییە هەرێمییەکانی تورکیادا، ل٢٦٠؛ مراد خۆشەڤی حسۆ: س.پ، ل١٧٩.
٤- هەڵکەفت عبدالواحد: س.پ، ل١٦٢.
٥- هاوکار محێدین جەلیل: دۆزی کورد لە تورکیا، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢، ل١١٥-١١٦.
٦- هەڤاڵ جومعە: س.پ، ب٢، ل٢٩٤.
٧- هاوکار محێدین جەلیل: س.پ، ل١٦٣-١٦٤.

بەست.[1] لە ماوەی ساڵانی (١٩٩١- ١٩٩٢) ژمارەیەکی بەرچاو خەڵک لە (پاک) کۆبوونەوە و هاوڕێبازیی ئەم پارتە لەگەڵ (پ.ک.ک)دا بە نەرێنی بەسەریدا شکایەوە، چونکە هاوشێوەی (پ.ک.ک) بەوە تۆمەتبار دەکرا، کە دژی دەسکەوتەکانی باشووره و بۆ باشوور کارناکات و خزمەتی خواستەکانی (پ.ک.ک)و باکوور دەکات. بەم شێوەیە هەوڵدەدات زەمینەی خەباتی ئەم پارتایەتی لە باشووردا لەناوبەرێت. [2] ئەم هەوڵانەی (پ.ک.ک) بەمەبەستی پتەوکردنی پێگەی خۆی لە باشووری کوردستاندا بووە هۆی ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ پارتە کوردییەکانی باشووری کوردستاندا بەرەو خراپی بچێت و لە مانگی (کانونی دووەمی ١٩٩١) تا ناوەڕاستی مانگی (تەموزی ١٩٩١) چەندین پێکدادان لە نێوان هیزەکانی (پ.د.ک.) و گەریلاکانی (پ.ک.ک)دا ڕوویدات و چەندین کوژراو و بریندار لە هێزەکانی (پ.د.ک)دا هەبووە. [3]

لە (٢٥/ ئابی ١٩٩١) پێکدادانی توند لەنێوان (پ.ک.ک) و (پ.د.ک) لە بەری (خواکورک) ڕووی دا و (٦) پێشمەرگەی (پ.د.ک) لەو شەڕەدا کوژران، ئاڵۆزییەکان گەیشتە ڕادەیەک، کە مەسعود بارزانی لە کۆبوونەوەی بەرەی کوردستانییدا بڵێت: "گەریلاکانی (پ.ک.ک) تەعدایەکی گەورەیان لە ئێمە کردووە، دەبێت سنوورێک بۆ چالاکییەکانی (پ.ک.ک) لە ناوچە سنوورییەکاندا دابنرێت ".[4]

لە کۆبوونەوەی بەرەی کوردستانییدا کۆمەڵێک بڕیار دەرکرا، لەوانە:
یەکەم: هانی خەڵک بدرێت، کە لە (پ.ک.ک) دووربکەونەوە، بەتایبەتی لە ناوچە سنوورییەکاندا.
دووەم: دانانی سنوورێک بۆ چالاکییەکانی (پ.ک.ک)،
سێیەم: سزادانی هەر پارت و لایەنێک، کە هاریکاریی و هاوکاریی (پ.ک.ک) بکات.
چوارەم: کۆکردنەوەی هێزی پێشمەرگە لە ناوچە سنوورییەکان، لە ئەگەری دووبارەبوونەوەی هێرشی گەریلاکانی (پ.ک.ک) بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە.[5]

هەر لەسەر ئاڵۆزیی پەیوەندییەکانی (پ.ک.ک) و (پ.د.ک)، لە ڕاگەیاندنێکی هاوبەشیی (پ.ک.ک) و (پاک)دا، لە (٢٢/ تشرینی یەکەمی ١٩٩١)دا هاتووە، کە گفتوگۆی نێوان تورکیا و بەرەی کوردستانیی لە پێناو دەرکردنی (پ.ک.ک)یە لە باشووری کوردستاندا و ماوەیەکی کەم دوای ئەم گفتوگۆیانەش (٢٦) ئەندامی (پاک) لە دهۆک و هەولێر دەستگیرکراون، لەلایەکی تریشەوە بووە هۆی ئەوەی سوپای تورکیا سنوور ببەزێنێت، لە (ئابی ١٩٩١)دا بە ناوی لێدان لە بنکە و بارەگاکانی (پ.ک.ک) و هێرشی کردە سەر باشووری کوردستان، ئەو هێرشانەی تورکیا بووە هۆی کوشتنی (١٨) کەسی سیڤیل لە ناویاندا ژن و منداڵ هەبوون.[6]

چالاکییەکانی (پ.ک.ک) لە ناوچە سنوورییەکاندا، بووە هۆی بارگرژییەکی نوێ لەنێوان (پ.ک.ک) و (پ.د.ک)، لە کۆبوونەوەکانی (نیسانی ١٩٩٢) (پ.د.ک)، باس لە دەستوەردانی (پ.ک.ک) لە ناوچە سنوورییەکانی زاخۆ، بەرواری باڵا و خواکورک و بەکارهێنانی ناوچەکانی کوردستان دەکات، وەک بنکەیەکی چەکداریی لە دژی تورکیا و ڕێگگرتن لە جوتیاران و گەڕانەوەیان بۆ گوندەکانیان، هەموو ئەمانەش دەبنە هۆکار بۆ بەزاندنی سنووری کوردستان و بۆردومانکردنی ناوچە کوردییەکان لەلایەن سوپای تورکیاوە.[7] ئاڵۆزیی نێوان (پ.ک.ک) و (پ.د.ک) لە ناوچەکانی سەرسنوور، لە دوای کوژرانی (سادق عومەر دەرکاری) دەستی پێکرد. ناوبراو ئەندامی کۆمیتەی (ی.ن.ک) بوو، لەلایەن چوار ئەندامی (پ.د.ک)، لەکاتی گەڕانەوەی لە نزیک شارۆچکەی دەرکار کوژرا، لەدوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی کوشتنی (سادق عومەر دەرکار) لە

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ محمد ئەمین پێنجوێنی، سلێمانی، (٢٠٢٢/٥/١٩) لە ساڵی (١٩٤٤) لە پێنجوێن لەدایکبووە، سەرەتای کاری سیاسی لە حزبی شیوعی عێراقییەوە دەستی پێکردووە لە ساڵی (١٩٥٧) پەیوەندی بە حزبی شیوعییەوە کردووە هەتا ئەندامی سەرکردایەتی حزب ڕۆیشتووە، لە پاڵ کاری سیاسیدا لە بواری ئەدەب و شیعردا کاری کردووە لەدوای ڕاپەڕینی (ئازاری ١٩٩١) بەتەواوەتی لەگەڵ (پ.ک.ک) پەیوەندی هەبووە، لە ئەوروپا یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی پەرلەمانی دەرەوەی وڵات، لە دامەزرێنەرانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان بووە، لە ئێستادا دۆستی شۆڕشی باکوری کوردستانە.
٢- دیار غەریب: خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ مێژووی کوردستان، چ٣، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٦٥٤.
٣- هاوکار محیدین جلیل: س.پ، ل١٦٥.
٤- د.عەبدوڵا ئاگرین: کۆنووسی کۆبوونەوەکانی بەرەی کوردستانی، ل٧٥- ٧٧.
٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٥- ٧٧.
٦- هێرش عەبدوڵا حەمەکەریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا ١٩٩١-١٩٩٨، ل٩٩.
٧- د.عەبدوڵا ئاگرین: کۆبوونەوەکانی بەرەی کوردستانی، ل١٣٨- ١٣٩.

ناوچەکانی زاخۆ و دەوروبەری، گرژیی و ئاڵۆزیی زۆر لە نێوان هەردوولادا دروستبوو، جگە لەوەش (پ.د.ک)، ئەوەی ڕەتکردەوە دەستی لە کوشتنیدا هەبێت.[1]

بەڵام (پ.ک.ک)، (پ.د.ک)ی بە کوشتنی (سادق عومەر)، لە ڕێگەی دەزگای پاراستنی (پ.د.ک)ەوە تاوانبار دەکرد، بەمەش پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان (پ.ک.ک) و (پ.د.ک) پێی نایە قۆناغێکی مەترسیدارەوە، بەتایبەتی لە دوای کوشتنی (مەحمود شەفیق) فەرماندەی باڵای (پ.د.ک) لە زاخۆ لە (٢/تەموزی ١٩٩٢)، کە لەلایەن عەشیرەتی (سندی)یەکانەوە کوژرا، (پ.د.ک) هێزەکانی خۆی بۆ بەرزاییەکانی دەوری زاخۆ نارد و نزیک بە گوندی دەرکار. گرژییەکانی نێوان (پ.د.ک) و سندییەکان، کە لە بری خوێنی (سادق عومەر) فەرماندە باڵاکەی (پ.د.ک)یان لە زاخۆدا کوشت، هەتا ئەوکاتەی (پ.ک.ک) ئاگادارکردنەوەیەکی بە (پ.د.ک) دا، لە ئەگەری هێرشی (پ.د.ک) بۆ سەر سندییەکان، ڕووبەڕووی (پ.د.ک) دەبێتەوە، چونکە ئەو ناوچەیەی (پ.د.ک) دەیویست هێرشی بۆ بکات، گەریلاکانی (پ.ک.ک)ی تێدا جێگیربوو، دواجار بە کشانەوەی هێزەکانی (پ.د.ک) لەسەر ڕێگای دەرکار باتوفە ڕەوشەکە ئاسایی بووەوە.[2]

لە دوای ئەم ڕووداوانە و کۆمەڵکوژییەکەی تورکیا لە شەرناخ بۆ ناڕەزایی دەربڕین دژی ئەو کۆمەڵکوژییە، کە بووەهۆی کوژرانی ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتی سیڤیل ڕێکخستنەکانی (پاک) و پارتە کوردستانییەکانی وەک (چەپەکان، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، شوعیە کوردستانییەکان و ڕێکخراوی تێکۆشین) لە (٢٦/ حوزەیرانی ١٩٩٢) بۆ ناڕەزایی دەربڕین دژی ئەو تاوانەی، کە تورکیا ئەنجامی دابوو خۆپیشاندانیان دەستپێکرد، بە دروشمی (کوردستان یەک پارچەیە، شەرناخیش هەڵەبجەیە) لە ناوەندی شێخەڵاوە بۆ بەردەم ئاسایش خۆپیشاندانەکە گرژی و ئاڵۆزی لێکەوتەوە و تەقە لە خۆپیشاندەران کرا و دوو کەس لە خۆپیشاندەران و کەسێک لە هێزە ئەمنییەکان کوژرا، جگە لەوەش دەستگیرکردنی ژمارەیەک لە خۆپیشاندەران لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە.[3]

پارتی ئازادی کوردستان (پاک) لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمەوە بە پارتێکی بێ مۆڵەت هەژمارکرا و دەست بە قەدەغەکردنی کار و چالاکی کادر و چاوترساندنی لایەنگرەکانیان کرا، بەڵام (پ.ک.ک) بەپێچەوانەوە لە پشتگیرییکردنی ئەم پارتە بەردەوام بوو.[4] لە دوای ئاڵۆزییەکانی هەولێر، لە (٢٥/ ئابی ١٩٩٢) لە ناوچەکانی خواکورک و دەوروبەری ئامێدی چەند جارێک ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان گەیلاکانی (پ.ک.ک) و هێزی پێشمەرگەی (پ.د.ک) ڕوویداوە. جیا لە هەموو ئەوانەش ڕێگای (ئیبراهیم خەلیل- زاخۆ)، کە ڕێگای سەرەکیی داهاتی هەرێمی کوردستان بۆ بازرگانی و هاوردەکردنی کاڵا و شمەک لە وڵاتی تورکیاوە بوو پچڕاند.[5]

مانگی (ئابی ١٩٩٢) ئاڵۆزییەکانی نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) زیادیکرد، (پ.ک.ک) کەوتە بەهێزکردنی ناوەندەکانی حەفتانین- خواکورک و مەتین و زۆررکردنی ژمارەی گەریلاکانی لەو ناوچانەدا. پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئاڵۆزییەکانی سەرسنوور لە (٣١/ ئابی ١٩٩٢) کۆبووەوە و بڕیاری دا کۆتایی بە دەستوەردانی (پ.ک.ک) لە سەرسنوور بهێنێت، ئەگەر (پ.ک.ک) ئامادە نەبێت وەک هێزە کوردییەکانی تری بەشەکانی تری کوردستان ملکەچی یاساکانی حکومەتی هەرێم بێت ئەوا بەتوندی ڕووبەڕووی دەبنەوە.[6]

---

١- فەیسەڵ داغلی: برا کوژی و شەڕی ناوخۆی کورد و. ڕێبوار هەمەوەندی، بێ شوێنی چاپ، ٢٠٢١، ل٩٩-١٠٠؛ هەڤاڵ جومعە: پارتی کرێکارانی کوردستان، ب٢، ل٣٣٦.

٢- فەیسەڵ داغلی: س.پ، ل١٠٧- ١٠٨.

٣- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر)، سلێمانی، (٢٠٢٣/٥/١٠)
ناوبراو لە ساڵی (١٩٧٤) لە هەولێر لە دایکبووە، یەکێک بووە لە بەشداربووانی خۆپیشاندانی ساڵی (١٩٩٢)ی هەولێر، هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە مێژووی هاوچەرخی کورد، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٩-٢٠١٣)، لە ئێستادا سەرۆکی ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان.

٤- فەیسەڵ داغلی: س.پ، ل١٢٧.

٥- د.عەبدوڵا ئاگرین: کۆنووسی کۆبوونەوەکانی بەرەی کوردستانی، ل٧٥-٧٧.

٦- هەڵکەفت عبدالواحد: س.پ، ل١٦٤.

جگە لەو هۆکارانە، هۆکاری دەرەکیش ڕۆڵی لە ئاڵۆزییەکانی نێوان (پ.ک.ک) و (پ.د.ک) هەبوو، بە تایبەتی تورکیا لەدوای جێگیربوونی (پ.ک.ک) لە ناوچەکەدا، کەوتە ڕێکەوتنێکی ئاسایشی و سەربازیی لەگەڵ سەرکردەکانی (ی.ن.ک) و (پ.د.ک)، چونکە بە جێگیربوونی (پ.ک.ک) لەنێو خاکی هەرێم و ناوچە سنوورییەکان، سەرباری ئەوەی کاریگەری لەسەر ئاسایشی تورکیا دروست دەکرد، هاوکات کاریگەریشی لەسەر پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی نێوان تورکیا و هەرێم هەبوو. لە ڕۆژی (٢٤/ تەموزی ١٩٩٢) (پ.ک.ک) لە ڕێگەی هێرشێکی چەکدارییەوە، گەمارۆی خستەسەر بازرگانیی نێوان تورکیا و هەرێم.[1]

دەستپێکی کرانەوە و مامەڵەکردنی تورکیا لەگەڵ پارتە کوردییەکانی باشووری کوردستان بۆ مانگی (ئادار و نیسانی ١٩٩٢) دەگەڕێتەوە. دواتر و قوڵتربوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا لەسەر ئەو بنەمایە، پەیوەندی ئەو پارتە کوردییانەی باشووری لەگەڵ (پ.ک.ک) بڕی، کە لە ڕابردوودا هاوکاریی (پ.ک.ک)یان دەکرد. جگە لەوەش تورکیا بەڵێنی دابوو، لەجیاتی ئەو وتووێژانەدا پەیوەندی سیاسی ڕاستەوخۆ لە نێوان جوڵانەوەی کورد لە عێراق و ئیدارەی ئەمریکا دابمەزرێنێت. دواجار تورکیا توانی یەکڕیزیی و یەکێتیی هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی باشووری کوردستان بەدەست بهێنێت، کە هاوکاریی (پ.ک.ک) نەکەن و لە بەرامبەریشدا تورکیا بەڵێنی پێشکەشکردنی یارمەتی پێدان، بەتایبەتیش لە دوای سەردانی تاڵەبانی و بارزانی بۆ ئەنقەرە لە (ئەیلولی ١٩٩٢) بۆ بینینی تورکت ئۆزال. لێرەوە سەرەتای پەیوەندی نێوان تورکیا و کوردانی عێراق لەسەر بنەمای هاریکارییکردنی یەکتری لەسەر ئاستی مامەڵەکردنی حیزبی لەگەڵ (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) هاتە ئاراوە و دواتریش نوسینگەیان لە ئەنقەرە کردەوە.[2] ئەمە جگە لەوەی لەو کاتەدا پارتە کوردییەکانی باشوور، لە ڕووی ئابوورییەوە، پێویستیی زۆریان بە تورکیا هەبوو، چونکە لەو قۆناغە بەدواوە، دوو گەمارۆی ئابووری خرابووە سەر هەرێمی کوردستان، یەکەمیان لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و دووەمیان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە.[3]

لەلایەکی دیکەوە خاڵی سنووریی ئیبراهیم خەلیلی سەر سنووری تورکیا و هەرێم تاکە دەروازەی ڕێگەپێدراوی بازرگانی بوو، هەر بۆیە پارتە کوردییەکانی باشوور بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان لەگەڵ تورکیادا لەبەرچاو دەگرت، بەڵام دواجار بەشێکی گەورە لە پاڵنەرە سەرەکییەکانی ئەم نزیکبوونەوەی تورکیا و کوردانی باشوور مەسەلەی (پ.ک.ک) بوو، چونکە تورکیا دەیویست لە لایەک ئەم پارچەی کوردستان لە سەرکوتکردنی (پ.ک.ک)دا بەکاربهێنێت و لەهەمان کاتیشدا ڕێگریان لێ بکات، کە نەتوانن هاوکاریی بکەن و بەپێچەوانەشەوە هانیان بدات تا نەهێڵن لە ناوچەکانی باشووری کوردستاندا گەشەبکەن، لەم ڕووەوە (تانسۆ چیلەر) دەڵێت: " ئێمە (ی.ن.ک) و (پ.د.ک)مان بۆ لەنێوبردنی تیرۆر بەکارهێنا لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و گۆڕانکاری لەو ستراتیجیە دەکەین و لە ئێستادا هیچ یارمەتی یان کۆمەکی باکووری عێراق بەبێ چاودێری نانێرین، چیلەر پتر ئاماژەی بۆ (پ.د.ک) کرد لە دژایەتیکردنی ئەو تیرۆرەدا کە مەبەستی پێی (پ.ک.ک) بوو".[4]

لە (٢٤/ تەموزی ١٩٩٢) (پ.ک.ک) گەمارۆی تەواوی خستەسەر بازرگانیی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان. ئەم گەمارۆییەی (پ.ک.ک) ماوەیەکی زۆرتری خایاند و هەڕەشەی بڕینی لە هێڵی ژیانی ئابووریی کوردی عێراق دەکرد، چونکە شۆفێرە خۆجییەکان لە ترسی دەرئەنجامەکان، بردنی یارمەتی و شمەکیان بۆ ناوچەکانی کوردستانی عێراق ڕاگرت. ئەمەش بووە هۆی کەمبوونەوەی خۆراک و خواردەمەنی و دەرمان و بەرزبوونەوەی نرخەکان بۆ سێ هێندە.[5] لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستەی (پ.ک.ک)، (پ.د.ک) دەستی بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن لە دژی (پ.ک.ک) کرد. وەک کاردانەوەیەک هەردوولا دەستیان بە گرتنی لایەنگرانی یەکتر کرد و لە دژی یەکتر بڵاوکراوەیان بڵاودەکرەوە، ئاڵۆزیی و گرژیی نێوانیان بە جۆرێک زیادی کرد، کە قۆناغێکی شەڕی ساردی نێوانیان کۆتایی پێهات و بوار بۆ شەڕی مەیدانی نێوان هەردوولا ڕەخسێنرا.

١- د.سەلام عبدالکەریم: پارتی کرێکارانی کوردستان، ل٢٤٦-٢٤٧.
٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٧.
٣- گەراس ئار.ڤی.ستانسفلید: س.پ، ل١١٨.
٤- د.سەلام عبدالکریم: پارتی کرێکارانی کوردستان...، ل٢٥٠- ٢٥١.
٥- فەیسەڵ داغلی: س.پ، ل١١٣- ١١٧.

گەمارۆی (پ.ک.ک) لەسەر گومرکی ئیبراهیم خەلیل پتر درێژەی کێشا. پێش گەمارۆکە ڕۆژانە (٥٠٠) بارهەڵگر لەو سنوورەوە بۆ کوردستان دەپەڕینەوە. درێژبوونەوەی وادەی ئابڵوقەی (پ.ک.ک) زیانی پتری بە خەڵکی باشوور گەیاند و هەروەها خەڵکی باکووری کوردستانیش زەرەرمەند بوون، چونکە قورسایی ئابڵوقەکە بەسەرشانی ئەوانەوە بوو. (پ.ک.ک) دەیویست لە ڕێگای ئەم ئابڵوقەیەوە دوو پەیام بگەیەنێت، یەکەمیان ئەوەبوو، دەیویست بڵێت ڕێگا شاخاوییەکان، سەرەڕای بوونی سوپای تورکیاش، ڕێگا فەرمییەکان لە ژێر کۆنترۆڵی ئەماندایە، هەرکات بیەوێت، دەتوانێت ڕێگاکان دابخات و کاریگەریی لەسەر ناوچەکە هەبێت؛ دووەمیان ئەوە بوو، دەیانویست بڵێن هەر لایەنێک هێرشمان بۆ بهێنێت، ئەوا بەتوندی ڕووبەڕووی دەبینەوە و باجەکەیشی قورس دەبێت، دەتوانین باشوور لەهەموو جیهان دابڕین. ئەمەشیان زۆرتر مەبەستیان ئەو هاوکارییانە بووە، کە لەلایەن ڕێکخراوە مرۆییەکانەوە لەو سنوورەوە ڕەوانەی هەرێمی کوردستان دەکران. (ئەرنەکە) باڵی سیاسی (پ.ک.ک) لە (١٤/ ئابی ١٩٩٢) بڵاوکراوەیەکی بڵاوکردەوە، تێیدا هاتووە: "هەتا (پ.د.ک) لە هاوکارییکردنی دەوڵەتی تورکیا بەردەوام بێت، ئابڵوقەش بەردەوام دەبێت. ئەگەر (پ.د.ک) دەستبەرداری ڕێگری لە هاتوچۆکانی بادینان بێت و ڕێگا لە کار و خەباتی وڵاتپارێزان لە باشوور نەگرێت، ئەگەر باجی پتر لە بازرگانەکانی باشوور و باکوور وەرنەگرێت، ئەوا ئابڵوقە لەلایەن (پ.ک.ک)ەوە کۆتایی پێدێت".[(١)]

گەمارۆی (پ.ک.ک) لەسەر ئیبراهیم خەلیل لە (١٧/ تەموز)ەوە هەتا (١٨/ ئابی ١٩٩٢) درێژەی کێشا، فەرماندەی فەرماندارێتی (حەفتانین) لە بڵاوکراوەیەکدا دەڵێت: " سیاسەتی ئابڵوقەکەمان ئامانجەکانی خۆی پێکا و لە کاتێکدا بینیمان خەڵکی باشوور ڕووبەڕووی برسێتی و گرانی بووە، بڕیارماندا ئابڵوقەکە لابدەین، ئەم ئابڵوقەیە لە وەڵامی ئەو هێرش و زوڵمانە بوو، کە لە زۆربەی ناوچەکانی باشوور بۆ سەر وڵاتپارێزان دەکران.[(٢)] جگە لەم هۆکارانە، هۆکارێکی دیکە ئەوە بوو، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بەردەوامی باسی لە ڕێگرییەکانی (پ.ک.ک) لە بەردەم گەڕانەوەی جوتیاران بۆ ناوچە و زێدی خۆیان دەکرد. هەڕەشەی (پ.ک.ک) لە جوتیارانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان، تەنیا بیانوویەک بوو، چونکە ئەو هۆکارە ئەوەندە کاریگەر نەبوو تاوەکو هەرێمی کوردستان ناچاربکات شەڕ لە دژی (پ.ک.ک) ڕابگەیەنێت، لەبەر ئەوە دەتوانرا ئەو کێشەیە بە وتووێژ لە نێوان (پ.ک.ک) و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا چارسەر بکرێت، چونکە تەنانەت (پ.ک.ک) هێرشکردنە سەر بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی تورکیای بە بابەتێکی ستراتیژی دانەناوە و پەیڕەوی لێنەکردووە، چ جای هەڕەشەکردن لە جوتیارانی هەرێمی کوردستان لەبەرئەوە دەشێت باج و خواردن و شتومەکیان لە جوتیارانی ئەو ناوچانە وەرگرتبێت، بەڵام بوونی هەڕەشەی ئەوان لەسەر جوتیاران، هۆکار نەبوو بۆ ناچاربوونی ڕاگەیاندنی شەڕ لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە دژ بە (پ.ک.ک)، ئەوندەی پەیوەندی بە گوشاری تورکیاوە بۆ سەر (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) هەبوو.[(٣)]

ئاڵۆزیی پەیوەندییەکانی نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) لە سەرەتای (تشرینی یەکەمی ١٩٩٢)، کە خۆی لە گرتن و ڕاوەدونانی لایەنگرانی یەکتر دەبینیەوە، لەوانە کوشتنی چەند ئەندامێکی باڵای (پاک) لەلایەن (پ.د.ک)ەوە و بۆسەنانەوەی گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە دژی هێزەکانی (پ.د.ک)، هەموو ئەمانە ڕێگەخۆشکەر بوون بۆ شەڕی سەرتاسەریی. لە دوای بڵاوکراوەکانی ئۆجەلان، سەرۆکی (پ.ک.ک) لە (٢/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٢) سەبارەت بە ئامادەکارییەکانی گەریلا بەرامبەر بە هێزەکانی بەرەی کوردستانیی لە ناوچەکانی زاخۆ و خواکورک و حەفتانین، هێندەی دیکە ئاگری شەڕی خۆشکرد، ئەوەیش لە کاتێکدا بوو هێزەکانی بەرەی کوردستانیی لە بەرامبەردا لەوپەڕی ئامادەباشیدا بوون.[(٤)]

١- فەیسەڵ داغلی: س.پ، ل١١٣-١٢٢.
٢- هەڤاڵ جومعە: س.پ، ب٢، ل٣٣٨.
٣- د. سەلام عبدالکریم: پارتی کرێکارانی کوردستان، ل٢٥٤.
٤- فەیسەڵ داغلی: س.پ، ل١٣٨-١٤١.

ئەو پەیامەی ئۆجەلان لەدوای بڕیارەکەی پەرلەمانی کوردستان لە (١/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٢)دا هات، کە داوای لە (پ.ک.ک) کردبوو، دەبێت سەرجەم بنکە و بارەگاکانیان لە شار و شارۆچکەکانی باشووردا دابخەن و بچنەوە باکوور یان دەبێت لە سنووری هەرێمدا بەپێی بەرنامە و داواکارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بجوڵێنەوە. ماوەی (٤٨) کاتژمێر بۆ (پ.ک.ک) دانرا، کە پێوەی پەیوەست ببێت، بەڵام (پ.ک.ک) گوێی بە داواکارییەکان نەدا و لە سێ ناوچەی سەرەکی لە باشووری کوردستاندا بنکە و بارەگایان لەنزیک سنوورەکانی (خواکورک- چوقورجە- حەفتانین) هەبوو، لە کاتی گرژیی و ئاڵۆزییەکاندا گەریلاکانی (پ.ک.ک) زۆرتر بۆ ناوچەکانی هەرێم شۆڕبوونەوە.[١]

محەمەد ئەمین پێنجوێنی، دۆستی نزیکی (پ.ک.ک) دەڵێت: "پێش ئەوەی شەڕی نێوان هەردوولا دەستپێبکات، نەوشیروان مستەفا ناردی بە شوێنمدا، بۆ ئەوەی سەردانی (پ.ک.ک) بکەین تا نێوەنگیری بکەین شەڕ ڕوونەدات. ئەمە لە کاتێدا بوو هێزەکانی هەردوولا بەرامبەریان لە یەکتر گرتبوو، لە ناوچەی برادۆست و دەوروبەری کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ فەرماندە سەربازییەکانی (ی.ن.ک)دا کرد، وتی ئێمە نامانەوێت بە هیچ جۆرێک شەڕی (پ.ک.ک) بکەین. لەبەر سەختی ناوچەکە، نەوشیروان مستەفا نەیتوانی بۆ بینینی عوسمان ئۆجەلان بێتە سەرەوە. شاندێکی لە هەریەکە لە حامیدی حاجی غالی و ڕۆستەم بازیانی لە سەرکردەکانی (ی.ن.ک) و محەمەد ئەمین پێنجوێنی بۆ بینینی عوسمان ئۆجەلان نارد، کە بارەگای سەرەکی لە چیاکانی خواکورک بوو. دوای گەیشتنمان و کۆبوونەوەمان لەگەڵ عوسمان ئۆجەلان، ڕاسپاردەی نەوشیروان مستەفامان پێگەیاند بەوەی، کە عوسمان ئۆجەلان بچێتە (مجێسەر) بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ نەوشیروان مستەفا لەبەر سەلامەتی عوسمان ئۆجەلان هەریەکە لە حامیدی حاجی غالی و ڕۆستەم بازیانی، وەک بارمتە لە بارەگای (پ.ک.ک) بمێننەوە، تاکو گەڕانەوەی عوسمان ئۆجەلان. لە گەرمەی گفتوگۆدا بووین شەڕ لەنێوان هێزەکانی هەردوولادا دەستی پێکرد".[٢]

لە کاتێکدا دیداری نێوان شاندی (ی.ن.ک) و (پ.ک.ک) لەسەر ڕوونەدانی شەڕ بەردەوام بوو، فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بە سەختی (خواکورک)یان بۆردومانکرد، هیچ ئەنجامێک لە دیدارەکان نەهاتەدی و شەڕ دەستی پێکرد. ئەمە هۆکارێک بوو. هۆکارێکی تر، لە یەکەم ڕۆژی دیدارەکاندا عوسمان ئۆجەلان لە ڕێگەی سیدەکان لەلایەن پێشمەرگەکانی (پ.د.ک)ەوە تەقەی لێکرا. ئەم هۆکارانە وایان کرد دیدارەکان هیچ ئەنجامێکی بۆ ڕێگرییکردن لە شەڕ نەبێت.[٣]

پێش چوونی شاندەکە و هەوڵەکانیان بۆ ڕێگرتن لە شەڕ لەنێوان هەردوولادا، لە شەقڵاوە (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) بە سەرپەرشتی مەسعود بارزانی و بە ئامادەبوونی هەریەکە لە (کۆسرەت ڕەسول عەلی، فازل میرانی، ئەرسەلان بایز، مستەفا چاوڕەش و بابەکر زێباری) و چەندین لێپرسراوی دیکەی هەردوو پارت، بڕیاری شەڕیان لەگەڵ (پ.ک.ک) دا. فازل میرانی کرایە بەرپرسی بەرەی شەڕی بادینان، بۆخۆشی لێپرسراوی لقی (پ.د.ک) لە بادینان بوو، مستەفا چاوڕەش کرایە بەرپرسی بەرەی خواکورک، هەریەکە لە عوسمان قادر منەوەر و حەمید ئەفەندی، وەک نوێنەری (پ.د.ک) لە بەرەی خواکورک دیاریی کران، حەسەن کوێستانی وەک نوێنەری (ی.ن.ک) بۆ بەرەی بادینان دیاریی کرا. جگە لە دیارییکردنی فەرماندە و یاریدەدەرانی هەردوو بەرەی شەڕەکە، هەریەکە لە (ڕێباز، شاخەوان، سەفین، ڕەهبەری سەید برایم، ئەنوەری عەزەباوە، عەبدوڵا بۆر، مەحمود سەنگاوی، عەبدوڵا مام والی، تۆفیق کانی وەتمانی، فاقە مەخموری و عوسمانی حاجی مەحمود) لە (ی.ن.ک) و لە (پ.د.ک)ش (جەمال مۆرتکە، هەڵگورد و مستەفا نێروەیی) و چەندین فەرماندەی دیکەیان بەشدارییان کرد.[٤] دواجار شەڕی نێوان هەردوولا لە (٢/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٢) لە بەرەی (خواکورک)ەوە دەستی پێکرد و لە (٤/ تشرینی یەکەم) شەڕ و پێکدادانەکان زۆر دژوار بوون، هێزی

---

١- حەمەی حەمە سەعید: دەنگی خاک، بیرەوەری (١٩٩١- ٢٠٠٠)، ب٢، چ١، چاپخانەی هەژار موکریانی، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٩٤-٩٥.

٢- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ: محەمەد حەمەئەمین پێنجوێنی، سلێمانی (٢٠٢٢/٥/١٩).

٣- فەیسەل داغلی: س.پ، ل١٥٠.

٤- مستەفا چاوەڕش: یادەوەرییەکانی، چ٢، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٣١٨- ٣٢١.

پێشمەرگە هێرشی توندی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی (پ.ک.ک) لە ناوچەکەدا کرد و گەریلاکانی (پ.ک.ک) شەڕی پاراستنی سەنگەر و شوێنیان دەکرد.[١]

لەسەر شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان (پ.ک.ک) لەلایەک و (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) لەلایەکی ترەوە، ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی لە (٤/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٢) ئاراستەی ڕای گشتی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کرد، باس لەوە دەکات، کە هێزە نیشتمانییەکانی کوردستانی عێراق هەمیشە پشتیوان و لایەنگیری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد بوون لە سەرتاسەری کوردستان، بەپێچەوانەی ئەوەوە پارتێک، کە بە (پ.ک.ک) ناسراون، بەبێ گوێدانە بارودۆخی هەستیاری کوردستان و پەرلەمان شانبەشانی ڕژێمی عێراق، بەتایبەتیش پاش ئەوەی پەرلەمانی کوردستان لە کۆبوونەوەی (٣٨) لە (٤/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٢) بریاری سیستمی فیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق دا. سەرکردایەتی (پ.ک.ک) ڕێگای سەرسنووری گرتووە و هەڕەشە لە کاروانەکانی کاڵا و شومەک دەکات. هەروەها باس لە ڕێگرییەکانی گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە پێشمەرگەکانی بەرەی کوردستانیی دەکات. هەموو ئەمانە بوونە هۆی کوشتن و بریندابوونی ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتی و دووبارە داوا لە گەریلاکانی (پ.ک.ک) کرابوو سەرسنوور جێبهێڵن و بۆ سنووری چالاکی خۆیان بگەڕێنەوە.[٢]

مانگی (تشرینی یەکەمی ١٩٩٢) مانگی گرژیی و شەڕ بوو لەنێوان هێزەکانی (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) لە لایەک و هێزەکانی (پ.ک.ک) لە لایەکی ترەوە، لە درێژەی بەردەوامی شەڕ لە بروسکەیەکدا کە لە (٧/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٢)، مستەفا چاوڕەش ئاراستەی هەریەکە لە جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی کردووە، دەڵێت: " (شەوی ٧/٦ ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢) هێزە هاوبەشەکانی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) هێرشیان کردۆتە سەر چیای پشتی کەوەر و نیوەی شاخەکە گیراوە (٤) گەریلا کوژراوە و (٢) پێشمەرگە کوژراوە".[٣]

ئاراستەی شەڕ لە هەردوو بەرەی شەڕەکەدا وەک یەک نەبوون. لە بەرەی خواکورک، کە هێزەکانی (ی.ن.ک) سەرپەرشتییان دەکرد، پێشڕەویی هێزەکانی پێشمەرگە بە بەراورد بە بەرەی شەڕی بادینان (حەفتانین) زۆرتر بوو، چونکە لە قوڵی بادیناندا (پ.ک.ک) بەرگرییەکی زۆرتریان دەکرد.[٤]

فەرماندەی گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە ناوچەکانی بادینان و حەفتانین، جەمیل بایک بوو. لە ناوچەی خواکورک فەرماندەکەیان (عوسمان ئۆجەلان) بوو. لەدوای بەرگریی سەختی گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە ناوچەکانی بادینان و حەفتانین و شکانی هێزەکانی (پ.د.ک)، سوپای تورکیا بەشداری شەڕی لە دژی (پ.ک.ک) لە ناوچەکانی زاخۆ و بادینان کرد و ئۆپەراسیۆنەکەیان ناو نا (سندویچ). هەڤاڵ جومعە لێپرسراوی بەرەی شەڕی بادینان بووە دەڵێت: "لە ڕاستیدا تورکیا شەڕەکەی بەڕێوەدەبرد بە هێلیکۆپتەر و تۆپ فڕۆکە کەوتنە بۆردومانکردنی گەریلاکانی (پ.ک.ک)، لە کاتێکدا تورکیا موداخەلەی شەڕەکەی کرد، بەتەواوەتی مەترسی لەسەر زاخۆ دروستبوو، تورکیا دەیزانی ئەگەر شەڕ بخەینە ناو زاخۆ، ئیدی ناتوانێت لەو ناوچەدا بەرەنگارمان بێتەوە و زاخۆ لێیان دەبێتە زەلکاوێک، تێیدا بخنکێن".[٥]

هەر لەسەر بەشدارییکردنی سوپای تورکیا لە شەڕی (تشرینی یەکەمی ١٩٩٢)، لە بروسکەیەکی حەسەن کوێستانی بەرپرسی هێزەکانی (ی.ن.ک) لە بەرەی شەڕی بادینان، بە ژمارە (٧٥٤) لە (١٤/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٢) بۆ جەلال تاڵەبانی ناردووە، دەڵێت: "لەگەڵ بوونی بۆردوومانی فڕۆکە و هاتنە ناوەوەی سوپای تورکیا، کە ڕاستەوخۆ سەرپەرشتییان دەکات، هێزەکانی ئێرە شەڕ ناکەن و زۆربەی بەرنامەکان جێبەجێ ناکرێت، (پ.ک.ک) شەڕی جدی دەکات، بۆیە پێشنیار دەکەم هێزێکی هاوبەش لە ناوچەکانی سلێمانی بێتە ئێرە، چونکە بە دواکەوتنی زیانی گەورەمان پێدەگات".[٦]

١- فەیسەل داغلی: س.پ، ل١٤٣- ١٤٥.
٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٠٨)، ١٩٩٢/١٠/٥، ل٢.
٣- سەلاح رەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، ل٢٩١.
٤- مستەفا چاوڕەش: س.پ، ل٣٢٠.
٥- هەڤاڵ جومعە: س.پ، ب٢، ل٣٤٣.
٦- سەلاح رەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، ل٢٩١.

جگە لەوە (٨) فرۆکە پشتیوانی ئاسمانیی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە دابین دەکرد و تورکیا داني بەوەدا نا، کە (٢٣) سەربازی لێ کوژراوە.[١] لە میانەی بەشدارییکردنی ڕاستەوخۆی تورکیا لە شەڕەکانی (تشرینی یەکەمی ١٩٩٢) لە ناو خاکی باشووری کوردستان، توانیویەتی یارمەتییەکی باشی پارتە کوردییەکان بدات و ژمارەیەکی زۆری بنکە و بارەگاکانی (پ.ک.ک)ی بەتەواوەتی خاپوورکرد، جگە لە کوشتنی ژمارەیەکی زۆری گەریلا، بەمەش (پ.ک.ک) زۆربەی بنکەکانی لە ناوچەی بادینان لەدەست دا.[٢]

لە بارەی بەشدارییکردنی تورکیا لە شەڕەکە ڕۆژنامەی "وڵات"، زمانحاڵی (پ.ک.ک)، هەریەکە لە (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) بەوە تۆمەتبار دەکات، کە ئەو شەڕەیان بەرامبەر بە (پ.ک.ک) بە هاوکاریی تورکیا بەرامبەر بە (٥٠) ملیۆن دۆلار و هەندێک چەک و کەرەستەی جەنگیی کردووە، بەمەیش تورکیا توانی لە پاراستنی ئەو سنوورانەی سەرکەوتوو بێت، کە خۆی بۆی نەدەپارێزرا، بە هەردوو هێزە کوردییەکەی باشووری پاراست.[٣] شەڕ بە چڕی بەردەوام بوو، لەماوەی (١٦) ڕۆژی شەڕدا پتر لە (١٠٠) گەریلای (پ.ک.ک) کوژران و هێزەکانی (ی.ن.ک) لە بەرەی شەڕی خواکورک پێشڕەویی زۆرتریان کرد. زۆربەی شوێنە سەخت و ستراتیژییەکان لەلایەن هێزەکانی (ی.ن.ک)ەوە دەستی بەسەردا گیرا، ئەو شوێنانەی دەستی بەسەردا گیرا، لە بارەگای سەرەکی سەرکردایەتی (پ.ک.ک) لە خواکورک نزیک بوو.[٤] خواکورک شوێنێکی سەربازیی ستراتیژیی گرنگ بوو، ئەو هێزەی بیخستایەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بەسەر ناوچەیەکی زۆر فراواندا زاڵ دەبوو. لە دوای بەرگرییەکی زۆری گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە بەرەی شەڕ لە خواکورک شکان و ئامادەی گفتوگۆ و ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بوون.[٥]

هەڤاڵ جومعە لەم بارەیەوە دەڵێت: "دوای ئەوەی (عوسمان ئۆجەلان) تووشی شکست بوو، زۆربەی هەرە زۆری جێگە گرنگ و ستراتیژییەکانی دەستی بەسەردا گیرا، سەرپەرشتیاری بەرەی خواکورک داوای گفتوگۆی کرد لە سەرکردایەتی (ی.ن.ک). عوسمان ئۆجەلان سەربەخۆ، بەبێ ئاگاداری (پ.ک.ک) چووبوو لەگەڵ (ی.ن.ک)دا ڕێکەوتبوو، پاشان خەبەری بە ئێمە دا کە لەگەڵیان ڕێکەوتووە، (پ.ک.ک) ناچاربوو ئەو ڕێکەوتنە قبووڵ بکات".[٦]

لە دوای پەیوەندییکردنی عوسمان ئۆجەلان بە عوسمانی حاجی مەحمود، کە سەرپەرشتیاری یەکێک لە بەرەکانی شەڕی خواکورک بوو، بەمەبەستی وەستانی شەڕ، دواتر لە ڕێگەی کۆسرەت رەسولەوە عوسمان ئۆجەلان چوو بووە هەولێر بەمەبەستی ڕێکەوتن. ئەمە لە کاتێکدایە شەڕ لە بەرەی خواکورک ڕاگیراوە، بەڵام لە بەرەی حەفتانین شەڕ لە نێوان (پ.د.ک) و سوپای تورکیا لەلایەک و (پ.ک.ک) لە لایەکی ترەوە بەردەوام بوو.[٧] هەر لەسەر ڕازیبوونی عوسمان ئۆجەلان، بەمەبەستی گفتوگۆ کۆسرەت رەسول عەلی، بە بروسکەی ژمارە (٩٦٦) لە (٢٦/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٢) ئاراستەی هەریەکە لە جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی کردووە، تێیدا هاتووە:"عوسمان ئۆجەلان ئامادەیە قسەیان لەگەڵدا بکەین و مەرجی پەرلەمانیان قبووڵە، ئەمرتان بە چییە؟ مقەڕی مەکتەبی سیاسییان گیراوە". جەلال تاڵەبانی هەمان ڕۆژ بە بروسکەی ژمارە (٧٥٥) وەڵامی کۆسرەت رەسول دەداتەوە و دەڵێت: "ڕێکەوتن بە نووسین بێت، هەموو ناوچەکانی سنوور چۆڵ بکەن لە ماوەی (٢٤) کاتژمێردا، بۆ چالاکی سیاسیان، خۆمان شوێنیان بۆ دیاری دەکەین، لە کوردستانی ئێمەوە چالاکی سەربازی ناکەن، وەک پەرلەمان داوای کردووە".[٨]

---

١- هێرش عەبدوڵا حەمەکەریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا ١٩٩١-١٩٩٨، ل١٠٥.
٢- بیار مصطفی سیف الدین: کێشەی کورد لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا- تورکیا، و.سەرمەد ئەحمەد، چ١، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٢٠٩.
٣- ڕۆژنامەی وڵات، ژمارە (٣٤)، ٣/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ ، ل١.
٤- محمود سەنگاوی: س.پ، ل٤٢١.
٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٢.
٦- پارتی کرێکارانی کوردستان، ب٢، ل٣٤٤- ٣٤٥.
٧- حەمەی حەمە سەعید: س.پ، ب٢، ل١٠٨.
٨- سەلاح رەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، ل٢٩٢.

له دوای هاتنی عوسمان ئۆجەلان بۆ هەولێر، لە هوتێل فەرید جێگایان بۆ دابینکرد و هەندێک لە هێزەکەیشی لە هوتێل هەورامان مانەوە، گەریلا بریندارەکانی (پ.ک.ک) لە نەخۆشخانەی هەولێر چارەسەرکران و (ی.ن.ک) پاسەوانی دەکردن، تاکو ئەوکاتەی بەتەواوەتی شەڕ لە بەری بادینان و حەفتانین لە (٢٧/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٢) وەستێنرا.[١] دواجار (٢٩/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٢) ڕێکەوتن لەنێوان پەکەکە، بە سەرۆکایەتی عوسمان ئۆجەلان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە سەرۆکایەتی د.فواد مەعسوم لە باڵەخانەی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق ئیمزا کرا و لەسەر چەند خاڵێک ڕێکەوتن لەوانە:[٢]

یەکەم: (پ.ک.ک) بەڵێن دەدات ڕێز لە یاساکانی هەرێمی کوردستان بگرێت و هەموو ئەندامانیشی تا لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان بن، بەو بەڵێنەوە پابەندبن، لەم ڕوانگەیەوە:
أ- خاکی باشووری کوردستان بۆ پرۆسەی سەربازیی بەکارناهێنن.
ب- گەریلا و ئەندامانی شوێنکەوتەی (پ.ک.ک)، کە دەیانەوێت لە باشووری کوردستاندا بمێننەوە، بۆ ناوچەیەک دەگوێزرێنەوە، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان، دوور لە هێڵی سنووری تورکیا، بۆیان دیاریی دەکات.
ج- ئازادی هاتووچۆیان لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، بە ئاگاداری وەزارەتی ناوخۆ و بەگوێرەی کاغەزی دەست نەهێنانەڕێگا، پێیان دەدرێت.
د- ڕاگرتنی هەڵمەتی میدیایی دژی حکومەتی هەرێم و بەرەی کوردستانیی.
دووەم: دەسەڵاتی هەرێم پارێزگاریی بۆ ئەو گرووپە دەستەبەر دەکات، کە دەیانەوێت لە کوردستاندا بمێننەوە، کە لە هاوڵاتیانی باکووری کوردستانن.
سێیەم: ئەندامانی (پ.ک.ک) پارێزگاریی لە کەلوپەلەکانیان دەکەن.
چوارەم: هەرچییەک (پ.ک.ک) هەیەتی لە هەرێمی کوردستاندا، خۆیان دەتوانن بیپارێزێت.
پێنجەم: لە هەرێمی کوردستان ئازادی چالاکی سیاسیی بە (پ.ک.ک) دەدرێت.
شەشەم: حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداویستی بۆ بریندار و نەخۆشەکانی (پ.ک.ک) دابین دەکات.[٣]

هەر بەپێی ڕێکەوتننامەکەی نێوانیان، دەبوو گەریلاکانی (پ.ک.ک)، بۆ ناوچەکانی زەڵێ ناوزەنگ و بێدەلان و ڕەزگە لە سنووری ئێران بگوازرێنەوە، کە بارەگای سەرکردایەتی پێشووتری (ی.ن.ک) بوو.[٤] ئەو هێزەی (پ.ک.ک) بەپێی ڕێکەوتننامەکە ڕەوانەی زەڵێ و دەوروبەری کرا، (١٨٠٠) گەریلا بوون.[٥] ئەم ڕێکەوتنە مایەی ڕەزامەندی تورکیا نەبوو، کە دەیخواست هێزی چەکداری (پ.ک.ک) بەتەواوەتی لە هەرێمی کوردستاندا نەمێنێت و چەکدارەکانیان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بدرێنەوە دەست تورکیا.[٦] هەر بۆ ئەم مەبەستە لە (٢/ تشرینی دووەمی ١٩٩٢) حکومەتی تورکیا بە فەرمی داوای دیلەکانی (پ.ک.ک)ی لە حکومەتی هەرێم کرد، بەڵام د.فواد مەعسوم، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەوەی ڕەتکردەوە، کە بە هیچ شێوەیەک ئەندامانی (پ.ک.ک) ڕادەست بە حکومەتی تورکیا بکاتەوە، چونکە ئەوە بەپێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتییەکانە.[٧]

هەر بۆیە تورکیا بە ئاگربەستی (٢٩/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٢)ی نێوان (پ.ک.ک)و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕازی نەبوو، چونکە بوونی چەکدارانی (پ.ک.ک)و مانەوەیان لە هەرێم بە مەترسی دەزانی، لەبەرئەوە جارێکی تر بە هێزێکی (٥) هەزار سەربازییەوە دژی (پ.ک.ک) هاتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان و تاکو (٥/ تشرینی دووەمی ١٩٩٢) لەنێو خاکی هەرێمدا مایەوە. دوای ئەوە لە (١٥/ تشرینی دووەمی ١٩٩٢)

---

١- جەلال ئێلێنجاغی: لە شاخەوە بۆ شار، چ١، هەولێر، ٢٠٢١، ل١٠١.
٢- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دەقی ڕێکەوتنامەی نێوان پەکەکە و حکومەتی هەرێم بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٥).
٣- فەیسەل داغڵی: س.پ، ل٢٩٨- ٢٩٩.
٤- محمود سەنگاوی: س.پ، ل٤٢٤؛ حەمەی حەمە سەعید: س.پ، ب٢، ل١٠٨.
٥- هەڤاڵ جومعە: س.پ، ب٢، ل٣٥٩.
٦- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (٢٤٢)، ١٩٩٢/١٠/١٥، ل١.
٧- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژمارە (٢٣٢)، ١٩٩٢/١١/٣، ل١.

جارێکی تر لە سلۆپی ڕێکەوتنامەیەک لەنێوان ئەشرەف بەتلسیسی، فەرماندەی هێزی جەندرمەی تورکیا و تاڵەبانی و بارزانی مۆرکراو ڕێکەوتن لەسەر بەرپاکردنی پلانێکی ئاسایشی لەسەر سنووری هاوبەش، کە خۆی لە دروستکردنی (٦٥ـ٩٠) بازگەی کوردیدا دەبینییەوە، کە بە هێزی پێشمەرگە پڕبکرێتەوە و بەدرێژایی (٣٠٠)کم. ئامانجی ئەو پلانەیش ڕێگرییکردن بوو لە کار و چالاکی (پ.ک.ک) دژی تورکیا لە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە.[1]

بەپێی پلانەکە هەر بازگەیەک لە بازگەکان (١٠٠) پێشمەرگەی تێدابێت و بە ئامێری بێتەل پەیوەندی لە نێوان بازگەکان و هەردوو لایەنی هەرێم و تورکیا هەبێت، دەبێت ئەم ڕێکەوتنە تاکو کۆتایی ساڵی (١٩٩٣) بەردەوام بێت.[2] بەم شێوەیە، بەیارمەتی تورکیا، کۆتایی بە شەڕی (تشرینی یەکەمی ١٩٩٢)ی نێوان (پ.ک.ک)، (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) هات. سەبارەت بە زیانەکانی ئەم شەڕە، هەرچەندە ئامارێکی دروست لە بەردەستدا نییە، هەندێک سەرچاوە باس لە کوژرانی (١٠٠) پێشمەرگەی (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) دەکەن و لە بەرامبەردا (١٥٠) گەریلای (پ.ک.ک) و (٢٣) سەربازی تورکیا کوژراوە.[3] هەڤاڵ جومعە "شەڕی (تشرینی (تشرینی یەکەمی ١٩٩٢) بە شەڕی خیانەت دەناسێنێت و باس لە کوژرانی (١٦٠) گەریلای (پ.ک.ک) دەکات".[4]

شەڕی (تشرینی یەکەمی ١٩٩٢)ی نێوان (پ.ک.ک) و (ی.ن.ک) (پ.د.ک)، دەستپێکی شەڕی ناوخۆی پارتەکان لە باشووری کوردستان بوو، کە لە دوای ڕاپەڕین و پێکهێنانی ئەنجومەنی نیشتمانی و دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەستی پێکرد، ئەم شەڕە بووە سەرەتای قۆناغێکی تری شەڕی ناوخۆی پارتەکانی باشوور، کە لە داوی دروستبوونی بەرەی کوردستانییەوە کۆتایی پێهاتبوو.

---

١- د.سەلام عبدالکریم: پارتی کرێکارانی کوردستان، ل٢٥٧.
٢- هێرش عەبدوڵا حمەکەریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا ١٩٩١ـ١٩٩٨، ل١٠٦.
٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥.
٤- هەڤاڵ جومعە: س.پ، ب٢، ل٣٥٠.

**باسی پێنجەم: شەڕی نێوان (پ.د.ک) و (حسک) (١٩٩٣):**

لە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و ڕێکەوتنی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک) لەسەر پێکهێنانی حکومەت و پەرلەمان، هەندێک لە پارتەکان بۆ خۆدەربازبوون لەو بارودۆخەی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی (١٩/ ئایاری ١٩٩٢) پەنایان بردە بەر یەکگرتن، بۆ دوو مەبەست- یەکەمیان بۆ خۆدەربازبوون لە شکستەکانی هەڵبژاردن و دووەمیان بەڵکو لەو ڕێگایەوە بتوانن ببن بە هێزی سێیەم بەرامبەر بە (پ.د.ک) و (ی.ن.ک).[1]

لەو پێناوەشدا یەکەم یەکگرتنی پارتەکان لەدوای هەڵبژاردنەکانی (١٩/ ئایاری ١٩٩٢)، یەکگرتنی (حسک) و پاسۆک و پارتی گەل بوو. هەر لەدوای هەڵبژاردن، شەمسەدین موفتی لەسەر پێشنیاری د.مەحمود عوسمان، بەمەبەستی هاتنەناوەی پارتی گەل بۆ ناو یەکگرتنەکەی (حسک) و پاسۆک، سەردانی سامی عەبدولڕەحمانیان کرد. لەدوای ئەو سەردانەی (حسک) بۆ لای پارتی گەل لە (٣/ حوزەیرانی ١٩٩٢) شاندێکی باڵای پارتی گەل بە سەرۆکایەتی سامی عەبدولڕەحمان سەردانی ڕانیەیان کرد، لەگەڵ ڕەسول مامەند سکرتێری (حسک)دا کۆبوونەوە، دەربارەی یەکگرتن دەگەنە نیمچە ڕێکەوتنێک لەسەر یەکگرتنی هەرسێ پارتی ناوبراو.[2]

لە (٨/ حوزەیرانی ١٩٩٢) بە ئامادەبوونی زۆربەی هەرەزۆری ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی هەرسێ پارتی (گەل- پاسۆک- حسک) لە هەولێر لە بارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی گەل یەکگرتنیان ڕاگەیاند و بەیانێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە و سکرتێری هەرسێ پارت (ڕەسول مامەند- سامی عەبدولڕەحمان- مولازم شوان) ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون. لە (٢٧/ تەموزی ١٩٩٢) هەرسێ پارت لە سلێمانی کۆبوونەوە و بڕیاری بەستنی کۆنگرەیان دا. کۆنگرەی یەکگرتنی هەرسێ پارت لە (٢٠/ ئابی ١٩٩٢) لە ژێر دروشمی (یەکگرتن لە پێناو سەرکەوتنی کوردستان) بە ئامادەبوونی (٨٦٨) ئەندام لە هۆڵی میدیا لە شاری هەولێر دەستی پێکرد و کۆنگرە هەتا (٢٧/ ئابی ١٩٩٢) بەردەوام بوو.[3]

لە (٢٩/ ئابی ١٩٩٢) یەکەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حزبی تازە (حزبی یەکگرتنی کوردستان) بەسترا، هەروەها لە ڕۆژی دواتردا حزبی یەکگرتنی کوردستان سیستمی سەرۆکایەتی بە کۆمەڵ پەسەندکرد و هەریەکە لە (ڕەسول مامەند، سامی عەبدولڕەحمان و ملازم شوان) بوونە ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی حزبی یەکگرتن.[4] ئەنجامەکانی کۆنگرەی یەکگرتنی هەرسێ پارت (حسک- پاسۆک- پارتی گەل) بە دڵی زۆرێک لە سەرکردەکانی (حسک) نەبوو، هەریەکە لە پارتی گەل و پاسۆک لەسەر ئەوە ڕێکەوتبوون، کە دەنگ بە کاندیدەکانی (حسک) نەدەن، ئەمە جگە لەوەی لە ناو حزبی (حسک) خۆیشیدا ململانێیەکی زۆر لەسەر بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگی کۆنگرە هەبوو، هەموو ئەمانە وای کرد، کاندیدەکانی (حسک) لە چاو کاندیدەکانی (پاسۆک- پارتی گەل) کەمترین دەنگی کۆنگرە بەدەسبهێنن. ڕەسول مامەند سکرتێری (حسک) (٤١٧) دەنگی کۆنگرەی بەدەستهێنا، لەکاتێکدا هەریەکە لە ملازم شوان (٦٤٨) دەنگ و ملازم کەریم (٦٤٧) دەنگیان بەدەستهێنا.[5]

---

١- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ شێخ محمد شاکەلی، کەلار، (٢٠٢٢/٢/١٨)؛
ناوبراو ساڵی (١٩٤٣) لە گەرمیان لەدایک بووە (١٩٥٧) بووەتە ئەندام لە یەکێتی قوتابیانی کوردستان، لە (١٩٥٩) دەستی بە کاری سیاسی کردووە لە ناو ڕیزەکانی (پ.د.ک) لە دوای شکستی شۆڕشی کورد لە (١٩٧٥) بەشداری کردووە لە دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بووە لە (شوباتی ١٩٩٣) لەگەڵ ڕەسول مامەند چوونەتە ناو (ی.ن.ک) و لە کابینەی حکومەتی هەرێم سلێمانی وەزیری ئەوقاف بووە، لە (٢٠١٠- ٢٠١٧) ڕاوێژکاری سەرۆکایەتی هەرێم بووە بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی و ئاینی.
٢- ڕێکار ئەحمەد: یەکگرتن و هەڵوەشاندنەوە چۆنیەتی پێکهێنان و هەڵوەشاندنەوەی حزبی یەکگرتنی کوردستان، چ١، هەولێر، ٢٠١٦، ل٣٣- ٣٤.
٣- ئیسماعیل تەنیا: س.پ، ل٢٤٧.
٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٣.
٥- محمد حاجی محمود: ڕۆژمێری پێشمەرگەیەک (١٩٧٦- ١٩٩٦)، ب٤، چ١، چاپخانەی دیلان، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٢٣؛ ئیسماعیل تەنیا: س.پ، ل٢٥٠.

ئەم جیاوازییە و دەرنەچوونی زۆرێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی (حسک) وای کرد، جارێکی تر دووکەرتبوون و جیابوونەوە لە کۆتاییەکانی مانگی (ئەیلولی ١٩٩٢)دا لە حزبی یەکگرتندا ڕوویدات.[١] لە (٣/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٢) باڵی رەسول مامەند بە فەرمی جیابوونەوەی خۆیان لە حزبی یەکگرتن ڕاگەیاند و بە ناوی (حسک) لە کوردستان دەستیان بە کار کردەوە. ئەمەش بووە هۆی نارەزایی و دروستبوونی گرژیی و ئاڵۆزیی لەنێوان سەرانی (حسک) و حزبی یەکگرتندا، حزبی یەکگرتن جیابوونەوەی رەسول مامەند و دروستکردنەوەی (حسک)یان بە نایاسایی لە قەڵەم دەدا و شەڕی دەستگرتن بەسەر بارەگا و ناوەندە حیزبییەکان و شەڕی ڕاگەیاندن لەنێوان هەردوولادا بەتوندی دەستی پێکرد، تەنانەت لە کۆبوونەوەی بەرەی کوردستانیی لە (٥/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٢) کە زۆربەی لایەنەکانی ناو بەرەی کوردستانیی ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون، لە حزبی یەکگرتن (سامی عەبدولڕەحمان، محەمەدی حاجی مەحمود، قادر جەباری و عەبدوڵا ئاگرین) بەشداربوون، لە (حسک) (رەسول مامەند و بەهرۆز گەلاڵی) ئامادەبوون. لە کۆبوونەوەکەدا ململانێیەکی توند لە نێوان نوێنەرانی هەردوولادا لەسەر ئەوە دروستبوو، کە نوێنەرانی حزبی یەکگرتن دەیانگووت (حسک) هەڵوەشاوەتەوە و شەرعییەتی نەماوە، حزبی یەکگرتن نوێنەرایەتی ئەوان دەکات.[٢]

هەر لە دوای ئەوە لە ناوچەکانی شەقڵاوە، قەڵادزێ و کفری کێشە لەنێوان هەردوولادا لەسەر دەستگرتن بەسەر بارەگا حزبییەکاندا دروستبوو، لە کفری شەڕ لەسەر دەستگرتن بەسەر بارەگایەکی حزبی یەکگرتن و ڕادیۆکەیان دروستبوو. (ی.ن.ک) پشتگیریی (حسک) دەکرد، بەچوونی محەمەد حاجی مەحمود، کە ئەوکات لە ناوچەکانی سلێمانی و شارەزوور بەرپرسی یەکەمی حزبی یەکگرتن بوو، کێشەکە چارەسەرکرا.[٣] لەم سەروبەندەدا (حسک) دووەم کۆنگرەی خۆی لە (٤/ تشرینی دووەمی ١٩٩٢) لە ڕانیە، بە ئامادەبوونی (٣٨٨) ئەندام و زۆربەی پارت و لایەنەکانی کوردستان گرێدا. کۆنگرەکە جگە لە خۆڕێکخستنەوەی حزب بۆ خۆیەکلاییکردنەوەی حزب بوو، تاکو لەگەڵ کام لایەندا بێت، هەر لە سەرەتای کۆنگرەدا، رەسول مامەند زۆر پێی لەسەر یەکگرتن دادەگرت و دەیگووت: "ئەمڕۆ سەردەمی یەکگرتنە، بەتایبەتیش لەنێوان ئەو پارتانەی، کە ڕێبازیان لە یەکترەوە نزیکە".

ئامادەبوونی (ی.ن.ک) لە کۆنگرەی دووەمی (حسک) و دابینکردنی پارەی پێویست بۆ بەڕێوەچوونی کۆنگرە، لەلایەن د.فواد مەعسوم سەرۆک وەزیرانی هەرێم لەسەر لیستی (ی.ن.ک) و ئامادەنەبوونی (پ.د.ک) لە کۆنگرەدا، هەمووی ئاماژە بوون، کە (حسک) لە (ی.ن.ک)ەوە نزیکە و هەوڵدەدرێت (حسک) بخرێتە چوارچێوەی (ی.ن.ک)ەوە. دواجار کۆمەڵێک هۆکار وایان کرد، (حسک) پتر لە (ی.ن.ک) نزیکبێتەوە، لەوانە بانگەوازی جەلال تاڵەبانی بۆ یەکگرتنەوەی چەپەکان و ئەوانەی لەڕووی فیکری و سیاسی و دروشمەوە لە یەکێتییەوە نزیکن، هەروەها نەبوونی هیچ نوێنەرێکی (حسک) لە پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران و جومگەکانی حکومەتی هەرێم، خراپی باری دارایی (حسک).[٤] لە دوای چەندین کۆبوونەوە لەنێوان هەردوولادا، سەرئەنجام لە (١٠/ شوباتی ١٩٩٣) لە مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) لە هەولێر بە ئامادەبوونی رەسول مامەند لە (حسک) و جەلال تاڵەبانی لە (ی.ن.ک) پرۆسەی یەکگرتنی هەردوو حزب ئەنجامدرا و بەپێی ڕێکەوتنی نێوانیان، (رەسول مامەند) کرا بە کارگێری مەکتەبی سیاسی، شێخ محەمەد شاکەلی و شێروان شێرەوەندی کران بە ئەندامی سەرکردایەتی (ی.ن.ک)، لەگەڵ بەشداربوونی لایەنگرانی (حسک) لە ناو دامودەزگاکانی حکومەتدا.[٥]

---

١- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ شێخ محمد شاکەلی، کەلار (٢٠٢٢/٢/١٨).
٢- ئیسماعیل تەنیا: س.پ، ل٢٥٦.
٣- مەردان کوڵەجۆیی: ئەزموونی تەمەنێک پڕ لە ململانێی سیاسی، ب١، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢٢، ل٦٤.
٤- ئیسماعیل تەنیا: س.پ، ل٢٦١- ٢٦٩.
٥- محمد شاکەلی: لە بزوتنەوەوە بۆ حزبی سۆسیالیستی کوردستان (١٩٧٦- ١٩٩٣) چ١، چاپخانەی کارۆ، کەرکوک، ٢٠١١پە، ل٣٠٠- ٣٠١.

هەردوو پارتی حکومڕانی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٣) ئۆپەراسیۆنێکی سیاسییان بۆ سەر لایەنەکانی دەرەوەی دەسەڵات دەستپێکرد و (ی.ن.ک) بە بانگەوازی یەکگرتنەوی چەپەکان و (پ.د.ک) بە بانگەوازی یەکگرتنەوەی حزبە نەتەوەییەکان، ئەمیش لەپێناو توانەوەی پارتە بچوکەکان بووە لە ناو خۆیاندا، ئەوەیشی کە دەمایەوە بە لاوازیی و بێ کاریگەریی دەمایەوە، ئەوەی بە هێز لە گۆڕەپانەکەدا مایەوە، ئەویش (باسک) بوو بە هاوکاری ئێران.[1]

لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٩٣) تا دەهات پەیوەندی نێوان پارتەکانی باشوور ئاڵۆز دەبوو، کێشەی سەرەکیی پارتەکان بوونی هێزی چەکداری پارتەکان لە ناو شارەکاندا بوو. لەو سەروبەندەشدا یەکەمین ململانێی چەکداریی، لە دوای شەڕی (پ.ک.ک)و (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)، لە (تشرینی یەکەمی ١٩٩٢) ململانێی نێوان (ی.ن.ک) و (حشع) بوو. دروستبوونی گرژیی و ئاڵۆزی لەنێوان هێزەکانی (ی.ن.ک) و هێزەکانی (حشع) لە (٢٢/ تەموزی ١٩٩٣) لەسەر دەستگرتن بەسەر بینایەکی حکومیدا لە شارۆچکەی دوکان، کە پێشووتر لەلایەن (حشع)ەوە دەستی بەسەردا گیرابوو، لیوای (٢٢)ی دوکان، کە فەرماندەکەیان غەریب هەڵەدنی بوو، داوای وەرگرتنەوەی ئەو بینایەیان لە (حشع) دەکرد. لەسەر گرتنی بیناکە کێشە کەوتبووە نێوان هەردوولاوە، شەڕو پێکدادان دروست ببوو، غەریب هەڵەدنی ئامر لیوای سوپای یەکگرتووی کوردستان لە (ی.ن.ک) کوژرا و لە (حشع) سۆران عوسمان ئەندامی لیژنەی پارێزگای سلێمانی (حشع) کوژرا.[2]

لە دوای ئەم ڕووداوە پەیوەندی نێوان هەردوو پارت بەتەواوەتی ئاڵۆز بوو، لە سلێمانی و دەوروبەری شەڕی ڕاگەیاندن لەنێوان هەردوولادا دەستی پێکرد، (حشع) لە بەیاننامەیەکدا لە (٢٢/ تەموزی ١٩٩٣) بڵاوی کردۆتەوە، باس لە کوژرانی (سۆران عوسمان) و گرتنی (٦) ئەندامی (حشع) لەلایەن (ی.ن.ک)ەوە دەکات. ڕەوشی نێوان هەردوولا هێندە ئاڵۆز بوو، زۆری نەمابوو شەڕی نێوان هەردوولا لە سلێمانی و دەوروبەری دەست پێبکات، دواجار بە نێوەندگیریی پارتەکانی ناو بەرەی کوردستانیی و پارێزگاری ئەو کاتەی سلێمانی ڕەوشەکە هێورکرایەوە، ئەویش بە دەرکردنی بەیاننامەیەک لەلایەن (حشع)ەوە لە (٢٥/ تەموزی ١٩٩٣) لەسەر ڕووداوەکان و لە بەیاننامەکەدا هاتووە، کە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە نوێنەرانی حزبەکانی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە لە هۆکار و ئەنجامی ڕووداوەکە پێک بهێنرێت، هەموو جۆرە هێرشێکی ڕاگەیاندن و جموجوڵی دژ بە یەکتری ڕابگرن، هەروەها گیراوەکان ئازاد بکەن.[3]

لە ئەنجامی گوشاری زۆری لایەنەکانی دەسەڵات لەسەر پارتە بچوکەکان، بەشێکی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان (ح.ز.ک) و (پەیڕەوی یەکگرتن) لە دوای چەندین کۆبوونەوەی نێوانیان لە (٢٤/ تەموزی ١٩٩٣) لە هۆڵی میدیا لە هەولێر بە ئامادەبوونی (٧٥٠) نوێنەر، دواین کۆنفرانسی خۆیان سەبارەت بە پەسەندکردنی گەڵاڵەی ڕێکەوتنی (پەیڕەوی یەکگرتن) لەگەڵ (ی.ن.ک) ئیمزاکرد.[4] لە دوای کۆبوونەوەی سەرکردایەتی (پەیڕەوی یەکگرتن) لەگەڵ جەلال تاڵەبانی لە (٢/ ئابی ١٩٩٣) بڕیاریان دا لەگەڵ (ی.ن.ک) یەکبگرنەوە و ڕێکخستنەکانیان تێکەڵ بە ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک) بکەن، ئەم یەکگرتنەوەش لەدوای بانگەوازەکەی جەلال تاڵەبانی هات، کە داوای یەکگرتنەوەی هێزە چەپ و سۆسیالیستەکانی کردبوو.[5]

خراپی پەیوەندییەکانی حزبی یەکگرتن لەگەڵ (ی.ن.ک) و پەلاماردانی بنکە و بارەگاکانی حزبی یەکگرتن لە ڕانیە و کفری وایان کرد، کە لە (پ.د.ک) نزیکبێتەوە، هەروەها بەهۆی گوشاری زۆری (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) لەسەریان و ناتەبایی و ململانێی باڵەکان لە ناو حزبدا، خراپیی ڕەوشی دارایی پارتەکە و چاوبڕینە پۆست و پلەوپایە وایکرد، ئەم حزبە پتر لە (پ.د.ک) نزیکبێتەوە، یەکەمین کۆبوونەوەی نێوان حزبی یەکگرتن

---

١- سەردار ستار: شۆڕشی گەل دەسەڵاتی خۆسەپێن باشووری کوردستان (١٩٧٥- ٢٠١٩)، چ١، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٧٨.
٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژمارە (٤٤٦)، ١٩٩٣/٧/٢٧، ل١.
٣- محمود سەنگاوی: س.پ، ل٤٣٧- ٤٣٩؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژمارە (٤٤٦)، ١٩٩٣/٧/٢٧، ل٨؛ هاوڕێ باخەوان: هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان، ل٣٥٣.
٤- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٤٤٤)، ١٩٩٣/٧/٢٥، ل١.
٥- مەلا بەختیار: لە بری بیرەوەری، چ١، چاپخانەی تاران، ٢٠٢٠، ل٦٦٦- ٦٦٩؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٤٥٢)، ١٩٩٣/٨/٣، ل٧؛ هاوڕێ باخەوان: هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد، چ٢، چاپخانەی ڕوون، لە بڵاوکراوەکانی چاپ و پەخشی سەردەم، ١٩٩٩.، ل٣٥٤.

و (پ.د.ک) لەسەر یەکگرتنی هەر دوو پارت لە (٧/ تەموزی ١٩٩٣) لە مەکتەبی سیاسی (پ.د.ک) لە سەلاحەدین بەسەرپەرشتی مەسعود بارزانی لە (پ.د.ک) و سامی عەبدولڕەحمان، مولازم شوان، مولازم کەریم، سەید کاکە، قادر جەباری و محەمەدی حاجی مەحمود لە حزبی یەکگرتن کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا قسە لەسەر یەکگرتنی هەردوو پارت و شێوازی یەکگرتنەوەکە کرا، لە (٢٧/ تەموزی ١٩٩٣) یەکگرتنی هەردوو پارت لە سەلاحەدین ڕاگەیەنرا.[١] لە دوای یەکگرتنی هەردوو پارت لە (٢٨/ تەموزی ١٩٩٣)، لە سلێمانی لایەنگرانی هەردوولا بە دروشمی (زەرد و شینی ئاسمانی، کاکە حەمە و بارزانی) دەستیان بە ئاهەنگگێران کرد. لەدوای بڕیاری یەکگرتنیشیان لەگەڵ (پ.د.ک)، لە ڕۆژانی (٨ و ٩/ ئابی ١٩٩٣) حزبی یەکگرتن لە هەولێر کۆنگرەی دووەمی خۆی بەست و بە زۆرینەی دەنگ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی حزبی یەکگرتن و بەشدارییکردنیان لە کۆنگرەی (١١)ی (پ.د.ک) دا.[٢]

کۆنگرەی (١١)ی (پ.د.ک) بە ئامادەبوونی سەرکردایەتی حزبی یەکگرتن لە (١٦/ ئابی ١٩٩٣) هەتا (٢٧/ ئابی ١٩٩٣) دەستی پێکرد. لە کۆنگرەدا ناوی (پ.د.ک) بۆ (پ.د.ک - یەکگرتوو) گۆڕا، لەگەڵ گۆڕانکارییەکی بچوک لە ئاڵاکەیاندا، هەریەکە لە سامی عەبدولڕەحمان، محەمەد حاجی مەحمود و مولازم کەریم بوونە ئەندامی مەکتەبی سیاسی.[٣] هەر لەو سەروبەندەدا (پ.د.ک) و یەکێتی دیموکراتی کوردستان یەکگرتنیان ڕاگەیاند، یەکێتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی عەلی شنگاری لە کۆنگرەی پارتەکەدا لە دهۆک بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پارتەکە ،بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پارتەکەیان دا و چوونە ناو (پ.د.ک) و عەلی شنگاری بووە ئەندامی سەرکردایەتی (پ.د.ک)[٤]، هەروەها بزوتنەوەی کوردە فەیلییەکان، کە سەرکردەکەیان (جەلیل فەیلی) بوو، لەگەڵ (پ.د.ک)دا یەکیان گرت و جەلیل فەیلی بووە ئەندامی سەرکردایەتی (پ.د.ک).[٥]

یەکگرتنی حزبی یەکگرتن و (پ.د.ک) زۆری نەخایاند جارێکی دیکە تووشی دووکەرتبوون بووەوە، ئەویش بە دەرچوونی محەمەد حاجی مەحمود و زۆرێک لە سەرکردەکانی (حسک). هەرچەندە محەمەدی حاجی مەحمود لە کۆنگرەی (١١)ی (پ.د.ک)دا بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا و سەرپەرشتی هەردوو لقی (٣ و ٤)ی سلێمانی و کەرکوکیان پێسپارد بوو، بەڵام وەک خۆی ئاماژەی بۆ دەکات، (١) کاتژمێر دەوامی نەکردووە. هەربۆیە دوای کەمتر لە یەک مانگ دەستی بە دووبارە ڕێکخستنەوەی (حسک) کردەوە، بە دیاریکراوی لە (٦/ ئەیلولی ١٩٩٣) بەیاننامەی دووبارە ڕێکخستنەوەی (حسک)یان لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا بڵاوکردەوە.[٦] لەسەر دووبارە ڕێکخستنەوەی (حسک) لەلایەن محەمەدی حاجی مەحمودەوە و دەرچوونی لە (پ.د.ک)، شێخ جەعفەر مستەفا دەڵێت: "ئێران ڕۆڵی گەورەی لە هاندانی محەمەدی حاجی مەحمود بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی (حسک)، لەدوای سەردانی محەمەدی حاجی مەحمود بۆ ئێران لە سەرەتای (ئەیلولی ١٩٩٣) هەبوو. هەروەها باس لە کاریگەریی (ی.ن.ک) لەسەر محەمەدی حاجی مەحمود دەکات و دەڵێت: "(ی.ن.ک) ئەو یەکگرتنەی پێخۆش نەبوو، بۆیە بە هەموو شێوەیەک کەوتنە هەوڵی ڕاکێشانی، ئەویش لە ڕێگەی سۆسیالیستە دێرینەکانی ناو (ی.ن.ک)ەوە".[٧]

---

١- محمد حاجی محمد: س.پ، ب٤، ل٢٣١.
٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٠.
٣- هەڵکەفت عبدالواحد: س.پ، ل١٣١ ؛ مەردان کوڵەجۆیی: س.پ، ل٢٧٥.
٤- هەڵکەفت عبدالواحد: س.پ، ل١٣١.
٥- هاوڕێ باخەوان: س.پ، ل٣٠٤.
٦- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محمدی حاجی محمود، (٢٠٢٢/٢/٢٠)، گوندی گوڵەخانە، لەساڵی (١٩٥٣) لە گوندی گوڵەخانە لەدایکبووە و لە ساڵی (١٩٧٠) بووەتە ئەندام لە ڕیزی (پ.د.ک)، لەدوای (١٩٧٥)ەوە پەیوەندی کردووە بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە، یەکێکە لەو (٨) پێشمەرگەی یەکێتی لە کارەساتی هەکاری لە (١٩٧٨) ڕزگاری بووە، لە ساڵی (١٩٨١)ەوە پەیوەندی بە حزبی سۆسیالیستەوە کردووە، لە ساڵی (١٩٩١) بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی سۆسیالیست، لە ساڵی (١٩٩٣) لەگەڵ (پ.د.ک)دا یەکگرتنیان ئەنجامداوە و لە ساڵی (١٩٩٣) دووبارە حزبی سۆسیالیستی دامەزراندووەتەوە و لە ئێستادا سکرتێری پارتی سۆسیالیست دیموکراتە.
٧- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ شێخ جعفر مستەفا، کەلار (٢٠٢٢/٢/٢٢)، لە ساڵی (١٩٥٧) لەدایکبووە، لە ساڵی (١٩٨٠) هەتا ڕاپەڕینی (ئازاری ١٩٩١) بەرپرسی یەکەمی هێزەکانی پێشمەرگەی پارتی بووە لە ناوچەکانی گەرمیان و کەرکوک، لە ئێستادا بەرپرسی لقی (١٥)ی خانەقین و فەرماندەی سەربازی (پ.د.ک)ە لە ناوچە کێشە لەسەرەکان.

لە دوای دەرکردنی چەندین بەیاننامە بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی (حسک)، لە (١٥/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٣) ئەو باڵەی (حسک)، کە تێکەڵ بە (پ.د.ک) بوو، بە سەرکردایەتی محەمەدی حاجی مەحمود هاتنە دەرەوە و لە هۆڵی ژووری بازرگانی سلێمانی کۆنگرەی دامەزراندنی (حسک)یان گرێدا. کۆنگرە بە بەشداریی (٤٠٠) ئەندام بەڕێوەچوو، محەمەدی حاجی مەحمود بە سکرتێری حزبەکە هەڵبژێردرا و نزیکەی (١١٠) بنکە و بارەگایان لە شارەکانی سلێمانی، هەولێر و ناوچە ڕزگار کراوەکانی کەرکوک کردەوە، ئێزگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنیان لە شاری سلێمانی و هەولێر و کەرکوک کردەوە.[١] ڕۆژنامەیەکیان بە ناوی (ڕێگای ئازادی) وەک زمانحاڵی حزب، لەگەڵ گۆڤارەکانی (سۆرین و دەنگی پێشمەرگە) دەرکرد.[٢]

(حسک) بە فەرمی لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا بنکە و بارەگای خۆی کردەوە، جگە لە ناوچەکانی بادینان و دهۆک، چونکە (پ.د.ک) ڕێگریی لە کردنەوەی بارەگاکانی (حسک) کردبوو.[٣] لەبەرئەوەی دەرچوونی محەمەدی حاجی مەحمود لە یەکگرتنەکەیان لەگەڵ (پ.د.ک) قورس بوو، چونکە مەبەستی سەرەکیی یەکگرتنەکەیان، زۆرتر (حسک) و محەمەدی حاجی مەحمود بووە، ئەوەش لە پێناو بەهێزکردنی پارسەنگی هێزی (پ.د.ک) لە ناوچەکانی سلێمانی و شارەزوور و کەرکوک.[٤]

دەرچوونی محەمەدی حاجی مەحمود لە (پ.د.ک) گورزێکی گەورەی لە (پ.د.ک) دا، ئەمەیش پەیوەندی نێوان هەردوولای بە ئاراستەیەکی تردا برد، تاکو سەرئەنجام سەرەتای ناکۆکییەکانیان دەستی پێکرد، وەک خۆی ئاماژەی پێ دەکات، کە بۆ (٩/ کانونی یەکەمی ١٩٩٣) دەگەڕێتەوە، ئەویش کاتێک ئەو پێشمەرگانەی (حسک)، کە لە سوپای یەکگرتووی کوردستان بوون و ژمارەیان (٣٧٠٠) پێشمەرگە بوو، (پ.د.ک) لە سوپا دەری کردبوون، ئەمەیش بارودۆخەکەی ئاڵۆزکرد. لە بەرامبەر ئەوەدا (حسک) هێرشی بۆ سەر بارەگای لیوای (٢٤)ی سوپای یەکگرتووی کوردستان کرد، کە بارەگاکەی لە (تانجەرۆ) بوو. فەرماندەی بارەگاکەش (ملا فایەق چوچانی) بوو، کە پێشتر (حسک) بوو. بەڵام لە دوای گەڕانەوەی محەمەدی حاجی مەحمود، بۆ لای (حسک) نەگەڕایەوە. سەرجەم چەک و تەقەمەنی لیواکەیان بۆ میری سوور برد.[٥]

ئەمەیش ڕەوشەکەی ئاڵۆزتر کرد، کاتێک (پ.د.ک) داوای لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد ڕێوشوێنی پێویست بۆ وەرگرتنەوەی چەکەکان بگرێتەبەر و سەرپێچیکاران بدرێنە دادگا، بۆ ئەم مەبەستەش ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە (١٣/ کانونی یەکەمی ١٩٩٣) ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە، کە تێیدا هاتووە، ڕۆژی (١٠/کانوونی یەکەمی ١٩٩٣) تاقمێکی گێرەشێوێنی دژ بە یاسا هێرشیان بۆ سەر بارەگای لیوای (٢٤)ی فەوجی دووی هێزی پێشمەرگەی یەکگرتووی کوردستان لە ناوچەی سلێمانی کردووە و دەستیان بەسەر کەلوپەل و چەک و تەقەمەنی بارەگاکەدا گرتووە، چەند پێشمەرگەیەکیان بە دیل گرتووە، بەپێویستی دەزانین بەرپەچی ئەم دەستدرێژییە بۆ سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بدرێتەوە و سنوورێکی بۆ دابنرێت و تاوانباران بدرێنە یاسا، داوا لە جەماوەری بەشەرەفی کوردستان دەکەین، وەک هەمیشە، پاڵپشتی هێزەکانی پێشمەرگە و حکومەتی هەرێمی کوردستان بن.[٦]

لە پێش دەرکردنی بەیاننامەی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هێرشی (پ.د.ک) لە (١١/ کانونی یەکەمی ١٩٩٣) بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی (حسک) لە هەولێر دەستی پێکرد، سەرپەرشتی هێزەکە بە لیوای تایبەتی مەسعود بارزانی سپێردرابوو، بە فەرمانی ڕاستەوخۆی (یونس ڕۆژبەیانی)، وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێم، (حسک)، کە لە هەولێر دوو بارەگای هەبوو، لەلایەن هێزەکانی (پ.د.ک)ەوە دەستی بەسەردا گیرا و (١١) ئەندامیان دەستبەسەر کران و هەرچی هەبوو، لە بنکە و بارەگاکاندا، بە ڕادیۆیەکەی

---

١- صلاح الخرسان: التيارات السياسية في كردستان العراق (١٩٤٦- ٢٠٠١)، ط١، منشورات مؤسسة البلاغ للطابعة والنشر، بيروت- لبنان، ٢٠٠١، ص٥٠٢-٥٠٧.

٢- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٢٧٨.

٣- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ محمدی حاجی محمود، گوڵەخانە، (٢٠٢٢/٢/٢٠).

٤- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ شێخ محمد شاکەلی، کەلار، (٢٠٢٢/٢/١٨).

٥- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٢٩٢.

٦- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(١٨٢١)، ١٩٩٣/١٢/١٤، ل١.

(حسک)وە لە هەولێر سووتێنرا.[١] لە دوای گرتنی بنکە و بارەگاکانی (حسک) لە هەولێر (حسک) هێزەکانی خۆی لە شارەزوور و سلێمانیدا کۆکردەوە و لە ناو شاری سلێمانیدا بڵاوەیان پێکرا، بۆ بەرگرییکردن لە بنکە و بارەگاکانیان لە سلێمانی، لە دوای ئەوەی لە ناوچەکانی ڕانیە، کۆیە، قەڵادزێ، تەقتەق، کەلار و کفری بارەگانیان بەتەواوەتی لەلایەن هێزەکانی (پ.د.ک)ەوە دەستی بەسەردا گیرا.[٢]

لە (١٢/ کانونی یەکەمی ١٩٩٣) (پ.د.ک) بە هێزێکی زۆرەوە هێرشی بۆ سەر(بارەگای ناڵپارێز)ی (حسک) کرد، لەو هێرشەدا سوپای یەکگرتووی کوردستان و لیوای (٣ و ٤)ی (پ.د.ک) بەشداریی ئەو شەڕەیان کرد، دوای (٣) کاتژمێر شەڕکردن لە نێوان هەردوولا، دوای ئەوەی لێپرسراوی بارەگاکە بە ناوی (ئەحمەد تۆفیق سەنگاوی) کوژرا و دەست بەسەر بارەگاکەدا گیرا، کە گەورەترین و دەوڵەمەندترین بارەگای (حسک) بوو، چونکە ئازوقە و خواردن و کەرەستەیەکی زۆری تێدابوو، بەتایبەتی لەو هاوکارییانەی ئێران بۆ (حسک)ی ناردبوو.[٣]

لە هەڵەبجەی شەهید لەدوای شەڕێکی قورس، دەست بەسەر بنکە و بارەگاکانی (حسک)دا گیرا. لە شارۆچکەی دەربەندیخان، لەدوای گەمارۆدانی بنکە و بارەگاکانی (حسک)، جەماوەری شاری دەربەندیخان کۆبوونەوە، لەپێناو ئەوەی شەڕ نەکەوێتە ناو دەربەندیخان داوایان کرد، (حسک) بارەگاکەی چۆڵ بکات، دواتر بە ڕێکەوتن لەنێوان فەرماندەکانی (حسک) و (ی.ن.ک)، بارەگاکەی (حسک) ڕادەستی هێزەکانی (ی.ن.ک) کرا و ئاڵای سەوزی لەسەر هەڵکرا و لایەنگرانی (حسک) برانە مەڵبەندی (ی.ن.ک) لە دەربەندیخان و لە ئەنجامی ڕادەستکردنی بارەگاکەی (حسک) بە (ی.ن.ك)، گرژیی و ئاڵۆزیی لەنێوان هێزەکانی (ی.ن.ك)و (پ.د.ک) دروستبوو.[٤]

تەنیا شوێن، کە مابوو لەلایەن هێزەکانی (پ.د.ک)ەوە دەستی بەسەردا بگیرێت، بارەگاکانی (حسک) لە شاری سلێمانی بوو، لەلایەن هێزەکانی (پ.د.ک)ەوە بەتەواوەتی گەمارۆ درابوون، لە ڕۆژی (١٢/ کانونی یەکەمی ١٩٩٣) لەلایەن مامۆستا جەمال عەبدول، پارێزگاری ئەوکاتەی سلێمانی و زۆرێک لە بەرپرسە کارگێڕییەکانی شاری سلێمانی، لە پێناو ئەوەی شەڕ نەکەوێتە ناو شاری سلێمانی چەندین جار هەوڵی نێوەندگیرییان دا. لە ڕێگەی پێکهێنانی لیژنە و ڕێکەوتنی مامۆستا جەمال عەبدول لەگەڵ (خاڵە حاجی)، بەرپرسی پەیوەندییەکانی (حسک)، لەسەر ئەوەی ئەو چەک و کەرەستە و ئۆتۆمبێلانەی، کە (حسک) پێشووتر دەستی بەسەردا گرتبوو، بۆ (پ.د.ک) بگەڕێندرێتەوە، هەروەها چۆڵکردنی شوێنە بەرزەکان لەلایەن (حسک)ەوە، وەک بینای حەسیب سالح، لە پێناو ئەوەدا شەڕ لە نێوان هەردوولادا ڕوونەدات.[٥]

هەروەها، لە پێناو ئەوەی شەڕ لە سلێمانیدا ڕوونەدات، لە هەمان ڕۆژدا جەلال تاڵەبانی بروسکەیەکی ئاراستەی (خاڵە حاجی) کردو تێیدا هاتووە: "پەیوەندی بە کاک عومەرەوە بکەن، (مەبەستی لە عومەری سەید عەلییە- توێژەر)، پێویستە چارەسەری یاسایی بۆ هەموو کێشەکان بکرێت و حورمەت و شکۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بپارێزن، نابێت ماوەی شەڕی براکوژیی بدەین و دەبێت ئاوێک بەو ئاگرەدا بکەین، کاک عومەریش دەسەڵاتی تەواوی لایە بۆ هەموو شتێک".[٦] هەر لەو نێوەندەدا، هەریەکە لە (ی.ن.ک) و حزبی زەحمەتکێشان و (حشع) و (باسک) داوایان لە هەردوو لایەنی شەڕکەر کرد، بۆ ئەوەی شەڕ لە سلێمانیدا ڕوونەدات. کەوتنە نێوان هەردوولاوە و ڕێکەوتن لەنێوان هەردوولادا، سەبارەت بە هاتنەخوارەوەی هێزەکانی (حسک) لە بەرزاییەکان بەتایبەتی لە حەسیب ساڵح کرا.[٧]

---

١- محمد حاجي محمود: س.پ، ب٤، ل٢٨١- ٢٨٢.
٢- مەردان کوڵەجۆیی: س.پ، ل٢٨٢.
٣- محمد حاجي محمود: س.پ، ب٤، ل٢٩٨.
٤- مەردان کوڵەجۆیی: س.پ، ل٢٨٤.
٥- محمد حاجي محمود: س.پ، ب٤، ل٣٠٢- ٣٠٣.
٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢٧.
٧- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٥٦٣)، ١٩٩٣/١٢/١٦ ، ل١.

لە دوای هاتنەخوارەوەی هێزەکانی (حسک) لە بەرزاییەکان، لە (١٣/ کانونی یەکەمی ١٩٩٣) هێرشی (پ.د.ک) بۆ سەر تەواوی بنکە و بارەگاکانی (حسک) لە ناو شاری سلێمانی دەستی پێکرد، شەڕەکە لە بارەگای ناوەندی (حسک) لە چوارباخ دەستی پێکرد، لە ماوەیەکی کەمدا دەستی بەسەردا گیرا. پێشمەرگەیەکی (حسک) بە ناوی (جمال مەحمود) کوژرا و چەندین پێشمەرگەی دیکە برینداربوون.[١]

لە دوای دەستبەسەرداگرتنی بارەگای چوارباخ، هێزەکانی (پ.د.ک) هێرشیان بۆ سەر ماڵی محەمەدی حاجی مەحمود لە گەڕەکی ڕزگاری کرد، دواتر هێرشی (پ.د.ک) بۆ سەر بارەگای (حسک) لە شەقامی سالم دەستی پێکرد و دەستی بەسەردا گیرا، لە شاری سلێمانیدا تەنیا دوو شوێن بەدەست هێزەکانی (حسک) مابوون، ئەوانیش ماڵی محەمەدی حاجی مەحمود و بارەگای مەکتەبی عەسکەری لە بەردەم گەراجی بەغداد بوو، لەکاتی هێرشی (پ.د.ک) بۆ سەر ماڵی محەمەدی حاجی مەحمود، پێشمەرگەیەکی (حسک) بە ناوی (مام والی قاجری) کوژرا و دوو پێشمەرگەش بریندار بوو.[٢]

لە دوای توندبوونی گەمارۆی (پ.د.ک) لەسەر ماڵی محەمەدی حاجی مەحمود، زۆرێک لە فەرماندە سەربازییەکانی (ی.ن.ک) هاوکاری محەمەدی حاجی مەحمودیان کرد، سەرئەنجامی شەڕی نێوان (حسک) و (پ.د.ک)، بەدەستوەردانی سەربەخۆیانەی فەرماندە سەربازییەکانی (ی.ن.ک) چارەسەر کرا.[٣] لەو ڕۆژەدا (پ.د.ک) هێرشی بۆ سەر بارەگاکانی (حسک) و ماڵی محەمەدی حاجی مەحمود لە سلێمانی کرد، (حسک)، بە بەردەوامیی لە ڕێگەی ڕادیۆکەیەوە لە سلێمانی هاواری لە خەڵکی و لایەنگرانی دەکرد، برژێنە سەر شەقام و لە دژی شەڕی (پ.د.ک) خۆپیشاندان بکەن، هەر لە هەمان ڕۆژدا، خۆپیشاندان لە دژی شەڕی براکوژیی نێوان (حسک) و (پ.د.ک) دەستی پێکرد، داوای وەستاندنی ئەو شەڕەیان دەکرد، بەڵام ئاراستەی خۆپیشاندانەکە، لە شەقامی سالمەوە بۆ لقی (٤)ی (پ.د.ک) گۆڕا، لەکاتی گەیشتنیان بە لقی (٤)ی (پ.د.ک) گرژیی و ئاڵۆزیی دروستبوو، لە ئەنجامدا (٤) کەس کوژران و (٦٥) کەسیش بریندار بوو.[٤]

ڕۆژنامەی "برایەتی"، ئۆرگانی ڕەسمی (پ.د.ک) باس لە خۆپیشاندانەکانی ڕۆژانی (١٤ و ١٥/ کانونی یەکەمی ١٩٩٣)ی شاری سلێمانی دەکات و (ی.ن.ک) بە هاندانی ئەم خۆپیشاندانانە تاوانبار دەکات، بەوەی هاوکاریی گێرەشێوێنەکانیان کردووە، کۆکردنەوەی خەڵکی هەردوو پارێزگای سلێمانی و کەرکوک، بە بیانووی ڕاگرتنی شەڕ، جەماوەری خۆپیشاندەر بە ئاڵای سەوز و شین و سوورەوە بەرەو لقی (٤)ی (پ.د.ک) لە سلێمانی ڕۆیشتوون.[٥]

جگە لەوە، لە شەوی (١٤/١٥ی کانونی دووەمی ١٩٩٣) پێنج پێشمەرگەی (ی.ن.ک)، کە ئەرکیان پاراستنی شاربوو لە بۆسەیەکدا کوژران.[٦] محەمەدی حاجی مەحمود دەڵێت: "ئەو بۆسەیە بۆ پێشمەرگەکانی (حسک) دانرابوو، بەڵام پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک) دەکەونە ناو ئەو بۆسەیەوە و (٥) پێشمەرگەی (ی.ن.ک) کوژرا، ئەمە دەبێتە هۆی ئاڵۆزی لە نێوان هەریەکە لە (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) لەسەر ڕادەستکردنەوەی ئەو هێزەی (پ.د.ک)، کە بەو کارە هەستاوە، بەڵام (پ.د.ک) ئەو هێزەی ڕادەستی (باسک) کرد و ئەوانیش ڕەوانەی بنکەی سەرەکی (باسک)یان لە بێتواتە کردووە".[٧]

داواکاریی خۆپیشاندەران ئەوە بوو، کە شەڕی براکوژیی لە سلێمانیدا ڕابگیرێت، هەروەها ئازادکردنی پێشمەرگە دیلەکان، بەتایبەتی ئەوانەی لای (پ.د.ک) بوون و تەقەکەران بە زووترین کات بدرێنە دادگا.[٨] شەڕی (کانونی یەکەمی ١٩٩٣)، شەڕی نێوان دوو پارت، (حسک) و (پ.د.ک) بووە، (پ.د.ک) ئەم شەڕەی

١- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٣٠٣.
٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٩-٢٩١.
٣- حەمەی حمە سەعید: س.پ، ب٢، ل١٦٥؛ محمود سەنگاوی: س.پ، ل٤٥٣.
٤- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٥٦١)، ١٩٩٣/١٢/١٤، ل١.
٥- ژ (١٨٢٢)، ١٩٩٣/١٢/١٦، ل١.
٦- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (٥٦٤)، ١٩٩٣/١٢/١٧، ل١-٧.
٧- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٣١٤.
٨- مەسعود مەحمود حەسەن: س.پ، ل١٥١.

به شەڕی حکومەتی هەرێم و (حسک) ناودەبات. زۆربەی شەڕەکانی دوای ڕاپەڕینی (ئاداری ١٩٩١)، هەریەکە لە دوو پارتە فەرمانڕەواکەی هەرێمی کوردستان کردوویانە بە شەڕی نێوان حکومەتی هەرێم و لایەنی بەرامبەر ناوی براوە. بۆ نموونە شەڕی (پ.ک.ک) و حکومەتی هەرێم لە (تشرینی یەکەمی ١٩٩٢) هەروەها شەڕی (حسک) و حکومەتی هەرێم و هەروەها شەڕی (باسک) و حکومەتی هەرێم لە (کانونی یەکەمی ١٩٩٣).[١]

لە (١٥/ کانونی یەکەمی ١٩٩٣) هەتاکو (٢٩/ کانونی دووەمی ١٩٩٤) هێزەکانی (حسک) و (پ.د.ک) لە حاڵەتی شەڕدا بوون، هەتاکو ئەو کاتەی (حسک) بەتەواوەتی بنکە و بارەگاکانی خۆی لە سلێمانی چۆڵکرد و مەڵبەندی سەرەکیی حزبیان بۆ ناوچەی گوڵەخانە و بەرزاییەکانی سورین گواستەوە.[٢] سەبارەت بە زیانەکانی شەڕی نێوان هەردوولا، محەمەدی حاجی مەحمود باس لە کوژرانی (٣) پێشمەرگەی (حسک) و برینداربوونی (٢٥) پێشمەرگە دەکات، هەروەها لە خۆپیشاندانەکانیش، باس لە (٩) کوژراو و (٧٢) بریندار دەکات.[٣]

لە دوای تەواوبوونی شەڕی نێوانیان، هەردوولا لەپێناو ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان، لە (٦/ کانونی دووەمی ١٩٩٤) لە گوندی سەرای سوبحان ئاغا گفتوگۆی ئاشتی لەنێوان هەردوولادا دەستی پێکرد. لە (حسک) محەمەدی حاجی مەحمود و خاڵە حاجی، لە (پ.د.ک)یش دەروێش ئاغا و محێدین رەحیم بەشداربوون، لەسەر چەند بابەتێک گفتوگۆ لە نێوان هەردوولادا کرا: لەوانە کردنەوەی بنکە و بارەگاکانی (حسک) و دڵنیایەتینەکردنی (حسک)یش بۆ (پ.د.ک) لە شارەزوووردا، هەروەها دروستنەکردنی گرژیی و ئاڵۆزیی بۆ ئەندامانی (پ.د.ک) و هاتووچۆیان لە سەیدسادقەوە بەرەو هەڵەبجە. لە دوای نەگەیشتنیان بە ڕێکەوتنێکی کۆتایی لەنێوان هەردوولادا، جارێکی تر لە (١٧/ کانونی دووەمی (١٩٩٤) لە (باریکە)، لە ئاستێکی باڵاتردا هەردوولا کۆبوونەوە. لە (پ.د.ک) مولازم کەریم، بەرپرسی لقی (٤)ی (پ.د.ک) و خاڵە نەبەز، لە (حسک)یش محەمەدی حاجی مەحمود، خاڵە حاجی و محەمەد دۆلاشی بەشداربوون، کۆبوونەوەی دووەمیان بە دەستپێشخەری مەسعود بارزانی بووە، ئەویش لە پێناو ڕاگرتنی شەڕ و دروستنەکردنی گرژیی و ئاڵۆزیی بۆ هێزەکانی (پ.د.ک) لە شارەزوور و بەتایبەتی ڕێگای (هەڵەبجە- سەیدسادق). پەیوەندی هەردوولا لە سەروبەندی نە شەڕ و ئاشتیدا بوو، هەتا کوژرانی (خاڵە حاجی)، سەرکردەی باڵای (حسک) و کەسی دووەمی (حسک) لە شەوی (١٠/١١ی ئاداری ١٩٩٤). لە کوشتنەکەدا (حسک)، (پ.د.ک)ی تاوانبار کرد، بەوەی ئەوان دەستیان لە کوشتنی ناوبراودا هەبووە.[٤]

شەڕی نێوان (حسک) و (پ.د.ک) لە (کانونی یەکەمی ١٩٩٣)، لە دوای ئەو ئۆپەراسیۆنە سیاسیانە بوو، کە لە دوای هەڵبژاردنەکانی (ئایاری ١٩٩٢)، هەردوو پارتی سەرکەوتوو بۆ سەر پارتە بچوک و دۆڕاوەکانی هەڵبژاردن دەستی پێکرد و لە دوای یەکگرتنی حزبی یەکگرتن و (پ.د.ک) لە (ئابی ١٩٩٣)و دواتر جیابوونەوەی باڵێکی حزبی یەکگرتن، کە محەمەدی حاجی مەحمود و سەرکردە دێرینەکانی سۆسیالیست سەرپەرشتیان دەکرد، بووە هۆی شەڕی نێوان هەردوولا لە ناوچەکانی هەولێر و سلێمانی و دەستبەسەردا گرتنی بنکە و بارەگاکانی (حسک) لەلایەن (پ.د.ک)ەوە.

---

١- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ شێخ محمد شاکەلی، کەلار (٢٠٢٢/٢/١٨).
٢- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٣٢٥.
٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٧.
٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٩- ٣٤٤

**باسی شەشەم: شەڕی (ی.ن.ک) و باسک (کانوونی یەکەمی ١٩٩٣):**

سەرەتا پەیوەندی نێوان هەریەکە لە (ی.ن.ک) و (باسک) لە سەرەتای دامەزراندنی (باسک) لە ساڵی (١٩٨٧) پەیوەندییەکی دۆستانە بووە، (باسک)، وەک تاکە هێزی چەکداریی ئیسلامی لە باشووری کوردستان، هەرچەندە هێزێکی دەرەوەی بەرەی کوردستانیی بووە، کە زۆرێک لە هێزە کوردییەکانی تێدا کۆبوویەوە، پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ زۆربەی پارتەکان بەگشتی، (ی.ن.ک) بەتایبەتی هەبووە.[١] سەرەتای پەیوەندی نێوان هەردوولا، لە دوای چەند مانگێک لە دروستبوونی (باسک) مەلا عەلی عەبدولەعزیز و بەیاوەری شێخ محەمەد بەرزنجی و عەلی باپیر سەردانی (ی.ن.ک) لە گوێزێ دەکەن و لەلایەن هەریەکە لە (فواد مەعسوم و ئاوات عەبدولغەفور و نازم دەباغ)ەوە پێشوازییان لێدەکرێت. ڕێکەوتنێک لەنێوان هەردوولادا واژوو دەکرێت، کە زۆربەی بەندەکانی خۆی لە هاوکاریی و هاوئاهەنگی نێوان هەردوو هێزەکەدا دەبینیەوە. هەر لەو پێناوەشدا، لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٧) جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتی (ی.ن.ک) سەردانی بارەگای سەرەکیی (باسک)ی کرد و چەندین دانیشتنی لەگەڵ ئەندامانی شورا و مەکتەبی ئیرشادی (باسک)دا ئەنجامداوە.[٢]

پەیوەندی نێوان هەردوو هێز لە ساڵانی (١٩٨٩- ١٩٩٠) پەیوەندییەکی باش و دۆستانە بووە، بە بەردەوامیی کۆبوونەوە و دانیشتن لە نێوان هەردوو هێزدا هەبووە، لە (٦/ ئاداری ١٩٨٩) سکرتێری گشتی (ی.ن.ک) سەردانی ڕابەری (باسک)ی کردووە. هەر سەبارەت بەو پەیوەندییانە جەلال تاڵەبانی دەڵێت: "(باسک) هاوپەیمانی (ی.ن.ک)ە". ڕێکەوتنی توندوتۆڵ لەنێوانماندا هەیە. هەروەها کۆبوونەوەی دووقۆڵی نێوان هەردوولا لە شاری (پاوە)، لە بارەگای سەرەکیی(ی.ن.ک)، کە پتر خۆی لە هاوئاهەنگییکردن و هاوکارییکردنی یەکتردا دەبینییەوە.[٣]

قۆناغێکی دیکەی پەیوەندی نێوان هەردوولا، لە ڕاپەڕینی (ئاداری ١٩٩١) هەتا شەڕەکانی (کانونی ١٩٩٣)، لەم قۆناغەدا تا ڕادەیەک پەیوەندی نێوانیان ئاسایی بوو، هەرچەندە (باسک) بەشێک نەبوو لە بەرەی کوردستانیی، بەڵام (ی.ن.ک) ڕازی بوو، بەوەی پێشمەرگەکانی (باسک) بێنە ناوچە ئازادکراوەکان و کەوتە هاوکارییکردنیان. لە دوای گەڕانەوەی سوپای عێراق و گرتنەوەی ناوچەکانی کوردستان و کۆڕەوی کوردان بۆ سنوورەکان و شکانی سوپای عێراق، لە سەرەتاکانی مانگی (نیسانی ١٩٩١) لە کۆڕێ و بەرزاییەکانی ئەزمەڕ، هێزەکانی (باسک) هاوشانی هێزەکانی تری بەرەی کوردستانیی بەشداریی لەو شەڕانەدا کرد، هەتا دانووسانی نێوان بەرەی کوردستانیی و حکومەتی عێراق، قۆناغی یەکەمی لە (نیسانی ١٩٩١) دەستی پێکرد. (باسک) لە دەرەوەی ئەو گفتوگۆ و دانووسانەدا مایەوە، هەرچەندە (باسک) باوەڕی بە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عێراقدا نەبووە، بەڵام پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتە کوردییەکان بەگشتی و (ی.ن.ک) بەتایبەتی پەیوەندییەکی باش بووە، هەتا کشانەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی عێراق لە (٢٦/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٢) لە پارێزگاکانی کوردستان، سەپاندنی ئابلۆقەی ئابووری بەسەر ناوچە کوردییەکاندا، هەتا ئەو کاتەی بەرەی کوردستانیی دەسەڵاتی گرتەدەست، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە یاسایەی لە ناوچەکەدا دروستبوو، بەرەی کوردستانی بڕیاری هەڵبژاردنی لە ناوچەکانی کوردستان دا، (باسک) هاوشێوەی پارتەکانی تر، لەگەڵ هەڵبژاردندا بوو. پەیوەندی پتەوی لەگەڵ پارتەکانی بەرەی کوردستانییدا هەبوو.[٤]

(باسک) بەشداریی لە هەڵبژاردنەکانی (١٩/ ئایاری ١٩٩٢)دا کرد و تەنانەت کاندیدیشیان بۆ پۆستی ڕابەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد هەبوو، ڕێژەی (٥,٧٧٪)ی دەنگەکانیان بەدەستهێنا. ئەم ڕێژەیە لە ڕێژەی (٧٪) کەمتر بوو، کە بۆ گەیشتن بە پەرلەمان دانرابوو. سەرئەنجام (باسک) نەیتوانی هیچ کورسییەک لە پەرلەمان بەدەست بهێنێت و لەبەیاننامەیەکدا ناڕەزایی خۆی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ڕاگەیاند.[٥] لە دوای

---

١- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عیرفان علی عبدالعزیز)، سلێمانی، (٢٠٢٢/٥/١٧).

٢- ئیدریس سیوەیلی: ڕەوتی ئیسلامی لە باشووری کوردستان، ل٢٠٨.

٣- ژیلوان عبدالله احمد: پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی (١٩٨٧- ١٩٩٩)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژ(٦)، کانونی دووەمی ٢٠١٩، ل٢٩- ٣٠.

٤- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عیرفان علی عبدالعزیز)، سلێمانی، (٢٠٢٢/٥/١٩).

٥- مسعود عبدالخالق: ناسنامەی حزبە کوردستانییەکان ڕەوتیان- ئایدیۆلۆژیان- هەڵسەنگاندنیان، چ٢، هەولێر، ٢٠١٤، ل٣٤١.

هەڵبژاردن و دروستبوونی ئەنجوومەنی نیشتمانیی لە (٤/ حوزەیرانی ١٩٩٢) و هەروەها پێکهێنانی یەکەمین کابینەی حکومەت بە سەرۆکایەتی د. فواد مەعسوم لە (٤/ تەمموزی ١٩٩٢) قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندی نێوان (باسک) و (ی.ن.ک) دەستپێدەکات، چونکە (باسک) لە دەرەوەی حکومەتی هەرێم بوو، ئەمەش بە سەرەتای ئاڵۆزییەکانی نێوان هەردوو هێز دادەنرێت.[1]

کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٩٢) و سەرەتای ساڵی (١٩٩٣) پەیوەندییەکانی نێوان (ی.ن.ک) و (باسک) بەتەواوەتی تێکچوو، تەنانەت شەڕێکی سەخت و خوێناوی لەنێوان هەردوولای لێکەوتەوە. کۆمەڵێک هۆکار ڕۆڵی کاریگەریان بینی لە شەڕی نێوان (ی.ن.ک) و (باسک)، لە گرنگترینیان:

**یەکەم**: ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی (ئایاری ١٩٩٢)، هەریەکە لە (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) کردە خاوەنی دەسەڵات و حکومەت، ئەو هێزانەی، کە بەهۆی کەمی ڕێژەی دەنگەکانیانەوە نەچوونە پەرلەمان و حکومەت و لە دەسەڵات دوورکەوتنەوە، بووە هۆی دروستبوونی شەڕ و پێکدادان لەنێوان پارتەکانی ناو دەسەڵات و دەرەوەی دەسەڵات، (حسک) لە (کانونی یەکەمی ١٩٩٣) لەگەڵ (پ.د.ک) کەوتە شەڕەوە، هەروەها (باسک) لەگەڵ (ی.ن.ک) لە ساڵی (١٩٩٣)دا کەوتە شەڕەوە و ئەمەیش وای کرد (حسک) لە (ی.ن.ک) نزیکبێتەوە و (باسک) لە (پ.د.ک) نزیکبێتەوە؛ واتا هەڵبژاردنەکان بە دیوێکی تردا، کە بووە هۆی قوڵکردنەوەی کێشە ناوخۆییەکان و دروستبوونی ململانێی چەکداری لە نێوان پارتەکانی باشووری کوردستاندا.[2]

**دووەم**: هۆکاری ئایدۆلۆژیی: (باسک) ئەم هۆکارە بە هۆکاری سەرەکیی دەزانێت و هۆکاری شەڕەکە دەخاتە ئەستۆی (ی.ن.ک) و هۆیەکەشی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی (ی.ن.ک) ڕێگرە و نایەوێت بانگەوازی ئیسلامی لە کوردستاندا بڵاوبێتەوە و ڕێگەگرتن لە ئیسلامییەکان بۆ کارکردن لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک).[3] ئەم هۆکارە یەکێکە لە هۆکارە کاریگەرەکانی شەڕی نێوان هەدوولا. (ی.ن.ک) هەڵگری تێکەڵەیەکە لە ئایدۆلۆژیای مارکسی و سۆشیال دیموکرات و لە بەرامبەردا (باسک) هەڵگری ئایدۆلۆژیای جیهادی ئیسلامی بوو، ئەم دوو ئایدۆلۆژییە بە تەواو ناکۆک و دژ بەیەک بوون، هەربۆیە ئاسایییە بەریەککەوتن و ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان ئەم دوو هێزە جیاوازەدا ڕوویدات.[4]

لە بەرامبەردا، گرووپی ئیخوانەکان دەڵێت: " ئەمە شەڕی ئایدۆلۆژیایی نییە، بەڵکو شەڕی دوولایەنی سیاسییە و هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ململانێی سیاسیی و تاوانەکەشی پتر دەدەنە پاڵ (باسک)، کە بە تەنگ دەستکەوتەکانی میللەتی کوردەوە نییە و ڕێز لە حکومەتی هەرێم و یاسا و بڕیارەکانی ناگرێت، بە ڕەفتاری نابەرپرسانەی پێشمەرگەکانی، بیانوو بە دەستی (ی.ن.ک)ەوە دەدات، بۆ ئەوەی بەگژیدا بچێت و شەڕی بکات.[5]

**سێیەم**: هۆکاری جوگرافی، یەکێک لە هۆکارەکانی شەڕی نێوان هەردوولا بوو، بەتایبەتی، کە پێگە و دەسەڵاتی هەردوو هێزەکە لە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراودا، لە ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی، گەرمیان، چەمچەماڵ، کەلار، کفری، پشدەر، قەڵادزێ، هەڵەبجە و هەوراماندا بوو.، بوونی دوو هێزی جیاواز لە ناوچەیەکی جوگرافیدا، دەبێتە هۆی شەڕ و پێکدادانی نێوان هەردوو لایەنەکە. پێگەی دەسەڵاتی (باسک) لە ناوچەکانی هەڵەبجە و هەورامان و دەوروبەریدا بوون، قورسایی سیاسیی و سەربازیی (باسک) لەو ناوچەدا بوو، (ی.ن.ک)، کە بەشداربووی حکومەتی هەرێم بوو، ئەو ناوچانەی بە ناوچە وهەژموونی دەسەڵاتی خۆی دەزانی.[6]

**چوارەم**: بوونی کەسانی توندڕەو و خاوەن پێگەی سەربازیی بەهێز لەنێو هەردوو پارتەکەدا، ڕۆڵیان لە ئاڵۆزکردن و بەردەوامیدان بە ناکۆکییەکان هەبوو، هەروەها پەیوەندییکردنی پێشمەرگە و ئەندامانی هەریەکە لە (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) بۆ ناو هێزەکانی (باسک)، ئەویش لەدوای نیگەرانییان لە پارتەکانی پێشوویان،

---

١- نیاز سەعید عەلی: بزوتنەوەی ئیسلامی بەرپرسیارە نەک یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە هەڵگیرسانی شەڕ لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٣، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٣-٤.
٢- ژیلوان عبدالله احمد: س.پ، ل٣٣.
٣- بێ ناوی نووسەر: شەڕی نێوان بزوتنەوەی ئیسلامی و یەکێتی، ژ(٨)، گۆڤاری هەڵوێست، کانونی دووەمی ١٩٩٤، ل١٧.
٤- ژیلوان عبدالله احمد: س.پ، ل٣٣.
٥- بێ ناوی نووسەر: شەڕی نێوان بزوتنەوەی ئیسلامی و یەکێتی...، ل١٧- ١٨.
٦- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عیرفان علی عبدالعزیز)، سلێمانی، (٢٠٢٢/٥/١٧).

پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەی (باسک)ەوە دەکرد و وەردەگیران، دواتر ئەمانەش ڕۆڵیان لە دروستبوونی شەڕ و پێکدادانەکان هەبووە، هەربۆیە کاتێک شەڕ و ململانێ لە ناوچەیەکی بچوکەوە دەستی پێدەکرد و زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی دەگرتەوە، وەک ئەوەی لە کەلار و کفری ڕووی دا، لە کۆتایی (کانونی یەکەمی ١٩٩٣) سەرتاسەری کوردستانی گرتەوە.[١]

**پێنجەم**: بەشدارینەکردنی (باسک) لە حکومەت و لە لەشکری یەکگرتووی کوردستان و دانەنانی پێشمەرگەکانی لە بەرەی شەڕدا بەرامبەر بە سوپای عێراق، هەوڵی بەردەوامی (باسک) بۆ بەهێزکردنی لایەنی سەربازیی خۆی، لە ڕێگای کردنەوەی گەڕی سەربازیی و مەشقکردن بە هێزەکانیان و کردنەوەی زۆرترین بارەگای سەربازیی لە ناوچەکانی کوردستاندا، تێکڕا (٥٩) بنکەی سەربازییان هەبوو، بە نووسینگەی سەربازیی گشتییەوە، بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی لە (وثائق الادانة)دا بڵاوکراوەتەوە، لە بەڵگەنامەی ژمارە (٦٦)دا هاتووە، کە (باسک) نزیکەی (١٦) هەزار چەکداری لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستاندا هەبوو.[٢]

بەجۆرێک لەدوای ڕاپەڕینەوە تاکو کاتی هەڵگیرسانی شەڕی نێوان (باسک) و (ی.ن.ک)، چەندین سەرپێچی و پێشێلکاریی و دەستدرێژیی لەلایەن (باسک)ەوە بۆ سەر دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم کراوە، لەوانە نرخ دانەنان بۆ دامودەزگاکانی حکومەت و خاڵەکانی پشکنین، حسابنەکردن بۆ خاڵەکانی پشکنین و ڕانەوەستان لە خاڵی پشکنیندا، هۆکاری چەندجار دووبارەبوونەوەی شەڕی نێوان هەردوولا بوون، وەک ئەوەی لە بازگەی دەربەندیخان و بازگەی کفری و بازگەی چەمچەماڵدا لە سەرەتاکانی ساڵی (١٩٩٣)دا ڕوویدا.[٣]

**شەشەم**: هۆکارێکی تر، هەروەک خۆیان ئاماژەی بۆ دەکەن، لەلایەنی (باسک)ەوە، کە هێزێکی تازە و کەم ئەزموون بوون، سەرکردایەتییەکی باش هاوکێشە نێوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی نەدەخوێندەوە، لایەنی سۆز و سەرەڕۆیی بەسەر عەقڵی مەنتیقدا زاڵ بوو، بەتایبەتی لەنێو هێزەکانی پێشمەرگەدا، هەبوونی جۆرێک لەخۆباییبوون، بەهۆی ئەو هێزەی هەیبوو، گرنگینەدانی پێویست بە لایەنی بەرامبەر، لە بواری ئەزموون و شەڕ و سیاسەت و پەیوەندییەکان و دارایی و توانای داراییەوە.[٤]

**حەوتەم**: بوونی هێزی چەکدار. عیرفان عەلی عەبدولعەزیز لەم بارەیەوە دەڵێت: "یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی شەڕی نێوان (باسک) و (ی.ن.ک) بوونی هێزی چەکدار بوو لەلایەن هەردوو لایەنی شەڕکەرەوە، کە لە یەک سنووری جوگرافیایی دیاریکراودا بوون. بوونی دوو هێزی چەکدار لە ناوچەیەکدا، دەبێتە هۆکاری شەڕ لەو ناوچەیەدا، وەک ئەوەی لە ساڵانی (١٩٩٣- ١٩٩٧) لەنێوان پارتە کوردییەکاندا ڕوویدا، چونکە هەرکاتێک ناکۆکییەکی سیاسی ڕووی دەدا، پارتە کوردییەکان پەنایان دەبردە بەر چەک بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانی نێوانیان".[٥]

**هەشتەم**: هۆکاری دەرەکیی، یەکێکی تر بوو لە هۆکارەکانی شەڕی نێوان (باسک) و (ی.ن.ک) لە (کانونی یەکەمی ١٩٩٣) بەتایبەتی دەستوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، لە هەموو قۆناغەکانی شەڕی ناوخۆی پارتە کوردییەکان، ڕۆڵی کارای هەبووە. لە سەرەتادا بە ئاشکرا پشتگیریی (باسک)ی دژی (ی.ن.ک) دەکرد، محەمەد حاجی مەحمود لەسەر ڕۆڵی ئێران لە شەڕی ناوخۆی پارتە کوردییەکانی باشووری کوردستاندا دەڵێت: "ئەو تۆپخانانەی ئێران تۆپبارانی هێزەکانی (ی.ن.ک)ی دەکرد، لە دژی (باسک) و (پ.د.ک)، هەمان ئەو تۆپخانانە تۆپبارانی هێزەکانی (باسک) و (پ.د.ک)ی دەکرد، کە لە دژی (ی.ن.ک) بوون. بەدرێژایی

---

١- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ملا عمر کەلاری)، کەلار، (٢٠٢٢/٢/١٠)، نابراو لە ساڵی (١٩٦٧) لە دایکبووە، لە سەرەتایی دروستبوونی (باسک) لە (١٩٨٧)ەوە پەیوەندی بە ڕیزەکانییەوە کردووە تاوەکو ئەندامی سەرکردایەتی هەمان پارت ڕۆشتووە، لە ساڵی (٢٠٠٣) وازی لە کاروباری سیاسی هێناوە، لە ئێستادا پیشەی مامۆستایە.

٢- الاتحاد الوطني: وثائق الادانة، أصدرها مكتب دمشق الاتحاد الوطني الكوردستاني، منشورات مكتب الاتحاد الوطني الكوردستاني، دمشق، ١٩٩٤، وثيقة رقم (٦٦)، ص٩٧ ؛ زەنوێر: ئیسلامی سیاسی و پرۆسەی توندوتیژی و تۆقاندن، چ١، سلێمانی، ١٩٩٩، ل٣٠.

٣- سەلیم نادر: بزوتنەوەی ئیسلامی و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ کۆتایی ساڵی (١٩٩٣) بەڵگەنامە و ساغکردنەوە، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٥.

٤- ژیلوان عبدالله احمد: س.پ، ل٣٣.

٥- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عیرفان علی عبدالعزیز)، سلێمانی، (٢٠٢٢/٥/١٧).

قۆناغەکانی شەڕی ناوخۆیی پارتەکان لە باشوور لە ساڵانی (١٩٧٦- ١٩٩٧)، بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی، ڕۆڵی کارای لە شەڕی ناو پارتەکانی باشووردا هەبووە".[١]

ئەم هۆکارانە و چەندین هۆکاری دیکە بوونە هۆی دروستبوونی شەڕی نێوان (ی.ن.ک) و (باسک). سەرەتای یەکەمین شەڕ و پێکدادانی ڕاستەوخۆی نێوان هەردوولا، بۆ ساڵی (١٩٩٢) لە کەلار، بە دیاریکیراوی (٢٨/ تەموزی ١٩٩٢) دەگەڕێتەوە، هۆکاری شەڕەکە لەسەر دەستگرتن بەسەر ئەو کەرەستانەی لە بینا تەقیوەکەی کەلار بوون، کە لەدوای کشانەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی عێراقی لە ناوچەکە بوون. لە (٢٦/ تشرینی یەکەمی ١٩٩١)دا ئەو بینایە، لەلایەن هێزەکانی (باسک)ەوە دەستی بەسەردا گیرا و وەک بارەگایەکی سەربازیی بەکاریان دەهێنا. لەسەر دەستگرتن بەسەر ئەو کەرەستانەی لە بیناکەدا، لەدوای کشانەوەی حکومەتی عێراقی بەجێمابوو، گرژیی و ئاڵۆزیی لەنێوان هەردوو هێزەکەدا دروست بوو، شەڕ بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لە سێ شوێنی دیارییکراوی شاری کەلاردا بەردەوام بوو.[٢] لە مزگەوتی حاجی شێخ برایم و مزگەوتی سەلاحەدین لە گەڕەکی گازینۆ و بارەگای سەرەکیی (باسک) لە کەلار، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ هێزەکانی (باسک)، لەلایەن هێزەکانی (ی.ن.ک) گەمارۆ درابوون. لەم شەڕە هێزەکانی (باسک) (١٩) کوژراویان هەبوو و هێزەکانی (ی.ن.ک) (٢٠) کوژراویان هەبووە. بۆ ئەوەی شەڕەکە ناوچەکانی تری گەرمیان نەگرێتەوە، شاندی باڵای (باسک) بە سەرۆکایەتی شێخ محەمەد بەرزنجی لە کەلار لەگەڵ شاندی باڵای (ی.ن.ک) کۆبوونەوە و ڕێکەوتنێک لەنێوان هەردوولادا، بۆ کۆتاییهێنان بەو گرژیی و ئاڵۆزییەی نێوانیان واژوکرا. هەروەها چۆڵکردنی مزگەوتەکان لەلایەن هێزەکانی (باسک)ەوە، کە پێشووتر وەک بارەگای سەربازیی بەکاردەهێنران، کارگێڕی و بەڕێوەبردنی کاروباری مزگەوتەکان، بڕیاردرا لە دەستی (باسک)دا بمێنێتەوە.[٣]

لە دوای شەڕی کەلار پەیوەندی هەردوو پارت بە ئاڵۆزیی مایەوە، (ی.ن.ک) بە بەردەوامیی جەختی لەوە دەکردەوە، کە هێزەکانی (باسک) کار بە یاساکانی حکومەتی هەرێم لە ناوچەکەدا ناکەن و لە بازگەکاندا یاساشکێنیی دەکەن، هەتا لە (٢١/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٣) لە بازگەی تونێلی دەربەندیخان ئاڵۆزیی و شەڕ لە نێوان هەردوولادا دروست دەبێت، هێزەکانی (باسک) ئامادە نابن لە بازگەکەدا بپشکێنرێن. (ی.ن.ک) ئەمە بە پێشێلکاریی و حسابنەکردن بۆ یاسا و بڕیارەکانی حکومەتی هەرێم دادەنێت. لەسەر ئەو کێشەیە، شاندی هەردوولا لە ناو بنکەی ئاسایشی دەربەندیخان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوانیان و ڕادەستکردنەوەی کەسێکی گومانلێکراو لە ناو ئۆتومبێلەکەی (باسک)دا کۆبوونەوە. کۆبوونەوەکە گرژیی لێ دروست بوو. لە ئەنجامی دەسترێژی گولەی هێزەکانی (باسک)، دوو پلەداری ئاسایش بە ناوەکانی (سید خلیل و جیهاد امین) کوژران.[٤]

دوو کوژراوەکەی ئاسایشی (ی.ن.ک) خەڵکی چەمچەماڵ بوون، لە کاتێکدا تەرمەکانیان بۆ شاری چەمچەماڵ کواسترایەوە، جارێکی تر گرژیی و ئاڵۆزیی لەنێوان هێزەکانی (باسک) و (ی.ن.ک) دروست بوو. لەو شەڕەدا (٦) پێشمەرگەی (ی.ن.ک) و (١٢) پیشمەرگەی (باسک) کوژران. لە ئەنجامی بۆردومانکردنی هەردوو هێز بۆ یەکتری، لە ئاکامی شەڕەکانی (٢١ و ٢٢/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٣)، چەندین هاوڵاتی مەدەنی لە چەمچەماڵ بوونە قوربانی و (٨٠) کەس لە هاوڵاتی و پێشمەرگە بریندار بوون.[٥]

هەر لە هەمان ڕۆژدا، شەڕی نێوان هەدوولا لە کەلار دەستی پێکردەوە و لە شەڕەکەدا دوو پێشمەرگەی (باسک) کوژرا، تاکو ئەوکاتەی (باسک) لە (٢٣/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٣) ئامادەیی بۆ وەستانی شەڕ دەربڕی.[٦] هەر لە پێناو ئاساییکردنەوەی پەیوەندی نێوانیان و ڕاگرتنی شەڕ مەلا عەلی عەبدولعەزیز لە شاری هەولێر لە (٢٤/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٣) سەردانی جەلال تاڵەبانی کرد، هەردوولا لەسەر دەستبەجێ ڕاگرتنی شەڕ لەنێوانیاندا ڕێکەوتن، لە (٢٥/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٣) ڕێکەوتنامەیەک لەنێوان حکومەتی هەرێمی

١- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (محمدی حاجی محمود)، گوڵەخانە، (٢٠٢٢/٢/٢٠).
٢- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ملا عمر کەلاری)، کەلار، (٢٠٢٢/٢/١٠).
٣- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مام سالح گۆری ئەسپی)، کەلار، (٢٠٢٢/٢/١١).
٤- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٥١٨)، ١٩٩٣/١٠/٢٥، ل١. ؛ محمود سەنگاوی: س.پ، ل٤٤٩.
٥- حەمەی حەمە سەعید: س.پ، ب٢، ل١٣٠؛ محمود سەنگاوی: س.پ، ل٤٥٠.
٦- حەمەی حەمە سەعید: س.پ، ب٢، ل١٣٠؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٥١٨)، ١٩٩٣/١٠/٢٥، ل١؛ محمود سەنگاوی: س.پ، ل٤٥٠.

کوردستان و (باسک)دا مۆرکرا، مەلا عەلی عەبدولعەزیز، جێگری ڕابەری گشتی (باسک) و عەبدولڕەحمان نەورەسی، ئەندامی سەرکردایەتی (باسک) و ئەشرەف قارەمانیی ئەندامی سەرکردایەتی (باسک) لە دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، لەگەڵ کۆسرەت ڕەسول عەلی، سەرۆک وەزیران و جەبار فەرمان، وەزیری پێشمەرگەو یونس ڕۆژبەیانی، وەزیری ناوخۆدا بەشداربوون. لەو ڕێکەوتنامەی نێوان حکومەتی هەرێم و (باسک)دا، لەسەر چەند خاڵێک ڕێکەوتن، لەوانە:

**یەکەم**: دەستبەجێ ڕاگرتنی شەڕ و بڵاوەکردنی هێزەکان بۆ شوێنی خۆیان.

**دووەم**: تاوانباران بە زووترین کات ڕادەستی دەستی یاسا بکرێن.

**سێیەم**: لیژنەیەکی هاوبەش لە دامودەزگاکانی حکومەت و پارێزگای کەرکوک پێکدێت و نوێنەری (باسک)ی تێدا بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی دەربەندیخان و چەمچەماڵ و دەوروبەری و چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتەکانی نێوانیان بەشداربێت.[1]

ئەم ڕێکەوتنە نەبووە مایەی ئاساییکردنەوەی تەواوی پەیوەندییەکانی هەردوو پارتی ناوبراو، هەربۆیە لە کۆتاییەکانی (کانونی یەکەمی ١٩٩٣)دا، جارێکی تر پەیوەندی نێوانیان ئاڵۆزیی تێکەوتەوە و گەڕی سێیەمی شەڕی نێوان هەردوولا دەستی پێکردەوە.[2] گەڕێکی تری شەڕی نێوان (باسک) و (ی.ن.ک) لە شاری کفرییەوە، لەسەر قازێک دەستی پێکرد. لە ناوچەی گەرمیاندا بە شەڕی قازەکە ناسراوە.[3] سەرەتای شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان هەردوولا لە کفری، وەک لە ڕاپۆرتی مەکتەبی ڕاگەیاندنی (باسک)دا هاتووە، بۆ دەمەقاڵێی نێوان دوو چەکداری (باسک) و (ی.ن.ک) لە (١٥/ کانونی یەکەمی ١٩٩٣) لە بەردەم بارەگای سەرەکی (باسک) لە شاری کفری دەگەڕێتەوە. ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات، کە چەکدارێکی (ی.ن.ک) تەقەی لە چەکدارێکی (باسک) کردووە و بریندار ی کردووە. دوای ئەوەش هێزەکانی (باسک) ئەو چەکدارەی (ی.ن.ک) لای خۆیان دەستگیر دەکەن. دوای ئەو ڕووداوە بەرپرسی قۆڵی حەوتی (باسک) بە ناوی (جەلال) لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی خۆی بۆ شاری کفری دەگەڕێنەوە. بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە لە (١٧/ کانونی یەکەمی ١٩٩٣)، بەڵام پێش گەیشتنیان بۆ شاری کفری، دەکەونە بۆسەی پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک)ەوە، لە ئاکامدا (٤) پێشمەرگەی (باسک) کوژران.[4]

لەسەر هەمان ڕووداو، فەرماندە سەربازییەکانی (ی.ن.ک) باس لەوە دەکەن، دەمەقاڵێ لەنێوان دوو ماڵی دراوسێی لایەنگری (باسک) و (ی.ن.ک) لەسەر قازێک دروست بووە، لەسەر ئەم کێشەیە (باسک) دەستی کرد بە گرتنی لایەنگرانی (ی.ن.ک) لە کفری وکەسێک بە ناوی (ئازاد کەریم سەمین) دەکوژن و (ی.ن.ک)یش لەسەر ئەوە دەستدەکەن بە گرتنی لایەنگرانی (باسک) لە کفریدا. لەسەر ئەو کێشە (باسک) کەوتە ئامادەکاریی بۆ شەڕ، هێزێکی (باسک) لە شاری ڕانیەوە هاتبوو، بەنیازی چوونە ناو شاری کفری بۆ هاوکاریی هێزەکانیان، لە دەروازەی کفری هێزەکانی (ی.ن.ک) ڕێگەنادەن ئەو هێزە بچێتە ناو شارەوە، هێزەکەی (باسک) سوورن لەسەر چوونە ناو کفری، لەوێدا شەڕ دروست بووە و چوار پێشمەرگەی (باسک) کوژراوە.[5] چوار کوژراوەکەی هێزەکانی (باسک)، یەکێکیان خەڵکی کەلار و یەکێکی تریان خەڵکی دەربەندیخان و یەکێکی تریان خەڵکی زەرایەن و ئەوی دیکەیان خەڵکی ڕانیە بوو.[6]

بۆ ڕێگرتن لە پتر تەشەنەکردنی لێکەوتەکانی ڕووداوەکە، جموجۆڵی ئاشتیانە دەستی پێکرد. لێپرسراوی مەڵبەندی (٢)ی ڕێکخستنی کەرکوک (عیماد ئەحمەد) پارێزگاری ئەو کاتەی کەرکوک (مستەفا چاوڕەش) لە سلێمانی پێکەوە پەیوەندییان بە شێخ محەمەد بەرزنجی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی (باسک)ەوە کرد، تا کار بۆ پتر

---

١- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٥١٩)، ١٩٩٣/١٠/٢٦، ل١.
٢- سەلاح ڕەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، ل٣٠٢.
٣- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مام سالح گۆری ئەسپی)، کەلار، (٢٠٢٢/٢/١١).
٤- ئارام قادر و ئیدریس سیوەیلی: بەڵگەنامەکان دەدوێن بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان، ل٤- ٤٧.
٥- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مام سالح گۆری ئەسپی)، کەلار، (٢٠٢٢/٢/١١)؛ حەمەی حەمە سەعید: س.پ، ب٢، ل١٣١- ١٣٢؛ محمود سەنگاوی: س.پ، ل٤٥٩؛ سەلاح ڕەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، ل٣٠٢.
٦- مستەفا چاوڕەش: س.پ، ل٣٣٠.

هێورکردنەوەی ڕەوشەکە بکەن. هەوڵەکان بۆ ڕێکەوتن لەسەر هاوکارییکردنی یەکتر و ڕێگەنەدان بە دووبارەبوونەوەی ئەو جۆرە ڕووداوانە، لەو پێناوەدا شێخ محەمەد بەرزنجی بەپەلە خۆی گەیاندە شوێنی ڕووداوەکە، نوێنەری (ی.ن.ک) لە عیماد ئەحمەد، مستەفا چاوڕەش، عوسمانی حاجی مەحمود، عەدنانی حەمەی مینا پێکهاتبوون. هەوڵەکانی نوێنەرانی هەردوولا بۆ گێڕانەوەی ئاشتی و ئارامی بۆ ناوچەکە دەستی پێکرد.[١]

هەردوولا لەسەر چەند خاڵێک ڕێکەوتن، لەوانە گرتنی ئەو کەسانەی دەستیان لە کوشتنی چوار پێشمەرگەکەی (باسک)دا هەبوو، هەروەها گێڕانەوەی (٧) پارچە چەک و ئۆتۆمبێلی هێزەکانی (باسک)، کە لەلایەن هێزەکانی (ی.ن.ک)ەوە دەستی بەسەردا گیرابوو، ئەمە جگە لە ئازادکردنی دیلەکان. ئەم ڕێکەوتنە مەیدانییە ڕەوشی کفری و دەوروبەری هێورکردەوە وهیچ ئاماژەیەک بۆ سەرهەڵدانی شەڕ لە کفریدا نەما.[٢] بەڵام لەکاتی بەڕێکردنی کوژاوەکانی (باسک) لە کفری بۆ شوێنی خۆیان، یەکێک لە کوژراوەکانی (باسک)، کە خەڵکی ڕانیە بوو بە ناوی (هیوا رەسول رەشید) لەکاتی ناشتنی تەرمەکەی لە ڕانیە لە (١٩/ کانونی یەکەمی ١٩٩٣)دا مەراسیمێکی گەورەی بۆ ڕێکخرا بوو، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک و لایەنگرانی (باسک) بەشدارییان تێداکرد، تەنانەت خەڵکێکی زۆر لە شار و شارۆچکەکانی تری باشووری کوردستان بەشدارییان تێداکرد. دواتر ئەمە شەڕ و پێکدادانی گەورەی لە ڕانیە لێکەوتەوە، لە ناو خۆپیشاندەراندا ژمارەیەکی زۆری چەکداری (باسک) بەشداربوون، دواتر هێرشکرایە سەر کۆمیتەی ڕێکخستنی (ی.ن.ک) لە ڕانیە.[٣]

لە هێرشەکەی سەر کۆمیتەی ڕێکخستنی (ی.ن.ک) لە ڕانیە (٦) ئەندامی کۆمیتەی (ی.ن.ک) کوژران، یەکێک لە کوژراوەکان (محەمەد سوڵتان)،[٤] بەرپرسی کۆمیتەی ڕانیە و کارگێڕی مەڵبەندی (٦)ی سۆران بوو. (١٨) کەسیش لەلایەن هێزەکانی (باسک)ەوە دەستگیرکران.[٥] لە ڕاپۆرتی مەکتەبی ڕاگەیاندنی (باسک)دا ئاماژە بەوە دراوە، کە لە کۆمیتەی (ی.ن.ک)ەوە تەقە لە خۆپیشاندەران کراوە و ئەندامێکی (باسک) کوژراوە و یەکێکی تر بریندار بووە، بۆیە ئەوانیش هێرشیان بۆ سەر کۆمیتەی (ی.ن.ک) لە ڕانیە کردووە.[٦] هەر لەسەر هەمان ڕووداو، لە بەڵگەنامەیەکدا بروسکەیەک لە مەڵبەندی (٣)ی ڕانیەی (باسک)ەوە بە ژمارە (٤٤٥)، کە ئاراستەی سەرکردایەتی (باسک) کراوە، تیایدا سەرکردایەتی (باسک)ی لە ئەنجامی شەڕی ناو شاری ڕانیە ئاگادارکردۆتەوە. لە بروسکەکەدا باس لە دەستبەسەرداگرتنی کۆمیتەی ڕێکخستنی ڕانیەی (ی.ن.ک) و کوژرانی محەمەد سوڵتان، کارگێڕی مەڵبەندی (٦)ی سۆران و (٥) لە پاسەوانەکانی لەگەڵ دیلکردنی (٥٧) کەسی تر لە ڕانیە دەکات.[٧]

کوشتنی محەمەد سوڵتان و گرتنی کۆمیتەی ڕێکخستنی (ی.ن.ک) لە ڕانیە، بەرەی شەڕی فراوانکرد و شەڕ زۆربەی ناوچە و شار و شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوە. لە (٢١) ناوچەی جیاواز شەڕ لەنێوان هەردوولا دەستی پێکرد.[٨] هەر لەسەر کوشتنی محەمەد سوڵتان، بەرپرسی کۆمیتەی ڕانیەی (ی.ن.ک)، مامۆستا عەلی باپیر باس لەو شەڕە دەکات و دەڵێت، کە "تەقەکان لە کۆمیتەی ڕانیەی (ی.ن.ک) کران، چەکدارانی (باسک) نەبوون، بەڵکو لایەنێکی تر بوو"، بەدیارییکراوی باس لە (پ.د.ک) دەکات، ئەمەش بووە

---

١- فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب٢، چ٤، سلێمانی، ٢٠٢١، ل١٠٣٤- ١٠٣٥.

٢- حەمەی حەمە سەعید: س.پ، ب٢، ل١٣٢؛ محمود سەنگاوی: س.پ، ل٤٥٩.

٣- ئارام قادر و ئیدریس سیوەیلی: س.پ، ل٤٧؛ ژیلوان عبداللە احمد: س.پ، ل٣٤.

٤- محەمەد سوڵتان: لە ساڵی (١٩٤٧) لە شاری قەڵادزێ لەدایکبووە، لە ساڵی (١٩٧٩) پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، لە پاش ڕاپەڕینی (ئازاری ١٩٩١) لێپرسراوییەتی کۆمیتەی قەڵادزێی پێ سپێردراوە، دواتر بووە بە لێپرسراوی کۆمیتەی ڕانیەی (ی.ن.ک)، کارگێڕی مەڵبەندی (٦)ی سۆرانی (ی.ن.ک) بووە لە ئاڵۆزییەکانی نێوان (باسک) و (ی.ن.ک)دا لە ڕۆژی (١٩/ کانونی یەکەمی ١٩٩٣) لەگەڵ پێنج کەس لە هاوڕێیەکانی لەلایەن هێزەکانی (باسک)ەوە لە ڕانیە دەکوژرێت، کوژرانی محمد سوڵتان بووە دەستپێکی شەڕێکی خوێناوی لەنێوان (باسک) و (ی.ن.ک)دا. بڕوانە: فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب٣، چ٤، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٢٠٦٥- ٢٠٦٦.

٥- حەمەی حەمە سەعید: س.پ، ب٢ ل١٣٣؛ محمود سەنگاوی: س.پ، ل٤٦١.

٦- وەرگیراوە لە، ئارام قادر و ئیدریس سیوەیلی: س.پ، ل٤٧.

٧- سەلیم نادر: بزوتنەوەی ئیسلامی و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ، ل٢٧.

٨- سەلام عبدالکریم: گوتاری ئیسلامی و گرفتی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٢٧٢.

هۆی دروستبوونی شەڕ و دەستبەسەرداگرتنی کۆمیتەی (ی.ن.ک) لە ڕانیە.[1] لەسەر ڕۆڵی (پ.د.ک) لە شەڕی (باسک) و (ی.ن.ک) مسعود بارزانی دەڵێت: "لەبروسکەیەکدا، کە ئاراستەی مام جەلال کرا بوو دەڵێت ئەندام و لایەنگرانی بزوتنەوەی ئیسلامی لە ڕانیە هێرشیان کردوەتە سەر بارەگاکانی (ی.ن.ک) (محمد سوڵتان) ئەندامی مەڵبەندی شەش و چەند ئەندامێکی تری (ی.ن.ک) کوژراون و بارەگاکە سوتێنراوە، لە بروسکەکەدا ئاماژە بەوە کرابوو، کە ژمارەیەک لە ئەندامانی (پ.د.ک)یش لەو هێرشانەدا لەگەڵ بزوتنەوەدا بەشداربوون"[2] لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕ لە ڕانیە، چەکدارانی (باسک) شاری ڕانیە و شارۆچکەی چوارقوڕنەیان کۆنترۆڵکرد و بەرەی شەڕی نێوان هەردوولا فراوانتر بوو، شارەکانی حاجیاوا، سەروچاوە، قەڵادزێ، کۆیە، شەقڵاوە، پشدەر، کەلار، کفری، چەمچەماڵ، هەڵەبجە، ژاراوە و دەربەندیخانی گرتەوە.[3]

بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕاگرتنی شەڕ، لە (٢٢/ کانونی یەکەمی ١٩٩٣) لە دانیشتنێکی هاوبەشدا لەنێوان نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لە قادر قادر جێگری وەزیری کاروباری پێشمەرگە و ئەحمەد شەریف جێگری وەزیری ناوخۆ و هەریەکە لە عەلی باپیر و مەغدید حسین لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی (باسک) و سەرکردایەتی سیاسی (باسک) لەسەر کۆمەڵێک خاڵ ڕێکەوتن، لەوانە:

یەکەم: دەستبەجێ ڕاگرتنی شەڕ لە هەموو ئەو ناوچانەی شەڕی تێدایە.

دووەم: ڕاگرتنی هەموو جۆرە هێز کۆکردنەوەیەک لەلایەن هەردوولاوە.

سێیەم: نەهێشتنی بازگە نافەرمییەکان و ڕادەستکردنەوەی بازگەکان بە هێزەکانی حکومەتی هەرێم.

چوارەم: ڕاگرتنی شەڕی ڕاگەیاندن لەنێوان هەردوو لایەنی شەڕکەردا.

پێنجەم: ڕادەستکردنەوەی بارەگاکانی یەکتر، لەو شوێنانەی دەستیان بەسەردا گیراوە.

شەشەم: ئازادکردنی گیراوەکانی هەردوولا.

حەوتەم: دیارییکردنی لیژنەیەکی سێقۆڵی هاوبەش لە (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) و (باسک) بۆ دیارییکردنی تاوانباران و لایەنی دەستپێشخەری شەڕەکە.

هەریەکە لە عەلی باپیر و مەغدید حسین، لە ڕێکەوتنەکەدا نوێنەری (باسک) بوون و قادر قادر، جێگری وەزیری پێشمەرگە لە (پ.د.ک) و ئەحمەد شریف، جێگری وەزیری ناوخۆ لە (ی.ن.ک)، وەک نوێنەری حکومەت لە ڕێکەوتنەکەدا بەشداربوون.[4] لە دوای ڕێکەوتنەکەی (٢٢/ کانونی یەکەمی ١٩٩٣) شەڕ و ئاڵۆزیی لەنێوان هەردوولادا هەر بەردەوام بوو. لە (٢٤/ کانونی یەکەمی ١٩٩٣) جارێکی تر کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵی هاوبەش لە نێوان (ی.ن.ک) بە سەرۆکایەتی کۆسرەت ڕەسول عەلی، سەرۆکی حکومەت و ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک)، د. ڕۆژ نوری شاوەیس، جێگری سەرۆکی حکومەت و ئەندامی مەکتەبی سیاسی (پ.د.ک)، شێخ محەمەد بەرزنجی ئەندامی مەکتەبی سیاسی (باسک) کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا جەختکرایەوە لەسەر:

١- ڕاگرتنی شەڕ و نەگەیشتنی شەڕی هەردوولا بە شارە گەورەکان، بەتایبەتی هەولێر و سلێمانی.

٢- گۆڕینەوەی دیلەکان و نەهێشتنی دیاردەی چەکداریی لە شارەکاندا.

٣- کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانەی، کە شەڕ و پێکدادان تێیدا ڕوویداوە، لەلایەن سوپای یەکگرتووی کوردستانەوە.[5]

---

١- حوسێن محمد عزیز: سنوورە قەدەغەکان مەشکێنن، چ١، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٦٤.
٢- مسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (١٩٩١-٢٠٠٢)، ب٥، چ١، حوزەیرانی٢٠٢٢، ل٥٩٠
٣- محمد خدر: پشووی چیا و چەمکێک لە بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەیەک، چ١، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٢، ل٢٤٤-٢٤٥؛ خدر محمد امین عوسمان: بڵێسەیەک لە تاریکە شەودا (بیرەوەرییەکانی بچووکترین پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ، چ١، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٢٧٦- ٢٧٧.
٤- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(١٨٢٨)، ١٩٩٣/١٢/٢٣، ل١.
٥- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(١٨٣٠)، ١٩٩٣/١٢/٢٥، ل١.

هەر لە هەمان ڕۆژدا کۆبوونەوەیەک بەسەرپەرشتی پارێزگاری ئەو کاتەی سلێمانی جەمال عەبدول لە نێوان هەردوو لایەنی شەڕکەر لە بارەگای پارێزگای سلێمانی بەسترا و هەوڵدرا سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری لە شەڕ دووربخرێتەوە، بەهۆی کۆبوونەوەکەوە، توانرا ڕەوشی سلێمانی کۆنترۆڵ بکرێت. بەڵام هێزەکانی (باسک) لە هەولێر دەستپێشخەرییان لە شەڕدا کرد و ڕەوشی ئاڵۆزییان لە ناو شاردا دروستکرد. لەو سەروبەندەدا شێخ محەمەد بەرزنجی، وەک نوێنەری (باسک) و موحسین عەلی ئەکبەر، وەک نوێنەری (ی.ن.ک) و فایەق تۆفیق، بەرێوبەری ئاسایشی سلێمانی، وەک نوێنەری (پ.د.ک) بەرەو هەولێر ڕۆیشتن، بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی گرژیی و پێکدادانەکان بکەن.[1]

ئەم کۆبوونەوەیەش بێ ئەنجام مایەوە و نەیتوانی چارەسەری کێشەی نێوان هەردوو پارتی ناوبراو بکات. لە ڕۆژانی (٢٣- ٢٥/ کانونی یەکەمی ١٩٩٣) لە زۆربەی ناوچەکان شەڕ دەستی پێکردەوە، هێزەکانی (ی.ن.ک) دەستیان بەسەر بەشێکی زۆری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (باسک)دا گرت،[2] لەوانە ناوچەکانی ڕێگای هەولێر- حاجی ئۆمەران، بارەگای بەستورە شارۆچکەی هەریر، هاوینەهەواری شەقڵاوە، شارۆچکەی دیانە، حامیەی ڕەواندز، ڕێگای هەولێر کۆیە- سلێمانی، شاری کۆیە، چیای هەیبەت سوڵتان، قەڵادزێ، چوارقورنە، حاجیاوا، سەنگەسەر، ژاراوە و سەروچاوە.[3]

لە پێناو ڕاگرتنی شەڕ، لە (٢٥/ کانونی یەکەمی ١٩٩٣) بەسەرپەرشتی مەسعود بارزانی و ئامادەبوونی هەردوو مەکتەبی سیاسی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) و نوێنەری (باسک)، شێخ محەمەد بەرزنجی ڕێکەوتنێکی دیکە لەنێوان هەردوو لایەنی شەڕکەر ئەنجامدرا و لەسەر ئەم خاڵانە ڕێکەوتن:

١- بەپەلە شەڕ لە سەرانسەری کوردستان ڕابگیرێت.

٢- (باسک) دەبێت لە کوردستان سەرکۆنەی کارەساتی ڕانیە بکات.

٣- تاوانبارانی هەردوولا دەبێت بدرێنە دادگا.

٤- ئازادکردنی دیلەکان لەلایەن هەردوولاوە.[4]

ئەم ڕێکەوتنەش نەیتوانی شەڕی نێوان هەردوولا ڕابگرێت و ڕەوشەکە هەر بە گرژیی مایەوە. لە هەمان ڕۆژدا هێزەکانی (باسک) هێرشیان بۆ سەر بارەگای کۆمیتەی ڕێکخستنی (ی.ن.ک) لە هەورامان کرد و (٥) کادری کۆمیتەی (ی.ن.ک)یان کوشت و ژمارەیەکیشیان دەستگیر کردبوو.[5] دوای ئەوەی (ی.ن.ک) ناوچەیەکی زۆری لە ژێردەستی (باسک) دەرهێنا و گوشاری زۆری لەسەر سەرکردایەتی (باسک) لە بێتواتە دروستکرد، لە (٢٥/ کانونی یەکەمی ١٩٩٣) هێزەکانی (باسک) هێرشیان بۆ سەر بارەگای بەشی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ک) لە گەڕەکی توی مەلیک کرد و چەند پێشمەرگەیەکی (ی.ن.ک) کوژران و برینداربوون، ئەمەش بۆ کردنەوەی بەرەیەکی تری شەڕ بوو، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە گوشار لەسەر سەرکردایەتی (باسک) لە بێتواتە کەم بکاتەوە.[6]

دوای ئەوەی (ی.ن.ک) هێرشی بۆ سەر بارەگاکانی (باسک) لە شاری سلێمانی کرد، شەڕ توندی دەستی پێکرد، شەڕەکە گەڕەکی تووی مەلیک گرتەوە، کە بارەگای سەرەکی (باسک)ی لێ بوو، هەروەها هێرش بۆ سەر مزگەوتی (ئیمان) کرا، کە (مەلا عومەر چنگیانی) پێشنوێژ و وتارخوێنی بوو، لەدوای دەرچوونی خۆی بۆ بارەگای لقی (٤)ی (پ.د.ک) لە سلێمانی و شەڕ لەنێوان هەردوولادا دروستبو،و لەدوای کوژرانی چەندین پێشمەرگەی (باسک)، مزگەوتەکە بەتەواوەتی کۆنترۆڵکرا و پاشان سووتێنرا، هەر هەمان ڕۆژ کارێزی وەستا شەریف لەلایەن هیزەکانی (ی.ن.ک)ەوە کۆنترۆڵکرا.[7] دواتریش (ی.ن.ک) هێرشی بۆ سەر بارەگای سەرەکی

---

١- فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب٢، ل١٠٣٥.

٢- ژیلوان عبدالله احمد: س.پ، ل٣٤.

٣- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٥٧٢)، ١٩٩٣/١٢/٢٧، ل١.

٤- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕێکەوتنی نێوان هەردوولا، بڕوانە: مسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ب٥، ل٥٩٧-٥٩٨.

٥- فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب٢، ل١٠٣٥.

٦- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (٥٧١)، ١٩٩٣/١٢/٢٦، ل١.

٧- مەسعود مەحمود حەسەن: س.پ، ل١٥٥؛ ژیلوان عبدالله: س.پ، ل٣٥.

(باسک) لە تووی مەلیک لە نزیک شەقامی شەست مەتری کرد، کە ئەو کاتە مزگەوتی جیهاد، وەک بنکەیەک بۆ پاڵپشتی بارەگای سەرەکیی (باسک) بەدەست هێزەکانی (باسک)ەوە بوو، لەلایەن هێزەکانی (ی.ن.ک)ەوە دەستی بەسەردا گیرا.[1] لە شەڕەکانی سلێمانی و دەوروبەری، بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی.[2] ئەندامەکانی لە پاڵ ئەندامانی (باسک)دا، لە دژی (ی.ن.ک) بەشداریی شەڕیان کردووە. هەرچەندە بەکردەیی بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی بەشداریی شەڕی دژی (ی.ن.ک) نەکردووە، لە ئاستی باڵادا بەڵام لە ناوچە و مەڵبەند و لقەکانیانەوە، لە شەڕی دژ بە (ی.ن.ک)، یارمەتی هێزەکانی (باسک)یان دەدا.[3]

لە پێناو کەمکردنەوەی گوشاری هێزەکانی (ی.ن.ک) لەسەر سەرکردایەتی (باسک) لە ناوچەی بێتواتە، بەرەیەکی تری شەڕ لە کەلار و کفری و دەربەندیخان دا کرایەوە. لە ڕۆژانی (٢٥ و ٢٦/ کانونی یەکەمی ١٩٩٣) شەڕی سەختی نێوان (ی.ن.ک) و (باسک) لە بارەگای سەرەکیی (باسک) لە کەلار و لە مزگەوتی حاجی شێخ برایم لە ناوجەرگەی کەلار و لە بەرزاییەکانی گوندی بەردەسوور دەستی پێکرد، کە بارەگایەکی (باسک)ی لێ بوو. هێزەکانی (باسک) لە دوای دوو ڕۆژ شەڕ، پاشەکشێیان کرد بەرەو گوندی ژاڵەی سەفەر و قاسم ئاغا و هێزەکانی (ی.ن.ک) لە پێشڕەوییکردن بەردەوام بوون و لە گوندی ژاڵەی سەفەر، جارێکی تر شەڕ لەنێوان هەردوولادا دروست بوو چەندین پێشمەرگەی (باسک) کوژران.[4]

بەشێکی تری هێزەکانی (باسک) بە ڕووباری سیرواندا پەڕینەوە بۆ سنووری ئێران و بەشێکی تری هێزەکانیان خۆیان گەیاندە ناوچەکانی هەڵەبجە و سیروان و بەشێکی تری هێزەکە خۆیان ڕادەستی هێزەکانی (ی.ن.ک) لە کەلار کرد.[5] لە شەڕی کفریدا، هێزەکانی (باسک)، لەلایەن هێزەکانی (ی.ن.ک)ەوە بەتەواوەتی گەمارۆ دران، ئەویش بە هێنانی هێزێکی گەورەی (ی.ن.ک) لە چەمچەماڵەوە و هاتنی هێزێکی تری (ی.ن.ک) لە دەربەندیخانەوە. لەدوای دوو ڕۆژ شەڕ هێزەکانی (باسک) لە کفری بەتەواوەتی شکستیان هێنا و پاشەکشێیان بەرەو گوندەکانی دەوروبەری کفری کرد. لە گوندی (بەلەگە)ی ناوچەی داودە (١٨) پێشمەرگەی (باسک) کوژران.[6] لە شارۆچکەی دەربەندیخان مەڵبەندی (باسک)، کە مەلا محەمەد هۆرێنی لێپرسراوی بوو، بەبێ تەقە و شەڕ خۆیان بەدەستەوە دا.[7]

تاکە شوێن، کە لەشەڕی نێوان (باسک) و (ی.ن.ک) دوور بوو سنووری بادینان بەگشتی و پارێزگای دهۆک بوو، بەتایبەتی، لەکاتێکدا هەردوو لایەنی شەڕکەر بنکە و بارەگایان لە ناوچەکەدا هەبوو، بەڵام دەسەڵاتداری سنووری بادینان ڕێگەی نەدا، هیچ لایەنێک شەڕ بەرپا بکات، بە بیانووی ئەوەی دهۆک شوێنێکی پارێزراوە و بنکە و بارەگای ڕێکخراوە بیانییەکانی تێدایە. لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی نێوان (باسک) و (ی.ن.ک) لە هەولێر، هێزەکانی (پ.د.ک) چوونە ناو بارەگای سەرەکی (باسک) لە دهۆک، لەدوای ئامادەکارییەکانی (ی.ن.ک) بۆ شەڕی (باسک) لە دهۆک، (پ.د.ک) هێزێکی گەورەی ناردە بەرامبەر مەڵبەندی (٤)ی (ی.ن.ک) لە دهۆک و ئەوەیش لەو کاتەدا بوو، کە هێزەکانی (ی.ن.ک) بۆ شەڕی (باسک) لە ئامادەباشی تەواودا بوون. بەڵام شەڕی (باسک) لە دهۆک دەبووە شەڕی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک).[8]

---

١- مەسعود مەحمود حەسەن: س.پ، ل١٥٥.

٢- بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی: پارتێکی ئیسلامی سیاسی بوو، لە (١٩٩٢/١١/٢٢) لەلایەن مامۆستا سدیق عەبدولعەزیزەوە دامەزراوە، لە قۆناغێکی مێژوویدا پارتێکی کارایی گۆڕەپانی سیاسی باشووری کوردستان بووە. بڕوانە: ئارام قادر – ئیدریس سیوەیلی: بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی ١٩٩٢-١٩٩٩، ب٢، چ١، ناوەندی سارا، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل١٣.

٣- ئیدریس سیوەیلی: بزوتنەوی ڕاپەڕینی ئیسلامی (١٩٩٢- ١٩٩٩)، سلێمانی، ٢٠١٧، ل١٥٩.

٤- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ملا عمر کەلاری)، کەلار، (٢٠٢٢/٢/١٠).

٥- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ملا عمر کەلاری)، کەلار، (٢٠٢٢/٢/١٠).

٦- بەرزان فرەج: شەڕی ناوخۆ و ترسناکترین شێوەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، گۆڤاری ڕەهەند، ژ(٢)، تایبەت بە شەڕی ناوخۆی کوردستان، ١٩٩٧، ل٢٤٨.

٧- محمود سەنگاوی: س.پ، ل٤٦٥.

٨- جەلال ئێڵنجاغی: لە شاخەوە بۆ شار، ل١٢٨- ١٢٩.

شەڕی یەکلاییکەرەوەی نێوان (باسک) و (ی.ن.ک)، بە هێرشی هێزەکانی (ی.ن.ک) بەسەرکردایەتی جەبار فەرمان، وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێم لە ناوچەکانی چوارقوڕنە و پشدەر دەستی پێکرد. لەدوای کۆنترۆڵکردنی سەربازگەی سەلاحەدین، کە گەورەترین سەربازگەی (باسک) لە ناوچەکەدا بوو. هێرشی (ی.ن.ک) لە (٢٦/ کانونی یەکەمی ١٩٩٣) بۆ سەر سەرکردایەتی (باسک) لەسەر ئەشکەوتان لە بێتواتە دەستی پێکرد و بارەگای سەرەکیی (باسک) دەگرێت و (مامۆستا عوسمان عەبدولعزیز)، [١] ڕابەری گشتیی (باسک) دەستبەسەر کرا. لەدوای گرتنی سەرکردایەتی (باسک) لە بێتواتە، لە زۆربەی ناوچەکاندا، هێزەکانی (باسک) توانای بەرگرییان لاواز بوو، خۆیان ڕادەستی هێزەکانی (ی.ن.ک) کرد.[٢]

بەشێکی هێزەکانی (باسک) چوونە لای (پ.د.ک)، بەتایبەتی لە هەولێر، ئاڵای زەرد لەسەر بارەگاکانی (باسک) هەڵکرا و بەشێکیشیان چوونە سنووری ئێران.[٣] لەسەر هێرشەکانی (ی.ن.ک) بۆ سەر بێتواتە و گرتنی سەرکردایەتی (باسک)، لە ڕۆژی (٢٧/ کانونی یەکەم) مەسعود بارزانی، سەرۆکی (پ.د.ک) بەیاننامەیەکی فەرمیی لەسەر شەڕەکانی نێوان هەردوولا بڵاوکردەوە و تێیدا هاتووە دەڵێت: " بەداخەوە لەدوای چەندین دانیشتن و گفتوگۆ لەنێوان هەردوولادا، ڕێکەوتن و پابەند بوون بە بڕیارەکانی ڕاگرتنی شەڕەوە نەکرا. ڕاستە (باسک) لە ناو شاری سلێمانی و هەولێر دەستپێشخەری شەڕیان کردبوو، ئەمەیش لەکاتێکدا بوو، هێرشی هێزەکانی (ی.ن.ک) بۆ سەر بێتواتە دەستی پێکرد، ئەمەیش بەپێچەوانەی ڕێکەوتنی ئێمە بوو، ڕەوشەکە هەر لە کفرییەوە ئاڵۆز بوو، شەڕ دەستی پێکرد، هیچ پرسێک بە ئێمە نەکراوە، لایەنگر نەبووین لەو شەڕانەدا، بەڵام ئێمە بەرپرسین بەرامبەر بەم بارودۆخە ناتوانین هەروەک تەماشاچی بوەستین و شارەکان بکەونە بەر ئاگری هەموو جۆرە چەکێک و ژیانی خەڵک تاڵ بکرێت، خەریکی پێداچوونەوەی بارودۆخەکەین و هەنگاوی داهاتوومان دیاری دەکەین، بۆ ئەوەی یان بەڕاستی یاسا حاکم بێت یان چیتر بەرگەی ئەو ڕەوشە ناگرین".[٤]

سەبارەت بە گرتنی بارەگای سەرەکی (باسک) لەسەر ئەشکەوتان لە بێتواتە (عیرفان عەلی عەبدولعەزیز) دەڵێت: " (ی.ن.ک) سەرجەم پەیمان و ڕێکەوتنامەکانی نێوان هەردوولای شکاند بەوەی، کە هێرشی کردە سەر بارەگای سەرەکی (باسک) لە بێتواتە، لەبەرئەوەی پێشووتر ڕێکەوتبوون لەسەر ئەوەی، لە هەرشوێنێک شەڕ دەبێت، نابێت شەڕ سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی پارتەکان بگرێتەوە، لەبەرئەوە سەرکردایەتی سیاسی لە بێتواتە لەڕووی سەربازییەوە ئامادەکاریی تەواوی بۆ نەکرابوو".[٥]

لە دوای گرتنی سەرکردایەتی (باسک)، لە (٣/ کانونی دووەمی ١٩٩٤) ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، بە ئامادەبوونی تاڵەبانی و بارزانی لە پیرمام، لەسەر ڕووداوەکانی شەڕی نێوان (باسک) و (ی.ن.ک) و چارەسەرکردنیان کۆبوونەوە.[٦]

لەو ماوەیەدا چەندین لایەنی سیاسی هەوڵی خۆیان خستەگەڕ بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ و گێڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیریی بۆ ناوچەکە، لەوانە کۆنگرەی نیشتمانی عێراق (INC) بە سەرۆکایەتی دکتۆر ئەحمەد چەلەبی و شاندی ئاشتبوونەوەی میللی عێراق، ئەو هەوڵانە هەنگاوی کارایان بۆ پێشەوە نا، هەردوولا (ی.ن.ک) و (باسک) ئارەزووی ئاشتبوونەوەیان دەربڕی. پاش زنجیرەیەک دیدار و کۆبوونەوەی نێوانیان بە ناوبژیوانی کۆنگرەی نیشتمانی عێراق و شاندی ئاشتبوونەوەی میللی عێراق، هەردوولا ئامادەبوون پەیمانی ئاشتی بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانی نێوانیان واژوو بکەن.

---

١- عوسمان عەبدولعەزیز محەمەد،ساڵی (١٩٢٢) لە گوندی پریس لە ناوچەی هەڵەبجە لەدایکبووە، لای باوکی مەلا ساڵحی گەورە خوێندوویەتی و ئیجازەی زانستی وەرگرتووە، موفەسیر و زانایەکی لەهاتوو و خاوەن هەڵوێست و ناسراوی کوردستان و جیهانی ئیسلامی بووە، چەندین بەرهەمی نووسراوی هەیە، بەناوبانگترینیان تەفسیری قورئانی پیرۆزە، دەیان زانا لەسەر دەستی ئەو ئیجازەی زانستییان وەرگرتووە، چەند جارێک لەسەر هەڵوێستەکانی لەلایەن حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقەوە دەستبەسەر کراوە، لە ساڵی (١٩٨٧)ەوە ڕابەری بزوتنەوەی ئیسلامی (باسک) بووە تاکو (١٩٩٧)، لە (١٩٩٩/٥/١٢) لە شاری دیمەشق کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: ئیدریس سیوەیلی: بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی، س.پ، ل٢٠.

٢- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٣٢١؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٥٧٦)، ١٩٩٣/١٢/٣١، ل٧.

٣- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٣٢٢؛ مستەفا چاوڕەش: س.پ، ل٣٣٢.

٤- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(١٨٣٣)، ١٩٩٣/١٢/٢٨، ل١.

٥- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (عیرفان علی عبدالعزیز)، سلێمانی، (٢٠٢٢/٥/١٧).

٦- فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب٢، ل١٠٣٥.

دواجار له (١٧/ شوباتی ١٩٩٤) له ڕێوڕەسمێکدا له بارەگای کۆنگرەی نیشتمانی عێراق له پیرمام، به ئامادەبوونی مەسعود بارزانی، دکتۆر ئەحمەد چەلەبی، سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی و ئەندامانی شاندی ئاشتبوونەوەی میللی عێراق، (ی.ن.ک) و (باسک) ڕێکەوتنی ئاشتییان واژوو کرد، له بری (ی.ن.ک)، تاڵەبانی ڕێکەوتنامەکەی واژوو کرد، له بری (باسک)، مامۆستا عوسمان عەبدولعەزیز ڕێکەوتنامەکەی واژوو کرد. جگه لەوەی، که تاڵەبانی و مامۆستا عوسمان عەبدولعەزیز ڕێکەتننامەکەیان واژوو کرد، هەریەکه له مەسعود بارزانی، دکتۆر ئەحمەد چەلەبی، فلەییح سامەرائی، سەرۆکی شاندی ئاشتبوونەوەی میللی عێراقیش، وەک چاودێر واژوویان لەسەر ڕێکەوتنامەکه کرد.(١)

**گرنگترین ئەو خاڵانەی هەردوو لایەن لەسەری ڕێکەوتن ئەمانەن:**

١- ناکۆکییەکانی ڕابردوو وەلا دەنرێت و لاپەڕەیەکی نوێ له پەیوەندی نێوان هەردوو پارت هەڵدەدرێتەوە.

٢- واز له تاوانبارکردنی یەکتر دەهێنن.

٣- ئازادکردنی هەموو دیل و دەستبەسەرکراوەکانی هەردوولا.

٤- کردنەوەی نوسینگه و بارەگا و لقەکانی (باسک) له شارەکاندا.

٥- گەڕانەوەی ئەو موڵک و ماڵانەی، که دەستی بەسەردا گیراوە بۆ خاوەنەکانیان.

٦- پابەندبوونی هەردوولا به بڕیارەکانی حکومەت و پەرلەمانی کوردستان.

٧- بەشداریپکردنی (باسک) له حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

٨- دانانی بوودجەیەک بۆ (باسک) لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، بەپێی یاسای حزبەکان.

٩- دانانی لیژنەیەک بۆ چاودێریی و جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامەکه و لیژنەکه نوێنەری هەموو لایەنه بەشداربووەکانی ڕێکەوتنامەکەی تێدابێت.

١٠- هەردوولا جەختیان لەسەر پێویستی چەسپاندنی یاسا و هانا نەبردن بۆ چەک بۆ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییه سیاسییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان بەشێوەیەکی ئاشتیانه کردەوە.(٢)

دوابەدوای ڕێکەوتنامەکه، (باسک) هەموو بنکه و بارەگاکانی خۆی وەرگرتەوە و بەم شێوەیه گەڕی یەکەمی شەڕی نێوان (باسک) و (ی.ن.ک) کۆتایهات. له شەڕی نێوان هەردوولادا زۆرترین پێشێلکاریی بەرامبەر به مافەکانی مرۆڤ کراوە، لەوانه دیل کوشتن و سەرنقومکردن و بێسەروشوێن کردنی لایەنگرانی یەکتری، جگه لەو کوژراوانەی، که له شەڕی نێوان هەردوولادا کوژران.(٣)

پەیوەندییەکانی نێوان (باسک) و ( ی.ن.ک)، هەر له سەرەتای دامەزراندنی (باسک)ەوە له ساڵی (١٩٨٧) تا ساڵی (١٩٩٢)، پەیوەندییەکی باش و دۆستانه بوو، بەڵام له دوای هەڵبژاردنی (ئایاری ١٩٩٢) و بەشداربینەکردنی (باسک) له حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا ئاڵۆز ببوون. کۆمەڵێک هۆکار هەبوون بۆ ناکۆکییەکانی نێوانیان، لەوانه هۆکاری ئاینی و ئایدۆلۆژیی و جوگرافیی، که هەردوو پارت له جوگرافییەکی دیاریکراودا بوون. ئەمانه بوونه هۆکاری شەڕی (کانونی یەکەمی ١٩٩٣)ی نێوان هەردوولا. سەرەنجام ئەم شەڕە هەتا (ئاداری ٢٠٠٣) درێژەی کێشا.

١- فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب٢، ل١٠٣٦.
٢- ئارام قادر و ئیدریس سیوەیلی: بەڵگەنامەکان دەدوێن بزوتنەوەی ئیسلامی له کوردستان، ل٥١- ٥٤.
٣- بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانه: گۆڤاری ڕەهەند، ژ(٢)، تایبەت به شەڕی ناوخۆی کوردستان، ١٩٩٧، ل٢٣٧- ٢٥٠؛ مسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (١٩٩١-٢٠٠٢) ب٥، ل٢٢٦.

## بەشی دووەم: شەڕی ناوخۆ و ململانێی چەکداری پارتەکان لە باشوور کوردستان
## (١٩٩٤ – ١٩٩٧)

باسی یەکەم: گەڕی یەکەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) (١٩٩٤)

باسی دووەم: گەڕی دووەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) (١٩٩٤ تاکو گەڕی سێیەمی شەڕی ناوخۆ)

باسی سێیەم: شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) (١٩٩٥)

باسی چوارەم: گەڕی سێیەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) (١٩٩٦-١٩٩٧)

باسی پێنجەم: گەڕی دووەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (ی.ن.ک) و (باسک) (١٩٩٧)

**باسی یەکەم: گەڕی یەکەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) (١٩٩٤):**

لە دوای ڕاپەڕینی (ئاداری ١٩٩١) و کشانەوەی دامودەزگا کارگێڕییەکانی حکومەتی عێراق لە (٢٦/تشرینی یەکەمی ١٩٩١) قۆناغێکی نوێ لە پەیوەندی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) دەستی پێکرد، کە خۆی لە ماوەی حکومڕانی بەرەی کوردستانییدا دەبینییەوە و تاکو هەڵبژاردنی (ئایاری ١٩٩٢) دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان تاکو (ئایاری ١٩٩٤) کۆمەڵێک هۆکاری وایکرد کە هەریەکە لە (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) بکەونە شەڕەوە.[1] هۆکارەکان بریتی بوون لە:

**یەکەم**: دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بری ئەوەی کێشەکانی خەڵک و پارتەکان چارەسەر بکات، بەپێچەوانەوە بووە هۆی ئەوەی ململانێی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) سەختتر و دژوارتر بێت، دابەشکردنی سەرجەم پلە و پۆستەکان بەشێوەی (٥٠- ٥٠) لە نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) ناکۆکییەکانی قووڵتر کردەوە.[2] دابەشکردنی یەکسانی کورسییەکانی پەرلەمان و حکومەت لەنێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) دەرفەتێکی مەزنی بۆ گەندەڵی هێنایە ئاراوە، هەروەها بووە هۆی ململانێی زۆرتری هەردوو پارتە هەڵبژێردراوەکە لە حکومەتی هەرێمدا.[3]

پاوانکردنی دامودەزگاکانی حکومەت لەلایەن هەردوو پارتەوە، جگە لەوەی دەرهەق بە هاوڵاتیانی دەرەوەی ئەم دوو هێزە ناعەدالەتییەکی گەورە بوو، دامودەزگاکانی حکومەتیشی لە کەسانی خاوەن توانا و کارامە و لێوەشاوە بێبەش دەکرد. سیاسیەتی نیوە بە نیوە، جگە لەوەی کاروباری دامودەزگاکانی ئیفلیج کردبوو، بووە هۆی پتر ئاڵۆزبوونی پەیوەندی نێوان هەردوولا.[4]

**دووەم**: هۆکاری ئابووری، یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی شەڕی نێوان هەردوولا، بەتایبەتی لەسەر داهاتی هەرێمی کوردستان، ناکۆکی لەسەر دابەشکردنی ئەم داهاتە، سەرچاوەی سەرەکیی شەڕی ناوخۆی نێوان هەردوو پارت بوو، بەشی زۆری داهاتی هەرێمی کوردستان بە دیارییکراوی دەکەوتە ناوچە سنوورییەکانی ژێردەستی (پ.د.ک). چونکە (پ.د.ک) کۆنترۆڵی سنوورەکانی تورکیای کردبوو، پارەیەکی زۆری لە ڕێگەی باجی گومرکی ئیبراهیم خەلیلەوە دەست دەکەوت، (ی.ن.ک) داوای هاوبەشیی لەو داهاتە دەکرد.[5]

خاڵی گومرکی ئیبراهیم خەلیل، کە کێشەی گەورەی نێوان هەردوو پارت بوو، ڕۆڵی گەورەی لە کردنەوەی بازاڕ و پەیوەندییە هەمەلایەنەکانی هەرێم لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا بینی، هاوکات داهاتی گومرکی ئەم خاڵە لە سەرەکیترین هۆکارەکانی جەنگی ناوخۆی هەرێمی کوردستان لە نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک)دا بوو. بەهۆی بێبەشبوونی (ی.ن.ک) لە داهاتی گومرکی ئیبراهیم خەلیل دووچاری قەیرانێکی دژوار بوو، زۆرینەی داهاتی گومرکەکەش لە ڕێگەی گواستنەوەی سووتەمەنی عێراق بۆ تورکیا بەشێوەیەکی نافەرمی بوو، داهاتی ئەم خاڵە گومرکییە ڕوون و ئاشکرا نەبوو، داهاتی ڕۆژانەی ئەو کات (٨٠٠) هەزار دۆلار لە بەرهەمە نەوتییەکان و (٢٥٠) هەزار دۆلار لە گومرکی کاڵا بازرگانییەکان بوو.[6]

**سێیەم**: مەترسیدارترین هۆکاری شەڕی ناوخۆی کورد، بریتی بووە لە نەبوونی بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیزمی کوردی بەهێز، کە بتوانێت دڵسۆزیی قۆناغی سەرەتایی و عەشیرەتگەری ناوخۆیی وەلابنێت، بەم جۆرە ململانێ لەسەر دەسەڵات لە ناو پارتە کوردییەکان، بەتایبەتی لە نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) پەرەی سەند، ئەمەش

---

١- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (د. محمود عوسمان)، هەولێر، (٢٠٢٢/١/٣١)، محمود عەلی عوسمان، ناسراوە بە محمود سۆرانی لە ساڵی (١٩٣٨) لە قەزای پێنجوێن لە دایکبووە، کۆلێژی پزیشکی زانکۆی بەغدادی تەواوکردووە، نازناوی دکتۆری هەڵگرتووە، لە تەمەنی (١٨) ساڵییەوە دەستی کردووە بە کاری سیاسی، ناوبراو لە ساڵی (١٩٥٦) بووە بە سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان، لە شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێی گەلی کورد ڕۆڵی گەورە و بەرچاوی هەبووە.

٢- مەجید سالح: س.پ، ل٤٣٢.

٣- د. میشێل لیزەنبێرگ: کوردستانی عێراق سیماکانی کۆمەڵگای پاش جەنگی ناوخۆیی، و.پ.د.یاسین سەردەشتی، سلێمانی، ٢٠٢٢، ل٢٣.

٤- نەوشیروان مستەفا: کێشەی پارتی و یەکێتی بیرەوەرییەکانم لە پەراوێزی هەڵبژاردنی یەکەمدا، هانکۆ- فینلاند، ١٩٩٥، ل٩٤.

٥- هێرش عەبدوڵا حەمەکەریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ...، ل٤٣- ٤٤.

٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣-٤٤.

نیشانەی نەبوونی بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیزمی بەهێز بوو، هەروەها ڕکابەرێتی تاکە کەسی ڕۆڵی گرنگی لە ململانێی نێوان هەردوولادا گێڕا، بەتایبەتی لە دوای شکستی شۆڕشی کورد لە (١٩٧٥) و سەرەتای سەرهەڵدانەوەی شۆڕش هەریەکە لە سەرکردەی هەردوو پارتی ڕکابەر، خۆیان بە سەرکردە و ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد دەزانی، ئەمەیش ڕێگەی بۆ پێکدادانی نێوان هەردوولا خۆشکرد.[١]

**چوارەم**: هەموو ئەو ناکۆکی و دووبەرەکییانەی لە ڕیزی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و لە نێو پارتە ڕامیارییەکانی کوردستاندا ڕوویان داوە، هیچیان لەسەر بنەمایی بیروباوەڕ و دید و بۆچوون و ئایدۆلۆژیی و هەڵوێستی نیشتمانی و شۆڕشگێریی نەبوون، بە هەمان شێوە هەموو ئەو ڕێکەوتن و یەکگرتنانەی نێوان پارتە جیاجیاکانی کوردستاندا لە پێناو بەرژەوەندی پارتاییەتی و دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتی ڕامیارییدا بووە.

هەرچەندە پارتە کوردییەکان دەیانویست لە ژێر پەردەی ئایدۆلۆژیی و بە ناوی پێشکەوتنخوازیی و کۆنەپەرستیی و نەتەوەییەوە بەڵگە بۆ جەنگەکەی نێوانیان بدۆزنەوە، بە هەر شێوەیەک بێت، جۆرە ڕەوایەتییەک بۆ ناکۆکی و جەنگەکانی نێوان ئەو دوو لایەنە و لایەنە تێوەگلاوەکانی تر بدەن، بەڵام لە ڕاستیدا جەنگەکە و هۆکاری لەسەر دەسەڵاتی ڕامیاری و داهات و کۆنترۆڵکردنی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، لە لایەن هەریەکە لە (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) بووە، هەربۆیە هەڵگیرسان و دروستبوونی شەڕی نێوانیان بۆ چەند هۆیەکی بێ بنەماو هیچ دەگەڕێتەوە، وەک شەڕی (باسک) و (ی.ن.ک) لەسەر قازێک لە کفری لە (کانوونی یەکەمی ١٩٩٣) دەستی پێکرد، هەروەها شەڕی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لەسەر پارچە زەوییەک لە قەڵادزێ لە (ئایاری ١٩٩٤) دەستی پێکرد.[٢]

**پێنجەم**: ڕاگەیاندن وەک هۆکارێک ڕۆڵی خراپی لە دروستبوونی شەڕدا گێڕاوە ، زۆرجار لە شەڕی نێوان هەردوو پارتی شەڕکەردا، سەرەتا لە ڕاگەیاندنەوە شەڕ دەستی پێکردووە، کاتێک شەڕ گەرم بووە، ڕۆڵی ڕاگەیاندن زۆرتر بووە.[٣]

هەردوو پارتی ناکۆک بەجۆرێک لە بەرامبەر ئەوی تردا دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆی گەورە دەکرد، ڕاگەیاندن بە هەرسێ جۆری باوی ڕاگەیاندن خوێندنەوە، کە خۆی لە ڕۆژنامە و گۆڤاردا دەبینییەوە؛ بیستن کە خۆی لە ڕادیۆدا دەبینییەوە؛ بینین، کە خۆی لە تەلەفزیۆندا دەبینییەوە، گرنگیی زۆریان هەبووە، هەردوو لایەنی شەڕکەر بایەخی زۆریان پێدەدا و تەنانەت بودجەیەکی گەورەشیان بۆ تەرخان دەکرد، لەگەڵ شەڕەکاندا، بە هەرسێ جۆری باو، ڕۆڵێکی لە پتر خۆشکردنی شەڕی نێوانیان دەبینی، بەتایبەتی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی هەردوو لایەنی شەڕکەر ڕۆڵی خراپیان لە شەڕەکاندا دەگێڕا.[٤]

**شەشەم**: جیاوازی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتییدا، هۆکارێکی ترە بۆ سەرهەڵدانی شەڕ و ململانێی ناوخۆیی، ئەو جیاوازییەش خۆی لە ئاستی سەرمایە و ئینتیماکردن بۆ خێڵ و هۆزێکی دیارییکراو یان بۆ کەسایەتی و بنەماڵەیەکی دیاریکراو دەبینێتەوە، کە تیایدا تاکەکان لە ڕێگەی شانازییکردنێکی توندڕەوانە بە پێگە کۆمەڵایەتییەکانیان، دەکەونە ڕەتکردنەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی ئەوانی دیکە، سەرئەنجام پێکدادان و ململانێ و شەڕی ناوخۆیی لە پارتە سیاسییەکاندا دروست دەبێت.[٥] مەبەست لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی دەگەڕێتەوە بۆ خێڵەکان و لایەنگریان لەشەڕی ناوخۆدا.

---

١- ئۆفرا بینگیۆ: کوردی عێراق بنیاتنانی دەوڵەتێک لە ناو دەوڵەتدا، و.سۆران مستەفا کوردی، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٣، ل٣٣٢.

٢- حوسێن محمد عزیز: دیموکراسی- ئایدۆلۆژی- جەنگی نێوخۆ، چ١، چاپخانەی باران، سوید، ١٩٩٤، ل٤٢- ٤٣.

٣- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (فەرید ئەسەسەرد)، سلێمانی، (٢٠٢٢/٣/٩).
ناوی تەواوی فەرید سابیر قادرە لە ساڵی (١٩٥٦) لە هەولێر لە دایکبووە، لەساڵی (١٩٧٨) پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە، لە (١٩٨٢) بووەتە لێپرسراوی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەکانی (ی.ن.ک) کە سەر بە دەزگای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) بووە، لە (ئەیلولی ١٩٨٧) بووەتە ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) لە دوای ڕاپەڕین لە ساڵی (١٩٩٢) سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستانیان دامەزراندووە، لە ساڵی (٢٠١٠) لە کۆنگرەی سێیەمی (ی.ن.ک) بە ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) هەڵبژێردراوە، لە کۆنگرەی چوارەمی (ی.ن.ک) بە ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی هەڵبژێردراوە و لە (شوباتی ٢٠٢٠)دا بووەتە سکرتێری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) تاوەکو ئێستا لە کارەکە بەردەوامە.

٤- نەوشیروان مستەفا: لە نێوان مام جەلال و من دا (ئازاری ١٩٩٩-شوباتی ٢٠٠١)، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٤٦-٤٧.

٥- مەریوان وریا قانیع: دەسەڵات و جیاوازی، چ١، چاپ و ئۆفیسی دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٢١- ٢٢؛ ڕێبوار کەریم محمود: پارتە سیاسییەکان و ڕای گشتی، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٥٨- ٥٩.

**حەوتەم**: خراپیی ڕۆڵی جاش و مستەشارەکان لە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک). هەریەکە لەم دوو پارتە، بۆ ئەوەی وەک، هەوڵێک بنکەی جەماوەری خۆیان فراوان بکەن، هەستان بەشێوەیەکی گشتی خۆیان بە جاش و مستەشارە کۆنەکانی بەعس و سەرۆک عەشیرەتەکانەوە گرێدا، کە هەر لە ساڵی (١٩٩١) بەدواوە ئەم دوو پارتە کەوتنە ڕکابەرێتییەکی توندەوە بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ کەسایەتییە دەسەڵاتدار و لۆکاڵییەکان، جا چی سەرۆک عەشیرەت بن یان ئەوانەی، کە لە ساڵانی (١٩٨٠)کاندا پێگە و دەسەڵاتی گرنگیان بەدەستهێنابوو، پارتەکان بۆ سوود وەرگرتن لێیان کەوتنە بەهێزکردن و پڕچەککردنیان، ئەمەیش وایدەکرد، زۆرجار بەشێک لە عەشیرەتێک لەگەڵ (پ.د.ک) دەبوو و بەشەکەی تری لەگەڵ (ی.ن.ک) دەبوو. هەروەها خێڵ و عەشیرەت و جاش و مستەشارەکان توانای ئەوەیان هەبوو، هەڵوێستی خۆیان بە ئاسانی بگۆڕن، ئەوەیش لە کاتێکدا دەبوو، کە هەستیان دەکرد لایەنەکەی تری بەرامبەر، شتێکی پتریان پێشکەش دەکات. ئەم سەنگەرگۆڕینەی خێڵ و عەشیرەت و جاشەکان، زۆرجار دەبووە هۆکاری هەڵگیرسانی شەڕ و پێکدادانی گەورە لە نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)دا.[١]

بە گوێرەی زانیارییەکان (١٩٨) سەرۆک جاش و مستەشار لە دوای ڕاپەڕینەوە چوونەتە ناو ڕیزەکانی (پ.د.ک) و (٥٦) سەرۆک جاش بۆ ناو ڕیزەکانی (ی.ن.ک). زۆرجار خراپیی ڕۆڵی ئەم جاش و مستەشارانە دەبووە هۆکار بۆ شەڕ لەنێوان هەردوولادا.[٢] زۆرێک لەو جاش و مستەشارانەی لە سنووری (ی.ن.ک)دا بوون، پەیوەندییان لەگەڵ (پ.د.ک)دا بووە، وەک تەحسین شاوەیس و مامەند قەشقە و عەلی قەلاب، هەروەها زۆرێک لەوانەی لە سنووری (پ.د.ک)دا بوون، پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ (ی.ن.ک)دا هەبووە، لەوانە برادۆستییەکان و سوورچییەکان. هەربۆیە کاتێک بەشێک لە عەشیرەتێک یان جاش و مستەشارێک لە لایەنێکەوە پەیوەندی بە لایەنێکی ترەوە دەکرد، دەبوونە هۆکار بۆ شەڕی نێوان هەردوولا، وەک ئەوەی بەشێک لە عەشیرەتی هەرکی سەنگەری خۆیان لە ناو (پ.د.ک) بۆ ناو (ی.ن.ک) گۆڕی، بووە هۆکاری شەڕێکی تری نێوان هەردوولا، یان ئەو شەڕەی لە (حوزەیرانی ١٩٩٦) لە کەلەکین ڕووی دا.[٣]

**هەشتەم**: هۆکاری دەرەکیی لە شەڕی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) هۆکارێکی کاریگەر بوو. دەوڵەتە هەرێمییەکان، هەریەکە لە تورکیا و ئێران و عێراق، لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە ناوچەکەدا، وەک ڕۆڵ، کاریگەرییان لەسەر گەرمکردنی شەڕ لە کوردستان هەبوو، وەکو هۆکار، بە گوێرەی هاوکێشەی سیاسەتی خۆیان دەکەوتنە بەهێزکردنی لایەنێک لە لایەنە شەڕکەرەکان، وەک ئەوەی لە سەرەتای گەڕی یەکەمی شەڕی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)، هەریەکە لە ئێران و تورکیا هەوڵی بەهێزکردنی (پ.د.ک)یان لە بەرامبەر (ی.ن.ک) دەدا و بەپێچەوانەشەوە، سوریا هەوڵی بەهێزکردنی (ی.ن.ک)ی دەدا. ڕۆڵی ئەم وڵاتانەش دواجار دەبوونە هۆکار بۆ شەڕی هەردوولا.[٤]

سەبارەت بە ڕۆڵی عێراق، ڕۆڵێکی خراپی لە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) هەبوو. بە گوێرەی بەڵگەنامەیەک، کە لە ڕۆژنامەی "هاوڵاتی" بڵاوکراوەتەوە، حکومەتی عێراق لە ڕێگەی دەزگا سیخورییەکانیەوە دەستی لە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لە (١/ ئایاری ١٩٩٤) لە قەڵادزێ هەبووە، ئەویش لە دوای ئەوەی زانیویەتی لە نێوان کۆمیتەی (ی.ن.ک) و لقی (پ.د.ک) کێشە لەسەر پارچەیەک زەوی لە قەڵادزێ دا هەیە.[٥]

(ئایاری ١٩٩٤) سەرەتای بەریەککەوتن و تەقینەوەی ناکۆکییەکانی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) بوو، بە دیاریکراویش لە (١/ ئایاری ١٩٩٤) لەسەر کێشەی موڵکایەتی هەندێک دووکان لە ناوچەی قەڵادزێ، ناکۆکییەکان لە نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک)دا تەقییەوە. (عەلی حەسۆ میرخان ژاژۆکی)، یەکێک لە فەرماندە سەربازییەکانی (پ.د.ک)، بانگەشەی خاوەندارێتی کۆمەڵێک دووکانی لە قەڵادزێ دەکرد، گوایە هی (حەسۆ میرخان ژاژۆکی) باوکێتی، کە پێشووتر لە قەڵادزێ بەرپرسی باڵای (پ.د.ک) بووە و لە دوای بەیانی (١١/ ئاداری ١٩٧٠) زەوییەکەی لەسەر خۆی تاپۆ کردبوو، کردبووی بە دووکان. لەسەر ئەوە کێشە دروست بووە،

---

١- د.میشێل لیزەنبێرگ: ئابووری سیاسی کوردستانی عێراق، و.پ.د.یاسین سەردەشتی، سلێمانی، ٢٠٢٢، ل٣٩؛ سلاح رەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، س.پ، ل٢٨٧.

٢- ئاوارە کەریم: کارەساتەکانی یەکێتی، چاپی ئەلیکترۆنی، هەولێر، ٢٠٢١، ل٢٩٨.

٣- د.میشێل لیزەنبێرگ: ئابووری سیاسی کوردستانی عێراق، ل٣٩- ٤٢.

٤- سامان خانی: کاریگەرییەکانی شەڕی ناوخۆ لەسەر ئاسایشی نەتەوەی کورد، گۆڤاری ڕێبازی نوێ، ژ(٧)، سلێمانی، ١٩٩٥، ل٦٦؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٧٠٦)، ١٣/٦/١٩٩٤، ل٣.

٥- بۆ زانیاری زیاتر بروانە/ ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(١٤٠)، ١٠/٩/٢٠٠٣.

ئەو کەسانەی دەستیان بەسەر دوکانەکاندا گرتبوو، ئامادە نەبوون چۆڵی بکەن، لەمەوە کێشەکە سەریهەڵدا، هەرچەندە هەوڵێکی زۆر درا، کێشەکە چارەسەر بکرێت.[١]

بەڵام لە پاش نیوەڕۆی (١/ ئایاری ١٩٩٤) شەڕ لەنێوان هەردوولادا دروست بوو (مام جوتیار)[٢] و دوو پێشمەرگەی (ی.ن.ک) کوژران.[٣] بۆ ئەوەی کێشەکە لەوە پتر پەرە نەسێنێت و ڕەوشەکە هێوربکرێتەوە، هەر هەمان ڕۆژ مەسعود بارزانی بە بروسکەیەک لیژنەی ناوچەی قەڵادزێی (پ.د.ک) لە پەرەسەندنی کێشەکە ئاگادار دەکاتەوە و دەڵێت: "عەلی حەسۆ میرخان بە بێ ئیجازەی من بۆ قەڵادزێ هاتووە، دەبێ یەکسەر بگەڕێتەوە، نابێت بەهۆی کێشەیەکی لەو بابەتە شتێک ڕوویدات. هەر لە هەمان ڕۆژدا مەسعود بارزانی بە بروسکەیەکی دیکە، کە ئاراستەی هەریەکە لە ئازاد قەرەداغی، بەرپرسی لقی ڕانیەی (پ.د.ک) و مستەفا چاوڕەش، بەرپرسی مەڵبەندی (٨)ی ڕانیەی (ی.ن.ک) دەکات، دەڵێت: "دەستبەجێ هەردووکتان بۆ هێورکردنەوەی ڕەوشەکە و کۆنترۆڵکردنی کەسانی نامەسئول، دەخالەت بکەن، وەک یەک حزب ڕەفتار بکەن، مل بۆ کەسانی بەرەڵڵا نەدەن، ئێوە بەرپرسیارێتی لە ئەستۆ دەگرن".[٤]

هەموو هەوڵەکان بۆ ڕاگرتنی شەڕ بێ ئەنجام بوون، لە بەرەبەیانی (٢/ ئایاری ١٩٩٤) شەڕ لە نێوان هەردوولادا دروستبوو، هێزەکانی (ی.ن.ک) پەلاماری بارەگای لیژنەی ناوچەی قەڵادزێی (پ.د.ک) دا. لەو شەڕەدا عەلی حەسۆ میرخان و دوو پێشمەرگەی (پ.د.ک) کوژران و شەش پێشمەرگەی تر بریندار بوون، (٢١) کەسیش بە دیل گیران و کوژران. دەست بەسەر بارەگای (پ.د.ک) لە قەڵادزێدا گیرا و لەو شەڕەدا هەریەکە لە (عەلی نەبی) و (ئیسماعیل وەرتێ)، بەرپرسی باڵای سەربازیی (ی.ن.ک)یش کوژران.[٥] سەبارەت بە کوشتنی (علی حسۆ میرخان) مسعود بارزانی دەڵێت: " علی حسۆ میرخان و بارزان عەبدوڵڵا و (٢٣) کەسی دیکە بەشێوەیەکی دڕندانە لەلایەن هێزەکان (ی.ن.ک)ەوە لە (ئایاری ١٩٩٤) دەکوژرێن".[٦] هەر لە هەمان ڕۆژدا شەڕی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) ڕانیەشی گرتەوە، (ی.ن.ک) پەلاماری لقی (١١)ی (پ.د.ک)ی دا و دەستی بەسەر بارەگاکەدا گرت. لە دوای نیو کاتژمێر شەڕ لە نێوان هەردوولا، (ئەحمد سالح بەگ)، بەرپرسی ناوچەی ڕانیەی (پ.د.ک) و دوو کەسی دیکە لەگەڵیدا کوژران.[٧]

بە مەبەستی ڕێگرییکردن لە گواستنەوەی شەڕ بۆ شارەکانی دیکە و چارەسەرکردنی کێشەکە، مەکتەبی سیاسی (پ.د.ک) و(ی.ن.ک) لە ڕۆژی (٢/ ئایاری ١٩٩٤) کۆبوونەوە و ڕوونکردنەوەیەکیان بڵاوکردەوە و ڕایانگەیاند، کە ئەو کێشەیەی لە قەڵادزێ و ڕانیە دروستبووە، بە بێ ئاگاداریی لێپرسراوانی هەردوو پارتی هاوپەیمان ڕوویداوە، هەموو ڕێوشوێنێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە دەگرنەبەر.[٨] هەر لە هەمان ڕۆژدا (پ.د.ک) گەمارۆی بارەگا و مەڵبەندی (٤)ی (ی.ن.ک)یان دا، لە دهۆک لە ڕۆژی (٣/ ئایاری ١٩٩٤) سەرجەم بنکە و بارەگاکانی (ی.ن.ک) لە ناوچەکانی دهۆک و زاخۆ و ئامێدی و ئاکرێ لە لایەن (پ.د.ک)ەوە کۆنترۆڵ کران.[٩] لە دوای کۆنترۆڵکردنی بنکە و بارەگاکانی (ی.ن.ک) لە ناوچەکانی دهۆک و بادینان، لە (٣/ ٣/ ئایار) لە سلێمانی شەڕ لە نێوان هەردوولا دەستی پێکرد. شەڕەکەش لە دوای ئەوە هات، کە چەندین هەوڵی نێوەندگیری هەبوو بۆ ئەوەی شەڕ لە سلێمانیدا دروست نەبێت. دواجار لە (٣/ ئایار) لقی (٤)ی (پ.د.ک) لە لایەن هێزەکانی (ی.ن.ک) کۆنترۆڵکرا.[١٠] لە شەڕی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لە سلێمانی (جەلال حاجی حسێن) کوژرا[١١].ئەویش کاتێک کەوتبووە نێوان هەردوو هێزی (ی.ن.ک) و (پ.د.ک)، بۆ ئەوەی شەڕ لە

١- مەجید سالح: س.پ، ل٤٣٧؛ سەلاح رەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، ل٣١٢.

٢- مام جوتیار ناوی تەواوی (محمد احمد محمد)ە لە ساڵی (١٩٤٢) لە ناحیەی هیرۆی سەر بە ناوچەی پشدەر لە دایک بووە، لە ساڵی (١٩٩١- ١٩٩٤) بەرپرسی بەشی سەربازی کۆمیتەی قەڵادزێی (ی.ن.ک) بووە لە ساڵی (١٩٩٤) بووەتە لێپرسراوی سەربازی ناوچەی پشدەری (ی.ن.ک) لە کاتژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆ دەکوژرێت و کوشتنەکەی دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی خوێناوی لە نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک). بڕوانە: ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٩٧٧) ١٩٩٥/٥/١. ل١.

٣- سەلاح رەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، ل٣١٢.

٤- مسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ب٥، ل٢٣٢-٢٣٣.

٥- مەسعود مەحمود حەسەن: س.پ، ل١٥٩.

٦- مسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ب٥، ل٢٣٣.

٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٤.

٨- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٦٧٥)، ١٩٩٤/٥/٣، ل١.

٩- مسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ب٥، ل٢٣٥.

١٠- مەسعود مەحمود حەسەن: س.پ، ل١٦٠.

١١- جەلال حاجی حسێن: کەسایەتییەکی ناوداری شاری سلێمانی بوو، ماوەیەکی زۆر لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا وەک پێشمەرگە خەباتی کردووە، وەک کەسایەتییەکی بێلایەن لە هەوڵی ڕاگرتنی شەڕی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)دا بووەو لە سلێمانی کوژرا. بڕوانە: محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٣٢٠.

نێوانیاندا دروست نەبێت.[1] هەر لە ڕۆژی (٣/ ئایاری ١٩٩٤) سەرجەم بنکە و بارەگاکانی (پ.د.ک) لە ناوچەکانی کەلار و کفری و دەربەندیخان و مەیدان و زۆربەی ناوچەکانی گەرمیان لەلایەن هێزەکانی (ی.ن.ک)ەوە کۆنترۆڵ کران.[2]

لە (٣/ ئایاری ١٩٩٤) گرژیی و ئاڵۆزیی ناو شاری هەولێری گرتەوە، هێزەکانی هەردوولا کەوتنە سەنگەرگرتن لە یەکتر و دەستگرتن بەسەر شوێن و ناوچە بەرزەکانی شاردا، هێزەکانی (ی.ن.ک) دەستیان گرت بەسەر ئەنجوومەنی نیشتمانییی کوردستان (پەرلەمان)، تا (٢٧/ حوزەیرانی ١٩٩٤) لە ژێردەستی هێزەکانی (ی.ن.ک)دا مایەوە.[3] لە (٣/ ئایاری ١٩٩٤) (باسک) لە دژی هێزەکانی (ی.ن.ک) بەشداری شەڕی شەڕی کرد. لە ناوچەکانی (وشکە ناو) هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە خورماڵ و هەڵەبجە کرد، ئەمەش بووە هۆی کردنەوەی بەرەیەکی تری شەڕ لە دژی (ی.ن.ک). بەشدارییکردنی (باسک) لە شەڕەکەدا، بە دوو ئامانج بوو: یەکەمیان بۆ کەمکردنەوەی گوشار لەسەر (پ.د.ک) بوو، بەو پێیەی لەدوای شەڕەکانی (کانوونی یەکەمی ١٩٩٣)ی نێوان (باسک) و (ی.ن.ک) (باسک) پتر لە (پ.د.ک) نزیک بووەوە؛ دووەمیان بۆ تۆڵەکردنەوە لە (ی.ن.ک) لە بری شکستەکانی شەڕی (١٩٩٣) بوو.[4] ئەمە جگە لە کردنەوەی بەرەیەکی تری شەڕ لەلایەن (باسک)ەوە لە ناوچەکانی پشدەر و قەڵادزێ لە دژی (ی.ن.ک) و بە هاوکاریی ئێران.[5]

لە پێناو ڕاگرتنی شەڕ و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوانیان، پاش نیوەڕۆی (٣/ ئایار) هەردوو مەکتەبی سیاسی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لە ئاستێکی باڵادا کۆبوونەوە، لە پێناو ڕاگرتنی شەڕ لە هەموو ناوچەکان و ئازادکردنی دیلەکانی هەردوولا، چەند بڕیارێکی گرنگیان دا. هەر ئێوارەی هەمان ڕۆژ، مەسعود بارزانی بانگەوازێکی بۆ ڕاگرتنی شەڕ بڵاوکردەوە و تیایدا دەڵێت: "هەرچەندە زوڵمێکی زۆر لە (پ.د.ک) کراوە لەم ڕووداوانەی دوو سێ ڕۆژی ڕابردوودا لە ناوچەی قەڵادزێ و ڕانیە و سلێمانی و لەبەر ئەوەی چارەنووسی کورد لە مەترسییەکی یەکجار زۆر گەورەدایە و بۆ ئەوەی چیتر کارەساتی دڵتەزێن ڕوونەدات، داوا دەکەم لە هەموو لایەک هێمنی بپارێزن و شەڕ بووەستێنن دەستبەجێ، داوای کۆبوونەوەی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانیی و هەردوو مەکتەبی سیاسی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)ی کرد لە (٤/ ئایار) بۆ دیراسەکردن و چارەسەرکردنی بارودۆخەکە".[6] لە (٤/ ئایار) لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشدا هەردوو مەکتەبی سیاسی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لە هاوینەهەواری سەلاحەدین کۆبوونەوە و لەسەر کۆمەڵێک خاڵ، بۆ ڕاگرتنی شەڕ و چۆڵکردنی بنکە و بارەگاکانی یەکتر و ئازادکردنی گیراوەکانی یەکتر و ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ناوچەکان و کۆتایی هێنان بە شەڕی ڕاگەیاندنی نێوانیان ڕێککەوتن.[7]

بەپێی بڕیاری هەردوو مەکتەبی سیاسی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) سێ شاندی هاوبەشی هەردوولا بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ڕێکەوتنامەی (٤/ ئایار) بۆ ئاساییکردنەوەی هەموو ناوچەکانی کوردستان پێکهات: د. ڕۆژ نوری شاوەیس و کۆسرەت ڕەسول بۆ سلێمانی و کەرکوک و دەوروبەری، ئازاد بەرواری و فەریدون عەبدولقادر بۆ دهۆک و دەوروبەری، عارف تەیفور و مەلا بەختیار بۆ هەولێر و دەوروبەری.[8]

وێڕای هەموو هەوڵەکان بۆ ڕێگەگرتن لە شەڕ، لە دەربەندیخان و چەمچەماڵ شەڕ لەنێوان هەردوولادا دەستی پێکردەوە، لە (٥/ ئایار) هێزەکانی (پ.د.ک) هێرشیان بۆ سەر مەڵبەندی (٧)ی (ی.ن.ک) لە ئاکرێ کرد و گەمارۆیان دا. لە شەوی (٥-٦/ ئایاری ١٩٩٤) (مەلا سلێمان) کارگێڕی مەڵبەندی (٧)ی (ی.ن.ک) و فەرماندەی باڵای (ی.ن.ک) و چەند پێشمەرگەیەکی (ی.ن.ک) دەکوژرێن.[9] هەروەها کوشتنی (ڕێباز) فەرماندەی باڵای (ی.ن.ک) لە نزیک گوندی (دالەری) لە ناوچەی بادینان، لەلایەن هێزەکانی (پ.دک)ەوە لە (٥/ ئایار).[10] سەبارەت بە شاری هەولێر، لە شەوی (٥-٦/ ئایاری ١٩٩٤) ڕێکەوتنامەیەک لەلایەن (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)ەوە مۆرکرا. د.فواد مەعسوم، وەک نوێنەری (ی.ن.ک) و نێچیرڤان بارزانی، وەک نوێنەری

---

١- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٣٥٦.
٢- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ محمد شاکەلی)، کەلار (٢٠٢٢/٢/١٤).
٣- شوان حسین: س.پ، ل١٠٣.
٤- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٣٥٨- ٣٥٩؛ محمود سەنگاوی: س.پ، ل٤٧٣.
٥- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٣٥٩.
٦- مسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ب٥، ل٢٣٤.
٧- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(١٩٣٧)، ١٩٩٤/٥/٥، ل١؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٦٧٧)، ١٩٩٤/٥/٥، ل١.
٨- مەسعود مەحمود حەسەن: س.پ، ل١٦٢.
٩- جەلال ئێڵنجاغی: لە شاخەوە بۆ شار، ل١٣٤- ١٣٥؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٧٠٨)، ١٩٩٤/٦/١٥، ل٥ ؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٦٩٠)، ١٩٩٤/٥/٢٠، ل١.
١٠- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٧٠٨)، ١٩٩٤/٦/١٥، ل٥.

(پ.د.ک) و د. ئەحمەد چەلەبی، وەک نوێنەری (INC) کۆنگرەی نیشتمانی عێراق بەشداربوون و لەسەر چەند خاڵێک ڕێککەوتن، لەوانە:

١- هیچ لایەنێکیان هێز بۆ پارێزگای هەولێر نەنێرن، نە هێزی (پ.د.ک) لە ئاوی قەندیل بپەڕێتەوە و نە هێزی (ی.ن.ک) لە پارێزگای کەرکوک و سلێمانییەوە بەرەو هەولێر بچێت.

٢- هەردوولا هیچ هێزێک لە دەرەوەی هەولێر نەهێننە ناو هەولێر.

٣- کشانەوەی هێزی هەردوولا لە ماوەی یەک هەفتەدا لە دەوروبەری هەولێر و گەڕانەوەیان بۆ شوێنی خۆیان.

٤- پاراستنی ئەمن و ئاسایشی هەولێر لەلایەن هەردوولاوە، بە هاوکاریی (INC).

لە (٦/ ئایار) هێزەکانی (ی.ن.ک) هێرشیان بۆ سەر لق و بارەگاکانی (پ.د.ک) لە شەقڵاوە و ڕەواندز کرد، (پ.د.ک) لە ناوچەکانی هەریر و دیانا و سەلاحەدین دەستی بەسەر کۆمیتە و مەڵبەندەکانی (ی.ن.ک) لەو ناوچانەدا گرت و دوای شەڕێکی قورس، دەستی بەسەر تەواوی مەڵبەندی (٧)ی (ی.ن.ک) گیرا، (پ.د.ک) بە تەواویی ڕێگای نێوان سەلاحەدین و هەولێری کۆنترۆڵکرد. هەر لە هەمان ڕۆژدا (پ.د.ک) هێرشی بۆ سەر کۆمیتەی (ی.ن.ک) لە خەلیفان کرد و دەستی بەسەردا گرت، هەروەها کۆنترۆڵی بەرزاییەکانی (میراوە)ی کرد، کە بەسەر شەقڵاوەدا دەڕوانێت. لەم کاتەدا هەردوو لایەنی شەڕکەر هێزەکانیان بەرەو ناوچەکانی شەقڵاوە و چیای سەفین ئاڕاستە کرد.[١]

لە (١١/ ئایار) هێزەکانی (باسک) و (پ.د.ک) بە هاوکاریی ئێران هێرشێکی توندیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە ناوچەکانی تەوێڵە، بیارەو خورماڵ کرد و چەندین کوژراو و بریندار لە هێزەکانی هەردوولا هەبوو.[٢] هەر لەو سەروبەندەدا لە کۆیە شەڕ لەنێوان هەدوولادا دەستی پێکرد و هێزەکانی لیوای تایبەتی (ی.ن.ک) بە تەواوەتی دەستیان بەسەر شاری کۆیەدا گرت.[٣] لە (١٩/ ئایاری ١٩٩٤) هێزەکانی (پ.د.ک) بە تەواوەتی دەستیان بەسەر حاجی ئۆمەران گرت و تەواوی ڕێگاکانی نێوان حاجی ئۆمەران تاکو شەقڵاوە لەلایەن (پ.د.ک)ەوە کۆنترۆڵکرا. لە بەری هەڵەبجە هەورامان جارێکی دیکە شەڕ لە نێوان هێزەکانی (باسک) و (پ.د.ک)، بەرامبەر (ی.ن.ک) بەردەوام بوو، (ی.ن.ک) هەوڵی گرتنەوەی ئەو ناوچانەی دەدا، کە لە سەرەتای شەڕدا لە دەستی دابوو.[٤]

لە دوای چەندین هەوڵ و نێوەندگیریی کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی(INC)، بە سەرۆکایەتی دکتۆر ئەحمەد چەلەبی و کۆبوونەوەی نێوانیان، بەڵام بە بەردەوامی گرژیی و ئاڵۆزیی لەنێوان هەردوولادا دروست دەبوو، لە (١٧/ ئایاری ١٩٩٤) (حەسەن کوێستانی) [٥] ئەندامی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) و (٦) پێشمەرگەی (ی.ن.ک) لە بۆسەیەکدا لە ناوچەی ئازادی خوارووی حاجی ئۆمەران لەلایەن هێزەکانی حزبوڵای شۆڕشگێڕەوە، بە هاوکاریی (پ.د.ک) کوژران.[٦] ئەوەیش یەکەمین بەشداریی ڕاستەوخۆی حزبوڵای شۆڕشگێڕ بوو لە شەڕی ناوخۆدا، لە پاڵ هێزەکانی (پ.د.ک) و (باسک)دا بوو، بەشدارییکردنیان لە شەڕی ناوخۆ لە دژی (ی.ن.ک) پتر لە ژێر کاریگەریی ئێراندا بووە.[٧] لەو کاتەدا هێزێکی زۆری (پ.د.ک)، کە لە لقی (٣) و لقی (٤) و لقی (١٢) پێکدەهات، لە ناوچەکانی سلێمانی، کەرکوک و هەڵەبجە، زۆربەیان لە ناوچە

---

١- مسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ب٥، ل٢٣٨.

٢- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٣٦٠.

٣- فاضل رؤوف: بەرەو خۆر، ب٢، چ٢، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر، ٢٠٢١، ل٤٨٠؛ جەلال ئێڵنجاغی: لە شاخەوە بۆ شار، ل١٣٩.

٤- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٣٦٣.

٥- حەسەن کوێستانی: ناوی تەواوی (حەسەن ئەحمەدی عەبدوڵڵا)یە لە ساڵی (١٩٥٠) لە شارۆچکەی (گەڵاڵە) لە دایک بووە، ژیانی سیاسی لە ساڵی (١٩٧٢)وە دەست پێدەکات، لە ساڵی (١٩٨١) فەرماندەی هەرێمی (١٢)ی سۆران بووە دواتر بووەتە لێپرسراوی سەربازی مەڵبەندی (٣)ی (ی.ن.ک) لە ساڵی (١٩٨٤) بە ئەندامی سەرکردایەتی یەدەگی (ی.ن.ک) هەڵبژێردراوە، لە (ئەیلولی ١٩٩٠) بووەتە ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی.ن.ک)، لە هەڵبژاردنەکانی (١٩/ ئایاری ١٩٩٢) بووەتە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و دواتر بووەتە لێپرسراوی مەڵبەندی (٤)ی (ی.ن.ک) لە بادینان، لە (١٧/ ئایاری ١٩٩٤) لە بۆسەیەکدا خۆی و شەش پێشمەرگەی (ی.ن.ک) لە ناوچەی حاجی ئۆمەران دەکوژرێن. بڕوانە: فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب١، ل٦٧٥- ٦٧٦.

١- سەلاح ڕەشید: بروسکەنامە نامە و بروسکەی نێوان مام جەلال، مەسعود بارزانی و نەوشیروان مستەفا ١٩٩٠-٢٠٠٩، چ١،ناوەندەی ڕۆشنبیری ئەدیبان، سلێمانی، ٢٠٢٣، ل٢٠٤ ؛ محمود سەنگاوی: س.پ، ل٤٧٤؛ سەلاح رەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، ل٢٢٤.

٧- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ محمد شاکەلی) کەلار، (٢٠٢٢/٢/١٤).

سنوورییەکانی ئێران وەک هەڵەبجە و پێنجوێن گیرسابوونەوە. ئەمەیش بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ (باسک)دا، بووە بەرەیەکی کاریگەریی شەڕ لە دژی (ی.ن.ک)، کە عارف تەیفور سەرپەرشتی دەکرد.[1]

حەمەی حەمە سەعید لەم بارەیەوە دەڵێت: "گەورەترین هەڵەی (ی.ن.ک)، ئەوە بوو لە سەرەتای (ئایاری ١٩٩٤) ڕێگەی بە دەرچوونی هێزەکانی (پ.د.ک) دا، کە ژمارەیان (٩٠٠) کەس دەبوو بۆ ناوچەکانی هەڵەبجە و پێنجوێن، جگە لەوەی بووە هۆی کردنەوەی بەرەیەکی تری شەڕ لە دژی (ی.ن.ک)، بە تەواوەتی پارسەنگی هێزی گۆڕی، بۆ ماوەی (١٦) مانگ لەنێوان هەڵەبجە و سەیدسادق و پێنجوێن لەگەڵ ئەو دوو هێزە لە شەڕدا بوون، لەو ماوەیەدا هێزەکانی (پ.د.ک) و (باسک) شاری هەڵەبجە و هەرسێ ناحیەکانی خورماڵ و بیارە و تەوێڵەیان بە تەواوەتی لە ئیدارەی سلێمانی دابڕی".[2]

ئەم بەرەیە هێندە کاریگەر بوو، هەرکاتێک هێزەکانی (ی.ن.ک) قورساییەکیان لەسەر (پ.د.ک) لە ناوچەکانی هەولێر و شەقڵاوە دروستبکردایە، لەم بەرەیەوە هێرشی هاوبەشی (باسک) و (پ.د.ک) بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) دەستی پێدەکرد. هێزەکانی (باسک) و (پ.د.ک) لە ناوچەکانی هەڵەبجە و شارەزوور هێرشی چڕیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) کردووە.[3] لە ئاکامی بەردەوامیی شەڕی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)، حکومەتی تورکیا هەوڵی نێوەندگیری دا، بە بانگهێشتکردنی شاندی هەردوولا بۆ شارۆچکەی سلۆپی. لە (٣٠/ ئایار) بە ئامادەبوونی ژمارەیەک جەنەراڵی تورکی و لێپرسراوانی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا و شاندی باڵای (پ.د.ک) نێچیرڤان بارزانی و شاندی باڵای (ی.ن.ک) د. کەمال فواد ئامادەبوون لەسەر کۆمەڵێک خاڵ ڕێککەوتن، لەوانە ئاساییکردنەوەی پەیوەندی نێوانیان و ڕاگرتنی شەڕ و ڕێگەنەدان بە (پ.ک.ک) تاکو سوود لەو ململانێیەی نێوانیان وەربگرێت.[4]

لە ڕۆژانی (١ و ٢/ حوزەیرانی ١٩٩٤) هێرشی هاوبەشی (باسک) (پ.د.ک) بۆ سەر پێنجوێن و ناوچە سنوورییەکان دەستی پێکرد، هێزەکانی (ی.ن.ک) شکان و توانیان کۆنترۆڵی پێنجوێن و ناڵپارێز بکەن، ڕادیۆی (پ.د.ک) هاواری دەکرد" بەتەمای گومرکی ئیبراهیم خلیل بوون، وا گومرکی باشماخیشیان لەدەستچوو".[5] لە (٢/ حوزەیران) جەلال تاڵەبانی بە یاوەری نەوشیروان مستەفا گەڕایەوە کوردستان و لە ڕۆژی دواتردا دەستپێشخەرییەکی بۆ ڕاگرتنی شەڕ ڕاگەیاند، بانگەوازەکەی تاڵەبانی بریتی بوو لە (٥)خاڵی گرنگ دەربارەی وەستانی شەڕ و گەڕانەوە بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامەکان لەگەڵ (پ.د.ک) و کەمکردنەوەی هێزەکانی هەردوولا لەو ناوچانەی، کە نزیکن لە یەکترەوە.[6]

لە (٥/ حوزەیران)دا جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی بە بەشداریی مەکتەبی سیاسی هەردوولا و بە ئامادەبوونی د.ئەحمەد چەلەبی، سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی عێراق(INC) لە هۆڵی هوتێل شیرین پالاسی شاری هەولێر کۆبوونەوە و لەو کۆبوونەوەیەدا، لە پێناو ڕاگرتنی شەڕ و دوورخستنەوەی هێزەکانی هەردوولا بەرامبەر بە یەکتری و پێکهێنانی ژووری ئۆپراسیۆن، کۆمەڵێک بڕیار درا، بەتایبەتی بۆ ئەو ناوچانەی، کە شەڕی تێدایە.[7] لە پاڵ ئەم ڕێکەوتنانەی نێوانیان لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران، بە بەردەوامیی شەڕ لەنێوان (باسک) و (پ.د.ک)، لە لایەک و (ی.ن.ک) لە لایەکی تر بەردەوام بوو. لە (٦/ حوزەیران) هێرشێکی بەرفراوانی (پ.د.ک) و (باسک) بۆ سەر ناوچەکانی پێنجوێن و سەیدسادق دەستی پێکرد. چەندین کوژراو و بریندار لە هەردوولا هەبوو. (ی.ن.ک) ڕایگەیاند هێرشەکان بە پاڵپشتی تۆپخانەکانی ئێران بووە.[8] لە (٧/ حوزەیران) جارێکیتر هێزە هاوبەشەکانی (پ.د.ک) و (باسک) و حزبوڵڵای شۆڕشگێر، بە هاوکاریی تۆپخانەکانی ئێران هێرشێکی چڕیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە ناوچەکانی قەڵادزێ و حاجی ئۆمەران کردو لە ئەنجامدا ژمارەیەک هاوڵاتی ئاسایی، لە ئاکامی تۆپبارانکردنەکانی ئێراندا کوژران.[9]

---

١- فاضل رؤوف: بەرەو خۆر، ب٢، ل٤٨١.

٢- حەمەی حەمە سەعید: س.پ، ب٢، ل ١٧٧.

٣- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شەڕەکانی بەرەی هەڵەبجە و شارەزوور بڕوانە: حەمەی حەمە سەعید: س.پ، ب٢، ل١٧٨-١٧٩.

٤- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٦٩٦)، ١٩٩٤/٦/١، ل١؛ مراد خۆشەفی حەسۆ: س.پ، ل١٠٦ ؛ ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(١٩٥٦)، ١٩٩٤/٥/٣١، ل١.

٥- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٣٧٣.

٦- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٦٩٩)، ١٩٩٤/٦/٥، ل١.

٧- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(١٩٦١)، (١٩٩٤/٦/٦)، ل١؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٧٠٠)، ١٩٩٤/٦/٦، ل١.

٨- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٧٠١)، ١٩٩٤/٦/٧، ل١.

٩- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٣٧٧؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٧٠٢)، ١٩٩٤/٦/٨. ل١.

لە (٨/ حوزەیران) هێزەکانی (ی.ن.ک) هێرشێکی فراوانیان بۆ سەر هێزەکانی (باسک) (پ.د.ک)، بۆ گرتنەوەی ناوچەکانی پێنجوێن و قەڵادزێ کرد. هێزەکانی (پ.د.ک) لە دەوروبەری پێنجوێن شکستیان هێنا. (عوسمان قادر منەوەر)[1] فەرماندەی باڵای (پ.د.ک) لەو شەڕەدا کوژرا.[2] لە کاتی ناشتنی عوسمان قادر منەوەر، کە ڕێوڕەسمێک بۆ بەخاکسپاردنی ئامادەکرابوو، خەڵکێکی زۆری شاری سلێمانی و ئەندام و لایەنگرانی (پ.د.ک) بەشداری ڕێوڕەسمەکە بوون، لە (١٣/ حوزەیرانی ١٩٩٤) گرژیی و ئاڵۆزیی لە سلێمانیدا دروستبوو، لە کاتی بەڕێکردنی تەرمی ناوبراو بۆ گۆڕستان کەسوکاری ناوبراو و جەماوەری بەشدرابووی ڕێوڕەسمەکە، تەرمی ناوبراویان بردە بەردەم لقی (٤)ی (پ.د.ک)، کە ئەوکاتە لە ژێردەستی هێزەکانی (ی.ن.ک)دا بوو، لێرەوە گرژیی و ئاڵۆزیی دروستبوو، جەماوەر دەستیان بە هوتاف کێشان کرد و پێکدادانی لێکەوتەوە و ژمارەیەک هاوڵاتی سیڤیل و کوژران و بریندار بوون.[3]

سەبارەت بە ژمارەی کوژراوانی (١٣/ حوزەیران) بۆچوونی جیاواز هەیە. (ی.ن.ک) ژمارەی کوژراوانی بە (١٢)کوژراو و (٤٠)بریندار داناوە.[4] بەڵام ئاراس قادر منەوەر لە کتێبی "شەهید خاڵە عەفان و و شەهیدانی (١٣/ حوزەیرانی ١٩٩٤)" باس لە کوژرانی (٢٣) کەس دەکات.[5] لەسەر ڕووداوەکەی (١٣/ حوزەیرانی ١٩٩٤)ی ناو شاری سلێمانی، مەسعود بارزانی بە بروسکەی ژمارە (١٩٢٠) کە ئاراستەی هەریەکە لە جەلال تاڵەبانی و دکتۆر ئەحمەد چەلەبی کردووە، داوای دروستکردنی لیژنە و لێکۆڵینەوەی ورد لە ڕووداوەکە و سزادانی بەرپرسانی ئەو کارەساتە کردبوو.[6] هەر لە (١٣/ حوزەیران) جارێکی تر شاندی باڵای باڵای هەردوولا، بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی لە (ی.ن.ک) و مەسعود بارزانی (پ.د.ک) لە شارۆچکەی سلوپی لەگەڵ کاربەدەستانی تورکیادا، بە مەبەستی ڕێکەوتن و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان و ڕاگرتنی شەڕ لەنێوان هەردوولادا، کۆبوونەوە.[7]

شەڕ و پێکدادانی نێوان هەردوولا هەتا کۆتاییەکانی مانگی (حوزەیرانی ١٩٩٤) بەردەوام بوو، وردە وردە ڕەوشەکە بەرەو هێوربوونەوە دەڕۆیشت. لە (٢٧/ حوزەیران) بە ئامادەبوونی جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی مەکتەبی سیاسی هەردوولا و نوێنەری (INC) کۆبوونەوە و لەسەر چەند خاڵێک ڕێککەوتن، لەوانە ڕاگرتنی شەڕ و کردنەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی، کە لە سەرەتای (ئایاری ١٩٩٤)ەوە لە کارخرابوو.[8]

لە (٣٠/ حوزەیران) ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان (پەرلەمان) ئاسایی کرایەوە و یەکەمین دانیشتنی خۆی لە دوای دوو مانگ لە شەڕی ناوخۆ ئەنجامدا و هەریەکە لە جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی و د. ئەحمەد چەلەبی ئامادەی کۆبوونەوەکەی پەرلەمان بوون، لە کۆبوونەوەکەدا جەخت لەسەر کاراکردنەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانی و ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) کرا.[9] لە دوای کۆبوونەوەی پەرلەمان، بۆ ماوەیەک بە کردەیی شەڕ لەنێوان هەردوولادا ڕاگیرا، پەرلەمان و حکومەتی هەرێم کەوتنەوە کاری ئاسایی خۆیان، کردنەوەی بنکە و بارەگاکانی یەکتر لە ناوچەکانی سلێمانی و دهۆک.[10]

---

١- عوسمان قادر منەوەر: ناسراوە بە خاڵە عەفان لە ساڵی (١٩٤٧) لە سلێمانی لە دایک بووە لە ساڵی (١٩٦٤) پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی (پ.د.ک)، لە سەرەتاکانی شەڕی ناوخۆ لێکترازانەکانی ناو (پ.د.ک) لە باڵی مەلایی بووە، لە دوای هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش و دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە ڕیزەکانی (پ.د.ک) کاری کردووە لە سەروبەندی شەڕی ناوخۆ لە (١٩٧٦-١٩٨٣) فەرماندەی باڵای (پ.د.ک) بووە لە ناوچەی سۆران، لە دوای ڕاپەڕینی (ئازاری ١٩٩١) بووەتە کارگێڕی لقی (٤)ی (پ.د.ک) لە سلێمانی و دواتر لە دوای دروستبوونی سووپای یەکگرتووی کوردستان بووەتە لێپرسراوی بەشی سەربازی (پ.د.ک) لە سلێمانی لە سوپای یەکگرتووی کوردستاندا لە دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە (٣/ ئایاری ١٩٩٤) لە سلێمانی دەردەچێت و دەچێتە ناوچە سنوورییەکان لە شەڕێکدا لەنێوان هێزەکانی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لە (٨/ حوزەیرانی ١٩٩٤) لە ناوچەی پێنجوێن کوژرا. بڕوانە: ئاراس قادر منەوەر: شەهید خاڵە عەفان و شەهیدانی (١٣/ حوزەیران)، چ١، دهۆک، ١٩٩٥، ل٢٥- ٢٨.

٤- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٣٧٧.

٣- ئاراس قادر منەوەر: س.پ، ل٦٢- ٦٣؛ مەسعود مەحمود حەسەن: س.پ، ل١٦٤؛ فاضل رؤوف: بەرەو خۆر، ب٢، ل٤٨٣-٤٨٥.

٤- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٧٠٧)، ١٩٩٤/٦/١٤، ل١.

٥- شەهید خاڵە عەفان و شەهیدانی (١٣ ی حوزەیران ١٩٩٤)، ل٦٨.

٦- بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٦).

٧- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(١٩٨٦)، ١٩٩٤/٦/١٤، ل١.

٨- مەسعود مەحمود حەسەن: س.پ، ل١٦٧؛ سەلاح رەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، ل٣٣٣.

٩- ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق: پرۆتۆکۆڵەکان، ب١١، ١٩٩٤، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨، ل٢٥٧-٢٧٩.

١٠- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (٧١٩)، ١٩٩٤/٦/٢٩، ل١؛ سەلاح رەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، ل٣٣٣.

هەر لە پێناو ڕاگرتنی شەڕ و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا هەریەکە لە (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) بە نێوەندگیری فەرەنسا لە (١٦/ تەموز - ٢٢/ تەموزی ١٩٩٤) بە ئامادەبوونی نوێنەری فەرەنسا و ئەنیستیۆتی کورد لە پاریس بە هەوڵی کەنداڵ نەزان، ڕێکەوتنامەی پاریس لەنێوان نوێنەری هەردوولادا ئیمزا کرا.[(١)] لە ئەنجامی ئاشکراکردنی بەندەکانی ڕێکەوتنامەکە لەلایەن (پ.د.ک)وە، تورکیا ئەمەی بە هەوڵێکی فەرەنسا و خۆرئاوا، بۆ بە نێودەوڵەتیکردنی کێشەی کورد دادەنا. تورکیا کەوتە هەوڵەکانی بۆ لەباربردنی ڕێکەوتنامەکە. بەم شێوەیە ئەم ڕێکەوتنامەیەش نەیتوانی بارودۆخی کوردستان ئاسایی بکاتەوە و ببێتە هۆی ڕاگرتنی شەڕی نێوان هەردوولا.[(٢)] گرژیی و ئاڵۆزییەکانی نێوان هەردوولا تا دەهات لە ناو شاری هەولێردا ئاڵۆزتر دەبوو، لە کۆتاییەکانی مانگی (تەموزی ١٩٩٤) دیاردەی دزیی و تیرۆر لە هەولێردا تاکو دەهات زۆرتر دەبوو، جگە لەوەش تیرۆرکردنی چەندین کەسایەتی و سەرکردەی سیاسی لە شاری هەولێردا، لەوانە هەوڵی تیرۆرکردنی فرەنسۆ هەریری، سەرۆکی فراکسیۆنی (پ.د.ک) لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و هەریەکە لە ئازاد قەرەداغی و فازل ڕەوف ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و هەروەها تەقەکردن لە ئەرسەلان بایز و مەلا تەها محەمەد تەها، ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان. هەریەکە لە (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لایەنەکەی تری بە هەوڵی تیرۆرکردنی ئەندامانی یەکتر تۆمەتبار دەکرد.[(٣)]

هەروەها هەوڵی تیرۆرکردنی مەلا بەختیار، ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان و ئەندامی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) لە شەوی (٢٦-٢٧/ تەموزی ١٩٩٤) (ی.ن.ک)، دەزگای پاراستنی (پ.د.ک) تۆمەتبارکرد، بە هەوڵی تیرۆرکردنی مەلا بەختیار لە شاری هەولێر.[(٤)] لە (٦/ ئاب) هێزەکانی (باسک) و (پ.د.ک) بە پاڵپشتی تۆپخانەکانی ئێران، هێرشێکی چڕیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە ناوچەی قەڵادزێ و پشدەر کرد. هێرشەکە لە سێ قۆڵەوە بوو، قۆڵی یەکەمیان لە چیای مامەندەوە و قۆڵی دووەمیان لە هەڵشۆوە بەرەو دارەشمانە و قۆڵی سێیەمیان لە هەڵشۆوە بەرەو دێرێ و گردەسپیان بوو. لەو شەڕەدا، جگە لە کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەی هەردوولا، لە ئەنجامی تۆپبارانکردنەکانی هەردوولا (٢٧) هاووڵاتی ئاسایی کوژران و (٤٦) هاووڵاتی دیکەش بریندار بوون.[(٥)]

شەڕ لە نێوان هەردوولا بۆ ماوەی (٢)ڕۆژ بەردەوام بوو، هێزەکانی (باسک) و (پ..د.ک) دەستیان بەسەر قەڵادزێدا گرت. لە (٨/ ئاب) جارێکی تر هێزەکانی (باسک) و (پ.د.ک) و حزبوڵڵای شۆڕشگێڕ بە سەرکردایەتی ئەدهەم بارزانی هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) کرد و دوای شەڕێکی قورس لە نێوان هەردوولا، هێزەکانی (باسک) و (پ.د.ک) ناچار بە پاشەکشێکردن لە قەڵادزێ و دەوروبەری کران، ئەویش لە دوای تۆپبارانکردنی هێزەکانی (باسک) لە قەڵادزێ لەلایەن هێزەکانی (ی.ن.ک)ەوە.[(٦)]

لە دوای چەندین ڕۆژ لە شەڕی نێوانیان، لیژنەی پەرلەمانی کوردستان و نوێنەری لایەنەکان و نوێنەری (INC) ڕێکەوتن لە (١٢/ ئاب) شەڕ ڕابگرن و لیژنەی ئاساییکردنەوە لە ڕانیە لەگەڵ نوێنەری لایەنە شەڕکەرەکاندا کۆبوونەوە و بە مەبەستی ڕاگرتنی شەڕ و ئازادکردنی دیلەکانی هەردوولا.[(٧)] جگە لەوە خراپی ڕەوشی کوردستان و شەڕی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) پەرلەمانی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی نائاساییدا لە (١٥/ئاب)دا بە ئامادەبوونی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی شاندی باڵای پەرلەمانی بەریتانیا هەردوولا بڕیاری ڕاگرتنی شەڕی سەرتاسەرییان دا لە کوردستاندا.[(٨)] کەچی لە بەرەبەیانی (٢٢/ ئابی ١٩٩٤) جارێکی تر هێزەکانی (باسک) و (پ.د.ک) بە هاوکاری و پاڵپشتی تۆپخانەکانی ئێران هێرشیانکردە سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە گوندی گامێش تەپە، ناوگردان، ئاوایی حاجی قادر و گوندی حاجی عەبدوڵا، کە خاڵی جیاکەرەوە و سنووری نێوان هەردوو هێزە شەڕکەرەکە بوو، هێرشەکانیان بەردەوام بوو هەتا گرتنی شارۆچکەی سەیدسادق و سەرای سوبحان ئاغا کەوتەوە دەست هێزەکانی (باسک) و (پ.د.ک).[(٩)]

---

١- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بەندەکانی ڕێکەوتنامەی پاریس (١٦-٢٢/ تەموزی ١٩٩٤)، بڕوانە: نەوشیروان مستەفا ئەمین: خەون یان مۆتەکە یاداشتی ڕۆژانەی شەڕی ناوخۆ، چ١، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبخانەی جەمالی علی باپیر، سلێمانی، ل١٦-١٧.

٢- د.سەلام عبدالکریم: پارتی کرێکارانی کوردستان، ل٢٦٥.

٣- ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ(٢٠٠٠)، ٢٧/ تەموزی ١٩٩٤، ل١.

٤- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٧٤٣)، ١٩٩٤/٧/٢٨، ل١؛ سەلاح رەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، ل٣٣٩.

٥- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٧٥٢)، ١٩٩٤/٨/٨، ل١؛ محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٣٨٧.

٦- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٧٥٤)، ١٩٩٤/٨/١٠، ل١؛ ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٠١٨)، ١٩٩٤/٨/١٤، ل١.

٧- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٧٥٥)، ١٩٩٤/٨/١١، ل١.

٨- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بڕیارەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق: بڕوانە: ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق: پڕۆتۆکۆڵەکان، ب١١، ١٩٩٤، ل٥٤٥-٥٥٠.

٩- حەمەی حەمە سەعید: س.پ، ب٢، ل١٧٨.

هەر لە هەمان ڕۆژدا هەردوو هێز هێرشیانکردە سەر ناوچەکانی پێنجوێن و ناڵپارێز و هێزەکانی (ی.ن.ک) شکا و هێزی (پ.د.ک) و (باسک) هەتا سنووری گوندی شانەدەری باکووری سەیدسادق لە پێشڕەویدا بوون.[1] لە (٢٣/ ئاب) هێزەکانی (ی.ن.ک) هێرشیانکردە سەر هێزەکانی (باسک) و (پ.د.ک) سەرجەم ئەو ناوچانەی کە پێشوتر لەدەستیان دابوو دەستیان بەسەردا گرتەوە و هێزەکانی (ی.ن.ک) بەردەوام بوون لە پێشڕەویکردن لە ناوچەی نەوڕۆڵی یەوە چوونە ناو شاری هەڵەبجە و دواتر کشانەوە و لەم شەڕەدا چەندین کوژراو لە نێو هەردوولادا هەبوو، (١٦) پێشمەرگەی لیوای تایبەتی (ی.ن.ک) لە نزیک گوندی قەدەفەری کوژران.[2]

لە (٢٧/ ئاب) جارێکی تر هەردوولا بە نێوەندگیری (INC) ڕێکەوتن لەسەر پێکهێنانی لیژنەی پەرلەمانی بۆ سەرجەم قوڵەکانی شەڕ، لە (٢٧/ ئاب) جەلال تاڵەبانی بروسکەیەک بۆ گشت هێزی پێشمەرگەی کوردستان و گشت لایەنەکانی دەنێرێت و تیایدا نووسی بوو: "شاندی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان دێت بە دەسەڵاتی تەواوی پەرلەمان و هەردووکمانەوە بۆ ڕاگرتنی شەڕ و دیاریکردنی پەلاماردەر و ئەوانەی بڕیارەکانی پەرلەمان و هەردوو بروسکەکانی هەردووکمانیان پێشێلکردووە، پێویستە هەموو لایەک و هەموو جۆرە هاوکارییەکیان بکەن و بە قسەیان بکەن".[3]

دوو هەفتە بەسەر ڕێکەوتنی نێوان هەردوولا بۆ ڕاگرتنی شەڕ تێپەڕی نەکرد، سەرەتای مانگی (ئەیلولی ١٩٩٤) شەڕ لە نێوان هێزەکانی (باسک) و حزبوڵڵای شۆڕشگێڕ لەگەڵ هێزەکانی (ی.ن.ک)دا لە ناوچەکانی هەڵەبجە و قەڵادزێ ڕوویدا.[4] لە سەرەتای (تشرینی دووەمی ١٩٩٤) لە شارۆچکەی چەمچەماڵ، بە بە دیاریکراوی لەسەر ڕێگای (چەمچەماڵ- سلێمانی)، لەلایەن هێزێکی (پ.د.ک) هێرش کرایە سەر ئەندامانی مەڵبەندی (٢)ی کەرکوکی (ی.ن.ک) و (٨)کەس لە ئەندامانی مەڵبەندی کەرکوک بریندار بوون، لەوانە عیماد ئەحمەد، لێپرسراوی مەڵبەند و شاڵاو عەلی عەسکەری ئەندامی پەرلەمان و جێگر و کارگێڕی مەڵبەندەکە بریندار کران.[5]

پەیوەندی نێوان هەردوولا لە مانگی (تشرینی دووەمی١٩٩٤) تا ڕادەیەک بەرەو هێوربوونەوە دەڕۆیشت، لە (٨/ تشرینی دووەمی ١٩٩٤) بە سەرپەرشتی تاڵەبانی و بارزانی و ئامادەبوونی د. ئەحمەد چەلەبی سەرۆکی (INC) و جەوهەر نامیق، سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و کوسرەت ڕەسول عەلی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەریم ئەحمەد، سکرتێری حزبی شیوعی کوردستان و قادر عەزیز سکرتێری حزبی زەحمەتکێشان و یونادم یوسف کنا سکرتێری بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری و عەلی عەبدولعەزیز جێگری ڕابەری (باسک) لە دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانییی کوردستان سەرپەرشتی کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کوردستانیان کرد و بڕیار لەسەر ئاساییکردنەوەی تەواوەتی کوردستان درا.[6] جارێکی تر لە (٢١/ تشرینی دووەمی ١٩٩٤) ڕێکەوتنامەیەکی تر لەنێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)دا، لەسەر ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان و کارکردن لەسەر بڕیارەکانی (٨/ تشرینی دووەمی ١٩٩٤)ی نێوان هێزە کوردستانییەکان مۆرکرا.[7] ڕێکەوتنی (٢١/ تشرینی دووەمی ١٩٩٤)ی ١٩٩٤)ی نێوان هەردوولا، کە هەریەکە لە بارزانی و تاڵەبانی ئیمزایان لەسەر کرد، لە (١٤)خاڵ پێکهاتبوو، هەموو ئەو بوارانەی گرتبووەوە، کە لەنێوان هەردوو پارتەکەدا کێشەی لەسەربوو، لەوانە بەگەڕخستنەوەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی و حکومەتی هەرێم. ڕێکەوتنامەکە لە ئەنجوومەنی نیتشمانی کوردستان، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی بەرەی کوردستانی و پارتە سیاسییەکان و ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانیی پەسەندکرا.[8]

---

١- جەعفەر مستەفا مەعروف: گوڵبژێرێک لە یاداشتەکانم، ب٣، چ١، هەولێر، ٢٠٠٠، ل١٦٦- ١٦٨.
٢- حەمەی حەمە سەعید: س.پ، ب٢، ل١٧٨- ١٧٩؛ محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٣٩٠.
٣- سەلاح ڕەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، ل٣٤٠.
٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٧-٢١٨.
٥- محمود سەنگاوی: س.پ، ل٤٨١.
٦- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٨٢٢)، ١٩٩٤/١١/٩، ل١.
٧- ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق: پرۆتۆکۆڵەکان، ب١٢، ١٩٩٤، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨، ل٤٣٨-٤٤٢.
٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٧.

لە کۆبوونەوەی (٢٤/ تشرینی دووەمی ١٩٩٤)ی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)دا، بڕیار لەسەر دەست لەکارکێشانەوەی کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێم درا و هەتا پێکهێنانی کابینەی نوێ کابینەی دووەمی حکومەتی هەرێم لە کارەکانی خۆی بەردەوام بوو. ئەمەیش لە دوای ئەوە هات، کۆسرەت ڕەسول عەلی، سەرۆکی حکومەتی هەرێم دەست لەکارکێشانەوەی خۆی خستە بەردەم ئەنجوومەنی نیشتمانیی و بە زۆرینەی دەنگ لە ئەنجوومەندا پەسەندکرا. هەر بەپێی ڕێکەوتنی نێوانیان، لە ڕۆژی شەمە (٢٦/ تشرینی دووەمی ١٩٩٤) کۆسرەت ڕەسول عەلی لە (ی.ن.ک) و د. ڕۆژ نوری شاوەیس لە (پ.د.ک) بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم ڕاسپێردران. ئەمەیش لە کۆبوونەوەی دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بڕیاری لەسەر درا. [1] بەم ڕێکەوتنە، کۆتایی بە گەڕی یەکەمی شەڕی ناوخۆیی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) هات.

گەڕی یەکەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لە (١ ئایاری ١٩٩٤)ەوە دەستی پێکرد تا (٢١/ تشرینی دووەمی ١٩٩٤) درێژەی کێشا. لە ماوەی ئەم گەڕەی شەڕەدا، زۆرترین کوژراو لە هەردوولا هەبوو، جگە لەوەش، ئەم گەڕی شەڕ دەسەڵاتی (ی.ن.ک) لە سلێمانی و کەرکوک، دەسەڵاتی (پ.د.ک)یش لە بادینان و دهۆک و بەهێزکرد، لە ڕێکەوتی (٢١/ تشرینی دووەمی ١٩٩٤) کۆتایی بە شەڕی نێوان هەردوولا هات.

---

١- ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق: پرۆتۆکۆڵەکان، ب١٢، ١٩٩٤، ل٤٢٨-٤٤٧.

**باسی دووەم: گەڕی دووەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) (١٩٩٤ تاکو گەڕی سێیەمی شەڕی ناوخۆ ١٩٩٦)**

گەڕی دووەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)، لە دوای (٧) مانگ و (١٨) ڕۆژ لە گەڕی یەکەمی شەڕی ناوخۆی نێوان هەردوولا دەستی پێکرد. هەرچەندە پێش دەستپێکردنی ئەم قۆناغەی شەڕی ناوخۆ، چەندین ڕێکەوتن و ئاگربەست لە نێوان هەردوولادا هەبووە، لەوانە لە ڕێکەوتنی (٢١/ ئەیلولی ١٩٩٤) و ڕێکەوتنی (٢١/ تشرینی دووەمی ١٩٩٤) تایبەت بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا و کردنەوەی بنکە و بارەگاکانی یەکتر، بەتایبەتی لە ناوچەکانی بادینان و دهۆک کردنەوەی کۆمیتە و مەڵبەندەکانی (ی.ن.ک) و لە ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوک، کردنەوەی لق و ناوچەکانی (پ.د.ک).[1] بەڵام هەموو ئەمانە نەیانتوانی چارەسەری کێشەی نێوان هەردوولا بکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە، دوو ناوچەی جیاواز لە بەڕێوەبردن لە کوردستاندا دروست ببوو، کە (پ.د.ک) بە تەواوەتی دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکانی بادینان ودهۆکدا چەسپاندبوو، بە هەمان شێوەی (ی.ن.ک) دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوکدا چەسپاندبوو.[2]

ئەوەی بۆ هەڵگیرساندنەوەی گەڕێکی تری شەڕی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) هۆکار بوو، پەیوەندی بە کۆمەڵێک هۆکارەوە بوو، لەوانە چارەسەرنەکردنی هەندێک کێشەی نێوانیان، تایبەت بە لایەنی سەربازیی، کە لە دوای گەڕی یەکەمی شەڕی ناوخۆ هەر لایەنە و بە جۆرێک لە جۆرەکان هەوڵی پڕچەککردنی خۆی دەدا، لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکەیان هەوڵی خۆنزیککردنەوەیان لەگەڵ پارتەکانی تری باشوور دەدا، لەوانە نزیکبوونەوەی (ی.ن.ک) لە پارتە چەپەکان و (پ.ک.ک) و نزیکبوونەوەی (پ.د.ک) لە (باسک) وحزبوڵڵای شۆڕشگێر.[3]

هۆکارێکی تر پەیوەندی بە لایەنی ئابوورییەوە هەبوو، کە تایبەت بە کێشەی گومرکی ئیبراهیم خەلیل بوو، ڕەنگە، لە دوای دەستپێکردنی گەڕی یەکەمی شەڕی ناوخۆ، لە کێشەی نێوان هەردوولادا، ئەمە هۆکاری سەرەکی بووبێت. لە (١/ ئایاری ١٩٩٤) (پ.د.ک) بە تەواوەتی دەستی بەسەر داهاتی گومرکی ئیبراهیم خەلیلدا گرتبوو، بەمەیش ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک)، لە چاو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (پ.د.ک)دا، دووجاری ڕەوشێکی خراپی ئابووری ببوو. ئاشکرایە لەو کاتەدا تاکە سەرچاوەی داهاتی حکومەتی هەرێم، گومرکەکان بوو، بەتایبەتی گومرکی ئیبراهیم خەلیل، هەرچەندە لە سنووری سلێمانیشدا، بەتایبەتی لە دەروازە سنوورییەکانی ئێران، هەندێک داهاتی گومرکی هەبووە، بەڵام لە چاو داهاتی گومرکی ئیبراهیم خەلیلدا زۆر کەمتر بوو.[4] لە دوای ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لە مانگی (ئەیلول و تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی ١٩٩٤)، کە ڕێکەوتبوون لەسەر کردنەوەی بنکە و بارەگاکانی یەکتر و گەڕانەوەی فەرمانبەران بۆ سەر کارەکانیان و بە دیاریکراوی لە (١٧/ ئەیلولی ١٩٩٤) و کردنەوەی گومرکی ئیبراهیم خەلیل و ڕادەستنەکردنەوەی داهاتی گومرکەکە بە حکومەت.[5]

لەسەر ئەوە جەلال تاڵەبانی دەڵێت: "لە دوای ڕێکەوتنمان لەگەڵ (پ.د.ک)، لەسەر دوو خاڵ ڕێکەوتین. کردنەوەی بارەگاکانی (پ.د.ک) لە سلێمانی و ڕادەستکردنەوەی داهاتی گومرکی ئیبراهیم خەلیل بە حکومەت، کە (پ.د.ک) دەستی بەسەردا گرتبوو، بەڵام (پ.د.ک) ڕێکەوتنامەکەی جێبەجێ نەکرد، لە دوای ڕۆیشتنی شاندی باڵای حکومەت بە سەرۆکایەتی کۆسرەت ڕەسول عەلی و د. ڕۆژ نوری شاوەیس بۆ وەرگرتنەوەی پارەی گومرکی ئیبراهیم خەلیل، پارەکەیان ڕادەست نەکردبوو، بە بیانووی ئەوەی نێچیرڤان بارزانی پارەکەی بردووە و تازە ناگەڕێتەوە و بڕێکی کەم لە پارەکە مابوو. کۆسرەت ڕەسولیش ئەوەی نەهێنابوو".[6] هەر لەسەر داهاتی گومرکی ئیبراهیم خلیل مسعود بارزانی دەڵێت: "داهاتی (ی.ن.ک) لە باشماخ و خاڵە سنوورییەکانی دیکەی ئێران لە داهاتی گومرکی ئیبراهیم خەلیل کەمتر نەبوو، وروژاندنی داهاتی ئیبراهیم خلیل تەنها بیانووی (ی.ن.ک) بووە بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕ.[7]

---

١- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ(١١٧٠)، ١٩٩٥/١٢/٢٠،ل٥؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ(٧٩١)، ١٩٩٤/٩/٢٢، ل١.

٢- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ محمد شاکەلی)، کەلار (٢٠٢٢/٢/١٨).

٣- چاوپێکەوتنی توێژەی لەگەڵ (د.محمود عوسمان)، هەولێر، (٢٠٢٢/١/٣١).

٤- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٨٧٣)، ١٩٩٤/١٢/٢٧، ل٢.

٥- مەسعودی مەلا هەمزە: کۆسرەت ڕەسول و شەڕی ناوخۆ- هەڵوێست و نیوانگیری، چ١، چاپخانەی حەمدی، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٥٩.

٦- سلاح رەشید: مام جەلال دیداری تەمەن، ب٢، ل٢٤٤- ٢٤٥؛ مەسعودی مەلا هەمزە: کۆسرەت ڕەسول و شەڕی ناوخۆ، ل١٥٩.

٧- مسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ب٥، ل٢٣٣.

هۆكارێكی تر بۆ شەڕی نێوانیان، پەیوەندی بە هەولێری پایتەختەوە هەبوو، هەردوولا لە دوای چەسپاندنی دەسەڵاتیان لە دهۆک و سلێمانی کەوتنە ململانێکردن لەسەر دەستگرتن بەسەر شاری هەولێردا، ڕەنگە بۆ ئەم خولەی شەڕی ناوخۆ هۆكارێكی زۆر كاریگەر بووبێت، بەڵام خولەکانی دواتری شەڕی نێوان هەردوولا، دیسان هەولێر چەقی ململانێ و ناکۆکی نێوان هەردوولا بووە، هەر لەگەڵ دەستپێکردنی گەڕی یەکەمی شەڕی ناوخۆ لە (ئایاری ١٩٩٤) هێزەکانی (ی.ن.ک) پارسەنگی هێزی خۆیان بەسەر شاری هەولێردا سەپاند و لە پاڵ ئەم هۆکارانە و چەندین هۆکاری تری وەک هۆکاری دەرەکی و هەرێمییەکان بە تایبەتی دەستتێوەردانەکانی تورکیا و ئێران لە کاروباری ناوخۆی هەرێمی کوردستان و هاندانی پارتەکانی باشووری کوردستان بۆ درێژەدان بە شەڕی ناوخۆ وایکرد هەردوو هێز لە ناوەڕاستی مانگی (کانوونی یەکەمی ١٩٩٤) جارێکی تر کەوتنە شەڕ لە دژی یەکتر.[١]

هێزەکانی (پ.د.ک) لە (١٧/ کانوونی یەکەمی ١٩٩٤) هێرشیان بۆ سەر ناوچە و گوندەکانی عەشیرەتی هەرکی کرد، کە خۆیان بە نزیک لە (ی.ن.ک) دەزانی ئەویش لە ئەنجامی دروستبوونی کێشە لەسەر زەوی لە نێوان بەشێکی لە عەشیرەتی هەرکی و عەشیرەتی گۆران لە ناوچەی ئاکرێ، لە لایەن هێزەکانی (پ.د.ک)ەوە بە تەواوی دەستبەسەر ناوچەی هەرکییەکاندا گیرا. زۆرجار شەڕی نێوان هەردوولا لەسەر لایەنگیریی عەشیرەتێک یان کەسایەتییەک بۆ لایەنێکیان دەست پێدەکات، وەک ئەوەی لە گەڕی سێیەمی شەڕی ناوخۆی نێوان هەردوولا دووبارە دەبێتەوە.[٢] لە (١٨/ کانوونی یەکەمی ١٩٩٤) شاندی باڵای (پ.د.ک) بە سەرۆکایەتی جەوهەر نامیق سالم، سەبارەت بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئاساییکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەردوولا سەردانی جەلال تاڵەبانی کرد. بەڵام لە ناوچەکانی ڕانیە، حەوزی بیتوێن، کۆیە، کەلار، کفری و شەقڵاوە ڕەوشەکە بەرەو گرژیی و ئاڵۆزیی ڕۆیشتبوو.[٣]

شەقڵاوە و هەولێر دوو شوێنی ناوەندی ململانێی ئەم خولەی شەڕ بوو، لە دوای ئەوەی هەردوولا ڕێکەوتبوون، لەسەر ئەوەی، کە لە شەقڵاوە هێز و بارەگای هەردوولا وەک یەک بێت، لە دوای دروستبوونی گرژیی و ئاڵۆزییەکان، هەردوولا کەوتنە زۆرکردنی ژمارەی هێزەکانیان لە شەقڵاوە، لەبەر گرنگیی ناوچەکە بۆ هەریەکە لە لایەنە شەڕکەرەکان. گرنگییەکەی ئەوە بوو، هەر هێزێک بتوانێت شەقڵاوە بگرێت، دەتوانێت ڕێگای ستراتیجی نێوان مەسیف و بادینان کۆنترۆڵ بکات. هەروەها چیای سەفین، هەمان گرنگی شەقڵاوەی بۆ (پ.د.ک) هەبوو. بە گرتنی چیای سەفین، دەیتوانی گەورەترین مەترسیی لەسەر سەری ڕەش دووربخاتەوە، کە سەرکردایەتی (پ.د.ک)ی لێ بوو. سەبارەت بە (ی.ن.ک)ش، هەردوو ناوچە گرنگیی خۆی هەبوو؛ بە کۆنترۆڵکردنی ئەو دوو ناوچەیە، دەیتوانی لە هەرکاتێکدا بێت، مەترسیی لەسەر سەرکردایەتی (پ.د.ک) دروست بکات.[٤]

لە دوای هاتنی هێزێکی زۆری (پ.د.ک) لە ناوچەکانی هەریر و بادینان و مەسیف و کۆکردنەوەیان لە دەوروبەری شارۆچکەی شەقڵاوە، هێزەکانی (ی.ن.ک) دەستیان بەسەر شارۆچکەی شەقڵاوەدا گرت، کە بەکارهێنانی وەک بەربەستێک لە ئەگەری هێرشی (پ.د.ک) بۆ سەر هەولێر و دەوروبەری.[٥] ئێوارەی (٢٠/ کانوونی یەکەمی ١٩٩٤) (پ.د.ک) بە هێزێکی زۆرەوە بە فەرماندەیی (زەعیم عەلی)، ئەندامی مەکتەبی سیاسی (پ.د.ک)، هێرشی بۆ سەر شارۆچکەی شەقڵاوە کرد و لە دوای سێ ڕۆژ شەڕ، لە شەوی (٢٣/ کانوونی یەکەمی ١٩٩٤) بە تەواویی بنکە و بارەگاکانی (ی.ن.ک) لە شەقڵاوە دەستی بەسەرداگیرا، تەنانەت دەست بەسەر ماڵی جەلال تاڵەبانی لە شەقڵاوە گیرا.[٦] لە بەرامبەر گرتنی شەقڵاوە، لە لایەن (پ.د.ک)ەوە جەلال تاڵەبانی دەڵێت: "پێشتر کۆسرەت ڕەسول بە مەسعود بارزانی گووتبوو، ئەگەر ئێوە شەقڵاوە بگرن، ئەوا ئێمە هەولێر دەگرین، دەبێت ئاگاتان لەوە بێت، دەبێت دڵنیابن لەوەی ئێمە قبوڵی ناکەین ئێوە شەقڵاوە بگرن".[٧]

---

١- مەسعودی مەلا هەمزە: کۆسرەت ڕەسول و شەڕی ناوخۆ، ل١٦٠.

٢- ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق: پرۆتۆکۆڵەکان، ب١٢، ١٩٩٤، ل٦٣١-٦٣٦ ؛ سەلاح رەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، ل٣٤٤.

٣- مسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ب٥، ل٢٥٠.

٤- ڕۆژنامەی کوردستان نوێ، ژ(١١٧٠)، ١٩٩٥/١٢/٢٠، ل٥.

٥- مەسعودی مەلا هەمزە: کۆسرەت ڕەسول و شەڕی ناوخۆ، ل١٦٠.

٦- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١١٧٠)، ل٥.

٧- سەلاح رەشید: دیداری تەمەن، ب٢، ل٢٤٥.

لە دوای ئەوە، هێزەکانی (ی.ن.ک) هێرشیان بۆ سەر بارەگای لیوای (پ.د.ک) لە کەسنەزان کرد و لە شەوی (٢٢-٢٣/ کانوونی یەکەم) دەستیان بەسەردا گرت. شەڕی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لە نزیک سێبیران، لە ڕۆژئاوای هەولێر و کانی قرژاڵە بە چڕیی دەستی پێکرد.[1] ڕۆژانی (٢٢-٢٤/ کانوونی یەکەم) بە دژوارترین ڕۆژانی شەڕی ناوخۆ دەژمێردرێت، بە تەنیا لەو چەند ڕۆژەدا چەندین شەڕ لە ناوچە جۆر بەجۆرەکان لە نێوان هەردوولا لە قەڵادزێ و تەق تەق، هەولێر، چیای سەفین، کەسنەزان، کانی قرژاڵە، کەڵەک، کۆیە، هیران، قەسرێ، سەنگەسەر، شاوەیس، هەڵەبجەی تازە، زەرایەن، ناوچەی زەلم، چۆمان، ڕەواندز، سەرای سوبحان ئاغا، سەیدسادق، شانەدەری حاجی ئۆمەران و پێنجوێن ڕوویان داوە.[2]

(پ.د.ک) گرتنی کەسنەزان و ڕێگاکانی دەوروبەری، نزیکبوونەوەی زیاتری هێزەکانی (ی.ن.ک) لە شەقڵاوە و سەری ڕەش، کە سەرکردایەتی (پ.د.ک) لێ بوو، بە زەنگێکی ترسناک دایە قەڵەم، لەبەر ئەوە مەسعود بارزانی داوای کرد (ی.ن.ک) کەسنەزان چۆڵ بکات.[3] لە دوای ئەوەی شەڕ زۆربەی ناوچەکانی گرتەوە، هێزەکانی (پ.د.ک) لە (٢٣/ کانوونی یەکەم) دەستیان بەسەر شارۆچکەی سەیدسادقدا گرت،[4] و لە (٢٣/ کانوونی یەکەم) هێزەکانی (ی.ن.ک) لە دوای شەڕێکی قورس بە تەواوەتی شارۆچکەی هەڵەبجەی تازەیان کۆنترۆڵ کرد، لەو شەڕەدا (٧) پێشمەرگەی (پ.د.ک) و (١) پێشمەرگەی (ی.ن.ک) کوژران.[5] سەبارەت بە ڕەوشی شاری سلێمانی و شەڕی نێوان هەردوولا، لە شارەکەدا (پ.د.ک) نزیکەی (٨٠٠) پێشمەرگەی هەبوو. (عارف تەیفور)، کە بەرپرسی هەردوو لقی سلێمانی و کەرکوک و کەسی یەکەمی (پ.د.ک) بوو، لەلایەن هێزەکانی (ی.ن.ک)ەوە، لە سلێمانی لە ماڵێکدا گەمارۆ درابوو، بە نێوەندگیری (حسک) و (باسک) دەربازکرا و بۆ لقی چواری (پ.د.ک) بردرا.[6] لە (٢٢/ کانوونی یەکەم) لایەنە سیاسییەکان لە سلێمانی هێزێکی هاوبەشیان بۆ ڕێگرییکردن لە پێکدادانی نێوان هەردوولا لە ناو شاری سلێمانیدا پێکهێنا، هێزەکانی (پ.د.ک) لە گەڕەکی ئازادی و گۆیژە و تووی مەلیک دامەزرابوون. هێزەکانی (ی.ن.ک) گەمارۆی تەواوی هێزەکانی (پ.د.ک)یان لە ناو سلێمانیدا دابوو، لە ئەنجامی هەندێک پێکدادان لە نێوان هێزەکانی هەردوولادا (١١) کوژراو و (٤٦) بریندار هەبوون.[7]

لە (٢٧/ کانوونی یەکەمی ١٩٩٤) لە دوای کۆبوونەوەی لایەنەکان لە سلێمانی، لە کۆبوونەوەکەدا (ی.ن.ک) سێ ڕێگای بۆ (پ.د.ک) پێشنیارکرد، لەوانە:
١- (پ.د.ک) شاری سلێمانی چۆڵ بکات.
٢- ئەو ئەندامانەی (پ.د.ک)، کە لە سلێمانیدان لە ماڵی خۆیان دانیشن و ڕای بگەیەنن، کە (پ.د.ک) نین.
٣- یان دەبێت بە شەڕ سلێمانی چۆڵ بکەن.

(پ.د.ک) لەوە دەترسا، لە شاری سلێمانی دەرنەچن و هەموو هێزەکەیان لەبەریەک هەڵبوەشێتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی هێزەکانیان لەلایەن هێزەکانی (ی.ن.ک)ەوە گەمارۆ درابوون. سەرکردایەتی (پ.د.ک) دەیویست (ی.ن.ک) لە سلێمانی بە شەڕەوە سەرقاڵ بکات، تاکو پەلاماری شاری هەولێر بدات، (ی.ن.ک) ئاگاداری ئەو پلانە بوو، بۆیە نەیدەویست شاری هەولێریان لەدەست بچێت.[8]دواجار (پ.د.ک) ئەوەی قبووڵکرد، بە بێ شەڕ شاری سلێمانی بەجێبهێڵن. لە (٢٨/ کانوونی یەکەم) چەکدارانی (پ.د.ک) و لقی چواری سلێمانی شارەکەیان بەجێهێشت و بارەگا و لقەکانیان لە شاری سلێمانی ڕادەستی (حسک) و حزبی شیوعی کرا. بەم شێوەیە (پ.د.ک) شاری سلێمانی جێهێشت و تاکو ڕووداوی (٣١/ ئابی ١٩٩٦) بۆ شاری سلێمانی نەگەڕایەوە.[9]

---

١- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٨٧٢)، ١٩٩٤/١٢/٢٧، ل١.
٢- سلاح رەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، ل٣٥٠.
٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥١-٣٥٢.
٤- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٤١٦؛ سەلاح رەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، ل٣٥٢.
٥- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٤١٧.
٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٤- ٤١٥.
٧- مەسعود مەحمود حەسەن: س.پ، ل١٧٠؛ محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٤١٧.
٨- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٨٧٦)، ١٩٩٤/١٢/٣٠، ل١؛ محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٤١٨- ٤١٩.
٩- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٨٧٦)، ل١؛ مەسعود مەحمود حەسەن: س.پ، ل١٧٠.

سەبارەت بە شاری هەولێر، هەر لە سەرەتای شەڕدا هێزەکانی (ی.ن.ک) تا ڕادەیەک کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر شارەکەدا سەپاند و گەمارۆی سەربازیی سەر هەولێریان توندکرد و هەردوو کۆمەڵگەی کانی قرژاڵە و شاوەیسیان گرت، بە هێزێکی گەورەوە هەرسێ دەروازەی (کەسنەزان، شاوەیس، کانی قرژاڵە)یان لەسەر هێزەکانی (پ.دک) داخست و ئەو هێزەی (پ.د.ک) لە ناو هەولێردا بوو بە گەمارۆدراوی مایەوە.[1] لە (٢٣/ کانوونی یەکەمی ١٩٩٤) هەردوو هێز کەوتنە سەنگەرگرتن لە یەکتر و هەوڵدان بۆ دەستبەسەرداگرتنی شوێنە ستراتیجییەکانی ناو شاری هەولێر و شەڕی مەڵبەندی (٣)ی (ی.ن.ک) و لقی (٢)ی (پ.د.ک) لە هەولێر دەستی پێکرد. لە (٢٧/ کانوونی یەکەم) شەڕی نێوان (پ.د.ک.) و (ی.ن.ک) لە ناو هەولێر نەخۆشخانەکانیشی گرتەوە، کە شوێنی خزمەتگوزاریی گشتی بوو. شەڕ لەناو نەخۆشخانەکانی ڕزگاری و جمهوری دەستی پێکرد و نەخۆشخانەی ڕزگاری بە دەست هێزەکانی (پ.د.ک)ەوە بوو، نەخۆشخانەی جمهوریش بە دەست هێزەکانی (ی.ن.ک)ەوە بوو.[2]

لە ئەنجامی بەردەوامیی شەڕی نێوان هەردوولا لە ناو هەولێر، نەخۆشخانەی ڕزگاری بە توندی زیانی بەرکەوت و هەروەها تاڵانکردنی کەلوپەل و ئامێرەکانی نەخۆشخانەکە و ماڵەکانی دەوروبەری لەلایەن هێزە شەڕکەرەکانەوە.[3] شاری هەولێر بە تەواوەتی کەوتبووە نێو ڕەوشێکی پشێویی و ئاڵۆزیی و پاشەگەردانییەوە، شەڕی دەوروبەری خاڵی پشکنینی (کەسنەزان)، بووە هۆی کوشتنی ژمارەیەکی زۆری هێزی پێشمەرگەی هەردوولا.[4] لە کۆتایی مانگی (کانوونی یەکەمی ١٩٩٤) لە زۆربەی ناوچەکانی ناو شاری هەولێر شەڕ بەردەوام بوو، هەردوولا هەڵپەی دەستبەسەرداگرتنی شوێنە ستراتیجییەکانی ناو هەولێریان بوو، بەشی زۆری شاری هەولێر لە ژێر دەستی هێزەکانی (ی.ن.ک)دا بوو.[5]

لە دوای چەندین ڕۆژ شەڕ لە ناوەندی شاری هەولێر، لەسەر بروسکەی هەریەکە لە جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی بۆ هێزەکانیان، بڕیاری ڕاگرتنی شەڕ و ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ناو شاری هەولێریان دا.[6] بەڵام لە (٢٧/کانوونی یەکەم) جارێکی تر شەڕ لە هەولێر دەستی پێکردەوە، هێزەکانی (ی.ن.ک) لە کۆنترۆڵکردنی تەواوی ناوەندی هەولێر نزیکبوون. لە (٣١/ کانوونی یەکەم) هێزەکانی (ی.ن.ک) دەستیان بە سەر بارەگای ڕۆژنامەی "برایەتی" و "گوڵان" گرت، کە زمانحاڵی (پ.د.ک) بوون.[7] هەر لەسەر شەڕەکانی شەڕەکانی ناو هەولێر (٥٩) ئەندام پەرلەمانی کوردستان لە هەردوو فراکسیۆنی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) و لیستی مۆر پەناگیریی خۆیان لە ناو هۆڵی پەرلەماندا ڕاگەیاند و چەندین داواکارییان ئاراستەی هەردوو لایەنی شەڕکەر کرد، لەوانە:

١- بەپەلە شەڕ و پێکدادانەکان بووەستێنرێت.

٢- هەردوو سەرکردە، جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی لە کۆبوونەوەی پەرلەماندا ئامادەبن.

٣- کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێم ڕابگەیەندرێت.[8]

لە دوای چەندین ئاگادارکردنەوە لەلایەن ئەندام پەرلەمانە پەناگیرەکانەوە بۆ ڕاگرتنی شەڕ، بەڵام ئەم جارەیان لەساڵی تازە، بە دیاریکراوی لە (١/ کانوونی دووەمی ١٩٩٥) لە هەولێر تا حاجی ئۆمەران شەڕ لەنێوان هەردوولادا دەستی پێکرد. هێزەکانی (ی.ن.ک) لە ناو شاری هەولێردا بە تەواوی زاڵبوون بوون، هێزەکانی (پ.د.ک) لە ناو هەولێردا تەنیا دوو شوێنیان بەدەستەوە مابوو، ئەوانیش لقی (٢)ی (پ.د.ک) لە هەولێر و بینای هۆتێل شیراتۆن بوو.[9]

---

١- مسعود بارزانی: بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ب٥، ل٢٥٠.
٢- حسێن عارف: تەمەنێک لە بندەستی ڕووداو و کارەساتەکانەوە، ب٢، ل٩٦؛ ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢١١٨)، ١٩٩٤/١٢/٢٨، ل١.
٣- میشێل لیزەنبێرگ: کوردستانی عێراق سیماکانی کۆمەڵگای پاش جەنگی ناوخۆیی، ل٢٣؛ ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢١١٨)، (١٩٩٤/١٢/٢٨)، ل١.
٤- میشێل لیزەنبێرگ: کوردستانی عێراق سیماکانی کۆمەڵگای پاش جەنگی ناوخۆیی، ل٥٤.
٥- حسێن عارف: س.پ، ب٢، ل١٠٠.
٦- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢١١٨)،١٩٩٤/١٢/٢٨، ل١؛ حسێن عارف: س.پ، ب٢، ل١٠١.
٧- لێزان: (٣٠) وانە، چ١، هەولێر، ٢٠٠٠، ل١٣٢- ١٣٣؛ حسێن عارف: س.پ، ب٢، ل١٠١.
٨- ئەحمەد سالار: ڕۆژان- یادەوەری نامە، چ١، هەولێر، ٢٠١٨، ل٥١٥- ٥١٦.
٩- حسێن عارف: س.پ، ب٢، ل١٠٠؛ محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٤٢٢.

لە پێناو کەمکردنەوەی قورسایی لەسەر هێزەکانیان لە هەولێر، (پ.د.ک) و (باسک) بەرەیەکی تری شەڕیان لە ناوچەکانی هەڵەبجەو پێنجوێن کردەوە، لە (١/ کانوونی دووەمی ١٩٩٥) هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) کرد و توانیان جارێکی تر دەست بەسەر شارۆچکەی سەیدسادق و سەرای سوبحان ئاغا و کانی پانکەدا بگرن.[١] لە قۆڵی پێنجوێنەوە، هێزەکانی (پ.د.ک) دەستیان بەسەر ناوچەکانی شانەدەری و کەولۆس دا گرت و هێزەکانی (ی.ن.ک) شکان.[٢] لە (٢/ کانوونی دووەمی ١٩٩٥) جارێکی تر هێزەکانی (ی.ن.ک) هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (پ.د.ک) و (باسک) کردەوە و توانیان دەست بەسەر سەیدسادق و ئەو ناوچانەدا بگرنەوە، کە لە دەستیاندا بوو، لەم شەڕەدا ژمارەیەکی زۆر لە هەردوولا کوژرا، لە نێو کوژراوەکاندا (ئەکرەم عەلی)، قائیمقامی هەڵەبجەی تێدابوو، کە سەر بە هێزەکانی (پ.د.ک) بوو.[٣] شەڕ لە ناو شاری هەولێردا بەردەوام بوو، هێزەکانی (ی.ن.ک) گەمارۆی هێزەکانی (پ.د.ک)یان دابوو، لە لقی (٢)ی (پ.د.ک) و هۆتێل شیراتۆن ئاراستەی هێزەکانی (ی.ن.ک) لەسەر قەڵای هەولێر بوو، بەرامبەر بە هێزەکانی (پ.د.ک)، کە لە بارەگای لقی (٢) و هوتێل شیراتۆندا بوون، ڕۆژانە شەڕ و ئاڵۆزیی لەنێوان هەردوولادا ڕوویان دەدا، هێزەکانی (ی.ن.ک) لەسەر قەڵای هەولێرەوە بۆردومانی هێزەکانی (پ.د.ک)یان دەکرد.[٤]

کێشەی شاری هەولێر، خاڵی بنەڕەتی لە ناکۆکییەکانی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)دا بوو. (ی.ن.ک) هەولێری بە بەشێک لە کێشەکان لە قەڵەم دەدا و (پ.د.ک) کێشەی هەولێری بە بنەڕەتی کێشەکان پێناسە دەکرد. هەڵوێستی (پ.د.ک) دەربارەی شاری هەولێر لە بروسکەیەکی مەسعود بارزانیدا، کە لە (٤/ کانوونی دووەمی ١٩٩٥) ئاراستەی پەرلەمانتارە پەناگیرەکانی کردووە و دەڵێت: "داگیرکردنی هەولێر، بە هێزی چەکداریی، تێکدانی هەموو وەزعێکە و تەجروبەکەمانە، کلیلی هەموو حەل ئاساییکردنەوەی هەولێرە، دەبێت هەولێر بۆ هەموان بێت یان بۆ کەس نابێت".[٥] لەم کاتەدا، هەریەکە لە ئێران و (INC) هەوڵی نێوەندگیریی هەردوو لایان لایان دەدا، لە شوێنێک شەڕ ڕادەگیرا و لە شوێنێکی تر شەڕ دەستی پێدەکردەوە. لە (٦/ کانوونی دووەمی ١٩٩٥) لە دوای شەڕێکی قورس، (پ.د.ک) بە تەواوەتی دەستی بەسەر چۆماندا گرت.[٦] لە (٧/ کانوونی دووەم) تاکو (١٣/ کانوونی دووەم) لە ناوچەکانی (هەولێر، دێگەڵە، چۆمان، شاوەیس و کەپکی حەمەد ئاغا) شەڕ لەنێوان هەردوولادا بەردەوام بوو.[٧] لە (١٣/ کانوونی دووەم) هێزەکانی (پ.د.ک) هێرشێکی گەورەیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە کەسنەزان کرد و هێزەکانی (ی.ن.ک) شکا، هێزەکانی (پ.د.ک) لە چەند شوێنێکەوە بەرەو هەولێر پێشڕەوییان کرد، لە کەسنەزانەوە تاکو نزیک نەخۆشخانەی ڕزگاری چوون، لە (١٤/ کانوونی دووەمی) (ی.ن.ک) بۆ گرتنەوەی ئەو ناوچانەی لەدەستیدابوو، هێرشی بۆ سەر هێزەکانی (پ.د.ک) کرد، توانی دەستی بەسەردا بگرێتەوە و پاشەکشێ بە هێزەکانی (پ.د.ک) لە نزیک هەولێر بکات.[٨]

(١٤/ کانوونی دووەمی ١٩٩٥) هێزەکانی (ی.ن.ک) هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (پ.د.ک) لە بارەگای لقی (٢)ی (پ.د.ک) و هوتێل شیراتۆن کرد. شێرکۆ تۆفیق لە چاوپێکەوتنێکدا لەم بارەوە دەڵێت: "هێرشی هێزەکانی (ی.ن.ک) لە (بەیانی ١٤/ کانوونی دووەمی ١٩٩٥) بۆ سەر هێزەکانی (پ.د.ک) بە هەموو جۆرە چەکێک دەستی پێکرد، هێزەکانی (ی.ن.ک) لەسەر قەڵای هەولێرەوە، بەرامبەر بە لق و هوتێل شیراتۆن دامەزرا بوون و کەوتنە بۆردومانکردنی هێزەکانی (پ.د.ک)و بە چەکی قورس و تۆپی (١٠٦ ملم)، جەبار فەرمان فەرماندەیی هێزەکانی (ی.ن.ک)ی دەکرد و هەریەکە لە سلاح دەلۆ و سەعد عەبدوڵا و جەمال مۆرتکە فەرماندەیی هێزەکانی (پ.د.ک)یان دەکرد، کە ژمارەیان (١٢٠- ١٤٠) پێشمەرگە دەبوون"، هەروەها دەڵێت: "لە پێناو پاراستنی خۆیان لە گەمارۆی هێزەکانی (ی.ن.ک) کۆمەڵێک خەڵکیان بە بارمتە گرتووە تا وەکو گوشار بەکاریبهێنن لە پێناو پاراستنی خۆیاندا، گەمارۆی هێزەکانی (ی.ن.ک) بۆ ماوەی (٢٩) ڕۆژ لەسەر هێزەکەی (پ.د.ک) بوو".[٩]

---

١- حەمەی حەمە سەعید: س.پ، ب٢، ل١٧٩؛ محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٤٢٢.
٢- جەعفەر مصتەفا معروف: گوڵژێرێک لە یاداشتەکانم، ب٣، ل١٩٠.
٣- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٤٢٢.
٤- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێرکۆ تۆفیق)، کەلار- ساڵەخ ئاغا، (٢٠٢٢/٢/٢٢)، ناوبراو لە ساڵی (١٩٧١) لە هەولێر لە دایک دایک بووە، لە ساڵی (١٩٨٧) پەیوەندی کردووە بە (پ.د.ک)ەوە، وە لە ماوەی ساڵانتی (١٩٩١- ١٩٩٦) چەندین بەرپرسیارییەتی سەربازی هەبووە لە ناو هێزەکانی (پ.د.ک)، بەشداری شەڕەکانی لقی (٢)ی پارتی و هوتێل شیراتۆنی کردووە بۆ ماوەی (٢٩) ڕۆژ، لە ئێستادا کارگێری لقی (١٥)ی خانەقینی (پ.د.ک)ە.
٥- سەلاح رەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، ل٣٦٥.
٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٦.
٧- جەلال ئێلنجاغی: لە شاخەوە بۆ شار، ل١٥٠.
٨- حسێن عارف: س.پ، ب٢، ل١١١؛ بڵاوکراوەکانی کوردستانی نوێ: لانەی جاسوسی، چ١، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٥٥.
٩- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێرکۆ تۆفیق)، کەلار- ساڵح ئاغا، (٢٠٢٢/٢/٢٢).

لە شەوی (١٤- ١٥/ کانوونی دووەم) زۆرێک لە هێزەکانی (پ.د.ک) لە ڕێگەی بارەگای حزبی شیوعی، کە نزیک بارەگای لقی (٢)ی (پ.د.ک) و هۆتێل شیراتۆن بوو، هەروەها لە ڕێگەی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستانەوە دەربازکران و بەرەو مەسیف سەلاحەدین بران.[١] جگە لە بەدیلگرتنی ژمارەیەکی زۆری هێزەکانی (پ.د.ک) لەلایەن هێزەکانی (ی.ن.ک)ەوە، ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی (پ.د.ک) تێدابوو.[٢] لەم شەڕەدا (٢٥) کوژراو و (٧٤) بریندار لە هێزەکانی (پ.د.ک) هەبوو، ئەمەش کۆتا شەڕی ناو شاری هەولێر بوو لەم ساڵەدا، هێزەکانی (پ.د.ک) بە تەواوەتی لە شاری هەولێر دەرکران.[٣]

لە دوای نێوەندگیریی (INC) و دکتۆر ئەحمەد چەلەبی زۆرێک لەوانە ئازادکران، کە بەدیل گیرابوون، بەڵام شەڕ لەنێوان هەردوولادا هەر بەردەوام بوو. لە (١٥/ کانوونی دووەمی ١٩٩٥) جەلال تاڵەبانی لە بانگەوازێکی گشتیدا، کە ئاراستەی جەماوەری کوردستان و ئەندام و لایەنگرانی (ی.ن.ک) کردبوو، کە خۆیان پڕچەک بکەن و دژی (پ.د.ک) لە بەرگرییدا بن، هەمووئەندام و لایەنگر و دۆستە خاوەن چەکەکان پەیوەندی بە مەڵبەند و کۆمیتەکانەوە بکەن و خۆیان بۆ هەڵوێست و تێکشکاندنی هێرشی (پ.د.ک) ئامادە بکەن، هەروەها هەموو ئەوانەی ئەتوانن چەک بکڕن، با خۆیان چەکدار بکەن، هەروەها داوای کرد هەزاران ڕۆڵەی دڵسۆزی بێچەک ناوی خۆیان لە لای مەڵبەند و کۆمیتەکان بنووسن تا چەکیان بۆ پەیدابکرێت، تا شەرەفی بەرگرییان لە پایتەختی کوردستان و (ی.ن.ک) پێ بدرێت.[٤] زمانی نووسینی بانگەوازەکە زۆر توند و زبر بوو، (پ.د.ک) ناوی بانگەوازەکەی نابوو (نەفیری گشتی بۆ شەڕی ناوخۆ).[٥]

لە دوای گرتنی شاری هەولێر لەلایەن هێزەکانی (ی.ن.ک)ەوە و ڕێکنەکەوتنی هەردوولا لەسەر داهاتی گومرکی ئیبراهیم خەلیل و چۆڵنەکردنی شاری هەولێر لەلایەن (ی.ن.ک) و جارێکیتر شەڕی لەنێوان هەردوولادا هەڵگیرساندەوە. هێزەکانی (پ.د.ک) هەوڵی گرتنەوەی شاری هەولێری دەدا و هێزەکانی (ی.ن.ک) هەوڵی پاراستنی شارەکەیان لە هێزەکانی (پ.د.ک) دەدا. هێزەکانی (پ.د.ک) لە مەسیف و سەری ڕەشەوە بارەگای مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک)یان لە هەولێر تۆپباران دەکرد و هێزەکانی (ی.ن.ک)یش، لە دەربەندی گۆمەسپانەوە مەکتەبی سیاسی (پ.د.ک)یان لە سەری ڕەش تۆپباران دەکرد.[٦] لە دوای شکستی (پ.د.ک) لە گرتنەوەی شاری هەولێر لە (٢١/ کانوونی دووەم) هێزەکانی (پ.د.ک) بە پشتیوانی تۆپخانەکانی ئێران و بە هاوبەشی هێزەکانی (باسک) هێرشیان بۆ سەر سەیدسادق و گردی حاجی عبداللە لە ئاوایی حاجی قادری مارفی نزیک بە سەیدسادق کرد، لە لایەکی ترەوە، لە سنووری پێنجوێنەوە هێرشیان بۆ سەر گوندی شانەدەریی نزیک سەیدسادق کرد، لە نزیک گوندی گامێش تەپە، شەڕی قورس لەنێوان هەردوولادا ڕووی دا و نزیکەی (٥٢) کوژراو و بریندار لە هەردوولا هەبوو هێزەکانی (پ.د.ک) بە سەرکردایەتی نادر هەورامی شکان و ناچار بە پاشەکشێ کران.[٧]

شاری هەولێر تاکو ڕووداوی (٣١/ ئابی ١٩٩٦) چەقی ململانێی نێوان هەردوو هێزەکە بوو، لە دوای کۆنترۆڵکردنی شاری هەولێر لەلایەن هێزەکانی (ی.ن.ک)ەوە، هەردوو هێزەکە ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەیان لە سنووری شاری هەولێردا جێگیر کرد، (پ.د.ک) هێزێکی زۆری بە سەرکردایەتی فازڵ میرانی لە ناوچەکانی دهۆک و بادینانەوە هێنابوو، هەروەها (ی.ن.ک) هێزێکی زۆری بە سەرکردایەتی جەبار فەرمان لە ناوچەکانی گەرمیان و سلێمانی و شارەزوورەوە، لە ڕێگەی کۆیەوە بۆ نزیک هەولێر هێنابوو، هێزێکی حزبوڵڵای شۆڕشگێڕیش بە سەرکردایەتی ئەدهەم بارزانی، بۆ یارمەتیدانی هێزەکانی (پ.د.ک) هاتبووە نزیک هەولێر. هەربۆیە لە کۆتاییەکانی مانگی (کانوونی دووەم) و سەرەتای (شوبات)ی ١٩٩٥دا چەندین شەڕ و پێکدادان لەنێوان هەردوولادا لە سنووری کەسنەزان و کانی قرژاڵە ڕوویداوە.[٨]

---

١- فەرهاد عەونی: ڕۆژگارم ئاوا تێپەڕی، ب١، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦، ل٦٦٦.
٢- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٤٢٥.
٣- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێرکۆ تۆفیق)، کەلار- ساڵح ئاغا، (٢٠٢٢/٢/٢٢).
٤- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بانگەوازەکەی جلال تاڵەبانی بڕوانە: پارتی دیموکراتی کوردستان/ دەستەی لێکۆڵینەوە لە مەکتەبی ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن: شەڕی هەڵبژاردن و نەفیر عامەکەی جلال تاڵەبانی، چ١، پیرمام، ١٩٩٥، ل٧٠- ٧٥.
٥- سەلاح ڕەشید: شەڕی ناوخۆی کوردستان، ل٣٦٩.
٦- مامۆستا گۆران: کورد و شەڕ لە بەرژەوەندی کێ، چ١، ٢٠٢١، ل٨٦- ٨٧.
٧- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٤٢٧.
٨- ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ(٣٠١٠)، ٣٠/ کانونی دووەمی ١٩٩٥، ل١.

له (٨/ شوباتی ١٩٩٥) شەڕی قورس لەنێوان هەردوولا لەسەر ڕێگەی کەسنەزان و بەرزاییەکانی (باخچە) و (دڵۆپە)دا ڕووی دا. هێزەکانی (ی.ن.ک) پێشڕەوی زۆرتریان بۆ دەستبەسەرداگرتنی بەرزاییەکانی (باخچە) و (دلۆپە) کرد، کە لەو ڕێگەیەوە دەتوانرا مەترسی گەورە لەسەر سەرکردایەتی (پ.د.ک) لە سەری ڕەش دروست بکەن. لە ڕۆژی دواتردا هێزەکانی (پ.د.ک) بە سەرکردایەتی د. ڕۆژ نوری شاوەیس هەموو ئەو ناوچانەیان گرتەوە، کە لە (٨/ شوباتی ١٩٩٥) لەدەستیان دابوو، لە هەردوو هێرشەکەدا (٢٠٠) پێشمەرگە لە هەردوولا کوژران.[١] هەروەها هێزەکانی (پ.د.ک) لە پێشڕەوییکردن بەردەوام بوون و هێرشێکی بەربڵاویان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لەسەر ڕێگەی (بەحرکە، پیر زین، شاوەیس و سێبیران) کرد و هێزەکانی (ی.ن.ک)یان ناچار بە پاشەکشێ کرد.[٢] لە دوو ڕۆژی دواتردا (پ.د.ک) لە دەوروبەری کەسنەزان، کەسنەزان، هێرشی بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) کرد. لە دوای شەڕێکی قورس لەنێوان هەردوولادا، (٦٠) کوژراو و بریندار لە هەردوولادا هەبوو، هەروەها (پ.د.ک) لە قوڵی پێنجوێنەوە هێرشی بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) کرد و هەتا ناوچەی ناڵپارێزی گرتبوو و هەڕەشەیان لە سەرکردایەتی (ی.ن.ک) لە قەڵاچوڵان دەکرد. (پ.د.ک) لەمەدا مەبەستی بوو، ناوچەکانی هەڵەبجە و پێنجوێن و سەیدسادق بەتەواوەتی لە دەسەڵاتی (ی.ن.ک) داببڕێت، لەمەشدا ئێران و (باسک) بەتەواوەتی پشتگیرییان لێ دەکرد. لە شەڕەکانی ناوچەی پێنجوێن و ناڵپارێز (٢٠) کوژراو لە هەردوولا هەبوو.[٣]

هەر لە کاتی شەڕ و ئاڵۆزییەکانی نێوان هەردوولا لە (٢٧/ شوباتی ١٩٩٥) تەقینەوەیەکی گەورە لە ناوجەرگەی بازاڕی زاخۆدا ڕوویدا، کە بووە هۆی کوژرانی (٩٤) کەس و برینداربوونی پتر لە (١٥٠) کەس. (پ.د.ک) ئەم کارەساتەی داوە پاڵی (ی.ن.ک). بە پشتبەستن بەوەی کە (ی.ن.ک) هەوڵیداوە ئاڵۆزی بخاتە ناوچەکانی بادینان. لە هەمان ڕۆژدا مەکتەبی سیاسی (پ.د.ک) بەیاننامەیەکی توندی لەسەر ڕووداوەکەی زاخۆ بڵاوکردەوە و ئۆباڵی ڕوودانی کارەساتەکە خستە ئەستۆی سەرکردایەتی (ی.ن.ک).[٤] مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک)، لەسەر ڕووداوەکەی (٢٧/ شوباتی ١٩٩٥)ی زاخۆ، لە بەیاننامەکەیدا سەرباری ئەوەی بە توندی سەرکۆنەی تەقینەوەکە دەکات، جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە (ی.ن.ک) بە هیچ شێوەیەک دەستی لە ڕووداوەکەی زاخۆدا نەبووە.[٥] لەسەر هەمان ڕووداو (پ.ک.ک) هەریەکە لە (پ.د.ک) و تورکیا بە نەخشەدانەری تەقینەوەکە ناودەبات، بە بەڵگەی ئەوەی، ئەو بازاڕە لە بازاڕی چەکفرۆشان لە زاخۆ نزیکبووە و بە بیانووی ئەوەی، کە گەریلاکانی (پ.ک.ک) بۆ کڕینی چەک و پێداویستییە سەربازییەکانیان هاتوچۆی ئەو بازاڕییەیان کردووە.[٦]

مانگی (ئاداری ١٩٩٥) ئاڵۆزترین مانگ، لە شەڕ و پێکدادانی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) بوو. هێزەکانی (پ.د.ک) بە بەردەوامیی لە هەوڵی گرتنەوەی شاری هەولێردا بوون، بۆ ئەو مەبەستەیش زۆرترین هێرشیان بۆ سەر شاری هەولێر کردووە، کە لە (١٥/ کانوونی دووەمی ١٩٩٥) بە تەواوی دەسەڵاتی (پ.د.ک) تێدا نەمابوو، ئەوەی، کە مابوو، ژمارەیەک ئەندام پەرلەمانی پەناگیر لە ناو بینای پەرلەمانی کوردستاندا بوو. (پ.د.ک) بۆ زۆرتر سەرقاڵکردنی هێزەکانی (ی.ن.ک)، بە بەردەوامیی لە سنووری پێنجوێنەوە هێرشی بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) دەکرد. لە (٢١/ ئاداری ١٩٩٥) دەستی بەسەر شارۆچکەی پێنجوێنداگرت.[٧] لە (٢٢/ ئاداری ١٩٩٥) جارێکی تر هێزەکانی (ی.ن.ک) شکان و هێزەکانی (پ.د.ک) ناڵپارێزیان گرت. لە (٢٢-٢٦/ ئادار) لە بەرەی پێنجوێن شەڕ بوو. لە (٢٦/ ئادار) هێزەکانی (پ.د.ک) بە تەواوی شکان تا سنوری ئێران پاشەکشەیان کرد.[٨]

١- جلال ئێڵنجاغی: لە شاخەوە بۆ شار، ل١٥٤- ١٥٥.
٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٥.
٣- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٤٣٣؛ جەعفەر مستەفا مەعروف: گوڵبژێرێک لە یاداشتەکانم، ب٤، ل٢٠٢.
٤- شەوکەت شێخ یەزدین: تەقینەوەکەی زاخۆ (١٩٩٥/٢/٢٧)، گۆڤاری گوڵان، ژ(٤١)،١٩٩٥/٣/٢٦، ل٨؛ لێزان: (٣٠) وانە، ل١٦٣.
٥- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (٩٢٦)، ١٩٩٥/٢/٢٨، ل١.
٦- ئاوارە کەریم: کارەساتی پارتی مێژووی پارتی و سەرۆک خێڵەکانی، چاپی ئەلیکترۆنی، هەولێر، ٢٠٢١، ل٣٦٥.
٧- نەوشیروان مستەفا: خەون یان مۆتەکە، ل٦٦.
٨- محمد حاجی محمود: ب٤، س.پ، ل٤٤١؛ نەوشیروان مستەفا: خەون یان مۆتەکە، ل٦٧.

لە شەوی (٢٦-٢٧/ ئادار) هێزەکانی (پ.د.ک) لە کاتژمێر (٤)ی بەیانی لە قۆڵەکانی سێبردان، شاوەیس، کانی قرژاڵە و بەحرکە هێرشێکی گەورەیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە دەوروبەری هەولێر کرد، جگە لەوەیش بە چڕی تۆپبارانی شاری هەولێر و ئۆردوگاکانی دەوروبەریان کرد.[1] لەو هێرشەدا هێزەکانی (پ.د.ک) شکان و نزیکەی (٢٠٠) کوژراویان هەبوو.[2] لە ناو کوژراوەکانی (پ.د.ک)، (عەلی شەعبان بارزانی) فەرماندەی باڵای (پ.د.ک)ی تێدابوو، جگە لەوەش لە هێزەکانی (ی.ن.ک) (٧٠) کوژراویان هەبوو، لە ناو کوژراوەکانی (ی.ن.ک)دا فەرماندەی باڵای (ی.ن.ک) (فاقە مەخموری) تێدابوو.[3] لە ڕۆژی (٢٨/ ئاداری ١٩٩٥) هێزەکانی (ی.ن.ک) لە ناو هەولێردا بە هێزێکی (١٥٠) کەسییەوە هێرشیان بۆ سەر پەرلەمان کرد و کۆتاییان بەو پەناگیرییە هێنا، کە ژمارەیەک لە ئەندام پەرلەمانەکانی کوردستان بۆ ماوەی (١٠١) ڕۆژ لە ناو هۆڵی پەرلەمانی کوردستاندا، لە (٢٣/ کانونی یەکەمی ١٩٩٥ بۆ ٢٨/ ئاداری ١٩٩٥) کردبوویان.[4]

لەسەر ڕووداوەکەی پەرلەمانی کوردستان، (ی.ن.ک) دەڵێت، "کە تەلاری پەرلەمان و پەناگیرییەکەی و جیهازەکەی بە ئاگاداریی و سەرپەرشتیی خودی سەرۆکی پەرلەمان بۆ کۆششی سەربازی (پ.د.ک) دەبینرێت، وەک عەدەد جیهازێک وابووە بۆ هێزەکانی (پ.د.ک). هەروەها دەڵێت، کە (٤٩) برووسکەیان لە ناو بینای پەرلەماندا دەستکەوتووە، کە بۆ کاری هەواڵگیریی بووە".[5] بەڵام (پ.د.ک) لەسەر هەمان ڕووداو دەڵێت:"(ی.ن.ک) لە حاڵەتی شەڕدان، تۆپەکانی (پ.د.ک) بە دووری (٤٠٠) مەتر لە بینای مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) داوە، لەوەش لە (١٢/ شوباتی ١٩٩٥)ەوە (ی.ن.ک) سەرۆکی پەرلەمان جەوهەر نامیقی بەیارمەتیدەری (پ.د.ک) ناوبردووە، بەوەی ئاسانکاریی بۆ هێز و تۆپخانەکانی (پ.د.ک) کردبێت". لە دوای دەرچوونی جەوهەر نامیق، سەرۆکی پەرلەمان لە هەولێر کۆتایی بە پەناگیرییەکەی (٥٩) ئەندام پەرلەمانەکە هات، کە ماوەی (١٠١) ڕۆژ بەردەوام بوو، لە دوای ئەمیش قۆناغێکی تری ململانێی نێوان ئەم دوو هێزە دەست پێدەکات.[6]

لە (٢٩/ ئادار) هێزەکانی (پ.د.ک) لە چوار قۆڵەوە هێرشیان بۆ سەر کانی قرژاڵە کرد، کە دەروازەی گرتنی شاری هەولێرە. (ی.ن.ک) باس لەوە دەکات، لە هێرشەکەی (پ.د.ک) بۆ سەر کانی قرژاڵە، هێزەکانی حکومەتی عێراق هاوکاری هێزەکانی (پ.د.ک)ی کردووە، ئەویش بە تۆپبارانکردنی هێزەکانی (ی.ن.ک) بە چڕی بۆ ماوەی (٧) کاتژمێر. فەرماندەی هێزەکانی (ی.ن.ک)، مامە غەفە بووە و فەرماندەی هێزەکانی (پ.د.ک) بە سەرپەرشتی نێچیرڤان بارزانی بووە. لەم شەڕەدا (٣٨)کوژراو و (١١)بریندار لە هەردوولا هەبووە. هاوکات لەگەڵ ئەم هێرشەدا (پ.د.ک) لە قۆڵی پێنجوێنەوە هێرشیکردە سەر هێزەکانی (ی.ن.ک)، بەڵام لە سەرجەم هێرشەکاندا کە کراوەتە سەر هەولێر و پێنجوێن هێزەکانی (پ.د.ک) شکستیان هێناوە و ناچار بە پاشەکشێ کراون.[7]

شەڕ هەتا سەرەتای مانگی (نیسانی ١٩٩٥) لە ناوچەکانی دەوروبەری هەولێر لەنێوان هەردوولادا بەردەوام بوو. (پ.د.ک) چەندین جار هەوڵی ئەدا شاری هەولێر بگرێتەوە بەڵام هیچ جارێک سەرکەوتنی بەدەست نەدەهێنا.[8] لە (٧/ نیسان) لەسەر داوای پارتە کوردییەکان، مەسعود بارزانی بۆ ماوەی (١٥) ڕۆژ ئاگربەستی ڕاگەیاند، بۆ ئەوەی لەو ماوەیەدا پارتە کوردییەکان بکەونە هەوڵ بۆ ناوبژیوانیکردنی هەردوو پارتەکە.[9] (ی.ن.ک)یش لە لای خۆیەوە ڕەزامەندی لەسەر دەربڕی، ئاگربەستی یەکەم تا (٢١/ نیسانی ١٩٩٥)

---

١- نەوشیروان مستەفا: خەون یان مۆتەکە، ل٦٨.
٢- بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٧).
٣- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٤٤١؛ نەوشیروان مستەفا: خەون یان مۆتەکە، ل٦٧.
٤- لێژان: پەرلەمانی شەهید- دیرۆکی لەدایک بوون و تیرۆرکردنی یەکەم پەرلەمانی کوردستان، چ١، مەکتەبی سیاسی ناوەند و باس و لێکۆڵینەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، ١٩٩٥، ل٦٩- ٧٠.
٥- حسێن عارف: س.پ، ب٢، ل١٣٧.
٦- لێژان: پەرلەمانی شەهید، ل٧٠.
٧- نەوشیروان مستەفا: خەون یان مۆتەکە، ل٦٩؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٩٤٩)،١٩٩٥/٣/٣٠، ل١؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٩٥٠)،١٩٩٥/٣/٣١، ل١.
٨- سەلاح ڕەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، ل٣٨٣.
٩- نەوشیروان مستەفا: خەون یان مۆتەکە، ل٧٢؛ ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢١٢٣- ٢١٢٤)، ١٩٩٥/٤/٢٢، ل١؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٩٥٧)،١٩٩٥/٤/٩، ل١.

١٩٩٥) بوو، ئاگربەست، بۆ جاری دووەم تاکو (١/ حوزەیرانی ١٩٩٥) درێژکرایەوە.[1] هەر لە ماوەی ئاگربەستی نێوان هەردوولادا، لە (٢٧/ ئایاری ١٩٩٥) پەرلەمانی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی نائاساییدا لە گوندی (دارەبەن)[2] لە ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر، لە دوای داخستنی پەرلەمان لە (٢٨/ ئاداری ١٩٩٥)، کۆبوونەوەی پەرلەمان بۆ درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان کرا، کە (٤/ حوزەیرانی ١٩٩٥) کۆتایی دەهات. کۆبوونەوەکە لە مزگەوتی گوندەکە بوو. ئەو پارتانەی، کە سەرپەرشتی کۆبوونەوەکەی گوندی دارەبەنیان دەکرد، (حزبی شیوعی کوردستان، بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، پارتی پارێزگاران و یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان) بوون.[3]

(٧٩) ئەندام پەرلەمانی کوردستان ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون؛ (٣٨) ئەندام پەرلەمانی (پ.د.ک)، (٣٦) ئەندام پەرلەمانی (ی.ن.ک)، (٤) ئەندام پەرلەمان لە لیستی مۆر و (١) ئەندام پەرلەمان لە لیستی یەکگرتووی مەسیحییەکان. ماوەی پەرلەمان بۆ ساڵێک درێژکرایەوە؛ واتە لە (٤/ حوزەیرانی ١٩٩٥ بۆ ٤/ حوزەیرانی ١٩٩٦).[4] بەڵام ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان لە (٢٣/ کانوونی یەکەمی١٩٩٤) تا (١٥/ ئەیلولی١٩٩٦)، جگە لە دوو دانیشتن، کە ئەویش بۆ درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمانی بوو، نەیتوانی کۆبێتەوە.[5]

ئاگربەست لەنێوان هەردوو پارتی شەڕکەردا بۆ ئەوە نەبوو، ببێتە هۆی هێنانەدی ئاشتی و کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ لە نێوان هەردووکیاندا، بەڵکو پتر مەبەستیان تاکتیکی سەربازیی و بۆ خۆئامادەکردنی پتر بۆ شەڕ بوو، هەربۆیە لە سەرەتای مانگی (تەموز ١٩٩٥) جارێکی تر هەردوو هێزەکە کەوتنە شەڕەوە لە دژی یەکتر. لە زۆربەی بەرەکاندا شەڕ و پێکدادان لەنێوان هەردوولادا هەبووە، لە بەرەی کەسنەزان جگە لە شەڕی ڕووبەڕوو، تۆپبارانکردنی هەردوو هێزەکە بەرامبەر بە یەکتر، بووە هۆی کوژرانی ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتی سیڤیل. لە بەرەی شارەزوور و هەڵەبجە لە شەوی (٧-٨/ تەموزی ١٩٩٥) لە نزیک گوندی گامێش تەپە، ناوگردان، ئاوایی حاجی قادری مارف و سەیدسادق، کە هێڵی تەماسی نێوان هێزەکانی (پ.د.ک) و (باسک) بووە، لە بەرامبەر هێزەکانی (ی.ن.ک) شەڕ بەردەوام بوو، ژمارەیەکی زۆر کوژراو و بریندار لە هەردوولا هەبوو، هەروەها لە بەرەی هیران- شەقڵاوە شەڕ بەردەوام بوو، (١١) پێشمەرگەی (ی.ن.ک) و (٩) پێشمەرگەی (پ.د.ک) کوژراون.[6]

لە ڕۆژانی (١٣و ١٨/ تەموز) لە چەندین شوێن و بەرە، شەڕ لە نێوان هەردوولادا ڕووی داوە، لەوانە لە بەرەی ڕەواندز- هەولێر- شارەزوور، ژمارەیەکی زۆر کوژراو و بریندار لە هەردوولا هەبوو. لە (پ.د.ک) (١٥) کوژراو و لە (ی.ن.ک) (٩) کوژراو هەبوو.[7] لە ڕۆژانی (١و٢/ ئاب) شەڕی گەورەی هەردوولا لە بەرەی ڕەواندزەوە دەستی پێکرد، هێزەکانی (پ.د.ک)، بە سەرکردایەتی ڕاستەوخۆی نێچیرڤان بارزانی، لە چوار قۆڵەوە هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە ڕەواندز، لە قۆڵەکانی (هەندرێن، کاولۆکان، ڕەشماڵۆک، بێخاڵ و پشتی کانی مەلا) کرد. ئەمەیش سێیەمین هێرشی گەورەی هێزەکانی (پ.د.ک) بوو بۆ سەر ناوچەکانی ڕەواندز و دەوروبەری. ناوچەی ڕەواندز، لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا بۆ هەردوو لایەنی شەڕکەر، ناوچەیەکی گرنگ و هەستیار بووە چونکە ڕەواندز شارێگەی هاملتون بوو، هەروەها ڕەواندز لەبەرامبەر سارداو و مێرگەسوور بووە، هەربۆیە ڕەواندز و شاخەکانی دەوروبەری لە دەستی هەر لایەنێکی شەڕکەردا بێت، ئەوا بە تەواوەتی جڵەوی دۆڵی سۆرانی بۆ مسۆگەر دەبێت، هەربۆیە (ی.ن.ک)، لە پێناو دروستکردنی مەترسی لەسەر سەرکردایەتی (پ.د.ک) لە سەری ڕەش، هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی دەدا، (پ.د.ک)یش بە هەمان شێوە، لە پێناو گەمارۆخستنەسەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە ناوچەکەدا، هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی دەدا.[8]

---

١- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢١٢٣- ٢١٢٤)، ١٩٩٥/٤/٢٢، ل١.
٢- دارەبەن گوندێکە (١٥) کیلۆمەتر لە شاری هەولێرەوە دوورە، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێرەوە دانیشتوانی ئەوکاتەی نزیک بە (١٥٠) ماڵیک دەبوو. لێزان: پەرلەمانی شەهید، ل٢٥٠.
٣- ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق: پرۆتۆکۆڵەکان، ب١٣، ١٩٩٥-١٩٩٦، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٧، ل٧-٩.
٤- حسێن عارف: س.پ، ب٢، ل١٤٧؛ لێزان: پەرلەمانی شەهید، ل٢٥٣.
٥- شوان حسێن: جەوهەر نامیق سالم ژیان و بەرهەم و ڕۆڵی سیاسی، ل١٠٣.
٦- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢١٣١- ٢١٣٢)، ١٩٩٥/٧/٢٠، ل٥.
٧- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٠٣٥)،١٩٩٥/٧/١٤، ل١؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٠٣٩)،١٩٩٥/٧/١٩، ل١.
٨- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شەڕەکانی (١ و ٢/ ئابی ١٩٩٥) بڕوانە پاشکۆی ژ(٧).

لە پێناو ڕاگرتنی شەڕ لە نێوان هەردوولادا، ئەمریکا هەوڵی نێوەندگیریی لە نێوان هەردوو هێزە شەڕکەرەکە، لە ڕێگەی (ڕۆبرت دویج) بەرپرسی باڵای ئەمریکا لە باکوری کەنداو دەدا، بۆ ئەم مەبەستەش، هەردوولا لە ڕۆژانی (٩- ١١/ ئابی ١٩٩٥) لە (درۆگیدا)، لە میوانخانەیەکی بچوک بە دووری (٤٥)کم لە شاری (دبلن)ی پایتەختی کۆماری ئێرلەندە، بە بەشداریی بەرپرسانی پایەبەرزی ئەمریکا و کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی (INC) و دیبلۆماتکارێکی تورکیاش، وەک چاودێر، ڕێکەوتنامەی درۆگیدا لە نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)دا ئیمزاکرا و، لەسەر چەند خاڵێک ڕێکەوتن.[1] گەڕی دووەمی وتووێژەکانی نێوان هەردوولا لە ڕۆژانی (١٢- ١٥/ ئەیلولی ١٩٩٥) لە شاری دبلن لە پایتەختی ئێرلەندە، بە ئامادەبوونی هەمان چاودێرانی پێشوو، دەستی پێکردەوە. گەورەترین کێشە لە بەردەم کۆبوونەوەکانی (دبلن)، کە خاڵی ناکۆکی نێوان هەردوو پارت بوو، بریتی بوو لە چەکداماڵین لە شاری هەولێر، کە ئەوکات لە ژێردەستی هێزەکانی (ی.ن.ک)دا بوو. دووەم، دابەشکردنی داهاتە گومرکییەکان، کە مەبەستی سەرەکییان، داهاتی گومرکی ئیبراهیم خلیل بوو.[2] سێیەم، پاراستنی ناوچە سنوورییەکان لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە، ناساندنی (پ.ک.ک) وەک ڕێکخراوێکی تیرۆرستی. هەربۆیە لە گەڕی دووەمی وتووێژەکانی دبلن، (ی.ن.ک) داوای کردبوو، ئەو بڕگەیە هەڵبووەشێنرێتەوە، کە تایبەت بە بابەتی بە تیرۆرناساندنی (پ.ک.ک) بوو، تورکیاش لەسەر ئەو بڕگەیە سووربوو، هەربۆیە ئەم ڕێکەوتنەش نەیتوانی ئاشتی لە نێوان هەردوو لادا بهێنێتە دی.[3]

لە سەروبەندی وتووێژەکانی نێوان هەردوولا لە دبلن، لە ڕۆژی (٧/ ئەیلولی ١٩٩٥) لەسەر ڕێگای ماڵی کۆسرەت ڕەسول بۆ ئەنجوومەنی وەزیران بۆمبێکی قورس، کە بڕێکی زۆر (TNT) تێدا بوو، بە کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی کۆسرەت ڕەسولدا تەقییەوە و لە ئەنجامدا دوو لە پاسەوانەکانی کوسرەت ڕەسول کوژران و خۆی دەربازی بوو.[4] لە دوای ڕووداوەکە، لە ڕاگەیەندراوێکدا سەرۆکی حکومەت دەڵێت، کە ئەو کارە لەلایەن دەزگای پاراستنی (پ.د.ک)ەوە کراوە، بەڵام لە بەرامبەردا، دەزگای "گوڵان"ی سەر بە (پ.د.ک)، ئەو کارەی داوەتە پاڵ گرووپێکی شەڕخواز لە ناو (ی.ن.ک)دا.[5] محەمەدی حاجی مەحمود لەم بارەوە دەڵێت: "هەوڵی کوشتنی سەرۆکی حکومەت لە لایەن (باسک)ەوە بووە، بە هاوکاری دەزگای پاراستنی (پ.د.ک)، ئەوەیش بەگوێرەی پلانێک بووە، ئەگەر سەرکەوتوو بووایەن لە کوشتنی سەرۆکی حکومەت، لە یەک کاتدا هەردوولا هێرش دەکەنە سەر هەولێر و هێزەکانی (پ.د.ک) لە دەرەوەی شار و هێزەکانی (باسک) لە ناوەوەی شاردا".[6]

لە دوای ڕێکنەکەوتنی هەردوولا و تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوانیان، جارێکی تر گەڕێکی نوێی وتووێژی نێوان هەردوولا لە شاری تاران لە (٥/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٥) دەستی پێکرد. لە ژێر چاودێری کۆماری ئیسلامی ئێراندا، لە ڕۆژانی (٥- ٩/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٥) کۆبوونەوە لەنێوان شاندی (ی.ن.ک) بە سەرۆکایەتی د.فواد مەعسوم، (پ.د.ک) بە سەرۆکایەتی سامی عەبدولڕەحمان و جەوهەر نامیق، بەڕێوەچوو.[7] بەڕێوەچوو.[7] هەردوولا لەسەر کۆمەڵێک خاڵ ڕێککەوتن، گرنگترینیان تایبەت بە ئاساییکردنەوەی بارودۆخی بارودۆخی ناو شاری هەولێر و داماڵینی لە چەک، هەروەها مەسەلەی داهاتی کوردستان بوو، کە خۆی لە گومرکی ئیبراهیم خەلیلدا دەبینییەوە.[8]

لە (٢/ تشرینی دووەمی ١٩٩٥) لە بازگەی (کۆیە- تۆپزاوە) لە ڕووداوێکی تەقەکردن لە نێوان پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک) و پێشمەرگەکانی پارتی کاری سەربەخۆ(پ.ک.س.ک)، (محەمەد حەلاق) ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتەکە و (١١) پێشمەرگەی هاوەڵی کوژران و لە (ی.ن.ک) (٣) پێشمەرگە کوژرا.[9] مەکتەبی سیاسی (پ.ک.س.ک) لەسەر ڕووداوەکە، لە ڕۆژی (٣/ تشرینی دووەمی ١٩٩٥) یاداشتنامەیەکی ناڕەزایی بڵاوکردەوە، کە تیایدا نیگەرانی توندی خۆی لەسەر ڕووداوەکە دەربڕی و داوای لە سەرکردایەتی

---

١- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بەندەکانی ڕێکەوتنامەی دروگیدا بڕوانە/ د.سەلام عبدالکریم: پارتی کرێکارانی کوردستان لە پێوەندییە هەرێمییەکانی تورکیادا، س.پ، ل٢٧١- ٢٧٢؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٠٥٨)،١٩٩٥/٨/١١، ل١.

٢- مراد خۆشەفی حسۆ: س.پ، ل١١٠ ؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (١٠٨٦)، ١٩٩٥/٩/١٣، ل١.

٣- د.سەلام عبدالکریم: پارتی کرێکارانی کوردستان، ل٢٧٢؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٠٨٧)،١٩٩٥/٩/١٤، ل١.

٤- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٠٨٢)،١٩٩٥/٩/٨، ل١؛ ڕۆژنامەی وولات، ژ(٩٠)،١١/ ئەیلولی ١٩٩٥، ل١.

٥- ڕۆژنامەی وولات، ژ(٩٠)، ل١؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٠٨٢)، ل١.

٦- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٤٧٠.

٧- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١١٠٧)، ١٩٩٥/١٠/٨، ل١؛ نەوشیروان مستەفا: خەون یان مۆتەکە، س.پ، ل٧٩.

٨- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بەندەکانی ڕێکەوتنامەکە بڕوانە: سلاح رەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، ل٤٠٦- ٤٠٩.

٩- بەهادین نوری: پرسی کورد و ئەزموونی کوردستانی عێراق- بیرەوەرییەکانی بەهادین نوری لە چلەکانی سەدەی بیستەمەوە هەتا هەتا ئەمڕۆ، چ١، سلێمانی، ٢٠١٨، ل١٢١.

(ی.ن.ک) کرد، کە تاوانباران دادگایی بکرێن و چارەنووسی (محەمەد حەلاق) دیاری بکرێت.[1] هەر لەسەر ڕووداوەکە، یاداشتنامەکەی (پ.ک.س.ک) دەڵێت:"لە دوا نیوەڕۆی ڕۆژی (٢/ تشرینی دووەمی ١٩٩٥) (محەمەد حەلاق) و (١١) هاوڕێی، بە مەبەستی ئامادەکاریی بۆ بەستنی کۆنگرەی پارتەکەیان، سەردانی شاری سلێمانیان کردووە لە بازگەی (کۆیە- تۆپزاوە) لەلایەن پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک) دەستڕێژییان لێ کردوون و دوو پێشمەرگە لەوێدا کوژرا، ئەوانی تر بەدیل دەگیرێن و بە دیلکراوی ڕەوانەی (معسکر سلام) دەکرێن و لەوێ دەکوژرێن.[2] هەر لەسەر هەمان ڕووداو، (ی.ن.ک) لە ڕاگەیەندراوێکدا لە ڕۆژی (٦/ تشرینی دووەمی ١٩٩٥) ڕایگەیاند، کە لە بازگەی (کۆیە- تۆپزاوە) ڕووداوێکی دڵتەزێن لە نێوان پێشمەرگەکانی (پ.ک.س.ک) و پێشمەرگەکانی بازگەکەدا ڕوویداوە، لە ئەنجامدا (٣) پێشمەرگەی (ی.ن.ک) کوژران و ژمارەیەکیش لە پێشمەرگەکانی (پ.ک.س.ک) و هەڤاڵ محەمەد حەلاق لەو ڕووداوەدا کوژران، ئێمە لە کاتێکدا بێزاریی خۆمان بەرامبەر ئەو ڕووداوە دەردەبڕین، ئامادەشین لیژنەیەکی هاوبەش بۆ لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە پێکبهێنین و سزای هەر کەسێک بدەین لە لێپرسراوی بازگەکە و پێشمەرگەکانی، کە بەشداربووبن لەو ڕووداوەدا.[3]

ڕێکنەوتنی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) قەیرانێکی گەورەی لە کوردستاندا دروست کردبوو، حاڵەتی نە شەڕ نە ئاشتی هێندەی دیکە باری سەرشانی خەڵکی قورستر کردبوو، هەردوو پارتی ناکۆک لە دوای ڕێکنەوتنیان لە (درۆگیدا- دبلن) بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان، چەند جارێک ڕوویان لە ئێران کردووە، بەڵام کێشەکانی نێوانیان تاکو دەهات زیاتر دەبوو.[4]

سەرەتای ساڵی (١٩٩٦) تا نیوەی یەکەمی هەمان ساڵ، کەمترین شەڕ و ململانێ لەنێوان هەردوو پارت ڕوویان داوە. بە هەوڵی بەردەوامی (هەشت حزبە کوردستانییەکان) و هەوڵی (عەزیز محەمەد)، سیاسەتمەداری کورد، کە لە دواتردا ڕۆڵێکی گەورەی لە ڕێکەوتن و لەیەکنزیکبوونەی هەردوولا بینی. لە (٢٧/ ئایاری ١٩٩٦) شاندێکی باڵای (ی.ن.ک)، کە پێکهاتبوو لە (د.فواد مەعسوم، د.کەمال فواد، ئەرسەلان بایز و عەدنان موفتی)، بە یاوەری عزیز محەمەد و هەرسێ نوێنەری لیژنەی هاریکاریی نیشتمانیی، کە پێکهاتبوون لە (حەیدەر فەیلی ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ح. ش. ک)، یونادم یوسف لە بزوتنەوەی ئاشوری، مامۆستا محەمەد لە یەکگرتووی ئیسلامی)، سەردانی مەکتەبی سیاسی (پ.د.ک)یان لە مەسیف سەلاحەدین کرد، لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان، فەرەنسۆ هەریری و فرسەت ئەحمەددا لەسەر ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کوردستان و وەگەڕخستنەوەی پەرلەمان و درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمانی کۆبوونەوە، کە لە (٤/ حوزەیرانی ١٩٩٦) کۆتایی دەهات.[5]

بە مەبەستی درێژکردنەوەی ماوەی یاسایی پەرلەمان لە (٣/ حوزەیرانی ١٩٩٦)، لە ناوچەیەکی بێلایەن لەنێوان هەردوو ئۆردوگای شاوەیس- مەلا ئۆمەر لە باکوری شاری هەولێر، بە بەشداریی (٧٥) ئەندام پەرلەمان لە (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) و فراکسیۆنی ئاشووری مەسیحییەکان، بە ئامادەبوونی عەزیز محەمەد، وەک کەسایەتییەکی سیاسیی کورد و ئامادەبوونی لیژنەی هاریکاریی نیشتمانیی، پەرلەمانی کوردستان لە ژێر چادرێک دا کۆبووەوە و ماوەی پەرلەمانیان بۆ (٣) مانگ درێژکردەوە؛ واتە درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمانی لە (٤/ حوزەیران بۆ ٤/ ئەیلول ١٩٩٦)، لەو ماوەیەشدا، تاکو دوای ڕووداوی (٣١/ ئابی ١٩٩٦)، هیچ کۆبوونەوەیەکی تری نەکرد.[6] پەیوەندییەکانی نێوان (پ.د.ک) و پارتی پارێزگارانی کوردستان(پ.پ.ک) لە مانگی (حوزەیرانی ١٩٩٦) ڕووی لە گرژیی و ئاڵۆزیی کرد، هەرچەندە چەند جارێک کۆماری ئیسلامی ئێران هەوڵی نێوەندگیری لەنێوان هەردوو هێزەکەدا دا، بەڵام لە بەرەبەیانی (١٦/ حوزەیرانی ١٩٩٦) لە گوندی (کەلەکین) کە بارەگای سەرەکیی (پ.پ.ک) لێ بوو، پێکدادان لەنێوان هێزەکانی (پ.د.ک) و (پ.پ.ک) دا ڕوویدا. هێزەکانی (پ.د.ک) هێرشێکی بەرفراوانیان بۆ سەر گوندی (کەلەکین) کرد. لە کاتژمێر (٥)ی بەیانی هەتا کاتژمێر (١١)ی شەوی هەمان ڕۆژ، شەڕ لەنێوان هەردوولادا بوو. لە ئەنجامدا (حسێن ئاغای سورچی) و

---

١- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بەیاننامەکەی پارتی کاری سەربەخۆ بڕوانە: ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢١٤٢- ٢١٤٣- ٢١٤٤- ٢١٤٥)، ٢١٤٥)، ١٩٩٥/١٠/٨، ل١.

٢- ڕۆژنامەی هەنگاو، ژ(٢٣- ٢٤)، (فیبریوەری ١٩٩٦)، لە بڵاوکراوەکانی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان، سوید، ل١٨- ١٩؛ ڕۆژنامەی ڕزگاری، ژ(١٤٨)، ٢٠٠٥/١١/١، ل٣.

٣- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١١٣٣)، ١٩٩٥/١١/٧، ل٢.

٤- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١١١٢)، ١٩٩٥/١٠/١٣، ل١.

٥- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٢٩٥)، ١٩٩٦/٥/٢٩، ل١؛ سەلاح ڕەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، ل٤٣١-٤٣٢؛ فاتیح ڕەسول: لە پێناوی دەسەڵاتدا، ل٣٣٨.

٦- ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق: پرۆتۆکۆڵەکان، ب١٣، ١٩٩٥-١٩٩٦، ل١٣-١٦؛ د.عماد عبدالسلام رؤوف وآخرون: موقف برلمان كوردستان من الصراعات والحرب الداخلية في أقليم كوردستان (١٩٩٤- ١٩٩٩)، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژ(٣)، ٢٠١٦، ل١٤٨١؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٣٠٠)، ١٩٩٦/٦/٤، ل١.

(٣٠) کەس لە سورچییەکان کوژران و لە هێزەکانی (پ.د.ک) (١١) پێشمەرگە کوژرا و بە تەواوەتی دەست بەسەر گوندی (کەلەکین) و بارەگای سەرەکیی (پ.پ.ک)دا گیرا.[١]

ناوچەی سورچییەکان، بۆ هەریەکە لە هێزەکانی (پ.ک.ک) و (پ.د.ک) ناوچەیەکی ستراتیجی گرنگ بوو، چونکە هەردوو ناوچەی (سۆران و بادینان) بەیەکەوە دەبەستێتەوە. لە دوای گەڕی یەکەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) ،ئەم ناوچەیە هێندەی دیکە بایەخ و گرنگیی زیادی کرد، بەتایبەتی بۆ (ی.ن.ک).[٢] سەرەتای تێکچوونی پەیوەندی نێوان (پ.د.ک) و (پ.پ.ک)، بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە، کە هێزەکانی (پ.د.ک) داوای ڕادەستکردنەوەی (زەید عومەر ئاغای سورچی)، برازای (حوسێن ئاغای سورچی)یان دەکرد، بە بیانووی ئەوەی کاری جاسووسی بۆ هێزەکانی (ی.ن.ک) کردووە. لە بەرامبەر ڕادەستنەکردنەوەی ناوبراو، ئەو شەڕە لە نێوان هەردوولادا ڕوو یدا.[٣] ڕۆژنامەی (کەلەکین)، ئۆرگانی فەرمی (پ.پ.ک) باس لە هاوکاریی سوپای عێراق بۆ هێزەکانی (پ.د.ک) لە شەڕی (کەلەکین) لە (١٦/ حوزەیرانی ١٩٩٦) دەکات.[٤]

لەسەر ڕووداوەکەی (١٦/ حوزەیرانی ١٩٩٦)ی گوندی کەلەکین، م.س (.پ.د.ک) بەیاننامەیەکی (٩) خاڵی بڵاوکردۆتەوە، کە تیایدا دەڵێت: "سەرلەبەیانی (١٦/ حوزەیرانی ١٩٩٦) ڕووداوێکی دڵتەزێن لە گوندی کەلەکین، سەر بە ناوچەی خەلیفان ڕووی دا. (پ.د.ک) هەوڵێکی زۆر دا تا ئەو ڕووداوە ڕوونەدات، بەڵام هۆکاری سەرەکیی ڕووداوەکە بۆ تاکە کەسێک لە خانەوادەی (عومەر ئاغای سورچی) گەڕاوەتەوە، ئەویش (زەید عومەر ئاغای سورچی)یە، کە بە یارمەتی (ی.ن.ک) چەند ئامێرێکی گەیاندنی هێنابوو، بۆ ئەوەی چاودێریی جموجۆڵی سەرکردەکانی (پ.د.ک) لە ناوچەکەدا بکات، ئەویش ناوچەی (سپلیک)و دەوروبەری بوو، کە سەبارەت بە (پ.د.ک)، ناوچەیەکی زۆر گرنگ بوو و زۆرجار ناوچەکە کەتۆتە بەر هێرشەکانی (ی.ن.ک). ئەم ئامێرانەش، بۆ گواستنەوەی زانیاری لەسەر ناوچەکە و سەرکردایەتی (پ.د.ک) بۆ (ی.ن.ک) تەرخانکرابوو. جگە لەوەش، (زەید عومەر ئاغای سورچی) سەرپەرشتی چاندنی مینی لەسەر ڕێگای هێزەکانی (پ.د.ک) دەکرد، هەروەها یارمەتی مەفرەزەیەکی (ی.ن.ک)ی داوە، بۆ ئەوەی بێنە ناوچەکە و قەیرانەکە لە ناوچەکەدا توندتر بکەن. لە بەرامبەر ئەم کارانەدا، (پ.د.ک) داوای کردووە، کە (زەید عومەر ئاغا) ناوچەکە جێبهێڵێت و ئامێرەکان تەسلیم بکات، لە بەرامبەر ئەوەدا، بە هاندانی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) داواکەیان ڕەتکراوەتەوە. لە ئەنجامی ڕادەستنەکردنی ئامێرەکان و بەرگرییکردنی توند و بەرەنگاربوونەوەی هێزە جێگرەکانی (پ.د.ک) لە ناوچەکەدا، ئەو ڕووداوە ڕوویداوە".[٥]

لەسەر هەمان ڕووداو، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ئۆرگانی فەرمی (ی.ن.ک) دەڵێت، "کە هۆکاری سەرەکیی شەڕەکە، (پ.د.ک)ەیە. تەنیا تاوانی سورچییەکان ئەوە بوو، کە (٣) کەسی دۆست و لایەنگیری (ی.ن.ک)یان تێدابووە، سورچییەکان بۆخۆیان پارتیان هەبووە، لە ناو (پ.پ. ک) کاریان کردووە، بەڵام (پ.پ. ک) پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ (ی.ن.ک)دا هەیە، لەسەر هەمان ڕووداو لە (٣/ تەموزی ١٩٩٦) جەلال تاڵەبانی سەردانی م. س. (پ.پ. ک) کرد لە شاری هەولێر، لەلایەن (عومەر ئاغای سورچی)، سەرۆکی (پ.پ. ک) موە پێشوازی لێکرا. ئەم ڕووداوەش شەڕی ڕاگەیاندنی نێوان هەریەکە لە (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)ی گەرمتر کرد.[٦] لەسەر هۆکاری شەڕەکەی کەلەکین و نزیکبوونەوەی (پ.پ. ک) (سورچییەکان) لە (ی.ن.ک)، کە (پ.د.ک) ئەمەی بە هەڕەشەیەکی ئاشکرا بۆ سەر خۆی لە قەڵەم دەدا، هەروەها کەلەکین، گرنگییەکی ستراتیجی و ئابووری بۆ هێرشەکەی (پ.د.ک) هەبوو، بەتایبەتی کۆنترۆڵکردنی ناوچەی سورچییەکان، کە دەشتی هەریرە، کە بارەگای سەرەکی (پ.د.ک) لە سەلاحەدین بە بنکە سەربازییەکانی لە سپیلک دەبەستێتەوە، هەروەها بە هیوای کۆنترۆڵکردنی دووبارە دابەشکردنەوەی کەلوپەلە پێویستییەکان، لە چوارچێوەی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک، کە مانگێک پێشتر لەنێوان عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکەوتنی لەسەر کرابوو، هەروەها پروپاگەندەی (پ.د.ک) بەوەی، کە سورچییەکان خائین و جاشی عێراقن، ئەم هۆکارانە وایان کرد، لە (١٦/ حوزەیرانی ١٩٩٦) شەڕ و پێکدادان لەنێوان هەردوولادا دروست بێت.[٧]

١- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٣١١)، ١٩٩٦/٦/١٧، ل١؛ ڕۆژنامەی کەلەکین، ژ (١)، ١٦/ حوزەیرانی ١٩٩٦، ل١؛ د.میشێل لێزەنبێرگ: ئابووری سیاسی کوردستانی عێراق، ل٥٥.
٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٣١١)، س.پ، ل١.
٣- ڕۆژنامەی کەلەکین، ژ(١)، ١٦/ حوزەیرانی ١٩٩٦، ل١؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (١٣١١)، ١٩٩٦/٦/١٧، ل١.
٤- ڕۆژنامەی کەلەکین، ژ(١)، ١٦/ حوزەیرانی ١٩٩٦، ل١.
٥- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢١٧٣)،١٩٩٦/٦/٢٤، ل١-٤.
٦- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٣٢٨)، ١٩٩٦/٧/٧، ل١.
٧- د.میشێل لێزەنبێرگ: ئابووری سیاسی کوردستانی عێراق، ل٥٦.

بوونی هێزێکی وەک سورچییەکان لە ناوچەرگەی دەسەڵاتی (پ.د.ک)، کە لایەنگری (ی.ن.ک) بێت و پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ (ی.ن.ک)دا هەبێت، ئەگەری زۆری لەم جۆرە ڕووداوانە هەیە، لە کاتێکدا هەردوو پارتی ڕکابەر لە ململانێیەکی توند و شەڕێکی ناوخۆیی خوێناویی لەنێوانیاندا هەیە.[1] بە ئەندازەیەکی وا، فرنسۆ هەریری بە دەسەڵاتی سورچییەکان و (پ.پ.ک) لە ناوجەرگەی دەسەڵاتی (پ.د.ک)دا دەڵێت: "بوونی سورچییەکان غودەیەکی سەرەتانییە دەبێت ببڕدرێت، پێش ئەوەی کێشەی گەورەتری لێبکەوێتەوە".[2]

لە (تەموزی ١٩٩٦) بارودۆخی ناوچەکانی کوردستان زۆرتر ئاڵۆز بوو، شەڕ و پێکدادانی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لە بەرەی (هیران- شەقڵاوە) دەستی پێکرد و ئێرانیش بۆ داخستنی بنکە و بارەگاکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) لە شاری کۆیە، گوشارێکی زۆری لەسەر (ی.ن.ک) دروستکردبوو. لەم بارەیەوە جەلال تاڵەبانی ڕایگەیاندبوو، کە توانای ڕاگرتنی هێرشی ئێرانیان بۆ سەر (حدکا) نییە.[3] لەو بارەیەوە سەرکردایەتی (ی.ن.ک)، (حدکا) و هەموو حزبە کوردستانییەکانی لە (٢١/ تەموزی ١٩٩٦) ئاگادارکردۆتەوە و یاداشتێکی ئاراستەی م.س. (حدکا) کردووە. لە (٢٤/ تەموزی ١٩٩٦) شاندی باڵای م.س.(ی.ن.ک) چوونەتە لای حدکا و کۆبوونەوەیان لەسەر ئەوە لەگەڵ کردوون، کە ئێرانییەکان لە هەڕەشەکردن و ئاگادارکردنەوەی سەرکردایەتی (ی.ن.ک)، لە ئەگەری هێرشکردن بۆ سەر (حدکا)، هەر بەردەوامن.[4] لە (٢٦/ تەموزی ١٩٩٦) هێزێکی گەورەی سوپای پاسداران، کە نزیکەی (٢)هەزار پاسدار دەبوون، بە هەموو جۆرە چەکێکی قورسەوە لە سنووری قەزای پێنجوێنەوە بۆ سلێمانی هاتن و شەو لە سەربازگەی سەلام مانەوە.[5]

محەمەدی حاجی مەحمود لەم بارەیەوە دەڵێت:" ئەو هێزەی سوپای پاسداران، هێزی قەرارگەی حەمزەی ئێرانی بوون، فەرماندەکەشیان (سەردار ئەحمەدی کازمی) بوو".[6] لە (٢٨/ تەموزی ١٩٩٦) سوپای سوپای پاسداران هێرشیان بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی (حدکا) لە شاری کۆیە کرد، سەرەتا دەستیان بە تۆپبارانکردنی بارەگاکانی (حدکا) و چەندین شوێنی کۆیە کرد، لەوانە (حەمامۆک- ئازادی)، گوندی هەرمۆتە.[7] زۆرێک لە ئەندام و لایەنگرانی (حدکا)، بە ژن و منداڵەوە، ئاوارەی شاری هەولێر بوون،[8] کە ژمارەیان پتر لە (٢) هەزار پەنابەری کوردی ڕۆژهەڵات بوو. هاوکات بۆردومانی (کۆمەڵگەی جێژنیکان) لە ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێرکرد، کە ژمارەیەک لە پەنابەرە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێدا نیشتەجێ بوو. بۆردومانەکە زەرەرو زیانێکی زۆری هەبوو. لەم هێرشەی سوپای پاسداران بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی (حدکا)، چەندین کوژراو بریندار هەبوو.[9]

لە دوای ئەوەی لە پاشنیوەڕۆی (٢٩/ تەموزی ١٩٩٦) فڕۆکەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەسەر ئاسمانی ناوچەکەدا دەفڕن، لە شەوی (٣٠/ تەموزی ١٩٩٦) هێزەکەی سوپای پاسداران بە سێ ئاراستەدا بۆ ناو خاکی ئێران دەگەڕێنەوە؛ ئاراستەی یەکەم، لە کۆیەوە بۆ مەرزی کێلێ لە قەڵادزێ؛ ئاراستەی دووەم لە سێرێیانی بێستانەوە بۆ سلێمانی و قەڵاچۆلان تا سەر سنووری ئێران؛ ئاراستەی سێیەم، لە کۆیە و سلێمانییەوە بۆ سنووری باشماخ.[10] لەسەر هێرشی سوپای پاسداران بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی (حدکا)، م.س.(پ.د.ک) بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، کە تێیدا (ی.ن.ک) بە خیانەتکار لە قەڵەم دەدا و بەرپرسیارییەتی هاتنی سوپای پاسداران بۆ ناو خاکی کوردستان دەخاتە ئەستۆی (ی.ن.ک).[11] لەسەر هەمان ڕووداو مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) لە (٢٩/تەموزی ١٩٩٦) بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە.[12]

---

١- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ محمد شاکەلی)، کەلار- سەعداوە، (٢٠٢٢/٢/١٨).
٢- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢١٧٣)، ١٩٩٤/٦/٢٤، ل٧.
٣- محمد حاجي محمود: س.پ، ب٤، ل٥٥٧.
٤- سەلاح رەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، ل٤٣٥.
٥- کریس کۆچیرا: بزوتنەوەی نەتەوەی کورد و ویستی سەربەخۆیی، ل٣٦٣؛ کاوە گەرمیانی: هێنانی پاسدار بۆ سەر حزبی دیموکرات خیانەتێکە بە تامی (٣١/ ئاب)، (٢٠١١/٨/٢٠)، ژ(١٧١)، گۆڤاری لڤین، ل١٥- ١٦.
٦- محمد حاجي محمود: ب٤، س.پ، ل٥٥٩.
٧- سەلاح رەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، ل٤٣٥.
٨- کریس کۆچیرا: س.پ، ل٣٦٣- ٣٦٤.
٩- مسعود بارزاني: بارزاني و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ب٥، ل٢٩٢.
١٠- کاوە گەرمیانی: س.پ، ل١٦.
١١- بۆ زانینی دەقی بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسی (پ.د.ک) بڕوانە: گۆڤاری گوڵان، ژ (٨١)، بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی (پ.د.ک) لە ١٩٩٦/٧/٢٨، ل٥-٦.
١٢- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (١٣٤٥)، ١٩٩٦/٧/٢٩، ل١.

به هاتنی مانگی (ئابی ١٩٩٦) سەرەتای ئاڵۆزییەکان و گەڕێکی تری شەڕی ناوخۆی لە نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) دەست پێدەکات. گەڕی دووەمی شەڕی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) ماوەیەکی درێژی خایاند، کە لە (کانونی یەکەمی ١٩٩٤)ەوە دەستی پێکرد تا (ئابی ١٩٩٦) درێژەی هەبوو. لەم گەڕەی شەڕدا، پارسەنگی هێز بەلای (ی.ن.ک)دا بوو، چونکە (ی.ن.ک) لە (کانونی یەکەمی ١٩٩٥) بە تەواوەتی دەستی بەسەر شاری هەولێردا گرت و هێزەکانی خۆی تێدا جێگیر کرد، ئەمە جگە لە چەندین شەڕی گەورە لە نێوان هەردوولادا، کە هێزەکانی (پ.د.ک) هەوڵی گرتنەوەی شاری هەولێریان دەدا، (ی.ن.ک)یش لەسەر مانەوەی لە شاری هەولێر سوور بوو. ململانێی نێوان هەردوولا تا (ئابی ١٩٩٦) دەسپێکردنەوەی خولێکی شەڕ لە نێوان هەردوولا بەردەوام بوو.

## باسی سێیەم: شەڕی ناوخۆیی نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) (١٩٩٥):

دروستبوونی شەڕی ناوخۆ لەنێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) لە (١/ ئایاری ١٩٩٤) لە قەڵادزێ و دواتر تەشەنەسەندنی شەڕەکە بۆ هەموو ناوچەکانی کوردستان و درێژبوونەوەی شەڕ بۆ ماوەیەکی زۆر لە نێوان هەردوولادا، شتێک بە ناوی حکومەتی هەرێمەوە نەمێنێت، چونکە حوکمی هێزی پارتەکان هاتە ئاراوە و کۆنترۆڵکردنی ناوچە سنوورییەکان لە دەستی حکومەتدا نەما، جۆرێک لە بۆشایی دەسەڵات لە ناوچە سنوورییەکاندا دروستبوو، هەربۆیە بە کردەیی، دەرفەت لە بەردەم (پ.ک.ک)دا ڕەخسا باشتر خۆی لە ناوچەکانی بادینان و ناوچە سنوورییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا بەهێزتر بکات.[١]

ئەگەر چی (پ.ک.ک) بە فەرمی دژی هەڵگیرسانی ئەو شەڕە بوو، پێی وابوو بە زیان بۆ نەتەوەی کورد دەشکێتەوە و بەشێکە لە پیلانی دوژمنانی کورد بۆ دەستگرتن بەسەر دەستکەوتەکانی گەلی کورد لە باشووری کوردستاندا.[٢] لە (٧/ ئایاری ١٩٩٤) (پ.ک.ک) لەگەڵ (١١) پارتی کوردیدا بەیانێکیان دەرکرد و تیایدا سەرکۆنەی شەڕی ناوخۆییان کرد. هاتنەکایەی ئەو بارودۆخە لە باشووری کوردستان مانای ڕەخساندنی هەل بوو بۆ هەر ئایدۆلۆژیایەک یان پارتێک کە مەبەستێکی سیاسیی هەبێت و بیەوێت پێگەیەک بۆ خۆی بکاتەوە، سەبارەت بە (پ.ک.ک)، ڕەوشەکە بە جۆرێک بوو، هەلێک بوو دووبارە نەدەبووەوە و (پ.ک.ک) دۆخەکەی قۆستەوە و ڕیزەکانی خۆی ڕێکخستەوە و هەڵمەتێکی گەورەی بۆ هێنانی ئەندام و لایەنگر نوێ بەتایبەتی لە نێو ڕیزی ئەو گەنجانە دەستپێکرد، کە لە شەڕی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) نارازیی بوون.[٣]

لە بارودۆخێکدا، کە (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) لە شەڕێکی قورسی ناوخۆییدا بوون، (پ.ک.ک) ڕای گەیاند، کە کۆنگرەی پێنجەمی خۆی دەبەستێت و لە (٨- ٢٧/ کانوونی دووەمی ١٩٩٥) بە بەشداریی (٣١٧) ئەندام، کۆنگرەی پێنجەمی خۆی بەست، کۆنگرە چەندین بڕیاری چەرەنووسسازی دا، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئایندەی پارتەکە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێزە کوردییەکانی تردا لە باشووری کوردستان هەبوو. کۆنگرە بڕیاری دا، لە سایەی ئەو شەڕەی لەنێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) ڕووی دابوو، خەباتی خۆی لە باشووری کوردستاندا پەرەپێبدات و چارەسەرێک بۆ دۆخی باشوور بدۆزێتەوە.[٤]

لە دوای کۆنگرەی پێنجەم، (پ.ک.ک) کۆمەڵێک هەنگاوی گرنگی نا، لەوانە پێکهێنانی یەکەم پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، کە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی لە (نیسانی ١٩٩٥) لە شاری لاهای هۆڵەندا کرد و هەروەها لە بواری ڕاگەیاندنیشدا کردنەوەی یەکەمین کەناڵی ئاسمانی کوردی (MED-TV) لە (ئاداری ١٩٩٥) کردەوە.[٥] جگە لەو هەنگاوانەی سەرەوە، (پ.ک.ک) لە باشووری کوردستاندا هەوڵەکانی خۆی چڕکردەوە، وێڕای کردنەوەی لقی باشووری "مەڵبەندی ڕۆشنبیریی میزۆپۆتامیا"، بڕیاری دامەزراندنی ڕێکخراوێکیان بۆ باشووری کوردستان دا، بەو ئامانجەی بارودۆخی شەڕی ناوخۆی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) بقۆزێتەوە، کە لە (ئایاری ١٩٩٤) دروستببوو و لەسەر حیسابی ئەو دوو پارتە دەسەڵات لە ناوچە سنوورییەکانی باشووری کوردستاندا پەیدابکات، پارتە بچوکەکانی باشووری کوردستان کۆبکاتەوە و سەرپەرشتیان بکات و وەک هێزی سێیەم لە ناوچەکانی باشووری کوردستاندا دەربکەوێت.[٦]

هەر لە هەمان ساڵدا پارتێکی نوێیان، بە ناوی (یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان) (ی.ن.د.ک) دامەزراند. دامەزراندنی ئەم پارتە، کە، لە (٢١/ ئاداری ١٩٩٥) دامەزرا، یەکێک لە بڕیارەکانی کۆنگرەی پێنجەمی (پ.ک.ک) بوو. لە ئەنجامی شکستی ڕێکخستنەکانی پارتی ئازادی کوردستان (پاک) لە باشووری کوردستان، وەک بەردەوامییەک بۆ پارتی ئازادی کوردستان، (ی.ن.د.ک) پارتێکی سیاسی دامەزرا. ئامانج لە

---

١- د.سەلام عەبدولکریم: پارتی کرێکارانی کوردستان لە پێوەندییە هەرێمییەکانی تورکیادا (١٩٨٠- ١٩٩٩)، ل٢٦٣-٢٦٤.
٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٦.
٣- اياد عجاج فيان: العلاقات بين حزب العمال الكوردستاني والأحزاب الكوردية في العراق (١٩٨٤- ١٩٩٩)، رسالة مقدمة إلى مجلس كلية الآداب في جامعة دهوك وهي جزء من متلطبات نيل شهادة ماجستير في التاريخ الحديث والمعاصر، دهوك، (غير منشورة)، ٢٠١٢، ل٩٩.
٤- هاوکار محێدین جلیل: دۆزی کورد لە ساڵانی (١٩٨٠- ١٩٩٩)، ل٢٠٧.
٥- اياد عجاج فيان: س.پ، ل٩٩؛ هاوکار محێدین جلیل: س.پ، ل٢٠٨-٢١٠.
٦- اياد عجاج فياد: س.پ، ل٩٩؛ حەسەن جودی: مێژوویەک لە ئاگر، ب٢، چ٤، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٣٥١ ؛ هاوکار محێدین جلیل: جلیل: س.پ، ل٢١٢.

دامەزراندنی ئەم پارتە، پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسییە بوو، کە لە ئەنجامی شەڕی ناوخۆیی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)دا لە ناوچەکەدا دروستببوو. (کاوە علی) نازناوی حزبی (د.سیروان)، سکرتێری ئەم پارتە بوو. بەپێی وتەی جەمیل بایک، ئەم پارتە جیاواز لە (پاک)، لە بری ڕێکخستنێکی ئایدۆلۆژیی، پتر ڕێکخستنێکی سیاسی بوو و جگە لە ئەندامانی (پاک)، کەسانی سەر بە (پ.دک) و (ی.ن.ک)ش تێیدا ئەندام بوون.[1]

لێرە بەدواوە (پ.ک.ک) بوو بە خاوەنی چەندین بنکە و بارەگا، بەتایبەتی لە ناوچە سنوورییەکانی باشووری کوردستان و کادرەکانی دەستیان بە ڕێکخستنی کۆڕ و سیمینار بۆ ڕاکێشانی خەڵکی بۆ ڕیزەکانیان، بە ناوی (ی.ن.د.ك) کرد، هەروەها لە بەیانامەیەکدا داوایان لە خەڵکی باشووری کوردستان کرد، کە بچنە ڕیزی پارتەکەیانەوە. لەوێدا ئاماژەیان بەوە دابوو، کە هەریەکە لە (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) سەرقاڵی شەڕی ناوخۆن و ناتوانن ڕەوشەکە باش بکەن و چارەسەرێک بدۆزنەوە و ئاشتەوایی لە باشووری کوردستان بەدیبهێنن. ئەوەی (پ.ک.ک) لە کۆنگرەی پێنجەمی بڕیاری لەسەر دابوو، لە دوای جێبەجێکردنی لەسەر ئەرزی واقیع، پێکدادانی تازەی لەگەڵ (پ.د.ک) دروست دەکرد، چونکە زۆربەی چالاکییەکانیان کەتبووە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (پ.د.ک).[2]

بەپێی سەرچاوەکانی (پ.د.ک)، لە ساڵی (١٩٩٥)دا ژمارەی هێزە سەربازییەکانی (پ.ک.ک) لە ناوچە سنوورییەکانی باشووری کوردستاندا، نزیکەی (٣٠٠٠- ٤٠٠٠) گەریلا بووە، لەگەڵ بوونی دەیان کۆگای چەک و تەقەمەنی و کەلوپەلی خۆراکیی و لە ڕووی ڕێکخستنیشەوە، ڕێکخستنەکانیان لە باشووری کوردستاندا، بەتایبەتی لە ناوچەکانی دهۆک و هەولێر زۆر فراوانببوو. هەر لەو ماوەیەدا پتر لە (٥) ئەندامی سەرکردایەتی (پ.ک.ک) چووبوونە ناوچە سنوورییەکانی باشووری کوردستان، جگە لە چەندین بارەگای بچوک، نزیکەی (٦) بارەگایان لە کوردستاندا دامەزراندبوو. لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٩٥) (پ.ک.ک) دەستی بە پیادەکردنی دەسەڵاتی خۆی لە (حوکمی گەل) لە ناوچە سنوورییەکانی ژێر دەسەڵاتی (پ.د.ک)کرد. لەوانە دانانی چەند بەڕێوەبەرێکی ناحیەکان و ئەنجوومەنی شارەوانییەکان لە هەندێک شار و شارۆچکەی سەر بە پارێزگای دهۆک، لە ڕووی سەربازی و مەیدانییەوە (پ.ک.ک) دەستی بەسەر گەلێک ناوچەی گرنگ لە دەرەوەی شارە گەورەکاندا گرت و دەسەڵاتی خۆی لەو ناوچانەدا پیادە دەکرد.[3]

لە ئەنجامی سەرقاڵیی هێزەکانی (پ.د.ک) بە شەڕی (ی.ن.ک)ەوە، گەریلاکانی (پ.ک.ک) بە تەواوەتی قورسایی هێزی خۆیان لە ناوچە سنوورییەکاندا دەرخست، لەوانە ناوچەکانی خواکورک حەفتانین و سنووری زاخۆ و باتوفە و دەرکا. (پ.ک.ک) توانی سوود لەو بۆشاییە وەربگرێت، کە لەو ناوچانەدا دروستببوو، زیاتر بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (پ.د.ک) بکشێت.[4] (پ.د.ک)، کە لە (کانوونی یەکەمی ١٩٩٤) شاری هەولێری لە دەستدابوو، دەسەڵاتی بە تەنیا لە ناوچەی دهۆکدا قەتیس بوو. هەوڵی (پ.ک.ک) لە باکوورەوە، لە ناوچە سنوورییەکانی تورکیاوە و فراوانبوونی لەسەر حیسابی (پ.د.ک) و تەرکیزکردنە سەر باکووری کوردستان، لە سایەی ئەو واقیعە تازەیەدا، (پ.د.ک) خۆی لە بەردەم چەند بژاردەیەکی سەخت و تاڵدا بینییەوە، کە ئاسانترین و نزیکترینیان هاوکاریی سەرلەنوێ لەگەڵ تورکیادا بوو، کە ئەویش هەر بە دوای ئەوەدا دەگەڕا. تورکیا بەشێوەیەکی خێراتر، لەوەی چاوەڕوان دەکرا، هەلەکەی قۆستەوە و جارێکی تر دەستی بە سنووربەزاندن کردەوە.[5]

١- حەسەن جودی: س.پ، ب٢، ل٣٥١؛ هاوکار محێدین جلیل: س.پ، ل٢١٢.
٢- ایاد عجاج فیان: س.پ، ل١٠٠.
٣- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٣٤٢)، ١٩٩٧/٦/٢، ل١.
٤- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٣٤٣)، ١٩٩٧/٦/٣، ل٢.
٥- ایاد عجاج فیان: س.پ، ل١٠١.

لە (٢٠-٣٠/ ئاداری ١٩٩٥) تورکیا ئۆپەراسیۆنێکی، بە ناوی (ئۆپەراسیۆنی پۆڵا) دەستپێکرد، کە تیایدا پتر لە (٣٥) هەزار سەرباز و سەدان تانک و (١٠٠) زرێپۆش و (٢٣٥) ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی سەرباز و بەکارهێنانی فڕۆکەی جەنگی (F١٦) بەشدار بوون، بۆ لێدان لە بنکە و بارەگاکانی (پ.ک.ک)، بە قوڵایی (٤٠کم) چوونە ناو خاکی باشووری کوردستانەوە. لەم ئۆپەراسیۆنەشدا (پ.د.ک) ئاسانکاریی تەواوی بۆ هێزەکانی تورکیا کرد و ڕەزامەندی لەسەر ئەوە دەربڕی، کە هێزەکانی تورکیا بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (پ.د.ک)دا تێپەڕن، تەنانەت وەک ڕێنموینکار بەشدارییان لە هێنانی هێزەکانی تورکیا بۆ ناوچەکە کرد.[١] بەهۆی ئەم داگیرکارییەی سوپای تورکیا بۆ باشووری کوردستان، (١٥) هەزار هاوڵاتی سیڤیلی کورد ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێهێشت،[٢] هێرشەکە زیانی زۆری بۆ سەر باشووری کوردستان هەبوو؛ بەپێی ڕاپۆرتەکانی (پ.د.ک) لە ئەنجامی هێرشەکەی تورکیادا، نزیکەی (٨٠) گوند و (١٢٠) خانوو و (٨) قوتابخانە بە تەواوەتی خاپوورکراون و (١٨)کەسیش کوژراون، (١٢) کەسی دیکە بریندارببوون.[٣]

سەبارەت بە زیانەکانی (پ.ک.ک)ش، وەک بەشی عەرەبی دەنگی ئەمریکا لە (٣/ ئابی ١٩٩٥) بڵاویکردەوە، ژمارەی کوژراوانی (٥٦٨) کەس بووە، هەرچەندە ڕۆژنامەی "وڵات"، ئۆرگانی فەرمی (پ.ک.ک)، بڵاویکردۆتەوە، کە ژمارەی کوژراوانی (١١٣) گەریلا بووە، لەگەڵ بریندارببوونی (٢٦) گەریلا، لە ڕیزی سوپای تورکیاشدا (٨٦٦) کوژراو و (١٠٢) بریندار هەبووە. ئەم هەڵمەتەی سوپای تورکیا نەیتوانی (پ.ک.ک) لەناوببات و لە دوای ئەم هەڵمەتەوە، هێندەی تر پەیوەندییەکانی نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) ئاڵۆز بووە، چونکە زۆربەی ئەو ناوچانەی، کە پێشووتر (پ.ک.ک)ی لێ بوو، لە ئەنجامی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەریان، لەدەستیان دابوو و سوپای تورکیا، لە دوای تەواوبوونی هێرشەکەیان، ناوچەکانی ڕادەستی (پ.د.ک) کردبوو.[٤] لە پاڵ ئەم هۆکارەدا چەندین هۆکاری دیکە هەبوو، کە ڕێگە خۆشکەر بوون بۆ دروستبوونی شەڕ لە نێوان هەردوولادا، لەوانە کێشە و گرفتی کەمپی پەنابەرانی باکوری کوردستان (کەمپی ئەتروش B-A)،[٥] کە (پ.ک.ک) (پ.د.ک)ی بە کوشتنی چەندین کەس لە پەنابەرە کوردەکانی باکوور تۆمەتبار دەکرد، کە لایەنگری (پ.ک.ک) بوون.[٦]

لە بەرامبەردا (پ.د.ک) (پ.ک.ک)ی بەوە تۆمەتبار دەکرد، کە کەمپەکەی کردۆتە بنکە و بارەگای سەربازیی و ئەندامانی لە نێو کەمپەکەدا خەریکی کاری ڕێکخستنن، ئەمەیش کاریگەریی لەسەر ئاسایشی کەمپەکە هەیە و ڕێگە گشتییەکانیان لە خەڵکی بڕیوە. بوونی دەسەڵاتی (پ.ک.ک) و ڕەوشی خراپی کەمپەکە وایان کردووە، هەندێک لە دانیشتوانەکە، کەمپەکە بەجێبهێڵن و بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان.[٧]

هۆکاری ئابووری، هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ هەوڵدانی هەردوولا بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچە سنوورییەکاندا، کە ئەویش خۆی لە دانانی چەندین خاڵی گومرکیدا دەبینییەوە، بەتایبەتی لە سێکوچکەی هەرسێ سنووری (عێراق- تورکیا- ئێران).[٨] هۆکارێکی دیکە بۆ توندبوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان هەردوولا، (ی.ن.ک) بوو، تا ئەو ڕادەیەی لەلایەن هەردوو پارت (پ.د.ک) و (پ.ک.ک)، (ی.ن.ک) بەوە تۆمەتبار دەکرا، کە ڕۆڵی لە قووڵکردنەوەی ناکۆکیی و ململانێییەکانی هەردوولا هەبووە. (پ.د.ک) بەڕوونی (ی.ن.ک)ی لە خۆشکردنی ناکۆکییەکانی نێوان هەردوولاو پەیشمانبوونەوەی (ی.ن.ک) لە ڕێکەوتن و

---

١- بیار مسطفی سیف الدین: کێشەی کورد لە پەیوەندییەکانی ئەمریکا- تورکیا، ل٢٧٤؛ اياد عجاج فيان: س.پ، ل١٠١؛ عیماد الزمیدی: تورکیا و خۆرهەڵاتی ناوەراست، و.شاناز رەمزی هیرانی، چ١، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٥٢.
٢- بیار مسطفی سیف الدین: س.پ، ل٢٧٤.
٣- اياد عجاج فيان: س.پ، ل١٠١.
٤- ژ(٨٦)، ٢٨/ ئابی ١٩٩٥، ل٢.
٥- کەمپی ئەتروش: (UNHCR) لە ناوەڕاستی (حوزەیرانی ١٩٩٤) دایمەزراند بۆ ئەو هاوڵاتیانەی، کە لە باکوری کوردستانەوە ئاوارە بوون کە ژمارەیان نزیکەی (١٠,٠٠٠) کەس دەبوو کە لە هێرشیەکانی سوپا و فڕۆکەکانی تورکیا هەڵهاتبوون و گوند و شارەکانی خۆیان بەجێ هێشتبوو، کەمپەکە لە (٢٦/ ئەیلولی ١٩٩٤) بە فەرمی کرایەوە. بڕوانە: مكتب العلاقات والاعلام في محافظة دهوك: مخيم أتروش حقائق الخفية و ممارسات PKK، الطبعة الاولى، ١٩٩٩، ص٦- ١٦.
٦- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(٨٦)، ل٢.
٧- مكتب العلاقات والاعلام في محافظة دهوك: مخيم أتروش حقائق القظية وممارسات PKK، ل٥.
٨- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(٨٦)، ٢٨/ئابی ١٩٩٥، ل٢.

پەیماننامەکانی نێوانیان، بەتایبەتی ڕێکەوتننامەکەی (درۆگیدا- دبلن) لە (ئابی ١٩٩٥) تۆمەتبار دەکرد، کە بووە هۆی شکستی پرۆسەی ئاشتی، هاوکات لەگەڵ سەردانی تاڵەبانی بۆ دیمەشق و کۆبوونەوەی لەگەڵ ئۆجەلان و ڕاگەیاندنی شەڕ لەلایەن ئۆجەلانەوە بەرامبەر بە (پ.د.ک)، هەروەها هەڵوێستی نەرێنی (ی.ن.ک) لە دانووستانەکانی دبلن، ئەمە وایکرد (پ.د.ک) گومانی لەوە هەبێت. کە ڕێکەوتنێک لەنێوان ئەو دوو لایەنەدا هەبێت.[1]

لە لایەکی ترەوە، سەرچاوەکانی (پ.ک.ک) ئاماژەیان بە ڕۆڵی (ی.ن.ک) لە قوڵکردنەوەی شەڕەکە دەدا. جەمیل بایک لەم بارەیەوە، ئاماژە بەوە دەدات، کە (ی.ن.ک) بە هەموو جۆرێک هەوڵیداوە، بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی و لە پێناو لاوازکردنیان و لاوازکردنی (پ.د.ک)، بۆ ئەوەی خۆی ببێتە فەرمانڕەوای کوردستان، بۆ نێو جەنگەکە ڕایان کێشێت. کاتێکیش جەنگیان ڕاوەستاندووە و ئاگربەستیان ڕاگەیاندووە، (ی.ن.ک) ڕەزامەند نەبووە، بەڵکو حەزیان کردووە، شەڕ بەردەوام بێت.[2] بەڵام هۆکاری ڕاستەوخۆی شەڕی نێوان هەردوولا لە (ئابی ١٩٩٥)، بۆ ڕێکەوتنی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) بە نێوەندگیریی ئەمریکا و تورکیا و (INC) لە (٩- ١١/ ئابی ١٩٩٥) لە (درۆگیدا- دبلن) دەگەڕێتەوە. لە ڕێکەوتننامەکەدا چەند خاڵێکی لەسەر (پ.ک.ک) تێدایە، لەوانە خاڵی شەشەم، کە باس لە تیرۆرناساندنی ئەو پارتە دەکات، هەروەها ئەوەی لەم ڕێکەوتنامەیەدا سەبارەت بە (پ.ک.ک) تێبینی دەکرێت، ئەوەیە، کە تێیدا گەرێنتی ڕەچاوکردنی دردۆنگییە ئاسایشییەکانی تورکیا کراوە، بەشێوەیەک، بۆ ڕێگرتنی چەکدارانی (پ.ک.ک) لە باکووری عێراقەوە بۆ تورکیا، (پ.د.ک) چاودێریی سنوورەکان بکات و هەروەها بە تیرۆرناساندنی ئەو پارتە، وەک ڕێکخراو و پارتێکی تیرۆریستیی،، یەکێک بوو لە مەترسییە هەرە سەرەکییەکان، کە ڕووبەڕووی پرسی کورد لە باکوری کوردستان بەگشتی و خەباتی (پ.ک.ک) بەتایبەتی بووەوە و بووە دەستپێکێک بۆ شەڕی نێوان هەردوولا.[3]

لەگەڵ نزیکبوونەوە و ڕاگەیاندنی ئاگربەست لەنێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)، (پ.د.ک) هەوڵیدا دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ (پ.ک.ک)دا بکاتەوە. بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنێک لە نێوانیاندا، هەردوولا بڕیاریان دا دەست بە گفتوگۆ بکەن. (پ.د.ک) دەستپێشخەریی کرد و بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ، لە (ئابی ١٩٩٥) بانگهێشتی (پ.ک.ک)ی کرد. جەمیل بایک بە نوێنەرایەتی پارتەکەی، بانگهێشتنامەکەی وەرگرت و لە (٢٥/ ئابی ١٩٩٥) بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ بەرپرسانی (پ.د.ک)، سەردانی سەلاحەدینی کرد.[4]

جەمیل بایک لەسەر گفتوگۆکانی هەردوولا دەڵێت: "سەرۆکایەتی گوتی بچۆ مەسەلەی ئێمە و (پ.د.ک) هەیە، بە دوایین قسە و کۆبوونەوە کۆتایی پێ بێنە، کاتێک گەیشتمە هەولێر، بەرلەوەی بچمە لای (پ.د.ک) تەلەفۆنم بۆ سەرۆکایەتی کرد و دوایین ڕێنوێنم وەرگرت، پاشان بەرەو سەلاحەدین بەڕێکەوتم، هەم سەرۆکایەتی و هەم هەڤاڵانی بڕیارگەی ناوەندی ئاگاداری چوونی من بۆ سەلاحەدین بوون، ڕەوشێکی گەلێک خراپ بوو، لەوانە بوو هەر ئێستا لەنێوان ئێمە و (پ.د.ک) شەڕ دەست پێبکات، (پ.د.ک) زۆر دەترسا، چونکە هەڵگیرسانی شەڕێکی وەها لە بەرژەوەندی ئەودا نەبوو، لەبەر ئەوەی نێوانی لەگەڵ (ی.ن.ک) باش نەبوو، بۆیە نەیدەویست لە هەردوولاوە بکەوێتە شەڕ. لەسەر ئەو بنەمایە داوای لە ئێمە کردبوو، بچین لەگەڵی دانیشتن و کێشەکانمان بە ڕێگەی سیاسی چارەسەر بکەین".[5]

هەربۆیە لە ئاستی باڵادا، سەرکردایەتی هەردوولا کۆبوونەوە. سامی عبدالرحمان سەرۆکایەتی شاندی (پ.د.ک) دەکرد و جەمیل بایک سەرکردایەتی (پ.ک.ک) دەکرد. پێش ئەوەی بگەنە ڕێکەوتنێکی کۆتایی، شەڕ لەنێوان هەردوولا دەستی پێکرد.[6] لە شەوی (٢٥-٢٦/ ئابی ١٩٩٥) لە هێرشێکی کتوپڕدا، گەریلاکانی

---

١- أياد عجاج فيان: س.پ، ل١١٠.
٢- هەڤاڵ جومعە: س.پ، ب٢، ل٤٠٠- ٤٠١.
٣- د.سەلام عبدالكريم: پارتی کرێکارانی کوردستان، ل٢٧٢؛ حەسەن جودی: س.پ، ب٢، ل٣٥٦؛ ڕۆژنامەی وڵات، ژ(٨٦)، ل٢. ل٢.
٤- فرەنسۆ هەریری: پەکەکە چما وادەکا؟، چ١، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی برایەتی، هەولێر، ٢٠٠٠، ل٤٥؛ أياد عجاج فيان: س.پ، ل١٠٤.
٥- هەڤال جومعە: س.پ، ب٢، ل٣٨٩.
٦- فرەنسۆ هەریری: س.پ، ل٤٥ ؛ هەڤاڵ جومعە: س.پ، ب٢، ل٣٩٠.

(پ.ک.ک) هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (پ.د.ک) لە (٢٥) بنکە و ناوچەی جیاوازدا کرد، ئەو ناوچانەی کەوتنە بەر هێرشی گەریلاکانی (پ.ک.ک)، بارەگای هێزەکانی پێشمەرگەی (پ.د.ک) لە (زاخۆ، گوندی حەسەن ئاڤا، بێگۆڤا، باتۆفا، سەرسەنگ، بامەرنی، سنووری لیژنەی ناوچەی خەباتی (پ.د.ک)، ئامێدی، سەربازگەی ئامێدی، دێرەلووک، شیلادزێ، دەرکار عەجەم، مزوری باڵا، مێرگەسوور، لیژنەی ناوچەی دووی شێروانەی (پ.د.ک) و کانی ماسی)، هەروەها چەندین بنکە و بارەگای دیکەی (پ.د.ک) لە ناوچەکانی زاخۆ و بادینان‌دا بوون.[١]

(پ.ک.ک) هێرشەکانی شەوی (٢٥- ٢٦ ئابی ١٩٩٥) ناو نابوو (شاڵاوی بروسک).[٢] لە هێرشەکانی (پ.ک.ک)دا بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی (پ.د.ک)، لە بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی (پ.د.ک) باس لە کوژرانی (٧) هاوڵاتی ئاسایی دەکات.[٣] لە دوای ئەو هێرشەوە، شەڕ لەنێوان هەردوولادا لە چەندین بەرەوە دەستپێکرد، لەوانە بەرەی مزوری باڵا، بارزان، بەرەی دووەم، چیای گارە، کە هێڵی ئامێدی- دێرەلووک، شیلادزێ، سەرسنگ تاوەکو دەوروبەری ئەتروش درێژ دەبووەوە، بەرەی سێیەم، لە ناوچەکانی باکوور لە زاخۆ، بامەرنی، باتۆفە و دێرکار بوو، هەروەها بەرەی چوارەم، ڕێگاکانی نێوان دهۆک، زاخۆو باتۆفە بوو.[٤] لە ڕۆژانی (٥- ٩/ ئەیلولی ١٩٩٥) لە زۆربەی بەرەکاندا شەڕ لەنێوان هەدوولادا ڕووی دا. (پ.ک.ک) باس لە بۆردومانی چڕی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا لە شەرەکانی ناوچەی (سەرسەنگ، گارە، ڕێگای نێوان زاخۆ، بێگوفا) دەکات. لەم شەڕەدا (پ.ک.ک) باس لە کوژرانی (٣٠) پێشمەرگەی (پ.د.ک) و (٨) گەریلای (پ.ک.ک)، لەگەڵ کۆنترۆڵکردنی شارۆچکەی بامەرنی و کشانەوەی دامودەزگاکانی (پ.د.ک)، هەروەها دەستگرتن بەسەر شارۆچکەی سەرسەنگ و دواتر کشانەوەی گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە شارۆچکەکەدا دەکات.[٥]

پێکدادان و شەڕی قورسی نێوان هەردوولا لە چیای سپی و چیای گارە بوو، کە (پ.د.ک) بە بەردەوامیی هەوڵی گرتنەوەی ئەو ناوچانەی دەدا، بۆ ئەو مەبەستەش لە چەند قۆڵێکەوە، هێرشی بۆ سەر گەریلاکانی (پ.ک.ک) کرد. لەو هێرشەدا سوپای (٢)ی بارزان و سوپای ڕزگاری و سوپای شەش بەشدارییان تێدا کرد، (پ.د.ک) توانی (کۆشکی سەدام حسێن) لە چیای گارە کۆنترۆڵ بکات، کە پێشووتر گەریلاکانی (پ.ک.ک) دەستیان بەسەردا گرتبوو. شەڕ لە (٢٢/ ئەیلولی ١٩٩٥) دەستپێکردەوە هەتا (٢٤/ ئەیلولی ١٩٩٥) درێژەی کێشا، (پ.د.ک) باس لە شکانی گەریلاکانی (پ.ک.ک)، لەگەڵ کوژرانی (٤٩) گەریلای (پ.ک.ک) دەکات.[٦] لەسەر هەمان شەڕ، (پ.ک.ک) باس لە کوژرانی (١٩١) پێشمەرگەی (پ.د.ک) و کوژرانی سێ فەرماندەی باڵای (پ.د.ک)، لەگەڵ کوژرانی (٤) گەریلای دیل لەلایەن (پ.د.ک)ەوە دەکات.[٧]

شەڕی نێوان هەردوولا لە زۆربەی بەرەکاندا بەردەوام بوو، شەڕەکانیش لە شێوەی هێرش و دژە هێرشدا بوو، کە سەرجەم ناوچەکانی بادینان و باکووری هەولێری دەگرتەوە، بە دیاریکراوی لە چیای سپی، ناوچەکانی گارە، زاخۆ، باتوفە، بامەرنی، سەرسنگ، سیدەکان، سیمێل، کانی ماسی و گوندەکانی دەوروبەری ئەم ناوچانە. لە ئاکامی شەڕی هەردوولا، بە شەو لە ئاکامی هێرشی گەریلاکانی (پ.ک.ک) دەکەوتنە دەست (پ.ک.ک) و لە ڕۆژدا، لە ئاکامی هێرشی (پ.د.ک)دا دەکەوتەوە دەست (پ.د.ک).[٨]

---

١- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢١٣٥- ٢١٣٦)، ١٩٩٥/٨/٢٧، ل١.

٢- شاڵاوی بروسک: ئەو ئۆپراسیۆنە چەکدارییە بوو، کە (پ.ک.ک) لە شەوی (٢٥- ٢٦/ ئابی ١٩٩٥) کردیە سەر بنکەو بارەگاکانی (پ.د.ک) کە بە زنجیرەیەک هێرشی سەربازی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی (پ.د.ک) دەستپێکرد کە زۆرترین ناوچەی گرتەوە و ناوی لێنابوو شاڵاوی بروسک. جەمیل بایک لەسەر شاڵاوی بروسک دەڵێت: " ئەم شەڕە زۆر گرنگ بووە وەک (١٥/ تەباخی دووەم) خۆی دەنواند، مەبەست لە (١٥/ تەباخی دووەم) مەبەستی لە دەستپێکی خەباتی چەکداریی (پ.ک.ک) بوو لە دژی تورکیا. بڕوانە: هەڤاڵ جومعە: س.پ، ب٢، ل٣٩٤؛ ڕۆژنامەی وڵات، ژ(١٠٦)، ٦/ تشرینی دووەمی ١٩٩٥، ل٢.

٣- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢١٣٥- ٢١٣٦)، ل١.

٤- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(٩١)، ١٤/ ئەیلولی ١٩٩٥ ، ل١؛ ڕۆژنامەی وڵات، ژ(٨٩)، ل٤.

٥- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(٩١)، ل١.

٦- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢١٣٩- ٢١٤٠- ٢١٤١)، ١٩٩٥/١٠/١٧، ل٩.

٧- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(٩٦)، ٢٠/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٤، ل١.

٨- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٠٩٦)، ١٩٩٥/٩/٢٥، ل١.

کێشەی پەنابەرانی (کەمپی ئەتروش) هێندەی دیکە شەڕی نێوان هەردوولای توندتر کرد، چەکدارانی (پ.د.ک)، بە بیانووی گەڕان بە دوای گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە ناو کەمپەکەدا، چەند جارێک پەلاماری کەمپەکەیان داوە. پەنابەرانی ناو کەمپی ئەتروش، لە پێناو پاراستنی گیانی خۆیان، کەوتنە بە بارمتەگرتنی (٧) کارمەندی سەر بە کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNHCR)، کە وەک قەڵغانی مرۆیی بە بارمتە گیرابوون، بۆ ئەوەی چەکدارانی (پ.د.ک)، کە گەمارۆی کەمپەکەیان دابوو. پەلاماری ئەو پەنابەرانەی باکور نەدەن، ئەمیش بووە هۆی پێکدادانی تووند لە نێوان (پ.ک.ک) و (پ.د.ک) لە ناوچەی ئەتروش.[١]

(پ.د.ک) بە بەردەوامیی ئەوەی ڕەتکردۆتەوە، کە لە هەردوو کەمپی ئەتروشی (B-A) پەنابەرانی باکوری کوردستان، زوڵم و زۆرداریی کرابێت، بەڵام میدیاکانی (پ.ک.ک) بە بەردەوامیی باسیان لە گرتن و ڕاوەدوونانی هاوڵاتیانی ناو کەمپەکە و لایەنگرانی (پ.ک. ک) لەلایەن (پ.د.ک)ەوە دەکرد.[٢] (پ.د.ک) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە پەنابەرەکان بەپێی یاسا و ڕێنماییەکانی کەمپەکە هەڵسوکەوت ناکەن و دەبێت پابەندی یاسای کەمپەکە بن، بۆ ئەوەی بتوانرێت بە باشترین شێوە کۆمەکە مرۆییەکانیان پێشکەش بکرێت، هەروەها بوونی زۆرێک لە چەک و کەرەستەی جەنگی لە ناو کەمپەکەدا، بووەتە هۆی مەترسیی بۆ سەر ڕێکخراوە مرۆییەکانی، وەک (UN -NGOS -UNHCR)، لەبەر ئەوە بڕیاری پشکنینی کەمپەکە درا، تاکو لە هەموو جۆرە چەک و کەلوپەلێکی سەربازیی ڕابماڵدرێت، دووپاتی دەکەنەوە ئەمە بۆ پاراستنی گیانی پەنابەرەکانی باکوورە، تا کەمپەکە نەبێتە ئامانجی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا، لە بەرامبەر ئەوەدا، پەنابەرەکانی باکوور بە پشکنینی هەردوو کەمپی (B-A) ئەتروش ڕازی نەبوون.[٣]

لەسەر کەمپی ئەتروش، مەسعود بارزانی لە بەیانێکی فەرمییدا، کە لە (١/ تشرینی دووەمی ١٩٩٥) لە ڕۆژنامەی "برایەتی" بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت:"(پ.ک.ک) کەمپەکەی کردۆتە ئۆردوگای مەشقی سەربازیی و بە زەبری هێز ئیدارەی خۆیان بەسەر کەمپەکەدا سەپاندووە، دادگایەکی کارتۆنیان لە کەمپەکەدا دامەزراندووە، کە کۆمەڵێک کادری (پ.ک.ک) دەیبەن بەڕێوە، ئەوەش بووەتە هۆی بارگرانی بۆ دانیشتوانی ناو کەمپەکە، لەوەش خراپتر ئەوەیە کە بازگەیەکیان لە دەروازەی کەمپەکەدا داناوە و ڕێگری تەواویان لە فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەگرت بۆ چوونە ناو کەمپەکەوە، دەبێت ئەو چەک و کەرەستە جەنگییانەی لە ناو کەمپەکەدا هەیە، دەستی بەسەردا بگیرێت و موسادەرە بکرێت و ملکەچی دەسەڵاتی هەرێم بن بەپێی یاسا و سیستەمی نەتەوە یەکگرتووەکان".[٤]

ڕۆژنامەی "وڵات"ی (پ.ک.ک) باس لە شەڕەکانی مانگی (ئاب و ئەیلولی ١٩٩٥)ی نێوان هەردوولا دەکات و دەڵێت:"کە لە هێزەکانی (پ.د.ک) (٨٧٢) پێشمەرگە کوژراوە و (١٠٣) پێشمەرگەیش لە لایان دیلن. هەروەها باس لە کوژرانی (١٤٤) گەریلا لە شەڕەکانی نێوان هەردوولا و کوژرانی (٦) هاوڵاتی سیڤیل لە کەمپی ئەتروش لەلایەن هێزەکانی (پ.د.ک)ەوە دەکات. جگە لەوەش دەستبەسەرداگرتنی (٤) شارۆچکە و (٨٠) گوند لە سنووری حەفتانینەوە تا دەگاتە سنووری کۆماری ئیسلامی ئێران".[٥] سەرکەوتنی (پ.ک.ک) لە شەڕەکانی مانگی (ئاب و ئەیلولی ١٩٩٥) وای کرد، جارێکی تر سوپای تورکیا لە سەرەتای (تشرینی یەکەمی ١٩٩٥) بۆ لێدان لە بنکە و بارەگاکانی (پ.ک.ک) و گرتنەوەی ئەو ناوچانە بۆ ناو خاکی کوردستان بێت، کە (پ.ک.ک) لە شەڕەکانی مانگی (ئاب و ئەیلولی ١٩٩٥)دا دەستی بەسەردا گرتبوو. ڕۆژنامەی "وڵات" باس لە هاتنی هێزی چەکوشی ئامادەی تورکیا بۆ ناوچەکانی کوردستان، لە ناوچەکانی بامەڕنی و کانی ماسی و دەوروبەری، لەسەر داوای (پ.د.ک) دەکات. ئەویش لە دوای سەردانەکەی سامی عەبدولڕحمان بۆ تورکیا لە (٢٦/ ئەیلولی ١٩٩٥) و کۆبوونەوەی لەگەڵ جەنەراڵە تورکەکان و داواکردنی یارمەتی لە تورکیا بۆ لێدان لە بنکە و بارەگاکانی (پ.ک.ک) لە ناوچە سنوورییەکانی تورکیادا. لە دوای ئەوە لە (٧/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٥) سوپای تورکیا بە تەواوەتی هاتە ناو خاکی کوردستانەوە.[٦]

---

١- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٠٩٣)، ١٩٩٥/٩/٢١، ل١.
٢- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(٨٦)، ٢٨/ئابی ١٩٩٥، ل٢.
٣- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢١٣٩- ٢١٤٠- ٢١٤١)، ل١٠.
٤- ژ (٢١٤٢- ٢١٤٣- ٢١٤٤- ٢١٤٥)، ٨/ تشرینی دووەمی ١٩٩٥، ل٢٢.
٥- ژ (٩٩)، ١٢/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٥، ل١.
٦- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(٩٨)، ٩/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٥، ل١.

لەسەر هاتنی سوپای تورکیا بۆ هاوکاریی (پ.د.ک) و لێدان لە بنکە و بارەگاکانی (پ.ک.ک)، میدیاکانی (پ.د.ک) ڕەتیان کردەوە، کە سوپای تورکیا بە ئاگاداریی ئەوان هاتبێتنە کوردستان و ڕایان دەگەیاند، کە ئەمە یەکەمین جار نییە سوپای تورکیا، بە بۆنەی چالاکییەکانی (پ.ک.ک)ەوە لەشکرکێشی دەکاتە سەر خاکی کوردستان، ئەوە رەد دەکاتەوە، کە بە ڕێککەوتن لە نێوان هەردوولا هاتبێتە ناو خاکی کوردستان.[1] لەدوای هاتنەناوەوەی سوپای تورکیا، (پ.ک.ک) (شاڵاوی بروسک یەک)ی کۆتایی پێهێنا و (شاڵاوی بروسک دوو)ی بۆ سەر هێزەکانی سوپای تورکیا و (پ.د.ک) دەستپێکرد. لە شەڕەکانی مانگی (تشرینی یەکەمی ١٩٩٥)دا، گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە زۆربەی بەرەکانی شەڕدا شکان و پاشەکشێیان کرد، زۆربەی ئەو ناوچانەی دەستیان بەسەردا گرتبوو، لەلایەن (پ.د.ک)ەوە دەستی بەسەردا گیرایەوە و هێرشەکانی (پ.د.ک) لە (٩-١٠/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٥) بۆ سەر (پ.ک.ک) دەستپێیکرد، هەتا ناوەڕاستی هەمان مانگ، ناوچەکانی ئامێدی، چیاکانی بێخێر، کانیکا، گارە، مەتینا و میرۆز دەستی بەسەردا گیرا.[2]

هێرشەکانی (پ.د.ک) بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی (پ.ک.ک) لە ناوەڕاستی مانگی (تشرینی یەکەمی ١٩٩٥)، بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆکی (پ.د.ک) بوو، کە لە چوار قۆڵەوە هێرشیان بۆ سەر ناوچەکانی (زاب) و دەوروبەری و هەروەها ناوچەکانی نێوان زێی گەورە و ڕووباری ئاڤاشین و ناوچەی خواکورک کرد، کە لە ناوچەی برادۆستەوە، هەتا نزیک سێگۆشەی سنووری عێراق- ئێران- تورکیا دەستی پێکرد و ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکانی ئەو ناوچانە لە ژێر دەسەڵاتی (پ.ک.ک) دەرهێنران.[3]

دەزگاکانی ڕاگەیاندنی (پ.د.ک) ئەوەیان بڵاوکردەوە، کە قۆناغی یەکەمی هێرشەکەیان، بۆ دەرکردنی هێزەکانی (پ.ک.ک) لە ناوچەی خواکورک و دەروبەری، بە سەرکەوتوویی ئەنجامدراو زیانێکی زۆر بەر بنکە و بارەگاکانی (پ.ک.ک) کەوتووە، لە هەمان کاتدا شەڕی قورس لە دەوروبەری سیدەکان و ناوچەی شێخزادەیی لەنێوان هەردوولادا ڕوویداوە. لەو شەڕەدا (٨) پێشمەرگەی (پ.د.ک) و (٦) گەریلای (پ.ک.ک) کوژراون.[4] لە هێرشەکانی (پ.د.ک) بۆ سەر (پ.ک.ک)، جگە لە هاوکارییەکانی سوپای تورکیا بۆ لێدان لە بنکە و بارەگاکانی (پ.ک.ک) بە چڕیی، هەندێک لە لایەنگرانی عەشیرەتی برادۆست یارمەتی هێزەکانی (پ.د.ک)یان دا. لەم هێرشەدا هێزەکانی (پ.د.ک) توانیان سەرکەوتن بەدەست بهێنن و لە (٢٨/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٥) بە بۆنەی سەرکەوتنی هێزەکانی پێشمەرگەی (پ.د.ک)، مەسعود بارزانی بروسکەی پیرۆزبایی بۆ سەرجەم هێزەکانی پێشمەرگەی (پ.د.ک) نارد.[5]

لە مانگی (تشرینی دووەمی ١٩٩٥) شەڕی نێوان هەردوولا، هەر لە سنووری زاخۆ هەتا سنووری ئێران بەردەوام بوو، زۆرترین ناوچەی گرتەوە و شەڕی یەکلاکەرەوە لە نێوانیاندا ڕووی دا. (پ.ک.ک) ئاماری شەڕەکانی مانگی (تشرینی دووەمی ١٩٩٥)ی بڵاوکردەوە، باس لە کوژرانی (٤٨٩) پێشمەرگەی (پ.د.ک)، لە ئەنجامی (١٣٠) هێرش و چالاکی لە دژی هێزەکانی (پ.د.ک)، لەگەڵ کوژرانی (٤٧) گەریلادا دەکات.[6] لە بەرامبەردا (پ.د.ک) لە ئاماری شەڕەکانی مانگی (تشرینی دووەمی ١٩٩٥) دەڵێت: "گەریلاکانی (پ.ک.ک) خاڵە گرنگ وستراتیجییەکانی خۆیان لەدەستداوە، تەنانەت کۆگا سەرەکییەکانی ئازووقە و چەک و تەقەمەنییان لە ناوچەکانی شێخان، چیای سپی، چیای بێخێر، گارە، مەتین و بەرواری هەتا سنووری حەفتانین کەوتوونەتە دەست هێزەکانی (پ.د.ک). لە شەڕەکانی مانگی (تشرینی دووەمی ١٩٩٥) ئەوەی (پ.ک.ک) ناوی لێناوە هەڵمەتی بروسک دوو (٤٩٧) گەریلایان کوژراوە و لە ناویاندا دوو بەرپرسی باڵای (پ.ک.ک) تێدایە.[7] لە دوای سێ مانگ لە شەڕی نێوان هەردوولادا، (پ.ک.ک)، بە دەستی (پ.د.ک) دووچاری شکستێکی گەورە هات، بە شێوەیەک لە (٦) بنکە و بارەگای سەرەکییان دەست بەسەر (٥) بارەگای سەرەکی (پ.ک.ک) لە ناوچەکانی دهۆک و زاخۆ و باکوری هەولێردا گیرا.[8]

---

١- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢١٣٩- ٢١٤٠- ٢١٤١)، ل١.
٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١١١٦)، ١٩٩٥/١٠/١٨، ل١؛ ڕۆژنامەی وڵات، ژ(٩٩)، ل١.
٣- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١١٢١)، ١٩٩٥/١٠/٢٤، ل١.
٤- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١١٢٢)، ١٩٩٥/١٠/٢٥، ل١.
٥- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بروسکەکەی مەسعود بارزانی بڕوانە: گۆڤاری گوڵان، ژ(٥٤)، تشرینی دووەمی ١٩٩٥، ل٢٢.
٦- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(١١٥)، ٧/ کانوونی یەکەمی ١٩٩٥، ل١؛ ڕۆژنامەی وڵات، ژ(١١٨)، ٨/ کانوونی دووەمی ١٩٩٥، ل٣.
٧- گۆڤاری گوڵان، ژ(٥٤)، تشرینی دووەمی ١٩٩٥، ل٧- ٨.
٨- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٣٤٣)، ١٩٩٧/٦/٣، ل٢.

جەمیل بایک لەسەر شکستی گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە شەڕەکەدا دەڵێت: "(پ.د.ک) بە ژمارەیەکی زۆر دەستی بە ئۆپەراسیۆن کرد، ئێمەش لە گەڵێک شوێن ناچار پاشەکشێمان کرد و زەبریشمان لێکەوت و گەڵێک ئەزراقیشمان کەوتە دەستیان. زۆری نەمابوو بگەنە بریارگەی ناوەندیی، ئەمەیش لە بێ تەدبیری خۆمان بوو، ئەگینا هەرگیز نەیاندەتوانی بگەنە ئەو ناوچەیە، ئیتر زۆر نیگەران بووم، ڕەوشەکەم بە ڕوونی دەدیت، کە بە زەرەری ئێمە دەچووە پێش. گەڵێک شەهیدی کوڕ و کچمان دابوو، زۆربەی ناوچەکان شەڕیان نەدەکرد، تەنیا بریارگە مابووەوە و دەیانویست ئەویش بگرن، کە نەگرتنی ئەوێ زۆر بە ڕێکەوت بوو".[1] بەم شێوەیە، شەڕ بە شکستی (پ.ک.ک) بەردەوام بوو تاکو ئەو کاتەی، لە (١٠/ کانوونی یەکەمی ١٩٩٥)دا، (پ.ک.ک) لەلای خۆیەوە ئاگربەستی ڕاگەیاند و ڕاگرتنی شەڕ بە بریاری عەبدوڵڵا ئۆجەلان بوو.[2] لە وەڵامی ئەو ئاگربەستەدا، وتەبێژی فەرمی (پ.د.ک) ڕاگەیاندنێکی بڵاوکردەوە، کە تێیدا هاتووە، سەرکردایەتی (پ.د.ک) پێشوازیی خۆی لە ئاگربەستەکەی (پ.ک.ک) ڕاگەیاند، لە دوای سێ مانگ و نیو لە شەڕی نێوان هەردوولا لە (١٠/ کانوونی ١٩٩٥) شەڕ لەنێوان هەردوولا ڕاگیرا.[3]

لە دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست، بە مەبەستی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان، شاندی باڵای هەردوولا لە سەلاحەدین کۆبوونەوە. جەمیل بایک سەرۆکایەتی شاندی (پ.ک.ک)ی دەکرد و سامی عبدالرحمان سەرۆکایەتی شاندی (پ.د.ک)ی دەکرد، کۆبوونەوەکانی نێوانیان بە سێ خول بەڕێوەچوو، لە (کانوونی یەکەمی ١٩٩٥) لەسەر چەندین خاڵ ڕێکەوتن، لەوانە کشانەوەی گەریلاکانی (پ.ک.ک) لەو ناوچانەی، کە لە شەڕەکانی پێشووتردا دەستی بەسەردا گرتبوو؛ دووەم مانەوەی گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە بەری خواکورک و حەفتانین.[4] وێڕای کۆتاییهاتنی شەڕ لەنێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) بە ڕاگەیاندنی ئاگربەست لەلایەن (پ.ک.ک)، بەڵام ئاشتی تەواو لەنێوان هەردوو پارتی بەشەڕداهاتوو لە باشووری کوردستاندا بەدی نەهات. لە سایەی دوودڵیی و ورياییەکی زۆری هەردوو پارت لەلایەک و لەلایەکی ترەوە پەیوەندی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لە حاڵەتێکی پڕ لە نائارامی و مەترسیداردا بوو، چاوەڕێ دەکرا لە هەر ساتەوەختێکدا بێت بتەقێتەوە.[5]

شەڕی (ئابی ١٩٩٥)ی نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) درێژکراوەی شەڕی ناوخۆی پارتەکان لە باشووری کوردستان بوو، ئەم شەڕە لەگەڵ ڕێکەوتنی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لە (درۆگیدا- دبلن) هاوکات بوو. شەڕ بۆ ماوەی (٣) مانگ بەردەوام بوو، بە شکستی (پ.ک.ک) و ڕاگەیاندنی ئاگربەست لەلایەن (پ.ک.ک)ەوە کۆتایی پێهات. بە کۆتاییهاتنی شەڕی نێوان هەردوولا، زۆرێک لە کێشەکانی نێوان هەردوو پارت بە چارەسەر نەکراوەیی مایەوە، ئەویش بووە هۆکار بۆ دروستبوونەوەی خولێکی تری شەڕ لە نێوان هەردوولا.

---

١- هەڤاڵ جومعە: س.پ، ب٢، ل٣٩٥.
٢- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(١١٧)، ١٩٩٥/١٢/١٤، ل١.
٣- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢١٤٩)، ١٩٩٥/١٢/١٦، ل١.
٤- هەڤاڵ جومعە: س.پ، ب٢، ل٣٩٩- ٤٠٠.
٥- أیاد عجاج فیان: س.پ، ل١١١.

**باسی چوارەم: گەڕی سێیەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) (١٩٩٦)**

**تەوەری یەکەم: سەرەتاکانی دروستبوونی شەڕ**

گەڕی سێیەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)، کە لە شەوی (١٦- ١٧/ ئابی ١٩٩٦) دەستپێکرد لە (٣٠/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٦) بەڕێکەوتنێک لە نێوان هەردوولادا کۆتایی پێدێت. ئەم گەڕەی شەڕی ناوخۆی نێوان هەردوولا، لە دوو گەڕی پێشووتری شەڕی نێوانیان جیاوازترە، گەڕی یەکەمی شەڕی ناوخۆ، کە لە (١/ ئایاری ١٩٩٤) دەستی پێکرد، گشتگیرتر بوو، زۆربەی ناوچەکانی کوردستان گرتەوە. هەردوو پارت لە سنوورێکی جوگرافیدا باڵادەستی خۆیان نواند، (پ.د.ک) لە ناوچەکانی دهۆک و بادینان و (ی.ن.ک) لە ناوچەکانی سلێمانی و ناوچە ڕزگارکراوەکانی کەرکوک و هەولێریش، وەک ناوەندی دەسەڵات مابووەوە؛ هەرچی گەڕی دووەمی شەڕی نێوان هەردوولایە، کە لە ناوەڕاستی مانگی (کانوونی یەکەمی ١٩٩٤) دەستی پێکرد، زۆرتر لە ناوچەکانی هەولێر و دەوروبەریدا بوو. گەڕی دووەمی شەڕی ناوخۆ بۆ دەستگرتن بەسەر پایتەختی هەرێمی کوردستاندا بوو. هێزەکانی (ی.ن.ک) بە تەواوەتی لە (کانوونی دووەمی ١٩٩٥) شاری هەولێریان کۆنترۆڵکرد. گەڕی سێیەمی شەڕی ناوخۆ، بۆ هەردوو پارتی شەڕکەر شەڕی مان و نەمان بووە، ئەم گەڕەی شەڕ جیاوازتر لە هەردوو گەڕی شەڕ، لە پێشووتردا زۆرترین دەستوەردانی وڵاتانی هەرێمیی تێدابووە. لەم گەڕەی شەڕدا دوو ڕووداوی گەورەی تێدا بوو، لەوانە ڕووداوی (٣١/ ئابی ١٩٩٦) و هاتنی سوپای عێراق بۆ هەولێر، ڕووداوی دووەم، (گەردەلوولی تۆڵە) و گەڕانەوە (ی.ن.ک) بە هاوکاریی و یارمەتی ئێران. لە ناوەڕاستی مانگی (ئابی ١٩٩٦)، بە دیاریکراویی لە شەوی (١٦- ١٧/ ئابی ١٩٩٦)، گەڕی سێیەمی شەڕی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) دەستی پێکردەوە. (پ.د.ک) (ی.ن.ک)ی بە هەڵگیرسێنەری شەڕەکە تۆمەتبار کرد و لە بانگەوازێکدا ئەوەی خستەڕوو، کە (ی.ن.ک) لە کاتێکدا پەلاماری هێزەکانی (پ.د.ک)ی دا، کە (پ.د.ک) سەرقاڵی ئاهەنگی یوبیلی زێڕین بووە، ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە، کە (ی.ن.ک) بە هاوکاریی و پاڵپشتی ڕاستەوخۆی ئێران، لە ناوچە سنوورییەکانی ئێرانەوە، هێرشی بۆ سەر (پ.د.ک) دەستپێکردووە.[١]

(ی.ن.ک)یش لە ڕێگەی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، زمانحاڵی فەرمی (ی.ن.ک)ەوە (پ.د.ک) بە هەڵگیرسێنەری ئەم خولەی شەڕ تۆمەتبار کرد و بە مانشێتێکی گەورە لە ڕۆژنامەکەدا نووسراوە، کە(پ.د.ک) شەڕی کوردکوژە هەڵدەگیرسێنێتەوە.[٢] محەمەدی حاجی مەحمود لەسەر گەڕی سێیەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)، دەڵێت:"هەردوو لایەنی شەڕکەر خۆیان ئامادەکردبوو بۆ خولێکی تری شەڕ، (پ.د.ک) لە پێش یادی (٥٠)ساڵەی دامەزراندنی (پ.د.ک) نیازی هێرشی هەبوو بۆ سەر (ی.ن.ک)، هەروەها (ی.ن.ک) نیازی هێرشی هەبوو بۆ سەر (پ.د.ک)، واتە هەردوولا لە حاڵەتی شەڕدا بوون، بەڵام بە هاتنی ئامر لیوا (نیاز جەلال دەرگەڵەیی)[٣] و فەوجەکەی لە (پ.د.ک)وە بۆ ناو (ی.ن.ک) و تەسلیمکردنی ناوچەکانی (دەرگەڵە، خانەقا و دەوروبەری قەسرێ) بە هێزەکانی (ی.ن.ک). ئەم گەڕەی شەڕ لەنێوان هەردوولادا دەستیپێکرد".[٤]

لێرەوە شەڕی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دەستی پێکردووە، شەڕەکانی نێوانیان لە (١٧/ ئابی ١٩٩٦) بە زنجیرەیەک هێرشکردن بۆ سەر یەکتر دەستیان پێکرد و ئەم گەڕەی شەڕ گشتگیر بوو، زۆربەی ناوچەکانی گرتەوە، کە خۆی لە شەش قۆڵی شەڕدا دەبینییەوە، ئەوانیش قۆڵەکانی دۆڵی خانەقا و قەسرێ و ڕەواندز، قۆڵی دووەم ناوچەکانی باڵەکایەتی و چۆمان، قۆڵەکانی سێیەم ناوچەکانی زیارەت و

---

١- لەسەر بانگەوازەکەی (پ.د.ک) بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (٩).

٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٣٦٢)، ١٩٩٦/٨/١٨، ل١.

٣- نیاز جەلال دەرگەڵەیی: ناوبراو لە ساڵی (١٩٥٦) لە گوندی دەرگەڵەیی سەر بە ڕەواندز لە دایکبووە، لە ساڵی (١٩٧٧) پەیوەندیی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە، لە ساڵی (١٩٩٢) لە سەروبەندی دامەزراندنی سوپای یەکگرتووی کوردستاندا بووەتە فەرماندەی (٣)ی لیوای (٣٢) لە هەریر، لە سەروبەندی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆدا لێپرسراوی بەرەی دەرگەڵە و خانەقا بووە، لە ساڵی (١٩٩٦) بەهۆی هەندێک کێشەی ناوخۆییەوە وازی لە (ی.ن.ک) هێناوە و پەیوەندی بە (پ.د.ک)وە کردووە، بووەتە لێپرسراوی لیوای (٦٥)ی (پ.د.ک) لە سنووری سۆران و برادۆست، لە (١٦/ئابی ١٩٩٦) جارێکی دیکە پەیوەندی بە (ی.ن.ک) کردووە و کراوە بە قائیمقامی قەزای چۆمان، بە پەیوەندی کردنەوەی بە (ی.ن.ک) گەڕێکی دیکەی شەڕ لە نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) دەستی پێکردەوە. بڕوانە: فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب٣، چ٤، دەزگا و چاپ و بڵاوکردنەوەی سەروەری، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٢٢٧٩-٢٢٨١.

٤- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (محمد حاجي محمود)، گوندی گوڵەخانە، (٢٠ /٢/ ٢٠٢٢).

سماقوڵی، قوڵی چوارەم ناوچەکانی هەریر، قوڵی پێنجەم ناوچەکانی کەسنەزان و بنەسڵاوە، قوڵی شەشەم شەقڵاوە و هیران بوو. لە شەڕەکانی (١٧-٢٠/ ئابی ١٩٩٦)دا، هێزەکانی (ی.ن.ک) بە هاوکاریی و پاڵپشتی تۆپخانەکانی ئێران دەستی بەسەر ناوچەکانی چۆمان و حاجی ئۆمەراندا گرت و بە دەیان پێشمەرگەی (پ.د.ک) بوونە قوربانی و هێزەکانی (پ.د.ک) بە تەواوەتی لە لاواز ببوون و شەڕیان پێنەدەکرا.[١]

لەسەر هاوکاریی و پاڵپشتییەکانی ئێران بۆهێزەکانی (ی.ن.ک)، (پ.د.ک) لە ڕاگەیەندراوێکدا، کە لە پاشکۆی ژمارە (٩) ئاماژەی بۆ کراوە، باس لە تۆپبارانکردنی بنکە و بارەگاکانی (پ.د.ک) لەلایەن ئێرانەوە لە ناوچەکانی (باڵەکایەتی، چۆمان، قەسرێ، حاجی ئۆمەران و گەڵاڵە) دەکات باس لە کوژرانی (١٠٠) پێشمەرگەی (پ.د.ک)، لە ماوەی (٣) ڕۆژدا دەکات. هەروەها دەڵێت، کە ئەمە بواری بۆ سەرکردایەتی (ی.ن.ک) ڕەخساندووە، چەند سەرکەوتنێک بەدەست بهێنن و باس لە هاتنی هێزەکانی (ی.ن.ک) لە ناو سنووری خاکی ئێرانەوە بۆ لێدان لە هێزەکانی (پ.د.ک) دەکات.[٢] (ی.ن.ک) ڕاگەیەندراوی ژمارە (١٠٥) دەربارەی شەڕ و پێکدادانەکانی (١٧-١٨/ ئابی ١٩٩٦) لە دەوروبەری دۆڵی خانەقا و قەسرێ و ناوچەی ڕەواندز و ناوچەی سوسێی سەر بە کۆیە و کەپکی حەمەد ئاغا و قەزای شەقڵاوە و ناوچەکانی دەوروبەری هەولێر لە بنەسڵاوە، کەسنەزان، باخچە و بیوکە بڵاوکردەوە، کە باس لە کوژانی ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە لە هەردوو لایەنی شەڕکەر دەکات.[٣] لە شەڕەکانی قوڵی (کڵاو قاسم، شەقڵاوە و کەپکی حەمەد ئاغا) لە (١٩/ ئابی ١٩٩٦)، (پ.د.ک) باس لە کوژرانی (١٩)پێشمەرگەی (ی.ن.ک) و (٦) پێشمەرگەی (پ.د.ک) دەکات.[٤] هێزەکانی (ی.ن.ک) لە پێشڕەویدا بوون و هێزەکانی (پ.د.ک) لە پاشەکشێی بەردەوامدا بوون، لە دوای دەستگرتن بەسەر ناوچەی (کڵاو قاسم) و بەرزاییەکانی، لە لایەن (ی.ن.ک)ەوە، لە (٢٠/ ئابی ١٩٩٦) هێزەکانی (پ.د.ک) لە دژە هێرشێکدا توانیان دەستبەسەر ناوچەکانی کڵاو قاسم و دەوروبەریدا بگرنەوە. ژمارەیەکی زۆر کوژراو و بریندار لە هەردوولا هەبوو.[٥]

ناوچەی باڵەکایەتی بووە مەیدانی گەرمی شەڕی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک). لە شەڕەکانی (١٧- ٢٢/ ئابی ١٩٩٦)، هێزەکانی (ی.ن.ک) بە تەواوەتی دەستیان بەسەر زۆربەی ناوچەکانی باڵەکایەتیدا گرت. دەستگرتن بەسەر ئەم ناوچانەدا، گرنگییەکی زۆری هەبوو، هەم بۆ (ی.ن.ک) و هەم بۆ (پ.د.ک)یش، چونکە دەکەوتنە سنووری عێراق- ئێران و هەروەها بوونی ڕێگای هەولێر- دیانا- حاجی ئۆمەران، کە لەنێوان عێراق ئێراندا شادەمارێکی ئابووری بەهێز بوو، هەربۆیە هەر هێزێک دەستی بەسەر ئەم ناوچانەدا بگرتایە، دەیتوانی چەندین دەستکەوتی سیاسی و ئابووری گرنگ بۆ خۆی مسۆگەر بکات.[٦]

هێزەکانی (ی.ن.ک) بە تەواوەتی تەنگیان بە هێزەکانی (پ.د.ک) هەڵچنیبوو، ڕێگای هاملتۆن لە حاجی ئۆمەرانەوە هەتا ڕەواندز کەوتە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی (ی.ن.ک)، ئامانجی (ی.ن.ک) ئەوە بوو، کە ناوچەکانی خەلیفان و سپیلک لە ژێردەستی (پ.د.ک) دەربهێنێت، بەوەیش (پردی قەندیل)یان لە دەست دەردەچێت و لە ئەنجامدا سەلاحەدین و سەری ڕەش، کە سەرکردایەتی (پ.د.ک)ی لێ بوو، گەمارۆ دەدرا.[٧] لە لە (٢٢/ ئابی ١٩٩٦) شەڕی قورسی نێوان هەردوولا لە ناوچەی (سیدەکان) دەستی پێکرد، لە شەڕەکەدا هێزەکانی (ی.ن.ک) شکا و نزیکەی (٥٠) کوژراویان هەبوو.[٨] ئەوەی لەم گەرەی شەڕدا پتر بەدی دەکرا، کێشەی خێڵ و عەشیرەتەکان بوون، کە زۆرێک لە خێڵەکانی ناوچەکە لەوانە (سورچییەکان و برادۆستییەکان) بوونە لایەنگر و لایەن لە شەڕەکەدا، لە بەرامبەر بەشدارییکردنی برادۆستییەکان لە شەڕدا. (ی.ن.ک) بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە ڕاپەڕین بەرێوەیە، لەوەشدا مەبەستیان بەگژداچوونەوی برادۆستییەکان بۆ (پ.د.ک) بوو.[٩]

لەسەر شەڕی سیدەکان، عومەر عوسمان، فەرماندەی هێزەکانی (پ.د.ک) لە شەڕی سیدەکان لە (٢٢/ ئابی ١٩٩٦) دەڵێت: "(ی.ن.ک) ژمارەیەکی زۆری هێزی برادۆستییەکان و سورچییەکانی لە کۆیەوە بۆ ڕانیە و زەڵێ و قاسمەڕەش ناردۆتە سەردەشت سنووری ئێران لەوێشەوە بۆ ناوچەی برادۆست و سیدەکان تا شەڕی

١- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (١٣٦٥)، ١٩٩٦/٨/٢١، ل١.
٢- گۆڤاری گوڵان، ژ(٨٣)، ١٩٩٦/٨/٢١، ل١-٣.
٣- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (١٣٦٥)، ١٩٩٦/٨/٢١، ل١.
٤- ڕۆژنامەی گوڵان، ژ(٨٣)، ١٩٩٦/٨/٢١، ل٢.
٥- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢١٨٢)، ١٩٩٦/٨/٢٨، ل١.
٦- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٣٧٣)، ١٩٩٦/٨/٢٩، ل١.
٧- حسێن عارف: س.پ، ب٢، ل٢٠٧.
٨- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٥٧٥؛ لیزان: ٣٠ وانە، ل٢٨.
٩- حسێن عارف: س.پ، ب٢، ل٢٠٧؛ ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢١٨٢)، ١٩٩٦/٨/٢٨، ل٨.

(پ.د.ک)ی پێبکات".[١] لە شەڕی ناوچەی سیدەکان، لە سەرەتادا هێزەکانی (ی.ن.ک) دەستیان بەسەر چەند ناوچەیەکدا گرت و لە ئەنجامی بەردەوامی، شەڕ لەو قۆڵەدا هێزەکانی (ی.ن.ک) شکان و هەریەکە لە (سەردار حوسێن ئاغای سورچی و قادر بەگ) کوژران و هەندێکی تریان بە دیلی کەوتنە دەست هێزەکانی (پ.د.ک). فەرماندەی (پ.د.ک) لەو شەڕەدا، هەریەکە لە (عومەر عوسمان، بابەکر زرێباری و حەمید ئەفەندی) بوون، کە فەرماندەیی لیوای (٦١)ی (پ.د.ک)یان دەکرد.[٢] لە دوای زنجیرەیەک لە شەڕ و پێکدادانی نێوان هەردوولا، لە لە شەوی ٢٥- ٢٦/ ئابی ١٩٩٦) جارێکی تر شەڕی توند لەنێوان هەردوولادا لە قۆڵەکانی کەپکی حەمەد ئاغا و کڵاو قاسم و دەوروبەری ڕوویدا و (پ.د.ک) باس لە شکانی هێزەکانی (ی.ن.ک) لەو شەڕەدا دەکات، جگە لە کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک) لە مەیدانی شەڕەکەدا.[٣] هەروەها باس لە بەردەوامی تۆپبارانەکانی سوپای ئێران بۆ سەر بنکە و بارەگانیان دەکات. لە شەڕەکانی (١٦- ٢٨/ ئابی ١٩٩٦) و دەڵێت:" (فەرەیدون عەبدولقادر و شێردڵ حەوێز) لە ناو خاکی ئێرانەوە سەرپەرشتی ئەو تۆپبارانەیان کردووە".[٤]

شەڕ و پێکدادانەکانی (٢٢-٣٣/ ئابی ١٩٩٦) بەشێوەیەک بوون، کە هێزەکانی (ی.ن.ک) لە هەموو قۆڵەکاندا لە پێشڕەوییدا بوون و هێزەکانی (پ.د.ک) لە پاشەکشێیەکی تەواودا بوون و خەریک بوو هێزەکانی (پ.د.ک) بە تەواوەتی شکست بهێنێت و شەڕ گەیشتە کەسنەزان، چیای سەفین، زیارەت، کڵاو قاسم، کەپکی حەمەد ئاغا، دۆڵی ئالانە و ڕەواندز. (پ.د.ک) لە سەرجەم شەڕەکاندا شکا و ژمارەیەکی زۆر کوژراو و بریندار ی هەبوو، هەتاکو ڕووداوی (٣١/ ئابی ١٩٩٦) بە تەواوەتی مەترسیی لەسەر سەرکردایەتی (پ.د.ک) لە سەری ڕەش دروستبوو.[٥]

**تەوەری دووەم: ڕووداوی (٣١/ ئابی ١٩٩٦)**

ڕووداوی (٣١/ ئابی ١٩٩٦) لە مێژووی هاوچەرخی کورددا زۆرترین قسە و باسی لەسەر کراوە، ئەوەی لەسەری باسکراوە بە جۆرێک لایەنگیریی و پشتگیریی تەواوی بۆ یەکێک لە لایەنەکانی شەڕکەر پێوە دیارە، ئەم ڕووداوەش درێژکراوەی گەڕەکانی پێشووتری شەڕی ناوخۆیە، بەڵام ئەم گەڕەیان جیاواز لە گەڕەکانی پێشووتر و بگرە لەنێوان هەردوو هێزی شەڕکەردا گەڕێکی یەکلاکەرەوە بوو، لە سەرەتای گەڕی یەکەمی شەڕی ناوخۆ لە (١/ ئایاری ١٩٩٤) هەتا (٣١/ ئابی ١٩٩٦) شەڕەکانی نێوانیان بە تەواوەتی یەکلایی نەبووەوە، بەڵام پارسەنگی هێز و سەرکەوتن پتر بە لای (ی.ن.ک)ەوە بوو، ئەویش لە دوای کۆنترۆڵکردنی شاری هەولێر، لە گەڕی دووەمی شەڕی ناوخۆ لە ناوەڕاستی (کانوونی یەکەمی ١٩٩٥) و دەرکردنی (پ.د.ک) لە هەولێر. بەڵام لە گەڕی سێیەمی شەڕی ناوخۆی نێوان هەردوولا، لە دوای ڕووداوی (٣١/ ئابی ١٩٩٦)، پارسەنگی هێز بە تەواوەتی بە لای (پ.د.ک)دا شکایەوە، ئەویش لە دوای هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە هەولێر و دەوروبەری، کە بووە هۆی شکستی سەربازیی (ی.ن.ک) و چۆڵکردنی ناوچەکانی کوردستان.

ئەم ڕووداوە هەندێک بە ناپاکیی و هەندێکیش بە شکۆمەندیی ناوی دەبەن، هەر لایەنە، بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک هۆکار، ڕووداوەکە شرۆڤە دەکەن. ئەوانەی بە شکۆمەندیی ناوی دەبەن، دەڵێن، کە هۆکارەکان ئەمانە بوون: دەستوەردانی ئێران لە ڕووداوەکانی گەڕی سێیەمی شەڕی ناوخۆ لە بەرژەوەندی (ی.ن.ک)، بێدەنگبوونی ئەمریکا لە ئاست دەستدرێژییەکانی ئێران بۆ ناوچەکە و هەروەها خەبات لە پێناو مانەوەی (پ.د.ک)، کە پتر لە (٥٠) ساڵە خەباتی هەیە، واتە بوونی (٣١/ ئابی ١٩٩٦) بۆ (پ.د.ک)، بابەتی مان و نەمان بوو. لە بەرامبەر ئەمەدا لایەنەکەی تری شەڕەکە، ڕووداوی (٣١/ ئابی ١٩٩٦) و دواتری بە پەڵەیەکی ڕەش لە مێژووی هاوچەرخی کورد ناودەبات، کە تێیدا دەستوەردانی سوپای عێراق گەیشتە لووتکە لە دژیان، ئەمەیش بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک هۆکار، لەوانە کورد بەدرێژایی مێژووی خەباتی خۆی، لە دژی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بەگشتی و حکومەتی بەعس بەتایبەتی، لە ڕووبەڕووبوونەوەدا بووە. لە دوای تێپەڕبوونی ڕۆژگارێکی درێژ دژ بە حکومەتی بەعس و ڕاپەڕینی گەلی کورد و دروستبوونی حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان. پەنابردنە بەر حکومەتی عێراق و داگیرکردنی هەولێر و پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی وەزیران، کە بەری ڕەنجی خەباتی گەلی کوردە، لە پێناو یەکلاییکردنەوەی کێشەی نێوان

١- عمر عوسمان: ژیانی کوردێک، ب١، چ٣، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٩٢- ١٩٣.
٢- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢١٨٢)، ل٨؛ عمر عوسمان: س.پ، ب١، ل١٩٦.
٣- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢١٨٢)، ل٨.
٤- گۆڤاری گوڵان، ژ(٨٤)، تایبەت بە شەڕەکانی (١٦- ٣١/ ئابی ١٩٩٦)، ١/ ئەیلولی ١٩٩٦، ل١٤.
٥- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٥٧٣-٥٧٥.

(ی.ن.ک) و (پ.د.ک) و هێنانی سوپای عێراق بۆ هەولێر و گرتنەوەی بە یارمەتی سوپای عێراق یەکێکە لە گەورەترین خیانەتەکان لە مێژووی کورددا. لە گەرمەی شەڕ و شکستی هێزەکانی (پ.د.ک) لە (ئابی ١٩٩٦)، مەسعود بارزانی لە (٢٢/ ئابی ١٩٩٦) نامەیەکی ئاراستەی سەدام حسێن، سەرۆک کۆماری عێراق کرد و تێیدا هاتووە، کە "هەردوو ناوچەی چۆمان و سیدەکان لە (١٧/ ئابی ١٩٩٦)ەوە تووشی دەستدرێژیی ناڕەوای ئێران و هێزەکانی (ی.ن.ک) بۆتەوە، کە بووەتە هۆی کوژران و بریندار بوونی هاوڵاتیان و زیانگەیاندن بە موڵک و ماڵیان، مەسعود بارزانی لە نامەکەیدا دەڵێت:" ئەم پیلانە لە توانای ئێمە گەورەترە، بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە فەرمان بدەن بە هێزی چەکداریی سوپای عێراق بەشداریی و پشتگیری لە بنەبڕکردنی دەسەڵاتی ئێران و نەهێشتنی هێزەکانی (ی.ن.ک) بکات".[١]

بارزانی لە نامەکەیدا بۆ سەدام حسێن، پلانەکانی (CIA) و پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق بۆ لەسەرکارلابردنی سەدام حسێن ئاشکرا کرد. لە نامەکەیدا بارزانی بەم شێوەیە دەستی پێکردووە: "ئێوە بە زیرەکی و ژیری خۆتان بیر لە دەستوەردانی ئێرانییەکان لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا بکەنەوە، سەدام حسێن دەستبەجێ بە دەم داواکەی بارزانییەوە چوو"،[٢] بەو مەرجەی، کە سوپای عێراق لە وەشاندنی گورز لە هەر پارتێک، کە بیەوێت بەتایبەتی بەرەی تورکمانی و حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بە سەرۆکایەتی دکتۆر ئەحمەد چەلەبی و (باسک)، دەستکراوە بێت. (پ.د.ک) ڕەزامەندی لەسەر هەردوو حیزبی یەکەم و دووەم دەربڕی، بەڵام بە هێرشکردن بۆ سەر (باسک)، هەروەها ڕێگەدان بە دەستگرتن بەسەر پێگەکانی (CIA) لە سەلاحەدین ڕازی نەبوو.[٣] سەبارەت بە پەیوەندی (پ.د.ک) بە حکومەتی عێراقەوە، جەلال تاڵەبانی دەڵێت: "ئێمە دەمانزانی ڕژێمی عێراق و (پ.د.ک) پێکەوە هێرش دەکەن، بە ماوەی هەفتەیەک پێش هێرشەکەی (٣١/ ئاب)، ئاگاداری پەیوەندی نێوان هەردوولا و ناردنی وەفدەکان بووین، ئێمە پشت ئەستوور بووین بە بەڵێنەکانی ئەمریکا، کە سوپای عێراق هێرش بکات، لێیان دەدەن، بۆیە هیچ ئامادەکارییەکی ئەوتۆمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان" نەکردبوو".[٤]

لە (٣٠ ئابی ١٩٩٦) هەریەکە لە (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان لە لەندەن کۆبوونەوە، لە شەوی (٣١/ ئابی ١٩٩٦) لە کەڵەکی یاسین ئاغا بەرپرسە سەربازییەکانی (پ.د.ک) و حکومەتی عێراق لەسەر هێرشەکە کۆبوونەوە و ئەو پارتانەیان ئاگادارکردوە، کە لە (پ.د.ک)ەوە نزیکن، بۆ ئەوەی بەیانی (٣١/ ئابی ١٩٩٦) سوپای عێراق هێرش دەکاتە سەر شاری هەولێر، بارەگاکانیان چۆڵ بکەن.[٥] پلانەکە بەشێوەیەک بوو، کە هێزەکانی (ی.ن.ک) لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ بدرێت، لە بەرەبەیانی (٣١/ ئابی ١٩٩٦)دا هێزەکانی سوپای عێراق لە کەرکوک و موسڵەوە جوڵەیان پێکرا و لە چەند قۆڵێکەوە سوپای عێراق بەرەو شاری هەولێر بەڕێکەوتن.

قۆڵی یەکەم: لە ڕێگەی سەرەکی هەولێر- کەرکوک لە ئۆردوگای قوشتەپەوە بەرەو خۆرهەڵاتی هەولێر و لەوێشەوە بەرەو باکووری هەولێر و ئۆردوگای کەسنەزان و دارەتوو دەست پێدەکات.

قۆڵی دووەم: لە ڕێگەی دیبگەوە بەرەو ناو شاری هەولێر دەست پێدەکات.

قۆڵی سێیەم: لە ڕێگەی گوێرەوە بەرەو کانی قرژاڵە و لەوێشەوە بەرەو ناو هەولێر.

قۆڵی چوارەم: بە دوو ئاراستەدا دەڕوات: ئاراستەی یەکەم لە ڕێگەی موسڵەوە بەرەو ناو هەولێر؛ ئاراستەی دووەم، لە هەمان ڕێگەوە بەرەو پشتی عەنکاوە. (پ.د.ک) هێزەکانی خۆی لە باکوری هەولێر کۆبکاتەوە.[٦]

١- ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ(٢٥١٥)، ٢/ ئەیلولی ١٩٩٦، ل١؛ سەلاح رەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، ل٤٤٧.
٢- بێ ناوی نووسەر: (٣١/ ئاب) ئەو ڕووداوەی ڕزگارکردنی کەرکوکی لەناوبرد، گۆڤاری لڤین، ژ(١٠١)، ١/ ئەیلولی ٢٠٠٩، ل٨.
٣- بێ ناوی نووسەر: وردەکارییەکانی ٣١/ ئاب لە بەڵگەنامەکاندا، گۆڤاری لڤین، ژ(٧٤)، ١/ ئەیلولی ٢٠٠٨، ل٣٢.
٤- سەلاح رەشید: دیداری تەمەن، ب٢، ل٢٤٩.
٥- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٥٥٤-٥٥٥.
٦- دیکۆمێنتاری کەناڵی (NRT) لەسەر ڕووداوی (٣١/ ئاب)، (٣١/ ئابی ٢٠١٨)، کاتژمێر (٠٩:٠٠) بڵاوکراوەتەوە، (تۆمارکراوە لای توێژەر)، لە (١/ئەیلولی ٢٠٢٢) بەکارهێنراوە.
www.youtube.com/watch?app=desktop&v=hxyuNplGXVw&feature=share

ئەو هێزانەی حکومەتی عێراق، کە بەشدارییان لە هێرشەکەی (٣١/ ئابی ١٩٩٦)دا کرد، لە ڕاهێنراوترین و ئامادەترین هێزەکانی سوپای عێراق بوون. کە لە ساڵی (١٩٩١)ەوە بۆ یەکەمین جار، سەربازەکانی (گاردی کۆماری) لە بنکەی سەرەکی خۆیان لە بەغداد دوورکەوتنەوە. ئەو هێزانەی سوپای عێراق، کە بەشداریی هێرشەکەی (٣١/ ئابی ١٩٩٦)یان کردبوو، لەمانە پێکهاتبوون: هێزەکانی گاردی کۆماری، فەیلەقی (١-٥)ی سوپای عێراق. لە پاڵ ئەم هێزانەدا، چەندین هێزی دیکەی سوپای عێراق بەشدارییان کرد. بەشێک لەو تانکانەی لە هێرشەکەی سەر هەولێردا بەکارهاتبوون، لە جۆری (T72) بوون، کە لەو کاتەدا پێشکەوتووترین تانکی سوپای عێراق بوو، نزیکەی (٤٠٠) تانک و ژمارەیەک زرێپۆش و چەندین کەتیبەی تۆپخانە بەشدارییان کرد.[١]

ژمارەی هێزەکانی سوپای عێراق، (٣٠) هەزار سەرباز بوو بە سەرکردایەتی ڕاستەوخۆی (قوسەی کوڕی سەدام حسێن) و وەزیری بەرگری ئەوکاتەی عێراق (سوڵتان هاشم) و سوپاسالاری ئەو کاتەی عێراق (فەریق روکن عەبدولواحید شنان) بوو. حکومەتی عێراق ئەم پرۆسەیەی ناونابوو (آب المتوکل علی الله).[٢] دواجار لە بەرەبەیانی (٣١/ ئابی ١٩٩٦)، هێزەکانی حکومەتی عێراقی بە چاوساغیی (پ.د.ک) هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە هەولێر و دەوروبەری کرد، ئەویش لە دوای تۆپبارانکردنی هێزەکانی (ی.ن.ک) لە هەموو قۆڵەکانی شەڕدا، سەرەتای شکستی هێزەکانی (ی.ن.ک) لە بەرامبەر سوپای عێراق و (پ.د.ک) لە قۆڵی هەولێر- گوێر دەبێت، کە (عوسمان بانیمارانی) فەرماندەی هێزەکانی (ی.ن.ک) بوو. لە دوای شکانی هێزەکانی (ی.ن.ک)، (١٣) پێشمەرگەیان لەلایەن سوپای عێراقەوە بە دیل دەگیرێن و ڕاستەوخۆ لەلایەن (پ.د.ک)ەوە دەکوژرێن.[٣] هێزەکانی سوپای عێراق و (پ.د.ک) لە ماوەیەکی کەمدا دەستیان بەسەر ڕێگەکانی (قوشتەپە، دێگەڵە، بنەسڵاوە و دارەتوو) هەتا ڕێگای هاوینە هەواری سەلاحەدین و ناوچەکانی بەحرکە و دەوروبەری خۆرئاوای هەولێردا گرت. لە کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆی (٣١/ ئابی ١٩٩٦) تانک و هێزەکانی سوپای عێراق گەیشتنە ناو بینای پەرلەمانی کوردستان و هێزەکانی (ی.ن.ک) لە هەموو قۆڵەکانەوە شکستیان هێناو بەرگرییان پێنەکرا. هێزەکانی (ی.ن.ک) لە شەوی (١/ ئەیلولی ١٩٩٦) لە ڕێگەی بنەسڵاوەوە چوونە بێستانە.[٤] لەوێشەوە بۆ چەمرگە، بەم شێوەیە لە شاری هەولێر چوونە دەرەوە.[٥]

سەبارەت بە شەڕ و پێکدادانەکانی (٣١/ ئابی ١٩٩٦)، (ی.ن.ک) لە ناو شاری هەولێردا زیانێکی زۆری بەرکەوت، بەگوێرەی ئامارێک، قوربانییەکانی (ی.ن.ک) لە (٣١/ ئابی ١٩٩٦)دا (١٠٠- ١٥٠) کەس بووە.[٦] ئەمە جگە لە گرتن و لە ناوبردنی ئەندامانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و تێکدانی بنکە و بارەگاکانی (INC) لە ناوچەکانی سەلاحەدین و قوشتەپە، لە ئاکامی هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە قوشتەپە، (٩٦) ئەندامی (INC) کوژران و جگە لە دیلکردنی ژمارەیەکی زۆریشیان.[٧] هەروەها لە لە ئاکامی هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر بارەگای بەرەی تورکمانی، جگە لە کوژرانی (٢٥) کەس،[٨] (١٨) ئەندامیشیان لەلایەن سوپای عێراقەوە بێسەروشوێن کراون،[٩] هەروەها دەستگرتن بەسەر بنکە و بارەگاکانی (CIA) لە سەلاحەدین و تاڵانکردنی تەواوی کەلوپەلەکانی ناو بارەگاکە.[١٠] جگە لە گرتنی (٢) هەزار ئەندام و لایەنگری (ی.ن.ک) لە هەولێردا، لە ناویاندا د. فواد مەعسوم، ئەندامی م. س (ی.ن.ک) و سەرۆکی یەکەمین حکومەتی هەرێم (١٩٩٢- ١٩٩٣)ی تێدا بوو.[١١]

---

١- دێکۆمێنتاری (SHAR PRESS) لەسەر ڕووداوەکانی (٣١/ ئاب)، (١/ حوزەیرانی ٢٠٢١) بڵاوکراوەتەوە، (تۆمارکراوە لای توێژەر)، لە (٢/ئەیلولی ٢٠٢٢) بەکارهێنراوە.
www.youtube.com/watch?app=desktop&v=kTCxuDP٤nSE&feature=share

٢- بێ ناوی نووسەر: گۆڤاری لڤین، ژ(٧٤)، س.پ، ل٣٣ ؛ ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ(٢٥٢٦)، ٣/ ئەیلولی ١٩٩٦، ل١؛ چارلز تریب: چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی عێراق، و.محمد حوسێن- عبدالقادر کەلهور، چ٢، هەولێر، ٢٠١١، ل٣٦٣.

٣- مەسعود مەحمود حەسەن: س.پ، ل١٧٤؛ بێ ناوی نووسەر: ٣١/ ئاب لە بەڵگەنامەکاندا، گۆڤاری لڤین، ژ(٧٤)، ل٣٣.

٤- محمود سەنگاوی: س.پ، ل٥٢١.

٥- مامە غەفە: لەوەتەی هەم پێشمەرگەم، چ٢، چاپخانەی ئاوێر، هەولێر، ٢٠٢١، ل٣٤٨؛ محمود سەنگاوی: س.پ، ل٥٢١.

٦- مەسعود مەحمود حەسەن: س.پ، ل١٧٥؛ ئۆفرا بینگیو: س.پ، ل٣٦٦.

٧- د. أحمد الجلبي: عراب غزو العراق، بغداد، ٢٠٠٩، ل٧٠؛ ئۆفرا بینگیو: س.پ، ل٣٦٦.

٨- د. هێرش عبدالله حمەکریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ، ل١٨٨.

٩- بێ ناوی نووسەر: ٣١/ ئاب لە بەڵگەنامەکاندا، گۆڤاری لڤین، ژ(٧٤)، ل٣٢.

١٠- بێ ناوی نووسەر: ٣١/ ئاب ئەو ڕووداوەی ڕزگارکردنی کەرکوکی لە ناو برد، گۆڤاری لڤین، ژ(١٠١)، ل٩.

١١- ئۆفرا بینگۆ: س.پ، ل٣٦٦؛ ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢١٨٣)، ١٩٩٦/٩/٣، ل١.

لە دوای شکانی هێزەکانی (ی.ن.ک) لە ناو هەولێر و کشانەوەیان لە دەرەوەی هەولێر، هێڵی بەرگرییان لە ناوچەکانی چەمرگە و دێگەڵە دانا تا بتوانن ڕووبەڕووی هێزەکانی (پ.د.ک) و حکومەتی عێراق ببنەوە.[١] لە (٥/ ئەیلولی ١٩٩٦) لە ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر، لە دەوروبەری بێستانە و گوندەکانی باخچە و چەمرگە و پونگینە و هەمزە بەگ تا بەرزاییەکانی وسوییان شەڕ و پێکدادانی قورس لەنێوان هێزەکانی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) ڕوویدا و هێزەکانی (ی.ن.ک) شکان و ژمارەیەکی زۆر کوژراو و بریندار لە هەردوولا هەبوو. (پ.د.ک) باس لە کوژرانی (١٧٠) پێشمەرگەی (ی.ن.ک) لە شەڕەکانی (٥/ ئەیلولی ١٩٩٦) دەکات.[٢]

لە دوای شکانی هێزەکانی (ی.ن.ک) و پێشڕەویی پتری هێزەکانی (پ.د.ک)، لە (٨/ ئەیلولی ١٩٩٦) لەلایەن هێزەکانی (پ.د.ک)ەوە، دەست بەسەر کۆیە و هەیبە سوڵتاندا گیرا.[٣] ئەمەیش لە کاتێکدا بوو، سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بە بریاری جەلال تاڵەبانی لە (٧/ ئەیلولی ١٩٩٦)، بریاری کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی (ی.ن.ک) بۆ ناوچە سنوورییەکانی ئێران دا.[٤] هێزەکانی (ی.ن.ک) بە دوو ئاراستەدا بەرەو ناوچە ناوچە سنوورییەکانی ئێران کشانەوە، هێزەکانی کەرکوک و سلێمانی بە ئاراستەی سنووری سەیرانبەن، هێزەکانی هەولێر و کۆیە و باڵەکایەتی بە ئاراستەی سنووری کێلێ و قاسمەڕەش دا.[٥] ئەمە جگە لە کشانەوەی هەندێک لە هێزەکانی (ی.ن.ک) لە ناوچەکانی گەرمیان بۆ ناوچە سنوورییەکانی ئێران لە (چیا ڕەزا و دێی سوتک)، کە دوو گوندی سنووری عێراق- ئێرانن.[٦] لە (٩/ ئەیلولی ١٩٩٦) هێزەکانی (ی.ن.ک) لە شاری سلێمانی پاشەکشێیان کرد.[٧] لەدوای پاشەکشێی هێزەکانی (ی.ن.ک) لە سلێمانی، ئێوارەی (٩/ ئەیلولی ١٩٩٦) هێزەکانی (پ.د.ک) دەستیان بەسەر شارەکەدا گرت، لە (٩/ ئەیلولی ١٩٩٦) زۆربەی ناوچەکانی کوردستان کەوتە دەست هێزەکانی (پ.د.ک).[٨] لە (١١/ ئەیلولی ١٩٩٦) ناوچەکانی کەلار، کفری، دەربەندیخان، مەیدان، مەیدان، بەمۆ، پێنجوێن و ناڵپارێز کۆتا ناوچە بوون، کە لەلایەن هێزەکانی (پ.د.ک)ەوە دەستیان بەسەردا گیرا.[٩]

هەر لە سەروبەندی شەڕەکانی دوای (٣١/ ئابی ١٩٩٦)، (پ.د.ک) هەوڵی بە گەڕخستنەوەی پەرلەمانی دا، بۆ ئەو مەبەستەش لە (٣/ ئەیلولی ١٩٩٦) لە مزگەوتی گەورەی شەقڵاوە لە کۆبوونەوەیەکی نائاساییدا، بە ئامادەبوونی (٤٢) ئەندام پەرلەمانی (پ.د.ک) و (١١) ئەندامی پەرلەمانی (ی.ن.ک) و (٣) ئەندام پەرلەمانی لیستی مۆرو (مەسیحییەکان)، لەسەر درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان کۆبوونەوە، کە لە (٤/ ئەیلولی ١٩٩٦) کۆتایی دەهات و ماوەی پەرلەمان هەتا (٤/ حوزەیرانی ١٩٩٨) درێژکرایەوە. ئەمەیش بۆ سێیەمین جار بوو، بەهۆی شەڕی ناوخۆوە، ماوەی پەرلەمان درێژکرایەوە. جارێک لە (دارەبەن) و جارێک لە ناوچەیەک لە نێوان شاوەیس و مەلا هۆمەردا، جاری سێیەم لە مزگەوتی گەورەی شەقڵاوە.[١٠]

لە کۆبوونەوەی دووەمی پەرلەماندا لە (١٦/ ئەیلولی ١٩٩٦)، بە ئامادەبوونی (٦٥) ئەندام پەرلەمان دەنگدانی (٦٤) ئەندام پەرلەمان د. ڕۆژ نوری شاوەیس بۆ پێکهێنانی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێم ڕاسپێردرا. هەر لەو کۆبوونەوەی پەرلەماندا، بریاری ڕەتکردنەوەی بریاری ژمارە (٣١)ی پەرلەمانی کوردستان درا، کە لە (٢٦/ تشرینی دووەمی ١٩٩٤)، بۆ پێکهێنانی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێم دەرکرابوو. هەروەها بریاری ژمارە (٢) بۆ دیارییکردنی د. ڕۆژ نوری شاوەیس بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ دەرکرا.[١١]

---

١- جلال ئێڵنجاغی: لە شاخەوە بۆ شار، ل١٧٣؛ محمود سەنگاوی: س.پ، ل٥٢٤.
٢- جلال ئێڵنجاغی: لە شاخەوە بۆ شار، ل١٧٣؛ محمود سەنگاوی: س.پ، ل٥٢٤؛ گۆڤاری گوڵان، پانۆرامای سەرکەوتن، ژ(٨٥)، ژ(٨٥)، ١٩٩٦/٩/١٠، ل٤.
٣- گۆڤاری گوڵان، ژ(٨٥)، ١٩٩٦/٩/١٠، ل٤.
٤- محمود سەنگاوی: س.پ، ل٥٢٥.
٥- جلال ئێڵنجاغی: لە شاخەوە بۆ شار، ل١٧٥؛ محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٦٠٥.
٦- محمود سەنگاوی: س.پ، ل٥٢٨.
٧- مەسعود مەحمود حەسەن: س.پ، ل١٧٥.
٨- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی کوردستان لەلایەن (پ.د.ک) بروانە: گۆڤاری گوڵان، پانۆرامای سەرکەوتن، ژ(٨٥)، س.پ، ل٣- ٤- ٥؛ ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢١٨٤)، ١٩٩٦/٩/١٠، ل١.
٩- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢١٨٥)، ١٩٩٦/٩/١٤، ل٣.
١٠- ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، پرۆتۆکۆڵەکان، ب١٣، ١٩٩٥-١٩٩٦، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٧، ل١٠.
١١- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢١٨٦)، ١٩٩٦/٩/١٩، ل٥.

لە (٢٦/ ئەیلولی ١٩٩٦)، بە ئامادەبوونی مەسعود بارزانی و جەوهەر نامیق، سەرۆکی پەرلەمان و نوێنەری چەند پارتی سیاسی لە پەرلەمان دەنگ لەسەر کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێم- هەولێر بە سەرۆکایەتی د. ڕۆژ نوری شاوەیس درا.[1] سەبارەت بە ڕۆڵی وڵاتان لە ڕووداوەکانی (٣١/ ئابی ١٩٩٦)دا، عێراق ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی سوپاکەیەوە بەشداریی کردووە، هەرچەندە لە کۆبوونەوەی (٣٢)یەمینی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقدا ،کە سەدام حسێن بۆ خۆی سەرۆکایەتی دەکرد، بە ئامادەبوونی وەزیری بەرگری عێراق (فەریق روکنی یەکەم سوڵتان هاشم) لە (٣/ ئەیلولی ١٩٩٦) بڕیاری کشانەوەی سوپای عێراقی بۆ سەنگەر و ناوچەکانی پێشووتری خۆیان دا.[2]

دڵشاد بارزانی، نوێنەری ئەوکاتەی حکومەتی هەرێم لە ئەڵمانیا، سەبارەت بە هاتنی سوپای عێراق لە (٣١/ ئابی ١٩٩٦)دا دەڵێت: "ئەمریکا چرای سەوزی بۆ هاتنی سوپای عێراق بۆ هەڵکردین، ئەوەیش لە دوای ئەوەی (ی.ن.ک) پەلی هێزی ئێرانی بۆ ناو خاکی کوردستان ڕاکێشا، چونکە ئەمریکا بەتەواوەتی چاودێریی باروددۆخەکەی دەکرد".[3] سەبارەت بە ڕۆڵی تورکیا جەلال تاڵەبانی دەڵێت:"نەجمەدین ئەربەکان، سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتەی تورکیا ڕێگەی نەداوە بنکەی ئەنجەرلیک لە دژی عێراق بەکاربهێنرێت، ئەمەیش لە دوو ڕوانگەوە بووە، سیاسەتی تورکیا ئەوە بووە، کە هەولێر لە دەستی (پ.د.ک)دا بێت، باشترە لە (ی.ن.ک) و لە ڕوانگەی دووەمەوە، کە پەیوەندی بە بوونی (پ.ک.ک)ەوە هەبوو، (ی.ن.ک) زیاتر لە (پ.ک.ک) نزیک بوو، کە هێزێکی نەیاری تورکیا بوو".[4]

هەروەها ترسی تورکیا لەوە بوو، کە لە بەردەوامبوونی شەڕ و ئاڵۆزیی نێوان هەردوولا، بۆشاییەک لە ناوچە کوردییەکاندا دروست دەبێت و (پ.ک.ک) دەستی بەسەردا بگرێت.[5] سەبارەت بە ڕۆڵی ئەمریکا، هەڵوێستێکی وای نەبوو، لە کاتی هاتنی سوپای عێراق بێلایەنیی هەڵبژارد، ئەویش بە بیانووی ئەوەی، کە سوپای عێراق نەهاتوتە سەرووی هێڵی (٣٦)ی ناوچەی دژە فڕین، لەبەر ئەوە ئەمریکا ناتوانێت هێرشیان بکاتە سەریان و ڕێگایان لێبگرێت.[6] سیاسەتی ئەمریکا زۆر بە توندی دژی ئەوە بوو، ئێرانییەکان دەستبخەنە ناو کاروباری کوردستانەوە، چونکە لەو کاتەدا (ی.ن.ک) بەوە تاوانبار دەکرا، هێزەکانی ئێرانی هێنابێتە ناو کوردستانەوە، ئەمریکا سەدام حسێنی لە ئێران پێ باشتربوو.[7] هەرچەندە لە (٣/ ئەیلولی ١٩٩٦) ئەمریکا، لە وەڵامی دەستدرێژییەکانی سوپای عێراق لە (٣١/ ئاب ١٩٩٦)دا بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان، بە (٤٤) مووشەکی کروز، هێرشی بۆ سەر عێراق کرد، کەچی هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر ناوچەکانی باشووری عێراق بوو نەک ناوچەکانی باشووری کوردستان.[8]

لە دوای شکستی هێزەکانی (ی.ن.ک) و کشانەوەیان بۆ ناوچە سنوورییەکانی ئێران، (پ.د.ک) لەسەر هێرشەکانی بەردەوام بوو، لە (١٨/ ئەیلولی ١٩٩٦) بە هێزێکی زۆرەوە هێرشی بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە سنووری (سەیرانبەن) کرد. لەو شەڕەدا (٤) هاوڵاتی ئاسایی و (٤) پێشمەرگەی (ی.ن.ک) و (١) پێشمەرگەی (پ.د.ک) کوژران.[9]

هەروەها لە (١٩/ ئەیلولی ١٩٩٦) هێزەکانی (پ.د.ک)، بە ئامانجی ئەوەی، هێزەکانی (ی.ن.ک) لە هیچ ناوچەیەکی کوردستاندا نەمێنن، هێرشێکی بەرفراوانی بۆ سەر ناوچە سنوورییەکانی (شاناخسێ- شلێر) کرد. لەم شەڕەدا هێزەکانی (پ.د.ک) شکان و (١٥) کوژراویان هەبوو و لە هێزەکانی (ی.ن.ک)یش (٩) کوژراو هەبوو. لێرەوە دەستپێکی شکستی هێزەکانی (پ.د.ک) دەستپێیکرد.[10]

---

١- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێم – هەولێر، بڕوانە: ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق: پرۆتۆکۆڵەکان، ب١٣، ١٩٩٥-١٩٩٦، ل٦٣-٧٩.
٢- ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ(٥٢٢٦)، ٣/ ئەیلولی ١٩٩٦، ل١.
٣- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢١٨٥)، ١٩٩٦/٩/١٤، ل١.
٤- سلاح رەشید: دیداری تەمەن، ب٢، ل٢٥٢.
٥- د.شیرین فواد مەعسوم: س.پ، ل٢٩١.
٦- سەلاح رەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، ل٤٤٣-٤٤٤.
٧- د.شیرین فواد مەعسوم: س.پ، ل٢٩٠.
٨- لوکمان میهۆ: کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا، و.وریا رەحمانی، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٦٠٢- ٦٠٣.
٩- محمود سەنگاوی: س.پ، ل٥٣٠؛ حسێن عارف: س.پ، ب٢، ل٢٧٥.
١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٥.

لە دوای مانەوەی هێزەکانی (ی.ن.ک) لە سنووری ئێران لە (٢٠/ ئەیلولی ١٩٩٦)، لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی لە زەڵێ لە سنووری ئێران، بڕیاری گرتنەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان لە ئۆپەراسیۆنێکدا بە ناوی (گەردەلوولی تۆڵە).[١]

هێرشی بەرفراوانی (ی.ن.ک) لە (١١/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٦) بۆ سەر هێزەکانی (پ.د.ک)، بە هاوکاریی و یارمەتی ئێران لە چەندین قۆڵەوە دەستپێکرد، قۆڵەکانی شەڕ بەم شێوەیە بوون:

١- قۆڵی (چۆمان- ماوەت- سلێمانی) بە (کۆسرەت ڕەسول) سپێردرا.

٢- قۆڵی (پێنجوێن- شارەزوور- هەڵەبجە) بە (فەرەیدون عەبدولقادر) سپێردرا.

٣- قۆڵی (بەمۆ- دەربەندیخان- سلێمانی) بە (جەبار فەرمان) سپێردرا.

٤- قۆڵی (مەرگە- سووරداش- دوکان) بە (مستەفا سەید قادر) سپێردرا.

٥- قۆڵی (بناری قەندیل- قەڵادزێ- ڕانیە) بە (خەلیل نیعمەت دۆسکی) سپێردرا.[٢]

سەرەتای شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان هەردوولا لە (٩/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٦) لە (مەرگە)وە دەستی پێکرد. لە شەڕێکداهێزەکانی (ی.ن.ک) بە فەرماندەیی مستەفای سەید قادر دەستیان بەسەر (مەرگە)دا گرت و لە (١٠/ تشرینی یەکەم) هێزەکانی (ی.ن.ک) لە گرتنی شارۆچکەی دوکاندا تووشی شکست بوون، ئەویش لە دوای هێرشی بەرفراوانی هێزەکانی (پ.د.ک) بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە ناوچەکەد.[٣] لە قۆڵی یەکەمەوە، لە (١٠/ تشرینی یەکەم) شەڕ و پێکدادانی قورس لەنێوان هەردوولا لە ناوچەی (کاساوان، کەلکەسیر، مۆکەبە و ماوەت) ڕوویدا و هێزەکانی (پ.د.ک) شکستیان هێنا و کشانەوە، لە هێزەکانی (پ.دک) (٢٠) کوژرا و لە هێزەکانی (ی.ن.ک) (١) کوژراو هەبوو. زۆربەی هێزەکانی (پ.د.ک) لە قۆڵی (چوارتا- قەڵاچۆلان)دا بوون، هێزەکانی (پ.د.ک) چەندین هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) کرد، کە کۆسرەت ڕەسول سەرپەرشتیی دەکرد. لە دوای شەڕێکی قورس لەنێوان (چوارتا- قەڵاچۆلان)دا، لە (١٢/ تشرینی یەکەم) هێزەکانی (پ.د.ک) شکستیان هێنا و قەڵاچۆلان لەلایەن (ی.ن.ک)وە کۆنترۆڵکراو هێزەکانی (پ.د.ک) بەرەو سلێمانی پاشەکشێیان کرد، هێزەکانی (ی.ن.ک) لە ڕێگەی (قەیوان- خەمزە) بە ئاراستەی شاری سلێمانیدا پێشڕەوییان کرد.[٤]

سەبارەت بە قۆڵی (پێنجوێن- شارەزوور- هەڵەبجە)، هێرشی هێزەکانی (ی.ن.ک) لە بەرەبەیانی (١١/ تشرینی یەکەم) لە (بناوە سووتە) و (شاخی ئاسنکوڵێن)ەوە بۆ سەر هێزەکانی (پ.د.ک) دەستپێکرد، لە چەندین قۆڵەوە هێرش بۆ سەر پێنجوێن و هێزەکانی (پ.د.ک) کرا، کە تەحسین شاوەیس فەرماندەیی دەکرد، شکان و بەرەو ناوچەکانی ناڵپارێز و دەوروبەری کشانەوە.[٥]

لە قۆڵی (بەمۆ، دەربەندیخان و سلێمانی)، کە جەبار فەرمان سەرپەرشتی دەکرد، هێرشی هێزەکانی (ی.ن.ک) لە بناری بەمۆ و چیاکانی خوشک و زمانکۆوە بۆ سەر هێزەکانی (پ.د.ک) لە (١٢/ تشرینی یەکەم) دەستپێکرد، لە شەڕی ملەی سەرتەکی بەمۆدا (٤١) پێشمەرگەی (پ.د.ک) کوژران، کە زۆربەیان لە عەشیرەتی شەمێرانی بوون، هەروەها لە (ی.ن.ک) (مەحمودی مامە عەزە)، فەرماندەی باڵای سەربازیی (ی.ن.ک) کوژرا.[٦] لە لایەکی دیکەوە لە قۆڵی (مەرگە، سورداش و دووکان)، کە مستەفای سەید قادر سەرپەرشتی دەکرد، هێزەکانی (ی.ن.ک) لە پێشڕەویی بەردەوامدا بوون. لە دوای چەندین شەڕ لەنێوان هەردوولادا، هێزەکانی (پ.د.ک) کشانەوە و لە شەوی (١٣- ١٤/ تشرینی یەکەم) لە ڕانیە (٤٦) پێشمەرگەی

---

١- گەردەلوولی تۆڵە: ناوی ئەو ئۆپراسیۆنە بوو، کە (ی.ن.ک) لە دوای ڕووداوەکانی (٣١/ ئابی ١٩٩٦) بە دیاریکراوی لە (٩/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٦) ئەنجامی دا بۆ گرتنەوەی سەرجەم ئەو ناوچانەی کە لە دەستیدابوون، لە گرتنی ناحیەی (مەرگە)وە دەستپێکرد و بە گرتنی کۆیە و دەوروبەری لە (١٤/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٦) کۆتایی هات. بڕوانە: فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب٣، ل١٩٨٠.

٢- فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب٣، ل١٩٨٠؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٤٧٢)، ١٩٩٧/١٠/٩، ل٤؛ محمود سەنگاوی: س.پ، ل٥٣٣.

٣- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٤٧٢)، ل٤.

٤- گۆڤاری (٣١/ ئاب)، ژ(٨)، تشرینی یەکەمی ١٩٩٧، ل١٣- ١٤؛ مستەفا چاوڕەش: س.پ، ل٣٦٢.

٥- گۆڤاری (٣١/ ئاب)، ژ(٨)، ل٢٣؛ محمود سەنگاوی: س.پ، ل٥٣٤.

٦- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شەڕی قۆڵی بەمۆ- دەربەندیخان، بڕوانە: هێمن محمد وەرمنی: شەڕی براکوژی و کۆمەڵکوژی شەمێرانییەکان، (بڵاونەکراوە)، سلێمانی، ٢٠٢١، ل١١٢.

(پ.د.ک) لەلایەن هێزەکانی (ی.ن.ک)ەوە دەکوژرێن، ئەو هێزەی (پ.د.ک) سەر بە سوپای نوێی (پ.د.ک) بوو، لە کاتی کشانەوەی هێزەکانی (پ.د.ک) لە دەڤەری بیتوێن و پشدەر بەرەو ڕانیە، بە هەڵە کەوتبوونە ناو بۆسەی هێزەکانی (ی.ن.ک).[1]

پێشڕەویی هێزەکانی (ی.ن.ک) لە زۆربەی قۆڵەکانی شەڕدا بەردەوام بوو، لە (١٢/ تشرینی یەکەم) مەسعود بارزانی بانگەوازێکی بڵاوکردەو دەڵێت:"چەند ڕۆژێکە نیشتمان و گەلەکەمان لە ناوچە سنوورییەکانی نزیک بە ئێران، لە پارێزگای سلێمانی دووچاری دڕندانەترین داگیرکاریی دەرەکیی بوونەتەوە، ئێران ئەو هێرش و پەلاماردانەی بە هاوکاری جەلال تاڵەبانی دەستپێکردووە، بۆیە داوا لە هەموو وڵاتانی جیهان دەکەین، دژی ئەو داگیرکارییە بووەستنەوە و یارمەتی گەلەکەمان بدەن".[2]

لەسەر ڕۆڵی ئێران جەلال تاڵەبانی دەڵێت: "ئێران زۆری پێ ناخۆش بوو، ئێمە هاتووینەتەوە بۆ ناوزەنگ، وای بۆ چووبوو، کە ناوچەکانی سنووری ئەو دەکەونە دەست دوژمنەکانی و دەکەوێتە دەست عێراق و ئینجا ڕەنگە گرووپی موجاهیدینی خەلق و کوردەکانی ئێران بێنە سەر سنوورەکان، لەبەرئەوە ئێران کەوتە خۆی و هات بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات".[3] لە دوای شکستی (پ.د.ک) لە هەموو قۆڵەکانەوە، هێزەکانی (ی.ن.ک) لە دوای گرتنی ناوچەکانی چوارتا و شارباژێر و قەڵاچوالان لە (١١/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٦) بەرەو شاری سلێمانی پێشڕەویان کرد، هێزەکانی (پ.د.ک) بە سەرۆکایەتی خودی مەسعود بارزانی، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی (ی.ن.ک) لەسەر چیای ئەزمەر هێڵی بەرگرییان دامەزراند بوو. بە مەبەستی تێکشکاندنی هێرشەکانی (ی.ن.ک.)، مەسعود بارزانی هێزێکی زۆری سوپای (بارزان، ڕزگاری و گەرمیان) لەسەر چیای (ئەزمەر) جێگیر کردبوو. لە دوای شەڕ و پێکدادانەکانی سەر چیای ئەزمەر، کە (پ.د.ک) نەیتوانی بەرگریی لە شاری سلێمانی بکات، لە (١٢/ تشرینی یەکەم) هێزەکانیان بۆ ناو شاری سلێمانی کشانەوە.[4]

لە (١٢/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٦) ڕەوشی شاری سلێمانی بە تەواوەتی ئاڵۆز بوو، بەتایبەتی لە دوای کشانەوەی هێزەکانی (پ.د.ک) لە شەوی (١٢- ١٣/ تشرینی یەکەم) لە دوای کوژاندنەوەی کارەبای شاری سلێمانی. هێزەکانی (پ.د.ک) بڕیاری کشانەوەیان لە شاری سلێمانی دا و هەر لە هەمان شەودا،هێزەکانی (ی.ن.ک) بە سەرپەرشتی کۆسرەت ڕەسول گەیشتنە شاری سلێمانی.[5]

سەبارەت بە گرتنی شاری سلێمانی لەلایەن (ی.ن.ک)ەوە، شێخ جەعفەر مستەفا دەڵێت:"ئێران ڕۆڵی گەورەی لە شکستی هێزەکانی (پ.د.ک) لە شەڕەکانی ناوچەی چوارتا و بەرزاییەکانی ئەزمەردا هەبوو، لە باسی لە کشانەوەی هێزەکانی (پ.د.ک)، کە مەسعود بارزانی سەرۆکایەتی دەکرد، ئەوە ڕەتدەکاتەوە، کە مەسعود بارزانی و هێزەکەی لە ڕێگەی سلێمانی- چەمچەماڵەوە لە ڕێگەی بازگەی بانیمەقانەوە گەڕابێتەوە شاری هەولێر و دەڵێت، کە لە ڕێگەی سلێمانی- دووکانەوە گەڕاوەتەوە شاری هەولێر".[6] لە دوای کشانەوەی هێزەکانی (پ.د.ک) لە سلێمانی و دەوروبەری، بە دوو ئاراستەدا ڕۆشتن، ئاراستەیەکیان بە ڕێگە ی سلێمانی- دووکان، ئاراستەکەی تریان، بە ڕێگەی سلێمانی- چەمچەماڵ، هێزەکانی (ی.ن.ک) لە پێشڕەوییدا بوون. لە دووڕیانی دووکان و ناوچەی گۆپاڵە شەڕ و پێکدادانی قورس لەنێوان هەردوولادا ڕوویدا، لەو شەوەدا هێزەکانی (پ.د.ک) شکستیان هێنا.[7] پێشڕەویی هێزەکانی (ی.ن.ک) بە شێوەیەک بوو، لە (١٤/ تشرینی یەکەم) ڕانیە، چوارقورنە، حاجیاوا، کۆیە و تەقتەق کەوتنە دەست هێزەکانی (ی.ن.ک)، لە قۆڵی خەتی (هاملتۆن)یشەوە، هێزەکانی (ی.ن.ک) گەیشتنە (قەسرێ و خانەقا).[8]

---

١- محمود یاسین کوردی: بڕیاری ژمارە (٣١)ی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق، گۆڤاری لڤین، ژ(٨٢)، ١/ کانوونی دووەمی ٢٠٠٩، ل٦؛ ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢١٩٢)، ١٩٩٦/١٠/١٧، ل١؛ محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٦٣٨.
٢- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢١٨٨)، ١٣/١٩٩٦/١٠، ل١.
٣- سەلاح ڕەشید: دیداری تەمەن، ب٢، ل٢٥٥.
٤- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٦٣٨.
٥- گۆڤاری (٣١/ ئاب)، ژ(٨)، تشرینی یەکەمی ١٩٩٧، ل٣٦- ٣٧؛ مەسعود مەحمود حەسەن: س.پ، ل١٨٤؛ مستەفا چاوەڕش: س.پ، ل٣٦٢-٣٦٣.
٦- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ جەعفەر مستەفا)، کەلار- گردەگۆزینە، (٢٠٢٢/٢/٢٢).
٧- حەمەی حەمە سەعید: س.پ، ب٢، ل٢١٣؛ محمود سەنگاوی: س.پ، ل٥٣٧.
٨- حسێن عارف: س.پ، ب٢، ل٢٨٣؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٤٧٣)، ١٩٩٧/١٠/٩، ل٤.

له دوای شکستی هێزەکانیان لە هەموو قوڵەکاندا، هێزەکانی (پ.د.ک) لە ناوچەکانی دێگەڵە و دەوروبەری دەستیان بە ڕێکخستنەوەی هێزەکانیان کرد، لە قوڵی دێگەڵەوە هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) کرد. (پ.د.ک) ناوی هێرشەکەیان نابوو (لافاوی ڕاماڵین).[1] لە (١٨-١٩/ تشرینی یەکەم) (پ.د.ک) توانی دەست بەسەر ناوچەکانی کۆیە، باڵەکایەتی، ڕانیە، چۆمان، قەسرێ، دۆڵی خانەقا، گەڵاڵە و تەواوی ناوچەکانی حاجی ئۆمەران تاکو دەگاتە سەر سنووری ڕەواندز و بەرزاییەکانی دەوروبەریدا بگرێت. هێزەکانی (پ.د.ک) لە هێرشەکانیان بۆ سەر (ی.ن.ک) لە ناوچەکانی هیزۆپ، تەق تەق، چوارقوڕنە و دووکان بەردەوام بوون و خۆیان بۆ گرتنەوەی سلێمانی ئامادەکردبوو.[2]

گەورەترین شەڕ لە قوڵی دووکان - دۆڵی خەلەکان لەنێوان هەردوولادا ڕوویدا، (پ.د.ک) بە ئامانجی گرتنەوەی سلێمانی و (ی.ن.ک) بە ئامانجی دانانی هێڵی بەرگریی لە ناوچەکەدا. لەم شەڕەدا هێزەکانی (پ.د.ک) شکستیان هێنا و (تەحسین شاوەیس)، فەرماندەی گەورەی سەربازیی (پ.د.ک) لە مەیدانی شەڕەکەدا کوژرا.[3] لە دوای شکستی هێزەکانی (پ.د.ک) لە ناوچەی دووکان، جارێکی تر هێرشی هێزەکانی (ی.ن.ک) لە (٢١/ تشرینی یەکەم) بۆ سەر (پ.د.ک) دەستی پێکردەوە، (پ.د.ک) ئاماژە بەوە دەکات جارێکی تر (ی.ن.ک) بە هاوکاریی ئێران هێرشی بۆ سەر (پ.د.ک) دەستپێکردۆتەوە و ئێران هاوکاری هێزەکانی (ی.ن.ک) کردووە.[4]

لە شەوی ٢٢-٢٣/ تشرینی یەکەم) هێرشی هاوبەشی (ی.ن.ک)، (ح. ز.ك)، حسک و (پ. پ. ک) بۆ سەر ناوچەکانی ڕانیە و کێوەڕەش دەستپێیکرد و هێزەکانی (پ.د.ک) شکستیان هێنا و کشانەوە، هێزە هاوبەشەکانی هاوپەیمانیی هەتا گرتنی سێ ڕێیانی هیزۆپ لە پێشڕەویدا بوون، لەوێشەوە هێرش بۆ سەر دۆڵی هیران و شەقڵاوە دەستپێیکرد.[5] بە شکستی هێزەکانی (پ.د.ک) لە زۆربەی قوڵەکانی شەڕدا، مەترسیی لەسەر لەسەر شاری هەولێر و دەوروبەری دروستبوو. (پ.د.ک) لە بانگەوازێکی بەپەلەدا، کە ئاراستەی گشت ئەندام و لایەنگر و کادرەکانی پارتەکەی کرد، داوایکرد خۆیان بۆ شەڕ و بەرگرییکردن لە دژی هێرشەکانی (ی.ن.ک) ئامادە بکەن.[6] هێزەکانی (ی.ن.ک) بە هەموو شێوەیەک هەوڵی گرتنەوەی ناوچەکانی پێشووتریان دەدا، پێش ئەوەی بگەنە ڕێکەوتنێک بۆ ڕاگرتنی شەڕ. لەبەر ئەوەی هەریەکە لە جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی، بە مەبەستی ئاشتی و ڕاگرتنی شەڕ بانگهێشتی ئەنقەرە کرابوون. هێزەکانی (ی.ن.ک) لە ناوچەکانی دێگەڵە بەرەو شاری هەولێر لە پێشڕەوییدا بوون. لە (٢٣/ تشرینی یەکەم) عێراق ئاگاداری هێزەکانی (ی.ن.ک) کرد، ئەگەر بەرەو هەولێر پێشڕەویی بکەن، ئەوا جارێکی تر ڕووبەڕوویان دەبنەوە.[7] دەزگای هەواڵگیری عێراقی، بە ئاگاداریی سەدام حسێن نامەیەکی بێ ئیمزا و بێ ناویان لە ڕێگای شێخ عەتای تاڵەبانییەوە ئاراستەی جەبار فەرمان و سەرکردە باڵاکانی دیکەی (ی.ن.ک) کرد، تێیدا هاتووە، کە "ئێمە ئاگادارتان دەکەینەوە، کە ئەگەر لەو شوێنانەی تاکو ئێستا هاتوون، زیاتر بێنە پێشەوە هەر لە سنووری قەزای کفری تاکو پارێزگای هەولێر، بەتوندی وەڵاممان دەبێت، لە هەر لێکەوتنەوە و کارەسات و ڕووداوێکی ناخۆش، ئێوە تەحەمولی مەسئولیەت ئەکەن، بۆیە ناچارین بڵێین بۆستن"[8]. جەلال تاڵەبانی لە ڕێگەی دارای تۆفیق ئاغاوە وەڵامی بۆ ناردنەوە، کە لە شوێنەکانی خۆیان دەوەستن.[9]

لەدوای ڕووداوی (٣١/ ئابی ١٩٩٦)، هێزێکی سوپای عێراقی لە فەیلەقی حەوتی پیادە، کە لە فیرقەی (١٦- ٥) پێکهاتبوو، لە ئەگەری هەر هێرشێکی هێزەکانی (ی.ن.ک) لە ناوچەکانی کۆیە و سلێمانییەوە، لە بەرزاییەکانی بێستانەی بچوک و ئاڵتون کۆپری و قوشتەپە بە ئاراستەی هەولێر بۆ پاراستنی شاری هەولێر جێگیر کرابوون، هێزەکانی سوپای عێراق لەو ناوچەیەدا، هەتا کۆتاییەکانی ساڵی (٢٠٠٢) مانەوە.[10]

---

١- لافاوی ڕاماڵین: ئەو هێرش و ئۆپراسیۆنانەی (پ.د.ک) بوو بۆ سەر (ی.ن.ک) لە ڕۆژانی (١٧-١٨-١٩/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٦) بۆ گرتنەوەی ئەو ناوچانەی لە شەڕەکانی گەردەلوولی تۆڵەدا لەدەستی دابوون. بڕوانە: حسێن عارف: س.پ، ب٢، ل٢٨٤.

٢- ڕۆژنامەی برایەتی: ژ(٢١٩٣)، (١٩٩٦/١٠/٢٠)، ل١؛ حسێن عارف: س.پ، ب٢، ل٢٨٤؛ مسعود بارزانی: بارزانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ب٥، ل٣١٩.

٣- محمود سەنگاوی: س.پ، ل٥٣٩؛ جەلال ئێڵنجاغی: لە شاخەوە بۆ شار، ل١٨١؛ محمدی حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٦٤٤.

٤- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢١٩٧)، ١٩٩٦/١٠/٢٤، ل١.

٥- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٦٢٢- ٦٢٤.

٦- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢١٧٩)، ١٩٩٦/١٠/٢٤، ل١.

٧- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٤، ل٦٢٧؛ جەلال ئێڵنجاغی: لە شاخەوە بۆ شار، ل١٨٢.

٨- سەلاح ڕەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، ل٤٥٩.

٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٩- ٤٦٠.

١٠- د.ياسين فليح المحسني: جيش في الذاكرة المرجع في حروب العراق المحاصيرة، قصة المقاتل مع السفر الخالد للجيش العراقي (١٩٦٥- ٢٠٠٣)، ط٢، دار الادب الطباعة والنشر والتوزيع، بغداد، ٢٠١٨، ص٣٠٦.

لە دوای وەستانی شەڕی نێوان هەردوولا، هەوڵەکانی هێنانەدی ئاشتی لە ئەنقەرە لەنێوان هەردوولادا، لە (٢٤/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٦) بە سەرپەرشتی یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (پیلیترۆ) دەستیپکرد و دواتر (ڕێکەوتنامەی ئەنقەرە)ی لێکەوتەوە.[١] ئەم ڕێکەوتنامەیە لە (٣١/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٦) بە بەشداریی و ناوبژیوانیی ئەمریکا، بەریتانیا و تورکیا لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا لەنێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) واژووکرا. ئەم ڕێکەوتنامەیە، یەکەمین ڕێکەوتنامەیە لە نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) لە پاش ڕووداوی (٣١/ ئابی ١٩٩٦) مۆرکرا. ڕێکەوتنامەکە لە (٤) بەش و (٢٢)ماددەی سەرەکی پێکدێت، ئەوەی گرنگە، لە ڕێکەوتنامەکەدا ئەم خاڵانە چەسپێنران: وەستاندنی شەڕی ڕاگەیاندن و ئازادکردنی دیل و گیراوەکانی یەکتر و پێکهێنانی حکومەتێکی کاتیی لە هەردوو پارت، دابەشکردنی داهاتی گومرکەکان بەشێوەیەکی گونجاوو سازکردنی زەمینەیەک بۆ هەڵبژاردنی گشتی، هەروەها سەپاندنی ئەوەی، کە (پ.ک.ک) پارتێکی تیرۆریستە و هاوکاریی نەکرێت لەگەڵ پێکهێنانی هێزێکی ئاشتیپارێز، کە لە تورکمان و ئاشوورییەکان پێکدەهات، ئەفسەرانی تورک سەرپەرشتیان دەکرد و پێیان دەوترا (PMF) لە (٢٥٠) سەرباز پێکدەهات. (حسن کاپلان) یەکەمین فەرماندەی هێزەکە بوو.[٢]

لە دوای ڕێکەوتنامەی ئەنقەرە لە (٣١/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٦)، هەرێمی کوردستان بە کردەوە بۆ دوو ناوچە و دوو دەسەڵات و دوو ئیدارەی جیاواز دابەش بوو، ئیدارەی یەکەم لە سنووری گوندی (پیرەر، سماقوڵی، نازەنین، بالیسان، دۆڵی شەهیدان تاکو زاخۆ و برایم خلیل لە ژێر دەسەڵاتی (پ.د.ک)دا بوو، ناوەندی دەسەڵاتەکەشی شاری هەولێر بوو، لە ڕۆژهەڵاتی ئەو ناوچانەی ئاماژەیان پێکراوە تا سنووری کفری، کەلار، قادرکەرەم، هەڵەبجە، چەمچەماڵ، ڕانیە، قەڵادزێ و دەربەندیخان لە ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک)دا بوو، ناوەندی دەسەڵاتەکەشی شاری سلێمانی بوو.[٣] هەرچەندە لە دوای ڕووداوی (٣١/ ئابی ١٩٩٦)، (پ.د.ک) لە (٢٦/ ئەیلولی ١٩٩٦) بە سەرۆکایەتی د. ڕۆژ نوری شاوەیس کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان-هەولێری ڕاگەیاندبوو. جگە لە (پ.د.ک) چەندین پارتی دیکەی کوردستان بەشدارییان لە حکومەتەکەی د. ڕۆژ نوری شاوەیس دا کردبوو.[٤]

(ی.ن.ک) لە دوای گەڕانەوەی بۆ شاری سلێمانی و دەوروبەری، لە (٣١/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٦) درێژەیان بە کارەکانی کابینەی ئەو حکومەتەدا، کە کۆسرەت رەسول عەلی سەرۆکایەتی دەکرد، بەڵام بەهۆی ڕووداوەکانی شەڕی ناوخۆوە لەبەریەک هەڵوەشابووەوە.[٥] (ی.ن.ک) بە دیاریکراوی لە (٢٦/ کانوونی دووەمی ١٩٩٧) بە سەرۆکایەتی کۆسرەت رەسول عەلی، کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان-سلێمانی، بە بەشداریی هەریەکە لە(ح.ز.ک)، (حسک)، بزووتنەوەی دیموکراتیخوازانی کوردستان، (پ.پ.ک) پێکهێنا. ئەم پارتانە پێشووتر لە (٥/ کانوونی یەکەمی ١٩٩٦) لەگەڵ (ی.ن.ک) هاوپەیمانیەتییەکیان پێکهێنابوو بە ناوی (هاوپەیمانێتی دیموکراتی کوردستان (هـ.د.ک).[٦] (پ.د.ک) پێکهێنانی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێم- سلێمانی بە ناشەرعی لە قەڵەم دەدا، بە بیانووی ئەوەی ئەم حکومەتە لە پەرلەمانی کوردستانەوە متمانەی پێنەبەخشراوە، (ی.ن.ک)یش لە لای خۆیەوە، ئاماژەی بەوە دەکرد، کە (کۆسرەت رەسول علی) لە (٢٦/ تشرینی دووەمی ١٩٩٤) لە پەرلەمانی کوردستانەوە شەرعییەتی وەرگرتووە.[٧]

---

١- ئۆفرا بینگیۆ: س.پ، ل٣٧٢؛ ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢١٩٩)، ١٩٩٦/١٠/٢٨، ل١.
٢- فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب١، ل١٥٧- ١٥٨؛ مراد خۆشەڤی حسۆ: س.پ، ل١١٤.
٣- محمود سەنگاوی س.پ، ل٥٤٦.
٤- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان- هەولێر و دابەشکردنی پۆستەکان. بڕوانە: د.ئاکۆ حەمە کەریم کەریم و ئەوانی تر: پرسە سیاسی و قەیرانە هاوچەرخەکان، س.پ، ل٣٤- ٣٥.
٥- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (١٣٧٧)، ١٩٩٧/١/١٩، ل٣.
٦- هـ.د.ک (هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان)، ئەم هاوپەیمانییەتە لە (٥/کانوونی یەکەمی ١٩٩٦) لە نێوان هەریەکە لە (ی.ن.ک)، (ح.زک)، (حسک)، بزووتنەوەی دیموکراتی خوازانی کوردستان و (پ.پ.ک) پێکهاتبوو. بڕوانە: ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (١٣٧٦)، ١٩٩٧/١/٤، ل١-٣ ؛ محمود سەنگاوی س.پ، ل٥٤٥- ٥٤٦.
٧- مەسعود مەحمود حەسەن: س.پ، ل١٩٢.

له دوای پێکهێنانی کابینەی حکومەتی هەرێم- سلێمانی هەتا گەڕی چوارەمی شەڕی ناوخۆی نێوان هەردوولا لە (تشرینی یەکەمی ١٩٩٧)، کۆمەڵێک کێشە هەبوون، بە چارەسەرنەکراوی لەنێوان هەردوولادا مابوونەوە، لەوانە کێشەی ئاوارەکان و دەرکردنی لایەنگرانی یەکتر، کە (٦,٥٣٨) خێزان لە سنووری (پ.د.ک) و ئاوارەی سنووری (ی.ن.ک)، (٧,٦٧٢) خێزان لە سنووری (ی.ن.ک) وە ئاوارەی سنووری (پ.د.ک) بوون.[١] لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەی دیکە، کە پەیوەندی بە داهات و سنوور و کێشەی (پ.ک.ک) هەبوو.[٢]

جگە لە شەڕی ڕاگەیاندنی نێوان هەردوولا و ئاڵۆزییەکانی هێڵی تەماس، کە زۆرجار بە بەشدارییکردنی (PMF) چارەسەر دەکرا، هەروەها کوشتنی (محێدین رەحیم)، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (پ.د.ک) لە شاری هەولێر، کە (پ.د.ک) کوشتنەکەی خستە ئەستۆی (ی.ن.ک). لە هەمان کات (ی.ن.ک) کوشتنەکەی خستە ئەستۆی دەزگای پاراستنی (پ.د.ک)، بەوهۆیەوە هێندە پەیوەندی نێوان هەردوولا ئاڵۆزبوو، (پ.د.ک) لە دانیشتنەکانی ئەنقەرە بۆ ئاشتی کشایەوە. لە سەرەتای (ئاداری ١٩٩٧) بە دیاریکراوی لە (٦/ ئاداری ١٩٩٧) (پ.د.ک) لە ناوچەکانی بنەباوێ، دێگەڵە و چەمچەماڵ هێرشی بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) کرد و لەدوای شەڕێکی قورس، لە هێزەکانی (پ.د.ک) (١٠) کوژراو و (٦) دیل و لە هێزەکانی (ی.ن.ک) (٢) کوژراو و (٤) بریندار هەبوو.[٣]

گەڕی سێیەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) درێژکراوەی دوو گەڕی پێشووتری شەڕی ناوخۆی نێوانیان بوو، بەڵام ئەم گەڕەی شەڕ لە نێوان هەردوولا یەکلاکەرەوە بوو و بگرە گەرمترین گەڕی شەڕی ناوخۆی نێوانیان بوو، کە دوو ڕووداوی گەورەی تێدا بوو، لەوانە ڕووداوی (٣١ ئابی ١٩٩٦)و ڕووداوەکانی (تشرینی یەکەمی ١٩٩٦) و گەردەلولی تۆڵە، ئەنجامی ئەم گەڕەی شەڕ بەشێوەیەک بوو تا ئێستاش کاریگەرییەکەی هەرماوە، کە باڵانسی هێزی بەکردەیی بەلای (پ.د.ک)دا شکایەوە، ئەویش لە دوای هاتنە ناوەوەی ڕاستەوخۆی سوپای عێراق لە بەرژەوەندی (پ.د.ک)

---

١- مەسعود مەحمود حەسەن: س.پ، ل١٨٨-١٩٢؛ جەلال ئێڵنجاغی: لە شاخەوە بۆ شار، ل١٨٣.
٢- مراد خۆشەڤی حسۆ: س.پ، ل١١٥؛ ئۆفرا بینگیۆ: س.پ، ل٣٩٧.
٣- محمود سەنگاوی: س.پ، ل٥٥١.

### باسی پێنجەم: گەڕی دووەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (ی.ن.ک) و (باسک) (١٩٩٧)

گەڕی دووەمی شەڕی ناوخۆی نێوان هەردوولا لە دوای دەستپێکردنی گەڕی یەکەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) دەستپێکرد. گەڕی دووەمی شەڕی ناوخۆی نێوان هەردوولا جیاواز لە گەڕی یەکەمی شەڕی نێوانیان لە (کانوونی یەکەمی ١٩٩٣)، کە بووە هۆی شکان و دەستبەسەرداگرتنی سەرکردایەتی (باسک) لە بێتوانە و دەوروبەری. (باسک) لەم خولەی شەڕدا بووە هاوپەیمانی (پ.د.ک)، کە لە دوای ڕووداوەکانی کانوونی یەکەمی ١٩٩٣) بە تەواوەتی لە (پ.د.ک) نزیکبووەوە. بە کردنەوەی دوو بەرەی شەڕ لە هەڵەبجە و شارەزوور دژی (ی.ن.ک)، کە مەلا عەلی عەبدولعەزیز سەرپەرشتی دەکرد و بەرەی پشدەر و قەڵادزێ، عەلی باپیر سەرپەرشتی دەکرد. (باسک) لە گەڕی یەکەم و دووەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) بەشدار بوو، دواتر پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا ئاسایی دەبێتەوە تا (نیسانی ١٩٩٧) جارێکی تر شەڕ لەنێوان هەردوولادا، لە ناوچەکانی شارەزوور، هەڵەبجە، ڕانیە و قەڵادزێ دەست پێدەکاتەوە.[١] لە دوای شەڕەکانی (کانوونی یەکەمی ١٩٩٣) و ڕێکەوتنی (شوباتی ١٩٩٤)ی نێوان (ی.ن.ک) و (باسک)، هەرچەندە ئاگربەست هەبوو، شەڕی ڕاستەوخۆ نەبوو، بەڵام نەبووە مایەی کۆتاییهێنان بە شەڕ و ململانێی نێوانیان، چونکە سەرکردایەتی مەیدانیی (باسک) بەو ڕێکەوتنە ڕازی نەبوون، وایان لێکدەدایەوە، کە ڕێکەوتنەکە هیچ ڕێزێکی بۆ (باسک) تێدا نییە و لە بارودۆخێکی نائاساییدا کراوە و هەلومەرجی بەستنی ڕێکەوتنامەکەی نێوانیان بۆ (باسک) لەبار نەبووە.[٢]

هەربۆیە لەگەڵ دەستپێکردنی گەڕی یەکەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) لە (ئایاری ١٩٩٤)، (باسک) لە پاڵ (پ.د.ک) بەشداریی شەڕی ناوخۆ کرد. چەند ئامانجێک لە بەشدارییکردنەکەی (باسک) هەبوو، لەوانە:

**یەکەم**: گرتنەوەی ناوچەکانی هەڵەبجە، شارەزوور و پشدەر، کە لە پێشووتردا تیایاندا باڵادەست بوو.

**دووەم**: لە پێناو هەستانەوەی (باسک)، بەتایبەتی لە دوای شکستیان لە شەڕەکانی (کانوونی یەکەمی ١٩٩٣). بۆ ئەم مەبەستەش دوو بەرەی شەڕیان لە دژی (ی.ن.ک) لە ناوچەکانی هەڵەبجە، شارەزوور، پشدەر و قەڵادزێ بە هاوکاری (پ.د.ک) کردەوە. [٣]

یەکەمین شەڕی نێوان هەردوولا لە (١١/ ئایاری ١٩٩٤)، بە هێرشی هاوبەشی (باسک) و (پ.د.ک) بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) دەستپێکرد، کە توانیان لە ماوەیەکی کەمدا دەست بەسەر ناوچە سنوورییەکانی ئێران لە (تەوێڵە و بیارە و خورماڵ و هەڵەبجە)دا بگرن. (ی.ن.ک) لە (٢١/ ئایاری ١٩٩٤)، بە مەبەستی گرتنەوەی ئەو ناوچانەی، کە (باسک) و (پ.د.ک) دەستیان بەسەردا گرتبوو، هێرشێکی فراوانی بۆ سەر هێزەکانی هەردوولا کرد، بەڵام لە گرتنەوەی ناوچەکاندا سەرکەوتوو نەبوو.[٤] ئەویش لەبەر ئەوەی ئێران یارمەتی هێزەکانی (باسک) و (پ.د.ک)ی لە دژی هێزەکانی (ی.ن.ک) دەدا.[٥]

شەڕی توندی نێوان هەردوولا لە سەرەتای مانگی (حوزەیرانی ١٩٩٤) دەستپێکرد. لە (٦/ حوزەیرانی ١٩٩٤) هێرشی هاوبەشی (پ.د.ک) و (باسک) بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە ناوچەکانی پێنجوێن و سەیدسادق، بە پاڵپشتی تۆپخانەکانی ئێران دەستپێکرد و چەندین کوژراو و بریندار لە هەردوولا هەبوو.[٦] لە (٧/ حوزەیرانی ١٩٩٤، جارێکی تر هێزە هاوبەشەکانی (پ.د.ک) و (باسک) و حزبوڵڵای شۆڕشگێڕ، بە هاوکاریی تۆپخانەکانی ئێران، هێرشێکی بەرفراوانیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە ناوچەکانی قەڵادزێ، پشدەر و حاجی ئۆمەران کرد. لە ئەنجامی تۆپبارانەکاندا، ژمارەیەک هاوولاتی سڤیل بوونە قوربانی.[٧]

---

١- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا عیرفان علی عبدالعزیز) سلێمانی، (٢٠٢٢/٥/١٩)
٢- ژیلوان عبداللە احمد: پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی (١٩٨٧- ١٩٩٩)، ل٣٥.
٣- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا عمر کەلاری)، کەلار، (٢٠٢٢/٢/١٠).
٤- مەسعود مەحمود حەسەن: س.پ، ل١٦٢.
٥- محمد حاجی مەحمود: س.پ، ب٤، ل٦٦٥.
٦- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٧٠١)، ١٩٩٤/٦/٧، ل١.
٧- محمد حاجی مەحمود: س.پ، ب٤، ل٣٧٧ ؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٧٠٢)، ل١.

هێزەکانی (ی.ن.ک) لە (٨/ حوزەیرانی ١٩٩٤)، بۆ گرتنەوەی ناوچەکانی قەڵادزێ و پێنجوێن، هێرشێکی بەرفراوانی بۆ سەر هێزەکانی (باسک) و (پ.د.ک) کرد. هێزە هاوبەشەکانی هەردوولا لە بەرامبەر هێزەکانی (ی.ن.ک) شکان و لەلایەن هێزەکانی (ی.ن.ک)ەوە دەست بەسەر ناوچەکاندا گیرایەوە.[1] لە (٦/ ئابی ١٩٩٤) هێزەکانی (باسک) و (پ.د.ک) هێرشیانکردە سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە ناوچەی قەڵادزێ و پشدەر. هێرشەکە لە سێ قۆڵەوە بوو، قۆڵی یەکەمیان: لە چیای مامەندەوە و قۆڵی دووەمیان: لە هەڵشۆوە بەرەو دارەشمانە و قۆڵی سێیەم: لە هەڵشۆوە بەرەو دێرێ و گردەسپیان بوو. لەم شەڕەدا، جگە لە کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی هەردوولا، لە ئەنجامی تۆپبارانەکانی هەردوولا (٢٧) هاووڵاتی سڤیل کوژرا و (٤٦) هاووڵاتی دیکە بریندار بوو.[2]

شەڕ لەنێوان هەردوولا بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بوو. هێزەکانی (باسک) و (پ.د.ک) دەستیان بەسەر شاری قەڵادزێدا گرت. لە (٨/ ئابی ١٩٩٤) جارێکی تر هێزەکانی (باسک) و (پ.د.ک) و حزبوڵڵای شۆڕشگێڕی کورد هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) کرد، دوای شەڕێکی قورس لەنێوان هەردوولادا، هێزە هاوبەشەکان لە قەڵادزێ و دەوروبەری ناچار بە پاشەکشێ کران و ئەویش لە دوای تۆپبارانکردنی قورسی هێزەکانی (باسک) و (پ.د.ک) لەلایەن هێزەکانی (ی.ن.ک)ەوە.[3]

لە دوای چەندین شەڕ لەنێوان هەردوولا، لیژنەی ئاساییکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان نوێنەری لایەنەکان و نوێنەری (INC) لەسەر ڕاگرتنی شەڕ و ئازادکردنی دیلەکان ڕێکەوتن.[4] لە بەرەبەیانی (٢٢/ ئابی ١٩٩٤) هێزەکانی (باسک) هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە گوندی گامێشتەپە و ناوگردان و ئاوایی حاجی قادر و گردی حاجی عەبدوڵا کرد، کە خاڵی جیاکەرەوە و سنووری نێوان هەردوو هێزە شەڕکەرەکە بوو، هێرشەکانیان بەردەوام بوو، هەتا گرتنی شارۆچکەی سەیدسادق و سەرای سوبحان ئاغا لەلایەن هێزەکانی (پ.د.ک) و (باسک)ەوە.[5]

لە (٢٣/ ئابی ١٩٩٤) هێزەکانی (ی.ن.ک) هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (باسک) کردەوە و دەستیان بەسەر سەرجەم ئەو ناوچانەدا گرتەوە، کە پێشووتر لە دەستیان دابوو. هێزەکانی (ی.ن.ک) لە پێشڕەوییکردن و چوونە ناو شاری هەڵەبجەوە بەردەوام بوون، بەڵام دواتر کشانەوە. لەو شەڕەدا چەندین کوژراو و بریندار لە هەردوولا هەبوو، (١٦) پێشمەرگەی لیوای تایبەتی (ی.ن.ک) لە نزیک گوندی قەدەفەری کوژران و پتر لە (٢٠) پێشمەرگەی (باسک) کوژران.[6] شەڕ و ئاڵۆزیی نێوان هەردوولا بەردەوام بوو، لەگەڵ دەستپێکردنەوەی گەڕێکی تری شەڕی ناوخۆی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) لە ناوەڕاستی مانگی (کانوونی یەکەمی ١٩٩٤) لە ناوچەکانی هەولێر و دەوروبەری، جارێکی تر (باسک) بەشداری لە شەڕەکاندا کرد. (پ.د.ک) بە هاوکاریی (باسک) بەرەیەکی شەڕی لە دژی (ی.ن.ک) لە ناوچەکانی هەڵەبجە و پێنجوێن کردەوە، ئەویش لە دوای ئەوە هات، کە پارسەنگی هێز لە شەڕەکانی ناو هەولێر و دەوروبەری بە لای (ی.ن.ک)دا بوو. کردنەوەی ئەم بەرەیە بۆ پتر سەرقاڵکردنی هێزەکانی (ی.ن.ک) بوو، تاکو قورسایی هێزیان لە ناوچەکانی هەولێر و دەوروبەری کەمبکەنەوە[7]. لە (٢١/ کانوونی دووەمی ١٩٩٥) (پ.د.ک) و (باسک) بەهاوبەشی هێرشیان کردە سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە گردی حاجی عەبدوڵای ئاوایی حاجی قادر، گامێشتەپە و سەیدسادق. شەڕی قورس لەنێوان هەردوولادا لە نزیک گوندی گامێشتەپە ڕووی دا، (٥٢) کوژراو بریندار لە هەردوولا هەبوو، هێزەکانی (باسک) و (پ.د.ک) شکستیان و پاشەکشێیان کرد.[8]

---

١- محمد حاجی مەحمود: س.پ، ب٤، ل٣٧٧.
٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٧٥٢)، ل١ ؛ محمد حاجی مەحمود: س.پ، ب٤، ل٣٨٧.
٣- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٧٥٤)، ل١ ؛ ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٠١٨)، ل١.
٤- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٧٥٥)، ل١.
٥- حەمەی حەمە سەعید: س.پ، ب٢، ل١٧٨.
٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٨- ١٧٩ ؛ محمد حاجی مەحمود: س.پ، ب٤، ل٣٩٠.
٧- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (شێخ جەعفەر شێخ مستەفا) کەلار، ساڵح ئاغا، (٢٠٢٢/٢/٢٢)
٨- محمد حاجی مەحمود: س.پ، ب٤، ل٤٢٧ ؛ سەلاح رەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، ل٣٧١.

لە دوای گەڕی دووەمی شەڕی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لە کانوونی دووەمی (١٩٩٥)، پەیوەندی نێوان (ی.ن.ک) و (باسک) بەرەو ئاساییبوونەوە ڕۆشت، (ی.ن.ک) لەبەر شەڕی لەگەڵ (پ.د.ک) ئامادەیی لە وەستانی شەڕ و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ بوو (باسک)دا. لە کۆتایی (١٩٩٥) و سەرەتایی (١٩٩٦) ئاشتەوایی لەنێوان هەردوولادا دروستبوو. (باسک) بەهۆی بوونی پەیوەندی لەگەڵ، هەریەکە لە (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لەیەک کاتدا، کادر و چەکداری هەردوولای دەپاراست، بەتایبەتی لە سەروبەندی شەڕەکانی نێوان هەردوولا.[١] هەرچەندە لە هەوڵی کوژرانی (کۆسرەت ڕەسول عەلی) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (٧/ ئەیلولی ١٩٩٥)، هەریەکە لە (باسک) و (پ.د.ک) بە ئەنجامدانی ئەو کارە تۆمەتبارکران، بەڵام پەیوەندییەکانی نێوان (ی.ن.ک) و (باسک)، تاڕادەیەک، بە جێگیریی مایەوە.[٢]

لەسەر پەیوەندییەکانی نێوانیان، مامۆستا عیرفان عەلی عەبدولعەزیز دەڵێت:" زۆرێک لە کادر و ئەندام سەرکردایەتییەکانی (ی.ن.ک)مان لە کاتی ڕووداوی (٣١/ ئابی ١٩٩٦)دا ڕزگار کردووە و لە شاری هەولێر لە ڕێگەی هێزەکانی (باسک)ەوە دەرکراون، بە هەمان شێوە لە کاتی هێرشەکانی گەردەلوولی تۆڵە، کە (ی.ن.ک) کردییە سەر هێزەکانی (پ.د.ک)، ژمارەیەکی زۆر کادر و ئەندام و لایەنگیری (پ.د.ک)مان ڕزگار کردووە و لە ڕێگەی هێزەکانی (باسک)ەوە ڕەوانەی هەولێرمان کردوون".[٣]

لە دوای ڕووداوی (٣١/ ئابی ١٩٩٦) و پێکهێنانی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێم- هەولێر بە سەرۆکایەتی د. ڕۆژ نوری شاوەیس لە (٢٦/ ئەیلول)، (باسک) بەهۆی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی، کە لەگەڵ (پ.د.ک)دا هەیبوو، بە دوو وەزیر، (محەمەد بازیانی) وەزیری کشتوکاڵ، (مەلا عەبدولغەنی تەها) وەزیری هەرێم، بەشداریی حکومەتەکەی (پ.د.ک) کرد.[٤]

لە کاتی هاتنەوەی (ی.ن.ک) و هێرشەکانی بۆ سەر ناوچەکانی پارێزگای سلێمانی و دەوروبەری، کە ناوی لێنابوو (گەردەلوولی تۆڵە)، چەندین دانیشتنیان لەگەڵ (باسک)دا کرد. ئەو هێزانەی (ی.ن.ک) چووبوونە ناوچەکانی هەڵەبجە و خورماڵ، بە سەرپەرشتی فەرەیدون عبدالقادر کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ عەلی باپیر ئەنجام دابوو، (ی.ن.ک) بۆ دوورکەوتنەوە لە شەڕ و پێکدادان لەگەڵ هێزەکانی (باسک)، هێزەکانی خۆی لە ناوچەکە کشاندبووە.[٥] (باسک)، لە سەروبەندی هێرشەکانی گەردەلوولی تۆڵەدا، لە (٢١/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٦) (٧) (٧) پێشمەرگەی (حدکا) ڕادەستی ئێران کرد.[٦]

سەرەڕای ئاگربەست و ئاشتی نێوانیان، کەچی پەیوەندییەکانی نێوانیان هەر ئاسایی نەبووەوە، هەربۆیە لە سەرەتای (نیسانی ١٩٩٧) جارێکی تر، پەیوەندییەکانی نێوانیان خراپ بووە و شەڕ لە ناوچەکانی هەڵەبجە و هەورامان لە نێوانیاندا ڕوویدا. کۆمەڵێک هۆکار بوونە هۆی دروستبوونی شەڕ لەنێوان هەردوولادا، لەوانە:

**یەکەم**: (باسک) لە ڕووی سەربازییەوە داڵدەی هێزەکانی (پ.د.ک)ی لەو ناوچانەدا دابوو، کە هەتا پێش (٣١/ ئابی ١٩٩٦) و هاتنەوەی (ی.ن.ک)، لەژێر دەسەڵاتی (باسک)دا بوون. هێزەکانی (پ.د.ک) لە ناوچەکانی ژێردەستی(باسک)ەوە هێرشیان بۆ سەر (ی.ن.ک) دەکرد، هەروەها لە ڕووی سیاسیشەوە (باسک)، تاکە لایەن بوو، کە لە هەموو قۆناغەکاندا پشتی (پ.د.ک)ی بەرنەدا.

**دووەم**: ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی (باسک) لە هەڵەبجە و هەورامان، لە ڕووی کارگێڕیی و بەڕێوەبردنەوە سەر بە پارێزگای سلێمانی بوون، بەڵام دانیان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان- سلێمانی دانەدەنا. هەربۆیە ئەمە یەکێک بوو لەو کێشانەی ڕووبەڕووی حکومەتی هەرێم- سلێمانی بووەوە، بووە هۆی دروستبوونی شەڕ لەنێوان هەردوولادا.[٧]

١- ژیلوان عبداللە احمد: س.پ، ل٣٦.
٢- محمد حاجی مەحمود: س.پ، ب٤، ل٤٧٠ ؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٠٨٢)، ل١.
٣- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا عیرفان عبدالعزیز)، سلێمانی، (٢٠٢٢/٥/١٩).
٤- حوسێن محمد عەزیز: سنوورە قەدەغەکان مەشکێنن، ل١٧٤.
٥- ژیلوان عبداللە احمد: س.پ، ل٣٦.
٦- فوئاد سدیق: گەردەلوولی سیاسەت، چ٢، هەولێر، ٢٠١٥، ل٢٩ ؛ هێرش عەبدوڵا حەمەکەریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ، ل١٢٢.
٧- ژیلوان عبداللە احمد: س.پ، ل٣٧.

سەرەتای دەستپێکردنی شەڕی نێوان هەردوولا بۆ (٤/ نیسانی ١٩٩٧) لە دوای تەقەکردنی چەکدارانی (باسک) لە لایەنگرانی (ی.ن.ک) لە بازگەی زەمەقی دەگەڕێتەوە، کە بۆ مەبەستی گەشتکردن ڕوویان لە ناوچەکانی دەرەوەی هەڵەبجە کردبوو. لێرەوە گرژی و ئاڵۆزیی لەنێوان هەردوولادا دروستبوو. لە پێناو ئاساییکردنەوەی ڕەوشی ناوچەکە، دروستنەبوونی شەڕ و کۆتاییهێنان بە گرژییەکانی نێوان (ی.ن.ک) و (باسک)، نوێنەرانی (ی.ن.ک) و (باسک) و بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی (ب. ڕا. ئی) و حزبی شیوعی و (حسک) لە شاری سەیدسادق کۆبوونەوە، بەڵام لەم کاتەدا شەڕ و گرژیی لەنێوان (ی.ن.ک) و (باسک) لە ناوچەکانی خورماڵ و بیارە ڕوویدا.[1] سەرکردایەتی (باسک) دەربارەی گرژی و ئاڵۆزییەکانی (٤/ نیسانی ١٩٩٧)، بەیاننامەیەکی بڵاوکردۆتەوە، تێیدا هاتووە، کە "لە ڕۆژی (٤/ نیسانی ١٩٩٧) دوای ئەوەی کۆمەڵەی خوێندکارانی (ی.ن.ک) بە مەبەستی گەشتوگوزار لە ناوچەکەدا گرژیی و ئاڵۆزییان دروستکرد، لە پێناو ئەوەی شەڕ دروست نەبێت، هەوڵێکی زۆرماندا بارودۆخەکە ئاسایی بکەینەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی (ی.ن.ک) بەرنامەی شەڕیان هەبوو لە (٥/ نیسانی ١٩٩٧) ئاژاوەیەکی تریان لە بیارە و خورماڵ نایەوە لە پاشاندا هێرشێکی گەورە و بەربڵاویان کردە سەر بارەگا و لایەنگرانی (باسک) هەروەها دەڵێت لە حاڵەتی بەردەوامبوونی هێرشەکانی (ی.ن.ک) هەڵوێستمان دەگۆڕێت لە بەرگرییەوە بۆ هێرشکردن".[2]

شەڕ لە ڕۆژانی (٧-٨/ نیسانی ١٩٩٧) لەنێوان هەردوولادا دەستی پێکرد،[3] هێزەکانی (باسک) لە سێ قۆڵەوە هێرشیان بۆ سەر مەڵبەندی (ی.ن.ک) لە هەڵەبجە کرد و چەندین کوژراو و بریندار لە هەردوولا هەبوو، فەرماندەیەکی باڵای (باسک) و دوو پێشمەرگەی (ی.ن.ک) کوژران، دەست بەسەر بارەگای مەڵبەندی (ی.ن.ک) و کۆمیتە و ئیدارەی گشتی و سەرجەم بارەگاکانی (ی.ن.ک) لە شارۆچکەی سیروان و هەورامان گیرا، ئەو هێزانەی (ی.ن.ک) لە ناوچەکەدا بوون، بۆ (ملەی دارێ) لە خۆرئاوایی هەڵەبجە چوون.[4] لە بەرامبەر ئەوەدا (ی.ن.ک) هێرشی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی (باسک) لە ڕانیە و قەڵادزێ کرد و دەستی بەسەردا گرتن، لە سلێمانیش پێش ئەوەی دەست بەسەر بارەگاکانیاندا بگیرێت، (باسک) بارەگاکانی خۆی سووتاند.[5] هەروەها (ی.ن.ک) هێرشێکی بەرفراوانی لە شارۆچکەی سەیدسادقەوە بەرەو هەڵەبجە دەستپێکرد، دەستپێکرد، لە چەندین قۆڵەوە پێشڕەوییان بەرەو پردی زەڵم و هەڵەبجە کرد، بەڵام ئێران هەوڵی نێوەندگیری لەنێوان هەردوولا دا.[6]

لە (٨/ نیسانی ١٩٩٧) نوێنەرانی (ی.ن.ک)، (باسک)، یەکگرتووی ئیسلامی، (حسک)، (ح.ز.ک)، (پ.پ.ک) و (ب. ڕا. ئی) لە گوندی گوڵەخانەی سەر بە شارۆچکەی سەیدسادق، بە چاودێریی نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران کۆبوونەوە و ڕێکەوتنی نێوان (ی.ن.ک) و (باسک)یان بە مەبەستی ڕاگرتنی شەڕ و چەسپاندنی ئاشتی، واژووکرا. ڕێکەوتنی گوڵەخانە لە (١١) خاڵ پێکهاتبوو، لەوانە:

**یەکەم**: ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕ لە هەموو ناوچەکاندا.

**دووەم**: سەرکۆنەکردنی شەڕ، کە بە زیانی گەلەکەمانە و بە قازانجی دوژمنانی گەلەکەمانە.

**سێیەم**: پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش لە سەرجەم هێزە بەشداربووەکانی پەیماننامەکە، بە نێوەندگیری ئێران، بۆ ئاساییکردنەوە و گێڕانەوەی بنکە و بارەگاکانی یەکتر و سزادانی تاوانبارانی هەردوولا، کە بوونە هۆی ڕوودانی شەڕ.

**چوارەم**: هەڵەبجە و قایمقامەکەی سەر بە پارێزگای سلێمانی دەبن و یاساکانی پارێزگای سلێمانی لەسەر جێبەجێ دەکرێت، بەپێی ڕێکەوتنی نێوان قایمقام و پارێزگای سلێمانی، لە بەڕێوەبردنی هەڵەبجەدا ڕای (باسک) بە هەند وەردەگیرێت.

---

١- حەمەی حەمە سەعید: س.پ، ب٢، ل٢٥٣- ٢٥٤ ؛ مەحمود سەنگاوی: س.پ، ل٥٥٥.
٢- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٣٠٨)، ١٩٩٧/٤/٩، ل١.
٣- مەحمود سەنگاوی: س.پ، ل٥٥٦.
٤- حەمەی حەمە سەعید: س.پ، ب٢، ل٢٥٣.
٥- مەحمود سەنگاوی: س.پ، ل٥٥٦.
٦- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٣٠٩)، ١٩٩٧/٤/١٠، ل٣.

**پێنجەم**: لابردنی بازگە نایاساییەکانی نێوان هەردوولا.

ئەم خاڵانە و چەندین خاڵی دیکە و مەرجێکی تری ئەم ڕێکەوتنامەیە ئەوە بوو، کە لە ماوەیەکی کورتدا دەبێت جەلال تاڵەبانی لە (ی.ن.ک) و مامۆستا عەلی عەبدولعەزیز لە (باسک) بۆ جێبەجێکردن و چەسپاندنی تەواوی ڕێکەوتنامەکە کۆببنەوە.[1] بەڵام ئەم ڕێکەوتنە ئاشتی یەکجاریی لەنێوان هەردوولادا نەهێنایە دی و خاڵەکانی ڕێکەوتنامەکە وەک خۆی جێبەجێ نەکران، لەوەشدا هەر لایەکیان لایەنەکەی تری بە پابەندنەبوون بە خاڵەکانی ڕێکەوتنامەکە و کۆکردنەوەی هێزی زۆرتر بەرامبەر بە یەکتری و ڕێگەنەدان بە کردنەوەی بارەگاکانی یەکتری لە ناوچەکەدا تۆمەتبار دەکرد.[2]

(باسک) لە ڕاگەیەندراوێکدا سەبارەت بە ڕووداوەکانی هەڵەبجە و ڕێکەوتنی گوڵەخانە، باس لە پێشێلکارییەکانی (ی.ن.ک) دەکات، کە نایەوێت ڕێکەوتنەکە جێبەجێ بکات و ئاماژەی بە چەند خاڵێک کردووە، لەوانە:

١- سووتاندنی مزگەوتی جیهاد لە شاری سلێمانی لە لایەن (ی.ن.ک)ەوە.

٢- ڕێگاگرتن لە هاتنی خۆراک بۆ شاری هەڵەبجە و ئاداردانی ئەو هاوولاتیانەی، کە لە شاری سلێمانییەوە خۆراک و سووتەمەنی بۆ هەڵەبجە دەبەن.

٣- گرتنی ژمارەیەک لە ئەندام و لایەنگرانی (باسک) لە سلێمانی، ڕانیە، گەرمیان و چوارقورنە لە لایەن (ی.ن.ک)ەوە.[3]

لەسەر ڕاگەیەندراوەکەی (باسک)، کە ڕایگەیاندبوو (ی.ن.ک) یەک خاڵی ڕێکەوتنەکەی گوڵەخانەی جێبەجێ نەکردووە، فەرەیدون عەبدولقادر، ئەندامی م.س.(ی.ن.ک) و پارێزگاری ئەوکاتەی سلێمانی لە ڕوونکردنەوەیەکدا دەڵێت: "(باسک) بۆ ماوەی (٢٥)ڕۆژە دەستی بە زنجیرەیەک کاری خراپ و ئاژاوەنانەوە لە ناوچەکانی تەوێڵە و هەڵەبجە و بیارە و سیروان کردووە، لە دوای ڕێکەوتنەکەی گوڵەخانە، (باسک) بەندەکانی ڕێکەتنەکەی جێبەجێ نەکردووە، بەڵام (ی.ن.ک) بە پەلە دەستی بە جێبەجێکردنی بەندەکانی کردووە، لەوانە:

**یەکەم**: دەستبەجێ ئازادکردنی دیلەکانی (باسک).

**دووەم**: گێرانەوەی بارەگاکانی (باسک) لە سلێمانی، ڕانیە، چوارقورنە و شوێنەکانی تر. لە بەرامبەردا (باسک) ڕێگەی بە گەڕانەوەی مەڵبەند و کۆمیتەکانی (ی.ن.ک) بۆ هەڵەبجە، سیروان، خورماڵ، تەوێڵە و بیارە بۆ شوێنەکانی خۆیان لە (١٤) کومیتە و بارەگا نەداوە، تەنیا ڕێگەیان بە کردنەوەی یەک بارەگا داوە.

**سێیەم**: پێنەدانی بازگە و خاڵی پشکنین بە دەسەڵاتی یاسایی پارێزگای سلێمانی.

(ی.ن.ک) (٥) جار سەرکردایەتی سیاسی (باسک)ی لە جێبەجێنەکردنی بەندەکانی ڕێکەوتنامەکە ئاگادارکردۆتەوە، لە بەرامبەر ئەوەدا، (باسک) دەستی بە کۆکردنەوەی هێزەکانی لە گردی گۆ و زەڵم و ناردنی هێزێکی زۆر بۆ پشت سەنگەرەکانی (حسک) کردووە، کە وەک ناوبژیوانێک لەنێوان هەردوولادا ڕۆڵ دەبینێت.[4] هەربۆیە جارێکی تر شەڕ و پێکدادان لەنێوان هەردوولا دەستیپێکردەوە لە (٢٥/ نیسانی ١٩٩٧) هێزەکانی (باسک) هێرشیان بۆ سەر گوندی گوڵەخانە کرد، کە بارەگای سەرەکی (حسک) لێ بوو، ئەمەیش بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ.[5] لەسەر هێرشی هێزەکانی (باسک) بۆ سەر گوندی گوڵەخانە، (مامۆستا عیرفان عیرفان عەلی عەبدولعەزیز) دەڵێت:" گوڵەخانە بووە شوێنی هێرشی هێزەکانی (ی.ن.ک) بۆ سەر (باسک) و تۆپخانەکانی (ی.ن.ک) لە پشتی گوڵەخانەوە تۆپبارانی هێزەکانی (باسک)یان دەکرد".[6]

---

١- محمد حاجی مەحمود: ڕۆژمێری پێشمەرگەیەک، ب٥، چ١، چاپخانەی هەژار موکریانی، ٢٠٢١، ل٢٥ ؛ ئارام قادر - ئیدریس سیوەیلی: بەڵگەنامەکان دەدوێن، بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی (١٩٩٢- ١٩٩٩)، ب١، چ١، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠١٠، ل١١٩.

٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٤٠٦)، ١٩٩٧/٤/٢٤، ل١ ؛ مەسعود مەحمود حەسەن: س.پ، ل١٩٥.

٣- ئارام قادر و ئیدریس سیوەیلی: بەڵگەنامەکان دەدوێن، بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان/ عێراق (١٩٨٧- ١٩٩٩)، ب١، ل٨٤-٨٥.

٤- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٤٠٦)، ١٩٩٧/٤/٢٤، ل١ ؛ ژیلوان عبدالله احمد: س.پ، ل٣٧.

٥- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٤٠٧)، ١٩٩٧/٤/٢٨، ل١.

٦- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا عیرفان علی عبدالعزیز)، سلێمانی، (٢٠٠٢/٥/١٩).

لە ڕۆژانی دواتردا هێزەکانی (ی.ن.ک) لە چەندین قۆڵەوە هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (باسک) لە هەڵەبجە و دەوروبەری کرد. زۆربەی شەڕەکانی پێشووتری نێوان هەردوولا، لەسەر ڕێگای سەرەکی هەڵەبجەو سەیدسادق بوو، بەڵام شەڕی ئەم خولەیان گشتگیرتر بوو، لە پشتی دەربەندیخان و چیای باڵامبۆ و پشتی هەڵەبجەوە بوو.[1] هێزەکانی (ی.ن.ک) لە چەند قۆڵێکەوە پێشڕەوییان بەرەو هەڵەبجە کرد و لە قۆڵی گردەنازێ قەدەفەری هێزەکانی (ی.ن.ک) شکان و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژرا، کە سەر بە لیوای تایبەتی (ی.ن.ک) بوون.[2] ڕۆژنامەی (هاوکاری) باس لە کوژرانی (٣٠) پێشمەرگەی (ی.ن.ک) لە شەڕی (٢٦/ نیسان) دەکات، هەروەها باس لە هاوکارییکردنی ئێران بۆ هێزەکانی (باسک)، لە ڕێگەی تۆپبارانکردنی هێزەکانی (ی.ن.ک) لە هەموو قۆڵەکانی شەڕدا دەکات.[3]

هەر لە (٢٦ و ٢٧/ نیسانی ١٩٩٧) لە ناوچەی گۆمەشین، ڕێگای کۆیە-هەولێر شەڕ و پێکدادان لەنێوان (ی.ن.ک) و (باسک) بە هاوکاریی (پ.د.ک)دا دروست دەبێت. چەند کوژراو و بریندار لە هەردوولا هەبوو، ئەمەیش بۆ کەمکردنەوەی قورسایی لەسەر هێزەکانی (باسک) لە هەڵەبجە و دەوروبەری بووە. تاکو هاتنی هێزەکانی ئاشتیپارێز(PMF) بۆ ناوچەکە، شەڕ درێژەی هەبوو. هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان(هـ.د.ک) بەیاننامەیەکی لەسەر شەڕەکانی (٢٦-٢٧/ نیسان) و کێشەکانی سنووری هەڵەبجە و شارەزوور دەرکرد. لە بەیاننامەکەدا (پ.د.ک) بە یارمەتیدانی (باسک) "لە پێکهێنانی حکومەتێکی یاخی لە هەڵەبجە و ناوچە سنوورییەکانی دەوروبەری تاوانبار دەکات، گوایە بە یارمەتی جۆراوجۆری (پ.د.ک) ئەو کانتۆنەیان زیندووکردۆتەوە، کە لە پێش ڕووداوی (٣١/ ئابی ١٩٩٦) بە هاوکاری (پ.د.ک) لە ناوچەکەدا دایان مەزراندبوو".[4]

لەسەر هەڵوێستی (پ.د.ک) لەسەر شەڕەکانی نێوان (ی.ن.ک) و (باسک)، وتەبێژی فەرمی م.س. (پ.د.ک) لە (٢٦/ نیسانی ١٩٩٧) دەڵێت: "(پ.د.ک) شان بەشانی چەکدارانی (باسک) لە دژی هێزەکانی (ی.ن.ک) بەشداریی شەڕی نەکردووە و بەتووندی ئیدانەی شەڕفرۆشتنەکانی (ی.ن.ک) دژ بە (باسک) دەکات".[5] لە دوای ئەوەی بە نێوەندگیری ئێران شەڕ لە نێوان هەردوولا وەستێنرا، شاندی باڵای هەردوولا بانگهێشتی تاران کران، زنجیرەیەک گفتوگۆ و وتووێژ لە نێوان شاندی هەردوولا بەسەرپەرشتی ئێران دەستی پێکرد، لە (ی.ن.ک) (جەلال تاڵەبانی) و لە (باسک) (مامۆستا عەلی عەبدولعەزیز) ئامادەبوون، وتووێژەکانی نێوانیان لە (٢٨- ٣٠/ نیسانی ١٩٩٧) درێژەی کێشا و بە ڕێکەوتنامەی تاران کۆتایی پێهات.[6]

دەقی ڕێکەوتنامەکەش لە (١/ ئایاری ١٩٩٧)دا بڵاوکرایەوە، کە لە (١٢) خاڵ پێکهاتبوو، گرنگترینیان:
**یەکەم**: ڕیسواکردنی شەڕ و ڕاگەیاندنی ئاشتی.
**دووەم**: ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ناوچەکە و نەهێشتنی دیاردەی گرتن و ئازادکردنی گیراوەکان.
**سێیەم**: ڕاگرتنی هەموو جۆرە هێرشێکی ڕاگەیاندن لەلایەن هەردوو لاوە.
**چوارەم**: خاڵی گرنکی ڕێکەوتنامەکە بەشداریی (باسک) لە حکومەتی هەرێم- کابینەی سلێمانی بوو:
- پێدانی دوو وەزارەت لە حکومەتی هەرێم- کابینەی سلێمانی.
- دوو بریکاری وەزیر.
- دوو بەڕێوەبەری گشتی.
- چوار بەڕێوەبەری ناحیە.
- سێ سەرۆک شارەوانی.

---

١- محمد حاجی مەحمود: س.پ، ب٥، ل٢٧ ؛ ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٣١٨)، ١٩٩٧/٤/٢٧، ل١ ؛ مەحمود سەنگاوی: س.پ، ل٥٥٩.
٢- محمد حاجی مەحمود: س.پ، ب٥، ل٢٧.
٣- ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ(٢٦٦٩)، ٣٠/ نیسانی ١٩٩٧، ل١.
٤- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٤٠٧)، ل١.
٥- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٣٢٠)، ١٩٩٧/٤/٢٩، ل١.
٦- هێرش عەبدوڵا حەمەکەریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ، ل٣٦٠ ؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٤٠٩)، ١٩٩٧/٥/٥، ل١.

**پێنجەم:** پێدانی (٢) ملیۆن دینار مانگانە بۆ (باسک) لەلایەن (ی.ن.ک)ەوە.[١]

لەسەر ڕێکەوتنامەی تاران لەنێوان (ی.ن.ک) و (باسک) بە نێوەندگیری ئێران وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی عێراق لە (٣/ ئایاری ١٩٩٧) ئاگادارکردنەوەیەکی توندی داوە ئێران بۆ وازهێنان لە دەستوەردان لە کاروباری ناوچەکانی کوردستان و دەڵێت: "حکومەتی ئێران بەم هەڵسوکەوتە نارەوایەی ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە هێشتا ڕژێمی ئێران بەردەوامە لەسەر سیاسەتی دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆیی عێراق بە مەبەستی ڕاییکردنی ئامانجە سیاسییەکانی دژی سەروەریی خاکی عێراق، هەروەها داوا لە حکومەتی تاران دەکات دەست لەو سیاسەتە نارەوایە هەڵبگرێت لە دژی عێراق".[٢]

ڕێکەوتنامەی تاران کۆتایی بە گەڕی دووەمی شەڕی نێوان (ی.ن.ک) و (باسک) هێنا و لە (٣/ ئابی ١٩٩٧) شاندی باڵای م.س (باسک) بە سەرۆکایەتی شێخ محەمەد بەرزنجی سەردانی بارەگای م.س (ی.ن.ک)یان کرد و لە سلێمانی بە مەبەستی جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێکەوتنامەی تاران و بەشدارییکردنی (باسک) لە کابینەی حکومەتی هەرێم- سلێمانی، کە کۆسرەت رەسول عەلی سەرۆکایەتی دەکرد.[٣] بۆ هەمان مەبەست لە (٦/ ئابی ١٩٩٧) بە ئامادەبوونی کۆسرەت رەسول عەلی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان- سلێمانی و د. کەمال فواد، جێگری سەرۆکی حکومەت و شێخ محەمەد بەرزنجی، ئەندامی م.س (باسک)، بە دوو وەزیر بەشداری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان- سلێمانی دا کرد، ئەوانیش (محەمەد عومەر عەبدولعەزیز)، وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی و (عەبدولڕەحمان مەعروف محەمەد) وەزیری داد بوو.[٤]

بە بەشداریکیردنی (باسک) لە حکومەتی هەرێمی کوردستان- سلێمانی، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان- هەولێر هەردوو وەزیرەکەی (باسک)، لە حکومەتدا لە کار لابرد و بە ڕوونکردنەوەیەک، لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان- هەولێر لەسەر بەشدارییکردنی (باسک) لە حکومەتی هەرێمی کوردستان- سلێمانی دەڵێت: " لە ڕووی یاساییەوە ناکرێت لە یەک کاتدا (باسک) لە حکومەتێکی شەرعی پەرلەمانی و لە هەمان کاتیشدا لە دەزگایەکی ناشەرعیدا بەشداریی بکات، بۆیە بەپێی مادەی (١١)ی یاسای ئەنجومەنی وەزیران، بڕیاردرا محەمەد نوری بازیانی، وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری عەبدولغەنی تەها محەمەد وەزیری هەرێم ئیقالە بکرێت و ئەو بڕیارەش بدرێتە پەرلەمانی کوردستان بۆ پەسەندکردنی".[٥] لە دوای بەشدارییکردنی (باسک) لە حکومەتی هەرێم- کابینەی سلێمانی بە نووسراوێکی فەرمی، کە مەکتەبی سەربازی ئەو حزبە لە ڕۆژی (٧/ ئابی١٩٩٧) دەریکردووە، داوا لە سەرجەم هێزەکانی خۆیان دەکات، کە بە بڕیارەکانی حکومەتەوە پابەندبن و گیروگرفتی بۆ دروست نەکەن و بڕیارەکانی حکومەت جێبەجێ بکەن. لێرەوە (باسک) پابەندیی خۆی بە ڕێکەوتنامەی تاران ڕاگەیاند. بەم شێوەیە دووبارە پەیوەندییەکانی نێوان (ی.ن.ک) و (باسک) گەڕایەوە بارێکی ئاسایی و کۆتایی بە قۆناغێک لە شەڕ و ململانێی خوێناوی نێوانیان هات، کە لە ساڵی (١٩٩٣)وە دەستی پێکردبوو.[٦]

گەڕی دووەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (ی.ن.ک) و (باسک) هاوکاتی دەستپێکردنی گەڕی یەکەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) لە (ئایاری ١٩٩٤) و درێژە کێشانی دۆخی شەڕ و ئاشتی لە نێوان هەردوولادا تا (نیسانی ١٩٩٧) بوو. دیسانەوە جارێکی تر شەڕ لە نێوان هەردوولادا دەستیپێکردەوە و تا ڕێککەوتنامەی تاران و بەشدارییکردنی (باسک) لە حکومەتی هەرێمی کوردستان – سلێمانی بەردەوام بوو، بە بەشدارییکردنی شەڕی نێوان هەردوولا کۆتایی هات.

---

١- بۆ دەقی تەواوی ڕێکەوتنامەکە و خاڵەکانی بڕوانە: هێرش عەبدوڵا حەمەکەریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ، ل٣٦٠- ٣٦٢ ؛ ئارام قادر- ئیدریس سیوەیلی: بەڵگەنامەکان دەدوێن بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان- عێراق، ل٩٣- ٩٤.

٢- ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ(٢٦٨٤)، ٧/ ئایاری ١٩٩٧، ل١.

٣- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٤٤٥)، ١٩٩٧/٨/٥، ل١.

٤- ئاری عبداللطیف: فارگۆنی بزوتنەوەی ئیسلامی- ڕەگ و ڕەخنەی دەستوخەت و ئەوراقەکان، چ١، چاپخانەی تاران، ٢٠١٩، ل٤٣ ؛ ڕزگار عەبدوڵا هەڵەبجەیی: مامۆستا مەلا علی عبدالعزیز ڕابەری بزوتنەوەی ئیسلامی لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەنووسیدا، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٥٣ ؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٤٤٦)، ١٩٩٧/٨/٧، ل١.

٥- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٣٩٠)، ١٩٩٧/٨/١٠، ل١ ؛ بێ ناوی نووسەر: بزووتنەوەی ئیسلامی بە گەورەترین ستافی بەشداری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، گۆڤاری (٣١/ ئاب)، ژ(٦)، ئابی ١٩٩٧، ل٦.

٦- ژیلوان عبدالله احمد: س.پ، ل٣٧؛ مەسعود مەحمود حەسەن: س.پ، ل١٩٧.

## بەشی سێیەم: شەڕی ناوخۆ و ململانێی نێوان پارتەکان (١٩٩٧ ـ ٢٠٠٣)

باسی یەکەم: گەڕی دووەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) (١٩٩٧)

باسی دووەم: گەڕی چوارەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) و ڕێکەوتنامەی واشنتۆن (١٩٩٨)

باسی سێیەم: شەڕی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.ک.ک) ساڵی (٢٠٠٠)

باسی چوارەم: پەیوەندیی و ململانێی پارتە سیاسییەکان (١٩٩٩ـ ٢٠٠٣)

باسی پێنجەم: شەڕی نێوان (ی.ن.ک)و گروپە ئیسلامییە جیهادییەکان (٢٠٠١ـ ٢٠٠٣)

**باسی یەکەم: گەڕی دووەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) (١٩٩٧)**

لە دوای ئاگربەستی نێوان هەردوولا لە (کانوونی یەکەمی ١٩٩٥ تا ١٩٩٦)، شەڕ و پێکدادانێکی ئەوتۆ ڕووی نەدا، کە ببێتە هۆی شکاندنی ئاگربەستەکەی نێوانیان. هەربۆیە بارودۆخەکە بۆ گۆڕینی ئاگربەستەکە بۆ ڕێکەوتن لەباربوو. دوای چەندین هەوڵی ئاشتی و دانووستانی بەردەوام ،بۆ ماوەی چەند مانگێک، هەردوولا لە (٢١/ ئاداری ١٩٩٦) گەیشتنە ڕێکەوتنامەی ئاشتی. لەلایەن (پ.ک.ک)ەوە عوسمان ئۆجەلان ڕێکەوتنامەکەی لەگەڵ (پ.د.ک) مۆرکرد، کە چەند خاڵێکی گرنگی لەخۆگرتبوو، لەوانە:

١- ڕێگەدان بە گەریلاکانی (پ.ک.ک) سێ بارەگای سەرەکیی لە ناوچە سنوورییەکانی عێراق-تورکیا بکەنەوە.

٢- ڕێگەدان بە هەڵگرتنی چەک لە بارەگا و ناوچەکانی دەوروبەریدا.

٣- ڕێگەدان بە گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (پ.د.ک) لە بادینان، بە مەرجی هەڵنەگرتنی چەک، هاتوچۆ بکەن.

٤- ڕێگە بە گەریلاکانی (پ.ک.ک) بدرێت، پێداویستییەکانیان لە مەوادی خۆراکی لە شار و شارۆچکەکانی پارێزگای دهۆک بکڕن، بە مەرجێک بە بڕێکی زۆر نەبێت.

٥- ڕێگە بە گەریلاکانی (پ.ک.ک) بدرێت، بۆ سەردانیکردنی خێزانەکانیان، سەردانی کەمپی ئەتروش لە شارەدێی ئەتروش و پارێزگای دهۆک بکەن، لە کاتی وەرگرتنی مۆڵەتدا و بەو مەرجەی چەکیان هەڵنەگرتبێت؛

٦- (پ.د.ک) بەڵێن دەدات، ئەگەر ئەو خاڵانە جێبەجێکران، ئەوا ڕووبەڕووی هیچ گەریلایەکی (پ.ک.ک) نابێتەوە.[1]

ئەم نزیکبوونەوەی نێوان هەردوولا و ڕێکەوتنی نێوانیان، مایەی ڕەزامەندی دەوڵەتی تورکیا نەبوو، هەربۆیە بەردەوام لە هەوڵدابوو، تاکو جارێکی تر، بە ناوی لێدان لە بنکە و بارەگاکانی (پ.ک.ک)، سنووری ناوچەکانی باشووری کوردستان ببەزێنێت. ڕێکەوتننامەی (ئاداری ١٩٩٦)، تاڕادەیەک ئاشتی لەنێوان هەردوولادا هێنایەدی، بەڵام ئاڵۆزییە ناوخۆییەکانی باشووری کوردستان، کە خۆی لە شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) دەبینییەوە، تاڕادەیەک کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی هەردوولا هەبوو، هەرچەندە لە کاتی گەڕی سێیەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)، (پ.ک.ک) بێلایەن بوو، بەڵام (پ.ک.ک) هاوپەیمان و دۆستی (ی.ن.ک) بوو.[2]

لە سەروبەندی ڕووداوی (٣١/ ئابی ١٩٩٦) و دەرچوونی (ی.ن.ک) بۆ ناوچە سنوورییەکانی ئێران، لە مانگی (تشرینی یەکەمی ١٩٩٦) بە دیاریکراوی لە (٤/ تشرینی یەکەم) لە گوندی قەڵاچوغەی سەر بە شارەدێی ئاغجەلەر، هێزەکانی (پ.د.ک) (دکتۆر سیروان) سکرتێری گشتیی (ی. ن. د. ک) و (٥) گەریلایان کوشت، کە لەگەڵیدا بوون، بە بیانووی ئەوەی کە ئەمانە چەکداری (ی.ن.ک)ن.[3] بەڵام ئەمەیش تاڕادەیەک نەبووە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا و هەتا هاتنەوەی هێزەکانی (ی.ن.ک) لە ئۆپەراسیۆنێکدا بە ناوی گەردەلوولی تۆڵە، کە لە (١٢/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٦) بۆ گرتنەوەی ناوچەکانی دەستپێکرد، توانی تەواوی ناوچەکانی سلێمانی و ناوچە ڕزگارکراوەکانی کەرکوک بگرنەوە و تا دەوروبەری شاری هەولێریان کۆنترۆڵکرد، هەوڵەکانی ئەمریکا و تورکیا بۆ نێوەندگیری لەنێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) و کۆبوونەوەیان لە ئەنقەرە ڕێکەوتنامەی ئەنقەرەی لێکەوتەوە لە (٣١/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٦).[4]

---

١- أیاد عجاج فیان: س.پ، ل١١٢.
٢- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (محمد حمە امین پێنجوێنی)، سلێمانی، (٢٠٢٢/٥/١٩).
٣- حسن جودی: مێژوویەک لە ئاگر، ب٢، ل٥٣٦.
٤- أیاد عجاج فیان: س.پ، ل١١٥؛ مراد خۆشەڤی حسۆ: س.پ، ل١١٤.

ئەم ڕێکەوتننامەیە لە بنەڕەتدا لە (٢٢) خاڵ پێکدێت، خاڵی (٣ و ٢١) تایبەت بوو بە پاراستنی ناوچە سنوورییەکانی تورکیا و بوونی گەریلاکانی (پ.ک.ک)، ئەگەر تەماشای هەندێک لە خاڵەکانی ڕێکەوتنامەکەی ئەنقەرە بکەین، تێبینی ئەوە دەکەین، کە باس لە ڕووبەڕووبوونەوەی (پ.ک.ک) کراوە، لە ڕێگەی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە ئاسایشییەکانی تورکیاوە، بە ڕێگریکردن لە بوون و چالاکی سیاسیی و چەکداریی ئەو پارتە لە باشووری کوردستان، ئەوەش یەکێک بوو لە ئامانجە سەرەکییەکانی تورکیا، لە چوارچێوەی سیاسەتی میانگیریدا ڕووە و باشووری کوردستان، هەروەها سەپاندنی سیاسەتی تورکیا لە باشووری کوردستان و هاوڕاکردنی ئەو دوو پارتە بۆ لێدانی (پ.ک.ک) و ناسینی وەک هێزێکی تیرۆرست بوو.[١]

لە پاڵ کاریگەرییەکانی ڕێکەوتنامەی ئەنقەرە (٣١/ تشرینی ١٩٩٦) لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا، کۆمەڵێک هۆکاری تر هەبوون، کە هەردوولای بەرەو شەڕێکی تر ئاراستە کرد، لەوانە:

**یەکەم**: (پ.د.ک) زۆر جەخت لەسەر خراپ بەکارهێنانی ناوچە سنوورییەکانی عێراق- تورکیا- ئێران لەلایەن گەریلاکانی (پ.ک.ک)ەوە و بەکارهێنانی ئەم ناوچە سنوورییانە بۆ هێرشەکانیان لە دژی سوپای تورکیا کردبووە.

**دووەم**: دەستوەردان لە کاروباری ئیداریی ناوچە سنوورییەکان و سەرانە وەرگرتن لە هاووڵاتیان بە ناوی کۆمەک و یارمەتییەوە و دژایەتیکردنی دامەزراوە شەرعییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان (پ.ک.ک) دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بە یاسایی نەزانیووە.

**سێیەم**: دروستکردنی حکومەتێکی تایبەت بە خۆیان لەسەر خاکی باشووری کوردستان، بە مەبەستی تووڕەکردنی وڵاتانی دراوسێ و ڕاکێشانی سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی باشووری کوردستان.

**چوارەم**: ڕێگەگرتن لە ئاوەدانکردنەوەی (٤٠٠) گوندی سەرسنوور و ئاوارەبوونی دانیشتوانەکەی، جگە لەوەش هەڵخەڵەتاندن و بردنی منداڵانی خوار (١٨) ساڵ لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان و چەکدار کردنیان.[٢] جگە لەو هۆکارانە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی خراپی هەبوو لە شەڕی نێوان (پ.ک.ک) و (پ.د.ک) بە تایبەتی ڕاگەیاندنی (پ.ک.ک) لە ڕێگەی کەناڵی تەلەفزیۆنی (Med-TV).

هاوکات لەگەڵ ئەم هۆکارانەدا، لەسەر داوای (پ.د.ک) و هاوئاهەنگی تەواو لەگەڵیان، لە (١٤/ ئایاری ١٩٩٧) سوپای تورکیا پرۆسەیەکی گەورەی سنووربەزاندنی بۆ سەر باشووری کوردستان، بەناوی ئۆپەراسیۆنی (پۆڵایینی دووەم) دەستپێکرد. بە بەشداریی (٥٠) هەزار سەرباز و پاڵپشت بە هێزی ئاسمانی هێرشیان بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی (پ.ک.ک) دەستپێکرد. ئۆپەراسیۆنەکە (٣٦) ڕۆژ بەردەوام بوو. لە (١٤/ ئایاری ١٩٩٧ بۆ ٢١/ حوزەیرانی ١٩٩٧) زۆربەی هەرە زۆری بنکە و بارەگاکانی پارتەکەی خاپوور کرد.[٣]

لەسەر هاتنی سوپای تورکیا بۆ باشووری کوردستان، (سامی عەبدولڕحمان)، ئەندامی م.س. ئەوکاتەی (پ.دک)، (پ.ک.ک)ی بە هۆکاری هاتنی سوپای تورکیا ناو بردووە، هەروەها هەموو جۆرە ڕێکەوتن و هاریکارییەک بۆ هاتنی سوپای تورکیا ڕەتدەکاتەوە و لەشکرکێشییەکانی تورکیا بۆ سەر باشووری کوردستان دەخاتە ئەستۆی (پ.ک.ک)ەوە.[٤] هەرچەندە (پ.د.ک) دانی بەوەدا نەدەنا، کە خۆی ڕاستەوخۆ داوای دەستێوەردانی تورکیای کردووە، کاردانەوەی پارتەکە ڕۆژێک لە دوای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە، تەواو ئەوەی دەردەخست، کە (پ.د.ک)، لە بری سەرکۆنەکردنی ئۆپەراسیۆنەکەی سوپای تورکیا، لەسەر ئەو کارە (پ.ک.ک)ی سەرکۆنە دەکرد، لەوەش زیاتر خۆی وا دەردەخست، کە ئاگای لە وەدەرنانی (پ.ک.ک) لە باشووری کوردستان نییە.[٥] لەگەڵ هاتنەناوەوەی سوپای تورکیا، شەڕی نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) دەستی

١- د.سلام عبدالكريم: پارتی کرێکارانی کوردستان لە پێوەندییە هەرێمییەکانی تورکیادا (١٩٨٠- ١٩٩٩)، ل٢٧٥؛ مراد خۆشەڤی حسۆ: س.پ، ل١١٤؛ أياد عجاج فيان: س.پ، ل١١٥.
٢- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٣٣٩)، ١٩٩٧/٥/٢٨، ل١؛ ئۆفرا بینگیۆ: س.پ، ل٣٩٥- ٣٩٦.
٣- بيار مصطفى سيف الدين: س.پ، ل٢٢٣؛ أياد عجاج فيان: س.پ، ل١١٧.
٤- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٣٣٦)، (١٩٩٧/٥/٢٥)، ل١.
٥- ئۆفرا بینگیۆ: س.پ، ل٣٩٥.

پێکرد، لە دوای دوو ڕۆژ لە لەشکرکێشییەکەی تورکیا بۆ سەر باشووری کوردستان، لە (١٦/ ئایاری ١٩٩٧) شەڕ و پێکدادانی قورس لە نێوان (پ.ک.ک) و (پ.د.ک) لە شاری هەولێر ڕوویان دا، لە ئەنجامدا (٩٢) کەس لە (پ.ک.ک) کوژرا[١] (١١) کەس لە (پ.د.ک) کوژرا.[٢]

لەسەر ڕووداوەکەی (١٦/ ئایار) لە هەولێر، م.س. (پ.د.ک) لە بەیاننامەیەکدا دەڵێت: "لە دوای چەندین جار ئاگادارکردنەوەی سەرکردایەتی (پ.ک.ک)، بۆ ئەوەی شەڕ و هێرشی سوپای تورکیا نەگاتە شاری هەولێر و مەترسیی لەسەر هەولێر دووربخرێتەوە، داوامان لە (پ.ک.ک) کردووە، کە بنکە و بارەگا سەربازییەکانیان نەهێڵن، کە ژمارەیان (١٥) بارەگا دەبوو و بیبەنە دەرەوەی هەولێر، چونکە بوونی ئەو بنکە و بارەگایانە، هەولێر دەکاتە مەیدانی شەڕی سوپای تورکیا، ئەوانەی ڕازیبوون لە ناو شاری هەولێر بە ڕێزەوە بەڕێکران بۆ ناوچە سنوورییەکان و ئەوانەی سەنگەریان گرت و کەوتنە بەرگرییکردن و بۆردومانکردنی شار بوونە هۆی دروستبوونی شەڕ".[٣]

لەسەر هەمان ڕووداو، ڕۆژنامەی "وڵات" ئۆرگانی فەرمی (پ.ک.ک) لە ڕوونکردنەوەیەکدا دەڵێت: "لە ڕۆژی (١٦/ ئایاری ١٩٩٧) هێزەکانی (پ.د.ک) و فەرماندەی سوپای دووی (پ.د.ک) و بە هاوبەشیی هێزی ئاشتیپارێزی (PMF)ی سەر بە تورکیا، بە فەرماندەیی حەسەن قاپلان هێرشیان بۆ سەر نەخۆشخانەی مانگی سووری کوردستان و بارەگاکانی (ی.ن.د.ك) و مەڵبەندی ڕۆژشنبیری میزۆپۆتامیا و ڕۆژنامەی وڵات و ڕۆژنامەی شمس و یەکێتی ئازادی ژنانی کوردستان (YAJK) کردووە. لە دوای شەڕێکی سەخت و دژوار سەرجەم بنکە و بارەگاکانی (پ.ک.ک) کەوتوونەتە دەست هێزەکانی (پ.د.ک) و لە دوای گرتنی نەخۆشەکانی نەخۆشخانەی مانگی سووری کوردستان، زۆربەیان بە دیلی کوژران.[٤]

لەسەر هەمان ڕووداو، جەمیل بایک دەڵێت: "(پ.د.ک) ڕێگەی داوە، هەندێک لە هەڤاڵان دەربازبن، ئەوانەی، کە مابوونەوە، بە ئەنقەست دەرباز نەکراون، لەسەر ئەوەی بە تەمای بەرخۆدان بوون، هەربۆیە (عوسمان ئۆجەلان و بۆتان)، دوو فەرماندەی باڵای (پ.ک.ک) بە ئەنقەست دەربازیان نەکردوون. ئەگەر بییانویستایە، دەیانتوانی دەربازییان بکەن، چونکە هەندێک لە هەڤاڵان دەرباز ببوون و (پ.د.ک) ڕێگەی پێیان دابوو"،[٥] لە قسەکانیدا جەمیل بایک هەریەکە لە عوسمان ئۆجەلان و بۆتان تۆمەتبار دەکات، بەوەی کە هەڤاڵەکانیان لە هەولێر دەربازنەکردووە، ئەوەش بۆ ئەوە بووە، کە (پ.د.ک) ئەوان لەناوببات و شەڕی (پ.ک.ک) و (پ.د.ک) دژوارتربێت، بەتایبەتی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (پ.د.ک).[٦] لە دوای ئەو کوشتارەی، کە لە هەولێر کرا، (پ.د.ک) هێرشێکی بەرفراوانی بۆ سەر هێزەکانی (پ.ک.ک) لە ناوچەکانی ئامێدی و حەفتانین و دهۆک و گارە و مەتین کرد. لە هێرشەکانیاندا سوپای تورکیا بەشدارییی کارای لە زۆربەی بەرەکانی شەڕدا، هەتا کشانەوەی سوپای تورکیا لە (٢١/ حوزەیرانی ١٩٩٧) هەبوو. گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە زۆربەی بەرەکانی شەڕدا دووچاری شکست بوون.[٧]

لە (٢١/ حوزەیرانی ١٩٩٧) وتەبێژی فەرمی (پ.د.ک) تێکشکانی (پ.ک.ک) لە باشووری کوردستان ڕاگەیاند، کە لە دوای ئۆپراسیۆنی سەربازیی سوپای تورکیا لە باشووری کوردستاندا، ئەرکەکانیان بەرەو کۆتایی دەچێت و (پ.ک.ک) زیانێکی گەورە و کوشندەی بەرکەوت، زۆربەی یەکەکانی سوپای تورکیا لە ناوچەکەدا کشانەوە و هەندێکیان بۆ تەواوکردنی ئەرکەکانیان بەشێوەیەکی کاتی ماونەتەوە لەسەر بەشداریکردنی هێزەکانی (پ.د.ک) لە هێرشەکاندا زیاتر بەشداریکردنێکی بەرگری بووە، بۆ پاراستنی دانیشتوانی مەدەنی لە ئەگەری هەر دەستدرێژییەک و توانای سەرکەوتووانەی گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە ناوچەیەکی فراوانی

---

١- سەردار ستار: س.پ، ل٩٣ ؛ بێ ناوی نووسەر: جەمال مۆرتکە تاوابنارە بە کۆمەڵکوژی (٩٢) ئەندامی (پ.ک.ک) لە هەولێر، گۆڤاری لڤین، ژ(٢٤٥)، ٢٠١٣/٩/١٣، ل١٥- ١٦.
٢- ژ(٢٥٥)، ٢/ حوزەیرانی ١٩٩٧، ل١.
٣- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٣٤٥)، ١٩٩٧/٦/٥، ل١؛ أیاد عجاج فیان: س.پ، ل١١٨- ١١٩.
٤- ڕۆژنامەی وڵات، (٢٥٥)، ٢/ حوزەیرانی ١٩٩٧، ل٢.
٥- حسن جودی: مێژوویەک لە ئاگر، ب٢، ل٣٦٩.
٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٩.
٧- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٣٥٦)، ١٩٩٧/٦/٢٢، ل١.

گوندەکانی هاوسنووری تورکیا لە هەردوو پارێزگای دهۆک و هەولێر، هەروەها دەڵێت گەریلاکانی (پ.ک.ک) بەتەواوەتی شکستیان هێناوە تاکو ڕادەی تێکشکانی تەواوەتی هێزەکانیان و ناوچەیەکی فراوان لە دەست گەریلاکانی (پ.ک.ک) دەرهێنراوە و بنکە و بارەگا جێگیرەکانیان لە ناوچەکەدا لەنێوبراون و هەموو بارەگا سەرەکییەکانیان و سەربازگەکانی مەشق و کۆکردنەوەی چەک و تەقەمەنی و ئازووقەیان دەستی بەسەرداگیراوە، لە شەڕ و پێکدادانەکانی ئەو ماوەیەدا، (پ.ک.ک) زۆربەی هەرە زۆری بنکە و بارەگا سەربازییەکانی خۆیان لە ناوچەکانی (زاب، مەتین، گارە، کەرتی ئامێدی، حەفتانین، چیای سپی، چیای بێخێر، لولان، برادۆست، کەرتی سیدەکان و مزوری باڵا) دەستی بەسەرداگیرا و جگە لەوەش، داخستنی بنکە و بارەگاکانیان لە شاری (هەولێر و دیانا)، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر لە گەریلاکانی (پ.ک.ک) بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک) و سنووری ئێران هەڵاتوون لە شەڕەکانی (١٤/ ئایاری ١٩٩٧) بۆ (٢١/ حوزەیرانی ١٩٩٧) (پ.د.ک) باس لە کوژرانی (٢٩) پێشمەرگە و (٨٩) برینداری هێزەکەی دەکات.[١]

جگە لەوەش سوپای تورکیا توانی دەستبگرێت بەسەر بنکە و بارەگاکانی (پ.ک.ک) و ڕادەستکردنی بنکە و بارەگاکانیان بە هیزەکانی (پ.د.ک).[٢] (پ.ک.ک) ئاماری شەڕ و پێکدادانەکانی مانگی (ئایار و حوزەیرانی ١٩٩٧)ی بڵاوکردەوە، کە باس لە کوژرانی (٤١٠) پێشمەرگەی (پ.د.ک) لەگەڵ کوژانی (١١١) گەریلای (پ.ک.ک) لە شەڕەکاندا دەکات.[٣] (پ.ک.ک) مانگی یەکەم و دووەمی شەڕەکەیان ناو نابوو (شاڵاوی تووڕە)، لە بەرامبەر بە هێزەکانی چەکوشی ئامادەی تورکیا و هێزەکانی (پ.د.ک)، قۆناغی دووەمی شەڕیان ناو نابوو (ئۆپەراسیۆنی شۆڕشگێری) بۆ گرتنەوەی بنکە و بارەگاکانیان، بەتایبەتی لە دوای کشانەوەی هێزەکانی سوپای تورکیا، ئەم قۆناغە لە سەرەتای مانگی (تەموزی ١٩٩٧)ەوە دەستیپێکرد، کە تایبەت بوو بە هێرشکردن بۆ گرتنەوەی ناوچەکانیان.[٤]

لە سەرەتای مانگی (تەموزی ١٩٩٧) شەڕی توند لەنێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) لە ناوچەکانی (حاجی ئۆمەران، چۆمان، سیدەکان و خواکورک) ڕوویدا. لە هێرشەکانی (پ.ک.ک) دا، هەریەکە لە (حسک)، بە سەرکردایەتی عەبدوڵا حاجی محمود و (پ.پ.ک) بەشدارییان کردووە. هۆکار لە بەشداریکردنی هەریەکە لە (حسک) و (پ.پ.ک) لە دژی (پ.د.ک) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هاوپەیمانێتیەیی، کە بە سەرکردایەتی (ی.ن.ک) پێکهێنرا بوو. لە (١٩/ تەموزی ١٩٩٧) (پ.ک.ک) بە تەواوەتی دەستیان بەسەر شارۆچکەی حاجی ئۆمەراندا گرت، هێزەکانی (پ.د.ک) کشانەوە. لە هەمان کاتدا گەریلاکانی (پ.ک.ک) دەستیان بەسەر شارۆچکەی قەسرێ دا گرتەوە، دواتر لە هێرشێکدا هێزەکانی لەشکری شەشی (پ.د.ک) و سوپای بارزان دەست بەسەر قەسرێ و دەوروبەریدا دەگرنەوە. (پ.ک.ک) باس لە کوژرانی (١٤) پێشمەرگەی (پ.د.ک) و (٦) گەریلای خۆیان، لە شەڕی گرتنەوەی قەسرێ لەلایەن (پ.د.ک)ەوە دەکات.[٥] لە دوای شکانی هێزی (پ.د.ک) لە حاجی ئۆمەران، ناوچەکانی چۆمان و قەسرێ. (پ.د.ک) لە ڕاگەیەندراوێکدا دەڵێت: لە دوای شکستی گەریلاکانی (پ.ک.ک) و هەڵاتنیان بۆ ناوچە سنوورییەکانی (ی.ن.ک) و ئێران و کۆبوونەوەی پاشماوەی هێزەکانیان لە نزیک هێڵی تەماسی نێوان، هەریەکە لە (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) لە ناوچەکانی کۆیە و بالیسان و وەرتێ تا دەگاتە شاخەکانی نزیک حاجی ئۆمەران، پاشماوەی هێزەکانی (پ.ک.ک) بە چاوساغیی و ئاسانکاریی لەلایەن هێزەکانی (ی.ن.ک)ەوە، هێرش بۆ سەر سەنگەرەکانی بەرگری (پ.د.ک) لە ناوچەکەدا دەکەن. بە شەو لە کاتی تاریکیدا بە چالاکی گەریلایی هێرش دەکەن و دواتر دەکشێنەوە ناوچە سنوورییەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک)، ئەمەیش پێشێلکردنی تەواوەتی بەندەکانی ڕێکەوتنامەی ئەنقەرەی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) بوو، ئەمەیش لە کاتێکدا بوو، کە پاراستنی ئەو ناوچە سنوورییانە لە ئەستۆی هێزی ئاشتیپارێز (PMF)دا بوو.[٦]

---

١- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٣٥٦)، ١٩٩٧/٦/٢٢، ل١.
٢- أیاد عجاج فیان: س.پ، ل١١٨.
٣- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٤٣١)، ١٩٩٧/٧/٣، ل١.
٤- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(٢٦٠)، ٧/ تەموزی ١٩٩٧، ل١.
٥- ڕۆژنامەی وڵات، (٢٦١)، ١٤/ تەموزی ١٩٩٧، ل٦؛ ڕۆژنامەی وڵات، ژ(٢٦٢)، ٢١/ تەموزی ١٩٩٧، ل١.
٦- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٣٦١)، ١٩٩٧/٦/٢٩، ل١؛ ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٣٧٥)، ١٩٩٧/٧/٢٠، ل١.

(پ.ک.ک) بەشدارییکردنی هێزەکانی (ی.ن.ک)ی لە هێرشەکانیان بۆ سەر هێزەکانی (پ.د.ک) ڕەتکردۆتەوە.[1] لە (٢٢-٣٠/ تەموزی ١٩٩٧) شەڕی دژواری نێوان هەردوولا لە دەوروبەری دۆڵی ڕۆستێ و ناوچەکانی دەوروبەری قەزای چۆمان بووە، کە فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆردومانی گەریلاکانی (پ.ک.ک)یان لە دەوروبەری حەساری ڕۆستێ کردووە و ناوچەیەکی زۆریان لە دەست گەریلاکانی (پ.ک.ک) دەرهێناوە.[2] (پ.د.ک) باس لە بەشداریکردنی هێزەکانی (ی.ن.ک) لە هێرشی گەریلاکانی (پ.ک.ک) بۆ سەر سەنگەرەکانی (پ.د.ک) لە دۆڵی ڕۆستێ دەکات.[3] (پ.ک.ک) ئاماری شەڕ و پێکدادانەکانی مانگی (تەموزی ١٩٩٧)ی نێوان هەردوولای بڵاوکردەوە، باس لە کوژرانی (١٣٧) پێشمەرگەی (پ.د.ک) دەکات، کە (٢٢) پێشمەرگەیان بەرپرسیارییەتی گەورەیان هەبووە، لەگەڵ کوژرانی (٧٨) گەریلا لە شەڕەکانی مانگی (تەموزی ١٩٩٧).[4]

لە شەڕ و پێکدادانەکانی مانگی (ئاب و ئەیلولی ١٩٩٧)ی نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک)، (ی.ن.ک) بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ بەشداریی شەڕی نەکرد، بەڵام لە یارمەتییەکانی بۆ گەریلاکانی (پ.ک.ک) بەردەوام بوو، ئەویش بە ڕێگەدان بە هێرشکردنە سەر هێزەکانی (پ.د.ک) لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک)ەوە، بەڵام هێزەکانی هەریەکە لە (حسک)، بە سەرکردایەتی عەبدوڵای حاجی مەحمود و (پ.پ.ك)، بە سەرکردایەتی زەید سورچی، لە دژی هێزەکانی (پ.د.ک) ڕاستەوخۆ چوونە جەنگەوە. لە ناوچەکانی چۆمان و دەوروبەری و ناوچەکانی نێوان دۆڵی ئاڵانە تا دەگاتە زنجیرە چیای کۆڕەک و بەشدارییان لە شەڕەکانی سێ کوچکەی (ڕەواندز، چیای کۆڕەک و خەلیفان)دا کرد.[5]

لە گەرمەی شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان هەردوولا، سوپای تورکیا بۆ پشتگیرییکردنی (پ.د.ک) لە دژی (پ.ک.ک)، لە (٢٤/ ئەیلولی ١٩٩٧) بە قوڵایی (٥٠)کم و بەشداریی (١٥- ١٦) هەزار سەربازی پڕچەککراو بە تانک و فڕۆکە جارێکی تر سنووری هەرێمی کوردستانی بەزاند و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی دژی (پ.ک.ک) هەتا (١٣/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٧)ی خایاند و ناوی ئۆپەراسیۆنەکەی نابوو (سپێدە-بەرەبەیان)، (پ.د.ک) پێشوازیی لەم ئۆپەراسیۆنە کرد و هێزەکانی لەگەڵ هێزەکانی سوپای تورکیا لە شەڕی دژ بە (پ.ک.ک) بەشداربوون، بە بیانووی هاوکارییکردنی لەگەڵ نەیارەکەی، کە (ی.ن.ک) بوو.[6]

شەڕی نێوان هەردوولا بواری ئەوەی لە بەردەم تورکیادا کردەوە، کە (ناوچەیەکی ئارام) لە (٢٢/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٧)، بۆ بەهێزکردنی بوونی کرداری سەربازیی تورکیا لە ناوچەکە و هاوکاری ئەمنی لەنێوان تورکیا و (پ.د.ک)، ڕابگەیەنێت.[7] ئەگەرچی ئەم پشتێنە ئاسایشییە جێبەجێنەکرا، بەڵام دەرئەنجامی ئەم هاوکاریی و پەیوەندییەی نێوان (پ.د.ک) و تورکیا، بووە هۆی جێگیربوونی چەندان بنکە و بارەگای سەربازیی سوپای تورکیا بەشێوەیەکی هەمیشەیی لە نێو خاکی باشووری کوردستاندا بە بیانووی ڕووبەڕووبوونەوەی گەریلاکانی (پ.ک.ک).[8] جگە لە بەشداریی و یارمەتییەکانی سوپای تورکیا بۆ (پ.د.ک)، هێزەکانی حزبوڵڵای شۆڕشگێڕ بە سەرۆکایەتی ئەدهەم بارزانی لە پاڵ هێزەکانی (پ.د.ک) بەشداریی شەڕیان لە دژی (پ.ک.ک) لە ناوچەکانی حاجی ئۆمەران و چۆمان دەکرد.[9]

١- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(٢٦٢)، ٢١/تەموزی ١٩٩٧، ل١.
٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٤٤١)، ١٩٩٧/٧/٢٧، ل١؛ ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٣٨٥)، ١٩٩٧/٨/٣، ل١.
٣- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٣٨٥)، ١٩٩٧/٨/٣، ل١.
٤- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(٢٦٣)، ٢٨/ تەموزی ١٩٩٧، ل٨.
٥- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٥، ل٣٩؛ ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٣٩٠)، ١٩٩٧/٨/١٠، ل١؛ ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٤٠٠)، ١٩٩٧/٨/٢١، ل١؛ ڕۆژنامەی وڵات، ژ(٢٦٥)، ١١/ ئابی ١٩٩٧، ل١.
٦- أياد عجاج فيان: س.پ، ل١٢٠.
٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢١.
٨- د.سەلام عبدالکەریم: پارتی کرێکارانی کوردستان، ل٢٨٢.
٩- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٤٢٦)، ١٩٩٧/٩/٢٨، ل١.

له ماوەی هەردوو مانگی (ئاب و ئەیلولی ١٩٩٧) زۆرترین شەڕ و پێکدادان لەنێوان هەردوولادا ڕوویداوە، ڕۆژنامەی "برایەتی"، ئۆرگانی فەرمی (پ.د.ک) باس لە (٤٤) هێرشی گەریلاکانی (پ.ک.ک) بۆ سەر هێزەکانیان بە هاوکاریی هێزەکانی (ی.ن.ک) و (پ. پ. ك) و حسک دەکات و ئاماژە بەوە دەکات، کە جگە لە کوژرانی ژمارەیەکی زۆر لە هەردوولا، لە ئەنجامی تۆپبارانەکانی (پ.ک.ک) بۆ سەر ناوچەی ئامێدی (٩) هاوڵاتی سڤیل کوژرا و (٤٣) دیکەش بریندار بوون.[١]

هەروەها لە کۆتایی مانگی ئەیلول، بە دیاریکراوی لە (٢٩/ ئەیلولی ١٩٩٧) شەڕ و پێکدادان لە نێوان گەریلاکانی (پ.ک.ک) و چەکدارانی (باسک) لە ناوچەی حاجی ئۆمەراندا ڕوویان داوە. بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەی سەربازیی (باسک) هەر لەهەمان ڕۆژدا داوای لە چەکدارەکانی هێزی سەفین و هەندرێن و قەڵادزێ کردووە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەریلاکانی (پ.ک.ک) بکەونە حاڵەتی ئامادەباشییەوە.[٢] شەڕو پێکدادانەکانی نێوان هەردوولا لە مانگی (تشرینی یەکەمی ١٩٩٧) بەردەوام بوو، هەتا بەرپابوونی گەرێکی تری شەڕی ناوخۆی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک)، کە بە هێرشی (ی.ن.ک) و هاوپەیمانەکانی دەستیپێکرد.[٣] بەشداریکردنی گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە مانگی (تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی ١٩٩٧) لە گەڕی چوارەمی شەڕی ناوخۆ لە ناوچەکانی چۆمان، حاجی ئۆمەران، سیدەکان و شارۆچکەی دیانا بوو.[٤]

لە دوای ماوەیەک شەڕ لە پاڵ (ی.ن.ک) و هاوپەیمانەکانی و دەستێوەردانی سوپای تورکیا لە بەرژەوەندی (پ.د.ک) لە (٢٤/ تشرینی دووەمی ١٩٩٧) (پ.د.ک) ئاگربەستی یەکلایەنەی بۆ کۆتاییپێهێنان بە گەڕی چوارەمی شەڕی ناوخۆ هێنا.[٥] لەسەر ئاماری کوژرانی نێوان هەردوولا، (پ.د.ک) باس لە کوژرانی (٧٠٠) پێشمەرگە و گەریلا لە شەڕەکانی (١٣/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٧) و گەڕی چوارەمی شەڕی ناوخۆ دەکات.[٦] لەگەڵ ئەوەشدا هێزەکانی (ARGK) باڵی سەربازیی (پ.ک.ک) لە ڕاگەیاندراوێکدا، ئاماری (٧) مانگی شەڕی نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک)ی بڵاوکردەوەتەوە، باس لە کوژرانی (١٣٢٠) پێشمەرگەی (پ.د.ک) لە (١٦/ ئایاری ١٩٩٧) بۆ (١٤/ کانوونی یەکەمی ١٩٩٧) دەکات.[٧]

ئاماری کوژراوانی شەڕی ناوخۆ، ئەگەر چی ئاماری ڕاست و دروست نین و زۆرێک لە لایەنگیریی لەلایەن پارتە شەڕکەرەکانی باشووری کوردستانەوە پێوە دیارە، بەڵام دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە پارتەکان، لە بەرامبەر یەکتریدا، لە چ شەڕێکی ناوخۆیی خوێناویدا بوون. شەڕ و پێکدادانی نێوان گەریلاکانی (پ.ک.ک) و هێزەکانی (پ.د.ک) تا ساڵی (١٩٩٨)، ناوبەناو، هەر بەردەوام بوو هەتا (١/ ئەیلولی ١٩٩٨) (پ.ک.ک) ئاگربەستی ڕاگەیاند. بەم شێوەیە لە دوای ساڵانێکی زۆر لە شەڕی ناوخۆیی نێوانیان، کۆتایی بە شەڕ و گرژییەکانی نێوانیان هات. هەتا ڕێکەوتنامەی واشنتۆن لەنێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) بە نێوەندگیریی ئەمریکا لە (١٧/ ئەیلولی ١٩٩٨)، قۆناغێکی تر لە مێژووی پەیوەندی نێوان هەردوولا دەست پێدەکات.[٨]

گەڕی دووەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) هاوکات بوو لەگەڵ لەشکرکێشییەکانی سوپای تورکیا لە (ئایاری ١٩٩٧)، درێژەکێشانی شەڕەکە تا کاتی بەرپابوونی گەڕێکی تری شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لە (تشرینی یەکەمی ١٩٩٧) و شەڕەکانی گەردەلولی تۆڵەی دووەم و بەشدارییکردنی (پ.ک.ک) لەگەڵ (ی.ن.ک) و هاوپەیمانەکانی لە دژی (پ.د.ک)، هاتنە ناوەوەی سوپای تورکیا و لێدان لە هێزەکانی (پ.ک.ک) و (ی.ن.ک) شکستی هەردوو هێزەکە لە بەرامبەر سوپا و هێزی ئاسمانیی تورکیا و (پ.د.ک)، لە دوای ئەم خولەی شەڕی نێوانیان ناوبەناو شەڕ لە نێوان هەردوو هێزەکەدا هەبوو تاوەکو (ئەیلولی ١٩٩٨).

١- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٤٢٦)، ل١؛ ڕۆژنامەی برایەتی (٢٤٩٠)، ١٩٩٧/٩/٣، ل١.
٢- أياد عجاج فيان: س.پ، ل١١٩؛ ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٤٢٨)، ١٩٩٧/٩/٣٠، ل١.
٣- محمد حاجی محمود: س.پ، ب٥، ل٥٧؛ محمود سەنگاوی: س.پ، ل٥٦٨.
٤- فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب٣، ل١٩٨٢.
٥- أياد عجاج فيان: س.پ، ل١٢٣؛ ڕۆژنامەی برایەتی، ژ (٢٤٦٩)، ١٩٩٧/١١/٢٥، ل١.
٦- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٤٤٨)، ١٩٩٧/١٠/٢٧، ل١.
٧- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(٢٨١)، ١٥/ کانوونی ١٩٩٧، ل١.
٨- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(٣١٩)، ٨/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٨، ل١.

**باسی دووەم: گەڕی چوارەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک)و (ی.ن.ک)و ڕێکەوتنامەی واشنتۆن (١٩٩٨)**

گەڕی چوارەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) کۆتا گەڕی شەڕی ناوخۆی نێوان هەردوو پارتی ناوبراو بوو، ئەم گەڕەی شەڕ لە دوایی ڕێکەوتنامەی ئەنقەرە لە (٣١/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٦) بە تەواوەتی ناوچەکانی باشووری کوردستان دابەشی دوو ئیدارەی جیاواز بوو، ئیدارەیەکیان، کە لە ناوچەکانی بادینان و هەولێر پێکدەهات، (پ.د.ک) حوکمی دەکرد؛ ئیدارەیەکی تریان، کە لە ناوچەکانی سلێمانی و ناوچە ڕزگارکراوەکانی کەرکوک و باکوری هەولێر پێکدەهات (ی.ن.ک) حوکمی دەکرد، هەرچەندە لە دوای ڕێکەوتنامەی ئەنقەرە لە (٣١/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٦) (ی.ن.ک) درێژەی بە کارەکانی کابینەی ئەو حکومەتەی دا، کە کۆسرەت ڕەسول عەلی سەرپەرشتی دەکرد و بەهۆی ڕووداوەکانی شەڕی ناوخۆوە لەبەریەک هەڵوەشابووەوە، بەڵام لە (٢٦/ کانوونی دووەمی ١٩٩٧) (ی.ن.ک) کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێم- سلێمانی دیسانەوە بە سەرۆکایەتی (کۆسرەت ڕەسول عەلی) ڕاگەیاند.

ئیدی لێرەوە شەڕی ڕاگەیاندنی نێوان هەردوولا دەستی پێکرد، (پ.د.ک) پێکهێنانی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێم- سلێمانی بە نایاسایی دەزانی؛ لە بەرامبەردا، (ی.ن.ک) کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێم- هەولێری بە نایاسایی دەزانی. (پ.د.ک) بە بەڵگەی ئەوەی، کە کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێم- سلێمانی لە پەرلەماندا هەڵنەبژێردراوە، بە حکومەتێکی ناشەرعیی دادەنا و (ی.ن.ک)یش، بە بەڵگەی ئەوەی کۆسرەت ڕەسول عەلی لە (٢٦/ تشرینی دووەمی ١٩٩٤) لە پەرلەمانەوە شەرعییەتی وەرگرتووە، کابینەی حکومەتەکەی بە کابینەیەکی فەرمیی دادەنا و پێکهێنانی کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێم- هەولێر بە نایاسایی دەزانی، بە بەڵگەی ئەوەی پێکهێنانی ئەو حکومەتە بەرئەنجامی ڕووداوەکانی (٣١/ ئابی ١٩٩٦)و دواتر بووە. دابەشبوونی هەرێمی کوردستان بۆ دوو ئیدارە و دوو ناوچە و دوو دەسەڵاتی جیاواز، کێشەکانی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک)ی چارەسەر نەکرد.

هەرچەندە لە دوای ڕێکەوتنامەی ئەنقەرە لە (٣١/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٦)، هەردوو لایەنی شەڕکەر بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێکەوتنامەکە، چوارجار کۆبوونەوە، بەڵام لە بری چارەسەرکردن، کێشە و گرفتی نوێ لە نێوانیاندا سەری هەڵدەدا، ئەوانیش کۆمەڵە هۆکارێک بوون، کە دواتر بووە هۆی دروستبوونی گەڕێکی تری شەڕ لەنێوان هەردوولا،[1] لەوانە:

هۆکاری یەکەم: هۆکاری ئابووری، بەتایبەتی (داهاتی گومرکەکان) مەسەلەی دابەشکردنی داهاتەکان، بوو بە بڕبڕەی سەرەکیی ململانێی نێوانیان، چاودێران بە شەڕی دایکی گومرکەکان ناویان دەبرد. داهاتی گومرکی ئیبراهیم خەلیل لەو کاتەدا لە سەرەکیترین داهاتی گومرکەکان بوو، کە هەر لە گەڕی یەکەمی شەڕی ناوخۆوە لە (١/ ئایاری ١٩٩٤) (پ.د.ک) دەستی بەسەردا گرتبوو، (ی.ن.ک) لەو داهاتە بێبەش ببوو و لە دوای گەڕی سێیەمی شەڕی ناوخۆی نێوانیان و ڕێکەوتنامەی ئەنقەرە لە (٣١/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٦)، (ی.ن.ک) لە لای خۆیەوە نەیدەتوانی ڕێکەوتنی ئەنقەرەی ساڵی (١٩٩٦) جێبەجێ بکات، چونکە ئەو ڕێکەوتنە (ی.ن.ک) لە دۆخێکی مەترسیداری ناوچەیی و سیاسی و ئابووریدا دەهێشتەوە.[2]

ئەگەر سەیری بارودۆخی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک) لە پێش دەستپێکردنی گەڕێکی تری شەڕی ناوخۆ بکەین، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک) لە چاو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (پ.د.ک)دا، بەهۆی ڕێژەی کەمی داهاتەوە، دووچاری چەندین کێشە و گیروگرفت بوونەوە.[3]

هۆکاری دووەم: تایبەت بە بابەتی (پ.ک.ک) و پاراستنی ناوچە سنوورییەکانی تورکیا و بابەتی بە تیرۆر ناساندنی (پ.ک.ک) بوو، کە (پ.د.ک) لەسەر ئەوە زۆر پێداگر بووە و بەپێچەوانەوە (ی.ن.ک) زۆرتر لە (پ.ک.ک) نزیک دەبووەوە و لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو بەندانەی ڕێکەوتنامەی ئەنقەرەدا نەبووە و بگرە

---

١- هێرش عەبدوڵا حەمەکەریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا ١٩٩١-١٩٩٨، ل١٢٩؛ مەسعود مەحمود حەسەن: س.پ، ل٢٠١.

٢- ئۆفرا بینگیۆ: س.پ، ل٣٩٧- ٣٩٨.

٣- مەسعود مەحمود حەسەن: س.پ، ل٢٠٢.

دەستیکرد بە یارمەتیدانی (پ.ک.ک). بە جۆرێک، ئەو هاوپەیمانێتییەی لەنێوان (پ.د.ک) و تورکیادا هەبوو هاوپەیمانێتییەکی هاوتای لەنێوان (ی.ن.ک) و (پ.ک.ک)دا لە دژی ئەوان هەبوو. هەتا ئەو ڕادەیەی (پ.د.ک) (ی.ن.ک) بە پێشێلکردنی ئاگربەست لە چل و چوار حاڵەتدا تۆمەتبار کرد، کە لەگەڵ (پ.ک.ک) ئەنجامیان داوە، هەربۆیە نە (ی.ن.ک) و نە (پ.ک.ک) ئەو ڕەوشە نوێیەیان وەک ئەمری واقیع پێ قبوڵ نەدەکرا، هەردوولا ترسیان لەوە هەبوو، کە (پ.د.ک) بە پاڵپشتی تورکیا لەوە بەهێزتر بێت.[١]

لە کاتێکدا لەشکرکێشییەکانی تورکیا لە (١٤/ ئایاری ١٩٩٧) بە هاوکاری (پ.د.ک) دەستپێکرد بۆ سەر (پ.ک.ک) جێگەی نیگەرانی (ی.ن.ک) بوو، تەنانەت بووە هۆی کشانەوەی (ی.ن.ک) لە گفتوگۆکانی ئەنقەرە لە (١٠/ تەموزی ١٩٩٧) لەگەڵ (پ.د.ک) بە بەڵگەی ئەوەی دەستوەردانەکانی تورکیا لە باشووری کوردستان لە بەرژەوەندی (پ.د.ک) دایە.[٢]

هۆکاری سێیەم: تووندبوونی شەڕی ڕاگەیاندن لەنێوان هەردوولادا، بەتایبەتی لە دوای لەشکرکێشییەکانی تورکیا بۆ ناو باشووری کوردستان و لێدان لە بنکە و بارەگاکانی (پ.ک.ک)، (پ.د.ک) بە بەردەوامی (ی.ن.ک)ی بە یارمەتیدانی گەریلاکانی (پ.ک.ک) و هێرشکردنیان بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی (پ.د.ک) لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک)ەوە تۆمەتبار دەکرد، لە بەرامبەردا، (ی.ن.ک) هەموو ئەوانەی ڕەتدەکردەوە، کە گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک)ەوە و بە هاوکاری (ی.ن.ک) هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (پ.د.ک) کردبێت.[٣]

هەربۆیە لە مانگی (تەموزی ١٩٩٧) (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لە دژی یەکتری بە تەواوەتی کەوتنە شەڕی ڕاگەیاندنەوە. هەر لەو ماوەیەدا (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) یەکتریان بە پێشێلکردنی ئاگربەست تۆمەتبار دەکرد و هەندێک جار شەڕ و ئاڵۆزیی لەنێوانیاندا دروست دەبوو، بەتایبەتی لە هێڵەکانی پێشەوەی نێوانیان، ئەو هێڵەی، کە (PMF) سەرپەرشتی دەکرد.[٤]

جگە لەو هۆکارانە، چەندین هۆکاری دیکە هەبوون، لەوانە دەرکردن و ڕاوەدوونانی لایەنگرانی یەکتر لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیاندا، کە لە نێوان هەردوو پارتی شەڕکەردا دیاردەیەکی باو بووە، کە هەر پارتەیان ئەوی دیکەیان بە دەرکردن و ڕاوەدوونانی لایەنگرانی یەکتر تۆمەتبار دەکرد.[٥] هاوکات پێش دەستپێکردنی گەڕی چوارەمی شەڕی ناوخۆیی نێوانیان، نوێنەرانی هەردوولا بە چاودێری ئەمریکا و بە بەشداری بەریتانیا و تورکیا لە شاری لەندەن لە (٦- ٧/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٧) بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان کۆبوونەوە، بەڵام کۆبوونەوەکە ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبوو. کۆمەڵێک خاڵ هەبوو، کە بە بەردەوامی خاڵی ناکۆکی نێوان هەردوولا بووە، لەوانە بابەتی داهاتی گومرکی ئیبراهیم خەلیل و داماڵینی هەولێر لە چەک، کە لە دوای ڕووداوەکانی (٣١/ ئابی ١٩٩٦)ەوە لە ژێردەسەڵاتی (پ.د.ک) دابوو.[٦]

لە (٩/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٧)، لە یادی یەکەمین ساڵرۆژی ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی تۆڵەدا، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بە مانشێتێکی گەورە نووسیبووی:" تا خیانەت بەردەوام بێت، گەردەلوولی تۆڵەش بەردەوام دەبێت".[٧] هەر لە هەمان ڕۆژدا بە سەرپەرشتی جەلال تاڵەبانی، فەرماندەی گشتی هێزەکانی (ی.ن.ک) لە قەڵاچۆلان کۆبوونەوە، لە کۆبوونەوەکەدا نەخشەی ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی تۆڵەی دووەم دانرا، کە هێرشکردن بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (پ.د.ک) بوو.[٨]

---

١- ئۆفرا بینگیۆ: س.پ، ل٣٩٧.
٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٧ ؛ أیاد عجاج فیان: س.پ، ل١٢٣.
٣- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٣٧٥)، ١٩٩٧/٧/٢٠، ل١- ١١.
٤- مەسعود مەحمود حەسەن: س.پ، ل٢٠١ ؛ أیاد عجاج فیان: س.پ، ل١٢٣.
٥- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٤٨٣)، ١٩٩٧/١٠/٢٧)، ل١.
٦- سلاح ڕەشید: شەڕی ناوخۆی کورد، ل٤٧٥.
٧- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (١٤٧٣)، ١٩٩٧/١٠/٩، ل١.
٨- مەحمود سەنگاوی: س.پ، ل٥٦٦-٥٦٧ ؛ حەمەی حەمە سەعید: س.پ، ب٢، ل٢٧٠- ٢٧١.

زۆربەی ئەو هێزانەی، کە بەشداریی ئۆپەراسیۆنەکەیان دەکرد، دەبوو پێشووتر بچنە شاری ڕانیە و دوای جێگیربوونیان، کاتژمێری سفر بۆ هێرشکردنە سەر هێزەکانی (پ.د.ک) دانرا. لە شەوی (١٢- ١٣/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٧) هێزەکانی (ی.ن.ک) لە چەندین قۆڵەوە هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (پ.د.ک) کرد، کە بەم شێوەیە بوو:[1]

قۆڵی یەکەم: (سماقوڵی- زیارەت) بە سەرپەرشتی محمود سەنگاوی و ملازم عومەر.

قۆڵی دووەم: (چۆمان- حاجی ئۆمەران) بە سەرپەرشتی موحسین بایز و حەمەی حاجی قادر. لەم قۆڵەدا گەریلاکانی (پ.ک.ک) بەشداریی کارایان هەبوو.

قۆڵی سێیەم: (دۆڵی بالیسان)، کە ناوچەکانی بالیسان و شاخە سوور و کەپکی حەمەد ئاغا و دۆڵی ئاڵانە و کڵاوقاسم و بەنی هەریری دەگرتەوە، بە سەرپەرشتی جەبار فەرمان، عوسمانی حاجی محمود و عەدنان حەمەی مینا و هێزەکانی گەرمیانی (ی.ن.ک) بوو.
قۆڵی چوارەم: (هیران- شەقڵاوە- چیای سەفین) بە سەرپەرشتی کۆسرەت رەسول عەلی و شێخ جەعفەر مستەفا بوو.
قۆڵی پێنجەم: (کۆیە- دێگەڵە) بە سەرپەرشتی ئەرسەلان بایز و بورهان سەعید سۆفی لەگەڵ هێزەکانی هەولێری (ی.ن.ک) بوو [2]

لە نیوە شەوی (١٢- ١٣/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٧) هێزەکانی (ی.ن.ک) لە هەموو قۆڵەکانەوە هێرشێکی بەرفراوانیان بۆ سەر هێزەکانی (پ.د.ک) کرد. (پ.د.ک) لە زۆربەی قۆڵەکاندا تووشی شکستێکی گەورە هات، بە جۆرێک بەشێک لە قەڵەمڕەویی و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی لەدەستدا.[3]

لە قۆڵی بالیسانەوە هێزەکانی (ی.ن.ک) دەستیان بەسەر (کەپکی حەمەد ئاغا، کڵاوقاسم، شاخەسوور و چیای بەنی هەریر)دا گرت. لە قۆڵی هیران، شەقڵاوە هێزەکانی (ی.ن.ک) بەشێوەیەکی بەرفراوان هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (پ.د.ک) کرد و لە ماوەیەکی کەمدا هێزەکانی (پ.د.ک) شکا و لەلایەن هێزەکانی (ی.ن.ک)ەوە دەست بەسەر (کەپکی شیلانە)دا گیرا، کە شوێنێکی ستراتیجی قۆڵی هیران- شەقڵاوە بوو کە  بە کلیلی دەروازەی شەقڵاوە دادەنرا.[4] لە قۆڵی سماقوڵی، زیارەت هێزەکانی (ی.ن.ک) دەستیانگرت بەسەر ناوچەکانی دۆڵە هەرمێ، سەری بنەباوێ، قۆپی سولێ، دۆڵی بیرۆکە و ناو دارۆکان.[5] لە قۆڵی چۆمان و حاجی ئۆمەران، کە گەریلاکانی (پ.ک.ک) بەشدارییان تێیداکرد دەستگیرا بەسەر ڕێگای گەڵاڵە و حاجی ئۆمەراندا. لە قۆڵی دۆڵی خانەقا، وەرتێ و قەسرێ هێزەکانی (ی.ن.ک) دەستیان بەسەر (دۆڵی خانەقا، وەرتێ و قەسرێ) گرت و جگە لە کۆنترۆڵکردنی گوندەکانی نێوان دۆڵی خانەقا و وەرتێ بە تەواوەتی.[6]

(پ.د.ک) لەسەر شەڕەکانی گەردەلوولی تۆڵەی دووەم بەیاننامەیەکی دەرکرد، کە تێیدا هاتووە:"لە کاتژمێر (٢:٠٠)ی بەرەبەیانی (١٣/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٧) چەکدارانی (ی.ن.ک) بە هاوکاری چەکدارانی (پ.ک.ک) هێرشێکی فراوانیان کردۆتە سەر قۆڵەکانی هێڵی تەماس، کە لە ناوچەکانی (زیارەت، دۆڵی هیران، کڵاوقاسم، دۆڵی بالیسان، ناوچەکانی ڕەواندز تاکو دەگاتە قەسرێ، چۆمان و حاجی ئۆمەران) بەرپرسیارێتی ئەم شەڕە دەستپێکردووە دەخرێتە ئەستۆی (ی.ن.ک) و هاوپەیمانەکانی".[7]

---

١- مەسعود مەحمود حەسەن: س.پ، ل٢٠٤؛ حەمەی حەمە سەعید: س.پ، ب٢، ل٢٧١ .
٢- مەحمود سەنگاوی: س.پ، ل٥٦٧ ؛ جەلال ئێڵنجاغی: س.پ، ل٥٦٧.
٣- مەحمود سەنگاوی: س.پ، ل٥٦٨ ؛ مەسعود مەحمود: س.پ، ل٢٠٤.
٤- گۆڤاری (٣١/ ئاب)، ژ(٨)، تشرینی یەکەمی ١٩٩٧، ل٤- ٥.
٥- مەحمود سەنگاوی: س.پ، ل٥٦٨ ؛ گۆڤاری (٣١/ ئاب)، ژ(٨)، ل٥.
٦- فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب٣، ل١٩٨٢؛ مەسعود مەحمود حەسەن: س.پ، ل٢٠٥.
٧- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٤٣٨)، ١٤/١٠/١٩٩٧، ل١.

شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان هەردوولا بەردەوام بوو، هێزەکانی (ی.ن.ک) بە تەواوەتی نزیکبوون لەوەی دەست بەسەر شارۆچکەی شەقڵاوەدا بگرن. لەم قۆڵەدا هێزەکانی هاوپەیمانی دیموکراتی کوردستان (هـ.د.ک) بەشداربوون. ئەمە جگە لە پێشڕەوییەکانی هێزەکانی (ی.ن.ک) لە زۆربەی قۆڵەکانی شەڕدا و شکانی (پ.د.ک) و بەشداری گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە شەڕەکەدا،[1] گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە قۆڵی چۆمان، حاجی ئۆمەران و سیدەکان بووە، شانبەشانی هێزەکانی (ی.ن.ک) و هاوپەیمانەکانی لە یەک سەنگەردا لە دژی هێزەکانی (پ.د.ک) بوون.[2] بەڵام بەشداریکردنی گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە دژی (پ.د.ک) وایکرد، تورکیا، لە بەرژەوەندی (پ.د.ک)، دەستوەردان لە شەڕەکاندا بکات. شکستی هێزەکانی (پ.د.ک) و سەرکەوتنی هێزەکانی (ی.ن.ک)، بە هاوکاریی گەریلاکانی (پ.ک.ک)، بە تەواوەتی تورکیای ڕاکێشاوەتە ناو شەڕەکەوە، بە هێزی ئاسمانیی و زەمینی لە بەرژەوەندی (پ.د.ک)، بەشداریی کارای کرد. یەکەمین هێرشی ئاسمانیی تورکیا بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) و (پ.ک.ک) لە (١٣/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٧) لە قۆڵی چۆمان- حاجی ئۆمەران بوو، چونکە لەم قۆڵەدا گەریلاکانی (پ.ک.ک) کارایی زیاتریان هەبوو، لەو کاتە بەدواوە فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا کەوتنە بۆردومانکردنی هێزەکانی (ی.ن.ک) و (پ.ک.ک)، لە سەرجەم قۆڵەکانی شەڕ لە حاجی ئۆمەرانەوە بۆ گۆمەسپان.[3]

لەسەر بەشدارییکردنی سوپای تورکیا بە هێرشی ئاسمانیی و زەمینی، فازڵ میرانی، ئەندامی م.س. ئەوکاتەی (پ.د.ک) بە ڕۆژنامەی "برایەتی" ڕاگەیاندووە، کە هاتنی سوپای تورکیا، ڕاستەوخۆ بەندە بە بوونی (پ.ک.ک) و گەریلاکانی لە باشووری کوردستان.[4] بەشدارییکردنی گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە هەندێک قۆڵدا، بۆچوونێکی وای لای تورکیا دروستکرد، کە دەشێت هەر گۆڕانێکی هاوسەنگی هێز لە هەرێم بە سوودی (پ.ک.ک) بشکێتەوە، هەربۆیە سەرکردایەتی سیاسی تورکیا لە (١٣/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٧) کەوتە لێدان لە هێزەکانی (ی.ن.ک) و (پ.ک.ک).[5] شەڕ و پێکدادانی نێوان (پ.د.ک) و (پ.ک.ک) لە ناوچەکانی حاجی ئۆمەران و سیدەکان چۆمان و شارۆچکەی دیانا بوو، لە سەرەتاکانی ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی تۆڵەی دووەم، گەریلاکانی (پ.ک.ک) دەستیان بەسەر ناوچەیەکی زۆر لە دەوروبەری سیدەکان و حاجی ئۆمەراندا گرت.[6]

لە (١٤/ تشرینی یەکەم) هێزەکانی (ی.ن.ک) لە قۆڵی بالیسان و ئالانە پێشڕەوییان کرد و لە شارۆچکەی خەلیفان نزیکبوونەوە، لە قۆڵی چۆمان و حاجی ئۆمەران هێزەکانی (پ.د.ک) حاجی ئۆمەران، چۆمان و ناوپردانیان بەجێهێشت و بەرەو ڕایات کشانەوە.[7] شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان هەردوولا بەردەوام بوو، هێزەکانی (ی.ن.ک) و هاوپەیمانەکانی لە پێشڕەوییدا بوون و شەڕ درێژەی کێشا هەتا (١٧/ تشرینی یەکەم) هەرسێ دەوڵەتی (ئەمریکا و تورکیا و بەریتانیا)، سەرپەرشتیاری ئاشتی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) داوایان لە هەردوو لایەنی شەڕکەر کرد، کە بە ئاگربەستەوە پابەندبن و لە (١٧/ تشرینی یەکەم) ئاگربەست لەنێوان هەردوولادا ڕاگەیەنرا. بەڵام (پ.د.ک) ڕایگەیاند کە ئاگربەست تەنیا بۆ ماوەی (٧٢) کاتژمێر دەبێت.[8]

دوای وەستانی شەڕ و پێکدادانەکان بۆ ماوەیەکی کورت، لە (٢١/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٧) جارێکی تر شەڕ دەستپێکردەوە. هێزەکانی (پ.د.ک) بە هاوکاریی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) دەستپێکرد و دەستوەردانەکانی تورکیا بووە هۆی کوژرانی (٨) هاووڵاتی و برینداربوونی (٢٦)هاووڵاتی و کوژرانی (١٢) پێشمەرگەی (ی.ن.ک) و برینداربوونی (٢٨) پێشمەرگەی تر.[9] لە دوای

---

١- فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب٣، ل١٩٨٢.
٢- حەمەی حەمە سەعید: س.پ، ب٢، ل٢٧١؛ مەسعود مەحمود حەسەن: س.پ، ل٢٠٥.
٣- حەمەی حەمە سەعید: س.پ، ب٢، ل٢٧١-٢٧٢؛ ڕۆژنامەی وڵات، ژ(٢٧٧)، ١٠/ تشرینی دووەمی ١٩٩٧. ل١.
٤- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٤٤٤)، ١٩٩٧/١٠/٢١، ل١.
٥- فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب٣، ل١٩٨٢.
٦- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٤٦٣)،١٩٩٧/١١/١٧،ل١؛ ڕۆژنامەی وڵات، ژ(٢٧٩)، ٢٤/ تشرینی دووەمی ١٩٩٧، ل١.
٧- فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب٣، ل١٩٨٢.
٨- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٤٤٢)، ١٩٩٧/١٠/١٩، ل١؛ فەرید ئەسەسەرد، ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب٣، ل١٩٨٣.
٩- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٨٣.

دەستوەردانەکانی سوپای تورکیا لە بەرژەوەندی (پ.د.ک) هێزەکانی (ی.ن.ک) لە پێشڕەوییەکانیان وەستان و لە (١٣/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٧) بۆ (٢٠/ تشرینی دووەمی ١٩٩٧) سوپای تورکیا زیاد لە (١٧٥) هێرشی ئاسمانییان کردۆتە سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) و هاوپەیمانەکانی لە سەرجەم قۆڵەکانی شەڕدا.[1] دەستوەردانەکانی سوپای تورکیا بەشێوەیەک بوون، وایان کرد، کە جەلال تاڵەبانی نامەیەک ئاراستەی وەزیری دەرەوەی تورکیا (ئیسماعیل جەم) بکات، لە ناوەڕۆکەکەیدا باس لە بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا لە دژی هێزەکانی (ی.ن.ک) و کوژرانی چەندین کەس لە هێرشەکاندا دەکات.[2]

بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک)، بووە هۆی کوژرانی دەیان پێشمەرگەی (ی.ن.ک)، بەشێوەیەک محەممەدی حاجی مەحمود دەڵێت: "لە کەپکی حەمەد ئاغا و کلاوقاسمدا سەدان پێشمەرگە کوژران، کلاوقاسم و کەپکی حەمەد ئاغا نە زستان لەبەر بەفر کەسی لێ ئەژی و نە هاوین لەبەر گەرما کەسی لێ ئەژی، کەچی سەدان پێشمەرگە لە هەردوولا لەوێدا کوژراون".[3] لە ڕۆژانی (٢٣/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٧) هەتا (٧/ تشرینی دووەمی ١٩٩٧) زۆرترین شەڕ و پێکدادان لەنێوان هەردوولادا لە زۆربەی قۆڵەکانی شەڕدا ڕوویداوە، هێزەکانی (پ.د.ک) بە یارمەتی سوپای تورکیا هەوڵی گرتنەوەی ئەو ناوچانەی دەدا، کە پێشووتر لە سەرەتای شەڕەکانی گەردەلوولی تۆڵەدا لە دەستیدا بوون. لەسەر ئاماری کوژراوانی شەڕی نێوانیان، (ی.ن.ک) باس لە کوژرانی (٦١) پێشمەرگەی (پ.د.ک) لە شەڕەکانی (١٣ بۆ ١٦/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٧) دەکات.[4] ئەو چەک و کەرەستانەی کە لە شەڕی ناوخۆدا بەکاردەهێنرا زۆربەی چەکی ئێران و تورکی بووە، ئێران بە ئاشکرا لەم گەڕەی شەڕدا یارمەتی (ی.ن.ک) دەدا، بەهەمان شێوە تورکیا یارمەتی (پ.د.ک) دەدا، جگە لەوە تێچووی زۆربەی گەڕەکانی شەڕ لەلایەن هەردوو وڵاتی ناوبراوەوە دابین دەکرا.

لە (٨/ تشرینی دووەمی ١٩٩٧) هێرشی بەرفراوانی (پ.د.ک) بە یارمەتی سوپای کۆماندۆی تورکیا و پاڵپشتی هێزی ئاسمانی تورکیا بە ناوی (دژە گەردەلوول) بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک)، لە چەندین قۆڵەوە بۆ گرتنەوەی ئەو ناوچانە دەستی پێکرد، کە لەدەستیدابوو.
قۆڵی یەکەم: گرتنەوەی دۆڵی هیران و نازەنین هەر لە ئاقوبانەوە تا پونگینە.
قۆڵی دووەم: گرتنەوەی زنجیرە چیای سەفین، کەپکی قەلەڕەش، کەپکی حاجی ساڵح، کەپکی شەهیدان و کەپکی شیلانە.

لەم هێرشەی (پ.د.ک)، لیوای تایبەت و سوپای بارزان و سوپای حەوت و سوپای ڕزگاری و سوپای هەشت و سوپای گەرمیان بەشدارییان تێداکرد. (پ.د.ک) لەم هێرشانەدا باس لە کوژرانی (٣٥) پێشمەرگەی (ی.ن.ک) لە قۆڵی دێگەڵە و کوژرانی (١٥) پێشمەرگە لە قۆڵی سماقوڵی و (١٥) کوژراویش لە قۆڵی هیران و (٥) کوژراو لە قۆڵی ئالانە دەکات.[5]
قۆڵی سێیەم: گرتنەوەی ناوچەکانی دۆڵی ئاکۆیان لەلایەن هێزەکانی (پ.د.ک)ەوە.
قۆڵی چوارەم: گرتنەوەی ناوچەکانی سیدەکان، قەزای چۆمان، دۆڵی ڕۆست و دەوروبەری لە (تشرینی دووەمی ١٩٩٧).
قۆڵی پێنجەم:گرتنەوەی ناوچەکانی قەسرێ، گەڵاڵە، حاجی ئۆمەران، دۆڵی خانەقا و تەواوی ڕێگای هاملتون.[6]

---

١- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بۆردومانەکانی سووپای تورکیا بڕوانە: ماکۆک شێخ محمد: تۆماری هاتنە ناوەوەی لەشکری تورک، گۆڤاری تایم، ژ(٥)، شوباتی ١٩٩٨، ل١٥- ١٦.
٢- هێرش عەبدوڵا حەمەکەریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ، ل١٧٨.
٣- محمد حاجی مەحمود: س.پ، ب٥، ل٦٢.
٤- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٤٩١)، ١١٩٧/١١/٦، ل١.
٥- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٤٥٩)، ١١٩٧/١١/١١، ل١.
٦- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٤٦١)، ١٩٩٧/١١/١٣، ل٥؛ ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٤٦٣)، ١٩٩٧/١١/١٧، ل١؛ ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٤٦٤)، ١٩٩٧/١١/١٨، ل١.

شەڕ بەردەوام بوو لەنێوان هەردوولادا، (ی.ن.ک) لە ژێر فشاری زۆری هێزی تورکیا و فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا هێزەکانی کشاندەوە، لە ژێر گوشاری سیاسی و سەربازیی تورکیا و ئەمریکا گەڕایەوە جێگاکانی پێشووی خۆیان.[1] سەبارەت بە (پ.د.ک) لە دوای گرتنەوەی ناوچەکانی پێش هێرشەکانی (١٣/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٧)، لە ڕاگەیەندراوێکدا لە (٢٤/ تشرینی دووەمی ١٩٩٧) ئاگربەستی ڕاگەیاند و لە لای خۆیەوە شەڕ و تەقەی ڕاگرت و ڕایگەیاند لە حاڵەتی بەرگریدا دەبن و هەتا ئەو کاتە پابەندی ئاگربەست دەبن، کە (پ.ک.ک) و لایەنی سێیەم لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک)ەوە هێرش نەکەنە سەر هێزەکانی (پ.د.ک).[2] بۆ ڕۆژی دواتر (ی.ن.ک)یش ئاگربەستی قبوولکرد، بەوەیش کۆتایی بە گەڕی چوارەمی شەڕی ناوخۆیی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) هات.[3] سەبارەت بە ئاماری کوژراو و بریندارانی گەڕی چوارەمی شەڕی ناوخۆ، ئامارێکی ڕاست و دروست لە بەردەستدا نییە، بەڵام (ی.ن.ک) باس لە کوژرانی (٢٠٠) پێشمەرگە و فەرماندەی (پ.د.ک) دەکات.[4] هەرچی (پ.د.ک)یشە، باس لە کوژرانی (٧٠٠) پێشمەرگە و گەریلا دەکات، بە جۆرێک لەو ژمارەیە (٣٦٥) کوژراوی (ی.ن.ک)ی تێدایە. ڕۆژنامەی برایەتی ئۆرگانی فەرمی (پ.د.ک) ئاماری کوژراوانی (ی.ن.ک)ی بەم شێوەیە داناوە: (١٦٤) کوژراو بۆ سلێمانی و دەوروبەری، (٩٣) کوژراو بۆ کەلار و دەربەندیخان و دەوروبەری، (٣٤) کوژراو بۆ چەمچەماڵ و (٢٧)کوژراو بۆ ڕانیە و قەڵادزێ، (٨) کوژراو بۆ سەیدسادق، (١٦) کوژراو بۆ بازیان و چوارتا و شارباژێر، (٥) کوژراو بۆ عەربەت و (٥) کوژراو بۆ زەڕایەن و ئۆردوگای نەسر.[5] ئەگەرچی ئاماری کوژراوەکانی هەردوولا ئامارێکی ڕاست و دروست نین، بەڵام بەڵگەن لەسەر شەڕی سەختی نێوان هەردوولا. جگە لە ژمارەی کوژراوان، (٢٨٥) کەس بێسەروشوێنن لەنێوان لایەنە شەڕکەرەکانی باشووری کوردستان، بەتایبەتی (ی.ن.ک) و (پ.د.ک).[6]

هەر لە دوای شەڕی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک)، لە (٨/ کانوونی یەکەمی ١٩٩٧) لە نزیک شارۆچکەی دووکان لە پێکدادانێکدا (مەنسور فەتاحی)، بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی پاوەی (حدکا) کوژرا و سێ هاووڵاتی دیکەش بریندار دەبێت. هەمان ڕۆژ لە خاڵی پشکنینی دەروازەی شاری کۆیە تەقە لە ئەندامانی (حدکا) کرا و چوار بەرپرسی باڵای ئەو پارتە کوژرا. لە بەرامبەر ئەوەدا، دەفتەر سیاسی (حدکا) لە ڕاگەیەندراوێکدا تاوانەکەی خستە ئەستۆی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و لە کۆتایی ڕاگەیەنداورەکەدا داوا لە هێزەکانی (ی.ن.ک) دەکات، کە ڕووداوی کوشتنی بەرپرسانی (حدکا) بۆ خەڵکی ڕوونبکاتەوە و بکەرانی غافڵکوشت کردنی سەرکردەکانی پارتەکەیان بە سزا بگەیەنن.[7] لە دوای کۆتاییهاتنی گەڕی چوارەمی شەڕی ناوخۆ، جەلال تاڵەبانی لە دەستپێشخەرییەکدا لە (٣١/کانوونی یەکەمی١٩٩٧) نامەیەک ئاراستەی مەسعود بارزانی دەکات. ناوەڕۆکی نامەکەی تاڵەبانی زۆرتر لە پرۆژەیەک بۆ چارەسەرکردنی تەواوی ئەو کێشانە دەچوو، کە لە هەرێمی کوردستاندا دروست ببوون. لە نامەکەدا زۆربەی خاڵە ناکۆکەکانی نێوان هەردوولا باسکراوە.[8] لە دوای دەستپێشخەرییەکەی جەلال تاڵەبانی، ڕەوشی سیاسی نێوان هەردوو پارتی شەڕکەر بەرەو ئاساییبوونەوە ڕۆیشت، بەتایبەتی لە دوای وەڵامدانەوەی نامەکەی جەلال تاڵەبانی لەلایەن مەسعود بارزانی لە (١٤/ کانوونی دووەمی ١٩٩٨)ەوە بووە دەروازەیەک بۆ پرۆژەی ئاشتییەکی سەرتاسەریی.[9]

---

١- محمد حاجی مەحمود: س.پ، ب٥، ل٦٤.
٢- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٤٦٩)، ١٩٩٧/١١/٢٥، ل١.
٣- أیاد عجاج فیان: س.پ، ل١٢٣ ؛ مەحمود سەنگاوی: س.پ، ل٥٨٣.
٤- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٤٩٢)، ١٩٩٧/١١/٩، ل١- ٧.
٥- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ(٢٤٤٧)، ١٩٩٧/١٠/٢٦، ل١.
٦- هاوڕێ باخەوان: براکوژینامە- لیستی ئەو کەسانەی کە لە شەڕی براکوژیدا بوونەتە قوربانی، چ١، ٢٠١٥، ل١٧٢.
٧- ڕۆژنامەی وڵات، ژ(٢٨١)، ١٥ کانوونی یەکەمی ١٩٩٧، ل١.
٨- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دەقی نامەکەی جەلال تاڵەبانی بڕوانە: ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (١٥٣١)، ١٩٩٨/١/٤، ل١.
٩- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دەقی نامەکەی مەسعود بارزانی بڕوانە: ڕۆژنامەی برایەتی، ژ (٢٥٠٧)، ١٩٩٨/١/١٨، ل١.

جەلال تاڵەبانی لە (٢٦/ کانوونی دووەمی ١٩٩٨) بۆ جاری دووەم نامەیەکی دیکەی ئاراستەی مەسعود بارزانی کرد، کە تێیدا داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش لە م.س هەردوولا بە بەشداریی عەزیز محەمەد، لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان و هەڵسەنگاندنی هەردوو نامەکەی تاڵەبانی لە (٣١/ کانوونی یەکەمی ١٩٩٧) و نامەکەی بارزانی لە (١٤/ کانوونی دووەمی ١٩٩٨) دەکات، کە دوو پرۆژە بوون بۆ هێنانەدی ئاشتی لەنێوان هەردوولادا. بارزانی لە نامەیەکدا ڕەزامەندی لەسەر پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش لە م.س هەردوولا دەربڕی.[1]

ئەمەیش ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ کۆبوونەوەی شاندی م.س هەردوولا بە بەشداریی عەزیز محەمەد لە (١٢/ شوباتی ١٩٩٨) لە شارۆچکەی شەقڵاوە. ئەمەیش، لە دوای کۆتاییهاتنی گەڕی چوارەمی شەڕی ناوخۆی نێوانیان، یەکەمین کۆبوونەوەی ڕاستەوخۆی نێوان هەردوولا بوو. لە کۆبوونەوەکەدا لەسەر ئەوە ڕێکەوتن، کە کۆبوونەوەکانی نێوانیان بەشێوەی خول بێت؛ واتە هەر کۆبوونەوەیەک لە شوێنێکدا دەکرێت، جارێک لە شەقڵاوە و جارێک لە کۆیە بێت. لە (١٢/ شوباتی ١٩٩٨) هەتا ڕێکەوتنامەی واشنتۆن لە (١٧/ ئەیلولی ١٩٩٨) شاندی باڵای م.س هەردوولا (٢٧) جار کۆبوونەتەوە لە کۆنووسی کۆبوونەوەکاندا کۆمەڵێک خاڵ هەبوون، کە بە بەردەوامیی خاڵی ناکۆکی نێوان هەردوولا بووە. بەگشتی لە کۆبوونەوەکاندا قسە لەسەر چەند خاڵێک کراوە لەوانە:

١- ئەو شەڕ ڕاگرتنەی هەیە، لە پێناو هێنانەدی ئاشتی بەردەوام بێت.

٢- ڕاگرتنی شەڕی ڕاگەیاندن و ئازادکردنی دیل و گیراوەکانی نێوان هەردوولا.

٣ - گەڕانەوەی ئاوارە و دەربەدەرکراوەکان، کە (پ.د.ک) لە لیستێکدا ئاماژە بە (٦٠) هەزار ئاوارە دەکات و (ی.ن.ک) لە لیستێکدا ئاماژە بە (٧٠) هەزار ئاوارە دەکات.

٤- مەسەلەی (پ.ک.ک) و هێرشیان بۆ سەر ناوچەکانی (پ.د.ک) لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک)ەوە. ئەمەیان بە بەردەوامیی خاڵی ناکۆکی نێوانیان بووە.

٥- مەسەلەی داهات و گومرکی ئیبراهیم خەلیل و پێدانی موچەی دامودەزگا خزمەتگوزارییەکانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک) لەلایەن (پ.د.ک)، ئەمە جگە لەوەی خاڵی ناکۆکی نێوانیان بووە، (پ.د.ک) جەخت لەسەر (١٤) ملیۆن دۆلار دەکاتەوە، کە لە خەزێنەی حکومەتی هەرێمدا بووە و لە بەرپابوونی گەڕی یەکەمی شەڕی ناوخۆ (١/ ئایاری ١٩٩٤) لەلایەن (ی.ن.ک)ەوە دەستی بەسەردا گیراوە، بە هەمان شێوە (ی.ن.ک) جەخت لەوە دەکاتەوە، کە لەگەڵ بەرپابوونی گەڕی یەکەمی شەڕی ناوخۆوە، داهاتی گومرکی ئیبراهیم خەلیل لەلایەن (پ.د.ک)ەوە دەستی بەسەردا گیراوە و داهاتەکەی نەهاتووەتە خەزێنەی حکومەتی هەرێمەوە.

٦- پێکهێنانی لیژنەیەک لە هەردوولا بۆ بەدواداچوون بۆ کێشەی بێسەروشوێنکراوەکانی نێوان هەردوولا- لە (ی.ن.ک)، (مامۆستا عەلی عەبدوڵا، مامۆستا سەیفەدین، بەکر یەعقوب و کوردە چاوشین)، لە (پ.د.ک) (حەسەن فەقێ ڕەسول، سەباح ڕەشید و دکتۆر ئازاد حەوێزی).[2]

لە دوای کۆبوونەوەی شاندی باڵای هەردوولا، پەیوەندییەکانی نێوانیان هەتا ڕادەیەک بەرەو ئاساییبوونەوە ڕۆیشت، هەردوولا دەستیان کرد بە ئازادکردنی دیلەکانی یەکتر و هەروەها دیاردەی کوشتن و ڕاوەدوونانی لایەنگرانی یەکتر بەتەواوەتی کەمی کرد. جگە لەوەش تا ڕادەیەک هاتووچۆی نێوان شارەکان ئاساییبوونەوە.[3] هەر لە پێناو ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا لە (١٨/ تەموزی ١٩٩٨) شاندی باڵای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی (دێڤید وێڵشس) سەردانی شاری سلێمانی کرد. لە دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی و (ی.ن.ک)، بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەردانی شاری هەولێری کرد. لە

١- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دەقی نامەی دووەمی جەلال تاڵەبانی، بڕوانە: ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (١٥٤٦)، ١٩٩٨/٢/٢، ل١.

٢- بۆ مەحزەری کۆبوونەوەکانی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٠).

٣- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٦١٨)، ١٩٩٨/٥/٢٢، ل١.

کۆبوونەوەکەی لەگەڵ جەلال تاڵەبانی، شاندی باڵای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، بۆ بەرەوپێشچوونی پرۆسەی ئاشتی، جەختیان لەسەر چوار خاڵی بنەڕەتی کردەوە، لەوانە:

١- پێکهێنانی حکومەتێکی ئیتلافی یەکگرتووی کاتی، کە کاروبارەکانی حکومەتی هەرێم تاکو کاتی هەڵبژاردن بەڕێوەببات.
٢- دیارییکردنی ماوەیەکی دیاریکراو بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی هەمەلایەنە بۆ سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی پەرلەمانی کوردستان.
٣- سەرجەم داهاتەکانی کوردستان، بە (داهاتی گومرکەکان)ەوە، بگەڕێتەوە گەنجینەی ناوەندیی، تا بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەسەر ناوچەکانی کوردستاندا دابەشبکرێت.
٤ ـ شاری هەولێر بکرێتە شارێکی لە چەکداماڵراو، تا ببێتە شارێکی ئارام و ئەمینی ئەوتۆ، کە هەموو پارت و لایەنە کوردستانییەکان مافی ئەوەیان هەبێت، چالاکی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی تێدا ئەنجام بدەن.[١]

شاندی باڵای هەردوولا، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان، لەسەر داوای ئەمریکا، بەرەو ئەمریکا بەڕێکەوتن. لە دوای گەیشتنیان، هەر لایەنە و بەجیا لەگەڵ (مادلین ئۆڵبرایت) وەزیری دەرەوەی ئەمریکادا کۆبوونەوە، دواتریش لە (١٦/ ئەیلولی ١٩٩٨) بۆ یەکەمین جار لە ماوەی سێ گەڕی کۆتایی شەڕی ناوخۆ، جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی لە نووسینگەی یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لە بارەگای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە ئامادەبوونی (مارتن ئەندک) و (دەیڤید وێڵشس) کۆبوونەوە و باس لە هەنگاوەکانی ئاشتبوونەوەی گشتی لەنێوان هەردوولا کرا.[٢]

لە (١٧/ ئەیلولی ١٩٩٨) ڕێکەوتنامەی واشنتۆن لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەلایەن جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی، لە لایەک و (دێڤید وێڵشس) وەک شایەتی ئەمریکا، لە لایەکی ترەوە ئیمزاکرا، جگە لە (ئەندرۆ مۆرسن) ،لێپرسراوی بەشی عێراق، چەند کەسایەتییەکی تر ئامادەبوون. دواتر جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی لە نووسینگەی تایبەتی (مادلین ئۆڵبرایت)، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ژووری پرۆتۆکۆڵەکان ڕێکەوتنامەی (واشنتۆن)یان ئیمزاکرد.[٣]

ڕێکەوتنامەی واشنتۆن خاڵێکی گرنگ و وەچەرخان لە پەیوەندییەکانی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) بوو. ناوەڕۆکی ڕێکەوتنامەکە خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە، لەوانە:

**یەکەم**: قۆناغی گواستنەوە؛ مەبەستی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک و هەروەها پێکهێنانی کارگێرییەکی یەکگرتوو یان ئەنجوومەنێکی کاتی، بەپێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ساڵی (١٩٩٢).

**دووەم**: ئەنجوومەنی نوێنەران، دوای پێکهێنانی، لە ماوی سێ مانگدا لە بارەگای خۆی لە هەولێر کۆدەبێتەوە، دانیشتنەکانی دواتری لە هەمان بارەگای خۆیدا یان لە سلێمانی یان لە دهۆک دەبێت، ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنە هەمان ئەو ئەندامانە دەبن، کە لە هەڵبژاردنەکانی (١٩٩٢) بۆ ئەندامێتی پەرلەمان هەڵبژێردراون.

**سێیەم**: دابەشکردنی داهاتەکان، لەبەر جیاوازی بڕی داهاتەکان لە ناوچەکاندا، (پ.د.ک)، تا پێکهێنانی حکومەتێکی کاتی، بە بەردەوامیی داهات ڕەوانەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک) بکات.

**چوارەم**: هەڵبژاردن، لەگەڵ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ناوچەکانی باشووری کوردستان، هەڵبژاردنێکی گشتی بکرێت، لەو ماوەیەدا حکومەتی کاتی هەموو پێداویستییەکانی هەڵبژاردن لە ناسنامە و سەرژمێریی دانیشتوان ئامادە بکات.

---

١- محمد حاجی مەحمود: س.پ، ب٥، ل١٠٤ ؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٦٥٧)، ١٩٩٨/٧/٢٠، ل١.
٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٧٠٠)، ١٩٩٨/٩/١٧، ل١.
٣- فەرید ئەسەسەرد: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ب٣، ل٢٢٩٣؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٧٠١)، ١٩٩٨/٩/٢٠، ل١.

**پێنجەم**: خاڵێکی تری ڕێکەوتنامەکە، بە هۆی کاریگەریی تورکیاوە، دژایەتیکردنی (پ.ک.ک) بوو، ڕێگریی لە جموجۆڵی گەریلاکانی (پ.ک.ک) بوو، هەروەها هەردوو حزب مافی پەنابەرێتی بە ئەندامانی (پ.ک.ک) لە هەموو ناوچەکانی باشووری کوردستان نەدەن و گرەنتی ئەوەش بدەن، کە هیچ بنکە و بارەگایەکی ئەو پارتە لە ناوچەکەدا نەبێت، سەرباری ئەوەی ڕێگریی لە تێکچوونی ئاشتی و پێشێلکردنی سنووری تورکیا دەکەن.[١]

هەر لە پێناو دڵنیاکردنەوەی تورکیا بەرامبەر بە ڕەوشی باشوور کوردستان و بەتایبەتی مەسەلەی (پ.ک.ک) و پاراستنی سنوورەکانی تورکیا، لە (٨/ تشرینی دووەمی ١٩٩٨) هەریەکە لە جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی، لەسەر چۆنییەتی جێبەجێکردنی بڕگەکانی ڕێکەتنامەکە، لە ئەنقەرە لەگەڵ بەرپرسانی باڵای تورکیادا کۆبوونەوە.[٢]

ڕێکەوتنامەی واشنتۆن (١٧/ ئەیلولی ١٩٩٨) کۆتایی بە شەڕی ناوخۆی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) هێنا، بەڵام گفتوگۆکان لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩٨- ٢٠٠٣) بە هیچ ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە بۆ کۆتاییهێنان بە کێشەکان نەگەیشتن و لەو ماوەیەدا خاڵە سەرەکییەکانی، وەک دابەشکردنی داهات و پێکهێنانی حکومەتێکی ڕاگوزەری کاتی و ئاساییکردنەوەی بارودۆخ و هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی نوێ جێبەجێ نەکران، بەڵام سەردەمێکی نوێ لە پەیوەندی نێوان هەردوو پارت دەستیپێکرد.

---

١- بۆ دەقی ڕێکەوتنامە واشنتۆن بڕوانە: گەراس ئار.ڤی.ستانسفیڵد: کوردستانی عێراق، ل٤٢٠- ٤٢٧.
٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٧٣٧)، ١٩٩٨/١١/٩، ل١.

**باسی سێیەم: شەڕی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.ک.ک) ساڵی (٢٠٠٠)**

پەیوەندییەکانی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.ک.ک) تاکو شەڕی ساڵی (٢٠٠٠) بە کۆمەڵێک قۆناغدا تێپەڕیووە لە قۆناغی شەڕی ناوخۆدا (١٩٩٤-١٩٩٨) پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو پارتی ناوبراو پەیوەندییەکی بەهێز بووە، تەنانەت (ی.ن.ک) لە ڕێکەوتنەکانی نێوان هەردوولا هەتا ڕێکەوتنامەی واشنتۆن لە (١٧/ ئەیلولی ١٩٩٨) نەچووەتە ژێر باری ئەو خاڵەی ڕێکەوتنامەکانەوە، کە تایبەت بە (پ.ک.ک) و بە تیرۆر ناساندنی ئەو پارتە بووە. لە زۆربەی ڕێکەوتنەکانی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک)، بە حوکمی باڵادەستی تورکیا بەسەر ڕێکەوتنەکانەوە، چەندین خاڵی تێدابووە، کە تایبەت بە (پ.ک.ک) و سنووردارکردنی چالاکییەکانی ئەو پارتە لەلایەن (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) بووە، لەوانە (ڕێکەوتنی سلوپی) لە (تەموزی ١٩٩٤) و (ڕێکەوتنامەی درۆگیدا دبلن) لە (ئابی ١٩٩٥) و ڕێکەوتنامەی (ئاشتی ئەنقەرە) لە (تشرینی یەکەمی ١٩٩٦). پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو پارت لە ساڵی (١٩٩٧)دا هێندە بەهێز بووە، لە شەڕی دووەمی نێوان (پ.ک.ک) و (پ.د.ک)، کە لە (ئایاری ١٩٩٧)دا دەستی پێکرد، (ی.ن.ک) بە بەردەوامیی یارمەتی و هاوکاری گەریلاکانی (پ.ک.ک)ی لە هێرشەکانیان بۆ سەر (پ.د.ک) لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک)وە دەکرد، هەتا ڕوودانی گەڕی چوارەمی شەڕی ناوخۆی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لە (تشرینی یەکەمی ١٩٩٧)، گەریلاکانی (پ.ک.ک) هاوشانی هێزەکانی (ی.ن.ک) لە شەڕی گەردەلوولی تۆڵەی دووەمدا لە دژی هێزەکانی (پ.د.ک) لە شەڕدا بوون. لە دوای هاتنە ناوەوەی سوپای تورکیا لە بەرژەوەندی (پ.د.ک) و شکستی هێزەکانی (ی.ن.ک) و (پ.ک.ک)، سەردەمێکی تر لە پەیوەندی نێوان (پ.ک.ک) و (ی.ن.ک) هەتا ڕێکەوتنامەی واشنتۆن لە (١٧/ ئەیلولی ١٩٩٨) دەست پێدەکات.

لە ڕێکەوتنامەی واشنتۆنەوە هەتا (ئەیلولی ٢٠٠٠) کۆمەڵێک هۆکار هەبوون، کە هەردوو پارتی لە دژی یەکتر خستە شەڕەوە، لەوانە:

**هۆکاری ناوخۆیی:**

لە دوای گەڕی چوارەمی شەڕی ناوخۆیی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) و ڕێکەوتنامەی واشنتۆن (١٩٩٨)، (ی.ن.ک) بە تەواوەتی لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە لە چاو (پ.د.ک)دا لاوازبوو، مەرجی جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامەی واشنتۆن لەلایەن (پ.د.ک)ەوە پتر جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکرایەوە، کە پەیوەندی بە بوونی بنکە و بارەگاکانی (پ.ک.ک)وە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک)دا هەبووە، لە زۆربەی کۆبوونەوەکانی لیژنەی باڵای ئاشتی نێوان هەردوولا، (پ.د.ک) بە بەردەوامیی داوای هاوکارییەکردنی (پ.ک.ک)ی لە لایەن (ی.ن.ک)ەوە دەکرد، (ی.ن.ک)یش لە بەرامبەر ڕازیبوونی (پ.د.ک) و ئاساییکردنەوەی ڕەوشی باشووری کوردستان و دەربازبوونی لەو ئابلۆقەیەی، کە لە دوای ڕووداوی (٣١/ ئابی ١٩٩٦)وە دووچاری ببوو، کە (ی.ن.ک) لە هێزی یەکەمەوە کردە هێزی دووەم، کۆمەڵێک ڕێگای بۆ سنووردارکردنی چالاکییەکانی (پ.ک.ک) و ئەو گروپ و ڕێکخراوانە گرتەبەر، کە لە (پ.ک.ک) نزیک بوون. بێگومان (پ.ک.ک) جگە لە بوونیان لە ناوچە سنوورییەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک)، کۆمەڵێک بنکە و بارەگا و کەمپی پەروەردەیی و پێگەیاندنی گەریلایان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک) لە سلێمانی، ڕانیە، قەرەداغ، کەلار و کفری هەبوو.[1] لە دوای سنووردارکردنی چالاکییەکانی (پ.ک.ک)، لە سنووری حکومەتی هەرێمی کوردستان- سلێمانی (ی.ن.ک). سەرجەم بنکە و بارەگاکانی (پ.ک.ک) و ڕۆژنامەی وڵات و مەڵبەندی ڕۆشنبیری میزۆپۆتامیا و مەکتەبی پەیوەندییەکانی (پ.ک.ک) لەو ناوچانەدا بوون دایخست.[2] جگە لەوەش، (ی.ن.ک) چەندین جار داوای چۆڵکردنی کەمپی قەرەداغی دەکرد، کە بارەگای سەربازیی و مەشقپێکردن و پەروەردەکردنی گەریلاکانی (پ.ک.ک) بوون، بەڵام لە لایەن (پ.ک.ک) ئەوە ڕەتدەکرایەوە، کە ئەو بارەگا سەربازییە چۆڵبکەن و ڕادەستی هێزەکانی (ی.ن.ک)ی بکەن.[3]

---

١- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پاشکۆی ژ(١٠ و ١١).
٢- حەسەن جودی: مێژوویەک لە ئاگر، ب٢، ل٥٣٨.
٣- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٢٥٣)، ٢٠٠٠/٩/١٧، ل١.

هۆکارێکی دیکە پەیوەندی بە کێشە ناوخۆییەکانی (پ.ک.ک)وە هەبوو، لە دوای کۆنگرەی حەوتەمی ئەو پارتە لە (مایسی ٢٠٠٠)، کۆمەڵێک لە سەرکردەکانی (پ.ک.ک) بە سەرکردایەتی (د. سلیمان، سەعید چروکایە، چەکدار عەفرین و کرمانج) بەهۆی کێشەکانی ناو (پ.ک.ک) هەڵاتن و خۆیان ڕادەستی هێزەکانی (ی.ن.ک) کرد. سەرکردایەتی (پ.ک.ک) داوای ڕادەستکردنەوەی ئەم گروپەیان دەکرد، لە بەرامبەردا (ی.ن.ک) ئەوەی ڕەتدەکردەوە، ئەو گروپە ڕادەستی (پ.ک.ک) بکاتەوە.[1] لەسەر کێشە ناوخۆییەکانی (پ.ک.ک)، جەمیل بایک دەڵێت:"لە دوای کۆنگرەی حەوتەمی (پ.ک.ک) گروپێک لە ناو پارتەکە ئەنجامەکانی کۆنگرەیان ڕەتکردەوەو کەوتنە پەیوەندی کردن لەگەڵ دەرەوەدا چوونە لای (ی.ن.ک)، بە چوونیان ویستیان زیان بە (پ.ک.ک) بگەیەنن (د. سلێمان) و گروپەکەی (ی.ن.ک)یان هاندا بەهۆی کە (پ.ک.ک) لاواز بووە و توانای شەڕی نەماوە بۆیە (ی.ن.ک) هێرشیان کردە سەر (پ.ک.ک) هەر بۆیە شەڕی ساڵی (٢٠٠٠) زۆر مەترسیدار بوو بۆ (پ.ک.ک)".[2]

هەر لەسەر هەمان کێشە، سەعدی ئەحمەد پیرە ئەندامی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) و بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەو کاتەی (ی.ن.ک) دەڵێت:"دیسکێکی کۆمپیوتەری، کە ڕووداوەکانی کۆنگرەی حەوتەمی (پ.ک.ک) تێدایە، کە لە (مایسی ٢٠٠٠)دا بەستراوە، لە بەردەستماندایە، کە لە ناو کۆنگرەی (پ.ک.ک) دوو باڵ هەبوون، زۆرینەی بەشداربووانی کۆنگرە دژی شەڕ بوون لەگەڵ (ی.ن.ک)، کەمینەش بە سەرۆکایەتی عوسمان ئۆجەلان لەگەڵ شەڕ بوون لەگەڵ (ی.ن.ک). لەوەشدا چەند مەبەستێکی هەبوو، کە سەرەکیترینیان، ئەوەبوو هێزەکانی خۆیان لە ڕاکردن بپارێزن، کە لەو دەمەدا زۆر باوبووە".[3]

**هۆکاری دەرەکی:**

نزیکبوونەوەی (ی.ن.ک) لە تورکیا و زیندووکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان (ی.ن.ک) و تورکیا بەتایبەتی، کە بەهۆی شەڕی ناوخۆ و لایەنگیری ئەم پارتە بۆ (پ.ک.ک) و سیاسەتی ئێران لە هەرێمدا، پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا لە باری متبووندا بوو. لە (ئاداری ٢٠٠٠) شاندێکی باڵای (ی.ن.ک) لەسەر داوای وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، سەردانی ئەنقەرەی کرد. هەمان شاند جارێکی تر لە مانگی (تەموزی ٢٠٠٠) سەردانی ئەنقەرەیان کردەوە. داواکارییەکانی (ی.ن.ک) لە تورکیا ئەوە بوو، کە تورکیا بەشداری لە سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی لە هەرێمی کوردستان بکات، لە لایەکی ترەوە یارمەتی ئابووریان بدات. تورکیا بەڵێنی دابوو، کە لە ڕێگای پیاوانی خاوەن کار و کۆمپانیا تورکییەکانەوە یارمەتی بوژانەوەی ئابووری سنووری دەسەڵاتی (ی.ن.ک) بدات و ڕۆژانە ڤیزەی تایبەتی بۆ ئەو پارتە بۆ چوونە ناو تورکیا دابین بکات، هاوکات نارەزایی خۆی لە نادادپەروەریی لە دابەشکردنی داهاتی هەرێم دەربڕیبوو، جگە لەوەش تورکیا خۆشحاڵی خۆی دەربڕی، کە (ی.ن.ک) (٤٠٠٠) چەکداری بۆ ڕێگرتنی (پ.ک.ک) لە قەندیل داناوە.[4]

پەیوەندی نێوان تورکیا و (ی.ن.ک) گەیشتە ئاستێک، کە (بوڵەنت ئەجەوید)، سەرۆک وەزیرانی ئەو کاتەی تورکیا بڵێت: "بەم دواییانە پارتێک بە سەرۆکایەتی تاڵەبانی ڕێوشوێنی کاریگەری گرتوتەبەر لە دژی ڕێکخراوی تیرۆرستی (پ.ک.ک)، زانیاری تێروتەسەلی سەبارەت بە (پ.ک.ک) بە ئێمە داوە".[5] جگە لەوەش (ی.ن.ک) پێویستی بەوە بوو، کە تورکیا لە پرۆسەی ئاشتیدا لایەنگری (پ.د.ک) نەکات، بەڵکو گوشار بخاتە سەری بۆ پێدانی ئەو برە پارەیە بە (ی.ن.ک)، کە لە دوای ڕێکەوتنامەی واشنتۆن بە (٢٢) ملیۆن دۆلار خەمڵێنرابوو، لە لایەکی ترەوە ئەم پارتە دەیویست لە ڕێگای تورکیا و کۆمپانیاکانی تورکیا و ڤیزەی تورکییەوە، لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە بە ڕووی جیهانی دەرەوەدا بکرێتەوە، تاکە داواکاریی تورکیاش لە (ی.ن.ک)،

---

١- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (محمد حەمە امین پێنجوێنی)، سلێمانی، (٢٠٢٢/٥/١٩).
٢- حەسەن جودی: مێژوویەک لە ئاگر، ب٢، ل٤٣٦- ٤٣٧.
٣- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٣٢٥)، ٢٠٠٠/١٢/١٠، ل١.
٤- هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ، ل١٩٠- ١٩١ ؛ ئۆفرا بینیگیۆ: س.پ، ل٤٠٠.
٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠٠.

بریتی بوو، لەوەی ئەم پارتە لە سنووری دەسەڵاتی خۆیدا، هاریکاری سوپای تورکیا لە شەڕی دژی (پ.ک.ک) بکات. قازانجی لەم پەیوەندییە سیاسییەدا، لە لایەک گوشار دروستکردن بوو لەسەر (پ.د.ک)، لە لایەکی ترەوە زیندووکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ (ی.ن.ک)دا بوو، دەیویست بەرەی شەڕ لەگەڵ (پ.ک.ک) بگوازێتەوە بۆ ناو سنووری دەسەڵاتی (ی.ن.ک)، دوای ئەوەی (پ.ک.ک) لە سنووری (پ.د.ک) تەواو لاواز ببوو.(١)

لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و (ی.ن.ک)، تاڵەبانی گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی، کە تاکو بارودۆخی (ی.ن.ک) باش بکات و هاوسەنگیی پارتەکەی بگەیەنێتە ئاستی (پ.د.ک)، دەبوو ببێتە هاوپەیمان لەگەڵ تورکیادا، لە بەرامبەردا، دەبوو شەڕی (پ.ک.ک) بکات. لە ڕاستیدا دوای کەمتر لە دوو مانگ لە سەردانی شاندی باڵای (ی.ن.ک)، لە (تەمموزی ٢٠٠٠) شەڕ و پێکدادانی قورس لەنێوان هەردوولادا دەستیپێکرد و هەتا کۆتاییەکانی مانگی (کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠) درێژەی کێشا. لەسەر شەڕەکەش هەر لایەنە و لایەنەکەی تری بە هەڵگیرسانی شەڕ تۆمەتبار دەکرد.(٢)

هەڵگیرسانی ئەم شەڕە، وەک پیشاندانی نیازپاکی (ی.ن.ک) بۆ دەستپێکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا بوو، هاوکات ئەم شەڕە وەک پاشگەزبوونەوەیەکی (ی.ن.ک) لەو باوەڕەی بوو، کە لە دوای شەڕی حکومەتی هەرێم و (پ.ک.ک) لە ساڵی (١٩٩٢- ٢٠٠٠)دا داکۆکی لێ دەکرد، ئەویش ئەوە بوو، کە لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی تورکیادا، نابێت شەڕ لەگەڵ (پ.ک.ک) لە هەرێمدا بکرێت، هاوکات ئەم شەڕە وەک هەڵگەڕانەوەیەکی (ی.ن.ک) لە هاوپەیمانەکەی لە شەڕی ناوخۆی باشووری کوردستان بوو، کە ئێران بوو، هەروەها ڕووکردنە نەیارەکەی، کە تورکیا بوو.(٣) جگە لەوەش پەیوەندی بەهێزی (پ.ک.ک) لەگەڵ ئێران و دوورکەوتنەوەی (ی.ن.ک) لە ئێران کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر شەڕی نێوان هەردوو پارت هەبوو. ئەم هۆکارانە و کۆمەڵێک هۆکاری تر، هەردوو پارتی لە (ئەیلولی ٢٠٠٠)دا خستە شەڕەوە. (ی.ن.ک) لەسەر شەڕەکەی ناوچەی قەرەداغ دەڵێت: "کە لە دوای چەندین جار ئاگادارکردنەوەی (پ.ک.ک) بۆ چۆڵکردنی کەمپە سەربازییەکانی ناوچەی قەرەداغ و هەروەها ڕێکەوتنی هەردوولا لە ڕێگەی (ح.ز.ک)ەوە بۆ چۆڵکردنی کەمپە سەربازییەکانی قەرەداغ و جێگیرکردنیان لە ناوچەکانی (دۆڵە کۆگە) لە بناری چیای قەندیل و هەروەها نەناردنی هێز و دەستەی گەریلای چەکدار بۆ ناو شارەکان، بەڵام (پ.ک.ک) ڕێکەوتنامەکەیان پێشێلکرد و بە هاوکاریی حکومەتی عێراق لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقەوە، کەوتنە ناردنی ژمارەیەکی زۆری گەریلا بۆ ناوچەکانی قۆپی قەرەداغ، کە پتر لە (١٠٠) گەریلا دەبوون. ئەمە جگە لە ناردنی ژمارەیەکی زۆری گەریلا لە قەندیلەوە بۆ زنجیرە شاخەکانی ئاسۆس و کاروخ و مامەندە و شێنێ و هەڵشۆ، ئەمەیش بە تەواوەتی پێشێلکردنی ڕێکەوتنامەکە بوو".(٤)

لە (١٤/ ئەیلولی ٢٠٠٠) شەڕ لەنێوان هەردوولادا لە قەرەداغ دەستی پێکرد، (١٥) گەریلای (پ.ک.ک) کوژرا و (٢٢) گەریلایان بە دیل گیرا، جگە لەوەش هەندێک لە گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە بناری چیای کاروخ و قەرەداغ و سەگرمەدا خۆیان شاردەوەو خۆیان ڕادەستی هێزەکانی (ی.ن.ک) نەکرد.(٥) لەسەر شەڕی ناوچەی قەرەداغ جەمیل بایک دەڵێت: "(ی.ن.ک) لە سەرەتادا هێرشیکردە سەر ئێمە لە کەمپی قەرەداغ و پێش ئەوەش هەڤاڵانی گرتین، دەزگاکانی ئێمەیان گرت، ئێمە زێدە دەنگمان نەکرد، لە قەرەداغ و دەوروبەری هەڤاڵانیان گرت و گەمارۆیان دان ئێمە لە ڕێگەی (ح.ز.ک)ەوە هەواڵمان نارد و پێمان گوتن بە (ی.ن.ک) بڵێن با هێزی خۆیان لەوێ بکشێننەوە، با ئەمە نەبێتە هۆی شەڕ لە نێوانماندا، ئێمە کە بینیمان هێرشی سەر قەرەداغیان کرد هەڤاڵانیان کوشت و دەستگیریان کردن، ئەوە بە دیارکەوت کە ئەوان بە داخستنی دەزگاکانمان و دەستگیرکردنی هەڤاڵانمان هێرش بۆ سەر کەمپی قەرەداغ دەیانوویست تەڤگەر بە تەواوی ڕادەست بکرێت".(٦)

١- هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ، ل١٩١.
٢- ئۆفرا بینگیۆ: کوردی عێراق، س.پ، ل٤٠١.
٣- هێرش عەبدوڵڵا حەمەکەریم: پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ، ل١٩٢.
٤- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٢٦٢)، ٢٠٠٠/٩/٢٧، ل٤.
٥- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (محمد حەمە امین پێنجوێنی)، سلێمانی، (٢٠٢٢/٥/١٧).
٦- حەسەن جودی: مێژوویەک لە ئاگر، ب٢، ل٤٣٩.

گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە (١٥/ ئەیلولی ٢٠٠٠) لە گوندی ئالیەرەش هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) کرد، کە بووە هۆی کوشتنی (١٢) پێشمەرگەی (ی.ن.ک) و هەروەها بەدیلگرتنی (١٨)پێشمەرگە، ئیدی لێرەوە شەڕ بەچڕی لەنێوان هەردوولادا دەستی پێکرد. (ی.ن.ک) لەسەر شەڕی گوندی ئالیەرەش دەڵێت: "هێزەکانمان لە حاڵەتی شەڕدا نەبوون"، بەڵام (پ.ک.ک) لە ناکاودا هێرشی کردۆتە سەر هێزەکانیان لە ناوچەکەدا".[1] لە دوای شەڕی گوندی ئالیەرەش (پ.ک.ک)، ژمارەیەکی زۆری گەریلای لە ناوچەکانی قادرکەرەم و کەمپی مەخمور کۆکردەوە و لە زینی وەرتێیش ژمارەیەکی زۆری گەریلایان تێدا کۆکردەوە، لە بەرامبەریشدا (ی.ن.ک) هێزێکی زۆری کۆکردەوە و داوای لە (پ.ک.ک) کرد، هێزەکانیان لە ناوچەکەدا بکشێننەوە و داواکردنەکەش لە ڕێگەی (ح.ز.ک) و (حسدک)وە بوو.[2]

لە (١٩/ ئەیلولی ٢٠٠٠) جارێکی دیکە شەڕ لەنێوان هەردوولادا دەستپێکردەوە، ئەویش لە کاتێکدا بوو چەند گەریلایەکی (پ.ک.ک) لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقەوە دزەیان کردبووە ناوچەی قەرەداغ و کەمینێکیان بۆ هێزەکانی (ی.ن.ک) دانابوو لە شاخی سەگرمە و لە ئەنجامدا چەند پێشمەرگەیەکی (ی.ن.ک) کوژران و لە ناویاندا (سەردار کوێخا نەریمان) هەبوو، کە بەرپرسی باڵای هێزەکانی پێشمەرگەی (ی.ن.ک) بوو لە ناوچەکەدا، لە دوای کوژرانی ناوبراو (ی.ن.ک) هێرشێکی گەورەی کردە سەر گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە ناوچەکەدا و لە دوای شەڕێکی قورس لەنێوان هەردوولادا ژمارەیەک کوژراو و بریندار هەبوو لە هەردوولا و دەست بەسەر ناوچەکەدا گیرایەوە لەلایەن هێزەکانی (ی.ن.ک)وە، ئەمەش لە دوای ئەو نیمچە ڕێکەوتنە بوو کە لە دوای هێرشەکەی (پ.ک.ک) بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە گوندی ئالیەرەش کە ڕێگەی (ح.ز.ک) و (حسدک)وە نێوەندگیری کرابوو.[3]

لە دوای شەڕەکانی ناوچەی قەرەداغ و گوندی ئالیەڕەش ئاگربەست لەنێوان هەردوولادا هاتە کایەوە هەتا شەوی (٢٩-٣٠/ ئەیلولی ٢٠٠٠) گەریلاکانی (پ.ک.ک) هێرشیانکردە سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە بەرزاییەکانی ئالیەڕەش تاکو ڕەزگە، زنجیرەی کورتەک، پشت ئاشان، ئاشقوڵکە، پشتی سوورەدێ و زینی وەرتێ لە سەرجەم هێرشەکانی گەریلاکانی (پ.ک.ک) بۆسەر هێزی پێشمەرگەی (ی.ن.ک) (١٠)کوژراو و (٩)بریندار هەبوو.[4] لە دوای ئەو هێرشە شەڕ بە تەواوەتی هەموو بەرەکانی گرتەوە بە درێژایی (٤)کم شەڕ بوو، لە شەوی (١-٢/ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٠) جارێکیتر گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە چەندین قوڵەوە هێرشیانکردە سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە قوڵی (تۆژەڵەوە) گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە ناو سنووری ئێرانەوە هرشیانکردە سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە قوڵی بەرقەلشێو ، شاخی کڵاو ڕەشان چەندین هێرشی دیکەیان کردە سەر هێزەکانی (ی.ن.ک).[5]

لەسەر هێرشی گەریلاکانی (پ.ک.ک) بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک)، فەرماندە چەکدارییەکانی (ی.ن.ک) لە شەڕی دژ بە (پ.ک.ک) دەڵێن:"گەریلاکانی (پ.ک.ک) بە شێوازی پارتیزانیی دەهاتن و بە شێوەی گروپی (٥)کەس (٥)کەس دەهاتن لە کاتی جیاوازدا، بەوەش گورزی گەورەیان لە هێزەکانی (ی.ن.ک) دەدا و زۆربەی هەرە زۆری هێرشەکانیان لە شەودا بووە و ژمارەیەکی زۆری گەریلای ئافرەتیان لەگەڵدا بووە و لە زۆربەی هێرشەکانی شەودا ،هێزەکانی (ی.ن.ک) دەشکان و ناوچەکەیان لەدەستدەدا و بە ڕۆژ بە دژەهێرش دەمانگرتەوە و لەوەشدا کوژراو و برینداریکی زۆرمان دەدا ئەویش بەهۆی چاندنی مینێکی زۆر لە ناوچەکەدا لەلایەن گەریلاکانی (پ.ک.ک)ەوە".[6]

---

١- محمد حاجی مەحمود: س.پ، ب٥، ل١٦٠ ؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٢٥٣)، ٢٠٠٠/٩/١٧، ل١.
٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٢٥٥)، ٢٠٠٠/٩/١٩، ل١.
٣- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٢٥٦)، ٢٠٠٠/٩/٢٠، ل١.
٤- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٢٦٤)، ٢٠٠٠/٩/٣٠، ل١.
٥- جلال ئێڵنجاغی: لە شاخەوە بۆ شار، ل١٩٤؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٢٦٧)، ٢٠٠٠/١٠/٣، ل١.
٦- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (لالە ژاڵانی)، ڕزگاری، (٢٠٢٢/٨/١١).

لە درێژەی شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان هەردوولا لە شەوی (٢-٣/ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٠) گەریلاکانی (پ.ک.ک)، لە قۆڵی بەردەقڵشیو، سەنگەرەکانی پشتی کوزینە و دەوروبەری، هێرشێکی بەربڵاویان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) کرد، گەریلاکانی (پ.ک.ک) لەو شەوەدا سێ جار هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) کرد. فەرماندەی باڵای هێزەکانی (ی.ن.ک)، (ڕێباز بێرکۆتی) بوو. لەو شەڕانەدا (پ.ک.ک) (٥) کوژراوی هەبوو، (ی.ن.ک) (١٢) کوژراو و (٣٠)بریندراری هەبوو.[1] شەڕ و پێکدادانی نێوان هەردوولا هەر بەردەوام بوو، هەتا بەرەبەیانی (٤/ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٠) جارێکی تر گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە قۆڵی کورتەک، ملەی شێنێ، گۆجار، بەردەقڵشیو هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) کرد. لەو شەڕانەدا (١٥) گەریلای (پ.ک.ک) کوژرا.[2] لە (٥/ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٠) ئاگربەست لەلایەن هەردوولاوە ڕاگەینرا، لەگەڵ ئەوەشدا شەڕ هەر بەردەوام بوو. کۆنسەی سەرکردایەتی (پ.ک.ک) ئاگربەستی ڕاگەیاندبوو، بەڵام گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە هێرشەکانیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) بەردەوام بوون. لە ڕۆژانی (٦ و ٧/ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٠) شەڕ هەر بەدەوام بوو. لە (٨/ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٠) ئاگربەست بە تەواوەتی چووە بواری جێبەجێکردنەوە، هەتا مانگی (کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠) هەردوولا لە حاڵەتی نەشەڕ نەئاشتیدا بوون و هێزەکانیان لە زۆربەی قۆڵەکانی شەڕدا لە بەرامبەر یەکتردا بوون.[3]

لە مانگی (تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی ٢٠٠٠) چەندین جار شاندی باڵای (ح.ز.ک) و حزبی (حسدک) لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران هەوڵی نێوەندگیرییان دەدا لە نێوان (پ.ک.ک) و (ی.ن.ک)دا، لە (١٧/ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٠) شاندی باڵای هەردوو (ح.ز.ک) و (حسدک) لەگەڵ شاندی باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران بە نوێنەرایەتی (ئاغای پەناهی) چوونە قەندیل بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ کۆنسەی سەرکردایەتی (پ.ک.ک) و ئامانجی سەرەکی چوونی شاندەکە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.ک.ک) بوو، هەروەها کۆتایهێنانی شەڕی نێوانیان و جگە لەوەش کشانەوەی گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە ناوچەکانی قەندیل، ئاسۆس و کاروخ و گەڕانەوەیان بۆ شوێنەکانی پێشووتری خۆیان، (پ.ک.ک) مەرجی هەبوو بۆ کشانەوەی لەو ناوچانەی کە دەستی بەسەردا گرتبوو، ئەویش ئەوەبوو ڕێگەدان بە هاتووچۆی گەریلاکانی (پ.ک.ک) بۆ ناوچەکانی عێراق لەوانە قادرکەرەم و مەخمور و کشانەوەی هێزەکانی (ی.ن.ک) لە ناوچەکەدا.[4]

هەتا سەرەتای مانگی (کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠) کە هەندێک پارت و لایەن لە هەوڵێکی بەردەوامدا بوون بۆ ڕێکەوتنی ئاشتی لەنێوان (ی.ن.ک) و (پ.ک.ک) لەوانە (ح.ش.ک) و (ح.ز.ک) و (حسدک)، کە تاڕادەیەک توانییان ڕەوشەکە هێمن بکرێتەوە و لە سەرەتای مانگی (کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠) بە دیاریکراوی لە (٣/ کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠) هەردوو پارتی (ح.ز.ك) و (حسدک) بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە، کە تێیدا هاتووە بەگوێرەی ئەو ئاگربەستەی لە نێوان هەردوولادا کرابوو، دەبوو (پ.ک.ک) ئەو ناوچانە کە لە شەڕەکانی مانگی (ئەیلولی ٢٠٠٠)دا دەستی بەسەردا گرتبوو بکێشێتەوە و ناوچەکانی ڕادەستی هێزەکانی (ی.ن.ک) بکات، بەڵام (پ.ک.ک) گەریلاکانیان نەکشاندبووەوە[5]. هەریەکە لە (ح.ز.ک) و (حسدک)، کە ڕۆڵی نێوەندگیرییان لە شەڕی نێوان (پ.ک.ک) و (ی.ن.ک)دا دەبینی، لە دوای (١١) جار دیداری نێوان هەردوولا گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی کە (پ.ک.ک) ئامادەنە بوو ئەو شوێنانەی دەستی بەسەردا گرتبوو، ڕادەستی هێزەکانی (ی.ن.ک) بکاتەوە و بگەڕێتەوە ئەو شوێنانەی، کە بۆیان دیاریکرابوو.[6]

لە (٤/ کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠) گەڕی دووەمی شەڕی نێوان (پ.ک.ک) و (ی.ن.ک) دەستی پێکردەوە. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ باس لەوە دەکات، کە ئەو ڕێکەوتنامەی بە نێوەندگیریی هەردوو (ح.ز.ک) و (حسدک) لە نێوانیاندا هەبوو، (پ.ک.ک) جێبەجێی نەکردووە و لەگەڵ ئەوەشدا دەستیان بە کۆکردنەوەی

---

١- محمد حاجی مەحمود: س.پ، ب٥، ل١٦٧ ؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٢٦٨)، ٢٠٠٠/١٠/٤، ل١.
٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٢٦٩)، ٢٠٠٠/١٠/٥، ل١.
٣- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٢٧١)، ٢٠٠٠/١٠/٨، ل١.
٤- محمد حاجی مەحمود: س.پ، ب٥، ل١٦٨- ١٦٩.
٥- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٣٢٠)، ٢٠٠٠/١٢/٤، ل١.
٦- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٣٢١)، ٢٠٠٠/١٢/٥، ل١.

هێزەکانیان کردووە و هەرچی هێزیان هەبووە لە ناوچەکانی (لەخرینە، شێخ شەرۆ و خەرپاب) هێناویانە بۆ بناری چیای قەندیل،[1] هەروەها ژمارەیەکی زۆری گەریلای (پ.ک.ک) لە سنووری تورکیا- عێراق گواستووەتەوە، (٢٥٠) گەریلا (پ.ک.ک) لە مەخمور و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عێراق، بە ناو سنووری (پ.د.ک) و لە ڕێگەی (پ.د.ک) بۆ ناوچەکانی قەندیل گواستووەوە و هەموو توانایەکی لۆجستی و خواردەمەنی و پێداویستیش، کە (پ.ک.ک) دەیەوێت، لە ناوچەکانی (پ.د.ک) لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی (پ.د.ک)ەوە بۆیان دێت.[2]

لە بەرەبەیانی (٤/ کانوونی یەکەم) شەڕ لە قۆڵەکانی (کورتەک، کۆزینە، زێرنە کیوی، ماخۆبزنان، بەردقڵشیو و زینی وەرتێ بە درێژایی ئەو ناوچانەی، کە دەکەوێتە نێوان باڵەکاتی و قەندیل) دەستی پێکرد، عوسمان ئۆجەلان سەرپەرشتی گەریلاکانی (پ.ک.ک)ی دەکرد و جەبار فەرمان سەرپەرشتی هەموو هێزەکانی (ی.ن.ک)ی دەکرد.[3] لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شەڕی نێوان هەردوولا، دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەری قەڵادزێ و گوندەکانی(شێنێ، زەڵێ، دووبی قۆچاڵ، سونێ، بەردەقسڵ، ناوزەنگ، ئالیەڕەش، کونەماری، سەرخانێ، سوێسنێ و چەندین گوندی دیکە)، کە پتر لە (١٥٠) خێزان بوو ئاوارەی قەڵادزێ و دەوروبەری بوون.[4]

لە ڕۆژانی (٥-٦/ کانوونی یەکەم) شەڕ بە چڕیی لەنێوان هەردوولا لە زۆربەی قۆڵەکانی شەڕدا هەبوو. (ی.ن.ک) باس لە کوژرانی (٢٦) گەریلای (پ.ک.ک) لەگەڵ کوژرانی (٧) پێشمەرگەی (ی.ن.ک) دەکات.[5] لە شەوی (٧-٨/ کانوونی یەکەم) گەریلاکانی (پ.ک.ک) هێرشێکی بەربڵاویان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە زنجیرە شاخی (موسا چەپلەک) کرد. هەر لە هەمان شەودا، سێ هێرشی دیکەی یەک لەدوای یەکیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە زنجیرەی (دەردە داسین) و (زینی وەرتێ) کرد و توانیان دەست بەسەر ناوچەکەدا بگرن، دواتر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە دژە هێرشێکدا، بە فەرماندەیی هێزەکانی سۆران و ماکۆک توانیان ناوچەکە لە دەست گەریلاکانی (پ.ک.ک) دەربهێنن. لەو شەڕەدا (٧) پێشمەرگەی (ی.ن.ک) کوژرا.[6]

مستەفا چاوڕەش لەبارەی ئەم شەڕەوەوە دەڵێت:"لە دوای شەڕی زیرنەکێو و کۆنترۆڵکردنی لەلایەن گەریلاکانی (پ.ک.ک)ەوە لە (٨/ کانوونی یەکەم)، زۆربەی قۆڵەکان ئارامییان پێوە دیاربوو، شەڕ نەبوو. (پ.ک.ک) پەلاماری کورتەکیان دا و گرتیان و هێزی ئێمەش پاش شەڕێکی چەند سەعاتی پاشەکشێی کرد".[7] لە شەوی (٩-١٠/ کانوونی یەکەم) گەریلاکانی (پ.ک.ک) هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە (موسی چەپلەک) کرد، کە فەرماندەیی (٥)ی دووکانی لێ بوو. لە پاش شەڕێکی قورس (١٣) پێشمەرگەی (ی.ن.ک) کوژران و لە (پ.ک.ک)یش (٩) کوژراویان هەبوو. گەریلاکانی (پ.ک.ک) لەم شەڕەدا شکان.[8] فەرماندەیی گشتی هێزەکانی پێشمەرگەی (ی.ن.ک) لە ڕاگەیەندراوێکدا باس لە کوژرانی (١٢٠) گەریلای (پ.ک.ک) لە شەڕەکانی (٤-٩/ کانوونی یەکەم) دەکات. لەو ژمارەیەش (٥٩) تەرمیان کەوتبووە بەردەستی هێزەکانی (ی.ن.ک).[9]

گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە شەوی (١٠-١١/کانوونی یەکەم)، بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی عوسمان ئۆجەلان لە چەندین قۆڵەوە هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە زنجیرە شاخی کۆزینە و بەرزاییەکانی (پیرسوار) کرد. ئەم شەڕە شەڕی یەکلاکەرەوە بوو. (پ.ک.ک) بە نیازی گرتنی ئەم دوو قۆڵە بوو، بە گرتنی ئەم دوو قۆڵە سنووری پشدەر، مەنگوڕایەتی، تاکو سەنگەسەر و قەڵادزێ دەکەوتە ژێر دەسەڵاتیانەوە،

---

١- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٣٢١)، ٢٠٠٠/١٢/٥، ل١.
٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٣٢٥)، ٢٠٠٠/١٢/١٠، ل١.
٣- جەلال ئێڵنجاغی: لە شاخەوە بۆ شار، ل١٩٣ ؛ مستەفا چاوڕەش: س.پ، ل٣٩٤.
٤- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(٥)، ٢٠٠٠/١٢/١٧، ل١.
٥- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٣٢٢)، ٢٠٠٠/١٢/٦، ل١.
٦- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٣٢٤)، ٢٠٠٠/١٢/٩، ل٢.
٧- مستەفا چاوەڕش: س.پ، ل٣٩٥.
٨- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩٦.
٩- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٣٢٤)، ٢٠٠٠/١٢/٩، ل١.

هێزەکانی (ی.ن.ک)، بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی (بورهان سەعید سۆفی) ڕووبەڕووی گەریلاکانی (پ.ک.ک) بوونەوە، لەم شەڕەدا زۆربەی فەرماندە باڵاکانی (ی.ن.ک) تێیدا بەشداربوون، لەوانە (ئاسۆ ئەڵمانی، ڕەهبەر سەید برایم، شێخ جەعفەر، وەستا رەسول و جەلال ئێڵنجاغی). گەریلاکانی (پ.ک.ک) شکستیان هێنا و (٢٧) کوژراویان لە دوای خۆیان بەجێهێشت و لە هێزەکانی (ی.ن.ک)یش (٢٣)کوژراو هەبوو.[١]

شەڕ و پێکدادان لە نێوان هەردوولا بەردەوام بوو، گەریلاکانی (پ.ک.ک) لە (١١/ کانوونی یەکەم) دەستیان بەسەر شاخی (هەڵەمۆند)دا گرت.[٢] هەر هێزێک شاخی (هەڵەمۆند)ی بەدەستەوە بێت زینوی وەرتێیش بەدەستەوە دەبێت.[٣] کۆنسەی سەرۆکایەتی (پ.ک.ک) لە (١١/ کانوونی یەکەم) لە ڕێگەی (مید تیڤی)یەوە، کە تەلەفزوێنی فەرمی (پ.ک.ک) بوو، ئاگربەستی ڕاگەیاند.[٤] لە بەرامبەردا (ی.ن.ک) بڵاوی کردەوە، کە لە (١٠/ کانوونی یەکەم)ەوە شەڕی لە سەرجەم قۆڵەکاندا ڕاگرتووە و هێزەکانیان لە حاڵەتی بەرگرییدان بۆ ئەگەری هەر هێرشێک، کە لەلایەن هێزەکان (پ.ک.ک)وە بکرێتە سەریان.[٥]

لە دوای ئاڵۆزیی و شەڕی نێوان هەردوولا و هاتنی چەند یەکەیەکی تۆپخانەی تورکیا بۆ ناوچەکانی (چوارقوڕنە و بیتوێن) و جێگیربوونیان لە ناوچەکەدا، ناوچەکە ئاڵۆزیی و بارگرژیی زۆرتری بەخۆیەوە بینی، ئەوەیش لە کاتێکدا بوو، کە شەڕ ڕاوەستابوو. لەگەڵ گەیشتنی یەکە سەربازییەکانی تورکیا بۆ ناوچەکە، کۆماری ئیسلامی ئێران بە هاتنی ئەم یەکە سەربازییانەی تورکیا زۆر نیگەران بوو، تەنانەت بارگرژیی لەنێوان هەردوو وڵاتدا دروستکرد، لە پێناو ئاساییکردنەوەی ڕەوشی ناوچەکە، چەندین کۆبوونەوە، بە مەبەستی دوورکەوتنەوە لە شەڕ، لەنێوان لایەنە شەڕکەرەکان و ئەو دوو وڵاتەدا کرا. سەعدی ئەحمەد پیرە، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەوکاتەی (ی.ن.ک)، باس لە هاتنی چەندین یەکەی تۆپخانەی تورکیا بۆ ناوچەکە دەکات و ئەوەش ڕەتدەکاتەوە، کە هێزی پیادەی تورکیا بۆ ناوچەکە هاتبێت.[٦]

سەرئەنجام هاتنی یەکەکانی تۆپخانە و موشەکی سوپای تورکیا بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک)، کە یەکەیەکی چاودێرییکردنی ئاسمانیشیان، لەگەڵ بەشی سیخوڕی لەگەڵدا بوو، ئێرانی ناچارکرد، کە چیتر نەتوانێ ئاگری شەڕ خۆش بکات و بەبێ هیچ ئەنجامێک شەڕەکە کۆتایی پێهات.[٧] سەبارەت بە ڕۆڵی ئێران و تورکیا هەردوو وڵات ڕۆڵی خراپیان گێڕا لە شەڕی نێوان (پ.ک.ک) و (ی.ن.ک)دا، بەتایبەتی ئێران ڕۆڵی زۆری هەبوو لە هاندان و یارمەتیدانی (پ.ک.ک) لە دژی (ی.ن.ک). سەبارەت بە ئاماری کوژراوانی هەردوولا لە شەڕەکەدا ،سەعدی ئەحمەد پیرە باس لە کوژرانی (٣٠٠) چەکدار لەنێوان هەردوولادا دەکات.[٨] جەمیل بایک باس لە کوژرانی تەنیا (١٠٠) گەریلای (پ.ک.ک) لە شەڕەکە دەکات.[٩] جگە لەوەش (٥) هاووڵاتی مەدەنی لە ئەنجامی تەقینەوەی مینێک، کە گەریلاکانی (پ.ک.ک) لەسەر ڕێگای گوندی تووتمە کۆزینە دایاننابوو، بوونە قوربانی.[١٠]

هەرچەندە ئەم ئامارانە ئامارێکی ڕاست و دروست نیین، چونکە ئامارەکان ڕاگەیەندراوی پارتە شەڕکەرەکانە، بەڵام بەڕای ئێمە لەو ژمارەیە زۆر زیاتر کوژراوە بەتایبەتی لە هێزەکانی (ی.ن.ک). بە کۆتایی هاتنی شەڕی نێوان هەردوولا سەردەمێکی نوێ لە پەیوەندی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) دەست پێدەکات.

---

١- جەلال ئێڵنجاغی: لە شاخەوە بۆ شار، ل١٩٥ ؛ مستەفا چاوەرش: س.پ، ل٣٩٦ ؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٣٢٧)، ٢٠٠٠/١٢/١٢، ل١.

٢- مامە غەفە: س.پ، ل٣٦٧.

٣- مستەفا چاوڕەش: س.پ، ل٣٩٧.

٤- محمد ئەمین پێنجوێنی: چۆن بووم بە پرد، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢١، ل٣٥٣.

٥- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٣٣٢)، ٢٠٠٠/١٢/١٨، ل١.

٦- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(٦)، ٢٠٠٠/١٢/٢٤، ل١.

٧- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ (٣٢٦٣)، ٢٠٠٠/١٢/١٨، ل١.

٨- ڕۆژنامەی هاوڵاتی: ژ(٦)، ٢٠٠٠/١٢/٢٤، ل١.

٩- حەسەن جودی: مێژوویەک لە ئاگر، ب٢، ل٤٣٩.

١٠- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٣٢٤)، ٢٠٠٠/١٢/٩، ل١.

**باسی چوارەم: پەیوەندیی و ململانێی پارتە سیاسییەکان (١٩٩٩ـ ٢٠٠٣)**

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لە دوای ڕێکەوتنامەی واشنتۆن (١٩٩٨) هەتا ساڵی (٢٠٠٣) و ڕزگارکردنی عێراق لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، کۆمەڵێک گۆڕانکاریی گەورە و گرنگ لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولادا ڕوویدا، جگە لە کۆتاییهێنان بە شەڕی گەرمی نێوانیان، کە ماوەیەکی زۆربوو گیرۆدەی بوون، بەردەوامی کۆبوونەوەکانی لیژنەی باڵای ئاشتی لەنێوان هەردوولادا، لەگەڵ ئەوەدا شەڕی ڕاگەیاندن لەنێوان هەردوولادا هەبوو، کە پەیوەندی بە کۆمەڵێک هۆکارەوە هەبوو، لەوانە بابەتی (پ.ک.ک)، ئاوارە و گیراوەکانی نێوان هەردوولا، جگە لەوەش پێکهێنانی کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێم-هەولێر لە لایەن نێچیرڤان بارزانی و هەروەها پێکهێنانی کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێم- سلێمانی لە لایەن د. بەرهەم ئەحمەد سالح، هەروەها هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان و ناساندنی جەلال تاڵەبانی بە سەرۆکی هەرێم و ڕابەری گشتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، هێندەی دیکە شەڕی ڕاگەیاندنی نێوان هەردوولای گەرمتر کرد، ئەمەیش لە کاتێکدا بوو ڕێکەوتنامەی واشنتۆن لە نێوانیاندا بوو. ساڵی (٢٠٠٢) وەچەرخانێکی مێژوویی لە پەیوەندی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) بوو، ئەویش ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان و کردنەوەی پەرلەمانی کوردستان بە هاوبەشی لە (تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢)، کە بۆ ماوەیەکی زۆربوو بەهۆی شەڕی ناوخۆوە (ی.ن.ک) و بەشێک لە ئەندام پەرلەمانەکانی نەگەڕابوونەوە پەرلەمان. ئەمە جگە لە کردنەوەی بنکە و بارەگاکانی یەکتر لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیاندا، لەوانە کردنەوەی مەڵبەندی (٣)ی هەولێری (ی.ن.ک) و کردنەوەی لقی (٤)ی (پ.د.ک) لە سلێمانی، پێکهێنانی سەرکردایەتی هاوبەش لەنێوان هەردوولادا لە (ئاداری ٢٠٠٣).

لە دوای ڕێکەوتنامەی واشنتۆن (١٩٩٨) سەردەمێکی نوێ لە پەیوەندی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) دەست پێدەکات. کۆبوونەوەکانی لیژنەی باڵای ئاشتی لەنێوان هەردوولا دەستیپێکردەوە، هەتا کۆتاییەکانی ساڵی (٢٠٠٠) بەردەوام بوو. جگە لە کۆبوونەوە فەرمییەکانی نێوان هەردوولا لە دەرەوە، کۆبوونەوەکانی لیژنەی باڵای ئاشتی (٥٦) کۆبوونەوەیان کرد، لە (٢٦/ ئەیلولی ١٩٩٨) بیست و حەوتەمین کۆبوونەوەیان کرد، وێڕای جەختکردنەوە لەسەر میکانیزمی جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێکەوتنامەی واشنتۆن، بڕیار لەسەر لابردنی باجی گومرکی لەنێوان شارەکاندا درا؛ واتە باجی گومرکی تەنیا ئەوکاتە وەردەگیرێت، کە شتومەک و کاڵاکان هاوردەی هەرێم دەکرێت، لابردنی بازگە نایاساییەکان لەنێوان شارەکاندا، کە پاشماوەی ساڵانی شەڕی ناوخۆ بوو، لەگەڵ کەمکردنەوەی بازگەکان، بەتایبەتی لە شارە گەورەکانی وەک هەولێر و سلێمانی. ئەوەی لە کۆنووسی کۆبوونەوەکانی نێوان هەردوولادا جەختی لەسەر کراوەتەوە، جگە لەو خاڵانەی سەرەوە، کێشەی ئاوارەکان و بێسەروشوێنکراوەکانی نێوان هەردوولا، بەتایبەتی بێسەروشوێنکراوەکانی (٣١/ ئابی ١٩٩٦)، هەروەها کێشەی (پ.ک.ک) و بوونی بنکە و بارەگاکانی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک) و هێرشکردنیان بۆ سەر (پ.د.ک).(1)

وەک میکانیزمێک بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامەی واشنتۆن لە (٨/ کانوونی دووەمی ١٩٩٩) جەلال تاڵەبانی بە یاوەری (د. کەمال فواد، عومەر سەید عەلی، ئەرسەلان بایز، دارۆ شێخ نوری، محەمەد تۆفیق ڕەحیم و مەلا بەختیار) سەردانی مەسعود بارزانی لە مەسیف سەلاحەدین کرد. کۆبوونەوە لەنێوان م.س هەردوولادا ئەنجام درا، لەسەر چەند خاڵێک، کە خاڵی ناکۆکی نێوان هەردوولا بوو، لەوانە بابەتی داهات و گومرکی ئیبراهیم خەلیل و کێشەی (پ.ک.ک) و کێشەی ئاوارە و بێسەروشوێنکراوەکان و چەندین کێشەی دیکەی وەک پەرلەمان و ئاساییکردنەوەی ڕەوشی شارەکان.(2)

---

١- کۆنووسی کۆبوونەوەکانی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک). بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (١١)
٢- کۆبوونەوەی وەفدی باڵای (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) بە ئامادەبوونی جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی لە (کانوونی دووەمی ١٩٩٩). بڕوانە: پاشکۆی ژمارە (١٢).

هەرچەندە هەوڵەکانی ئاشتی لە نێوانیاندا بەردەوام بوون، بەڵام شەڕی ڕاگەیاندن هەر هەبوو، کە ئەویش پەیوەندی بە کێشەی (پ.ک.ک)وە بوو. (پ.د.ک) بە بەردەوامی (ی.ن.ک)ی بە هاوکاریکردنی گەریلاکانی (پ.ک.ک) و ئاسانکاری بۆیان تۆمەتبار دەکرد، تا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک)یەوە هێرش بۆ سەر (پ.د.ک) بکەن. ئەمە و جگە لە گرتنی شەمدین ساکیک و براکەی لە لایەن دەزگای میتی تورکیاوە لە ڕێگای نێوان زاخۆ و دهۆکدا لە (١٤/ نیسانی ١٩٩٩). ئەوەیش لە کاتێکدا بوو، (شەمدین ساکیک) بەهۆی کێشەی ناوخۆی ناو (پ.ک.ک) لە (١٦/ ئاداری ١٩٩٩) خۆی ڕادەستی هێزەکانی (پ.د.ک) کرد بوو.[١]

سەرەڕای شەڕی ڕاگەیاندنی نێوانیان، هەردوولا بە بەردەوامی یەکتریان بە هەوڵدان بۆ جێبەجێنەکردنی ڕێکەوتنامەی واشنتۆن تۆمەتبار دەکرد، گرتن و ڕاوەدوونانی لایەنگرانی یەکتر هەر بەردەوام بوو. هەربۆیە جارێکی تر ئەمریکا لە ئاستێکی باڵادا هەوڵی نێوەندگیری دا. لە (١٦/ حوزەیرانی ١٩٩٩) شاندی باڵای (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) لە بارەگای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، بە سەرپەرشتی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا و بەریتانیا کۆبوونەوە. ئەم کۆبوونەوەش بە مەبەستی جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێکەوتنامەی واشنتۆن و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان و ڕاگرتنی شەڕی ڕاگەیاندن لە نێوان هەردوولا، کە بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامەی واشنتۆن، فاکتەرێکی ئیجابی بوو.[٢] هەر لە پێناو ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان، شاندی باڵای (پ.د.ک) بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی لە (٢٢/ تشرینی یەکەمی ١٩٩٩) سەردانی جەلال تاڵەبانی کرد و لەسەر میکانیزمێک بۆ بەرەوپێشچوونی پرۆسەی ئاشتی و جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامەی واشنتۆن ڕێکەوتن.[٣]

لە (٢٤/ تشرینی دووەمی ١٩٩٩) د. ڕۆژ نوری شاوەیس دەستی لە کار کێشایەوە و لە (٢٧/تشرینی دووەمی ١٩٩٩) پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (١٢)دا نێچیرڤان بارزانی، بۆ پێکهێنانی کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان-هەولێر ڕاسپارد.[٤] لە (٢٠/ کانوونی یەکەمی ١٩٩٩) پەرلەمانی کوردستان متمانەی بە کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان- هەولێر، بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی دا.[٥] لە (٢١/ کانوونی یەکەمی ١٩٩٩) جەوهەر نامیق سالم، سەرۆکی یەکەمین گەڕی پەرلەمان دەستی لە کار کێشایەوە و لە لە ڕۆژی دواتردا بە ئامادەبوونی مەسعود بارزانی و نێچیرڤان بارزانی د. ڕۆژ نوری شاوەیس بە سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردرا.[٦] یەکێک لە ڕووداوە گرنگەکانی ساڵی (٢٠٠٠)، هەڵبژاردنی شارەوانییەکان لە سنووری دەسەڵاتی (ی.ن.ک)دا بوو. لە (٣/ شوباتی ٢٠٠٠) لەم هەڵبژاردنەدا (١١) پارت و ڕێکخراوی سیاسی بەشدارییان تێدا کرد، (ی.ن.ک) زۆرینەی ڕەهای ئەنجوومەنی شارەوانییەکانی بەدەستهێنا.[٧]

لە دوای ئەنجامی هەڵبژاردنی شارەوانییەکان، تاڕادەیەک بارودۆخی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی (ی.ن.ک) ئاڵۆز بوو، هەندێک لە پارتەکان ئەنجامی هەڵبژاردنەکەیان ڕەتکردەوە و دەستیان دایە کاری توندوتیژی، لەوانە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاران(ح.ک.ک). لە بەرامبەر ئەو ئاڵۆزییانەی (ح.ک.ک) دروستی کردبوو، (ی.ن.ک) لە سکاڵا نامەیەکدا، کە ئاراستەی دادگای سلێمانی کردبوو، داوای ڕاگرتنی کار و چالاکییەکانی پارتی ناوبراوی دەکرد. پێش ئەوەی دادگا وەڵامی (ی.ن.ک) بداتەوە، لە (١٦/ شوباتی ٢٠٠٠) سێ ئەندامی (ح.ک.ک) لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە دەستگیر کران. ئاڵۆزیی نێوان هەردوو پارت درێژەی کێشا، تاکو (١٧/ حوزەیرانی ٢٠٠٠)، لە دوای تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی مینڕێژکراو لە گەڕەکی ڕزگاری شاری سلێمانی، کە تێیدا

١- محمد سەلیم چوروک کایا: ئایەتەکانی ئاپۆ، چ١، هەولێر، ٢٠٢١، ل٢٦٥.
٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(١٨٨٥)، ١٩٩٩/٦/٢٠، ل١.
٣- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (١٩٨١)، ١٩٩٩/١٠/٢٣، ل١ ؛ ڕۆژنامەی الاتحاد، ژ (٣٤٢)، ١٩٩٩/١٠/٢٩، ل١.
٤- ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق: پرۆتۆکۆڵەکان، ب٢٢، ١٩٩٩، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٩، ل٥٢٧-٥٣٨.
٥- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پێکهێنانی کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان- هەولێر. بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨٥-٧١٠.
٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢٠-٧٢٧.
٧- مەسعود مەحمود حەسەن: س.پ، ل٢٢٤.

(١٩) هاوڵاتی بریندار بوون (ی.ن.ک) بڕیاریدا، کە دەبێت بارەگا چەکدارییەکانی سەرجەم پارتەکان بچنە دەرەوەی شارەکان، لەوانە بارەگای ئۆپۆزسیۆنی عێراق و سەرجەم پارتەکان بڕیارەکە جێبەجێ بکەن. (ح.ک.ک) ئامادەی جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە نەبوو، لە بەرامبەر ئەوەدا (ی.ن.ک) ئاو و کارەبا و هێڵی تەلەفۆنی لە بارەگاکانی (ح.ک.ک) بڕی. لە بەرامبەر ئەوەدا لە (١١/ تەموزی ٢٠٠٠) ڕێپێوانێکی گەورەی جەماوەرییان لە شاری سلێمانیدا کرد و کێشە و ئاڵۆزیی لەنێوان هەردوولادا دروست بوو. لە بەرامبەردا (ی.ن.ک) گەمارۆی بارەگاکانی (ح.ک.ک) دەدات و لە ئەنجامدا ئۆتۆمبێلێکی (ح.ک.ک) کەتبووە بۆسەی هێزەکانی (ی.ن.ک) و گرژیی دروست دەبێت و (٥) ئەندامی (ح.ک.ک) کوژرا.[١]

لەسەر ئەم ڕووداوە بەهادین نوری دەڵێت: "لە ساڵی (٢٠٠٠)دا میلیشیای چەکداریی لە ناو شارەکاندا زۆر بوو، هاووڵاتیانی پەست کردبوو، خەڵکی شاری سلێمانی داوای گواستنەوەی بارەگا چەکدارییەکانیان بۆ دەرەوەی شار دەکرد. هەموو پارتەکان و بەرپرسانی جۆراوجۆر میلیشیان لە ناو شاردا هەبوو، بەڵام کێشەکە تەنیا بەسەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا شکایەوە. ئەم حیزبە بارەگایەکی لە گەڕەکی گردی عەلی ناجی هەبوو، بە ڕێکەوت نزیک لە ماڵی نەوشیروان مستەفا بوو، ڕەنگە ئەوەش هۆکار بووبێ بۆ توندکردنی گوشار لەسەر ئەو کۆمۆنیستانە، کە بارەگاکەیان چۆڵبکەن، لە دوای ئەوەی ئاو و کارەبا و تەلەفۆنیان لێبڕا و ڕادیۆکەیان پێ داخستن لە (١٤/ تەموزی ٢٠٠٠) شەڕ و ئاڵۆزی لەنێوان ئاسایش و حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا دەستیپێکرد (٥) لە کۆمۆنیستەکان کوژران و لە ئاسایشیش کەسێک کوژرا".[٢]

هەر لە ڕۆژانی (١١-١٢/ تەموزی ٢٠٠٠) شەڕ و ئاڵۆزی لەنێوان (پ.د.ک) و بەرەی تورکمانی لە شاری هەولێردا دروستبوو، (پ.د.ک) باس لەوە دەکات، کە هێزەکانی ناو بارەگای بەرەی تورکمانی دەستیانکردۆتە دەستدرێژییکردنە سەر هاووڵاتیان، لەبەرامبەردا بەرەی تورکمانی (پ.د.ک) بە فەرامۆشکردنی هەوڵە برایەتییەکان و وەستان لە دژی ئامانج و خواستەکانی گەلی تورکمان تۆمەتبار دەکرد، ئەوان هێزێک بوون (پ.د.ک) دەبوو حیسابیان بۆ بکات، لەبەر ئەوەی تورکیا پشتی دەگرتن. بە تێڕوانینی هاوسەنگکردنی زیادبوونی دەسەڵاتی (پ.د.ک) لە ناوچەکەدا، لەوەش زیاتر تورکمانەکان هەوڵیان دەدا لەگەڵ (ی.ن.ک) هاوپەیمانی دروستبکەن، لەسەر حیسابی ئەو دوو دوژمنەی، کە هەردووکیان ڕووبەڕووی دەبوونەوە.[٣] ئەم هۆکارانە وایان کرد شەڕ لەنێوان چەکدارانی بەرەی تورکمانی و هێزەکانی (پ.د.ک)دا دروست ببێت و (٩) کوژراو و (١١) برینداری لێکەوتەوە و دەست بەسەر سەرجەم بنکە و بارەگاکانی بەرەی تورکمانیدا لە هەولێر گیرا.[٤]

لە مانگی (ئەیلولی ٢٠٠٠) (ی.ن.ک) لە ناوچەکانی قەندیل، ڕانیە، قەڵادزێ و قەرەداغ لەگەڵ (پ.ک.ک)دا کەوتە شەڕەوە، هەتا کۆتاییەکانی مانگی (کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠) درێژەی کێشا. (پ.د.ک)، لە شەڕی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.ک.ک)دا، تاکو ڕادەیەک نەیتوانی بێلایەن بێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە شەڕەکانی مانگی (کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠) لە ئەنجامی شکانی هێزەکانی (ی.ن.ک) لە (١١/ کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠) ژمارەیەک پێشمەرگەی (ی.ن.ک) پەرتەوازە بوون و خۆیان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (پ.د.ک)دا گرتەوە، (پ.د.ک) لە هەنگاوێکی دۆستانەدا لە (١٤/ کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠) (١٧) پێشمەرگەی (ی.ن.ک)، کە لە شەڕەکانی بەرامبەر بە (پ.ک.ک) پەرتەوازەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (پ.د.ک) بوون، لە ڕێگای لیژنەی باڵای ئاشتییەوە ڕادەستی (ی.ن.ک) کرانەوە.[٥]

---

١- ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژ (٢١٥)، ٢٠٠٠/٦/١٩، ل١.
٢- بەهادین نوری: س.پ، ل١٢٣- ١٢٤.
٣- ئۆفرا بینگیۆ: س.پ، ٤٠٢.
٤- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٢٠٢)، ٢٠٠٠/٧/١٩، ل٢.
٥- ڕۆژنامەی برایەتی، ژ (٣٢٦٦)، ٢٠٠٠/١٢/٢١، ل١.

لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی نێوان (پ.ک.ک) و (ی.ن.ک)، جەلال تاڵەبانی لە سەلاحەدین چاوی بە مەسعود بارزانی کەوت، لەسەر چەندین بابەتی گرنگ پەیوەست بە پەیوەندی نێوان هەردوولا و پرۆسەی ئاشتی و جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێکەوتنامەی واشنتون، لە کۆبوونەوەکەی (١١/ کانوونی دووەمی ٢٠٠١) هەردوولا لەسەر جێبەجێکردنی ئەو بابەتانە پێکهاتن، کە لە ڕێکەوتنامەی واشنتۆندا هاتووە، هەروەها پابەندبوون بەوەی ڕاگەیاندن لە خزمەت پرۆسەی ئاشتیدا بێت و هەردوو پارت لەسەر کێشەی (پ.ک.ک) هاوڕا بوون.[١]

لە (١٤/ کانوونی دووەمی ٢٠٠١) (کۆسرەت ڕەسول عەلی)، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم کابینەی سلێمانی نامەی دەستلەکارکێشانەوەی خۆی ئاراستەی (جەلال تاڵەبانی)، سەرۆکی هەرێمی کوردستان- سلێمانی کرد.[٢] جەلال تاڵەبانی بە نامەیەک دەست لە کارکێشانەوەکەی پەسەند کرد. لە (١٥/ کانوونی دووەمی ٢٠٠١) د. بەرهەم ئەحمەد سالح، نوێنەری ئەوکاتەی (ی.ن.ک) لە ئەمریکا، بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان- سلێمانی ڕاسپێردرا.[٣] لە (٢٠/ کانوونی دووەمی ٢٠٠١) د. بەرهەم ئەحمەد سالح کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان- سلێمانی ڕاگەیاند، کە پێکهاتبوو لە (ی.ن.ک) و پارتە هاوپەیمانەکانی و (ب.یە.ئی).[٤]

ئەم کابینەیە لە بارودۆخێکدا پێکهات، کە بارودۆخی سیاسی هەرێم بە گشتی و پەیوەندی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) بەتایبەتی بەرەو هێوربوونەوە و ئاشتی یەکجاریی هەنگاوی دەنا، هەر لەو چوارچێوەیەدا لە (٢٠/ کانوونی دووەمی ٢٠٠١) شاندی باڵای (پ.د.ک) بە سەرۆکایەتی سامی عبدالرحمان سەردانی سلێمانییان کرد و لەگەڵ شاندی باڵای (ی.ن.ک) بە سەرۆکایەتی د. فواد مەعسوم لەسەر جێبەجێکردنی خاڵەکانی ڕێکەوتنامەی واشنتۆن و پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا کۆبوونەوە.[٥]

لە (١٨/ شوباتی ٢٠٠١) فرەنسۆ هەریری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (پ.د.ک) و سەرۆکی فراکسیۆنی زەردی (پ.د.ک) لە پەرلەمان و بەرپرسی لقی (٢)ی (پ.د.ک)، لە ڕێگەی ماڵەوە بۆ دەوامی فەرمی خۆی، لەلایەن گروپێکی توندڕەوە لە بۆسەیەکدا خۆی و یەکێک لە پاسەوانەکانی کوژران.[٦] لەسەر ئەو ڕووداوە شەوی (١٨/ شوباتی ٢٠٠١) سەرکردایەتی سیاسی (ی.ن.ک) لە شاری سلێمانی بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، کە تێیدا هاتووە: بێگومان ئەم جۆرە کارانە لە نەخشە و پیلانی دوژمنانی کوردستانە بۆ پەکخستنی ئاسایش و پرۆسەی ئاشتبوونەوەی گشتییە. هەروەها (پ.ک.ک) ئەو کارە تیرۆرستییەی سەرکۆنە کرد. لە کاتی ناشتنی تەرمی (فرەنسۆ هەریری)، مەسعود بارزانی ئاماژەی بەوە کرد، کە ئەو کارە تیرۆرستییە لەم کاتەدا لەلایەن هەر دەستە و گروپێکەوە کرابێت، مەبەست لەباربردنی ئەو دەرفەتەیە، کە بۆ پرۆسەی ئاشتی هاتۆتە پێشەوە.[٧]

پەیوەندییەکانی نێوان (ی.ن.ک) و (پ.د.ک)، لە دوای تیرۆرکردنی فرەنسۆ هەریری بەرەو ئاساییبوونەوەی زیاتر ڕۆیشت. (ی.ن.ک)، لە دۆزینەوەی بکەرانی تیرۆری فرەنسۆ هەریری، هاوکاری زۆری (پ.د.ک)ی کرد. لەو پێناوەشدا هەردوولا لیژنەی ئاسایشی گشتییان پێکهێنا. لە (٥/ نیسانی ٢٠٠١) لیژنەی ئاسایشی (ی.ن.ک) بە سەرۆکایەتی مستەفای سەید قادر و لیژنەی ئاسایشی (پ.د.ک) بە سەرۆکایەتی بروسک نوری شاوەیس و زەعیم عەلی بوو، ئەم لیژنەیە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی لە (١٨/ نیسانی ٢٠٠١) کرد. لە کۆبوونەوەکەدا چەند بڕیارێکی گرنگیان سەبارەت بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا دەرکرد، لەوانە کەمکردنەوەی بارەگا سەربازییەکان، بەتایبەتی لەسەر ڕێگا سەرەکییەکانی نێوان هەولێر- سلێمانی.[٨]

---

١- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (٢٣٥١)، ٢٠٠١/١/٢١، ل١.
٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (٢٣٥٥)، ٢٠٠١/١/١٧، ل١.
٣- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (٢٣٥٥)، ٢٠٠١/١/١٧، ل١.
٤- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پێکهاتەی کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێم- سلێمانی. بڕوانە: ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (٢٣٥٩)، ٢٠٠١/١/٢٢، ل١-٣.
٥- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ (١٨)، ٢٠٠١/٤/١٥، ل١
٦- فايز الخفاجي: الاغتيالات السياسية لكورد العراق (١٨٣٨- ٢٠٠٣)، ط١، بغداد، ٢٠١٩، ص٣٥١- ٣٥٢.
٧- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(١٣)، ٢٠٠١/٢/٢٢، ل١.
٨- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (٢٤٣١)، ٢٠٠١/٤/١٩، ل١.

هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان لە (٢٦/ ئایاری ٢٠٠١) لە ناوچەکانی هەولێر و دهۆک بە بەشداریی (١٤) پارت و لایەنی سیاسی و کۆمەڵێک پاڵێوراوی بێلایەن بەڕێوەچوو، کە تیایدا کاندیدەکانی (پ.د.ک) زۆرینەی دەنگەکانیان مسۆگەر کرد.[١] پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا لە ساڵی (٢٠٠٢)دا بەرەو ئاساییبوونەوەی تەواو ڕۆیشت، ئەویش لە دوای کۆبوونەوەی م.س (ی.ن.ک) بە سەرۆکایەتی د. کەمال فواد و م.س (پ.د.ک) بە سەرۆکایەتی د. ڕۆژ نوری شاوەیس لە کۆیە لە (٦ ئابی ٢٠٠٢)، لە کۆبوونەوەیەکی دوو ڕۆژیدا زۆرێک لە کۆسپەکانی بەردەم پرۆسەی ئاشتی نێوانیان نەما.[٢] هەر لە دوای ئەو کۆبوونەوەیە بڕیار لەسەر گەڕانەوەی ئەندام پەرلەمانەکانی (ی.ن.ک) درا بۆ پەرلەمانی کوردستان، بە جۆرێک هەردوولا ڕێکەوتن، کە دانیشتنەکانی پەرلەمان دەست پێبکەنەوە و (٣) مانگ (پ.د.ک) سەرۆکایەتی پەرلەمان بکات و (٢) مانگ (ی.ن.ک) سەرۆکایەتی بکات.[٣]

لە (٧-٨/ ئەیلولی ٢٠٠٢) جەلال تاڵەبانی سەردانی مەسعود بارزانی کرد، لە هاوینە هەواری سەلاحەدین چەندین بڕیاری مێژوویی گرنگیان دا، لەوانە پێکهێنانی چوار لیژنە بۆ ئامادەکردنی پرۆژەی فیدرالیزم و ئاساییکردنەوەی ڕەوشی ناوخۆی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتە ئەمنییەکان و پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی هاوبەش لە ئاستی هەرێمیی و نێودەوڵەتیی. هەروەها بڕیاردرا پەرلەمانی کوردستان، بە هەرسێ فراکسیۆنی سەوز و زەرد و مۆرەوە، لە (٤/ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢) لە هۆڵی گەورەی پەرلەمان لە هەولێر کۆببنەوە و هەروەها شێوازی بەڕێوەبردنی کاروباری پەرلەمانیش دیاریی کرا.[٤]

سەردانی مەسعود بارزانی و شاندی باڵای م.س (پ.د.ک) بۆ دووکان و کۆبوونەوەیان لەگەڵ جەلال تاڵەبانی و م.س (ی.ن.ک)، پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو پارتەی بردە قۆناغێکی ترەوە.[٥] لە دوای ئەم کۆبوونەوەیە لە (٤/ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢) پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی و (مەدام میتران)، دۆستی دێرینی کورد و (کەندال نەزان)، سەرۆکی ئینستیوتی کورد لە پاریس و مامۆستا عەزیز محەمەد و ئەندام پەرلەمانەکانی (ی.ن.ک) و (پ.د.ک) و ئەندامانی لیستی مۆری ئاشوورییەکان و ئەندامانی لیژنەی باڵای ئاشتی نێوان هەردوولا کۆبوونەوە. د. ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکایەتی یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی کوردستانی کرد، کە دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر بەسەر ڕێکەوتنامەی واشنتۆندا، یەکەمین کۆبوونەوەی بە یەکگرتوویی لە (٤/ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢)دا ئەنجامدا.[٦]

هەر بەپێی خاڵەکانی ڕێکەوتنامەی واشنتۆن لە (١٧/ ئەیلولی ١٩٩٨)، دەبێت گەڕێکی دیکەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی کوردستان لە سلێمانی بێت. لە (٨/ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢) بە ئامادەبوونی جەلال تاڵەبانی، مەسعود بارزانی، مامۆستا عەزیز محەمەد و ئەندامانی فراکسیۆنی سەوز، زەرد و مۆری پەرلەمان لە هۆڵی هوتێل سلێمانی پالاس، پەرلەمان دووەم کۆبوونەوەی گەڕی گواستنەوەی خۆی بەست. د. کەمال فواد سەرۆکایەتی دووەمین کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستانی کرد. لە کۆبوونەوەکەدا باس لە (١٤)خاڵ کرا، کە تایبەت بە هەنگاوەکانی ئاساییکردنەوە و یەکخستنەوەی ئیدارەکان و هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن و بڕیاردان لەسەر دەستووری هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی سیستەمی فیدراڵی عێراقدا بوو.[٧]

---

١- عومەر عوسمان: ژیانی کوردێک، س.پ، ل٢٠٤.
٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (٢٨٢٨)، ٢٠٠٢/٨/٧، ل١.
٣- سەلاح ڕەشید: بروسکەنامە، ل٦٧٠.
٤- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٨٥٧)، ٢٠٠٢/٩/٩، ل١.
٥- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٨٨٠)، ٢٠٠٢/١٠/٥، ل١.
٦- ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق: پرۆتۆکۆڵەکان، ب٣٢، ٢٠٠٤، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٦-٣٤.
٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦-٤٠.

له (١٥/ تشرينی یەکەمی ٢٠٠٢) پەرلەمانی کوردستان له هەولێر له هۆڵی گەورەی پەرلەمان سێیەمین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا. له کۆبوونەوەکەدا هەریەکه له د. ڕۆژ نوری شاوەیس به سەرۆکی پەرلەمان و د. کەمال فواد به جێگری سەرۆکی پەرلەمان جێگیرکران.[1] بەم شێوەیه پەیوەندییەکانی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) هەنگاوی باشی بۆ نزیکبوونەوەی زیاترنا، بارودۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و شارەکانی هەولێر و سلێمانی بەرەو ئاساییبوونەوه ڕۆیشت، کۆبوونەوەکانی نێوان هەردوولا بەردەوام بوون، لەسەر زۆربەی خاڵه ناکۆکەکان گەیشتنه ڕێکەوتنی تەواوەتی. به کۆتاییهاتنی ساڵی (٢٠٠٢) و سەرەتای ساڵی (٢٠٠٣) پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا گەیشتنه ئەو ئاستەی، که بارەگاکانی هەردوولا له شارەکانی هەولێر و سلێمانی بکرێنەوه. له (١٢/ شوباتی ٢٠٠٣) مەڵبەندی (٣)ی (ی.ن.ک) له شاری هەولێر کرایەوه و له (١٥/ شوباتی ٢٠٠٣) بارەگای لقی (٤)ی (پ.د.ک) له شاری سلێمانی کرایەوه.[2]

له ئەنجامی بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی نێوانیان، له (٢/ ئاداری ٢٠٠٣) سەرکردایەتی (ی.ن.ک) و سەرکردایەتی (پ.د.ک) پێکهێنانی سەرکردایەتی باڵای هاوبەشیان له باشووری کوردستان ڕاگەیاند. ئەم سەرکردایەتییەش مەسعود بارزانی سەرۆکی (پ.د.ک) و جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی (ی.ن.ک) سەرکردایەتی دەکرد. ئەم سەرکردایەتییەش به هاوکاری و هەماهەنگی تەواو لەگەڵ گشت پارت و هێزه کوردستانییەکانی باشووری کوردستان کاری دەکرد.[3] یەکەمین کۆبوونەوەی ئەم سەرکردایەتییەش به سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی له هاوینه هەواری دووکان له (٩/ ئاداری ٢٠٠٣) دەستپێیکرد. له کۆبوونەوەکەشدا گفتوگۆ لەسەر بنەمای پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا و دواین پێشهاتەکانی لێدانی عێراق و یەکهەڵوێستی هەردوو پارتی ناوبراو له ئاست گۆڕانکارییەکانی عێراق و ناوچەکه کرا.[4]

پەیوەندییەکانی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) له دوای ڕێکەوتنامەی واشنتۆن (١٩٩٨)ەوه چووه قوناغێکی ترەوه، قۆناغی شەڕی ناوخۆیان تێپەڕاند و قوناغی ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانیان دەستی پێکرد، تا ئەو ڕادەی له دوای چەندین ساڵ شەڕی ناوخۆی نێوانیان، دەرگای پەرلەمانی کوردستان به تەواوەتی لەلایەن هەردوو پارتەوه کرایەوه.

---

١- ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق: پرۆتۆکۆڵەکان، ب٣٢، ٢٠٠٤، ل٤٨-٥١.
٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (٢٩٨٩)، ٢٠٠٣/٢/١٦، ل١.
٣- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٣٠٠٢)، ٢٠٠٣/٣/٣، ل١.
٤- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ (٣٠٠٨)، ٢٠٠٣/٣/١٠، ل١.

**باسی پێنجەم: شەڕی نێوان (ی.ن.ک) و گروپە ئیسلامییە جیهادییەکان (۲۰۰۱-۲۰۰۳)**

**تەوەری یەکەم: لێکترازانەکانی ناو بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی(ب.یە.ئی) دروستبوونی گروپە جیهادییەکان**

یەکگرتنی هەریەکە لە (باسک) و (ب. ڕا. ئی) لە (۲۱/ ئابی ۱۹۹۹) و دروستبوونی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی بە قۆناغێکی گرنگی بزاڤی پارتە ئیسلامییەکان دادەنرێت لە کوردستاندا. هەریەکە لە (باسک) و (ب. ڕا. ئی) بۆ دەربازبوون لەو کێشانەی، کە گیرۆدەی ببوون، لەگەڵ بوونی کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشی سەرەکی، کە لە نێوانیاندا هەبوو، وەکو دوو بزووتنەوەی ئیسلامی خاوەنی مێژوویەکی هاوبەش بوون بەگشتی، چ وەکو پەیوەندی هاوخوێنی و برایەتی لە نێوان هەردوو ڕابەری بزووتنەوەکە، بەتایبەتی. جگە لەوەش، گوشاری ناوخۆیی باڵە نەیارەکانی دژ بە ڕابەرایەتی هەردوولا لە ناو هەردوو بزووتنەوەکەدا پاڵی بە هەردوو ڕابەری بزووتنەوەکەوە نا، هەتا بیر لە یەکگرتن بکەنەوە و بڕیاری یەکگرتنی هەردوو بزووتنەوەکە بدەن.[1]

تەمەنی (ب.یە.ئی) زۆر کورت بوو، هەتا بەستنی یەکەمین کۆنگرەی (ب.یە.ئی) لە (۱۲-۱٦/ ئابی ۲۰۰۰)، کە بە (کۆنگرەی تەوێڵە) ناسراوە، کۆمەڵێک هۆکار بزووتنەوەکەی بەرەو لێکترازانی تەواوەتی برد، لەوانە: خولیا و حەزی دەسەڵات و برا گەورەیی و بوون بە کەسی یەکەم لە لای زۆرێک لە باڵەکانی ناو (ب.یە.ئی) هۆکارێک بوون بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو پارتە.[2] هۆکارێکی تر ئەوە بوو، پێش کۆنگرەی یەکەمی (ب.یە.ئی) بەشێکی زۆری ئەندامانی بزووتنەوەی ڕاپەڕینی پێشوو کاریان لەسەر هاوپەیمانی و سەرخستنی کوتلەیەک و خستنی کوتلەیەکی دیکە دەکرد، لەو پێناوەشدا ڕاپەڕینە دێرینەکان بوونە لایەنگری باڵی عەلی باپیر و هەوڵدان بۆ خستنی باڵی ڕابەر، عەلی عەبدولعەزیز.[3] جگە لەوە هۆکاری دەرەکی، بەتایبەتی ئێران، هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ یەکبووندا نەبووە، ڕۆڵی خراپی لە لێکترازانەکانی ناو (ب.یە.ئی) بینی.[4] هەروەها سەبارەت بە ڕۆڵی (ی.ن.ک)، ڕۆڵێکی ئەوتۆی لە لێکترازان و جیابوونەوەکانی ناو (ب.یە.ئی) نەبوو، جگە لەوەش بە مانەوەی (ب.یە.ئی) بە پێگە و قەبارە گەورەیەوە، خۆشحاڵ نەبوو، هەرچەندە هەردوو باڵی عەلی باپیر و عەلی عەبدولعەزیز (ی.ن.ک)یان بە یارمەتیدانی یەکتر تۆمەتبار دەکرد، بەڵام (ی.ن.ک) سیاسەتێکی دوولایەنی پەیڕەو دەکرد.[5]

هەموو ئەم هۆکارانە وایان کرد، کێشەکانی ناو (ب.یە.ئی) لە (ئابی ۲۰۰۰)دا بتەقێتەوە، بەشێوەیەک باڵی عەلی باپیر لەگەڵ زۆرینەی (ب.ڕ.ا.ئی) زۆرینەی ڕەهای دەنگی کۆنگرەی تەوێڵە مسۆگەر بکەن، ئەنجامەکان بەشێوەیەک بوون، لە کۆی (۲۹) ئەندامی هەڵبژێردراوی سەرکردایەتی و شورا، (۲٦) کەسیان سەر بە باڵی بەرهەڵستکاران و باڵی عەلی باپیر بوون (۳) کەسیان سەر بە باڵی عەلی عەبدولعەزیز بوون.[6] ئەنجامەکانی کۆنگرەی تەوێڵە قەیرانێکی مەترسیداری گەورەی لە ناو (ب.یە.ئی) دروستکرد، باڵی ڕابەر، کە عەلی عەبدولعەزیز سەرپەرشتی دەکرد، ئەنجامەکانی کۆنگرەیان ڕەتدەکردەوە و ئامادەنەبوون دان بە ئەنجامەکانی کۆنگرەدا بنێن. لە ڕاستیشدا کۆنگرەی تەوێڵەی (ئابی ۲۰۰۰) لێدانێکی کوشندە بوو لە باڵی عەلی عەبدولعەزیز، پەسەند نەکردنی ئەنجامەکانی کۆنگرە هێندەی دیکە ڕەوشەکەی ئاڵۆزتر کرد، هەرچەندە چەندین هەوڵ هەبوو

---

١- نیاز سەعید علی: دید و ڕۆشنایی- دەربارەی ئیسلامی سیاسی، ب١، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل١٢٢.

٢- نیاز سەعید علی: دیاردەی ئیسلامی سیاسی و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی کوردستانی عێراق، چ١، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٩٥.

٣- کەژان رەشید و سۆزان ئەشرەف: هۆکاری پێکهێنان و لێکهەڵوەشاندنەوەی بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لە کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان (KCCRC)، ژ(٨٣)، کانوونی یەکەمی ٢٠١٩، ل١٧.

٤- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (مامۆستا عیرفان علی عبدالعزیز)، سلێمانی، (٢٠٢٢/٥/١٩).

٥- کەژان رەشید و سۆزان ئەشرەف: س.پ، ل١٩.

٦- حەسەن یاسین: مێژووی پێوەندییە نهێنییەکانی نێوان ئەنسار ئیسلام و ڕێکخراوی قاعیدە، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١١٤.

بۆ ئاسایکردنەوەی ڕەوشەکە لە (ئابی ٢٠٠٠) تا (ئایاری ٢٠٠١) و ڕاگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامی، ماوەی (٩) مانگ ماوەی ململانێ و تەنگژەی ناوخۆیی بوو لە هەناوی (ب.یە.ئی) دا.[١]

هەر لە دوای کۆنگرەی تەوێڵە جۆرێک لە فرەجەمسەریی دەسەڵات لە ناو (ب.یە.ئی)دا دروستبوو، ئەوانیش باڵی عەلی عەبدولعەزیز، لە ناوچەکانی هەڵەبجە و دەوروبەری باڵی عەلی باپیر لە ناوچەکانی خورماڵ، ئەحمەدئاوا و دەوروبەری و باڵی بێلایەنەکان و هێزی (٢)ی سۆران پتر لە ناوچەکانی بیارە و دەوروبەریدا بوون، لە دوای بێ ئاکامبوونی هەوڵەکان و نەگەیشتنیان بە ڕێکەوتنێکی کۆتایی باڵی عەلی باپیر لە (٣١/ ئایاری ٢٠٠١) لە بەیاننامەیەکدا (کۆمەڵی ئیسلامی)یان ڕاگەیاند و ئیدی لێرەوە بە تەواوەتی کێشەکانی ناو (ب.یە.ئی) تەقییەوە و چەندین گروپ و ڕێکخراوی دیکە لە هەناوی (ب.یە.ئی)دا دروست بوون.[٢] لەتبوونی (ب.یە.ئی) و ڕاگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامی بزمارێک بوو، کە لە تابووتی مەرگی (ب.یە.ئی) درا.[٣]

لە دوای ڕاگەیاندنی کۆمەڵ لە (٣١/ ئایاری ٢٠٠١) گرژیی و ئاڵۆزیی لەنێوان باڵی عەلی باپیر و باڵی عەلی عەبدولعەزیز، ڕابەری (ب.یە.ئی)دا لە شارۆچکەی سیروان لەسەر گرتنی بارەگایەک دروستبوو. جگە لەوەش، زۆربەی بارەگاکانی (ب.یە.ئی) کەوتە دەست کۆمەڵ، هەروەها دروستبوونی شەڕ و ئاڵۆزیی لەنێوان باڵەکەی مەلا کرێکار و باڵی عەلی باپیر لە شاری سلێمانی، لەسەر دەستگرتن بەسەر مزگەوتی (جیهاد) و هەروەها تیڤی و ڕادیۆی (ب.یە.ئی) لە سلێمانی. هێزەکانی کۆمەڵ دەستیان بەسەر مزگەوتی (جیهاد) و مەڵبەندی سلێمانی (ب.یە.ئی) گرت، لەم سەروبەندەشدا زۆربەی هەرە زۆری هێزە سەربازییەکان لایەنگری کۆمەڵ و باڵی عەلی باپیر بوو، بەڵام دوو وەزیرەکەی (باسک) لە حکومەتی هەرێم- سلێمانی لایەنگری باڵی عەلی عەبدولعەزیز بوون.[٤]

هەر لە دوای ئاڵۆزییەکانی ناو (ب.یە.ئی)، بزووتنەوەکە دووچاری کەرتبوون و لێکترازانێکی تر بووەوە، ئەویش لە دوای گەڕانەوەی مەلا کرێکار لە وڵاتی نەرویج و کۆبوونەوەی لەگەڵ هەریەکە لە عەلی عەبدولعەزیز و عەلی باپیر و نەگەیشتنیان بە ڕێکەوتنێکی کۆتایی، باڵێکی دیکە بە ناوی (ئیسلاح) بە سەرپەرشتی مەلا کرێکار لە (ب.یە.ئی) جیابووەوە و گوندی (گوڵپ)، کە دەکەوێتە نێوان خورماڵ و بیارە، کرد بە بارەگای سەرەکی خۆی و داوای لە سەرجەم ئەو هێز و لایەنانە کرد، کە لە ململانێی نێوان باڵەکەی عەلی عەبدولعەزیز و عەلی باپیر بە بێلایەنی ماونەتەوە، پەیوەندی پێوەبکەن.[٥]

لە دوای ئەوەش، لە (٨/ حوزەیرانی ٢٠٠١) ڕۆژی هەینی مەلا کرێکار ویستی لە مزگەوتی جیهاد لە شاری سلێمانی، کە بە مزگەوتی خۆی زانیبوو، وتاری هەینی بخوێنێتەوە، بەڵام کۆمەڵ نەیانهێشت لەو مزگەوتەدا وتار بخوێنێتەوە، ئەمەیش هێندەی دیکە گرژی و ئاڵۆزی لەنێوان ئەو دوو باڵەدا دروستکرد.[٦] لەم سەروبەندەدا گروپێکی تر مابووەوە، کە بە بێلایەنەکان ناویان دەرکردبوو، بێلایەنەکان لە دوو باڵی سەرەکی پێکدەهاتن، باڵی یەکەم لە کۆمەڵێک کەسایەتی و لێپرسراوی بێلایەن بوون، کە شێخ محەمەد بەرزنجی سەرپەرشتی دەکرد و باڵی دووەم هێزی دووی سۆران بوو، کە گەورەترین هێزی سەربازیی (ب.یە.ئی) بوو، (ئاسۆ هەولێری) ئەندامی شورا و بەرپرسی هێزەکە سەرپەرشتی دەکرد.[٧]

---

١- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کێشەکانی ناو (ب.یە.ئی) بڕوانە: نازم عەبدوڵڵا: یەکەم هەنگاو بەرەو ڕابوون- بەشێک لە ژیان و بیرەوەرییەکانم لە ناو کاری ئیسلامیدا (١٩٧٩- ٢٠٠١)، چ١، سلێمانی، ٢٠٢٢، ل٣٦٢-٣٧٧.

٢- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئارام قادر)، سلێمانی، (٢٠٢٢/٢/١٤). ناوبراو لە ساڵی (١٩٦٥) لە ناسریە لە دایک بووە، لە ساڵی (١٩٨٧)ەوە پەیوەندی کردووە بە بزوتنەوەی ئیسلامی یەوە، بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخستن بووە لە ناو بزوتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی دا، لە ناو بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامیدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە کۆنگرەی تەوێڵەدا دەنگی حەوتەمی کۆنگرەی بەدەستهێناوە و دواتر لە دوای ڕاگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامی بووە بە کۆمەڵ لە ئێستادا سەرۆکی هاوپەیمانی نیشتمانییە.

٣- وەرزێر حەمە سەلیم: ژێر بەرەکەم لە بیست ساڵدا (١٩٨٣- ٢٠٠٣)، چ١، دەزگای فام بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٢٢، ل٢٨١.

٤- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(٢٥)، ٢٠٠١/٦/٣، ل١.

٥- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(٢٧)، ٢٠٠١/٦/١٧، ل١.

٦- ئومێد توفیق: کۆمەڵی ئیسلامی باڵی قەرارگای ڕەمەزانە، گۆڤاری لڤین، ژ(٦٨)، ١/ حوزەیرانی ٢٠٠٨، ل١٨-١٩.

٧- نیاز سەعید علی: دیاردەی ئیسلامی سیاسی و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی، ل٩٦.

هەر لە سەروبەندی ئاڵۆزیی و گرژییەکانی ناو (ب.یە.ئی)، هەریەکە لە گروپی (حەماس)[1] و گروپی (تەوحید)[2] لە (٢/ تەموزی ٢٠٠١) بەرەیەکیان، بە ناوی بەرەی تەوحیدی ئیسلامی پێکهێنا.[3] یەکگرتنی گروپی تەوحید و حەماس بە دوو قۆناغ بوو قۆناغی یەکەم لە دوای دەرکردنی گروپی تەوحید لە ناوچەکانی هەولێر و دەوروبەری و هاتنیان بۆ ناوچەکانی هەڵەبجە و چیای سورین، کە لە دوای نیوەی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٠)ەوە بوو کە لە (٧٠٪) گروپی حەماس پەیوەندییان کرد بە گروپی تەوحیدەوە قۆناغی دووەم لە دوای گرژییەکانی ناو (ب.یە.ئی) لە (تەموزی ٢٠٠١).[4] هەر لە سەروبەندی گرژی و ئاڵۆزییەکانی ناو (ب.یە.ئی)دا مەڵبەندی (ب.یە.ئی) لە هەولێر لەو ناکۆکی و ململانێیانەی ناو باڵەکانی (ب.یە.ئی)دا بێلایەن بوو، عەلی عەبدولعەزیز لە ڕێگەی نامەیەکی مەسعود بارزانییەوە، بە هێزێکی زۆرەوە چووە شاری هەولێر و لە دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ بارزانی، لە هەولێر لە (١٢/تەممموزی ٢٠٠١) لە پاش گەڕانەوەی عەلی عەبدولعەزیز لە شاری هەولێر دەست بەسەر مەڵبەندی (ب.یە.ئی)دا گیرا. جارێکی تر بارەگای مەڵبەندی (ب.یە.ئی)بوو بە دوو کەرتەوە و بەشی زۆری مەڵبەندەکە و تەلەفزیۆن و ڕادیۆکەیان کەوتە دەست کۆمەڵ، هەر لەسەر ئەو ڕەوشەکە، بارزانی لە (٢٢/ تەموزی ٢٠٠١) لەگەڵ عەلی باپیردا کۆبووەوە.[5]

لە سەرەتای (ئابی ٢٠٠١) لە چەندین شوێن گرژی و ئاڵۆزی لەنێوان هێزەکانی کۆمەڵ و (ب.یە.ئی)دا دروستبوو. لە (٣/ ئابی ٢٠٠١) لە (ملەی نەڵمە) لە نێوان سەیدسادق و ناڵپارێزدا، کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی عەلی باپیر دەدرێتە بەر دەستڕێژی گولە. بۆ ماوەیەک هاتوچۆی نێوان سەیدسادق و پێنجوێن داخرا. هەر لە دوای ئەویش، لە شارۆچکەی خورماڵ پێکدادان لەنێوان هەردوولادا دروستبوو. پێشمەرگەیەکی کۆمەڵ، بە ناوی (سەردار ئەحمەد) دەکوژرێت و چەندین هاووڵاتیش بریندار دەبێت و بارەگاکانی (ب.یە.ئی) لە خورماڵ دا دەستی بەسەردا دەگیرێت و جگە لەوەش چەندین پێکدادان لە ناوچەکانی (هانەی دن) و (دێکۆن)دا لە (٥/ ئابی ٢٠٠١) لەنێوان هەردوولادا ڕوویداوە.[6] پاش (٣) مانگ لە ئاڵۆزییەکانی ناو (ب.یە.ئی)، گۆڕان بەسەر هەڵوێستی (بێلایەنەکان)دا هات و لێکترازان، ئەو باڵەی کە (شێخ محەمەد بەرزنجی) سەرپەرشتی دەکرد، لە مانگی (ئەیلولی ٢٠٠١)دا بە تەواوەتی چوونە ناو کۆمەڵی ئیسلامی و بەهۆی ئەو چوونەشەوە (شێخ محەمەد بەرزنجی) کرایە پێشەوای کۆمەڵی ئیسلامی.[7]

---

١- گرووپی حەماس: گرووپێکی ئیسلامی جیهادی توندڕەو بوو لە دوای ڕێکەوتنامەی تاران ی نێوان (باسک) و (ی.ن.ک) لە (١٥/ ئەیلولی ١٩٩٧) لەسەر دەستی (حسن سۆفی) دروستبوو، وەکو کاردانەوەیەک لە بەرامبەر بەشداریکردنی (باسک) لە حکومەتی هەرێم- سلێمانی و وەرگرتنی بوودجەی مانگانە لەلایەن (باسک)ەوە لە حکومەتی هەرێم- سلێمانی بەگوێرەی ڕێکەوتنامەی تاران (باسک) مانگانە بڕی دوو ملیۆن دیناری لە حکومەتی هەرێم وەردەگرت، دوای جیابوونەوەی ئەم ڕێکخراوە لە ڕووی ڕێبازی ئایدۆلۆژییەوە داشکابوونەوە بە لای ڕێبازی سەلەفی جیهادی و کاریان بەو ڕێبازە دەکرد. ڕابەری ئەم ڕێکخراوە (حسن سۆفی) لە شەوی (٨-٩/ کانوونی دووەمی ١٩٩٩) لە مانگی ڕەمەزاندا لە شاری هەڵەبجە بەشێوەیەکی گوماناوی تیرۆر دەکرێت و لە دوای تیرۆری ناوبراو عمر بازیانی شوێنی دەگرێتەوە. بڕوانە: نیاز سەعید علی: دید و ڕۆشنایی، ل١٢٠.

٢- گرووپی تەوحید: گرووپێکی ئیسلامی جیهادی توندڕەو بوو لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٩٩)دا لە شاری هەولێر دروستبوو (سەرباز)، کە نازناوی (ئەبو بەسیری یەکەم) بوو دامەزرێنەری گرووپەگە بوو لە دوای چەندین کردەوەی توندوتیژی لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٩٩) شاری هەولێریان بەجێهێشت و ڕوویان لە بناری چیای قەندیل کرد و لە دوای جێگیربوونیان لە بناری چیای قەندیل پەیوەندییان لەگەڵ هەریەکە لە (ی.ن.ک) و (پ.ک.ک)دا هەبوو، (پ.د.ک) لە هاوینی ساڵی (٢٠٠٠) بە هێزێکی زۆرەوە هێرشێکی کتوپڕی کردە سەر مەفرەزەکانی تەوحید لە چیای کۆدۆ و پاش شەڕێکی قورس (ئەبو بەسیری یەکەم) و (١٥) ئەندامی دیکەی گرووپەکە کوژران و ئیدی لێرەبەدواوە تەوحید هیچ ئاسەوارێکی لە ناوچەکانی حاجی ئۆمەراندا نەما لە دوای ئەو شکستە سەربازییەی تووشی گرووپی تەوحید بوو (ئەبو بەکری تەوحید) بووە ئەمیری گرووپەکە، پاش ئەو ڕووداوە گرووپی تەوحید خۆیان ڕێکخستەوە و ڕوویان لە بناری چیای سورین کرد و لەوێشدا تووشی شەڕی حزبی سۆسیالیست بوون، ئەو شەڕە بە نێوەندگیری بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی کۆتایی هات و هێزەکانی تەوحید لە گوندی بانیشار جێگیرکران لەنێوان دەسەڵاتی حزبی سۆسیالیست و بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی دا، گەورەترین ئۆپەراسیۆن، کە گروپی تەوحید ئەنجامیدا تیرۆرکردنی (فرەنسۆ هەریری) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (پ.د.ک) بوو لە هەولێر لە (شوباتی ٢٠٠١)دا. بڕوانە: موختار هۆشمەند: ساڵێک لەگەڵ ئەبو زەکەریا- ئەندامی پێشووی بزوتنەوەی ئیسلامی و ئەنسار و ئیسلام، چ١، سلێمانی، ٢٠١٤، ل١٣٥-١٣٦ ؛ حەسەن یاسین: س.پ، ل١٠٦- ١٠٧.

٣- نیاز سەعید: دید و ڕۆشنایی، ل١٢٣.

٤- موختار هوشمەند: س.پ، ل١٣٩. ؛ نیاز سەعید علی: دید و ڕۆشنایی، ل١٢٣.

٥- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(٣١)، ٢٠٠١/٧/١٥، ل١ ؛ ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(٣٢)، ٢٠٠١/٧/٢٢، ل١.

٦- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(٣٤)، ٢٠٠١/٨/٥، ل١.

٧- محمد فەریق: دیوە شاراوەکەی علی باپیر و مەکری کۆمەڵی ئیسلامی، چ١، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٣٣- ٣٤.

ئەو هێزەی تاکو ئەوکاتەی بە بێلایەنی مابووەوە هێزی دووی سۆران بوو لە دوای سێ کۆبوونەوە لەگەڵ گرووپی تەوحیدی ئیسلامی لە خورماڵ ڕێکەوتن لەسەر دامەزراندنی ڕێکخراوێکی نوێ بە ناوی (جوند لئیسلام).[١] جگە لە هێزی دووی سۆران و ڕێکخراوی تەوحیدی ئیسلامی دوو ڕێکخراوی تری سەلەفی جیهادیی، یەکێکیان ڕێکخراوێکی عێراقی بوو بە ناوی (کۆمەڵەی ئەلموحەدوون) بە ڕابەرایەتی (ئەبو وائیل) ئەوی تریان ڕێکخراوێکی ئوردنی بوو بە ناوی (تەنزیم جوند لشام) بە ڕابەرایەتی (ئەبو عەبدولڕەحمانی شامی) بەشدارییان لە پێکهێنان و دروستبوونی جوند لئیسلام لە (١/ ئەیلولی ٢٠٠١) لە شارۆچکەی بیارە کرد.[٢]

بە پێی ڕێکەوتنی نێوان هێزی دووی سۆران و ڕێکخراوی تەوحیدی ئیسلامی ، وریا رەشی هەولێری، کە نازناوی (ئەبو عەبدوڵڵای شافعی) بوو، بوو بە ئەمیری جوندلئیسلام و (٧) کەسیش بۆ سەرکردایەتی ڕێکخراوەکە دیارییکران، لەوانە: (ئاسۆ هەولێری، لێپرسراوی دەستەی عەسکەری، ئەبو وائل، لێپرسراوی دەستەی شەرعی، کامەران مولود کاکل، ناسراو بە ئەیوب ئەفغانی، لێپرسراوی ڕاگەیاندن، مەلا هەڵگورد هەولێری، لێپرسراوی ڕێکخستن، عەلی وەلی، ئەندامی دەستەی عەسکەری، ئەبو عەبدولڕحمان شامی، فەرماندەی کەتیبەی ئەقصی، ئەبو عەبدوڵڵای خەلیفانی، ئەندامی دەستەی عەسکەری). هەر بە پێی ڕێکەوتنەکەی نێوانیان، بڕیاردرا گرووپی تەوحیدی ئیسلامی بە دوو کەس لە سەرکردایەتی ڕێکخراوەکەدا بەشداربن و (عومەر بازیانی) بە لێپرسراوی ئیدارە و (ئەبو بکری تەوحید) بە لێپرسراوی ئاسایش دانران.[٣]

جوند لئیسلام لە کوردستاندا یەکەمین ڕێکخراوی سەلەفی جیهادی بوو، کە پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوی قاعیدەدا هەبوو، چونکە جیا لە کورد، ڕێژەیەکی زۆر عەرەبی ئەفغانی و عێراقی و سووری تێدا بوو.[٤] لە دوای ڕاگەیاندنی جوند لئیسلام لە (١ی ئەیلولی ٢٠٠١)، باڵی عەلی عەبدولعەزیز لە (١٢/ ئەیلولی ٢٠٠١) لە بەیاننامەیەکدا (باسک)یان ڕاگەیاند و ئیتر بەو بەیاننامەیە ((ب.یە.ئی)) بە فەرمی هەڵوەشایەوە.[٥] لە دوای مانگێک لە ڕاگەیاندنی جوند لئیسلام لە (٢/ تشرینی یەکەمی ٢٠٠١) ڕێکەوتنێک لەنێوان کۆمەڵ، (باسک)، جوند لئیسلام و م. کرێکاردا ئەنجامدرا، ڕێکەوتنەکە بە مەبەستی دابەشکردنی کەلوپەلە سەربازییەکانی (ب.یە.ئی) هەڵوەشاوە لەنێوان هەر چوار هێزەکەدا بوو، بەپێی ڕێکەوتنەکە، کەلوپەلەکان بەم شێوەیە دابەشکران: (کۆمەڵ (٣٩٪)، (باسک)، (٢٥٪)، جوند لئیسلام (٢٥.٥٪)، باڵی مەلا کرێکار- (١٠,٥٪).[٦]

## تەوەری دووەم: شەڕی نێوان (ی.ن.ک) و گرووپە جیهادییەکان جوند لئیسلام و ئەنسار لئیسلام (٢٠٠١-٢٠٠٣)

لە دوای ڕاگەیاندنی جوند لئیسلام لە (ئەیلولی ٢٠٠١)، ئەم هێزە نوێیە دەستی بەسەر تەواوی شارۆچکەی بیارە و دەوروبەریدا گرت و هەرچی بەرپرس و فەرمانبەرە ئیدارییەکان هەبوو لە شارۆچکەکەدا دەریانکردن، بە بیانووی ئەوەی، کە شەریعەتی ئیسلام پەیرەو دەکەن و هەروەها بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان لە ناوچەکەدا، دەستیان بە پەخشکردنی ئێستگەی ڕادیۆیی کرد، هەروەها ژمارەیەک چەکی لە لایەنگر و ئەندامانی ئەو لایەنانە لە ناوچەکەدا سەند، کە سەر بە هێزە ئیسلامییەکان نەبوون.[٧]

---

١- حەسەن یاسین: س.پ، ل١١٦- ١١٧.
٢- نیاز سەعیدعلی: دید و ڕۆشنایی، ل١٢٦ ؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٥٧٤)، ٢٠٠١/١٠/٣، ل٨.
٣- یوسف گۆران: دەرکەوتنی ڕێکخراوی قاعیدە لە کوردستانی عێراقدا، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٣٧- ٣٨.
٤- حەسەن یاسین: س.پ، ل١٥ ؛ یوسف گۆران: س.پ، ل٣٨.
٥- کەژان رەشید قادر و سۆزان ئەشرەف: س.پ، ل٢٠.
٦- ئیدریس سیوەیلی: پەیوەندی نێوان حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان و پەیوەندییەکانی کۆمەڵ و ئەنسار ولئیسلام بە نموونە، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان (KCCRC)، ژ(١٠٠)، شوباتی ٢٠٢٠، ل٦.
٧- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(٣٩)، ٢٠٠١/٩/٩، ل١.

لەو سەروبەندەشدا (ی.ن.ک) کۆمەڵێک ڕێوشوێنی سیاسی و سەربازیی لە ناوچەکەدا گرتەبەر، وەک خۆئامادەکردن بۆ هەر پێشهاتێکی نوێ لە ناوچەکەدا. جگە لەوەش سەرکردایەتی (ی.ن.ک) دووجار لەگەڵ عەلی عەبدولعەزیز ڕابەری (باسک) کۆبووەوە، جارێک لە سلێمانی و جارێک لە سەرای سوبحان ئاغا. کۆبوونەوەکانیش لەسەر ئەو بنەمایە بوو، کە (تەحسین علی عەبدولعزیز) کوڕی ناوبراو، بەهۆی نزیکی لە جوند لئیسلامەوە هەوڵبدات ناوچەکە لە شەڕ دووربخاتەوە. تەوەرێکی تری کۆبوونەوەکە لەسەر ئەوە بووە، لە ئەگەری شەڕکردن لە دژی جوند لئیسلام، دەبێت هێنانوبردنی هێزەکانی (ی.ن.ک) لە ناوچەی هەڵەبجەوە بێت و جگە لەوە (ی.ن.ک) داوای لە پارتە ئیسلامییەکان کردووە، کە کۆنترۆڵی ڕەوشی بیارە بکەن و پابەندی ڕێکەوتنامەی تاران بن، لە ئاستی سەربازیشدا، (ی.ن.ک) هێزێکی گەورەی لە ناوچەکانی سیروان و دەوروبەری هەڵەبجەدا کۆکردەوە.[١]

(ی.ن.ک) لە دوای ئەوەی بێئومێد بوو، کە کێشەی جوند لئیسلام لە ڕێگەی کۆمەڵ و (باسک)ەوە چارەسەر بکرێت، دەستی بە کۆکردنەوەی هێزی زۆرتر لە ناوچەکەدا کرد. لە دوای ڕاگەیاندنی جیهاد لەلایەن جوند لئیسلامەوە بەرامبەر بە پارتە علمانییەکان، لە (٣/ ئەیلولی ٢٠٠١) یەکەمین ململانێی چەکداریی لە نێوان هێزەکانی (ی.ن.ک) و جوند لئیسلامدا، لە نزیک شارۆچکەی سیروان دا ڕوویدا. سەرەتای شەڕەکە، هێزێکی جوند لئیسلام لە (تەپی سەفا و گردە درۆزنە) بۆسەیان بۆ هێزەکانی (ی.ن.ک) نابووەوە. لە ئەنجامدا هێزەکانی (ی.ن.ک) کەوتنە ناو بۆسەی هێزەکانی جوند لئیسلام و چەندین پێشمەرگەی (ی.ن.ک) بە سەختی بریندار بوون و لەگەڵ ئەمەیشدا هێزەکانی (ی.ن.ک) بەچڕیی بۆردومانی هێزەکانی جوند لئیسلامیان لە ناوچەکانی نێوان خورماڵ- بیارەدا کرد. لەگەڵ ئەم شەڕەشدا، جوند لئیسلام چەند کەسێکیان بۆ ناو شاری سلێمانی ناردبوو، تاکو هەوڵی تەقاندنەوەی ئوتێلی سلێمانی پالاس بدەن، بەڵام لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی (ی.ن.ک)ەوە دەستگیرکران.[٢]

لە بەرامبەریشدا جوند لئیسلام لە بەیاننامەیەکدا، کە لە (٨/ ئەیلولی ٢٠٠١) بڵاویکردەوە، ئاماژە بەوە دەکات، کە ململانێی نێوان (ی.ن.ک) و ئەوان، ململانێی نێوان کوفر و ئیسلامە. لە بەیاننامەی دووەمی جوند لئیسلام دا، کە ئەبو عەبدوڵڵای شافیعی ئەمیری گروپەکە لە ڕۆژی دواتر دەریکردووە، دەڵێت:"(ی.ن.ک) هێزێکی مورتەدە و دەیەوێت ئاگری شەڕێکی تر لە دژی ئیسلامییەکان خۆش بکات"[٣] و لە ڕووی سەربازیشەوە بە تەواوەتی شارۆچکەی بیارە و گوندەکانی دەوروبەری کۆنترۆڵکرد هەروەها دەستیانکرد بە کۆکردنەوەی هێزە چەکدارەکانیان، هێزی ناوبراو بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی ناوچە شاخاوییەکانی شنروێ بکات، هێزەکانی ناردە شاخی شنروێ و پشت شارۆچکەی هەڵەبجە چەندین سەنگەر و ڕەبییەیان لە بەرزاییەکانی شنروێدا لێدا.[٤]

لە دوای دەستپێکردنی شەڕی نێوان (ی.ن.ک) و جوند لئیسلام، لە ئێوارەی (٢٣/ ئەیلولی ٢٠٠١) هێزەکانی جوند لئیسلام بە سەرکردایەتی سەلمان هەولێری، زنجیرەیەک هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە ئاوایی (خێڵی حەمە) کرد و شەڕ بەچڕی لەنێوان هەردوولادا دەستی پێکرد. لەو شەڕەدا، هێزەکانی (ی.ن.ک) بەرگرییەکی توندیان لە ناوچەکەدا کرد. لە دواهێرشی ئەو شەڕەدا، هێزەکانی جوند لئیسلام لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (باسک)ەوە لە تەپەکوڕە، کە شوێنێکی ستراتیجی ناوچەکە بوو، بە دەستی چەکدارانی (باسک)ەوە بوو، پشتیان لە هێزەکانی (ی.ن.ک) گرت و ئابڵوقەیان دان. لە هێرشێکدا (٤٣) پێشمەرگەی (ی.ن.ک) کوژران و تەرمەکانیان شێوێنرا.[٥]

---

١- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٨٧١)، ٢٠٠١/٩/٢٥، ل٣ ؛ ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(٣٩)، ل١.
٢- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(٤١)، ٢٠٠١/٩/٢٣، ل١.
٣- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(٤٠)، ٢٠٠١/٩/١٦، ل١-٢.
٤- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(٤٠)، ٢٠٠١/٩/١٦، ل١-٢.
٥- دارا عمر حەمە: شەهیدانی خێڵی حەمە، چ١، چاپخانەی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتی، نۆڤەمبەری ٢٠٠١، ل٦ ؛ ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(٤٢)، ٢٠٠١/٩/٣٠، ل١؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٦٠٤)، ٢٠٠١/١١/٧، ل٢.

لە دوای شەڕی خێڵی حەمە، لە (٢٤/ ئەیلولی ٢٠٠١) (ی.ن.ک) هێزێکی زۆری ڕەوانەی ناوچەکانی هەڵەبجە و دەوروبەری کرد. لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا لە بازگەی زەمەقی لە نزیک هەڵەبجە. [1] بەشێک لە هێزەکانی (ی.ن.ک) لەلایەن چەکدارانی (باسک)ەوە بە فەرماندەیی (مەلا عابید) تەقەیان لێکرا. لە ئەنجامی ئەوەدا، ئەو شەوە تاکو بەرەبەیان لە شارۆچکەی هەڵەبجەدا پێکدادان لەنێوان هەردوولادا هەبوو. عەلی عەبدولعەزیز ڕابەری (باسک) و بەشێکی زۆری سەرکردایەتی (باسک) شاری هەڵەبجەیان چۆڵکرد و شارەکە بەتەواوەتی کەوتە ژێردەستی هێزەکانی (ی.ن.ک)ەوە.[2] هەروەها لە ئەنجامی تۆپبارانی چڕی هێزەکانی (ی.ن.ک) بۆ سەر هێزەکانی جوندلئیسلام لە ئاوایی خێڵی حەمە، هێزەکانی جوند لئیسلام لە ناوچەکەدا بەرەو بنکە و بارەگاکانیان لە بیارە کشانەوە.[3]

لەسەر گرتنی هەڵەبجە و دەوروبەری (٢٥/ئەیلولی ٢٠٠١) هێزە چەکدارەکانی (ی.ن.ک) لە ڕاگەیەندراوێکدا،" کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاوکراوەتەوە، باس لە ڕەوشی ئاڵۆزی هەڵەبجە و دەوروبەری دەکات، کە جوند لئیسلام لە ناوچەکەدا دروستی کردبوو، هەروەها باس لەوە دەکات، کە چۆن هێزە ئیسلامییە دۆستەکانی (ی.ن.ک) لە بەردەم هێزەکانی (ی.ن.ک)دا ببوون بە بەربەست، هەربۆیە لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە هەر هەنگاوێکی پێشمەرگانە، دەبووە هۆی تێکدانی پەیوەندییە سیاسییەکانی (ی.ن.ک) لەگەڵ ئەو پارتە ئیسلامییانەدا، بەهۆی زۆری و ئاڵۆزیی سەنگەرەکان و تێکەڵ و پێکەڵی یەکتری، وایکرد کارەساتێکی وەک ئاوایی خێڵی حەمە ڕوویدات، کە چەکدارانی حزبێکی ئیسلامی دۆست بە (ی.ن.ک) بە ڕێگەدان و چۆڵکردنی بەرزاییەکانی دەوروبەری ئاوایی خێڵی حەمە بەبێ ئاگاداریی هێزی پێشمەرگەی (ی.ن.ک) بۆ چەکدارانی جوند لئیسلامیان چۆڵکردبوو، ئەمەیش بووە هۆی ئابڵوقەدانی تەواوی هێزی پێشمەرگەی (ی.ن.ک) لە ئاوایی خێڵی حەمە و دواتر کارەساتی ئاوایی خێڵی حەمەی لێکەوتەوە و ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەی (ی.ن.ک) بەشێوەیەکی دڕندانە کوژران لە دوای ئەو ڕووداوە خوێناوییە، (ی.ن.ک) لە پلانێکی ورد و تۆکمەدا لە ماوەیەکی کورتدا، شاری هەڵەبجە و دەوروبەری بە تەواوەتی کۆنترۆڵکرد".[4]

لە شەڕی گرتنەوەی هەڵەبجە لەلایەن (ی.ن.ک)ەوە، (١٢) چەکداری (باسک) و (٤) چەکداری (ی.ن.ک) کوژران.[5] لە دوای کۆنترۆڵکردنی هەڵەبجە لە شەوی (٢٦-٢٧/ ئەیلولی ٢٠٠١) (ی.ن.ک) بە چڕی کەوتە تۆپبارانکردنی هێزەکانی جوند لئیسلام لە ناوچەکانی (گردە درۆزنە، تەپە کوڕە، بیاوێڵە و بەرزاییەکانی دەوروبەری بەردڕەشان)، ناوچەکەیان لە دەستی هێزەکانی جوند لئیسلام دەرهێنا.[6] لە (٢/ تشرینی یەکەمی ٢٠٠١) (ی.ن.ک) بڕیاری شەڕی سەرتاسەری لەگەڵ هێزەکانی جوند لئیسلام دا و هێزەکانی (ی.ن.ک) هێرشێکی فراوانیان بۆ سەر زنجیرە چیای شنروێ ئەنجام دا.[7] کە لە (٨) لوتکەی ستراتیجی گرنگ پێکدێت. هێرشەکە سەرەتا بە تۆپبارانکردنی چڕ بۆ سەر بنکە و سەنگەرەکانی جوند لئیسلام دەستی پێکرد و لە دوای دوو ڕۆژ شەڕ، لە (٤/ تشرینی یەکەمی ٢٠٠١) هێزەکانی (ی.ن.ک) بە تەواوەتی زنجیرە چیای شنروێیان کۆنترۆڵکرد. جگە لەوەش هەر لە هەمان ڕۆژدا، ناوچەکانی (گردە درۆزنە و فێرگەی عەنەب)یان لە دەست چەکدارانی جوند لئیسلام دەرهێنا.[8]

لەم شەڕەدا (٢٦) چەکداری جوند لئیسلام کوژرا، کە لە ناویاندا (ئەبو عەبدولڕەحمان شامی)، بەرپرسی کەتیبەی ئەقصی تێدا بوو، لەگەڵ کوژرانی (٩) پێشمەرگەی (ی.ن.ک). هێزەکانی جوند لئیسلام زۆربەی ناوچەکانیان لەدەست دا. هاوکات لەگەڵ ئەم شکستە سەربازییەدا، هەندێک لە چەکدارانی جوند لئیسلام ڕیزەکانیان بەجێهێشت و پەیوەندییان بە کۆمەڵی ئیسلامییەوە کرد. لەو نێوەندەدا (٣٠) چەکداریان پەیوەندییان بە

---

١- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(٤٢)، ٢٠٠١/٩/٣٠، ل١.
٢- وەرزێر حەمە سەلیم: س.پ، ل٢٨٨.
٣- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(٤٢)، ٢٠٠١/٩/٣٠، ل١.
٤- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٥٩٠)، ٢٠٠١/١٠/٢٢، ل١.
٥- محمد حاجی مەحمود: س.پ، ب٥، ل٢٣٩.
٦- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٥٦٩)، ٢٠٠١/٩/٢٧، ل١.
٧- نەرمین عوسمان: لەبەر تریفەی مانگ خەونەکانی نیشتمانمان دەچنی، چ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل٣١٦-٣١٧.
٨- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٥٨١)، ٢٠٠١/١٠/١٠، ل١؛ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٥٧٧)، ٢٠٠١/١٠/٧، ل١.

هێزەکانی کۆمەڵەوە کرد. لە هەڵەبجەش (١٨٠) چەکداری (باسک) خۆیان ڕادەستی هێزەکانی (ی.ن.ک) کرد و (٥٠) چەکداری دیکەیان چوونە ناو کۆمەڵەوە. ئەمەیش لە کاتێکدا بوو، کە زۆرێک لە سەرکردایەتی (باسک) لە (٢٥/ ئەیلولی ٢٠٠١ ) ڕوویان لە ناوچەکانی تەوێڵە کردبوو.[١]

لە دوای شکستی جوند لئیسلام لە شەڕی شنروێ، ئەم ڕێکخراوە هەوڵیدا جارێکی دیکە لەگەڵ (باسک) و کۆمەڵدا یەکبگرنەوە. لەو نێوەندەشدا کۆبوونەوەیەکی زۆر لەنێوان سەرکردایەتی ڕێکخراوەکە و کۆمەڵدا کرا، نزیک بوو لەوەی کە هەردوولا بگەنە ڕێکەوتن و لە (١٢/ تشرینی یەکەمی ٢٠٠١) ڕێکەوتنامەی نێوانیان ڕابگەیەنن، بەڵام ناکۆکی لەسەر شێوازی دابەشکردنی پۆستەکان و پەیوەندییەکانی کۆمەڵ لەگەڵ (ی.ن.ک) کێشەی نێوانیان بوو. جگە لەوەش تەنیا هێزی (٢)ی سۆران بە ڕێکەوتنەوە پابەند بوو، هەرچی هێزەکانی (تەوحید) و (حەماس) بوون پەیوەست نەبوون و دژی ڕێکەوتن لەگەڵ کۆمەڵ بوون.[٢]

لە پاش ڕێکنەکەوتنیان لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی، لە سەرەتای مانگی (تشرینی دووەمی ٢٠٠١) جارێکی دیکە شەڕی قورس لەنێوان هەردوولادا دەستی پێکردەوە. سەرەتای شەڕەکە بە تۆپبارانکردنی ناوچەکانی یەکتر دەستی پێکرد. لە قورسترین شەڕدا، لە شەوی (٣-٤/ تشرینی دووەمی ٢٠٠١) هێزەکانی (ی.ن.ک)، بە مەبەستی گرتنی ئەو بنکە و سەنگەرانەی، کە بۆردومانی ناوچەکانی هەڵەبجە و دەوروبەری دەکرد، هێرشی بۆ سەر هێزەکانی جوند لئیسلام لە (پاڵک، قەڵا ڕێزین، بەنەن و پشتی تاوێرە بە ئاراستەی نێوان هاوار و بیار) کرد و لە ماوەیەکی کەمدا دەستی بەسەر زۆربەی بنکە و سەنگەرەکانی جوند لئیسلامدا گیرا، بەڵام سەنگەرەکانیان مینرێژ کردبوو، کاتێک هێزەکانی (ی.ن.ک) چوونەسەر سەنگەرەکان، زیانێکی زۆر بەر پێشمەرگەگانی (ی.ن.ک) کەوت.[٣]

محەمەدی حاجی مەحمود باس لە کوژرانی (١٥) پێشمەرگەی (ی.ن.ک) لەو شەڕەی نێوان جوند لئیسلام و (ی.ن.ک) دەکات.[٤] لە (٨-١٠/ تشرینی دووەم) چەکدارانی جوند لئیسلام چەند جارێک هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە هەڵەبجە و گوندی دەرەشیش و دەوروبەری کرد. لەو هێرشانەدا، دوو پێشمەرگەی (ی.ن.ک) و دوو چەکداری جوند لئیسلام کوژران. لە ناو کوژراواکانی جوند لئیسلامدا، (مەلا سەلمان) هەبوو، کە دەستی لە تیرۆرکردنی (فرەنسۆ هەریری) لە (شوباتی ٢٠٠١)دا هەبوو.[٥]

لە پێناو ئاساییکردنەوەی ڕەوشی ناوچەکانی هەڵەبجە و هەورامان، ئێران بانگهێشتی هەریەکە لە (ی.ن.ک) و کۆمەڵ و (باسک)ی بۆ تاران کرد. لە (١٠- ١٤/ تشرینی دووەمی ٢٠٠١) بە بەشداریی (سەرتیپ ڕەزا سەیفوللاهی)، فەرماندەی باڵای سوپای نەسر و ئامادەبوونی کۆسرەت ڕەسول عەلی، وەک نوێنەری (ی.ن.ک) و شێخ محمد بەرزنجی، وەک نوێنەری کۆمەڵ و عەلی عەبدولعەزیز، وەک نوێنەری (باسک)، ڕێکەوتنێکی (٢٢) خاڵییان ئیمزا کرد، کە تیایدا هەر سێ هێزەکە پابەندیی خۆیان بە ڕێکەوتنامەی تارانی (١٩٩٧)ەوە ڕاگەیاند.[٦] هەرچەندە لایەنە ئیسلامییەکان جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە، کە هیچ ڕێکەوتنێک ئیمزا ناکەن، کە زیانی بۆ جوند لئیسلام تێدا بێت و ئەیوب ئەفغانی، بەرپرسی ڕاگەیاندنی جوند لئیسلام جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە پارتە ئیسلامییەکان هیچ ڕێکەوتنامەیەکیان ئیمزا نەکردووە، کەزیانی بۆ جوند لئیسلام تێدابێت.[٧] لە ڕێکەوتنامەکەدا چەندین خاڵی لەسەر جوند لئیسلام تێدایە، لەوانە لە خاڵی (١١) دەڵێت :"هەرکام لە (باسک) و کۆمەڵ لە چارەسەرکردنی کێشەی جوند لئیسلام سەرکەوتووبن، ئەوا بارەگا و ناوچەکانی ژێردەستی جوند لئیسلام بۆ ئەو پارتە دەبێت، لە خاڵی (١٢) دەڵێت:"لە حاڵەتی چارەسەرنەکردنی کێشەی سیاسییانەی جوند ئیسلام و بەردەوامبوونی شەڕی جوند لئیسلام بەرامبەر بە (ی.ن.ک)، ئەوا (ی.ن.ک) بە حەقی خۆی دەزانێت ئەگەر پێویست بوو هێزی خۆی بۆ دژایەتی جوند لئیسلام بهێنێتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (باسک) و کۆمەڵ،

١- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(٤٣)، ٢٠٠١/١٠/٧، ل١ ؛ یوسف گۆران: س.پ،٤١.
٢- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(٤٤)، ٢٠٠١/١٠/١٤، ل١.
٣- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(٤٧)، ٢٠٠١/١١/٥، ل١- ٢.
٤- محمد حاجی مەحمود: س.پ، ب٥، ل٢٤٦.
٥- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(٤٨)، ٢٠٠١/١١/١٢، ل١.
٦- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(٥١)، ٢٠٠١/١٢/٣، ل١.
٧- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(٥٢)، ٢٠٠١/١٢/١٠، ل١.

لە خاڵی (١٣)دا دەڵێت:"ئەگەر هەرکام لەو دوو هێزە ،(کۆمەڵ و باسک) لە هەڵوەشاندنەوەی سەربازییانەی جوند لئیسلام دا هاوکاری (ی.ن.ک) بکەن، ئەوا هەر ناوچەیەکی ژێردەستی جوند لئیسلام ئازاد بکرێت، دەدرێتە ئەو پارتە".[١] لە دوای ڕێکەوتنی هەرسێ لایەنی (ی.ن.ک) و (باسک) و کۆمەڵ، هێزەکانی جوند لئیسلام جارێکی تر لە (٢٣/ تشرینی دووەمی ٢٠٠١) هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) و هاوپەیمانەکانی کرد. لە ئاکامدا (٥) پێشمەرگەی (ح.ز.ک) کوژرا. ئەمەیش دواین شەڕی ئەم گروپە لەگەڵ هێزەکانی (ی.ن.ک)دا.[٢]

لە دوای شکستە سەربازییەکانی گروپی جوند لئیسلام لە شەڕەکانی مانگی (تشرینی یەکەم و تشرینی دووەمی ٢٠٠١) بەرامبەر بە هێزەکانی (ی.ن.ک)، سەرکردایەتی گروپەکە کەوتنە پەیوەندییکردن لەگەڵ هەریەکە لە هێزە ئیسلامییەکانی تر، لە پێناو دەربازبوون لەو شکستەی، کە دووچاریان ببوو، لە دوای ئەوەی لە پەیوەندییکردن بە هەریەکە لە (باسک) و کۆمەڵ سەرکەوتوو نەبوون، کەوتنە پەیوەندییکردن لەگەڵ گروپی ئیسلاح، کە مەلا کرێکار سەرپەرشتی دەکرد و هەتا ئەوکاتە لە ململانێی نێوان هێزە ئیسلامییەکاندا بەبێ لایەنی مابووەوە.[٣]

لە دوای گرژییەکانی نێوان گروپی (ئیسلاح) و کۆمەڵ و گرتنی ڕێگەی گوندی گوڵپ، کە ڕێگەی هاتووچۆی مەلا کرێکار و سەرکردایەتی گروپەکەی بوو لە لایەن هێزەکانی کۆمەڵەوە، ئەم گروپە زیاتر لە گروپی جوند لئیسلام نزیک بوونەوە.[٤] هەرچەندە پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو گروپە مێژوویەکی درێژی هەبوو، بەڵام یەکەمین کۆبوونەوەی نێوان هەردوولا لە (١١/ تشرینی دووەمی ٢٠٠١) لە گوندی گوڵپ بە ئامادەبوونی هەریەکە لە (ئەبو عەبدوڵڵای شافیعی) ئەمیری گروپی جوند لئیسلام و مەلا کرێکار ئەمیری گروپی (ئیسلاح) بەسترا و لە کۆبوونەوەکەدا قسە لەسەر شێوازی یەکگرتنی هەردوو گروپەکە کرا.[٥] جارێکی تر هەردوولا لە (٢١/ تشرینی دووەمی ٢٠٠١) کۆبوونەوە، هەتا (١٠/ کانوونی یەکەمی ٢٠٠١) و کاتی ڕاگەیاندنی ئەنسار لئیسلام هەردوولا (٦) جار کۆبوونەوە و دواجار لە (١٠/ کانوونی یەکەمی ٢٠٠١) هەردوو گروپەکە یەکیان گرت و (ئەنسار لئیسلام)یان ڕاگەیاند.[٦]

مەلا کرێکار بوو بە ئەمیری گروپەکە و ئەبو عەبدوڵڵای شافیعی بوو بە جێگری یەکەمی و لە پاڵ ئەوەشدا لێپرسراوی بەشی ئاسایش بوو، ئاسۆ هەولێری بووە جێگری دووەمی و لێپرسراوی بەشی سەربازیی گروپەکەش بوو. مەلا کرێکار لە گۆڕینی ناوی گروپەکەدا سەرکەوتوو بوو، چونکە ئەو ئەگەرەی دانابوو، کە ڕەنگە گروپە نوێیەکە بچێتە نێو پرۆسەی سیاسییەوە. لەم ڕووەوە ناوی جوند لئیسلام بە کەڵکی پرۆسەی سیاسی نەدەهات. جگە لەوەش، کە مەلا کرێکار دەیزانی (ی.ن.ک) ئامادەی دەربڕیووە، جوند لئیسلام لە پرۆسەی سیاسیدا قبووڵ بکات، ئەگەر ئەو گروپە ناوی خۆی بگۆڕێت و گۆڕانکاریی لە سیاسەتە توندڕەوییەکەی خۆی بکات.[٧] نەبوونی سیاسەتێکی هاوبەش لە نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) کاریگەری زۆری لەسەر گەشەکردنی گروپە ئیسلامییەکان هەبوو، بەتایبەتی لە ناوچەکانی نزیک بە سنوری ئێران و دەسەڵاتی (ی.ن.ک).

هەربۆیە لە سەرەتای دروستبوونی گروپەکەدا، مەلا کرێکار، ئەمیری گروپەکە (٦) مانگ ئاگربەستی ڕاگەیاند، وەک سەرەتایەک بۆ ئاگربەست لەنێوان ئەنسار لئیسلام و (ی.ن.ک)دا، ئەوە لە کاتێکدا بوو، کە پێشووتر جوند لئیسلام بۆ ماوەی (١٠٠) ڕۆژ لەگەڵ (ی.ن.ک)دا لە شەڕدا بوو. مەلا کرێکار لە سەرەتادا لە ڕاگەیاندنی ئاگربەست لەگەڵ (ی.ن.ک) سەرکەوتوو بوو، لەو پێناوەشدا دەستی کرد بە پەیوەندییکردن لەگەڵ (ی.ن.ک)دا. لە کۆبوونەوەیەکی چاوڕواننەکراودا لە (٢٧/ کانوونی دووەمی ٢٠٠٢) مەلا کرێکار لەگەڵ جەلال تاڵەبانیدا کۆبووەوە. ئەویش بووە سەرەتایەکی باش بۆ کۆبوونەوەکانی نێوان هەردوولا، کە زۆربەیان لە سلێمانی

---

١- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ (٥٢)، ٢٠٠١/١٢/١٠، ل١.
٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٦٣٧)، ٢٠٠١/١٢/١٦، ل١.
٣- چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئارام قادر)، سلێمانی، (٢٠٢٢/٢/١٤).
٤- فواد سدیق: گەردەلوولی سیاسەت، ل١٦٦.
٥- حەسەن یاسین: س.پ، ل١٣٠.
٦- سەلام عەبدولکەریم: گوتاری ئیسلامی و گرفتی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، ل٢٨٣.
٧- حەسەن یاسین: س.پ، ل١٤٣- ١٤٤.

و له هوتێل سلێمانی پاڵاس و له هەڵەبجه له ماڵی (عەبدولڕحمان عەبدولڕحیم)، ئەندامی شورای (باسک) بەڕێوەچوون.[1]

له کاتی ڕاگەیاندنی ئاگربەستەوه تاکو (٢/ نیسانی ٢٠٠٢) هەوڵی غافڵکوژ کردنی (د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح)، چەندین کۆبوونەوه له نێوان هەریەکه له (ی.ن.ک) و ئەنسارلئیسلامدا کران. گرنگترین خاڵی کۆبوونەوەکان ئەمانه بوون:

١- درێژکرنەوەی ماوەی ئاگربەست و بەردەوامی وتووێژی نێوان هەردوولا.

٢- ئازادکردنی گیراوەکان لەلایەن هەردوولاوه.

٣- ئەنسار لئیسلام داوایان دەکرد دانپێدانی سیاسیان لەلایەن (ی.ن.ک)ەوه، هاوشێوەی پارته ئیسلامییەکانی تری ناوچەکه پێ بکرێت، که مەبەستیان (باسک) و کۆمەڵ بوو.

٤- ئەنسار لئیسلام، هاوشێوەی هەریەکه له (باسک) و کۆمەڵ، داوای بڕی (٨٠٠) هەزار بۆ (١) ملیۆن دیناری سویسریان، وەک مینحەی مانگانه له (ی.ن.ک) دەکرد.

٥- کشانەوەی هێزەکانی هەردوولا لەو شوێنانه، که بەرامبەر یەکتر بوون، بۆ ئەو شوێنانەی، که پێش (٢٠/ ئابی ٢٠٠١) تێدا بوون.

٦- ئەم خاڵانه و چەندین خاڵی دیکەی وەک گرنگیدان به ناوچەی بیاره و ئەو (٢٠) گوندەی، که له ژێردەستی ئەنسار لئیسلام دا بوو.[2]

له کاتێکدا هەردوولا له گفتوگۆ و دانوستاندا بوون، گروپێکی سێ کەسی له ئەنسار لئیسلام له (٢/ نیسانی ٢٠٠٢) هەوڵی غافڵکوژ کردنی (د. بەرهەم ئەحمەد سالح) سەرۆکی حکومەتی هەرێم- سلێمانی یان دا. لەو هەوڵەدا (د.بەرهەم ئەحمەد سالح) ڕزگاری بوو.[3] بەڵام (٥) له پاسەوانەکانی کوژران و دووانیش له چەکدارانی ئەنسارلئیسلام کوژران و یەکێکیشیان دەست گیرکرا. ئەم کردەوه تیرۆرستییه به سەرکردایەتی (کامەران مۆریاسی) بوو، که پێشووتر له گروپی حەماس بووه، یەکێک بوو له شوێنێکەوتەکانی (حەسەن سۆفی)، ئەمیری گروپی حەماس و لەو هێرشه تیرۆریستییەدا کوژرا.[4] له دوای هەوڵی غافڵکوژ کردنی (د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح) پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا به تەواوی بەرەو خراپیی ڕۆیشت و شەڕی ڕاگەیاندن لەنێوان هەردوولادا دەستی پێکرد، تاکو ئەوکاتەی له (١٤/ نیسانی ٢٠٠٢) ئەنسار لئیسلام تاکلایەنه ئاگربەستی لەگەڵ (ی.ن.ک)دا هەڵوەشاندەوه و (ی.ن.ک)یان لەوه ئاگادارکردەوه، که له ئەگەری ئازادنەکردنی ئەوانەی به گومانی بەشدارییکردن له هێرشه غافڵکوژەکەی سەر د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح له سلێمانی و دەوروبەری دەستگیرکراون، جارێکی تر شەڕ لەنێوان هەردوولادا دەست پێدەکاتەوه.[5]

له دوای ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی نێوانیان، له ڕۆژانی (١٨-١٩/ نیسانی ٢٠٠٢) له شاری سلێمانی به نێوەندگیری (باسک)، شاندی هەردوولا کۆبوونەوه و جارێکی تر هەردوولا لەسەر درێژکردنەوەی ئاگربەست و ئازادکردنی هەندێک لەو گیراوانه ڕێکەوتن، که پەیوەندییان به ڕووداوی غافڵکوژ کردنی (د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح)ەوه هەبوو، بەڵام بەهۆی ڕەتکردنەوەی دانپێدانانی سیاسی لەلایەن (ی.ن.ک) و پێنەدانی مینحەی مانگانه، به بڕی (٨٠٠) هەزار بۆ (١) ملیۆن دیناری سویسری، لەلایەن (ی.ن.ک)یەوه، که له کۆبوونەوەی نێوانیاندا باسکرابوون، جارێکی تر ئەنسار لئیسلام شەڕی دژی (ی.ن.ک) دەستپێکردەوه.[6]

---

١- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(٥٩)، ٢٠٠٢/٢/٤، ل١.
٢- سەلام عەبدولکەریم: گوتاری ئیسلامی و گرفتی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، ل٢٨٢- ٢٨٣ ؛ ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(٧١)، ٢٠٠٢/٥/٦، ل١.
٣- نەرمین عوسمان: ل٣١٧ ؛ ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(٦٧)، ٢٠٠٢/٤/٨، ل١.
٤- محمد حاجی مەحمود: س.پ، ب٥، ل٢٦٧.
٥- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(٦٩)، ٢٠٠٢/٤/٢٢، ل١.
٦- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(٧١)، ٢٠٠٢/٥/٦، ل١.

له شەوی (٣-٤/ تەمموزی ٢٠٠٢) چەکدارانی ئەنسار لئیسلام هێرشێکی بەرفراوانیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە ناوچەکانی هەڵەبجە و دەوروبەری کرد. هێرشەکانیان لە چەند قۆڵێکەوە بوو، لە قۆڵی (دێ کۆن) و ناوچەکانی بەرامبەر شارۆچکەی سیروان و هەڵەبجە و قۆڵی تەپی سەفا و تەپە کوڕە و گردە درۆزنە و گردی شەشکەوە بوو. لە چەند قۆڵێکەوە چەکدارانی ئەنسار لئیسلام پێشڕەوییان کرد و چوونە ناو شارۆچکەی سیروانەوە، لە هێرشەکەیاندا بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک)، (١٠) کوژراو و (٢١) بریندارایان هەبوو. لە ناو کوژراوەکانی ئەنسار لئیسلامدا (ئەبو بەکری تەوحید)، ئەندامی شورای ئەنسار لئیسلامی تێدا بوو. لە هێزەکانی (ی.ن.ک)یش (٢٠) کوژراو هەبوو.[١] لەسەر هەمان شەڕ، (ی.ن.ک) باسی لە تێکشکانی هێزەکانی ئەنسار لئیسلام کردووە و دەڵێت:"بە چاوپۆشی هێزێکی دیکەی ئیسلامی لە ناوچەکەدا چەکدارانی ئەنسار لئیسلام بە ڕێگای گشتی خورماڵ- بیارەدا پاشەکشێیان کردووە بۆ مۆڵگە و بنکەکانی خۆیان و باس لە کوژرانی (٨) پێشمەرگە و برینداربوونی (٦) پێشمەرگەی دیکە دەکات لە شەڕەکەدا".[٢] لەسەر هەمان شەڕ، دەستەی سەربازیی ئەنسار لئیسلام لە ڕاگەیاندراوێکدا باس لە کۆنترۆڵکردنی چەندین جێگە و بنکەی هێزەکانی (ی.ن.ک)و کوژرانی چەند پێشمەرگەی (ی.ن.ک) لە تەپی سەفا و شەشک و سیروان و هەڵەبجە و دەوروبەری کردووە، کە مەیدانی شەڕی نێوان هەردوولا بووە.[٣]

لە (٧/ تەمموزی ٢٠٠٢) جارێکی دیکە چەکدارانی ئەنسار لئیسلام هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە ناوچەکانی (گردە درۆزنە، تەپی سەفا، تەپەکورە، شەشک تاکو شارۆچکەی سیروان) کرد. لە سەرجەم قۆڵەکانەوە هێرشەکەیان لەلایەن هێزەکانی (ی.ن.ک)ەوە تێکشکێنراوە، هەتا گرتنی گردە درۆزنە و بەرزاییەکانی (تەپە کوڕە) لەلایەن چەکدارانی ئەنسار لئیسلامەوە، (١١) جار چەکدارانی ئەنسار لئیسلام هێرشیان بۆ سەر هەردوو ناوچەی ناوبراو کرد و سەرجەم هێرشەکانیان لەلایەن هێزەکانی (ی.ن.ک)ەوە تێکشکێنراوە.[٤] هەر لە درێژەی هێرشەکانی ئەنسار لئیسلامدا، لە شەوی (١٥- ١٦/ تەمموزی ٢٠٠٢) چەکدارانی ئەنسار لئیسلام دەستدرێژییان بۆ سەر مەزارگەی (شێخ حوسامەدین شێخ سیراجەدین نەقشبەندی) لە گوندی باخەکۆن لە هەورامان کرد و پاشماوەی تەرمی شێخ حوسامەدین و بنەماڵەکەیان دەرهێنا و بۆ ناوچەیەکی نادیار گواستویانەتەوە، ئەمەیش ناڕەزایی و کاردانەوەیەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا.[٥]

دوابەدوای ئەو هێرشە، لە شەوی (١٩- ٢٠/ تەمموزی ٢٠٠٢) هێرشێکی تری هاوشێوەیان لە مەزارگەی بیارە ئەنجامدا و تەرمی (١٠) کەسیان لە مەزارگەکە دەرهێنا و بەرەو جێگایەکی نادیاریان برد، ئەمیش دووەمین تاوان بوو، کە بەرامبەر بە پیرۆزییەکانی ناوچەکە ئەنجامیاندا.[٦] لە مانگەکانی (ئاب، ئەیلول، تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢) ئەنسار لئیسلام، بە چەندین شێواز، چەندین هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە ناوچەکەدا دەکرد، لە هێرشی هێزەکانی ئەنسار لئیسلام بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک)، بە ئاشکرا ئەوە بەدی دەکرا، کە چەکدارانی ئەنسار لئیسلام لەلایەن پارتە ئیسلامییەکانی ترەوە لەو سنوورەدا ئاسانکارییان بۆ دەکرێت، بە بەڵگەی ئەوەی (ی.ن.ک) (باسک) بەوە تۆمەتبار دەکات، کە سیاسەتی دووفاقی لە ناوچەکەدا پەیڕەو دەکات و لە سەرەوە بەیاننامە لە دژی کردەوەکانی ئەنسار لئیسلام دەردەکات، لە ژێرەوەش یارمەتی چەکدارەکانی دەدات، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ باس لەوە دەکات، کە سەرکردایەتی (باسک) لە لای کۆماری ئیسلامی ئێران پابەندبوونی خۆی بە ڕێکەوتنامەی تاران دەردەبڕێت، کەچی لە ژێرەوە هەموو جۆرە یارمەتییەکی ئەنسار لئیسلام دەدات و تەنانەت بریندارەکانیشیان بۆ دەرباز دەکەن و چەک و تەقەمەنییان پێ دەدەن. تەنانەت لە بەیاننامەیەکی م.س (ی.ن.ک)دا هاتووە، "گەر (باسک) بڕیاری چوونە لای ئەو گروپە بدات ئەوا (ی.ن.ک) بە ڕێزەوە لە ناوچەکانی سلێمانی و هەڵەبجەوە بەرەو بیارە، سەرگەت و تەوێڵە بەڕێیان دەکات".[٧]

---

١- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(٨٠)، ٢٠٠٢/٧/٨، ل١.
٢- ڕۆژنامەی کوردستای نوێ، ژ(٢٨٠٠)، ٢٠٠٢/٧/٦، ل١.
٣- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(٨٠)، ٢٠٠٢/٧/٨، ل١.
٤- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٨٠٢)، ٢٠٠٢/٧/٩، ل١.
٥- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٨١١)، ٢٠٠٢/٧/١٨، ل١.
٦- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٨٢٢)، ٢٠٠٢/٧/٣١، ل١.
٧- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٨٢٦)، ٢٠٠٢/٨/٥، ل١.

لە (١١/ ئابی ٢٠٠٢) چەکدارانی ئەنسار لئیسلام بە فەرماندەیی (هیوا کوێر) لە دامێنی شاخی سورینەوە هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی میری سوری (حسدک) لە ناوچەکانی دەرەکۆرە و قۆچی ئۆجار و هەرمێلە کرد. بۆ ماوەیەک شەڕ لەنێوان هەردوولادا دروستبوو، دواتر هێزەکانی ئەنسار لئیسلام کشانەوە.[1] چەکدارانی ئەنسارلئیسلام لە دوای خۆڕێکخستنەوەیان، جارێکی تر لە شەوی (٤-٥/ تشرینی دووەمی ٢٠٠٢) لە سێ قۆڵەوە هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) لە بازگەی (زەمەقی) لە دەروازەی شاری هەڵەبجە کرد. لە دوای شەڕ و پێکدادانێک لەنێوان هەردوولادا، کە نزیکەی (٢) کاتژمێری خایاند، چەکدارانی ئەنسار لئیسلام شکان و (٢) چەکداریان لە شەڕەکەدا کوژرا، لە هێزەکانی (ی.ن.ک)یش (٣) پێشمەرگە کوژرا. ئەم هێرشەی ئەنسار لئیسلام لە یەکەمین ڕۆژی مانگی ڕەمەزاندا بوو.[2] هێرش و پەلامارەکانی چەکدارانی ئەنسار لئیسلام بۆ سەر هێزەکانی (ی.ن.ک) بەردەوام بوو. لە شەوی (٣-٤/ کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢) چەکدارانی ئەنسار لئیسلام، کە پێکهاتبوون لە کەتیبەکانی (بەدر، نەسر، فەتح، موهاجرین، شوهەدا، ئەقصی، سەلاحەدین و سەید قوتب) هێرشێکی چڕیان بۆ سەر هەردوو سەنگەری (گردە درۆزنە و تەپە کورە)ی هێزەکانی (ی.ن.ک) ئەنجامدا. لە سەرەتای شەڕەکەدا هێزەکانی ئەنسار لئیسلام دەستیان بەسەر گردە درۆزنەدا گرت و هێرشەکەی سەر (تەپە کورە) تا کاتژمێر (٧:٠٠)ی بەیانی درێژەی هەبوو. لە ئەنجامدا هێزەکانی (ی.ن.ک) شکان و دەست بەسەر (تەپە کورە)دا گیرا.[3]

هێزەکانی (ی.ن.ک) لە دوای خۆڕێکخستنەوەیان لە ئێوارەی (٤/ کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢) دەستیان بە تۆپبارانکردنی هێزەکانی ئەنسار لئیسلام لە گردە درۆزنە و تەپە کورە کرد، کە چەکدارانی ئەنسار لئیسلام تێیدا جێگیربوون. لە ئەنجامی بۆردومانی چڕی هێزەکانی (ی.ن.ک) (ئەبو عەبدوڵڵای شافیعی)، جێگری یەکەمی ئەمیری گروپی ئەنسار لئیسلام و (مەلا عەبدوڵڵای خەلیفانی)، ئەندامی شورا و بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری گروپەکە و (١١) چەکداری دیکەیان کوژران.[4]

سەبارەت بە کوژراوانی (ی.ن.ک) لە هەردوو شەڕی گردە درۆزنە و تەپە کورەدا، ئاماری جیاواز هەیە. (ی.ن.ک) باس لە کوژرانی (٤٤) پێشمەرگە دەکات.[5] ئەنسار لئیسلامیش باس لە کوژرانی (١٠٣) پێشمەرگەی (ی.ن.ک) لە هەردوو شەڕەکەدا دەکات.[6] محەمەدی حاجی مەحمود باس لە کوژرانی (٥٠) پێشمەرگەی (ی.ن.ک) لە شەڕەکەدا دەکات.[7] هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان (ی.ن.ک) لە ڕاگەیەندراوێکدا باس لە کوژرانی (٢١) چەکداری ئەنسار لئیسلام و گرتنەوەی گوندەکانی تەپە کورە و گردە درۆزنە و گوندی خێڵی حەمە و گۆمەلار لە شەڕەکانی (٤/ کانوونی یەکەمی ٢٠٠٢) دەکات. هێزەکانی (ی.ن.ک) زۆرتر بە ئاراستەی ڕێگای گشتی نێوان خورماڵ- بیارە پێشڕەوییان کرد، بەڵام هێزەکانی کۆمەڵ ڕێگەیان پێ نەدان تا زۆرتر پێشڕەوی بکەن و بچنە گوندەکانی (دێ کۆن و ئاوایی ڕۆستم بەگ)، هەرچەندە گفتوگۆ و کۆبوونەوە لەنێوان م.س هەردوولادا هەبووە.[8]

لە دوای کوژرانی ئەبو عەبدوڵڵای شافیعی، سەرکردایەتی ئەنسار لئیسلام بە تەواوەتی ڕێگەی توندوتیژیان گرتەبەر. ئەمە جگە لەوەی، کە ناکۆکییە ناوخۆییەکانی ناو گروپەکە زیادی کرد و (کەتیبەی فەتح)، کە گەورەترین کەتیبەی ئەنسار لئیسلام بوو، (هێمن بانیشاری) سەرکردایەتی دەکرد، لەگەڵ سەرکردایەتی گروپەکە ناکۆک بوو، لەو پێناوەشدا، بە بیانووی بەجێهێشتنی ئەنسار لئیسلام و گەڕانەوەیان بۆ سەر ژیانی ئاسایی خۆیان، کەوتنە گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرکردایەتی (ی.ن.ک). کۆبوونەوەکان، هەتا شەوی (٨-٩/ شوباتی ٢٠٠٣) لە گوندی (گامێش تەپە)ی نزیک سارۆچکەی سەیدسادق درێژەیان کێشا. (ی.ن.ک) بە سەرکردایەتی

---

١- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٨٠٦)، ٢٠٠٢/٧/١٣، ل١؛ ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(٨١)، ٢٠٠٢/٧/١٥، ل١- ٢.
٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٢٩٠٨)، ٢٠٠٢/١١/٦، ل١.
٣- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(١٠٢)، ٢٠٠٢/١٢/١٦، ل١.
٤- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(١٠٢)، ٢٠٠٢/١٢/١٦، ل١.
٥- جەلال ئێڵنجاغی: لە شاخەوە بۆ شار، ل٢٢٧.
٦- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(١٠٢)، ٢٠٠٢/١٢/١٦، ل١
٧- محمد حاجی مەحمود: س.پ، ب٥، ل٣٠٤.
٨- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(١٤)، ٢٠٠٢/١٢/٣٠، ل١.

(شەوکەت حاجی مشیر) کەوتە گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرکردایەتی ئەنسار لئیسلام. لە دوای کاتژمێرێک گفتوگۆ لە ماڵی جوتیارێکی گوندی (گامێش تەپە)، چەکدارانی ئەنسار لئیسلام (شەوکەت حاجی مشیر) و دوو هەڤاڵی یاوەری بە ناوەکانی (حیکمەتی حاجی عوسمان و سەردار غەفوور) غافڵکوژ کرد.[1]

جگە لەوەش چەکدارانی ئەنسار لئیسلام بەشێوەیەکی دڕندانە ماڵەکە، کە شوێنی کۆبوونەوەیان بوو، بەر دەسترێژ دەدەن و چەند نارنجۆکێکی دەستی فڕێدەدەن. لە ئەنجامدا چوار هاووڵاتی بە ناوەکانی (فاتمە محەمەد تۆفیق، سیامەند ساڵح، دەروون فازیل، حەسەن فەتاح) کوژران و جگە لە بریندابوونی چەند کەسێکی دیکەی هەمان خێزان.[2] کێشەی نێوان (ی.ن.ک) و پارتە ئیسلامییەکان هەر بەردەوام بوو، کۆمەڵ ڕێگربوو لە گەڕانەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم- سلێمانی بۆ ناوچەی خورماڵ و دەوروبەری و ڕێگریش بوو لە هێرشی هێزەکانی (ی.ن.ک) بۆ سەر هێزەکانی ئەنسار لئیسلام. کێشەکانی نێوانیان درێژەی هەبوو، هەتا (٤/ ئاداری ٢٠٠٣) (م. عەبدوڵڵای قەسریّ) ئەندامی م.س کۆمەڵ و (٤) پاسەوانی لە بازگەی تاسلۆجە لە خۆرئاوای شاری سلێمانی کوژران. ڕووداوەکەش لە کاتژمێر (٢:٣٠)ی پاش نیوەڕۆی (٤/ ئادار) بووە. دواتر لە ڕێگەی (حسدک)ەوە تەرمەکانیان براوەتەوە بۆ بارەگای کۆمەڵ لە گەڕەکی تووی مەلیک.[3]

لەسەر ڕووداوەکە، م.س کۆمەڵ لە بەیاننامەیەکدا دەڵێت: "لە دوای گەڕانەوەی لە کۆبوونەوەی م.س لە ئەحمەد ئاوا، (م.عەبدوڵڵای قەسریّ)، ئەندامی م.س کۆمەڵ لە بازگەی تاسلوجە لەلایەن هێزەکانی (ی.ن.ک)ەوە دراوەتە بەر دەسترێژی گوللـە و خۆی و (٤) لە پاسەوانەکانی کوژراون"، هەروەها لە بەیاننامەکەدا ئاماژەیان بەوە کردووە، کە "(ی.ن.ک) وای بڵاوکردۆتەوە، کارەساتەکە بە هەڵە بووە و بە پیلان و نەخشە نەبووە".[4]

شەڕ و ململانێی نێوان (ی.ن.ک) و ئەنسار لئیسلام بەردەوام بوو، هەتا شەڕی ئەمریکا دژ بە عێراق لە (ئاداری ٢٠٠٣)دا. تاکو ئەو کاتەش (ی.ن.ک) بیویستایە هێرشی سەربازیی یەکلاکەرەوە بکاتە سەر بنکە و هێزەکانی ئەنسار لئیسلام، وەک دواڕێگای چارەسەر، ئەوا لە ڕووی جموجوڵی سەربازییەوە، دووچاری ڕووبەڕووبوونەوەی واقیعێکی جوگرافی ئاڵۆز و نالەبار دەبووەوە ، چونکە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی ئەنسار لئیسلام لە ڕووی جوگرافییەوە داخراو و سەخت بوون، لە لایەک ناوچەکانی ئەنسار لئیسلام پشتی بە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بوو، لە لایەکی ترەوە دوو پارتی ئیسلامی خاوەن هێز و چەکدار بنکە و سەنگەرەکانیان لەملاولای هێزەکانی ئەنسار لئیسلامەوە هەبوو. هێزەکانی (باسک) لە شارۆچکەی تەوێڵە بوون و هێزەکانی کۆمەڵ لە خورماڵ بوون، (ی.ن.ک)، بۆ هێرشی سەربازیی بۆ سەر هێزەکانی ئەنسار لئیسلام لە ناوچەکەدا، تەنیا یەک قۆڵ و یەک ڕووی لە بەردەمدا بوو.[5]

لەو واقیعە جوگرافییە ئاڵۆزەدا، هێزەکانی (ی.ن.ک) نەیاندەتوانی گەمارۆی هێزەکانی ئەنسار لئیسلام بدەن، یان لانیکەم، نەیاندەتوانی لە چەند قۆڵێکەوە هێرش بۆ سەر هێزەکانی ئەنسارلئیسلام لە ناوچەکەدا بکەن، چونکە هیچ لایەنێک لەو دوو هێزە ئیسلامییە ئامادەنەبوون هاوکاریی و ئاسانکاریی بۆ هێرشی سەربازیی (ی.ن.ک) بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەنسار لئیسلام بکەن. ئەو ناوچەیەش، کە تاکە دەروازە بوو، (ی.ن.ک) هێرشی سەربازی لێوە ئەنجام بدات، بەشێوەیەکی چڕوپڕ، بە ڕێژەیەکی زۆر بە (TNT) و مین چێنرابوو. لەم کاتەدا ئەگەر (ی.ن.ک) بیویستایە شەڕی یەکلاکەرەوە لەگەڵ ئەنسار لئیسلامدا بکات، ئەوا دووچاری زیانێکی گیانی و مادیی زۆر دەبووەوە، جگە لەوەش لە ئەگەری بەردەوامیی شەڕ لەنێوان هەردوولادا، لە ناوچەکەدا ئەگەری بەشداربوون و تێوەگلانی هێزە ئیسلامییەکانی تر هەبوو، بەتایبەتی

---

١- محمد حاجی مەحمود: ب٥، س.پ، ل٣٢٤؛ فایز الخفاجي: الاغتیالات السیاسیة لکورد العراق (١٨٣٨- ٢٠٠٣)، ل٣٦٩ ؛ موختار هوشمەند: س.پ، ل١٧٥- ١٧٦.

٢- ڕۆژنامەی کوردستانی نویّ، ژ(٢٩٨٥)، ٢٠٠٣/٢/٩، ل١.

٣- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(١١٣)، ٢٠٠٣/٣/٥، ل١.

٤- ڕۆژنامەی کۆمەڵ، ژ(٦٤)، ٢٠٠٣/٣/٨، ل١.

٥- ڕۆژنامەی کوردستانی نویّ، ژ(٣٠٢٧)، ٢٠٠٣/٣/٣١، ل١.

ژمارەیەکی زۆر چەکداری هاوسۆز بۆ ئەنسار لئیسلام لە دوو هێزە ئیسلامییەکەی تر هەبوو، چونکە لە ڕابردوودا مێژوویەکی درێژیان لەگەڵ چەکدار و ئەندامانی ئەنسار لئیسلامدا هەبووە.[1]

لە ئاکامی نزیکبوونەوەی شەڕی ئەمریکا لە دژی عێراق، (ی.ن.ک) یەکێک لەو هێزانە بوو، کە لەو هاوپەیمانێتییە بەشداربوو، کە ئەمریکا لە دژی عێراق پێکیهێنابوو، هەربۆیە (ی.ن.ک)، لەو پێناوەدا ویستی سوود لە توانا و هێزی هاوپەیمانان و ئەمریکا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی ئەنسار لئیسلام وەربگرێت، بەتایبەتی لە دوای ڕاپۆرتەکەی (کۆڵن پاوەڵ)، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە (٥/ شوباتی ٢٠٠٣) لە ئەنجوومەنی ئاسایش لە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە لایەک باسی بوونی پەیوەندی نێوان ئەنسار لئیسلام و ڕێکخراوی قاعیدەی کرد و لە لایەکی تریشەوە ئاماژەی بە بوونی پەیوەندی لەنێوان ئەنسار لئیسلام و حکومەتی عێراقدا کرد. جگە لەوەش باسی لە بەرهەمهێنانی گازی ژەهراویی لە کەمپەکانی خورماڵ و دەوروبەری کرد، هەروەها بە ڕەسمی ئەنسار لئیسلامیان بە گروپێکی تیرۆریستی ناساند.[2] هەربۆیە ئەمریکا کەوتە یارمەتیدانی (ی.ن.ک) و لە ڕۆژی دووەمی جەنگی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە، لە شەوی (٢١-٢٢/ ئاداری ٢٠٠٣) ئەمریکا ئۆپەراسیۆنی (ڤیکین هەمەر)ی لە دژی ئەنسار لئیسلام دەستپێکرد. ئەم ئۆپەراسیۆنە وەشاندنی (٦٤) مووشەکی دەریایی تۆماهۆک لە دەریای سوورەوە بۆ سەر بنکە و کەمپەکانی خورماڵ و دەوروبەری بوو.[3] جگە لە بۆردومانکردنی بنکە و بارەگاکانی ئەنسار لئیسلام، پتر لە (٢٠) مووشەکی دوورهاوێژ بەر بنکە و بارەگاکانی کۆمەڵ لە ئەحمەد ئاوا و زەڵم کەوت،[4] زۆربەی مووشەکەکان بەر مەکتەبی سەربازی و بارەگاکانی هێزی ڕاپەڕین و سەفین سێداران کەوت،[5] بووە هۆی کوژرانی (٤٥) پێشمەرگە و برینداربوونی (٣٠) پێشمەرگەی دیکەی کۆمەڵ.[6]

هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی ئەنسار لئیسلام لە ناوچەکانی بیارە و دەوروبەری لە (٢٢/ ئاداری ٢٠٠٣) بەردەوام بوو.[7] لەسەر لێدان لە بنکە و بارەگاکانی کۆمەڵ لەلایەن ئەمریکاوە، (حەسەن بابکر)، ئەندامی شورای کۆمەڵ، (ی.ن.ک)ی بەبێ پەیمان و بێبەڵێن لە بەرامبەر بە کۆمەڵ ناوبرد. لە بەرامبەر ئەوەشدا، م.س (ی.ن.ک) ڕاگەیەندراوێکی لەسەر هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی کۆمەڵ بڵاوکردەوە، کە دەڵێت:"جەلال تاڵەبانی پێش هێرشەکان، هەریەکە لە عەلی باپیر و شێخ محەمەد بەرزنجی لە ئەگەری لێدان لە بنکە و بارەگاکانی ئەنسارلئیسلام لە ناوچەکەدا ئاگادارکردۆتەوە و داوای چۆڵکردنی بنکە و بارەگاکانیانی کردبوو، هەتا بۆ ناو شار بیگوازنەوە، تاکو لە هێرشی بۆردومانەکانی ئەمریکا بەدووربن، بەڵام سەرکردایەتی کۆمەڵ داواکارییەکانی بەهەند وەرنەگرتووە و هەربۆیە تووشی کارەساتێکی لەو شێوەیە بووە".[8]

لە دوای بۆردومانەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی کۆمەڵ، بە دەستپێشخەری جەلال تاڵەبانی و محەمەدی حاجی مەحمود و ئێران، لە دوای چەندین دانیشتن لە گوڵەخانە و سلێمانی، هەردوولا لەسەر ئەوە ڕێکەوتن، کە کۆمەڵ بنکە و بارەگاکانی بۆ ناوچەکانی قەڵادزێ و پشدەر، بە دیاریکراوی بۆ دارەشمانە بگوازێتەوە. بەپێی ڕێکەوتنەکەی نێوانیان، کە لە (٢٤/ ئاداری ٢٠٠٣) ئیمزا کرا، بنکە و بارەگاکانی کۆمەڵ لە (٢٥/ ئاداری ٢٠٠٣) ڕادەستی هێزەکانی (ی.ن.ک) کرا و دەبوو لە ماوەی (٣) ڕۆژدا سەرجەم بنکە و بارەگاکانیان بۆ ناوچەی (دارەشمانە) لە پشتی قەڵادزێ بگوازنەوە و لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی ئەنسار لئیسلام بۆ ناوچەکانی ئەحمەد ئاوا و خورماڵ بگەڕێنەوە. هەروەها دەبوو (ی.ن.ک) کارئاسانی

---

١- ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ(٣٠٢٧)، ٢٠٠٣/٣/٣١، ل٧.

٢- مایکاز نکۆ: بڕیارەکەی ئیدارەی جۆرج دەبلیوبۆش بۆهێرش نەکردنە سەر ئەنسار لئیسلام، و. بێستون حوسێن عارف، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ ترێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان (KCCRC)، ژ(٥٠)، نیسانی ٢٠١٩، ل١٣.

٣- مایکاز نکۆ: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

٤- ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژ(١١٦)، ٢٠٠٣/٣/٢٦، ل١.

کۆبونەوەیانە ، کۆبونەوەکانی دوایی خۆیان بڕیاری لێ بدەن .

کاك سامی :

سوپاستان دەکەم . . ئەم هەفتەیە مەشغولی جێ بەجێ کردنی ئەو بڕیارانە بووین کەدامان . لای ئێمە
لیژنەکانی بڕیاری ٩٨٦ ئامادەبوون ، لیژنەی صحە و تەعلیم وئەوانی تر هەموو ئامادەن و لیستی
گیراوەکانیشمان ئامادەیە . چەند کۆبونەوەیەکیش لەگەڵ ئاوارەکان کراوە . کەمەوعد دیاری کرا پێویستە بۆ
مصداقیەت جێ بەجێ بکرێن . ئێستا بێینە سەر خاڵەکان و لەم کۆبونەوەیە ناوی لیژنەکانیش دیاری بکەین و
کات و شوێنی کۆبونەوەش ، تا ئینشاءالله لەهەفتەی داهاتوو دەست بەکاربن .

بە تەسەلسول پیایدا بچین : لیستی گیراوەکان تەسلیمی کاك عەزیز بکەین ،
ئازادکردنی گیراوەکانی هەردوولا لە هەفتەی داهاتوو . .
لیستێکیش بۆ ئەو گیراوەنەی ئاڵ و گۆڕکراون . . کە کەم نی یە ، ئامادەکراوە . لیستێکیش لەسەر بڕیاری کاك
مەسعود ئازاد کراون هەردووکمان هێناوە .

کاك عومەر :

ئێمەش لیستمان هێناوە . . لیستێك ئەوانەی ئێمە کەلای ئێوە گیراون . لیستی ئەوانەشمان هێناوە کەلەلایەن
ئێمەو بەردراون . لیستەکانمان حازرە ، ئامادەین هەمووی بەربدەین ، ئێمە یەك مەرجمان هەیە بێ قەیدو شەرت
هەموو بەربدرێن . لیستەکان بۆ بەراوردە تا ئەوەی کە دیار نی یە چارە نووسیان دیاری بکرێت .

(3)

## سێیەم کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)
## پێنج شەممە ١٩٩٨/٢/٢٦ شەقڵاوە

وەفدەکان هەمان وەفدی پێشوو بوون، جگەلەکاک عەزیز کەبەهۆی نەخۆشی یەوە ئامادە نەبوو

سەعات (١٢) کۆبوونەوە دەستی پێکرد

**کاک سامی:**

بەخێرهاتن و هیوای بەرهەمداربوونی کۆبوونەوەی خواست و ووتی: کاک عەزیز نەخۆشە دیارە بۆ چەند ڕۆژێك نەخۆش نەبێت.

**دکتۆر کەمال:**

کاك عومەر ئەترسا نەخۆشی یەکە نەخۆشی سیاسی بێت.

**کاک سامی:**

نا.. فعلا نەخۆشە، پەوەندیشمان پێوە کرد.

**دکتۆر کەمال:**

ئەو ڕۆژە حزبی شیوعی باسی کۆبوونەوەکانیان کردبوو، ووتویانە ناوبژیوانی کۆبوونەوەکە کاك عەزیز شیوعی بووە، سەرۆکی وەفدی هەردوولاش کۆنە شیوعی بوون.

زۆر سوپاس بۆ بەخێرهاتن و پێشوازیتان. ئێمە دلگرانین لەکارەکان کەمێ کۆسپی هاتە ڕێ و دواکەوت، بەڵام ئەگەر هەردوولا بڕیاری ڕێکەوتنمان دابێت، بڕوا ناکەم موشکیلە بمێنێ، ئەتوانین لەهۆی دواکەوتنی کارەکە بکۆڵینەوە، عیلاجی بکەین. برادەرانی ئێمە ووتیان ئەو ڕۆژە چەند هەزار کەسێك کۆبونەتەوە بۆ پێشوازی کەس و کاریان، بەڵام کە ئەو ژمارە کەمە هاتن خەڵکەکە هیوا براو بوون.

وەك دەزانن لەکۆبوونەوەی پێشوو بڕیارمان دابوو سەرجەم گیراوەکانی هەردوولا بەربدرێن، ئێمە پابەندین بەو بڕیارەوە، ئەگەر گیراوەکان گشتی بەربدرێت و ئەوەش کەنەماوە چارەنووسی دیاری بکرێت.. ڕەنگە لەهەردوولا خەڵك هەبێت بڵێن نەماوە، ئێمە ئامادەین هەرهەمووی ڕوون بکەینەوە. جگەلەوە، ئێمە خەڵکی تریشمان هێناوە لەسەر ئێوە گیراون و ئێوە داواتان نەکردووە.

ئەو ڕۆژەی کەدانرابوو ئەگەر بەوشێوە نیوە ناچڵە ئەنجام بدرایە موشکیلەی لێ دروست ئەبوو، وەك باسکرا، ئەو (٨٩) کەسە کەسێکی وەهای تێدا نەبوو کە دیار و ناسراو بێت. ئەوانەش کەئێوە ئەڵێن دیارنین ئێمە ئامادەین چارەنووسیان دیاری بکەین. زۆریان ئێمە بەرمان داون، ڕەنگە زۆریان بۆ ماوەیەکی کەم گیراون و بەربوون (حەز ئەکەن ئەیان گرینەوەو ئەتان دەینەوە) ئەگەر ئێمە لەخەڵك گرتن بووینایە، لیستی ڕێکخستنی پارتیمان لایە، حەز ئەکەن ئەتان دەینێ، بەڵام ئێمە ئەمان ویستووە بیانگرین.

چارەنووسی هەر کەسێکتان ئەوێت لەوانە ئەتوانن بێن بپرسن. ڕەنگە لەهەردوولاش هەبێت نەماوە، کوژراوە، پێویستە چارەنووسی ئەوانەش دیاری بکەین. بڕیار نەبوو وای لێ بێت. بڕیارمان دا گشت بێت و بەلیست نەبێت، لیست تەنیا بۆ بەراورد بوو. پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەر بڕیاری پێشوو پێویست بەبڕیاری نوێ ناکات.

سێیەم کۆبوونەوە ـ شەقڵاوە (١)

(4)

## چوارەم کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)
## پێنج شەممە ١٩٩٨/٣/١٢ کۆیە

سەعات (١١) کۆبوونەوەکە دەستی پێ کرد بەئامادەبوونی هەمان نوێنەرانی کۆبوونەوەکانی پێشوو، بەئامادەبوونی بەرێز کاك عەزیز محەمەد.

**کاك عەزیز**

وابزانم ئەوە مانگێکە لە ٢/١٢ بۆ ٣/١٢ کۆبوونەوەکان دەستی پێ کردووە. ئەمە چوارەمین کۆبوونەوەیە. بۆ ئەوەی بەچاوێکی واقیعی سەیری کۆبوونەوەکان بکەین، ئیستعراژێکی بچوکی کۆبوونەوەکان بکەین. من لەدوو کۆبوونەوە بەشداربووم، هەوڵی هەردوولا بۆ ئاشتی هەستی پێ دەکرا، بەڵام بەداخەوە هەندێ لەوبڕیارانە روونا کی یان نەدی و جێ بەجێ نەکران، هەرچەند بەردەوامی کۆبوونەوەکان خۆیان جێگای هیوای خەلکن.

لەوکارانەی جێ بەجێ نەکراون: - دوولیژنە پێك نەهاتوون، رام وایە لەم کۆبوونەوەیە ئەو لیژنانە پێك بێن. ئەگەر بەروحیەتی کۆبوونەوەکانی پێشوو کاری بۆ بکەین، دەکرێت پێك بهێنرێن، لیژنەی بڕیاری ٩٨٦ و لیژنەی خەدەمات و ئەوی تر. بۆ بەئەنجام گەیشتن، ئەگەر بۆ چارەسەری تەوفیقی بگەڕێین خراپ نیەو ئاساییە.

مەسەلەی بەردانی گیراوەکان، خەڵك وکەس وکاریان هەرچاوەڕوانن. ئەو مەسەلەیە ئەگەر بەیەکجاریش نەکرێت دەکرێت هەنگاوی بۆ بنێین، هەرچەند بڕیارمان وایە هەرهەموو بەربدرێن و. وباشە هەرهەمووی بەربدرێن.

مەسەلەی پەککەو ئاوهێنانی، من قسەم لەگەڵ هەردوو وەفدەکە کردووە. باسی هێڵی شەڕوەستاندن و ئەشکاندنی مەسەلەیەکە، رای هەردوولاش بەسەر ئەومەوزوعەو پەککە ئاساییە، کەبۆچوون جیاوازە. رەنگە منیش لەجێگای هەریەك لەئێوە بوومایە، هەر وام بکردایەتەوە. ئەگەر بۆ ئەو مەسەلەیەش چارەسەری وسط بدۆزینەوە خراپ نیە. رام وایە ئەگەر ئینسان بەگردۆلکە سەرنەکەوێ ناتوانێ بەسەر چیا بکەوێت.

مەسەلەیەکی تر راگەیاندنە خەریکە سەروسەکوتی ناشیرین دەربهێنێ، ئیعلامێك کەبۆن و بەرامەی ئیعلامی پێشوی لێ بێت خراپەو پێویستە مەسەلەی ئیعلام مشروط نەبێت. تۆ وادە کەیت منیش وادەکەم. ئەوە خراپە چونکە یەکێ ووتی شەش ئەوی تر نالێت حەوت، دەڵێت پانزە. لەهەموو دنیا مەسەلەی ئیعلام لەمفاوەزات چارەسەر نەکرێت، مفاوەزاتەکە سەرناکەوێت. ئەگەر ئیعلام شتێش بڵێت، بەڵام باڵەسەر کۆبوونەوەکان نەلەوەڕێت و نەکرێت بەنووسین وەڵام دانەوە. بۆ ئەوەی زۆر نەڵێم ئێستا قسەکردن بۆ کاك کەمال خانەخوێی کۆبوونەوەکەیە.

چوارەم کۆبوونەوە - کۆیە (١)

(5)

## پێنجەم کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)
## پێنج شەممە ١٩٩٨/٣/١٩ شەقلاوە

کات (١١.٣٠) دەقیقە

بەبەشداری هەمان نوێنەرانی کۆبوونەوەکانی پێشوو.

**کاک سامی** : زۆر بەخێربێن.

**کاک عەزیز** :

سبەی . . دوو سبەی نەورۆزە پیرۆزبایی لەخۆمان وهەموولایەك دەكەم. هیوادارم باسی کۆبوونەوەکانیشمان بە میزاجی نەورۆزی بێت. وا باشە چاوخشاندنەوەیەك بەبابەتەکانی کۆبوونەوەی پێشوو بکەین لەوانە، بڕیار بوو کاك عومەر و کاك بروسك پێش ئەم کۆبوونەوەیە بۆ مەسەلەی ئازادکردنی دیلەکان کۆببنەوە.

**دکتۆر کەمال** :

زۆر سوپاس بۆ هەردوو بەخێرهاتنەکە، جەژنی نەورۆزیش لەهەموان پیرۆزبێت وهۆی دواکەوتنی کۆبوونەوەی دوێنێ ی کاك عومەر و کاك بروسك. . یەکەم لای ئێمە هێشتا تەتەڵەی قائیمەکان نەکراوە، دووەم: کەش وهەواش زۆر ناخۆش بوو.

هەندێ هەنگاو هەبووە بەرەو پێشەوە، هەرچەند رەنگە لەئاستی طموحی ئێمە نەبێت. ئەوەش کۆبوونەوەی لیژنەکان بوو:

- لەسەر هاتوچۆ رێکەوتین و لێپرسینەوەو لێکۆڵینەوەی ئاسایش وسەیتەرەکان و ژمارەیان کەم بکرێنەوە.
- مەسەلەی بازرگانی پێشرەویەکی ئەوتۆ نەبووە، جاری پێشوو داوامان کرد گومرگ لەهەردوولا وەك یەك بێت. لەسەر لابردنی یەکێك لەگومرگەکانی ئێوە ئەوان نەگەیشتونەتە ئەنجام. خاڵێکی تر، گومرگ بۆ حاجی ئۆمەران نیوەی ئەو گومرگەیە کەبۆ سلێمانی وەرئەگیرێت. ئەو خاڵانە چاك بکرێت حەرەکەی بازرگانی زیاتر ئەکات و بەقازانج ئەبێت لەلایەك، لەلایەکی ترەوە کارلە ژیان وگوزەرانی مستهلك ئەکات.
- بۆ کارەبا : ئەگەیشتوینەتە سیغەیەك؛ ئەگەر بەوەحدات حساب ئەکرێت ئێمە داوا ئەکەین، بڕی پارەکە بکرێت بەدوو ملیۆن دینار.
- کۆمیتەی تایبەت بەبڕیاری ٩٨٦، وابزانم ئیشکالێکی ئەوتۆ نیە. هەردوولا گەیشتونەتە شێوازی یاداشتێکی یەکگرتوو بۆ UN. دوای ئەوە کاری ئەو لیژنەیە تەواو ئەبێت، ئەوە ئەمێنێ هەرلایەك لای خۆیەوە کار بکات بۆ ئەوەی بەو شێوەیە جێ بەجێ بکرێت و دوای ئەوە رای لای سێ یەم ئەمێنێ کە عیراقە، بڕوانا کەم ئەگەر نارازیش بێت، گوێ ی لێ بگیرێ.
- لیژنەی خوێندن و تەندروستی و ووزەش کۆبوونەوەی خۆیان کردووە، کۆنوسێك ئیمزا کراوە، هەندێ پێشکەوتن بووە، لەسەر خوێندنی زانکۆیش گرفتێکی ئەوتۆ نەبووە. بۆ ووزە هەندێ گرفت هەیە، کەووزە لای ئێمە کارەباو سووتەمەنی ئەگرێتەوە. لای ئێمەوە داواکراوە چیمەنتۆکەی ئێمە بکڕن، کە لەڕووی

(6)

## شەشەم کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)
## پێنج شەممە ١٩٩٨/٣/٢٦ کۆیە

دانیشتنی یەکەم سەعات (١١،١٠) دەقیقە

بەبەشداری هەمان نوێنەرانی کۆبوونەوەکانی پێشوو .

**کاك عەزیز :**

یەکەم : بەشێکی بچوك تەرخان بکرێت بۆ پێداچوونەوەی چۆنێتی جێ بەجێ بوون ، یان نەبوونی بڕیارەکان و کاری لیژنە فەرعی یەکان . دووەم : بچینە سەر باسی مەسەلەی هەوراز ، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی تێدایە . ئەو مەسەلەیەی لەبەردەممانە مەسەلەیەکی چارەنووس سازە ، جاری تریش وتومە (دەبێ بەرەو یەکتر بێین ، تا بەرەولای تر نەچین) بەقەناعەتی خۆم کارەکە زەحمەتە بەڵام موستەحیل نیە .

مەسەلەی گیراوەکان : - ئەوەندەی کرا شتێکی پیرۆز بوو ، هیوادارم یەکجاری تەواو بکرێت ، بۆ یاداشتی هاوبەشی لیژنەی بڕیاری (٩٨٦) یش جێگای دڵخۆشی یە .

ئێستا قسەکردن بۆ برادەرانی یەکێتی یە .

**دکتۆر کەمال :**

سەرەتا بەخێرهاتنی گەرمتان ئەکەین و پێی ناخۆش حاڵی خۆمان دەرئەبڕین بەرامبەر مردنی ئەو دیلەی برادەرانی پارتی کەهیوادارم ئەو ڕووداوە ناخۆشە هاندەرمان بێت بۆ کۆتایی هێنان ئەو کێشەیە . پێم باشە کاك بروسك و کاك عومەر لەگەڵ ستافەکانیان بەزووترین کات کۆببنەوە ، تاپاڵێك بەو مەسەلەیەوە بنێن .

هەروەك کاك عەزیز وتی ، هەندێ پێشکەوتن لەمەسەکان بووە ، سەبارەت بە یاداشتی هاوبەش بۆ بڕیاری ٩٨٦ بۆ (UN) زۆر باش جێ بەجێ بووە ، ئەوەماوە بەعەمەلی جێ بەجێ بکرێت و هیچ موشکیلەیەکی تیا نەماوە .

کۆبوونەوەی کۆمیتە فەرعیەکان : بزانین کارەکانیان لەکوێ دا وەستاوە ، ئەگەر هەندێ مەسەلەیان بێ وەڵام ماوە ، بۆیان چارەسەر بکەین . لەمەسەلەی سەیتەرەکان وەهاتوچۆ وابزانم پێشکەوتن بووە ، داوامان لەبرادەرانی خۆمان کردبوو ، لەسەیتەرەی کۆیە پرسیار بکەن لەسەر ئەو گرفتانەی خەڵك تووشی دەبن لەهاتن لەهەولێرەوە بۆ چارەسەرکردنیان ، نازانم چی کراوە لەو بارەیەوە؟ پاش نیوەڕۆ وەڵامەکەی وەرئەگرینەوە . مەسەلەیەکی تر گومرگ بوو ، کەئێمە داوامان کردبوو گومرگی قەندیل نەمێنێ ، مەسەلەی کارەبا و خوێندن و تەندروستی و ووزە کەهەر کارەبا ئەگرێتەوە ، هەندێ ئیجرائات ماوە لەبارەی پارەکەی کەجێ بەجێ بکرێت . بۆ خوێندن و تەندروستی ، برادەرانی ئێمە داوایان کردووە چۆنێتی بەشداری کردن و کات و شوێنی کۆبوونەوەکان بەجێ بهێڵێن بۆ خۆیان . لەکاری ئەوان دا هیچ موشکیلەیەك نەبووە . جاری پێشوو کاك دکتۆر جەرجیس هاتبوو ، بەداخەوە ئێمە بیری ئەوەمان نەبوو بۆ کاك ئەرسەلان ، بۆ کاری ئەو لیژنەیە ئێمە ماموستا مەجیدمان هەیە جێگری کاك ئەرسەلان . ئەو شارەزاترە لەووردەکاری یەکان . ئەگەر ئێوەش پێتان باش بێت

شەشەم کۆبوونەوە ـ کۆیە (١)

(٧)

## حەوتەم کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)
## پێنج شەممە ١٩٩٨/٤/٢ شەقڵاوە

دانیشتنی یەکەم سەعات (١١،٢٠) دەقیقە بەبەشداری هەمان نوێنەرانی کۆبوونەوەکانی پێشوو.

**کاك عەزیز:**

بەخێرهاتن دەکەین. . سەرەتا ئیستیعرازێکی کۆبوونەوەکانی پێشوترو کاری لیژنە فەرعیەکان بکەین، مەسەلەی گرتووەکان بخەینە بەرباس. ئاواتەخوازین لەم رۆژانە هەنگاوێکی تر بهاوێژین وەك جەژنانەیەك. تێبینی یەکم هەیە لەگەڵ مام جەلال باسم کرد، وتی لەلیژنەی باڵا باسی بکەن. ئەویش یادی سەد ساڵەی رۆژنامەگەری کوردی یە. کەبەهاوبەشی کاری بۆ بکەین و بۆ چۆنێتی ئەنجامدانی دەکەوێتە سەرهەردولا، دیاردەیەکی دڵخۆشکەر دەبێ، رۆشنبیران لەهەولێر بچنە سلێمانی، لەسلێمانی بچنە هەولێر. پاشان دەمێنێتەوە سەر مەسەلەی هەوراز بچینە سەری. ئەو رۆژە مام جەلال لەیادی ٦٤ ساڵەی حزبی شیوعی قسەی کرد، هەندێ مەسەلەی باس کرد، جێگای دڵخۆشی یە.

ئێستاش قسەکردن بۆ کاك سامی یە.

**کاك سامی:**

من لەوە دەست پێ دەکەم. . یادی سەد ساڵەی رۆژنامەگەری کوردی، ئێمە زۆر پێمان باشە هەندێ نشاطاتی موشتەرەك بکەن. لەسلێمانی و لەهەولێرو ئەگەر سەرێکی سەرسەنگ و ئامێدیش بدەن خراپ نیە. مختصین لەوبارەیەوە خۆیان رێك بکەون.

بۆ کاری لیژنەکان: لەسەر کارەبا ئیتیفاق کراوەو ئیمزا کراوە، لەمەحزەری جەلسەی پەروەردەو خوێندنی باڵا یەك شتی سەیرم بینی، دەڵێت ئەوی خولی یەکەم دەرچێت (١٥) دەرەجەی بدرێتێ. ئەوە شتێکی عەجیبە. بەشتێکی غەریبم بینی. ئەفکاری سەیر هەیە لای ئێمە ئیقتراح هەبوو منداڵی تەدریسین (١٠) دەرەجەی بدرێتێ یان دەڵێن کوڕی شەهید، کەئەکرێت لەمەجالی تر هەموو یارمەتیەك بدرێن، بەڵام تەساهول لەعیلم شتێکی خراپە.

لەمەسەلەی گیراوەکان ئەودوو جوامێرە کۆبوونەوەیان کردبوو، کارەکەیان ئاسان نیە، پێم وایە دەکرێت بەبۆنەی جەژنی قوربان مەجموعەیەکی تر ئازاد بکرێت، ئەو پێشنیارەی تەبەنا کراوە، لەلق و مەڵبەندەکان کێ گیراوەو دیار نیە فۆرمی بۆ پڕبکەن، شتێکی زۆر باشە.

وەفدی موشتەرەك لەسەر بڕیاری ٩٨٦ لە جیهازی UN زۆر بەگەرمی ئیستقبال کراون و پێشتر وەزارەتی خارجیەشیان بینیوە، لە (الأتحاد) یش پیرۆزبایی یەکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەبۆنەی جەژنی نەوروز تایبەت بەکوردو هێزە کوردیەکان بڵاوکرابۆوە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە دنیا چاوەڕوانی ئاشتی کوردستان دەکات.

حەوتەم کۆبوونەوە ـ شەقڵاوە (١)

(٨)

## هەشتەم کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)
## پێنج شەممە ١٩٩٨/٤/١٦ کۆیە

دانیشتنی یەکەم سەعات (١١,٥) دەقیقە

بەبەشداری هەموان نوێنەرانی کۆبوونەوەکانی پێشوو .

**کاک عەزیز** :

ئەوەی کردومانە بەعادەت ، پیاچوونەوەی بابەتی کۆبوونەوەی پێشو و کاری لیژنە فەرعیەکانە ، کەدەستیان خۆش لەئێمە باشتر کار دەکەن . لەو مەسەلانەی ماون مەسەلەی گیراوەکانە . کەبڕیاربوو هەر زوو بەربن بەڵام تا ئێستا نەکراوە ، لەسەر بەردانی مەجموعەیەکی تر پێش جەژنی قوربان ، بەداخەوە نەکرا ، ئەگەر گلەییەکم هەبێت لەوبارەیەوە گلەییم لەبرادەرانی یەکێتی یە ، راستە سەرەتا ئەوان وتیان هەمووی بەربدرێت ، بەڵام کەوترا (٣٨ بە ٥٠) موافەقەت کرا ، دەبوو جێ بەجێ بکرێت . بەڵام بەو بەهانەیەی کەناوی هەندێ لەلێپرسراوانی ئەوانی تێدا نیە رازی نەبوون ، ئێستاش نەچووە بچێ پێویستە ئەو مەسەلەیە یەکلا بکەینەوە .

مەسەلەیەکی تر ئیعلامە ، کە لمۆزی ناشیرنی هێناوەتە پێشەوە . پێویستە ئەوەش چارەسەر بکەین ، ئەشێ هەندێ تێبینی یا روونکردنەوە بلاوبکرێتەوە بەڵام واباشە نەچێت بۆ مەسەلەکانی رابوردوو .

مەسەلەیەکی تر پەیوەندی تەلەفۆنی نێوان هەردوولا بوو ، کەزۆر پێویستە وهەق وایە بکرێتەوە یا هیچ نەبێ پەیوەندی لاسلکی هەبێت خراپ نیە . پرسارێکم لادرووست بووە ، خەتی هیران بۆ هاتوچۆی خەڵك بکرێتەوە ، خراپ نیە .

ئاواتەخوازم کۆبوونەوەکەمان بچێتە پێشەوە ئەگەر هەندێ شت رووی داوە ، نەبێتە رێگر لەبەردەم کۆبونەوەکانمان . مەسەلەی کاك شەمدین ، ئەگەر شتێکی تێدابێت ، ئەوەیە کەدەری دەخات چەند پێویستمان بەیەك بوون هەیە . ئێستاش قسەکردن بۆ برادەرانی یەکێتی یە .

**دکتۆر کەمال** :

بەخێربێن . . هیوادارم هەروەك کاك عەزیز وتی کۆبوونەوەکەمان زیاتر بچێتە پێشەوە ، راستە زۆر مەسەلەی هەڵواسراو و تەواو نەکراومان هەیە ، من پێم باشە دوای دانانی بەرنامەی کۆبوونەوەکەمان بچینە سەریان ، بەپێشنیاری ئێمە بابەتەکان بریتین لە : ١- مەسەلەی گیراوەکان . ٢- ئاوارەکان . ٣- کاری لیژنە فەرعیەکان . ٤- دواجار ئەگەر بگەینە سەر خاڵە سەرەکیەکە لەحکومەتی هاوبەش و هەڵبژاردن و مەسەلە بنچینەیی یەکان . (نازانم جگەلەو چوار خاڵە هیچی ترم لەبیر چووە؟) .

**کاک عومەر** : مەسەلەیەکی تر مەسەلەی قەزانی و مەحکەمەی تەمییز و حاکمەکانە .

**دکتۆر کەمال** :

زۆر باشە ، دەکرێت باسی ئەو مەسەلەیەش بکەین . لەکاری لیژنە فەرعیەکان کارەکان بەباشی چوونەتە پێشەوە ، بەتایبەت لەسەر برگەکانی بڕیاری ٩٨٦ .

هەشتەم کۆبوونەوە ـ کۆیە (١)

(٩)

## نۆیەم کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)
## پێنج شەممە ١٩٩٨/٤/٢٣ شەقڵاوە

دانیشتنی یەکەم سەعات (١١,١٠) دەقیقە

بەبەشداری هەمان نوێنەرانی کۆبوونەوەکانی پێشوو.

**کاك عەزیز**:

باش بوو ئەمجارەش کۆبوینەوە، هیوادارم کۆبوونەوەکان بەردەوام بێت، لەم ڕۆژانە تەم و مژێکی لیخن لەئاسمانی کۆبوونەوەکانی ئێمە پەیدا بوو، وەك ئەوەی هیچمان نەکردبێت، هیچ هەنگاوێکمان نەنابێت، لەڕاگەیاندن دەیان جار ئەو شتانە دەڵێنەوە کەپێشتر وتراوە، لای هەموان ئاشکرایە ئەوە جێگای دڵگرانی میلەتەکەمان و دۆستەکانمانە، دوژمنانیش هیوای ئەوە ئەخوازن ئەوە سەرەتایەك بێت بۆ تێکچوونی نێوانمان.

مەسەلەی شەمدین .. وام دەزانی لێکمان نزیك دەکاتەوە نەك لێکمان دوور بخاتەوە. لەڕاگەیاندن پێویستە بەزمانێکی جیاواز قسە بکەین، بەزمانێك خزمەتی ئاشتی بکات، پێویستە هەرچی زووە حەدی بۆ دابنرێت، زۆر جار هەندێ برادەر دەیانوت؛ با لەڕاگەیاندن هەندێ شت بڵێین، بەڵام جارێکی تر ئیسپات بووەوە کەلەئیعلام بەمتەوالی هەندەسی تەعامول دەکرێت. ئەو حەملەیە قەلەقێکی زۆری لای خەڵك دروست کردووە، بەسەرەتای تێکچوونی وەزعی دەزانن، بەتایبەت کەدەڵێن هاوکاتە لەگەل تەحەشید لەهەردوولاوە.

دواکارم حەدێك بۆ ئیعلام دابنرێت بەتایبەت کەئێستا دادەنیشین بۆ حەلی مەسائیلی عوقەدی، خۆ ئەگەر خوانەخواستە نەگەیشتینە نەتیجە و تێکچووین، وەخت بۆ ئەو شەڕە قسەیە درەنگ نابێت. پێشنیار ئەکەم لەحزەی موئتەمەری ڕۆژنامەگەری ئێوارە ئیعلان بکرێت ئەو شەڕی ڕاگەیاندنە رادەگیرێت.

ئێستاش پیاچوونەوەی مەسەلەکان بکەین، بزانین چی کراوە؟

مەسەلەی گیراوەکان باس ناکەم چونکە واتێگەیشتم لەکۆبونەوەی پێشوو، بەنیهائی دواخرا، هەرچەند من پێشنیار دەکەم هەرلایەك لای خۆیەوە ئەو گیراوانە بەربدات و، بەگۆڕینەوە نەبێت. ئەگەر بەموناسبی بزانن پاشان بچینە سەر مەسەلە ئەساسی یەکەش، ئێستا قسەکردن بۆ کاك سامی یە:

**کاك سامی**:

دووبارە بەخێربێن.. ئێمە وائەزانین ئەمڕۆ وەستانێکمان پێویستە، بزانین چیمان کردووە، چونکە پێدەچێ لەجیاتی ئەوەی بۆ پێشەوە بچین بۆ دواوە هاتووین، هەنگاوێك بۆ پێشەوە، دوو هەنگاو هاتوینە دواوە. لەڕاگەیاندنی هەردوولا زۆر شتی سلبی لەسەریەك وترا، بەموجەبی نابینم بچمە ناو تەفاسیل ڕەنگە برادەران بڵێن ئێوە موبادر بوون، من موقابەلەیەکم کرد ئەو قسەمەی دەربارەی پەیوەندی نێوان پارتی و یەکێتی بوو وەڵامی قسەیەکی کاك فریاد ڕەواندزی بوو، کەباسی برای دەرەجە یەك دەکات، جگەلەوە هیچ شتێك نابینم کەئیسائەی بۆ یەکێتی تیادا بێت، خۆ ئەگەر وابێت، زۆر لام ئیعتیادیە داوای ئیعتزار بکەم. حەملەی ئیعلامی

نۆیەم کۆبوونەوە ـ شەقڵاوە (١)

(١٠)

## دەیەم کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)
## پێنج شەممە ١٩٩٨/٤/٣٠ کۆیە

دانیشتنی یەکەم سەعات ( ١١,١٠ ) دەقیقە

بەبەشداری هەمان نوێنەرانی کۆبوونەوەکانی پێشوو .

**کاك عەزیز :**

دووبارە ئیعادە نەزەر لەمەسەلەکان بکەین ، پێویستمان بە تیف تیفەی ئەو مەسەلانە هەیە کە تەواونەبوون ، بەتایبەت مەسەلەی گیراوەکان کەزۆر دواکەوت ، تەسەور دەکەم کۆبوونەوەکەمان زۆر درێژ نەبێت . ئێستاش قسەکردن بۆ دکتۆر کەمالە :

**دکتۆر کەمال :**

زۆر بەخێربێن . . پێخۆشحاڵین کە کۆبوونەوەکان بەردەوامە ، حاڵەتێکی ئیجابی یە . هەروەك کاك عەزیز وتی واباشە پیاچوونەوەی کارەکانی پێشوو بکەین . بزانین چەند چوونەتە پێشەوە یان نەچوون ، بۆ نەچوون ، ئێمە چاوەڕوانی وەڵامی چارەسەری مەسەلەی دەسەڵاتی قەزائی بووین ، برادەرانی پارتی وەڵامیان بدەنەوە . دوای پیاچوونەوەی کاری لیژنە فەرعیەکان ئەگەر بچینە سەر مەسەلەی هەورازەکە .

**کاك عومەر :**

پێم باشە باسێکی گومرگ و خروقاتیش بکەین .

**دکتۆر کەمال :**

جگەلەگیراوەکان و مەسەلەی قەزا ، گومرگ و خروقات .

**کاك سامی :**

خروقات ، ئەگەر هەبێ بۆ غەرەزی موعالەجە . مەسەلەی قەزا ، لیجانی فەرعی ، گیراوەکان و مەسەلەی هەورازەکەی کاك عەزیز .

**دکتۆر کەمال :**

من بروسکەیەکم لەکاك عەزیزەوە بۆ هات ، وەڵامم دایەوە ئێستاش بەتەفسیل وەڵامی ئەدەمەوە . کەدەڵێت هێزی یەکێتی نوێ دێنە رەبیەکان و رەبیە زیاد کراوەو دۆشکاو راجیمە هێنراوە . من وەڵامم دایەوە کەشتێکی هاکەزابی یەو هیچ شتێکی وا نیە ، تەنیا وەڵامە بۆ تەحەشودی موقابل . مەعلوماتیش هەیە کەتورك هاتووە لەسپیلك خۆی قایم ئەکات ، کەئەوە نیشانەیەکی خراپە . ئێستاش عیلاقەی عیراق و UN بەرەو خراپی ئەچێت و ئەڵێن تورك هێز کۆئەکاتەوە . لەدەرەوەش هەواڵێکی واهەیە کەتورك نیازێکی خراپی هەیە بۆ کوردستان و بۆ عیراقیش . ئێمە ئیحتیاتمان کردووە بۆ ئەگەری رووداوێك ئەگەر بێتە پێشەوە ، تەئکید ئەکەمەوە تەحەشودی ئێمە رەد فیعلی تەحەشودی موقابل و ئەگەری تەدەخولی تورکی یە .

دەیەم کۆبوونەوە ــ کۆیە ( ١ )

شاندی

## یانزەیەم کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)
## پێنج شەممە ١٩٩٨/٥/١٤ شەقڵاوە

دانیشتنی یەکەم سەعات (١١,٣٠) دەقیقە

کۆبوونەوەکە بەسەرپەرشتی کاك عەزیز محەمەد بە بەشداری :

وەفدی (ی. ن. ك) : کاك عومەری سەید عەلی، کاك ئەرسەلان بایز .

وەفدی (پ. د. ك) : کاك عارف تەیفور ، کاك بروسك نوری شاوەیس .

**کاك عەزیز :**

بەخێرهاتنی هەردوولا دەکەم . . یانزەهەم کۆبوونەوەیە ، دەبوو دوو کۆبوونەوەی تریش بکەین ، بەڵام باشە ئەم کۆبوونەوانە بەردەوام بن نەبچڕێن . پیاچوونـەوە بکەین ، رەنگە گلەیی و گازەندەش هـەبێت ، باسێك لەمەسەلەی گیراوەکان بکەین ، کەبەداخەوە ئەوە سێ مانگە لەکۆبوونەوەکان بەردەوامین ، بەڵام شتێکمان بۆ نەکردون ، واباشە چاوێکی خێرمان لێیان بێت و شتێکیان بۆ بکەین ، لەمەسەلەی هەزورازەکەش نازانم دەتوانین شتێك بکەین؟ کەمن خۆم واهەست دەکەم چەقیوە ، بڕوانا کەم لەم کۆبوونەوەیە بتوانین لەو قۆرتەی دەربکەین .

ئێستاش قسەکردن بۆ برادەرانی پارتی یە .

**کاك عارف :**

زۆر بەخێرهاتنی برادەران ئەکەین . من یەکەم جارە لەم کۆبوونەوانە بەشدار ئەبم ، کاك سامی و کاك جەوهەر و کاك بروسك ئاگاداری مەسەلەکانن ، من هیوای بەرەوپێشەوە چوون ئەخوازم . لەم کۆبوونەوانە هیچ نەبێت بەردەوام بوونی بەقازانجی میلەتەکەمانە . سوپاسی برادەرانیش ئەکەین کەئیلحاحیان کرد کۆبوونەوەکە بکرێت ، ئەگەر برادەرانی وەفدەکەش لێرە نین .

من زیاتر قسە بۆ بۆ برادەران ئەهێڵمەوە کەبزانین چی هەیە؟ کەمن ئاگاداری تەواو نیم ، دووبارە بەخێربێن .

**کاك عومەر :**

زۆر سوپاستان ئەکەین ، هەروەك کاك عارف وتی داواکاری ئێمە بۆ ئەنجامدانی ئەم کۆبوونەوەیە ، بۆ ئەوەیە ئەو دڵەڕاوکێ یەی لای خەڵك پەیدابووە زیاتر نەبێت و تەفسیری خراپ بۆ درێژە نەدانی کۆبوونەوەکان نەکرێت . ئێمە چاوەڕێ ی قسەی ئێوەین دیدو بۆچوونتان لەسەر وورد کردنەوە لەمەسەلەی هەورازەکە ڕوون بکەنەوە ، مەسەلەی گیراوەکان و خروقاتیش باس بکەین ، ئێمە چاوەڕوانی ڕای ئێوەین .

**کاك بروسك :**

هەروەك برادەران ڕوونیان کردەوە بەردەوامی کۆبوونەوەکان ئەگەر هەر بۆ نان خواردنێکیش کۆببینەوە سودی هەیە . لەم ماوەیەدا هەندێ شتی ئیجابی بووە ، وەفدی جامیعەی سلێمانی هاتونەتە هەولێر زۆر ڕێزیان لێ گیراوە ، مەسەلەی ئیمتیحانات ڕێکخراوە ، لەگەڵ ئەوانەدا گۆڕانێك لەسەیتەرەکاندا بووە بەخراپ بوون . لەمەسەلەی ئیعلامیش هەندێ تێبینیمان هەیە . موقابەلەیەکی کاك کۆسرەت کراوە لەگەڵ مجلەی (چرا)

شانار

# دوانزەیەم کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)
## پێنج شەممە ١٩٩٨/٥/٢١ کۆیە

کۆبوونەوە کە بە بەشداری : کۆبوونەوە سەعات (١١,٠٠) دەستی پێ کرد

وەفدی (ی.ن.ك) : کاك دکتۆر کەمال فوئاد ، کاك عومەری سەید عەلی .

وەفدی (پ.د.ك) : کاك عارف تەیفور ، کاك بروسك نوری شاوەیس .

**دکتۆر کەمال :**

کاك عەزیز لێرە نیە کۆبوونەوەکەمان بکاتەوە .

زۆر بەخێربێن . . بەتایبەت کاك عارف من یەکەم کۆبوونەوەیە لەگەڵی دائەنیشم .هەموو کۆبوونەوەیك کردومانە بەعادەت ، بەبڕیارەکانی کۆبوونەوەی پێشوودا ئەچینەوە ، بزانین چی جێ بەجێ کراوە ، چی نەکراوە؟ بۆچی نەکراوە؟ پاشان بەرنامەی کۆبوونەوەکان دادەڕێژین .

مەسەلەیەکمان گیراوەکانە کەبەراستی زۆر ناخۆش بوو . پێویستە چارەسەری بکەین . دوو مەسەلەی ترمان هەیە ، هی لیژنە فەرعیەکانە : ئەنجومەنی قەزاو قبوڵی مەرکەزی و تاقی کردنەوەکانە ، دوێنێ باس کرا ئێمە بڕیارمان نەدا ، خستمانە ئەمڕۆ باسی بکەین . دوای ئەوە دێینە سەر مەسەلەی هەورازەکە . نازانم کاك عومەر هیچی تری هەیە .

**کاك عومەر :**

مەسەلەی گیراوی تازەو خروقات هەیە .

**کاك عارف :**

زۆر سوپاستان ئەکەم . . هیوادارم عنصریکــی باش بین ، کۆتایی بەو کێشانە بهێنین . بەنیسبەت کۆبوونەوەی پێشوو ، دوو نوقتە هەبوو ، یەکێکیان گیراوەکان ، کاك بروسك لەگەڵ برادەران ، خۆمان حازر کردووە شتێکی باش بکەین . مەسەلەیەکی تر ، کاك عومەرو کاك ئەرسەلان تەرحیان کرد ، مەسەلەی تەدەخولی تورکی یە ، ئێمە بەناوی سەرکردایەتی یەوە یەکێتی دڵنیا ئەکەینەوە کەهاتنی تورکیا هیچ پەیوەندی بەیەکێتی یەوە نیە ، پێویستە یەکێتیش هاوکاری خۆی بکات لەوەدا .

مەسەلەیەکی تر ئەو مەسەلەیەیە کاك عەزیز ناوی ناوە هەورازەکە ، من لەگەڵ کاك مەسعودیش لەخزمەتی کاك عەزیز دانیشتین و قسەی خۆمان کرد . بۆچوونی خۆمان ئامادە کردووە ، بەڵام کاك سامی و برادەران سەفەریان کردووە چاوەڕێی هاتنەوەی ئەوان ئەکەین .

ئێمەش چەند مەسەلەیەکمان هەیە ، لەوانە مەسەلەی هاتوچۆو سەیتەرەکان ، کە ڕۆژ بەڕۆژ خراپتر بووە ؛ بەتایبەت سەیتەرەی ئاسلوجە . مەسەلەی قەزائیش باشە باسی بکەین ، کاك بروسك ئاگادارە .

## چواردەهەم کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)
## پێنج شەممە ١٩٩٨/٦/٤ کۆیە

کۆبوونەوە سەعات (١١,٠٥) دەقیقە دەستی پێ کرد
کۆبوونەوەکە بە بەشداری :

وەفدی (ی.ن.ك) : کاك دکتۆر کەمال فوئاد ، کاك عومەری سەید عەلی.

وەفدی (پ.د.ك) : کاك عارف تەیفور ، کاك بروسك نوری شاوەیس.

**دکتۆر کەمال** :

زۆر بەخێربێن . لانی کەم ئەو ئیجابیەتە هەیە کۆبوونەوەکان بەردەوامن ، خەلکی بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی نەتیجەن ، هەرچەندە زۆر جار ئەنجامی ئەوتۆ نیە ، بەلام هەر بەردەوام بوونی کارێکی ئیجابی یە .

ئێمە لەگەل ئەو برادەرانەی کۆمیتەی ئاشتی و تەبایی کۆبووینەوە . وتیان وامان ئەزانی کە کاك عەزیز لێرە نەبێت کۆبوونەوەکان ناکرێت ، بەلام جێگای دلخۆشیمانە کە بەردەوامن .

بەنیسبەت ئێمەوە پێشنیارمان بۆ باسەکان بریتی یە لە :

دیل و گیراوەکان ، ئەنجومەنی قەزا ، قبول مەرکەزی ، یارمەتی تەرخان کراو بۆ زانکۆکان لە بڕیاری ٩٨٦ ، مەسەلەی مۆزەخانەی سلێمانی (کە جوابمان بۆ کاك رەفیق نارد ، جوابی داوەتەوە ، بەلام ئەگەر سەرێك بدات بۆ خۆی باشترە ، چونکە ئەو کابرایە ئەلێ من وا دەورو تەسلیم کردووە ) .

**کاك عارف** :

ئەو شتانەی مەتحەف لەکەیەوە نەماوە ؟

**دکتۆر کەمال** :

لەدوای رووداوەکانی ٣١ی ئابەوە ، زۆر شتی بەنرخ نەماوە ، کە ئەوە مولکی هەموو کوردە و پێویستە هەموو لایەك مشوری بخۆین . ئەگەر کاك بروسك بەحوکمی خزمایەتیش بێت ، ئاگاداری بکات کاك رەفیق سەردانێکی چەند رۆژیمان بکات بۆ ئەوەی روون بێتەوە .

**کاك عارف** :

زۆر سوپاستان ئەکەین ، بەنیسبەت دیل و گیراوەکان زیاتر لێی بکۆلینەوە هەر بۆ خۆشمان خۆش نیە هەموو هەفتەیەك لە چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆن بلێینەوە باسی دیل و گیراوەکانمان کردووە ، ئەنجامێکی نەبێت.

بۆ مەسەلەی ئەنجومەنی قەزا ، حاکم مەحمود هەیە خەلکی سلێمانی نیە مالی لەسلێمانی یە ، هەموو هەفتەیەك دێتەوە ، ئەندامی مەحکەمەی تەمییزە ، ئەکرێت ئەو لەگەل برادەران لەسلێمانی قسە بکات ، لەو بارەیەوە راو بۆچوونەکان باس بکەن .

**کاك بروسك** :

ئەمڕۆ حاکم مەحمود دێتەوە بۆ سلێمانی ، شەممەو یەك شەممە ئەچێتە لای برادەران .

چواردەهەم کۆبوونەوە ـ کۆیە (١)

## پانزەهەم کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)
## پێنج شەممە ١٩٩٨/٦/١١ شەقڵاوە

کۆبوونەوە سەعات (١١,٠٠) دەستی پێ کرد

کۆبوونەوەکە بە بەشداری:

وەفدی (ی.ن.ك) : کاك عومەری سەید عەلی، کاك ئەرسەلان بایز.

وەفدی (پ.د.ك) : کاك سامی عەبدولرەحمان، کاك عارف تەیفور، کاك بروسك نوری شاوەیس.

**کاك سامی** :

زۆر بەخێربێن، جەدوەلی کار دابنێین.

**کاك عارف** :

دووبارە بەخێربێن، ئەم ماوەیەی کاك سامی لێرە نەبوو ئەو مەسەلانەی باسمان کردن (گیراوەکان، قبوڵی مەرکەزی، بودجەی جامیعەکان، ئەنجومەنی قەزا، خروقات) بوو، هەندێ مەسەلە هەبوو پێویست بوو برادەران جوابمان بدەنەوە دەربارەی گیراوەکان.

دەربارەی دروست کردنی حکومەت هێشتمانەوە تا جەنابت (کاك سامی) دێیتەوە باسی بکەین.

**کاك عومەر** :

مەسەلەی پێشنیارەکەی دانیال میتران و حزبی سۆشیالیستی فەرەنسیش باس بکەین.

**کاك سامی** :

شەرت نیە بە تەسەلسل پیا بچین، حەز ئەکەن بەوەی قەزا دەست پێ ئەکەین.

**کاك عومەر** :

زۆر سوپاس بۆ پێشوازی و بەخێرهاتنەکەتان، بەخێرهاتنەوەی کاك سامی ئەکەین، داوای لێبوردن ئەکەین، تا دوێنێش بڕیار بوو کاك کەمال بگەڕێتەوە بەڵام فریا نەکەوت.

**کاك سامی** :

ئەوە موشکیلە نیە، البرکة فیکم.

حەز ئەکەم باسی موەحەدی مەوقفی کوردی بکەم لەموئتەمەرەکە، ئەوهەڵوێستە زۆر بووە جێگای ڕێز بۆ وەفدی کوردی و کورد. ئەو چەند ڕۆژە پێکەوە بووین جەوێکی نەفسی باش بوو. لەوێ مام جەلال دەعوەتی کردین، ئێمەش دەعوەتمان کردن، دانیشتنێکمان لەسەر ئاستی مەکتەبی سیاسی کرد، لەموئتەمەر هەر کێشەیەك بوو بەموەحەدی وەڵام ئەدرایەوە.

مەسەلەی لیقائی کاك مەسعود و مام جەلالیش ئینشاء الله دەبێت و قەناعەتمان وایە دوا ناکەوێت، لەکۆبوونەوەکە بەمام جەلالم وت؛ هەندێ خەڵك ئەڵێن هەموو شتێك تەواو بێت ئەوسا ئێوە دابنیشن، هەیشە ئەڵێ هەر دابنیشن بەسوودە، پێم وت ڕای شەخسی من نەئەمەو نەئەوە. ئەکرێت هەندێ مەسەلە حەل بکرێت و هەندێکیش بمێنێتەوە وردە وردە عیلاج بکرێت.

پانزەهەم کۆبوونەوە ـ شەقڵاوە (١)

شانزەهەم

## شانزەهەم کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)
## پێنج شەممە ١٩٩٨/٦/١٨ کۆیە

کۆبوونەوە سەعات (١١,٠٠) دەستی پێ کرد

کۆبوونەوەکە بە بەشداری:

وەفدی (ی.ن.ك): دکتۆر کەمال فوئاد، کاك عومەری سەید عەلی، کاك ئەرسەلان بایز.

وەفدی (پ.د.ك): کاك سامی عەبدولرەحمان، کاك عارف تەیفور.

لەجەلسەی یەکەمی هەردوو وەزیری داد ماموّستا عەبدولرەحمان نەورەسی و کاك قادر جەباری+ کاك رشدی راوێژکاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ کاروباری یاسایی بەشدار بوون.

**دکتۆر کەمال**:

زۆر بەخێربێن، بەتایبەت میوانەکان، کاك قادر، کاك عەبدولرەحمان و کاك روشدی، هیوادارم کێشەیەکمان هەبوو لەسەر قەزا بۆمان چارەسەر بکەن، لەکۆبوونەوەی پێشوو کاك سامی پێشنیاری کردبوو بەشدارین.

دوای ئەوە دێینە سەر مەسەلەکانی تر لەگیراوەکان، بڕیاری ٩٨٦ لەبارەی زانکۆکان، قبوڵی مەرکەزی، ماوەیەکی زۆرە باسی ئەو مەسەلانە ئەکەین و ناخۆش بووە، نازانم چی تر هەیە؟

**کاك سامی**:

گیراوی تازە و خروقات.

**کاك عومەر**:

باسێکی مەسەلەی حکومەتی ئیئتلافی و هەورازە کەش بکەین.

**کاك سامی**:

برادەران متخصصـــن، بەڵام حەز ئەکەم بڵێم، ئیشمان بۆیەکخستنی دوو وەزارەت نیە، ئەوە لەگەڵ چارەسەری کێشە سەرەکییەکان چارەسەر دەبن.

ماموّستا عەبدولرەحمان:

مەسەلەی قەزا یەکێکە لەو مەسەلانەی پەیوەستە بەکێشەکانی ترەوە، ئێمە لەسەرەتاوە حەزمان کردووە، قەزا موشتەرەك بێت و رایەتێك بێت هەردوولا پێکەوە ببەستێ. لەلای ئێمە کێشەی کەمی حاکممان هەیە، هەندێ لەقەزاکان لە سالانی سی و چلەکاندا حاکمیان هەبووە، ئێستا حاکمیان نیە، ئێمە لە ٣/١٧ نامەمان نووسی بۆ مەجلیسی قەزا بۆ دامەزراندنی (١٢) حاکم کەلێرە تاقی کردنەوەیان تەواو کردبوو، ئەوراق و نەتیجەی تاقیکردنەوەکانمان ناردووە، بەڵام تائێستا نەکراوە، دوایی لەهۆکەیمان پرسی، وتیان برادەرانی پارتی وتویانە کەئەبێ لەوەزیری عەدلی پارتی یەوە ئەمریان بۆ دەربچێت. ئەوەش ئاشکرایە هەر لایەك بەقەدەر خۆی ئیعتزاز بەخۆیەوە ئەکات و پێشنیار کرا ئەو حاکمانە بڕیاریان بۆ دەربچێت و لەبەردەم سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لای خۆمان سوێندی یاسایی بخۆن، دیارە ئەوەش پەسەند نەکرا.

شاندراوە

## حەقدەهەم کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)
## پێنج شەممە ١٩٩٨/٦/٢٥ شەقلاوە

کۆبوونەوە سەعات (١١,١٠) دەقیقە دەستی پێ کرد

کۆبوونەوەکە بە بەشداری:

وەفدی (ی.ن.ك) : دکتۆر کەمال فوئاد، کاك عومەری سەید عەلی، کاك ئەرسەلان بایز.

وەفدی (پ.د.ك) : کاك سامی عەبدولرەحمان، کاك عارف تەیفور، کاك مەسعود سالەیی.

**کاك سامی:**

زۆر بەخێر بێن. . حەز دەکەم جەدوەل ئەعمالێك دابنێین، سەفەری پێشوو یەك دوو بڕیارمان دا، لەوانە لەسەر ئەوەی خەلك نەگیرێت.

**دکتۆر کەمال:**

بەلێ، با بزانین بەچی گەیشتووە؟

**کاك سامی:**

سنووورداشەکانیش هەبوو، . . گیراوەکان.

**دکتۆر کەمال:**

سەفەر بۆ دەرەوەش باس بکەین، چون وها تنەوە.

**کاك ئەرسەلان:**

مەسەلەی (١٥) دەرەجەی تەلەبەش باسێکی لێ بکەین.

**کاك سامی:**

+ هەروەك خەبەرێکیش ئاگادارتان بکەین، ستیڤان مەسئولی (UN) بۆ سەرپەرشتی بڕیاری ٩٨٦ رۆژی شەممە ١٩٩٨/٦/٢٧ سەعات (١٠,٣٠) دەگەنە خالی ئەماس، دکتۆر ئیدریس سەفەری کردووە یان دەیکات، دکتۆر شەفیق لەجیاتی ئەو دێت. خالێکی تر داوایەکی (PMF)هەیە باسی بکەین.

بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکە بریتی یە لە:

١- نەگرتنی خەلك لەسەر بیروڕای سیاسی، ٢- سنووورداش، ٣- لیستی گیراوەکان، ٤- سەفەر بۆ دەرەوەو هاتنەوە لەدەرەوە، ٥- قبول لەجامیعە، ٦- تەبادولی مجرمین، ٧- داوای PMF، ٨- خروقات.

**دکتۆر کەمال:**

پێم باشە قبولی مەرکەزی بخەینە پێشەوە، چونکە پەلەمانە.

هەندێ نەتیجەمان هەیە.

لەسەر (١٥) دەرەجەکە ئەلێن ئیتیفاقی لەسەر کراوە، بەلام ئێمە لەکۆبوونەوەی پێشوو باسمان کرد کەهەروەك سالانی پێشوو بێت.

# پاشکۆی ژمارە (١٠-٢٨)

## هەژدەهەم کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)
## پێنج شەممە ١٩٩٨/٧/٢ کۆیە

کۆبوونەوە سەعات (١١,٠٠) دەستی پێ کرد

کۆبوونەوەکە بە بەشداری:

وەفدی (ی.ن.ك): دکتۆر کەمال فوئاد، کاك عومەری سەید عەلی، کاك ئەرسەلان بایز.

وەفدی (پ.د.ك): کاك سامی عەبدولڕەحمان، کاك عارف تەیفور، کاك بروسك نوری شاوەیس.

**دکتۆر کەمال:**

زۆر بەخێربێن. . پێش ئەوەی بچینە سەر باسەکان، نووسراوێك لەسەر هاوکاری و چالاکی وەرزشی هەیە بتاندەینێ.

**کاك سامی:**

ئێمە موافقین بۆ فوت بۆڵ ئەبێت، کەئەوە موشکیلەی لێ دروست دەبێ.

جاری پێشوو دەربارەی داوای (PMF) بڕیار بوو جوابمان بدەنەوە.

**دکتۆر کەمال:**

لەگەڵ برادەران باسمان کرد، جارێ بەموناسبی نازانین، ئەوەش بلێین خەڵکەکەی ئێمە مەشحونن بەرامبەر (PMF)، ئیتر خۆتان چۆنیان پێ ڕائەگەیەنن، وەکیل بن.

**کاك سامی:**

- ماعلی الرسول الا البلاغ المبین.

- زیارەتی کاك فوئاد بۆ سلێمانی، حەزی ئەکرد پێش هاتنی تەلەفۆنێك بۆ مام جەلال بکات، ئەگەر ژمارەی تەلەفۆنێکمان بدەنێ و مەوعیدەکەش دیاری بکەن.

**دکتۆر کەمال:**

دوو ژمارەتان ئەدەینێ و بەبروسکە لەمەوعدەکەی ئاگادارتان ئەکەین.

**کاك سامی:**

نامەیەکی فرانس لیبرتی هەیە بۆ هەردوولامان، پاشان گیراوەکان و خروقات.

**دکتۆر کەمال:**

باسێکی ئەو وەفدە ئەمریکی یەش بکەین کەدێت.

**کاك سامی:**

- ئەوە مەوزوعی رەئیسی یە.

- باسی نامەی فرانس لیبرتی بکەین.

**دکتۆر کەمال:**

جاری پێشو باسمان کرد.

**کاك سامی:**

نامەیەکی ترە لە ٦/١٦ هاتووە.

## نۆزدەهەم کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)
## پێنج شەممە ١٩٩٨/٧/٩ شەقڵاوە

کۆبوونەوە سەعات (١٠,٥٥) دەستی پێ کرد

کۆبوونەوەکە بە بەشداری:

وەفدی (ی.ن.ك): دکتۆر کەمال فوئاد، کاك عومەری سەید عەلی، کاك ئەرسەلان بایز.

وەفدی (پ.د.ك): کاك سامی عەبدولرەحمان، کاك عارف تەیفور، کاك مەسعود سالەیی.

**کاك سامی:**

زۆر بەخێربێن، کاك کەمال جەدوەل ئەعمال چی دابنێین؟

**دکتۆر کەمال:**

وورده بابەتەکان: بروسکەی ئێوە لەبارەی تەجاوزاتی پەکەکە، لیژنەی قبول کەتا ئێستا دانەنیشتوون، وابکەین دابنیشن، کاك عومەر لای ئێوە چی هەیە؟

**کاك عومەر:**

هەندێ خروقات و جوابی برادەران، ئەنجومەنی قەزاش هەروەك خۆی ماوەتەوە؟

**کاك سامی:**

شەڕ لەقەسرێ، قبوڵی مەرکەزی، مەجلیسی قەزا، گرتن و خروقات، خروقاتی ئیعلامی، هەندێ خەڵکی ئێوەمان بەرداوە. سەفەری پێشووسێ شتمان تەئجیل کردبوو؛ قەراربوو ئێوە شتێك حازر بکەن، جوابی فرانس لیبرتی، نەقابەی سەحەفیین.

**دکتۆر کەمال:**

لەوەڵامی بروسکەتان دەربارەی شەڕی پەکەکە لەسنووری قەسرێ ئەو کاتە ئێمە وەڵامان دانەوە کەهیچ مەعلوماتمان نیەو ئەپرسین و وەڵامتان ئەدەینەوە. دوێنێ ئێوارە لەو مەسەلەیەمان کۆڵیەوە، لەڕێگای مامۆستا چەتۆ لێپرسراوی مەکتەبی عیلاقات و فەرماندەیی پەکانی ئەوناوچەیە، وەڵامەکەیان ئەوەیە کەهیچ پێگەیەکی سەربازی پەکەکە لەم ناوچەیەدا نیە. ئەڵێن راستە قەسرێ دراوەتە بەر RBG، بەڵام لەناوچەی کۆدۆوە بووە لەسەرکرایەتی. ئەو شوێنەی ئێوەی لێن (کۆلێتار)ە، ئەوەی ئێمەی لێن (کەلەکی باڵەیان)ە، ئەڵێن مومکین نیە لەوێوە پەکەکە هیچ بکەن.

**کاك سامی:**

من شارەزای ئەو ناوچەیەم، ئێمە ئەزانین پەکەکە لەئێرانەوە دێن، بەڵام بۆ پەلاماری کۆلێتارو بانەمشك دووڕێگە هەیە، لەزارگەلیەوە دەکرێت لەگەڵ دۆڵی مەلەکان، راستە بۆ شێخ ناسر دەتوانن لەولاوە بێن.

**کاك عومەر:**

شێخ ناسر بەدەست خۆتانەوە بووە، بەڵام خۆتان سەحبتان کردۆتەوە، ئەکرێ ئەوان هاتبنە ئەوێ و لەوێوە ئەو کارەیان کردبێت، لەشێخ ناسرەوە بەئاسانی ئەتوانن بێن بەرەو قەسرێ.

**كاك سامی :**

لەشەڕی پارتیزانی مقەڕێكی حزبی و مقەڕێكی عەسكەری فەرقی نیە ، بەتایبەت بەنیسبەت پەكەكە ، ئەوان ئەورووپا ئەكەن بەجێگەی عەسكەری ، لەبەرئەوەیە داوا لەبرادەران ئەكەین ڕێگایان پێ نەدەن ، بەتایبەت كەئەوان دژی پرۆسەی ئاشتین و ئاپیشارنەوە ، وەلە (مەد TV) بەبەرنامە ئیش لەوەدەكەن سومعەی كوردستانی عیراق ناشیرین بكەن .

**دكتۆر كەمال :**

ئەوەی ئێمە تەنكیدی ئەكەین ، ئەوەیە كە برادەرانی ئێمە ئاگایان لەوە نیە ، چاویان لێ بووایەوە ئاگاداربوونایە ڕێگایان نەئەدان . ئێستا پەكەكە شكاتیان هەیە لەسەر هەندێ لەبرادەرانی ئێمە لەقەڵادزێ ، كەلێیان گیراوەوگوایە ئەزیەت دراون . ئەو ڕێگا پێ نەدانەش لەبەرخاتری ئەپارتی و نە توركیا نیە ، ئەوە قەناعەتی خۆمانەو لامان پەسەند نیە كەلای ئێمەوە پەلاماری هیچ لایەك بدرێت ، ئەوە لەلایەك و لەلایەكی ترەوە بەنامەعقولی ئەزانین دوای (١٩) دانیشتن بەكاری لەوجۆرە كێشەمان بۆ دروست بێت ، جاری تریش وتومانە ، ئەگەر بمانەوێ شتێك بكەین خۆمان ئەیكەین نەك بەخەلكی تر ، لەم كاتەدا كەوەفدی ئەمریكی دێت بەخەتەری ئەزانین .

**كاك سامی :**

رەنگە بەمەقسود لەم كاتە ئەوان ئەوە بكەن ، مەسەلەیەكی تر مقەڕی ئەوان لەناوچەی ناودەشت ، هیچ فەرقی نیە لەگەل مقەڕی عەسكەری و پەكەكە هەمووی چەكدارە . حەق نیە مقەڕیان لەوێ هەبێت .

**كاك عومەر :**

لەوێ هیچ مقەڕێكیان نیە ، لەهەر شوێنێ مقەڕیان هەبێ ئاگادارمان بكەن .

**كاك ئەرسەلان :**

كاك جەبار بەتایبەت جەولەی ئەو ناوچەیەی كردووە ، تەئكیدی كردووە كەهیچ مقەڕێكیان نیە .

**كاك سامی :**

بۆ جیهەتی سیاسی كوردی لەیەك مقەڕی عیلاقات وئیعلام زیاتر پێویست نیە ، بەلام لەهەموو شوێنێ مقەڕێكیان هەبێت ، ئەوە بۆ ئیعلام نیە مقەڕی عەسكەرییە .

**كاك عارف :**

بەهۆی ئەوەی لەسلێمانی دیفاع ناكرێت ، زۆرچەكداریان هەیە ناوێرن بێنەوە ، لەم رۆژانە سێ كەسی خەلكی سلێمانی لای ئەوانەوە هاتبوون ، ئەیانوت ناوێرین بچینەوە بۆ سلێمانی .

**كاك ئەرسەلان :**

لێیان دێتەوەو كەسیش بۆی نیە هیچ قسەیەكیان لەگەل بكات . خۆ پەكەكە حاكم نیە ، لێیان قبول ناكەین قسە لەگەل هیچ كام لەوانە بكەن .

**كاك مەسعود :**

لەسەر مقەڕات و جموجولی پەكەكە ، تەحالوفی دیموكراتی دیفاعیان لێ بكەن ، ئەوە شتێكی خراپە ، كاك حەمەی حاجی مەحمود لەچەمچەمال دیفاعی لێ كردووەن .

**كاك سامی :**

لەشەڕی پارتیزانی مقەڕێكی حزبی و مقەڕێكی عەسكەری فەرقی نیە ، بەتایبەت بەنیسبەت پەكەكە ، ئەوان ئەورویا ئەكەن بەجێگەی عەسكەری ، لەبەرئەوەیە داوا لەبرادەران ئەكەین ڕێگایان پێ نەدەن ، بەتایبەت كەئەوان دژی پرۆسەی ئاشتین و ئاپشارنەوە ، وەلە (مەد TV) بەبەرنامە ئیش لەوەدەكەن سومعەی كوردستانی عیراق ناشیرین بكەن .

**دكتۆر كەمال :**

ئەوەی ئێمە تەئكیدی ئەكەین ، ئەوەیە كە برادەرانی ئێمە ئاگایان لەوە نیە ، چاویان لێ بووایەوە ئاگاداربوونایە ڕێگایان نەئەدان . ئێستا پەكەكە شكاتیان هەیە لەسەر هەندێ لەبرادەرانی ئێمە لەقەڵادزێ ، كەلێیان گیراوەوگوایە ئەزیەت دراون . ئەو ڕێگا پێ نەدانەش لەبەرخاتری ئەپارتی و نە توركیا نیە ، ئەوە قەناعەتی خۆمانەو لامان پەسەند نیە كەلای ئێمەوە پەلاماری هیچ لایەك بدرێت ، ئەوە لەلایەك و لەلایەكی ترەوە بەنامەعقولی ئەزانین دوای (١٩) دانیشتن بەكاری لەوجۆرە كێشەمان بۆ دروست بێت ، جاری تریش وتومانە ، ئەگەر بمانەوێ شتێك بكەین خۆمان ئەیكەین نەك بەخەلكی تر ، لەم كاتەدا كەوەفدی ئەمریكی دێت بەخەتەری ئەزانین .

**كاك سامی :**

ڕەنگە بەمەقسود لەم كاتە ئەوان ئەوە بكەن ، مەسەلەیەكی تر مقەڕی ئەوان لەناوچەی ناودەشت ، هیچ فەرقی نیە لەگەل مقەڕی عەسكەری و پەكەكە هەمووی چەكدارە . حەق نیە مقەڕیان لەوێ هەبێت .

**كاك عومەر :**

لەوێ هیچ مقەڕێكیان نیە ، لەهەر شوێنێ مقەڕیان هەبێ ئاگادارمان بكەن .

**كاك ئەرسەلان :**

كاك جەبار بەتایبەت جەولەی ئەو ناوچەیەی كردووە ، تەئكیدی كردووە كەهیچ مقەڕێكیان نیە .

**كاك سامی :**

بۆ جیهەتی سیاسی كوردی لەیەك مقەڕی عیلاقات وئیعلام زیاتر پێویست نیە ، بەڵام لەهەموو شوێنێ مقەڕێكیان هەبێت ، ئەوە بۆ ئیعلام نیە مقەڕی عەسكەرییە .

**كاك عارف :**

بەهۆی ئەوەی لەسلێمانی دیفاع ناكرێت ، زۆرچەكداریان هەیە ناوێرن بێنەوە ، لەم ڕۆژانە سێ كەسی خەلكی سلێمانی لای ئەوانەوە هاتبوون ، ئەیانوت ناوێرین بچینەوە بۆ سلێمانی .

**كاك ئەرسەلان :**

لێیان دێتەوەو كەسیش بۆی نیە هیچ قسەیەكیان لەگەل بكات . خۆ پەكەكە حاكم نیە ، لێیان قبول ناكەین قسە لەگەل هیچ كام لەوانە بكەن .

**كاك مەسعود :**

لەسەر مقەڕات و جموجولی پەكەكە ، تەحالوفی دیموكراتی دیفاعیان لێ بكەن ، ئەوە شتێكی خراپە ، كاك حەمەی حاجی مەحمود لەچەمچەمال دیفاعی لێ كردووەن .

کۆیه

## بیستهەم کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)
## پێنج شەممە ١٩٩٨/٧/٣٠ کۆیه

کۆبوونەوە سەعات (١١,٠٠) دەستی پێ کرد

کۆبوونەوەکە بە بەشداری:

وەفدی (ی.ن.ك) : دکتۆر کەمال فوئاد ، کاك عومەری سەید عەلی ، کاك ئەرسەلان بایز .

وەفدی (پ.د.ك) : کاك سامی عەبدولرەحمان ، کاك جەوهەر نامق ، کاك بروسك نوری شاوەیس .

**دکتۆر کەمال** :

بەخێربێن . . پێخۆشحاڵین کە کۆبوونەوەکانمان بەردەوامە . دوای ئەو چەند هەفتەیە کە کۆبوونەوەمان نەبوو ، هیوادارم لە کۆبوونەوەکانی داهاتوو حەقی بکەینەوە . بۆ بەرنامەی کۆبوونەوە چی پێشنیار ئەکەن باسی بکەین؟

**کاك سامی** :

زۆر سوپاستان ئەکەین ، بۆ بەرنامەی کۆبوونەوەکە پێم باشە سەرەتا باسێکی هاتنی وەفدی ئەمریکی بکەین کە رووداوێکی گرنگ بوو . وابزانم تا ئێستا وەفدی لەو مستەوایە ئەهاتۆتە کوردستان ، پێشان هەوڵمان ئەدا بزانین چارەنووسی ئێمە چی یە؟ لە دانیشتنی دووقۆڵی و لە موئتەمەری صەحەفیش هەر قسەی کردو تەئکیدی کرد کە حیمایە هەر ئەمێنێ ، وتی ئەگەر بە تەنیاش بێت حیمایە هەر دەکەین . بەڕەئی پارتی ئەوە گرنگترین شتە جارانی تر لێمان دەپرسین جوابی ئاشکرایان نەبوو ، بەڵام ئەمجارە بە ئاشکرا ئەو قسەیە دەکەن و دیارە یەعنی بەبێ تورکیاش رێگای تریان هەیە بۆ حیمایە . خاڵی دووەم کە تەئکیدی لەسەر کرد بەشی کوردستان لە بڕیاری ٩٨٦ بوو ، کە ئێستا عیراق و دۆستەکانی هەر لە محاوەلەن ، داوا ئەکەن هەموو عیراق وەك یەك بێت . بە تایبەت کە تەعویزات لە حصەی ئێمە دەرناچێت ، کاتی خۆی حسابێکمان کرد کە حصەی فەرد لە عیراق (٦٠) دۆلارە ، لە کوردستان نزیکەی (٨٠) دۆلارە .

پێمان وتون پێویستە جدی بیر لەوە بکەنەوە کاتێ حصلر لەسەر عیراق هەڵدەستێ ، سەدام ئەو پارەیە بۆچی سەرف دەکات؟ دیاربوو ئەو تەساؤلە لای ئەوان تازە بوو ، بەڵام تەئکیدی کرد کە حصلو هەڵناسێت . بۆ ئەو لیقائەش لە نێوان کاك مەسعودو مام جەلال کە باس دەکرا بەداخەوە نەبوو ، بەڵام لەگەڵ گەڕانەوەی لەسەفەرەکە ناڕازی نەبوو . دەعوەتی کاك مەسعودی کرد ، دەعوەتی مام جەلالیشی کرد ، تەصەوور ئەکەم لە مێشکیانە ئەو لیقائە ببێت . ئیتر نازانم لێرە ئەبێت یا لەوێ ئەبێت .

سیاسەتی ئێستای ئەمریکا ئەوەیە کە لەگەڵ عیراق رێك ناکەون و ئەزانن موعارەزەی عیراقی بەبێ کورد هیچ نیە ، مەشروعێکی موعارەزەیان هەیە . لەم ئەجوائە بزانین قەزیەی میلەتی خۆمان بەکوێ بگەیەنین؟ ئەوەش زۆر لەسەر یەکێتی و پارتی وەستاوە .

**دکتۆر کەمال** :

پێش ئەوەی بێمە سەرە قسەکان ، وێڵش بەمنی وت قسەکانی تۆو سامی عەبدولرەحمان هەروەك یەکن . مام جەلال هەڵی دایە وتی ئەوە سەبەبێکی هەیە کە هەردووکیان وەختی خۆی شیوعی بوون . (بۆ پێکەنینە)

بەنیسبەت هاتنی وەفدەکەوە بۆچوونی ئێمە هەروەك بۆچوونەکانی ئێوە وایە ، یەکەمجارە وەفدی ئەمریکا هێلی پانی (٣٦) ئەبەزێنێ ، ئەوە مەعنای وایە کەدەستبەرداری کورد نابن ، هۆکەشی دژایەتی یە لەگەڵ ڕژێم . قسەکانیشی لەکۆنگرەی ڕۆژنامەگەری بەئاشکرابوو بۆ دنیا بوو ، تەنیا قسەی دووقوڵی نەبوو . خاڵێکی تر باسی کەرکوکی کرد ئەوە بۆ ئێمە جێگای سەرنج بوو ، وتی ئەو تەرحیل و تەهجیرە جێگای شەرمەزاری یە . هەر لەم ڕۆژانەدا وەفدێکی UN هاتبوون بۆ لای ئێمە بۆ مەسەلەی تەعریب و تەهجیر ، وتیان ئێمە لەمەودوا ئەوە قبول ناکەین .

هەروەها وێلش باسی کرد کەلەگەڵ عێراق خاوی ناکەنەوە ، وەلەسەر حصار وتی ئێمە حصار لانابەین و ئەیان وت ڕێگا نادەین کوردستان پەلامار بدرێت ، وتیان ئینگلیز ١٠٠٪ لەگەڵمانن . لەسەر پرۆسەی ئاشتی تەئکیدیان لەسەر کرد کەبەردەوام بێت و بەرەو پێشەوە بچێت ، خاڵێکی تر تەئکید بوو لەسەر بڕیاری ٩٨٦ . مەسەلەی چاوپێکەوتنی مام جەلال و کاك مەسعود باس کرا ، ئێمە چەند تێبینی و سەرنجێکمان باس کرد ، کەئەگەر مەسەلەکان بڕابێتەوەو بۆ جێ بەجێ کردن بێت ئەوان یەکتر ببینن ، ئامادەین لەهەر شوێنێك بێت ، بەڵام دیارە ئەوە ئامادە نەبوو . مام جەلال وتی بەبێ ئەوەش من ئامادەم بچم بۆ مەسیف بەمەرجێ بۆ ڕۆژی دوایی کاك مەسعود لەڕەدی زیارەت دا بێتە کۆیە یان لەهیران و چنارۆك چاوپێکەوتن بکەین ، لەدەرەوەش ئێمە هیچ مەناعەتمان نیە چاوپێکەوتن بکەن ، باشتریش وایە پرۆژەیەك ئامادە بێت بۆ ئەوەی ئەو چاوپێکەوتنە ئەنجامێکی لێ بکەوێتەوە .

ئەو سەردانە بەو مستەوایە ، بەو مەعنایە بوو کەئەمریکا کوردی لەبیر نەچۆتەوە ، من لەگەڵ برادەرانی خۆمان وتم ئەوە ڕەنگە بۆ شتی ترو بەهۆی شتی ترەوە بێت ، لەبەر ئێمە نیە ، بەڵام وا کەوتۆتەوە .

ئێمە کاتی خۆی لەکۆبوونەوەیەکی بەرە لەرەواندز کرا ، وتمان کەئەمریکا حصار لانابات ، لەڕێگایەکی تایبەتەوە بەڵگەنامەیەکمان دەست کەوتبوو کەبەهیچ جۆرێ حصار لانابەن . لەقسەیەکدا بۆش ئەڵێت سەدام وەك ماسیەکی نەخۆشە لەناو ئاوێکدا ، ئێمە ووردە وردە ئاوەکە کەم ئەکەینەوە تا ئەکەوێتە بەردەست و لەپەلوپۆ ئەکەوێ ، دوایی دەرکەوت هەر لەسەر ئەو سیاسەتە بەردەوامن .

ئێستا بچینە سەر مەوزوعەکانی تر ، پێشنیار ئەکەم هەندێ وردە بابەت هەیە باسی بکەین و جارێکی تر بێینەوە سەر سەفەرەکەی وێلش .

ئەو مەسەلانە یەکێکیان قبوڵی مەرکەزی یە ، ئێمە جاری پێشوو لەسەر بەرنامەیەك ڕێکەوتین ، یەك خاڵ مابوو لەسەر ئەو قوتابیانەی لەدەرەوەی هەرێمەوە دێن . فەقەرەیەکی تریش نوسراوە ، مەجالی ئیستیسناء ئەدات ، کەئێمە لەگەڵ ئەوەبووین ئیستیسناء نەمێنێ ، ئەو خاڵە مەجال ئەدات بەسەرۆکی لیژنەی قبول ، قەناعەتی کرد قبول بکرێت ، کەرێکەوتنی پێشوومان مەعقول ترەو هەر لەسەر ئەوە بڕۆین .

**کاك سامی :**

بالملومس ئەوانەی لەئێرانەوە دێنەوە لای ئێمە ، هیچ فەرقێکیان بۆ ناکرێت .

ئەگەر هەر ببێت شتێکی باشە ، وتم بەڕای من ئەگەر ئەنجامێکی نەبێت خراپە ، هەندێکیش ئەڵێن ئەگەر لەو لیقائە هەموو شتێك چارەسەر نەبێت ئەوە ئەکرێت . من وتم نەئەوەو نەئەوە ، مام جەلالیش هەر ڕای وابوو . ئەگەر بەهاتنی وەفدی ئەمریکی ئەو لیقائە ببوایە زۆر باش ئەبوو . بەڵام ئەگەر شەرتی تێ بکەوێت ، تابعێکی تایبەت وەرئەگرێت . لەسەر قسەش لەگەڵ ئێمە هەندێ موقتەرەحاتیان باس کردووە حەتمەن داویانە بەئێوەش ، ئێمە وتمان ئامادەین هەموو شتێ باس بکەین ، هیچ نیە ئێمە ئەمانەوێ باسی بکەین .

**دکتۆر کەمال :**

لەسەر لیقائەکە ڕاستە ، مام جەلال چەند جارێك وتویەتی ئامادەم ، بۆ هەر شوێنێ پێویست بێت بۆ لیقاء بچم ، هەتا ئەگەر لەمەسیفیش بێت ، بەڵام هەموو جارێ وتویەتی ئەگەر ئەنجامێکی مەلموسی هەبێت .

ئەو مەسەلەیە لە مەکتەبی سیاسی باس کراو هەمان بۆچوونیش قائمە ، بۆ لیقائیش ، مام جەلال ئامادەیە ، بەمەرجێ بۆ ڕۆژی دوایی کاك مەسعود بۆ شوێنێ موقابل ڕەدی زیارەت بکاتەوە .

ئێمە وەك مەکتەبی سیاسی قسەمان لەگەڵ مام جەلال کرد ، هەموومان ڕەئیمان وابوو ، کەئەو لیقائە ئەگەر ئەنجامێکی نەبێت ، ئەکرێت ، بەموقابل تەوازنێك هەبێت بۆ ڕەدی زیارەت .

قسەکانی کاك مەسعودیش موشەجع نەبوو ، هەمان قسەکانی پێشووی لەگەڵ ئەحزابەکان دووبارە کردبووەوە . لەوانە تەرکیز لەسەر نەتائیجی حەقیقی هەڵبژاردنی ١٩٩٢ ، کەئەوە نەتائیجی حەقیقی نەبووە ، ئێمە هەردوولا ڕێکەوتووین لەسەری ، جیاوازی زۆریشی لەگەڵ حەقیقەتەکە نەبووە . زۆر جاریش باسی فیفتی فیفتی ئەکرێت ، من بەڕەئی خۆم ئەوە حاڵەتێکی خراپ نەبوو ، خەلەل لە تەعامول کردن بوو ، ئەگینا بەباشی معامەلەی لەگەڵ بکرایە ، ئەکرا لەولاتانی ترەوە چاوی لێ بکرایە ، ئەوەش بۆ هەتا هەتا نیە .

ئێستا ئێمە ئەڵێین حکومەتێکی هەڵبژاردن پێك بهێنین ، هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت ، بەپێی ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە حکومەت دروست بکەین . ڕامان وایە ئەکرێت حکومەتی دوای هەڵبژاردن نوێنەرەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بێت وهەموولاکان تیایدا بەشدارین .

وەفدی ئەمریکی دوای گەڕانەوەیان هەندێ پێشنیاریان بۆ ئێمە ناردووە ، کەتەراجوعی تیایە لەهەندێ خاڵ کەلەگەڵ ئێمەیان باس کردووە ، لەوانە وەزارەتی موشتەرەك ، ئێستا نووسیویانە تەنسیق هەبێت ، ئێمە دژی نین ، بەڵام ئەوە بەنیازی تەوحید کردن بێت . هەندێ تەعدیلات کراوە ، ئێمە دژی نین ، ئەو پێشنیارانەیان بەئینگلیزی بۆ ئێمە ناردووە ، ئێمە تەرجومەی کوردیمان کردووە ، ڕەنگە بۆ ئێوەشیان ناردبێت ، ئامادەین بیکەین بە (وەرەقەی عەمەل) ، هەرچەند هەموو شتێ نیە ، بەڵام ئەکرێت کاری لەسەر بکەین .

**کاك ئەرسەلان :**

هەردوولامان حەقیقەتێك ئەزانین ، ئێمە لەیەکێتی مام جەلال سکرتێرمانە ، ئێوە لەپارتی کاك مەسعود سەرۆکتانە ، هەردوولا ئیعتزاز بەسەرکردەی خۆمانەوە ئەکەین . ئێمە پارتی نین ، دیارە لەبەر ئەوەیە قیادەی کاك مەسعودمان قبول ئیە . ئێوەش یەکێتی نین ، چونکە قیادەی مام جەلالتان قبول ئیە . لیقائی مام جەلال و کاك

مەسعود ، قسە لەسەر تەمەنیات نیە ، سیاسەت لەسەر ئەساسێك ئەكرێت ، ناكرێت وەك كاك سامی ئەڵێت كێ ئەڵێ ئەنجامی باش نابێت ، سیاسەت لەسەر (كێ ئەڵێ) بنیات نانرێت .

لەلایەكی ترەوە بۆ هەر دەبێ قسە لەوە بكرێت مام جەلال بێتە لای كاك مەسعود؟ بۆ چی كاك مەسعود نەیەتە لای مام جەلال؟ خۆ ئەگەر ئێوە بڵێن كاك مەسعود براگەورەیە ، ئەوە لای ئێمە بەهیچ جۆرێ قبول نیە . پێویستە برادەرانی پارتی ئەوە لای خۆیان بسڕنەوە ، كە ئێمە كاك مەسعود بە براگەورە بزانین ، ئەوە لای ئێمە قبول نیە . ئەگەر ئێوە بتانەوێ مام جەلال بێتە ئەوێ لەسومعەی سیاسی بدەن ، ئێمە شەرقین ئەوە بەهیچ جۆرێ ئەوەمان قبول نیە . لەلایەكی ترەوە مام جەلال ئامادە بێت موبادەرە بكات ، كاك مەسعود ئامادە نەبێت رەدی زیارەت بكاتەوە ، لای ئێمە هەر قبول نیە .

**كاك عومەر :**

قسەوباس لەسەر ئەوە هەبوو كە دیڤید وێلش دێتە كوردستان ، تەرتیبی لیقائی مام جەلال و كاك مەسعود بكرێت ، ئەمەلێك هەبوو ، بەڵام ئێوە دوو رۆژ پێش هاتنی ، كۆبوونەوەیەكتان تەرتیب كرد لە (١٩) لایەنی لای خۆتان ، باستان كرد كە ئەوە حكومەتی هەرێم بەحساب لەهەولێر هەیە ، با ئینظیمـــامی پێوە بكەن . لەلایەكی ترەوە باس لەوە ئەكەن ئامادەن پێشوازی مام جەلال بكەن ، بەڵام مەرج نیە هەموو شتەكان چارەسەر بكرێت .

ئێوە لەسەر چ ئەساسێك ئەو قسانە ئەكەن ، لەسەر ئەساسی ئەوەی كە هەولێرتان لەبەردەستە؟ خۆتان ئەزانن چۆن هاتونەتە هەولێر؟ لەسەر ئەو ئەساسەی چەند ساڵە داهاتی گومرگتان لەبەر دەستە؟ لەسەر ئەساسی ئەوەی توركتان هێنایە سەر ئێمە؟

**كاك سامی :**

پێشتر ئێوە ئێرانتان هێنایە سەر ئێمە .

**كاك عومەر :**

ئێرانیش ، سەرەتا ئێوە هێناتان ، هەڵەبجەو پێنجوێن وقەڵادزێ وحاجی ئۆمەران وچۆمانتان داگیركرد . داهاتیش ئێستا لای ئێوەیە ، بابەوەیشەوە هەڵبژاردن بكەین بزانین ئەنجامی چی ئەبێت ، با كۆتـای بەم وەزعە بهێنین .

لای ئێمە خەڵكە كەمان پرسیار ئەكەن ، مەسەلەیەكی بەســیطی وەك گیراوەكان ، تا ئێستا چارەسەر نەبووە ، چەند مانگە كۆبوونەوە ئەكەین هیچی وامان نەكردووە . ئێمە وەكو ئەفغانستانیش نین ، كیانمان نیە ، خۆ ئەگەر كیانێكمان هەبوایە ، موهیم نەبوو ، بەڵام فرسەتەكەمان لەدەست ئەچێت ، لەبەر ئەوە تازە بگەڕێینەوە بۆ تەنسیقی وەزارات و دوای تەوحید؟

**كاك سامی :**

كەی ئێمە بە تەصریح یا بە تەلمیح وتومانە ئێوە كاك مەسعود بەزەعیمی خۆتان بزانن؟ چەند جار لەئێمەیان پرسیوە ، ئەم شەڕە لەسەر چی یە؟ وتومە لەسەر سولڵەیە . ئاشكرایە بەشی سولڵەی ئێمە كاك مەسعود لەسەرێ سولڵەیە ، لای ئێوەش هەروا مام جەلال لەسەری سولڵەی لای ئێوەیە .

**کاك ئەرسەلان :**

پرسیارێك ئەكەم ؛ لەسەر چ ئەساسێك ئەنیا مام جەلال بێتە لای کاك مەسعود ؟

**کاك سامی :**

خۆی وتی ، چەند جار کاك مەسعود دەعوەتی مام جەلالی کرد ، رەفزتان کرد ، دوایی خۆی وتی ئێمەش وتمان بەگەرمی پێشوازی لێ ئەکەین .

**کاك ئەرسەلان :**

لەبینایەی رووخاوی مەکتەبی سیاسی ئێوەوە ، مام جەلال دەعوەتێکی وای بکردایە ، ئێوە چیتان ئەوت؟ ئەوە دەعوەت کردنە ؟

**کاك سامی :**

ئەوە وەزعێکە ، مام جەلال ئەو موبادەرەیەی کرد ، پێ ی کەم نەبووە ، لای ئێمە پێ ی گەورە بووە ، تەصەور ئەکەم لای خەلکی تریش هەروابووە .

لیقائێك مەشروت بێت ، بەو شێوەیەی داواتان کردووە . لەرووی دبلۆماسیەوە رەنگە تەرحێکی زیرەکانە بێت ، ئەمرۆ مام جەلال بێت سبەی کاك مەسعود بگەرێتەوە ، بەلام رەنگە باشترین تەرح نەبێت . ئەگەر مام جەلال بێت و دەعوەتی کاك مەسعود بکات ، چۆن رەتی ئەکاتەوە ، چۆن قبولی ناکات؟ بەلام ئەمرۆ ئەو بێت و ئیلا بۆ سبەی رەدی زیارەت بکرێتەوە زۆر تەبیعی نیە .

ئەمجارە ئەو لیقائە نەبوو ، لەو بڕوایەدام هەردەبێ ببێ ، ئینشاءالله لەموستەقبەلا هەر دەبێت .

لەسەر حکومەتی موشتەرەکیش ئامادەین قسە بکەین ، هەر ئەمرۆ ئامادەین باسی تەشکیلی حکومەت بکەین . لەهەلبژاردن ، نەتائیجی هەلبژاردن بەفیعلی پارتی ( ٥١ ) و یەکێتی ( ٤٩ ) ی هێنا ، ئەوەش حساب ئەکەین ، بەسەرکیسەوە ئێمە هەر ( ٥١ ) ین . کاتی خۆی پارتی لەبەر ئەجوانی شەڕ ( ٥٠ بە ٥٠ ) ی قبول کرد ، تەنازولی کرد ، بەلام دوایی شەڕەکە بوو ، کەشەڕ بوو ، پارتی ئەو تەنازولە ناکات .

ئێستا ئامادەین باسی ئەوە بکەین و تەصریفی ئەو ( ٤٩ بە ٥١ ) یە بکەین ، ئێوە ئامادە نەبوون موناقەشەی ئەوە بکەن ، ئێمە تەئکید لەسەر ئەوە ئەکەین ، حکومەتی موشتەرەك کلیلی چارەسەرە . بەپێکهێنانی ئەو حکومەتە مەسەلەی داهاتیش یەکسەر عیلاج ئەبێت و هەرگیز راناکەین لەو مەسەلەیە . دەتانەوێ جاری باسی ئەوە ئەکەین ، ئەچینە تەفاسیل ، ئەوە بەدەست ئێوەیە ، ئەلێن ئامادەین باسی بکەین و لێمان بپرسن ، تەصریفەکەشتان پێ ئەلێین .

**کاك جەوهەر :**

وێلش ئەو موقتەرەحاتانەی ناردۆتەوە ، ئێمە دوو بۆچوونی جیاوازمان هەیە لەسەر دروست کردنی حکومەت . حەق نیە پاش بیست جەلسە بێینەوە سەر خالەکانی سفر ، ئەو قسانەی کاك ئەرسەلان باسی کرد ، حەق نەبوو ، ئەو شتانە کەس ئەتەرحی کردووە ئەباسی کردووە . حەق نیە باسی بەدیهیات بکەین و بەم نەفەسە باسی وەزعی خۆمان بکەین ، وەك ئەوەی کاك ئەرسەلان باسی کرد ، بۆ؟ چونکە ئێمە لەزۆربەی مەسەلەکان متفقین . هەردوولا متفقین کەوەزعەکە بەوشێوەیە لەمەسلحەتی میلەتەکەمان نیە ، متفقین لەسەر

( ٢٧٩ ) بیستەم کۆبوونەوە - کۆیە

(٢١)

## بیست و یەکەمین کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)
## چوارشەممە ١٩٩٨/٨/٥ شەقڵاوە

کۆبوونەوە سەعات (١٠,٥٥) دەستی پێ کرد

کۆبوونەوەکە بە بەشداری:

وەفدی (ی.ن.ك): دکتۆر کەمال فوئاد، کاك عومەری سەید عەلی، کاك ئەرسەلان بایز.

وەفدی (پ.د.ك): کاك سامی عەبدولرەحمان، کاك عارف تەیفور، کاك بروسك نوری شاوەیس.

**کاك سامی**: بەخێربێن چۆن حەز دەکەن دەست پێ بکەین؟

**دکتۆر کەمال**: بەرنامەیەك دابنێین.

**کاك سامی**:

دانیشتنی بەیانی بۆ تەعزیزی عەمەلیەی سەلام بێت و دانیشتنی پاش نیوەڕۆ بۆ خروقات و بابەتی تر.

**دکتۆر کەمال**:

هەندێ مەسەلە هەیە لەوەو پێش بڕیارمان لەسەر داوە، جێ بەجێ نەکراوە. خاڵێك پەیوەندی بەقبوڵی مەرکەزی یەوە هەیە، وەفدەکەی ئێمە دوێنێ و پێرێ لای ئێوە بوون، قسەم لەگەڵ کردن، وتیان ڕۆژی یەکەم وەفدی ئەوانمان نەدۆزیوەتەوە، ڕۆژی دوایی لەئەنجومەنی وەزیران چاومان پێیان کەوتووە، وتویانە ئەوی لەسەری ڕێکەوتبوین هەمووی هەڵوەشاوەتەوە، دکتۆر ڕۆژ پێ ی وتوین پار چۆن بووە بائەمساڵیش هەروابێت. ئێمە چەند کۆبوونەوەیەکمان بەو مەسەلەیەوە کوشت، لەسەر زۆر شت ڕێکەوتین، بەڵام لەوێ هەمووی هەڵوەشێنراوەتەوە، لەوانە:

- لەسەر زمانی کوردی نوسیویانە ئیختیاری نەبێت و لەداهاتوودا دیراسە ئەکرێت.
- لەسەر ڕەنگ و ناوی (خوێندکار و قوتابی) و ئەو مەسەلانە وتویانە هەروەك پار.
- خاڵێکیان لابردووە، کەئەڵێت لیژنەی قبوڵی مەرکەزی بڕیاری وەرگرتنی تەلەبەی دەرەوەی هەرێم بدات.

**کاك سامی**:

بۆ ئەو مەزوعە ئێمە لیژنەی فەنی نین، نازانم گۆڕانکاری یەکان چۆنە، ئەو موقتەرەحاتانە لای ئەوانەوە بۆ ئێمە هاتووە، ئێمە دەستکاری ئەوتۆمان نەکردووە، ئەوی تەئکیدمان لەسەرکرد، ئەوەبوو ئیستسنا نەبێت. ئێستاش ئێمە نابینە فەنی. بۆ زمانی کوردی وتمان ئیهتمامی پێ بدرێت، من لەوتاری مەکتەبی سیاسی لەموئتەمەری قوتابیان وتم یەکێك لەداواکانی کورد لەگشت مفاوەزاتەکان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی تەئکید بووە لەسەر خوێندنی زمانی کوردی، بەڵام بەتەحدید کەی جێ بەجێ دەبێت ئەوە شتێکی ترە، چونکە وتم لەبادینان تەلەبە بەعەرەبی دەخوێنێ. باس لەوە دەکرێ بەلەهجەی خۆی بخوێنێ، مەسیحیەکان عەینی موشکیلەیان هەیە. مەسەلەی تەلەبەی خارجی هەرێم، باسمان کرد کە شروتی وەرگرتنی هەبێت.

بیست و یەکەمین کۆبوونەوە ـ شەقڵاوە (١)

٢٢

**بیست و دووەمین کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ك)**
**چوار شەممە ١٢/٨/١٩٩٨ کۆیە**

کۆبونەوە سەعات (١١,١٠) دەستی پێ کرد

کۆبوونەوەکە بە بەشداری :

وەفدی (ی.ن.ك) : دکتۆر کەمال فوئاد ، کاك عومەری سەید عەلی ، کاك ئەرسەلان بایز .

وەفدی (پ.د.ك) : کاك سامی عەبدولڕەحمان ، کاك بروسك نوری شاوەیس .

**دکتۆر کەمال :**

زۆر بەخێربێن . . بەسەر خاڵەکانی کۆبوونەوەی پێشوودا بچینەوە ، لەوانە خاڵی (٦ ، ٨)ی پرۆژەی دیڤد ویلش .

**کاك سامی :**

سەرەتا داوای لێبوردن ئەکەم لەدواکەوتنمان و لەنەهاتنی کاك جەوهەریش ، کەنەخۆش بوو هۆی دواکەوتنەکەش هەر ئەوە بوو .

**کاك ئەرسەلان :**

ئەعلیقی خۆمان لەسەر هەبوو ، وتمان مەشغوڵن .

**کاك سامی :**

ئەوەشتان بۆ باس ئەکەین ، حەز ئەکەن بەوە دەست پێ دەکەین ، جەبهەی تورکمان جەوێکی ناموریحیان بەنیسبەت جەماوەر دروست کردبوو . (٢٦) مقەڕیان دانابوو هەندێکی عەسکەری بوون ، خەڵك لێی بێزاربوو .

شتێکیان داناوە بەناوی جەبهەی تورکمان ، لەحکومەت ئەچێت . دائیرەی تەربیە ، دائیرەی عەسکەری ، دائیرەی ئیعلامی ، ... تاد ، ئێمەش پێمان وتبوون کە دوو سوڵتە لەیەك شوێن نابێ ، موشکیلەی یەکێتی و پارتیش هەر لەسەر ئەوەیە . . تەنیا دوو حزبیان ئیجازەی وەرگرتووە ، حزبەکانی تری ناو جەبهەی تورکمان ئیجازەیان نیە . پارتی خاوەنی سوڵتەیە ئیجازەی لەحکومەت وەرگرتووە ، مەعنای چی ئێوە ئیجازە وەرناگرن .

بەڵام موشکیلەکە لەچی دەستی پێ کرد؟ . . کاك ئەرسەلان تۆ شارەزای هەولێریت (کورەچی) هەمووی تورکمانن؟

**کاك ئەرسەلان :**

نەخێر زۆریان خۆیان بەکورد دەزانن .

**کاك سامی :**

هەندێ لەوانە لەخۆیان جیابوونەتەوە ، بەبەر مقەڕدا هاتوچۆیان کردووە ، مقەڕەکەش لەنزیکی شوقەی ئیسکان بووە کەئاوارەی لێیە ، دیارە تەقەبووە لەنێوانیان . حەرەسەکانیان پێش ئەوانی تر هەڵهاتوون و خەڵکو ئاوارەش بەفرسەتیان زانیوە پەلاماری مقەڕەکەیان داوەو تاڵان کراوە .

**کاك عومەر :**

بیست و دووەمین کۆبوونەوە ـ کۆیە (١)

(٣)

## بیست و سێهه‌مین كۆبوونه‌وه‌ی لیژنه‌ی باڵا له‌وه‌فدی (ی.ن.ك)و (پ.د.ك)
## چوارشه‌ممه ١٩٩٨/٨/١٩ شه‌قلاوه

كۆبوونه‌وه سه‌عات (١٠,٥٥) ده‌ستی پێ كرد

كۆبوونه‌وه‌كه به به‌شداری:

وه‌فدی (ی.ن.ك) : دكتۆر كه‌مال فوئاد ، كاك عومه‌ری سه‌ید عه‌لی ، كاك ئه‌رسه‌لان بایز .

وه‌فدی (پ.د.ك) : كاك سامی عه‌بدوله‌ره‌حمان ، كاك جه‌وهه‌ر نامیق ، كاك بروسك نوری شاوه‌یس .

**كاك سامی** :

به‌خێربێن... وابزانم ئه‌مرۆ به‌رنامه‌یه‌كی چڕمان هه‌یه ، مه‌وزوعێكمان هه‌یه پێتان راده‌گه‌یێنین ، بۆیه حه‌ز ده‌كه‌ین زوو ته‌واو بین . باجه‌دوول ئه‌عمال دابنێین .

به‌رنامه‌ی كۆبوونه‌وه‌كه به‌م شێوه‌یه بڕیار درا :

(١- وه‌فدی فرانس لیبرتی . ٢- ته‌عزیزی پرۆسه‌ی ئاشتی (موقته‌ره‌حاتی ویلش) . ٣- موقته‌ره‌حاتی یه‌كێتی . ٤- موقته‌ره‌حاتی پارتی . ٥- پیاچوونه‌وه‌ی بڕیاره‌كانی كۆبوونه‌وه‌ی پێشوو . ٦- خروقات)

خالی یه‌كه‌م : ته‌عزیزی عه‌مه‌لیه‌ی سه‌لام .

**كاك سامی** :

ئێمه له‌خالی (٨) وه‌ستاوین ، باسی خالی (٧) مان نه‌كرد ، دیاره كاك عومه‌ر پاره‌ی زۆره بۆیه نایه‌وێ باسی بكه‌ین ، ئێمه له‌كۆبوونه‌وه ته‌لیحیشمان دا ، به‌ڵام ئێوه باستان نه‌كرد .

**كاك عومه‌ر** :

باست بۆ كردین كه صناعـــه ئیكتفای خۆی ئه‌كات و شاره‌وانی ئیكتفای خۆی ئه‌كات ، ئیتر میزانیه‌ی وه‌زاراتی چی باس بكه‌ین .

**دكتۆر كه‌مال** :

سه‌ره‌تا باسێكی سه‌ردانی وه‌فدی فرانس لیبرتی بكه‌ین ، چونكه ئه‌مریكای‌یه‌كان به‌رنامه‌یه‌كیان داناوه ، ئه‌و حه‌فته‌یه‌ی دووشه‌ممه ٧/ ٩/ ١٩٩٨ ده‌ست پێ ئه‌كات بۆ كاك مه‌سعود ده‌بێت ، ئه‌و حه‌فته‌یه‌ی له ١٤/ ٩/ ١٩٩٨ ده‌ست پێ ده‌كات بۆ مام جه‌لال ده‌بێت . له‌كۆتایی حه‌فته‌ی دووه‌م له‌گه‌ل هه‌ردوكیان دابنیشن ، ئه‌لێن ئه‌مه‌ش ته‌ثبیت نه‌كراوه ، له‌دوایی دا له‌مه‌وعدی نیهائی ئاگادارتان ئه‌كه‌ینه‌وه . وه‌فدی فرانس لیبرتی له ٦/ ٩/ ١٩٩٨ داخلی كوردستان ئه‌بن . حه‌زم كرد ئاگاداریان بكه‌ین له‌و مه‌وعده‌ی دیاریان كردووه ئه‌و به‌ڕێزانه لێره نابن ، ئه‌گه‌ر هه‌ر حه‌ز ئه‌كه‌ن بێن ئه‌وه مه‌علوماتیان هه‌بێت ، چونكه له‌به‌رنامه‌كه‌یان دا دایاننــاوه مام جه‌لال و كاك مه‌سعود ببینن .

**كاك سامی** :

ئه‌گه‌ر مه‌وعدی سه‌فه‌ر بۆ ئه‌مریكا ته‌ثبیت بوو ، ئاگاداریان بكه‌ین كه‌ئه‌و به‌ڕێزانه لێره نابن و پێمان باشـه هاتنه‌كه‌تان دوابخه‌ن .

**دكتۆر كه‌مال** :

با ئێمه پێیان نه‌لێن دوای بخه‌ن ، به بروسكه یه‌كتری ئاگادار ئه‌كه‌ین ، له‌سه‌ر مه‌بده‌ئه‌كه موته‌فقین .

بیست و سێهه‌مین كۆبوونه‌وه ــ شه‌قلاوه (١)

بۆ مەسەلەی داهات و حەصاریش بەنووسراوی کاک سالار کەلەلامانە مەمنوع بوو یەک فەنەفەش لەسلێمانیەوە بێت بۆ هەولێر ، طبعاً کاک سالاریش بڕیاری خۆی نەبووە .

**کاک جەوهەر :**

کەژمارە هاتە پێشەوە ئاو ڕانەوەستێ ، ئەو چواردە ملیۆنە x (٧٠) دینار بکەیت (١٠) ملیار دینار ئەکات .

**کاک سامی :**

حدودی یەک ملیار دینار دەکات .

**کاک جەوهەر :**

یەک ملیار دینار مەبلەغێکی گەورەیە ، ئیتر بۆ یەکێتی سەرف کراوە ، شەخسێک سەرفی کردووە ، ڕاستە ڕەنگە تۆیش نەزانیت چۆن سەرف کراوە و چی لێ هاتووە .

**کاک بروسک :**

ئەو تەعبیرە کەئەلێ پارەمەتی مەقەڕی بارزانی و پێشمەرگەکانی و فەرمانبەرو ئەوانە ڕاست نیە . ئەکرێت بلێی لە (١/٥)ەوە بۆ دەست پێ کردنی خولی دووەمی شەڕ لە ١٢/٢٤ من موچەی ئەو سنوورەم لەپاشەکەوتی حکومەتی هەرێم سەرف کردووە .

**دکتۆر کەمال :**

ڕاستە چواردە ملیۆن دۆلار لەخەزێنەی حکومەت هەبووە ، بەلام لە (١٩٩٤/٥/١)ەوە یەک دیناری ئیبراهیم خەلیل نەهاتۆتە خەزێنەی حکومەت ، لەدوای ڕووداوی مانگی نیسانەوە ، دیتەوە بیرم بڕیار درا ، لەو (١٤) ملیۆنە بۆ میزانیەی تایبەتی مام جەلال و کاک مەسعود یەکی (٦٠) هەزار دۆلار سەرف کرا . بۆ ئەو وەفدەش کەچوو بۆ پاریس (٦٠) هەزار دۆلاری بۆ سەرف کرا ، معاشی هەموو ناوچەکانیش لەو ماوەیەدا هەر لەو پارەیە سەرف ئەکرا ، بەلام بەداخەوە ئەو لیژنەیە دروست نەکرا بۆ تەحقیق لەو مەسەلەیە . دوای ئەوە مانگی ١١ کاک کۆسرەت و دکتۆر ڕۆژ چوون بۆ دهۆک ، باخۆیان بۆتان بگێڕنەوە چییان هێناوەتەوە؟ ئەوەی لەموقتەرەحاتەکە نووسراوە ڕاست کردنەوەی شتێکی زەحمەت نیە ، بەلام مەبەستەکەی ئەو فەترەیەیە کەئێمە لەهەولێر بووین و لەمیزانیەی حکومەت بەبێ جیاوازی بۆ معاش و بۆ هەموو حزبەکان سەرف کراوە .

**کاک سامی :**

هەموو کەس ئەیزانی ١٤ ملیۆن دۆلار لەخەزێنەی حکومەت هەبوو ، ئەوەی لەو ماوەیەدرا ، ئەیەکێتی دای ئەپارتی لەو ئیدخارە بوو .

**دکتۆر کەمال :**

صیغەکە واهاتووە ، چۆن یەکێتی لەو پارەیەی بۆ حکومەت و فەرمانبەرو ئەحزاب سەرف کردووە ، ئێوەش پێویستە وابکەن . ئەو ١٤ ملیۆنە بەراوردی ناکرێت لەگەل ئەو داهاتەی لە (١/٥)ەوە تا ئێستا کۆکراوەتەوە لای ئێوە ، هەموو جارێ ئێمە تەئکید ئەکەین ، لەگەل ئێنکەوتندا ، پێویستە سەرجەمی ئەو داهاتانە لەهەردوولا تەدقیق بکرێت و ئەوە یەکێک لەخاڵە جەزائیەکانە .

بەلام ئێستا باسێکی ئەوە بکەین لەسەر دروست کردنی حکومەت ڕاتان چی یە؟

بیست و سێهەمین کۆبوونەوە ـ شەقلاوە (٧)

(٤٢)

# بیست و چوارهه‌مین کۆبوونه‌وه‌ی لیژنه‌ی باڵا له‌وه‌فدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)
## شه‌ممه ١٩٩٨/٨/٢٩ کۆیه

کۆبوونه‌وه سه‌عات (١١,٠٥) ده‌ستی پێ کرد

کۆبوونه‌وه‌که به به‌شداری:

وه‌فدی (ی.ن.ك): دکتۆر که‌مال فوئاد، کاك عومه‌ری سه‌ید عه‌لی، کاك ئه‌رسه‌لان بایز.

وه‌فدی (پ.د.ك): کاك سامی عه‌بدولره‌حمان، کاك جه‌وهه‌ر نامق، کاك عارف ته‌یفور.

**دکتۆر که‌مال:**

زۆر به‌خێربێن.. وه‌ك هه‌موو جارێك به‌رنامه‌ی کۆبوونه‌وه دابرێژین.

**کاك سامی:**

زۆر سوپاس، پێش به‌رنامه‌که چه‌ند قسه‌یه‌ك هه‌یه بیکه‌ین، ئه‌و موباده‌ره‌یه‌ی کاك مه‌سعودو چوونی وه‌فده‌که‌و ئیستقبال کردنه‌که‌یان زۆر به‌ئیجابی ته‌قییم کرا، له‌ناوخۆو ده‌ره‌وه‌ش هه‌ر به‌ئیجابی ته‌قییم کرا.. شتی گرنگ شکاندنی حاجزی نه‌فسی یه، شکاندنی به‌سته‌له‌کی به‌ینی کاك مه‌سعودو مام جه‌لال، که‌ئه‌وه له‌غه‌رب وه‌ك شه‌رق نیه، لای ئێمه ئه‌هه‌میه‌تی خۆی هه‌یه. ئه‌و موباده‌ره‌یه موقه‌دیمه‌یه‌که بۆ سه‌فه‌ری ئه‌مریکا. براده‌ران هاتنه‌وه سه‌فه‌ره‌که‌یان به‌ئیجابی نرخاندو زۆر لایان ئیجابی بوو.

کاك مه‌سعود زۆر سوپاس ده‌کات، له‌رێگای ئێوه سڵاوی هه‌یه بۆ به‌رێز مام جه‌لال و هه‌موو براده‌ران، حه‌زی کرد ئه‌م قسانه له‌رێگای ئێوه بگات به‌مام جه‌لال. دیاره له‌هه‌موو لایه‌ك نیه‌تی ئاشتی هه‌یه. له‌نامه‌ی مام جه‌لال بۆ کاك مه‌سعود (تحریم و تجریمی) شه‌ڕی باس کردووه، ئێمه (١٠٠٪) له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ین. له‌چوون بۆ ئه‌مریکا فرسه‌تێکی باشتر هه‌یه، به‌تایبه‌ت که‌لیقائی ئه‌و دوو به‌رێزه ده‌بێت و کاك مه‌سعود ره‌ئی وایه ئاشتی زۆر پێویسته‌و ده‌بێ ئاشتی ببێت.

**دکتۆر که‌مال:**

له‌ناو یه‌کێتی و له‌ناو کۆمه‌ڵانی خه‌ڵك دا ئه‌و سه‌ردانه‌و به‌رده‌وامی ئه‌م کۆبوونه‌وه‌و چاوپێکه‌وتنانه ئیجابی باس ئه‌کرێت و ئێستا خه‌ڵك باس له‌وه ده‌که‌ن ئه‌م دانیشتنانه بێ به‌رهه‌م نه‌بووه‌و ئه‌نجامێکی له‌دوایه. هه‌موو ئه‌وانه‌ی به‌ئه‌نگ مه‌سه‌له‌ی میله‌ته‌که‌مانه‌وه‌ن، چاوه‌ڕوانن دوای ئه‌م کۆبوونه‌وانه به‌تایبه‌ت سه‌فه‌ری ئه‌مریکاو چاوپێکه‌وتنی به‌رێزان مام جه‌لال و کاك مه‌سعود، ئه‌نجامێکی باشی هه‌بێت، ئه‌گه‌ر وانه‌بێت ئه‌نجامه‌که‌ی پێچه‌وانه ئه‌بێته‌وه خه‌ڵك توشی بێ ئومێدی ئه‌بن، وا باشه پێش سه‌فه‌ره‌که‌ش هه‌ندێ هه‌نگاوی باش بنرێت که‌خزمه‌تی سه‌رکه‌وتنی سه‌فه‌ره‌که ئه‌کات. ئێمه پێمان باشه ئه‌و خاڵه بخه‌ینه به‌رنامه‌ی کۆبوونه‌وه‌که‌وه. وا باشه پێش سه‌فه‌ره‌که مام جه‌لال و کاك مه‌سعود شتێکیان له‌به‌رده‌ست دا بێت، به‌نیسبه‌ت راسپارده‌کانی کاك مه‌سعوده‌وه، سوپاسی ئه‌که‌ین، ئێمه‌ش سڵاوو رێزمان هه‌یه بۆی، ئه‌و قسه‌و راسپاردانه‌ش ئه‌گه‌یێنین به‌مام جه‌لال. هیواداری‌ن ئه‌نجامی باشی هه‌بێت.

٢٥

## بیست و پێنجەمین کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)
## یەک شەممە ١٩٩٨/٩/٦ شەقڵاوە

کۆبوونەوە سەعات (١١,٠٠) دەستی پێ کرد

کۆبوونەوەکە بە بەشداری:

وەفدی (ی.ن.ک) : کاک عومەری سەید عەلی، کاک عیماد ئەحمەد، کاک سەعدی ئەحمەد.

وەفدی (پ.د.ک) : کاک جەوهەر نامق، کاک عارف تەیفور، کاک مەسعود سالەیی.

**کاک جەوهەر** :

زۆر بەخێرهاتن، بەسەرچاو، بەخێرهاتنی کاک عیمادو کاک سەعدی ئەکەین، یەکەم جارە بەشداری ئەکەن، هیوادارم بەشداریتان کاری باش بکاتە سەر کۆبوونەوەکەمان.

**کاک عومەر** :

زۆر سوپاستان ئەکەین، پێمان باشە بەرنامەی کۆبوونەوەکە دابنێین، لەسەر داوای خۆتان نووسراومان دەربارەی بودجەکە بۆ ناردن.

**کاک عارف** :

پێمان نەگەیشتووە، بەڵام ئەکرێت بەبێ ئەوەش، باسی ئەکەین.

**کاک جەوهەر** :

حەز ئەکەن وەکو خاڵێک باسی ئەکەین.

**کاک عومەر** :

باشە، ئەم خاڵانە باس بکەین: بودجە، گیراوەکان، لیژنەیەک بۆ بێ سەرو شوێنەکان، سەبتەرەکان، ئاوارەکان، زانکۆو قبوڵی مەرکەزی، خروقات، ئاوی بانی خێلان.

**کاک جەوهەر** :

دیارە خاڵەکان موشتەرەکن، ئەگەر پیاچوونەوەی خاڵەکانی کۆبوونەوەی پێشوو بکەین، باسێک لەسەر ئەو گیراوانەی بەردراون، دەنگ دانەوەی بووە لەراگەیاندنەکانی جیهانیش، تەقییمێکی بکەین. لیژنەی بێ سەرو شوێنەکان دروست بکەین، کاک سەعدیش لێرەیە باسێکی کۆبوونەوەکەی لیژنەی بڕیاری ٩٨٦ بکەین، راگەیاندنیش باسێکی لێ بکەین، ئاخر شتێش خروقاتە.

خراپ نیە پیاچوونەوەی خاڵەکانی کۆبوونەوەی (٢٤) بکەین، باسمان لەسەر ردانی ئەو دوو بەرێزە کرد بۆ ئەمریکا، وا سەفەریان کردووە، هیوادارین سەرکەوتووبن و کۆتایی بەم وەزعە بێت. لەسەر گیراوەکان کارێکی باش بوو، لای ئێمە زۆر ئیجابی تەقییم کرا. بەڵام هێشتا ئەو لیستانە تەصفیە نەکراوە، کاری بۆ بکەین و تۆزێ صەبریش بێ چونکە کێشەی قانونی تێ ئەکەوێت. واباشە ئەوەی نەماوە کەس و کاری ئاگادار بکەین بڵێین نەماوە. شتێکی باشە لیژنەیەک دروست بکەین ئەو کارە بکات و سەقفێکی زەمەنیشی بۆ دابنێین، پەلەی تیا بکەین.

٢٦

## بیست و شەشەمین کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)
## پێنج شەممە ١٩٩٨/٩/١٧ کۆیە

کۆبوونەوە سەعات (١١,٠٥) دەستی پێ کرد

کۆبوونەوەکە بە بەشداری:

وەفدی (ی.ن.ك): كاك عومەری سەید عەلی، كاك عیماد ئەحمەد، كاك شاخەوان عەباس.

وەفدی (پ.د.ك): كاك جەوهەر نامیق، كاك عارف تەیفور، كاك بروسك نوری شاوەیس.

جەلسەی یەكەم بەئامادەبوونی لیژنەی دیاریكردنی چارەنووسی دیل و گیراوە بێ سەروشوێنەكان بوو، كە بریتی بوون لە: (مامۆستا سەیفەدین، بەكر یەعقوب، مامۆستا عەلی عەبدوللا، كوردە چاوشین) لەلایەن یەكێتییەوە. هەروەها (حسن فەقێ رەسولّ، سەباح رەشید، دكتۆر ئازاد حەویزی) لەلایەن پارتییەوە.

**كاك عومەر:**

زۆر بەخێربێن، سەرەتای ئەم دانیشتنە بەئامادەبوونی لیژنەی گیراوو بێ سەروشوێنەكان ئەنجام ئەدەین، بۆ بەرنامەی كۆبوونەوەكان چۆنتان پێ باشە؟

**كاك جەوهەر:**

زۆر سوپاستان ئەكەین بۆ بەخێرهاتن و پێشوازیەكەتان، خۆشحاڵین كەلیژنەی هاوبەشمان بۆ بێ سەروشوێنەكان پێك هێناوە، هیواداریین لەكارەكانیان سەركەوتووبن، پێم باشە بەكاری ئەوان دەست پێ بكەین، لەسەرەتای كۆبوونەوەكانی ئاشتی هەردوولا بریارمان دا دیل و گیراوەكان هەمووئازاد بكرێن، هەندێ كێشەو گرفتی تێ كەوت، بەڵام خۆشبەختانە كارەكە بەم ئەنجامە گەیشت، كەزۆربەی ئازادكراوە، ئەم لیژنەیەشمان پێك هێناوە بۆ موتابەعەی ئەوانەی دیارنین، كەلیژنەیەكی تەنفیزین بۆ دۆزینەوەی چارەنووسی ئەوانەی بێ سەروشوێنن و كارەكەیان دوورە لەراگەیاندن.

**كاك عومەر:**

ئەو رایەی كاك جەوهەر زۆر باشە، كەئەم لیژنەیە لیژنەیەكی تەنفیزیە، بەپێی ئەو مەعلوماتەی بۆیان دێت لێكۆڵینەوە لەچارەنووسی بێ سەروشوێنەكان دەكەن و زۆر باشە دووریش بن لەقسەكردن بۆ راگەیاندن، بەڵام بۆ چۆنێتی ئەنجامدانی كارەكەیان پێم باشە خۆیان كۆبوونەوەیەكی هاوبەشی بۆ بكەن و ئەبێ بگەرێنەوە بۆ بەڵگەنامەكان لەلیستەكانی هەردوولاو نامەو نووسراوی ســەلیی ئەحمەرو چاوپێكەوتنی خزم و كەس و كاریان، كەهەندێكیان مواجەهەیان كراوە، هەروەها ئەوانەی بەربوون كێ یان لەگەڵ زیندان بووە لەقاوشەكان، پێویستە لیژنەكە ئەوپەری ئازادییان هەبێت بۆ گەران و سەردان و زیارەتی مەیدانی ماڵ و كەس و كاری بێ سەروشوێنەكان لەسنوورەكانی هەردوولا. ئەشێ خەڵك هەبێت بەربووبێت لەهەردوولا، كەسی ئاگادار نەكردبێت، یان نەماوە رەنگە لاشەكەشی دەست كەوتبێتەوەو نێژرابێت، بەڵام هێشتا هەر نیدیعای ئەكرێت كە بێ سەروشوێنە، ئەم لیژنەیە كاری ئەوەیە لەو ووردە كاریانە بكۆڵێتەوە.

**پاشکۆی ژمارە (١١-١)**

تایبەت بە مەحزەری کۆبوونەوەکانی نێوان (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لە دوای ڕێککەوتنامەی واشینطۆن تا ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردولا.

(٧)

**بیست و حەوتەمین کۆبوونەوەی لیژنەی بالا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)**
**شەممە ١٩٩٨/٩/٢٦ شەقلاوە**

کۆبوونەوە، سەعات (١١,٥٥) دەستی پێ کرد

بە بەشداری :

وەفدی (ی.ن.ک) : کاک عومەری سەید عەلی، کاک عیماد ئەحمەد، کاک سەعدی ئەحمەد پیرە.

وەفدی (پ.د.ک) : کاک جەوهەر نامق، کاک عارف تەیفور، کاک بروسک نوری شاوەیس.

**کاک جەوهەر :**

بەخێرهاتنێکی گەرمتان ئەکەین بۆ کۆبوونەوەی (٢٧)، هیوادارم لەم کۆبوونەوەیە، ئەوەی پێویستە جێبەجێی بکەین و زیاتر زەمینە خۆش بکەین بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو ڕێککەوتنە مێژوویی یە.

**کاک عومەر :**

زۆر سوپاستان ئەکەین، ئێمەش زۆر خۆشحالین ئەو کۆبوونەوەیە لەئاستی لوتکە، لەبەردەم وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئەنجامدرا، سەرکەوتنێکی گەورە بوو نەک هەر بۆ یەکێتی و پارتی، بەلکو بۆ میللەتەکەمان، ئەو نیگەرانیەی هەمان بوو لەسەرچارەنووسی گەلەکەمان و تەجروبەکەی بەم کۆبوونەوەو ڕێکەوتنە تا رادەیەک کەم بووەوە.

ئێمەش هیواداریین ئەو خالانەی تا ئێستا جێ بەجێ نەکراوە وەک گیراوەکان، هاتو چۆی هاولاتیان، ئاوارەکان، سەیتەرەکان، بازرگانی و گومرگ، راگەیاندن، گۆڕینەوەو ئازادی چاپەمەنی هەردوولا، جێ بەجێ بکرێن.

**کاک جەوهەر :**

پیاچوونەوەیەکی خالەکانی کۆبوونەوەی پێشوو ئەنجام بدەین، بزانین چیمان ئەنجامداوە، چیمان ئەنجام نەداوە، باسی لێ بکەین، ئەوە خالێکی سابتی هەموو کۆبوونەوەکانە.

خالێکی تر باسێکی ئەو ڕێکەوتنە بکەین، بزانین چی بکەین بۆ جێ بەجێ کردنی، لە ١٩٩٧/٩/١٧ کۆبوونەوەیەکی باش دەربارەی ٩٨٦ کرا لەسلێمانی، کاک سەعدی لێرەیە باسێکی ئەوەمان بۆ بکات. بریار بوو چەند لیژنەیەکمان کۆببنەوە. لیژنەی هاتوچۆو بازرگانی کۆنە بوونەوە، بزانین بۆچی کۆنەبوونەتەوە؟

بەرنامەکە بەم شێوەیە دانرا :

١- پیاچوونەوەی بریارەکانی پێشوو. ٢- ڕێکەوتنی واشنتۆن. ٣- بریاری ٩٨٦. ٤- موتەفەریقە.

**کاک عیماد :**

خالێکی تر، باسی ئالیەتی جێ بەجێ کردنی ئەو ڕێکەوتننامەیە بکەین.

**کاک عومەر :**

ئەوەی کاک عیماد پێشنیاری کرد زۆر باشە، بەلام ئێمە چەند مانگە ئەو خالانەی باسمان کردو بریارمان لێ داوە، هێشتا جێ بەجێ نەکراوە، تا ئێستا گرتن هەیە، وەزعی سەیتەرەکان باش نیە، سنووورداشەکان بریار بوو کەسیان لە (٤٨) سەعات زیاتر نەمێننەوە، بەلام نمونەمان هەیە کە وانی یە. نازانین پێوانەی سەعات

بیست و حەوتەمین کۆبوونەوە ـ شەقلاوە (١)

سەرچاوە: وەرگیراوە لە ئەرشیفی بنکەی ژین بۆ بوژاندنەوەی کەلەپوری و بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانی کوردی

(٢٨)

## بیست و هەشتەمین کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)
## شەممە ٣/١٠/١٩٩٨ کۆیە

کۆبوونەوە سەعات (١١,٠٥) دەستی پێ کرد

بە بەشداری:

وەفدی (ی.ن.ک): کاك عومەری سەید عەلی، کاك عیماد ئەحمەد، کاك سەعدی ئەحمەد پیرە.

وەفدی (پ.د.ك): کاك جەوهەر نامق، کاك عارف تەیفور، کاك یوسك نوری شاوەیس.

**کاك عومەر:**

زۆر بەخێربێن. . بەرنامەی کۆبوونەکە دابنێین، فەرموو کاك جەوهەر.

**کاك جەوهەر:**

زۆر سوپاستان ئەکەین، وەك کردومانە بەعادەت پیاچوونەوەی بڕیارەکانی پێشوو بکەین، ئەو لیژنانەی دامان نابوون کۆبوونەوەی خۆیان کردووە، هەندێ پێشنیاریان کردووە، بۆ ئەوەی ئێمە لێرە بڕیاریان بۆ بدەین لەسەر سەیتەرەکان وهاتوچۆ. لەگەڵ ڤابیتات ئیشی باش کراوە، وابکەین بەهەردوولا بەموشتەرەك زەختیان لێ بکەین، ئیشەکان بەباشی بڕوات، هەر شتێك ئەبێت لەهەرلایەك ئاگاداری یەکتر بکەینەوە. مەسەلەی کتێبیش زۆر باش بووە، زۆرباشە بڕیار بدرێت لای خۆمان چاپ بکرێت. بۆ خوێندنی باڵاش هیچ ئیشکالێك نەماوە. مەسەلەی بازرگانیش وابزانم گرفت نەماوە. رێکەوتوون لەهەردوولایەك نوقطە ویەك گومرگ هەبێت، برادەرانی ئێمە داوایان کردووە ترانزێت کەم بکرێتەوە، لەسەیتەرات هەردوولا موتەفقن دوو سەیتەرە هەبێت. لای ئێمە باوەقوب وحەسارۆك، لای ئێوەش دەروازەی کۆیەو ئاسلوجە بمێنێ. لەهەردوولا گازەندەی زۆر هەیە لەسەریەکتر، لیژنەی هەردوولا گلەییان هەیە کەلەسەیتەرەکان تەعلیمات جێ بەجێ ناکرێت. لەسەیتەرەکانیش فرە مەرجەعی هەیە بۆ بڕیار، کارێك بکەین یەك سەرچاوەی بڕیار هەبێت.

**کاك عومەر:**

لیژنەی بازگەوهاتوچۆو بازرگانی وکارەبا کۆبوونەتەوە. دوو رێکەوتنیان کردووە، دەربارەی بازگەکان لەهەردوولا تەنیا دوو بازگە بمێنێ، لەبازگەکان ولەئاسایش پسولە بۆکردن نەمێنێ. مەسەلەیەکی تر گومرگەکانە، رێکەوتوون هەردوولا لەسەر کەل وپەل هەر یەك ترانزێت ویەك گومرگ وەربگیرێ. مەسەلەی ئاوی بانی خێلان هەبوو باسیان کردووە.

**کاك جەوهەر:**

لەو بارەیەوە بڕیاریان داوە پرس بکەن ولەکۆبوونەوەی داهاتو جوابیان لێ بگێڕنەوە.

**کاك عومەر:**

بەرنامەکە دابنێین.

بەرنامەی کۆبوونەوەکە بریتی یە لە:

١- پیاچوونەوەی بڕیارەکانی پێشوو. ٢- لیژنەکان بەگشتی (٩٨٦، هاتوچۆ و بازرگانی، پەروەردەو خوێندنی باڵا، بێ سەروشوێنەکان. ٣- ئاوارەکان. ٤- راگەیاندن. ٥- بودجە. ٦- موتەفەریقە.

بیست وهەشتەمین کۆبوونەوە ـ کۆیە (١)

(٢٩)

## بیست و نۆیەمین کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)
## پێنج شەممە ١٩٩٨/١٠/١٥ شەقڵاوە

کۆبوونەوە سەعات (١٠,٥٠) دەستی پێ کرد

بە بەشداری :

وەفدی (ی.ن.ك) : کاك عومەری سەید عەلی، کاك عیماد ئەحمەد، کاك سەعدی ئەحمەد پیرە.

وەفدی (پ.د.ك) : کاك جەوهەر نامق، کاك عارف تەیفور، کاك بروسك نوری شاوەیس.

**کاك جەوهەر :**

بەخێربێن، سەرچاوان.

**کاك عومەر :**

زۆر سوپاستان ئەکەین و سوپاس بۆ ئەو پێشوازی‌یە، لەهەفتەی رابوردوو لیژنە فەرعیەکان کۆبوونەوەی خۆیان کردووە، پیاچوونەوەیەکی کارەکانی پێشوو بکەین، پاشان بەرنامەی کۆبوونەوەکە دابنێین.

**کاك جەوهەر :**

زۆر باشە (لیژنەکان، هاتوچۆو بازرگانی، بڕیاری ٩٨٦ (هابیتات، خوێندنی باڵا، کشت و کاڵ)، گیراوو بێ سەروشوێنەکان، کۆبوونەوەی راگەیاندن.)

بەرنامەی کۆبوونەوەکە بەم شێوەیە دانرا :

١- لیژنەکان. ٢- پرۆژەی بودجە. ٣- باسی پەکەکە. ٤- جیهازی بێ تەلی کارەبای نێوان دوکان و هەولێر. ٥- ئاوارەکان. ٦- موتەفەریقە.

**کاك عیماد :**

پێشنیار ئەکەم لەهەموو کۆبوونەوەکان کورتەیەك باسی وەزعی سیاسیش بکەین.

**کاك جەوهەر :**

شتێکی زۆر باشە، لەهەموو کۆبوونەوەکان بیکەین بەعادەت، لەو هەفتەیەدا باسێکی وەزعی سیاسی بکەین.

**کاك عیماد :**

مەسەلەی ئەساسی رێکەوتنەکەی خۆمان و هەڵوێستی وڵاتانی دراوسێ‌یە، هەروەها کێشەی نێوان تورکیا و سوریا، کەئەزمەیەکەو کاریگەری لەسەر مەسەلەی کورد لەتورکیا هەیەو پەکەکەش باجی ئەدات، هەوڵ ئەدەین کاریگەری بۆ سەر مەسەلەی کورد لەتورکیا بە خراپ نەبێت. ئەو کێشەیەش زیاتر پەیوەستە بەمەسەلەی ئاشتی نێوان عەرەب و ئیسرائیل. لەمەسەلەی رێکەوتنی خۆمان، عیراق پێ ی ناخۆشە، حەزیان ئەکرد ئەوە لەبەغدا بکرێت، لەم ماوەیەش بەگەرمی دەستی کردووە بەتەعریب.

**کاك جەوهەر :**

لەبۆچوونەکان دوور نین لەیەکەوە، لەو ئاڵۆزبوونەی وەزعەکە پێویستە وەك کورد تەماشای ئەوە بکەین قازانج لەچی ئەکەین و لەچی زەرەر ئەکەین؟ شاراوە نی‌یە دووەلی ئیقلیم ئەو رێکەوتنەیان پێ خۆش نی‌یە. کێشەی تورکیاو سووریا یەکێك لەسەبەبەکانی ئەو رێکەوتنەی ئێمەو ئەزموونەکەی ئێمەیە، عاملێك لەو

(٢٠)

## سێیەمین کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)
## پێنج شەممە ١٩٩٨/١٠/٢٢ کۆیە

کۆبوونەوە سەعات (١١,٠٠) دەستی پێ کرد

بە بەشداری :

وەفدی (ی.ن.ك) : کاك عومەری سەید عەلی، کاك ئەرسەلان بایز، کاك عیماد ئەحمەد .

وەفدی (پ.د.ك) : کاك جەوهەر نامق، کاك عارف تەیفور، کاك بروسك نوری شاوەیس .

**کاك عومەر** :

زۆر بەخێربێن . خۆشحاڵ بووین . بفەرموون بەرنامەی کۆبوونەوەکەمان دابنێین .

**کاك جەوهەر** :

لەخاڵەکانی کۆبوونەوەی پێشوو چەند خاڵێکمان بەجێ هێشت، سەرەتا پیاچوونەوەی بڕیارەکانی پێشوو بکەین، دوایی باسی خاڵی پەکەکە بکەین لەگەڵ موتەفەریقە .

**کاك عومەر** :

پیاچوونەوەی بڕیارەکان، باسی ئاسایی کردنەوەی شارەکان، ئیدارەی حکومەتی یەکگرتوو، داهات و بودجەش باس بکەین .

بڕیار درا بەرنامەی کۆبوونەوەکە بەم شێوەیە بێت :

١-پیاچوونەوەی بڕیارەکانی پێشوو . ٢-پەکەکە . ٣-ئاسایی کردنەوەی شارەکان . ٤-ئیدارەی یەکگرتوو . ٥-بودجە . ٦-موتەفەریقە .

**کاك جەوهەر** :

لەگەڵ کۆبوونەوەی پێشوو لەوەزعی عام گۆڕانێکی ئەوتۆ نەبووە . دوو خاڵ نەبێت یەکێکیان کێشەی تورکیاو سوریایە ، بەپێی وەکالات رێکەوتنێك بووە ، سوریا رازی بووە بەداوای تورك ، شتێکیش پەیوەندی راستەوخۆی بەئێمەوە هەیە ، پێشنیاری کۆبوونەوەی سێ قۆڵی تورکیاو سوریاو ئێرانە کەهەوڵ ئەدەن بۆ ئەوەی رێکەوتنەکە سەرنەگرێ . موافەقەتی سوریاش لەسەر داوای تورك کار لەوەزعی پەکەکە ئەکات، کەئەوان لەسوریاوە ئەهاتن، بەپێی ئەو بڕیارە ئیتر ناتوانن بەو شێوەیە جموجوڵ بکەن، خاڵێکی تر پرۆسەی ئاشتی عەرەب ئیسرائیل و ئیحتمالی رێکەوتنی فەلەستینیەکان و ئیسرائیل لەئارادایە .

**کاك عومەر** :

لەگەڵ مۆرکردنی رێکەوتننامەی واشنتۆن، تورکیا لەهەڕەشەی خۆی بەردەوامە بۆ سەر مەسەلەی کورد، بەتایبەتی کوردستانی عیراق ئەوەی لەمیدیادا هەیە ، سوریا لەمەنگەنەدایە لەدوولاوە زەغتی لێ ئەکرێت، تورکیاو ئیسرائیل، وەزعی عەرەبیش بەگشتی وەزعێکی باش نیەو کەس بەخیلییان پێ نابات . بەرێکەوتنی تورکیا و سوریا ، حەرەکەی کوردیش لەتورکیا بەو رێکەوتنە وەزعی باش نابێت و کاری بۆ سەر ئێمەش هەیە . بە محاوەلەی نوێ کردنەوەی کۆبوونەوەی سێ قۆڵی، محاوەلە ئەکەن عیراقیش رابکێشن و بیکەن بەچوارقۆڵی دژی ئێمە ، هەموو هەوڵیان بۆ ئەوەیە زیان لەحەرەکەی کوردی بدەن . لەبەرامبەردا پێویستە

سێیەمین کۆبوونەوە- کۆیە (١)

(٣١)

شاندراوە

## سی و یەکەمین کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)
## پێنج شەممە ١٩٩٨/١٠/٢٩ شەقڵاوە

کۆبوونەوە سەعات (١١,٠٠) دەستی پێ کرد

بە بەشداری:

وەفدی (ی.ن.ك): دکتۆر کەمال فوئاد، کاك عومەری سەید عەلی، کاك ئەرسەلان بایز.

وەفدی (پ.د.ك): کاك سامی عەبدولڕەحمان، کاك جەوهەر نامق، کاك عارف تەیفور.

**کاك سامی**:

زۆر بەخێربێن بۆ شەقڵاوە.

**دکتۆر کەمال**:

زۆر سوپاستان ئەکەین، پێخۆشحاڵین کۆبوونەوەکان بەردەوام بوو، کەئێمە بەجێمان هێشت کۆبوونەوەی (٢٤) بوو، وا ئێستا کۆبوونەوەی (٣١)ە.

ڕێکەوتنی واشنتۆن لە ١٩٩٨/٩/١٧ ئیمزا کراو نوسخەی لای هەموومان هەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کاك سامی خۆی لەوێ بووە، ئەگەر شتێکی غەیری ئەوەی لەدەقەکەدا هاتووە هەبێت، بۆمان باس بکات، دوایی بەرنامەی کۆبوونەوەکە دابنێین.

ئەوەی زانیومانە، پێرێ مام جەلال و کاك مەسعود جارێکی تر لەلەندەن کۆبوونەتەوە.

**کاك سامی**:

ئەگەر ئیجازە بدەن تۆزێ دەربارەی ڕێکەوتنەکە قسە بکەم: حەز ئەکەم برادەرانی ئەم لیژنەیە بزانن تا ئەو کاتە (٢٤) و ئێستا (٣١) کۆبوونەوە کراوە، جهودیان بەفیڕۆ نەچووە، ئەوانەی موتابەعەی وەزعی کورد ئەکەن لایان گرنگ بوو کورد بەبێ خەڵك خۆیان هەموو هەفتەیەك کۆدەبنەوە بۆ چارەسەری کێشەکان و هەنگاونان بەرەو ئاشتی. خەڵکێك دەیوت حەلقەی (گۆدەلوپی)یە، بەڵام لەدەرەوەو لای ئەوانەی موتابەعەی وەزعی کورد دەکەن و شارەزای وەزعی کوردستانن زۆر جێگای سەرنج و گرنگی پێ دان بوون.

من وای بۆ ئەچم ئەو کۆبوونەوانەی کران، جەوێکی وای دروست کرد، بتوانین پێکەوە دابنیشین و بگەینە ڕێکەوتن. ئەو لیقائاتەی واشنتۆن و ئەوروپا بوعدی دەولی ڕێکەوتنەکەیە. ئەو دوو زیارەتە ڕەسمیەی وەفدی هەردوولا کردی لەئاستی زۆر بەرز ئیستقبال کرا، لەوەزیری ناوخۆ، موستەشاری ئەمنی قەومی، مەسئولی فایلی عیراق و مافی مرۆڤ لەعیراق و زۆر مەسئولینی گەورە لەوەزارەتی ناوخۆ. بالمناسبە وەزارەتی خارجیە پڕە لەجولەکە.

ناحیەی دووەم؛ ئەمە یەکەمین لیقائی کوردی صرفـــە لەگەڵ حکومەتی ئەمریکی بەتەنیاو بەبێ لایەن و کەسی تر، جاران هیچ نەبوایە دەبوو لەگەڵ موعارەضە بێت، ئیتر ناچار دەبوو عەمیلێك یا یەکێك بەوناوەوە دەبوو ئامادە بوایە. ئەمەی ئێستا سەرکەوتنێکی ئێجگار گەورەیە بۆ قەزیەی کوردی، گفتوگۆکان هەمووی لەوەزارەتی خارجیە ئەکرا، هەمووی بە حضوری دیڤد ویلش و لەو بەینە مارتن ئەندیك دەعوەتی دەکردین، زۆر مەسئولینی تر بەشداریان کرد.

١- مەسەلەی پارەو پول بېرێنینەوە . ٢- ئاسایی کردنەوەی شارەکان باس بکەین . ٣- چۆن هەنگاو بنێین بۆ دروست کردنی حکومەتی یەکگرتوو . ٤- ئەوەی لەکۆبوونەوەکانی پێشوو ماوەتەوە لەگیراوەکان ، کەناونراوە بەپێداچوونەوە باسی بکەین .

**کاك جەوهەر** :

کردبوومان بەعادەت ، سەرەتا پیاچوونەوەی بڕیارەکانی پێشوومان بکەین ، لەوەوە دەست پێ بکەین باشە ، دوایی بچینە سەر خاڵەکانی تر ، لیژنەکان کاری خۆیان کردووە .

**کاك عارف** :

خاڵی موتەفەریقەش زیاد بکەین .

**کاك سامی** :

ئەو جەدوەلە باشە و پێم باشە خاڵی یەکەکەش باس بکەین .

**کاك عومەر** :

لەسەر مەسەلەی گیراوەکان توزێ چەقین هەیە ، ئەوە بزانین لەشەڕی ناوخۆ هەردوولا شتی خراپمان بەرامبەر بەیەك کردووە . دیارە لەشەڕیش دا هەموو شتەکان زەبت ناکرێت و کەشەڕبوو زۆر شت روونەدات حەزت لێ نەکردووە ، بەرنامەشت بۆ دانەناوە .

لەلیستێ بێ سەرو شوێنەکانی ئێوە هەیە لاشەکەی تەسلیم بەکەس و کاری کراوە ، نێژراوە . ئێمە لە ٣١ی ئاب خەلکێکی زۆرمان دیار نی یە ، گیراوی ئێوەشمان بۆ دەرنەکراوە ، ئێمە خۆمان بەتەواوی بۆ دەرنەکراوە ، لەوانەیە حکومەتی عیراق زۆر لەوانەی هەردوولای لەناو بردبێت و لاشەکەشی دیار نەبێت ، بەنیازی ئەوەی ناکۆکیمان قوڵتر بێتەوە و ئێمە خەتای ئێوە بگرین و ئێوە خەتای ئێمە .

خاڵێکی تر ، خەلکی تازە نەگیرێ لای ئێوە ، مەسەلەی سنورداش کەبڕیاربوو لە (٤٨) سەعات زیاتر نەمێننەوە ، بەلام هەیە هەر ماوە . لیژنەی خوێندنی بالا ، دوێنێ کۆبوونەتەوە ، کارەکانیان باش ئەڕوات . گومرگ نالێین کەم نەبۆتەوە ، بەلام هێشتا عیلاجی تەواو نەکراوە .

مەسەلەی ئاوارەکان ، ئێمە لیژنەمان بۆ دروست کردووە ، ئەو مالانەش مەجموعی (١٦٩) مال بوون بەدرێژایی ئەو چەند مانگە شوێنمان بۆ پەیدا کردون ، لەم مانگەدا (٦٧) مالمان ئیزن داوە ، یەکی دوو هەزار دینارمان داونەتێ ، (٥-٦) مالیان خۆیان رێك کەوتوون کرێیان بدەنێ ، هەر کەسێکیش ئیشکالێکی هەبوو ، نامەیەکی بدەنێ بابێتە ، لای من کێشەکەی بۆ عیلاج بکەم .

منیش پێ دائەگرم لەسەر ئەوەی کێشەی گیراوەکان ببڕێتەوە و ئاوارەکانیش بگێڕینەوە .

**دکتۆر کەمال** :

من لای برادەرانی خۆشمان وتومە هیچ دیفاع لەسنورداش ناکەم و ئەوانە کەس دەری نەکردوون و خۆیان رۆیشتوون .

سی و یەکەمین کۆبوونەوە - شەقلاوە (٥)

32

## سىو دووەمين كۆبوونەوەی ليژنەی بالا لەوەفدی (ی.ن.ك)و (پ.د.ك)
## پێنج شەممە ١٩٩٨/١١/٥ كۆيە

كۆبوونەوە سەعات (١٠,٥٥) دەستی پێ كرد

بە بەشداری :

وەفدی (ی.ن.ك) : دكتۆر كەمال فوئاد ، كاك عومەری سەيد عەلی ، كاك ئەرسەلان بايز .

وەفدی (پ.د.ك) : كاك سامی عەبدولرەحمان ، كاك جەوهەر نامق ، كاك عارف تەيفور .

هەفتەی پێشوو بڕيار درابوو چوارشەممە كۆبوونەوە بكرێت ، لەسەر داوای وەفدی پارتی دواخرا ، بۆ پێنج شەممە .

**دكتۆر كەمال :**

زۆر بەخێربێن ، فەرموون با بەرنامەی كۆبوونەوەكە دابنێين .

**كاك سامی :**

زۆر سوپاستان دەكەين . . بارودۆخی سياسی ، پياچوونەوەی بڕيارەكانی پێشوو .

**دكتۆر كەمال :**

پێداچوونەوەكە ووردبكەينەوە ، بريتی يە لە ؛ ميزانيە ، ئاسايی كردنەوە ، دروست كردنی حكومەت .

**كاك سامی :**

دەربارەی هاتنی مام جەلال بۆ ئەنقەرە ، لەدكتۆرم پرسی ، لەراگەياندن قسەی متـــانقض هەيە ، دراوسێ باشەكانيش قسەی باشمان بۆ ناكەن .

**دكتۆر كەمال :**

دوێنێ شەو دوای سەعات ١٢ پرسيمان ، دواهەوال ئەوەيە ١١/٧ مام جەلال ئەگاتە توركيا ، كاك مەسعود دەبينێ ، كۆبوونەوەكان بڕيارە هەمووی دوو قۆلی بێت ، توركيا و پارتی ، توركيا و يەكێتی ، بەجيا ، مەعلوماتێكی زياترمان نيە . لەسەر بارودۆخی گشتيش ، جگە لەوەی لەراگەياندن ، هەموو ئەيزانين شتێكی زياتر نی يە .

**كاك ئەرسەلان :**

هەواڵی صەحافـــە پێچەوانەی دەقی رێككەوتننامەكەيە ، كەدەڵێت ؛ تورك بەنيازە زەغت لەهەردوو سەركردە بكات لەگەڵ عێراق رێك بكەون ، كەئەوە جياوازە لەناوەرۆكی رێككەوتنەكە . كۆهێنيش دێت بۆ توركيا بۆ ئەوەی داوا لەتورك بكات زەغت لەكورد نەكات و خۆيشی لەعێراق نزيك نەبێتەوە .

**دكتۆر كەمال :**

ئيسماعيل لەموقابەلەكەی وتی بۆشايی دروست بووەو ئەوەش بەگەڕانەوەی سوڵەی مەركەزی چارەسەر دەبێت و ئەوكاتە پێويست بەتەدەخولی ئێمەش نابێت .

**كاك سامی :**

زۆر پێمان باشە مام جەلال دەچێتە توركيا ، لەمەسلەحەتی ئێمەيە وەك كورد ، كەدراوسێكان موشكيلە دروست نەكەن بۆمان . راستە ئەمريكا لەمەسەلەی فيدراليەت و ئاشتی گوێ ی بەتورك نەدا ، بەڵام توركيا

شنانزد.

(33)

## سیو سێیەمین کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)
## یەک شەممە ١٩٩٨/١١/١٥ شەقڵاوە

کۆبوونەوە سەعات (١١,٠٠) دەستی پێ کرد

بە بەشداری:

وەفدی (ی.ن.ك): دكتۆر كەمال فوئاد، كاك عومەری سەید عەلی، كاك عیماد ئەحمەد.

وەفدی (پ.د.ك): كاك سامی عەبدولڕەحمان، كاك جەوهەر نامق، كاك عارف تەیفور.

مەوعیدی كۆبوونەوە رۆژی چوار شەممە (١١/١١) بوو، لەسەر داوای وەفدی پارتی بەبۆنەی گەڕانەوەی سەرۆكی پارتی بەوە دواخرا بۆ یەك شەممە (١١/١٥).

**كاك سامی:**

زۆر بەخێربێن.. بەتایبەت بەخێرهاتنی كاك عیماد ئەكەین، كەئەمڕۆ لەگەڵمانە. بەچی دەست پێ بكەین؟

**دكتۆر كەمال:**

زۆر سوپاستان ئەكەین.. بزانین لەكۆبوونەوەی پێشوو چی ماوە، دوایی باسی دروست كردنی حكومەت بكەین، مەسەلەی پارەكە باس بكەین، گیراوەكان و ئەنجومەنی قەزاو ئاوارەكان، هەر مەسەلەیەك بەباش بزانن باسی ئەكەین.

**كاك عومەر:**

ئاسایی كردنەوەش باس بكەین.

**كاك سامی:**

مەسەلەی قەزا، گیراوەكان، ئاوارەكان، حكومەت، دارایی، ئاسایی كردنەوە.

**دكتۆر كەمال:**

لەبارەی مەسەلەی قەزاوە، چیتان كردووە؟

**كاك سامی:**

با مەحكەمەی ئیستیئناف بنووسن بۆ ئەنجومەنی قەزا، ئەوان جوابیان بدەنەوە. ئیتر ئێمە لای خۆمان و ئێوە لای خۆتان چی ئەكەن ئەوە گرنگ نی یە.

**كاك عومەر:**

پرسیارێك.. لای ئێوەش هەر ئیستیئناف ئەنووسێ بۆ ئەنجومەنی قەزا؟

**كاك عارف:**

بەڵێ.

**دكتۆر كەمال:**

بەپێی بەرنامەی كۆبوونەوە كە مەسەلەی گیراوەكان و ئاوارەكان، ئەگەر درێژە ناكێشێ باسی بكەین، ئەگەر درێژە ئەكێشێ دوای بخەین باسی حكومەت و دارایی بكەین.

سی و سێ یەمین كۆبوونەوە - شەقڵاوە (١)

(٣٤)

## سی و چوارەمین کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)

شەممە ١٩٩٨/١١/٢٥ کۆیە

کۆبوونەوە سەعات (١١,٠٠) دەستی پێ کرد

بە بەشداری:

وەفدی (ی.ن.ك): دکتۆر کەمال فوئاد، کاك عومەری سەید عەلی، کاك ئەرسەلان بایز.

وەفدی (پ.د.ك): کاك سامی عەبدولڕەحمان، کاك جەوهەر نامق، کاك عارف تەیفور.

**دکتۆر کەمال**

زۆر بەخێربێن.. وەکو هەموو جاری بەرنامەی کۆبوونەوەکەمان دابنێین.

**کاك سامی**

جاری پێشوو بڕیارمان دا لیژنەیەکی موشتەرەك دروست بکەین بۆ موتابەعەی زەوی و زار و ئەملاکی داگیرکراو لەهەردوولا، ئەو لیژنەیە دروست بکەین باشە دەست بەکار بن.

**دکتۆر کەمال**

یەك دوو خاڵی سەرەکی هەیە، باسی بکەین، ئەوسا بێینە سەر مەسەلەکانی تر، لەوانە دروست کردنی حکومەت، دارایی و ئاسایی کردنەوە، ئاوارەکان.

**کاك سامی**

یەکە یەکەش.

**کاك عومەر**

خروقاتیش باس بکەین.

**دکتۆر کەمال**

لەبارەی حکومەتەوە لای ئێمە هەر ئەوەی پێشوو هەیە، کە کاك عومەر ناوی ناوە لەکوێ پچڕاوە لەوێ گرێی بدەینەوە.

**کاك سامی**

بزانین کاك عومەر لەوەی دەڵێ لەکوێ پچڕاوە لەوێ گرێی بدەینەوە، چی پێ بە بۆ ئێمە.

**کاك عومەر**

ئاشکرایە پێش دبڕان سەرۆکی حکومەت هی ئێمە بوو، سەرۆکی پەرلەمانیش هی [illegible] بوو، حکومەت بەن بە ئێمە بۆ ماوەیەك، دوایی ئاڵوگۆڕ دەکەین.

**دکتۆر کەمال**

یان لەکوێ پچڕاوە لەوێ گرێی بدەینەوە، یان [illegible] لەنێوان [illegible] پەرلەمان دا. بەمکەو بەو شێوەیە ئەگەینە نەتیجە [illegible].

**کاك عارف**

مەبەست چی یە لەو [illegible]؟

[illegible] (١)

دەربکەن، باسی ئەوە ناکەین چەند کەس لەسلێمانی و کەرکوك نەیتوانیوە دەنگ بدات، لەبەر ئەوەی ئەوە مومکن نی یە و ئێمە نامانەوێ باسی بکەین.

**کاك ئەرسەلان :**

باسی میکانزمەکە بکەین و خوردی بکەینەوە، باسی بۆچوون لەئەنجامی هەڵبژاردنی ٩٢ بکەین، باسی کابینەکە بکەین، چۆن پێك بێت، ئەو مەسەلە عەمەلیانە باس بکەین باشترە بۆ ئەوەی ئەنجامێکی باشمان هەبێ.

**دکتۆر کەمال :**

لەکۆبوونەوەی پێشوو زۆر باسی ئەنجامی هەڵبژاردنمان کردووە، ئێوە ئەڵێن (٤٩ بە ٥١)یە، ئێمە ئەڵێین (٥٠ بە ٥٠) بڕیار دراوە و هەردوولا لەسەری ڕێککەوتووین.

**کاك جەوهەر :**

ئەڵێین ئەچینەوە سەر ئەنجامی هەڵبژاردن، کەزیاد لەچەند شەهادەت هەیە لەخەڵکی ئەجنەبیشەوە، کەئەنجامەکە (٤٩ بە ٥١)ە، ئێمە ئەوکاتەش موقتەنع نەبووین بە (٥٠ بە ٥٠) لیژنەکەش هەموو ماون و ئیمزایان لەسەر هەموو بەڵگەنامەکان هەیە. ئەتائجی هەڵبژاردن قابیلی موناقەشە نی یە. ئێوە ئەڵێن ئەنجام (٥٠ بە ٥٠) بووە، ئێمە ئەڵێین لەشەقڵاوە ڕێککەوتووین بیکەین بە (٥٠ بە ٥٠)، ئەوە ئاشکرایە، ئێستا بێینە سەر ئەوەی چۆن موعالەجە بکەین.

**دکتۆر کەمال :**

ئەو ئەتائجەش کەئێوە باسی ئەکەن (٤٩ بە ٥١) نی یە، (٤٩) و کسورە، لەگەڵ (٥٠) و کسور. لەسەر ئەوە ئیعترازات زۆرە، ئێمەش ئیعترازمان هەبوو لەبادینان (١٧٨) هەزار کەس بۆی هەبوو دەنگ بدات، (٢٣٠) هەزار کەس دەنگی داوە، جگە لەوەی لەسلێمانی و کەرکوك زۆر کەس نەیتوانی دەنگ بدات. ئێمەش کەرازی بووین هەڵبژاردن دووبارە نەکرێتەوە بە (٥٠ بە ٥٠) ڕازی بووین، لەبەر سومعەی کوردو هەڵبژاردنەکە بوو.

**کاك ئەرسەلان :**

حەق نی یە کاك جەوهەر هەموو حەقێك بدات بە خۆی، ئێمەش دەڵێین حاکم هەیە زیندووە، چۆن سندوقەکەی لێ سەندراوەو لێ ی دراوە، تەزویر کراوە، ئەوەش هەیە. ئەنجامەکە دوای ئەوەش دەنگی ئێمە لە (٤٩,٧٥٪) زیاتر بوو، ئێوەش (٥٠,٢٥٪) کەمتر بوو. لەبەر ئەوە ناکرێ ئەوەش بەو شێوەیە حساب بکرێت.

**کاك سامی :**

ئەتائج هەیەو من خوێندومەتەوە.

**کاك عومەر :**

کاك جەوهەر زۆر بەگەورەیی باسی سەر کەوتنەکانی خۆیان ئەکات، لەکاتێکدا ئاشکرایە ئێمە لەچەند ساڵی خەبات و پێشمەرگایەتی، لەبەرەی کوردستانی لەڕابەرین دەوری سەرەکیمان هەبووە، (ی.ن.ك) موهەندسی ڕاپەڕین بووە، بەرنامەی ڕاپەڕینی داناو قیادەی کرد. لەهەڵبژاردنیش ئاشکرایە لەسلێمانی (٤٥٠)هەزار کەس بۆی هەبوو دەنگ بدات، لەکەرکوکیش (١٤٤)هەزار کەس کەناوچەی نفوزی ئێمەن،

سی و چوارەمین کۆبوونەوە - کۆیە (٣)

بەڵام لەسلێمانی (٣٤٩)هەزارو لەکەرکوك (٨٨) هەزار کەس دەنگی داوە، بەمانا (١٥٧)هەزار کەس دەنگی نەداوە لەبەر کەمی سندوق. وەك برادەران وتیان لەدهۆکیش کەناوچەی نفوزی ئێوەیە، (١٧٨)هەزار کەس بۆی هەبوو دەنگ بدات، (٢٣٠)هەزار کەس دەنگی داوە، کە پەنجا هەزار دەنگی زیادەو کاتی خۆی قسەی زۆری لەسەر کرا، وەپێویست ناکات باسی دهۆك بکەین، کاك سامی خۆی شاهیدە. بەو حالەش ئەنجامەکەی هی ئێمە لە (٤٩)ونیو زیاتر بوو، کەبەهەموو حسابێك ئەبێ بە (١) یەك، ئەوەی ئێوە لە (٥٠) و نیوە کەمتر بوو، کەنابێت بە (١)یەك. کەواتە ئاسایی (٥٠بە٥٠) بووە، دوای ئەوەش ئێمە نارازی بووین، مام جەلال موافەقەتی کرد، بەرێزی وتی؛ لەبەر مەسلەحەتی کورد قبوڵی ئەکەین.

ئێستا ئێوە ئەڵێن ئێمە چوار ساڵ شەڕمان کردووە، لەبەر ئەوە ئەگەڕێنە سەر ئەنجامی (٥١ بە٤٩)وە لەبەر ئەوە شەڕمان کردوون. باشە، ئیعلان بکەن چوار ساڵە داهاتی میللەت ئەخۆن، وەلەبەر ئەمە شەڕتان کردووە، بەراگەیاندن ئیعلان بکەن کە شەڕتان کردووە بۆ ئەوەی ئەنجامەکە وای لێ بێت، ئێمە مەمنون دەبین. لەبەر ئەوە گەڕانەوە بۆ ئەو مەسەلانە هیچ شتێك حەل ناکات، لەواشنتۆن ڕێکەوتووین پەرلەمان و حکومەت هەیە، با هەردوولا هەر لایەك یەکێکیان وەربگرین، تا هەڵبژاردن ئەکرێت و ئەنجامەکەی چی بوو ئیلتزامی پێوە بکەین، خوای ئەکرد ئێوە ئەکسەریەتان ئەهێنا، ئێمە بەبەشی خۆمان رازین.

**کاك جەوهەر :**

بۆ هەموو شتەکان بەو شێوەیە باس بکرێت؟ !کەئێوە خاوەنی (١٧) ساڵ خەبات و موهەندسی راپەڕین بن، بۆ ئێمە ئەبێ کەئێمە بەڵگەمان هەیە، ئێمە بەرنامەمان داناوە، جگەلەوەی (٥٠) ساڵ قوربانی و خوێن رشتنمان داوە. قبوڵ ناکەین لێرە موزایەدەی حزبی بکرێت و کەس ئیهانەی پارتی بکات.

**کاك عومەر :**

ئێمەش قبوڵ ناکەین رەنج و خەبات و قوربانی دانی ئێمە لەلایەن هیچ کەسێکەوە حسابی بۆ نەکرێت. وە لەکۆبوونەوەی شەقلاوە وا ڕێکەوتووین، کاك جەوهەر خۆت لەوێ بوویت، ئەوسا کاك سامی و کاك عارف ئەگەڕابوونەوە ناو پارتی، وەئاگایان لێ نی یە.

**کاك ئەرسەلان :**

پێشنیار ئەکەم کاك کەمال و کاك سامی ئەو مەوزوعە بگۆڕن.

**کاك جەوهەر :**

ئێمە ئەڵێین شەڕەکەمان شەڕی دەسەڵاتەو ئەنجامی هەڵبژاردنیش شەڕی دەسەڵاتە.

**دکتۆر کەمال :**

زۆر لەوبارەیەوە قسەمان کردووە، ئەگەیشتووینەتە ئەنجام، هەر بۆیە باسم کرد بزانین شتێکی تازە هەیە. دەرکەوت هیچی تازە نی یە، لەبەر ئەوە وا باشە بگەڕێین بۆ شێوەیەکی تر موعالەجەی بکەین.

سێ و چوارەمین کۆبوونەوە - کۆیە (٤)

ئێمە هەمیشە وتومانە حەز ناکەین هیچ تەواجدێکی عەسکەری و تەنزیمیان هەبێت، جاری پێشووش وتمان ئەگەر جموجوڵو کارێکی دیاری کراو هەیە، پێمان بڵێن رێگای پێ نادەین. بەڵام مانگرتن و قسەیەك لە (مەد TV) ئەوە شتێك نی یە جێگای باس بێت.

**کاك عارف :**

قەناعەتی جەنابتان ئەوەیە عەسکەریەن و تەنزیمییەن تەواجدیان نەبێ، باشە جارێ لەوەوە دەست پێ بکەین.

**کاك سامی :**

باجارێ واز لە سەفەری ئۆجەلان بێنین، بەڵام لە (مەد Tv) زیاد لە ئیعتیادی دەعم دەکرێن و ئێستا سلێمانی وەکو قاعدەیەکی ئەوان دەردەکەوێ، کەئەوە تەصەور ناکەم لە قازانجی ئاشتی بێت، بەڵام مەسەلەکەی ئێمە ئەوە نی یە، ئێمە خوێن ئەدەین، پێشمەرگەمان دەکوژرێت. مەسەلەیەکی تر پەککە ئێستا لەئێرانەوە دێنە سەرمان، لەعیراقیشەوە دێنە سەرمان، لە مەناطقی ئێمە تەقریبەن مقەڕاتی ثابتیان نەماوە. بەڵام لەئێران و عیراقەوە مەفارز دێن و شەڕمان دەکەن.

**دکتۆر کەمال :**

هەر لای ئێمە سەلامەتن و جموجوڵیان نی یە.

**کاك سامی :**

لەسنوری ئێوە مقەڕاتیان هەیەو تەجنید ئەکەن و تەدریب ئەکەن و بەکەیفی خۆی سیلاحیش ئەکڕێ، بلێین پرس بەئێوە ئەکەن. . پرس ناکەن، بەڵام تەسهیلاتێکی زۆر هەیە، ئەوان مقەڕاتیان هەیە، چەکیان هەیە، باس لە تەطبیع ئەکەین، سبەی برادەرێکی ئێوە دێتە هەولێر من ئەتوانم حیمایەی بکەم، بەڵام برادەرێکی ئێمە دێتە سلێمانی، ئێوە ناتوانن حیمایەی بکەن. هاتوچۆی ئەوانیش بۆ ئێران و عیراق لای ئێوەوەیە.

لەرێکەوتنەکەی واشنتۆن نووسراوە نابێت هیچ قەواعدێکیان هەبێت، قەواعدی عەسکەری و تەنزیمی و ئیعلامیش دەگرێتەوە، نە (ملاذ) نە (قواعد) لەوێ کەس موخالف نەبوو.

ئێستاش چاوڕوانین مام جەلال بێتەوە، چووە سوریا بەڵکو قسەیەکی لەگەڵ سوریەکان کردبێت، دێتەوە ئێران، ئێران پەککە لەدژی ئێمە هان ئەدات.

**کاك عومەر :**

ئێران لەدژی ئێوە، یان لەدژی تورك هانیان ئەدات؟

**کاك عارف :**

لەدژی ئێمە، لەو شەڕانەدا تا سەر سنوور چوینەتە دوایان ئێران تەقەی لێ کردوین لەئێمەشی داوە، دیفاعی لێ کردوون.

**کاك سامی :**

ئێمە دەمانەوێ مەشاکلی بەینی خۆمان جەزریەن حەل بکەین، پەککە بەو شێوەیە بمێنێ ناتوانین حەلی بکەین، چاوەڕێین بەڵکو مام جەلال بێتەوە، ئەو مەسەلانە حەل ببێت.

٣٥

## سىو پێنجەمین كۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ك)و (پ.د.ك)
## چوارشەممە ١٩٩٨/١٢/٩ شەقڵاوە

كۆبوونەوە سەعات (١١,٠٥) دەستی پێ كرد

بە بەشداری:

وەفدی (ی.ن.ك): دكتۆر كەمال فوئاد، كاك عومەری سەید عەلی، كاك ئەرسەلان بایز.

وەفدی (پ.د.ك): كاك سامی عەبدولرەحمان، كاك جەوهەر نامق، كاك بروسك نوری شاوەیس.

**كاك سامی:**

زۆر بەخێربێن..

**دكتۆر كەمال:**

سوپاستان دەكەین.. سەرەتا بەرنامەی كۆبوونەوەكە دابنێین، پیاچوونەوەی مەسەلە سەرەكیەكان بكەین، هەندێك مەسائلی بچوك موعەلەق مابوونەوە، مەسەلە گەورەكان؛ حكومەت، دانانی مەجلسی مونەقەت، ئەمنیەت، داهات، كەئەو چوارە مەسەلەی سەرەكین.

**كاك سامی:**

پەككەكەش.

**دكتۆر كەمال:**

خوێندكارە دابڕاوەكان، ئەنجومەنی قەزا، دیل و گیراوەكان.

**كاك سامی:**

بۆ خروقات و ئاوارەش لیژنەیەك دابنێین.

**كاك سامی:**

مراجعة المواضع الرئيسية، (ممتلكات)ی ئاوارە لەگەڵ خروقات.

**دكتۆر كەمال:**

لەژێر ناوی خروقاتە هەمووی.

سبەی (٥٠) ساڵ تێپەر دەبێت بەسەر جاڕی جیهانی مافی مرۆڤ دا.

**كاك سامی:**

پێش ئەوەی بچینە سەر مەواضعی رەئیسی، سوپاستان دەكەین لەسەر ئەو پێشوازیە گەرمە، لەوەفدەكەی ئێمە بۆ لای مام جەلال. ئەو جۆرە زیارات و تەلطیفاتە گرنگی خۆی هەیە، خەڵك كەیفی پێ دێت. منیش سوڵح لەگەڵ مام جەلال ناكەم هەتا ئەو رەسمەی من و صەدام لانەبرێ، یا ئەوەش بنووسرێ كەكاك رەسول وتی (هذه احلى لحظة في حياتي)و "انت عمري".

**دكتۆر كەمال:**

قەرار بوو كۆپی یەكمان بدەنێ لە (مجلة الوسط)، ئێمە نەمانبینیوە.

**كاك عومەر:**

پرسیارم لە (الأتحاد) كرد، وتیان هەر ئەو بەشەیە.

سى و پێنجەمین كۆبوونەوە – شەقڵاوە (١)

**کاك سامی :**

باوەڕ بکەن داهات کەمی کردووە ، عیراق لە کاتی لێدانی ئەمریکا ، تەفکیکی مسەصافی نەکات ، لای ئێمەش نەوت نەوەستێ ، بۆیە داهات کەمە . سەفەری پێشوو نەولەدەرەوە بوو ، وتی بیکەن بە (٣٠) ملیۆن .

**کاك عومەر :**

(٣٠) ملیۆن ، مەقطوعە .

**کاك سامی :**

بەڵێ .

**دکتۆر کەمال :**

ئەگەر لە مەسەلەی داهات هیچی تازەتان پێ نیە ، بگوێزینەوە سەر مەسەلەیەکی تر .

**کاك ئەرسەلان :**

کاتی خۆی ئەوان وتیان (٣٠) ملیۆن مانگانە ، ئێمە داوای (٦٠) ملیۆنمان کرد ، کاك مەسعود هات وتیان کردیانە (٤٠) مانگانە .

**کاك جەوهەر :**

سلفە بوو .

**کاك سامی :**

موراجەعەی دەفتەری خۆم دەکەم ، بزانم .

**دکتۆر کەمال :**

لەو مەسەلەیەدا دیارە شتی نوێ نی یە ، هەر (٤٠) ملیۆن سلفە علی الحساب .

**کاك سامی :**

مەسەلەی پەکەکە .

**دکتۆر کەمال :**

مەسەلەی پەکەکە روونمان کردەوە ، لەگەڵ وجودی عەسکەری و تەنظیمی پەکەکە نین لە ناوچەکانماندا ، دڵنیابن لەو مەسەلانە ئێمە نەوەستاوین ، بێگومان رەئمان جیاواز نی یە ، بەڵکو ئسلوبمان بۆ حەل جیاوازە . لای ئێوە بەشەڕ چارە بووە لەگەڵ تورك ، لای ئێمە ئەو وەزعە ئەها تۆتە پێشەوە ، لای ئێمە وجودی پەکەکە تەواو فەرقی کردووە لەگەڵ جاران ، هەوڵ ئەدەین وجودی عەسکەریان لای ئێوە و لای ئێمە نەمێنێت ، بەڵام بە ئاشتی چارەی بکەین و بگەینە نەتیجە . چونکە بە پێچەوانەوە بە عەسکەری رەنگدانەوەی باش نابێت لە دەرەوە و ناوەوەش ، لەو بارەیەوە کارمان بۆ کردووە و پێشکەوتن هەیە ، وەزعی ئێوەش ، ئەزانین کە ناخۆشە .

**کاك سامی :**

پێیان بڵێن ، با ئێرە جێ بێڵن ، لە سنووری ئێمە بچنە دەرەوە ، هیچ پارتیەك ناکەوێتە دوایان ، ئەوەی دوایان کەوێت قاچی دەشکێنین . ئێوە قسەتان لەگەڵ کردوون ، هیچی تازە هەیە لەو بارەیەوە ؟

**دکتۆر کەمال :**

پێمان ووتون . . ئەوەی تازە بێت ئەوەیە تەجاوب هەیە لەو بارەیەوە ، ئێمە هەوڵ ئەدەین تووشی شەڕ نەبین لەگەڵ پەکەکە ، بۆیە دەڵێین بە ئاشتی و بە ئاشتبوونەوەی گشتی .

سی و پێنجەمین کۆبوونەوە – شەقڵاوە (٤)

**کاك ئەرسەلان :**

ئێمە تەئکید لەسەر خاڵەکانی ڕێکەوتننامەی واشنتۆن دەکەین، کەیەکێکیان لەسەر یەکە کەیەونکوڵیمان نی‌یە لەو مەسەلەیە، تسلوبی خۆمان هەیە بۆ چارەسەرکردنی وهەنگاوی عەمەلیمان ناوە لەو بارەیەوە.

**دکتۆر کەمال :**

لەو مەسەلەیە ئێمە زۆر جدین.

**کاك سامی :**

ئێمە نایشارینەوە موتابەعەی یەکەکە نەکەین، ئەوان دەست ناپارێزن، باوەڕ بکەن، لەسەر فۆنۆ کابرایەکیان کوشتووە، لەتراکتۆرێکیان داوە. شەڕی پێشمەرگە بکەن قەیناکە، بەڵام مەدەنی، ناکرێت. پاش ڕۆیشتنی تۆجەلان بۆ ڕۆماو ئەو وەزعە هیچ نەگۆڕاوە، مقەڕاتیان وەك خۆیەتی، لەهەندێ شوێن لەژێر ئالای سەوزدا مقەڕاتیان هەیە، لەسلێمانی مقەڕاتیان هەیە، تەحەروکیان لەنێوان ئێران و عیراق هەیە، مەعلوماتمان هەیە مەوادی بینا ئەبەنە قەندیل و قاسمە ڕەش، بێ مەعلومات ئێمە هیچ ناڵێین. ئەو شتەی ئیتفاقمان کردووە لەسەری، ئەوانەی ئیمزایان کردووە ماون و زیندوون، ئێمە ناڵێین شەڕ، یاڕەبی بەئاشتی دەرچن. خۆیان بێ‌عەقڵن، لە مەناطقی ئێمە خەڵك بێزارە لێیان، میللەت جاهل نی‌یە، یەکەکە بێت بە RBG لەژن و منداڵ بدات، ئەوە کەم نی‌یە، تا ئێستا نەهجیان نەگۆڕیوە، کارەبا قەطع دەکەن، کانی تەلغیم دەکەن، باوەڕ بکەن قنابل القتل العامیان هەبێ هەر سەرناکەون.

بزانین چیتان هەیە لەو بارەیەوە، یان کل شیء کما کان؟

**دکتۆر کەمال :**

ئەوەی گرنگە لەناوچەکانی ئێمەوە هیچمان پێ نەگەیشتووە، نەلای ئێوەوە، نەلەخەڵکی خۆمانەوە مەعلوماتێك هەبێت لەسەریان، لەسنوورو ناوچەکانی ئێوەو سنووری عیراق و ئێرانیش هەرهاتوچۆیان هەیە. بەراستی ئەم خروقاتانە لای ئێمەوە نی‌یە بۆ لای ئێوە، بۆ ئەو مەسەلەیەش لێمان بوەستن.

**کاك سامی :**

لەمفاوەزاتی پێشووتر وانەبوو، بەڵام لەم پرۆسەیە موباشر لە مەناطقی ئێوەوە نەهاتوون بۆ لای ئێمە، بەڵام ئیجمالی خروقات ئەوەیە.

**دکتۆر کەمال :**

بەڵام من نەمبیستووە ئاڵای سەوز لەسەر مقەڕاتی یەکەکە.

**کاك عومەر :**

باوەڕ بکەن ئەو مەعلوماتانەی بۆ ئێوە دێت لەڕاستی‌یەوە دوورن، کاك کەمال و برادەران قەناعەتیان هەیە تەواجدی عەسکەری و تەنظیمیان نابێت بمێنێ. لەگەڵی بەدران، لەدرەبی و بۆتێ و بناری قەندیل نەماون، ڕۆیشتوون، لەهیچ شوێنێك بارەگای سەربازیان نی‌یە. ئەوەی بەتەلەفۆن قسە نەکات، لەتورکیاشەوە قسەنەکەن بەتەلەفۆن، پارتی کار لەحکومەتی خۆتانەو لەهەولێرەوە قسەنەکات، شیوعی لەحکومەتەکەتانەو لەهەولێرەوە تەلەفۆن نەکات.

سی و پێنجەمین کۆبوونەوە – شەقلاوە (٥)

**کاك ئەرسەلان :**

عبدالخالق زەنگەنە لەهەولێرەوە ، قسەئەکات.

**کاك عومەر :**

مەعلوماتمان بدەنێ لەسەر ئەو مقەڕانەی پەکەکە ، کەئەڵێن ئاڵای سەوزیان لەسەرە .

**کاك سامی :**

ئەتاندەینێ .

**کاك عومەر :**

ئێمە لەناوچەکەدا تاکە لایەنێن کەزۆر باش ظـەبطی سـنوورەکانمان کردووەو ئەمانهێنشـتووە بێـن . بۆ چارەسەریش ئێمە بەئاشتی لەگەڵیان حەل ئەکەین ، وەعدیان داوە لەکوردستانی عیراق بچنە دەرەوە .

**کاك سامی :**

بەس ئەوان لێرە بڕۆن ، ئەو پارتیەی دوایان بکەوێت قاچی ئەشکێنین .

**دکتۆر کەمال :**

ئێمە ئەوەمان پێ وتوون .

**کاك عومەر :**

لەگەڵ ئـەو بـرادەرە (داود باغسـتانی) بـۆ قسـەناکەن؟ مـان ئـەگرێت ، خـۆی ئـەدا بەئـەرزا ، خـۆی ئەسووتێنێ ، لای خۆتانە .

**کاك جەوهەر :**

لەم مەوزوعە ، زۆر جار باسمان کردووەو دێینەوە سـەر ئەم مەسـەلەیە ، کەدەسـتمان پێ کرد وتمـان کاتی ئەوە هـاتووە بیرێکی لێ بکەنەوەو چارەسـەری بکەن ، کەچی لەم دواییـەدا هـەندێ شـتی تـر ئەبیسـتێن ، وەك؛ "لای ئێمـەوە موهاجەمـە ناکـەن ، وەکـو ئێمـە حـەلی بکـەن و بەئاشـتی و ئەوشـتانە" . لێتـان تێناگەین . . پێویستە بزانن پەکەکە واز لەکوردستانی عیراق ناهێنێ و ئەمە جوزئێکە لەستراتیجیەتی ئەو .

بۆ ئێمە ئەو مەسـەلانە هیچ رەنگدانەوەیەکی نی‌یە ، راسـتە ئەوە هەیە کەلای ئێوەوە باشـتر بووە ، بەڵام ئازادە لای ئێوە ، بەسەیارە تەنەقول ئەکات ، ئەحەوێتەوە . . ئەگەر وانی‌یە ، ئەو لیقاناتانەی هاوپەیمانی و ئەحزابی تر چی‌یە؟ پەکەکە جەولە ئەکەن ، بەگوندەکاندا و خەڵك تەجنید ئەکەن ، راسـتە عەسـکەریەن دژی ئێوە بەکاری ناهێنن ، بەڵام لەدژی ئێمە بـەکاردێت . چۆن ئەتوانن لەقەرەداغ و گەرمیان جەولە بکەن و خەڵك تـەثقیف بکەن و تەجنید بکەن . ئەگەر ئێوە مەجالیان نەدەن ناتوانن ، ئەوە بکەن ، تـــەثقیف لەدژی هەردوولامانە . تەصەورمان ئەوەیە ئەگەر زۆر بەوازحییش نەبێت ، ئەوا هـەموو جۆرە هاوکاریەك ئەکرێن لای ئێوەوە . لەمەد TV ، تەقارير دائەبەزێت ، دەڵێت ئێوە لەژێر فشاری (پ.د.ك) ناچار ئـەکرێن شـەڕی پەکەکە بکەن ، ئێوەش رەتی ناکەنەوەو نەفی ناکەن . وەزیری رۆشـنبیری بۆ تەلەفۆن ناکات بڵێ "سـۆزدار ئەحمەد" راست ناکات؟

ئێمـە ئیلتزامی تەواومان هەیە بەلیقاناتەکانمانەوە ، قـەت فشـار ناکـەین و ئامـادەنین ، ئەگـەر وا بێـت ئێمـە فشارمان هەبێت ، ئێوەش فشار ئەکەن لەمەسائلی تر .

سی و پێنجەمین کۆبوونەوە – شەقلاوە (٦)

٣٦

سی و شەشەمین كۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ك)و (پ.د.ك)
چوارشەممە ١٦/١٢/١٩٩٨ سلێمانی

كۆبوونەوە سەعات (٤,٢٠) ی پاش نیوەڕۆ دەستی پێ كرد

بە بەشداری:

وەفدی (ی. ن. ك) : دكتۆر كەمال فوئاد، كاك عومەری سەید عەلی، كاك ئەرسەلان بایز، كاك حەمە تۆفیق رەحیم.

وەفدی (پ. د. ك) : كاك سامی عەبدولرەحمان، كاك جەوهەر نامق، كاك فەلەكەدین كاكەیی.

بەهۆی دەستپێشخەری یەكەی بەڕێز مام جەلال بۆ چوونی بۆ سەلاحەیدن، بۆ سەرخستنی زیاتری پرۆسەی ئاشتی و چوونە پێشەوەی، وەفدی پارتی سەردانی شاری سلێمانیان كردو سی و شەشەمین كۆبوونەوەی لیژنەی باڵا، لەسلێمانی ئەنجامدرا.

**دكتۆر كەمال:**

جارێكی تر بەخێر بێن، مام جەلال سەلامی لێ ئەكردن، وتی با سبەینێ بفەرموون.

**كاك سامی:**

زۆر سوپاستان دەكەین، پێشەكی ئێمە خۆشحاڵین، بەناوی كاك مەسعودو (م.س)، دەعوەتی مام جەلال بكەین بۆ سەلاحەدین، ئومێدەوارین وەهەرواش تەوقوع ئەكەین، لیقائی هەردووكیان ببێتە هۆی بەرەوپێشەوەچوونی پرۆسەی ئاشتی و جێ بەجێ كردنی رێكەوتننامەی (١٧)ی ئەیلولی واشنتۆن، كەدەرفەتێكی باشی بۆ میلەتەكەمان هێناوەتە پێش، جێ بەجێ كردنیشی دەرفەتی زیاتر دەهێنێ بۆ میلەتەكەمان. كاك مەسعود سلاوی هەبوو بۆ هەموو برادەران، بەتایبەت بۆ مام جەلال. روكنی سەرەكی ئیشەكەمان دەعوەتی مام جەلالە بۆ سەلاحەدین.

**دكتۆر كەمال:**

زۆر زۆر سوپاس، سبەی خۆتان مام جەلال ئەبینن لەسەر مەوعدو چۆنێتی سەفەرەكە ئەتوانین ئیتفاق بكەین. لەم كۆبوونەوەیە پێمان باشە باسێكی ئەو مەسەلانە بكەین كەماونەتەوەو چارەسەر نەكراون، هیواداریین لێرە بگەینە ئەنجام، ئەگەر شتێ مایەوە هەڵیبگرین بۆ بەڕێزان مام جەلال و كاك مەسعود. لەرێكەوتنەكەدا هەموو مەسەلەكان هاتووە، ئەتوانین جێ بەجێی بكەین، لەسەر جەدوەلی زەمەنیش قسەیەك بكەین كەنزیكەی دوو مانگ دواكەوتووین، هیوادارم دەست و بردێك بكەین قەرەبووی بكەینەوە. ئەو مەسەلانەی لای ئێمە گرنگن بریتی یە لەیەكەم؛ ئاسایی كردنەوەی بارودۆخی هەرێم. دووەم؛ مەسەلەی دروست كردنی حكومەت. مەسەلەی سێ یەم؛ ئەنجومەنی ئینتیقالی كاتی. چوارەم؛ داهات. پێنجەمیش؛ ئەگەر ئێوە ئەو خاڵانەتان لا مابێت، باسی یەكەكە.

لیژنەی ئاوارەكان دوێنێ كۆبوونەتەوە، لەسەر هەندێ مەسەلە رێك كەوتوون، ئێمە پێمان باش بوون. ئەو پێنج خاڵەی باسمان كرد، پێمان باشە لەمڕۆو سبەی باسی بكەین، ئەگەر مەسەلەیەكی ترتان هەبێت زیادی بكەین، مەسەلەكانی تر لەكۆبوونەوەكانی پێشوو رێكەوتین لێ ی بگەڕێین بۆ لیژنە فەرعیەكان.

سی و شەشەمین كۆبوونەوە - سلێمانی (١)

## پاشكۆی ژماره (١١-١٨)

٣٧

سی و حەوتەمین کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا نەوەفدی (ی.ن.ک) و (پ.د.ک)
پێنج شەممە ١٩٩٩/٣/٢٥ کۆیە

کۆبوونەوە سەعات (١١,٠٥) دەستی پێ کرد

کۆبوونەوەکە بە بەشداری:

وەفدی (ی.ن.ك): دکتۆر کەمال فوئاد، کاك عومەری سەید عەلی، کاك عیماد ئەحمەد.

وەفدی (پ.د.ك): کاك سامی عەبدولڕەحمان، کاك جەوهەر نامق، کاك عارف تەیفور.

**دکتۆر کەمال:**

زۆر بەخێر بێن.. وەك هەموو جارێك با لەسەر بەرنامەکە ڕێك بکەوین. ئێوە پێشنیارتان چی یە؟

**کاك سامی:**

زۆر سوپاستان دەکەین.. ماوەیەکی درێژە دانەنیشتووین، ئینشائەللا بەشداری کاك عیماد لەم کۆبوونەوەیە ئەبێت بەخێر.

ئەو بابەتانەی کە باسی بکەین.. هەندێ شت کە ڕێککەوتنی لەسەر کرابوو، لەوانە ١- دانانی نوێنەران، ٢- لیژنەیەکی عەسکەری هاوبەش دروست بکەین بۆ تەخفیفی قوات لەهێڵەکانی تەماس و موراقەبەی سنووری وڵاتانی دراوسێ (تورکیا و ئێران) و پێمان باشە دراسەی تەواجدی پەکەکەش هەمان لیژنە بیکەن. ٣- پێمان باشە خوبەرای مالیش دابنیشن، خەبەری خۆشیشمان هەیە بۆ کاك عومەر، کەمالیەی ئێمەش وەك ئێوەی لێ هات (بەپێکەنینەوە)، نەزانم کاك عومەر پێی خۆشە ببڕدرێت.

**کاك عومەر:**

بۆیە پێم خۆشە ببڕێت.. چونکە تا ئەوە هەبێت ئێوە ئەڕێك نەکەون و نەدەستان لەخوارەوەش نەبێتەوە (بەپێکەنینەوە).

**کاك سامی:**

٤- باسی پەرلەمان و حکومەتیش بکەین.

**دکتۆر کەمال:**

٥- لەو ماوەیەدا چەند نامەیەك هاتووە و چووە لەنێوان دا، پێمان باشە ئەو مەسەلانە لەبەر ڕۆشنایی ئەو نامانە و ڕێککەوتنی واشنتۆن دا باس بکەین. ٦- مەسەلەیەکی تر مەحکەمەی تەمییز و ئەنجومەنی قەزایە. ٧- خاڵێکی تر لەتاقی کردنەوەی، بەکەلۆریا نزیك ئەبینەوە واباشە هەر لەئێستاوە ئیشی بۆبکەین موەحەدبێتەوە بۆئەوەی نەکەوینە پەلەپەل.

٨- لای ئێمە باسی هەڵبژاردنی مامۆستایان هەیە، کەپێمان باشە بەیەکەوە بیکەین.

هاتوچۆی مامۆستایانی زانکۆ، کەئێمە ڕێگای هەموو مامۆستایەك ئەدەین بێتە هەولێر و دهۆك، بەڵام ماوەیەکە سەرۆکی زانکۆی دهۆك ڕێگا نادات مامۆستاکانی ئەوێ بێنە سلێمانی.

**کاك سامی:**

یەکەم: ئاڵوگۆڕی نوێنەران.. وابزانم ئەمە بڕیاری ناوێ، بڕیاری لەسەر دراوە، بەڵام جێ بەجێ نەکراوە، ئێمە تەصەور دەکەین جێ بەجێ ی بکەین خزمەت دەکات و بەسوود دەبێت.

سی و حەوتەمین کۆبوونەوە - کۆیە (١)

## پاشكۆی ژماره (١١-١٩)

(٣٩)

### سىو نۆيەمين كۆبوونەوەی ليژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ك)و (پ.د.ك)
### يەك شەممە ١٩٩٩/٥/٢ كۆيە

كۆبوونەوە سەعات (١٠,٣٠) دەستی پێ كرد

بەبەشداری:

وەفدی (ی.ن.ك): كاك عومەری سەيد عەلی، كاك ئەرسەلان بايز، كاك عيماد ئەحمەد.

وەفدی (پ.د.ك): كاك سامی عەبدولڕەحمان، كاك جەوهەر نامق، كاك عارف تەيفور.

**كاك عومەر:**

زۆر بەخێربێن.. چاوەڕێی جەنابتانین، بەرنامەكە چۆن دابنێین؟

**كاك سامی:**

وابزانم مەسەلەی گرێ كە جاری لەوێ وەستاوە (مەسەلەی پەرلەمان و حكومەت).

**كاك ئەرسەلان:**

ئیمامی ئێمە لێرە نی یە با جاری ئەو بێتەوە، ئەوكاتە قسە لەو مەسەلانە دەكەین.

**كاك سامی:**

هەوڵ بدەین پرۆسەكە بەهەنگاوی بچوكیش بێت هەر بچێتە پێش، چونكە لەجێی خۆی بوەستێ، بەرەودوا دەچێتەوە.

مەسەلەی لیژنەكانمان هەیە، مەسەلەی گیراو هەیە.

**كاك عارف:**

UN بەبرادەرانی ئێمەیان وتووە مەبلەغێك هەیە زیاتر لە (١٥٠) ملیۆن دۆلارە لەنێوان خۆتان دابنیشن، لەسەری ڕێك بكەون پاشان لەگەڵ UN دابنیشن، ئەم دانیشتنە بۆ نێوان خۆمانە، لەگەڵ UN نی یە.

<u>بڕیار درا:</u>

مەوعیدەكە سەعات (٩)ی بەیانی لەپیرەر لیژنەی (٩٨٦) بەیەك بگەن و كۆبوونەوەكەیان لەهەولێر دەبێت.

**كاك سامی:**

بەرنامەكە؛ ١- لیژنە فەرعیەكان (چەند لیژنەیەكن). ٢- گۆڕینەوەی نوێنەر. ٣- گرتنی تازە.

**كاك عومەر:**

هەندێ موتەفەریقەش هەیە، ئەوەش بكەین بەخاڵێك.

**كاك سامی:**

لیژنەكان: عەسكەری، دارایی، گیراوی كۆن، موتەلەكات، ئاوارە.

**كاك عیماد:**

پێم باشە لەخاڵی گیراوە تازەكانەوە دەست پێ بكەین.

سی و نۆیەمین كۆبوونەوە ـ كۆیە (١)

(٤١)

## چل و یەكەمین كۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ك)و (پ.د.ك)
## یەك شەممە ١٩٩٩/٨/١ كۆیە

كۆبوونەوە سەعات (١٠,٣٠) دەستی پێ كرد

بەبەشداری :

وەفدی (ی.ن.ك) : كاك فەرەیدون عەبدولقادر، كاك حەمە توفیق رەحیم، كاك سەعدی ئەحمەد پیرە .

وەفدی (پ.د.ك) : كاك سامی عەبدولرەحمان، كاك جەوهەر نامق، كاك عارف تەیفور .

**كاك فەرەیدون :**

زۆر بەخێربێن، هیوادارم ئەم كۆبوونەوەیە باشتربێت لەوانی پێشتر، لەسەر شتی ئەساسی قسەبكەین و هەنگاو بێت بۆ پێشەوە . ڕێگایەك بدۆزینەوە بۆ كۆتایی هێنان بەو وەزعەی میلەتەكەمان و كێشەی نێوان حزبەكانمان .

جاری پێشوو لەسەر تطبیع وهەڵبژاردن وئەمنی هاوبەش قسەمان كرد، بەڵام بەگشتی بوو، نەچووینە سەر شتی كۆنكرێتی، بڕیار بوو ئەم جارە قسەی لێ بكەین . ئەو خاڵانە پاش هاتوچۆی دكتۆر عەلی و موافەقەتی ئێوە بوون بەبەرنامەی كاری كۆبوونەوەی پێشوو . كەواتە با تەواویان بكەین .

**كاك سامی :**

زۆر سوپاستان دەكەین، زۆر باشە قسە لەسەر ئەو مەسەلانە بكەین، باس كردنیشیان لەچوارچێوەی ڕێكەوتنەكەی واشنتۆن بوو، كۆبوونەوەی پێشوو بۆ ئێمە نا مەوەقع بوو، شەودرەنگ بەمنیان وت فریای هیچ نەكەوتم، بۆ ئێمە موفاجەئە بوو .

**كاك فەرەیدون :**

دكتۆر عەلی شەودرەنگ موافەقەتی ئێوەی هێنا، لەسەر كۆبوونەوەو لەسەر خاڵەكان .

**كاك سامی :**

كاك عەلی قەرەداغی هات وچەند خاڵی تەرح كرد، ڕۆژی جومعە بوو چوم بۆ لای كاك مەسعود و قسەم لەگەڵ كرد بڕیاری كۆبوونەوەكە درا، لەبارەی كۆبوونەوەی واشنتۆنیش قسەكرا، كەجەدوەل ئەعمالەكەی پێنج شەش خاڵیان هێنایە بەر باس .

ئێمە قەناعەتمان وایە لەشتی بچوك ئەگەینە نەتیجە لەشتی گەورە زەحمەترە . لەبەر ئەوە بەشتی بچوك و ئاسان دەست پێ بكەین باشترە . ئەگەر لایەك بەتەوەقوعێكی تازە لەمەسائیلی عوقەدی هاتووە با باسی بكەین . بەڵام ئەگەر وانەبێ، ئەوە وەقت بەخەسار ئەدەین، ئەگەر نا با لەشتی ئاسان دەست پێ بكەین . مومكن نی یە لەئەوجی موشكیلە مەسائلی ئەساسی حەل بكەین .

گۆڕینەوەی مەكاتب و دوایی مەڵبەندولق و تەلەفزیۆن ئەوە شتی باشە، بەڵام ڕاستە شتی ئەساسی نی یە .

ئەو مەسەلانەی واشنتۆن (١٠) ڕۆژ لەسەری قسەمان كرد ئەگەر پێتان باشە ئەوانە باس بكەین، ئەوە مەناعەتمان نی یە .

٤٢

## چل و دووەمین کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)
## یەک شەممە ١٩٩٩/٨/٢٢ شەقڵاوە

کۆبوونەوە سەعات (١٠,٤٥) دەستی پێ کرد

بەبەشداری:

وەفدی (ی.ن.ك): کاك فەرەیدون عەبدولقادر، کاك حەمە تۆفیق رەحیم، کاك سەعدی ئەحمەد پیرە.

وەفدی (پ.د.ك): کاك سامی عەبدولرەحمان، کاك جەوهەر نامق، کاك عارف تەیفور.

**کاك سامی:**

بەخێربێن. زۆر سڵاویش لەکاك کەمال و کاك ئەرسەلان دەکەین، چۆن دەتانەوێ دەست پێ بکەین؟

**کاك فەرەیدون:**

زۆر سوپاستان ئەکەین، ئەو برادەرانەش سڵاویان هەبوو، بزانین چۆنتان پێ باشە، وا دەست پێ دەکەین.

**کاك سامی:**

لەجەلسەی پێشوو جەدوەلێکمان دارشت، زیاتر ئەو مەسەلانە بوون کەلەواشنتۆن قسەمان لەسەر کرد، لەرێکەوتن هەمیشە وایە نابێ بەئینتقائی بێت.

راگەیاندن، پەکەکە، ئاوارە، مەوارد، مەجلس، حکومەت، هەڵبژاردن.

**کاك فەرەیدون:**

ئێوە پێشنیارتان کرد بەپێی رێکەوتنی واشنتۆن بێت. بەپێی تەسەلسولی باسەکان بێت.

لەوێدا واهاتووە؛ واریدات، حکومەت، پەکەکە،

لە (١٥)ی تشرینیشدا واریدات

کانون کۆبوونەوەی مەجلس

شوبات تطبیع لەدهۆك، هەولێر، سلێمانی.

نیسان حکومەتی موشتەرەك.

تەموز هەڵبژاردن.

**کاك سامی:**

هەمووی جێ بەجێ بووە !! (بەپێکەنینەوە)

**کاك فەرەیدون:**

ئەگەر ئەتانەوێ، بەو تەسەلسولە دەست پێ بکەین، باشە.

**کاك سەعدی:**

ئەوەی کاك فەرەیدون باسی کرد فەهرستی رێکەوتنەکەیە.

**کاك سامی:**

ئەو گفتوگۆیانەی واشنتۆن ئێوە (X) تان لەسەر داوە.

٤٣

## چل و سێیەمین کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)
## یەک شەممە ١٩٩٩/٩/١٢ کۆیە

کۆبوونەوە سەعات (١٠،٢٥) دەستی پێ کرد

بەبەشداری:

وەفدی (ی.ن.ك): کاك فەرەیدون عەبدولقادر، کاك عیماد ئەحمەد، کاك سەعدی ئەحمەد پیرە.

وەفدی (پ.د.ك): کاك سامی عەبدولرەحمان، کاك عارف تەیفور، کاك مەسعود سالەیی.

**کاك فەرەیدون:**

زۆر بەخێربێن، بەخێرهاتنی کاك مەسعود ئەکەین، هیوای سەرکەوتن بۆ کۆبوونەوەکەمان ئەخوازین، جانازانین چی پێشنیار ئەکەن بۆ بەرنامەی کۆبوونەوەکە؟

**کاك سامی:**

زۆر سوپاستان ئەکەین، بەداخەوە کۆبوونەوەکانمان تا ئێستا زۆر ناچنە پێشەوە، بەتایبەت ئێستا وەفدی ئەمریکا هاتوون، نامەیان بۆ کاك مەسعودو تصور ئەکەم بەهەمان محتەوا بۆ مام جەلالیش هاتبێ.

ئێمە قسەمان لەگەڵ کردن.. دیارنەبوو شتێکی موحەدەدیان پێ بێت، بەڵام ئەمانە هاتوون ئەگەر ئەنجامی هەبێت ئەوا ئەو ژنەش دێت و لەنامەکەشی ئەوەی دیاری کردووە.

من وا تصور ئەکەم کورد لەبەردەم ئیمتحانێکی گەورەیە، کاتی خۆی وێلش هات سەردانی ئێمەو ئێوەی کرد، کەگەڕایەوە لەسەری ڕەش وتمان مونتەمەری سەحەفی، وتی مونتەمەری چی؟ هیچ پێشکەوتن نەبووە. ئێمە ئەو شەوە تا سەعات ١٢ دانیشتین وتمان هەر چۆن بێت ئەو کابرایە بەدەستی بەتاڵ ئەڕواتەوە.

کاك فەرەیدون.. ئەترسم ڕۆژێك بێت بڵێن ئەو ئەمریکی یە چاوسەوزانە، ئەو هەموو ڕێگایە دەهاتن هیچمان نەکرد. بگەینە ڕۆژێ لەبەردەرگاش چاومان پێیان نەکەوێ.

ئەساسی ڕێکەوتنی نێوانمان ئیتفاقیەی واشنتۆنە، وابکەین کارێکی جدی لەسەر بکەین.

**کاك فەرەیدون:**

تەئییدی قسەکانت ئەکەم، پێم خۆشە تەوەجوهی قیادەی هەردوولا بەهەمان شێوە بێت، ئەو قسانە قسەی، زۆر باش و بەسوودن، بەڵام ئەگەر کردەوەی لەگەڵ نەبێت تەنیا بەئینشاء ئەمێنێتەوە. ڕاستە هەموو شتەکان بەدەست ئەم دوو وەفدەوە نی یە هەندێ بڕیار بەدەست ئەو دوو جوامێرەیە، بەڵام بەئێمەو بەهیمەتی ئەو دوو جوامێرە ئەتوانین کاری جدی بکەین.

سەبارەت بەهەڵوێستی ئەمریکا، نموونەی شۆڕشی ئەیلول کاتی خۆی سەردانی وفودی ئەمریکی و غەربی بۆ لای مەلا مستەفا چۆن بوو؟ کەشۆڕشەکە کۆتایی هات چۆن بوو؟ لەسەر ڕێکەوتننامەی واشنتۆن، ڕاستە ئەساسە بۆ ڕێکەوتن، بەڵام ئەوە ئەڵێم؛ کەبەدەقیقی دانەڕێژراوە، پێویستە هاوکاری بکەین بۆ گەیشتن بەئەنجام، ئاشکرایە ئێمە ئەچووین بۆ پێ داگرتن لەسەر کەلیمەیەك تۆ بڵێی (May be) منیش بڵێم (May be not) ئەو قسانە بەحوسنی نیەت دارێژرا. دیارە هەموو مەسەلەکان پەیوەستن بە (ئاسایی

چل وسێیەمین کۆبوونەوە - کۆیە (١)

٤٤

## چل و چوارەمین كۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ك)و (پ.د.ك)
## پێنج شەممە ١٩٩٩/٩/١٦ شەقڵاوە

كۆبوونەوە سەعات (١١,٠٠) دەستی پێ كرد

بەبەشداری:

وەفدی (ی.ن.ك) : كاك فەرەیدون عەبدولقادر، كاك عیماد ئەحمەد، كاك مەلا بەختیار.

وەفدی (پ.د.ك) : كاك جەوهەر نامق، كاك عارف تەیفور، كاك مەسعود سالەیی.

**كاك جەوهەر** :

بەخێرهاتن بەسەرچاو، هیوادارین ئەوەی تەحدید كراوە بۆ ئەم دانیشتنە بەسەركەوتوویی ئەنجامی بدەین.

**كاك فەرەیدون** :

زۆر سوپاستان ئەكەین، با بزانین بەرنامەكەمان چی یە؟

**كاك جەوهەر** :

دیارە سبەی ١٧ی مانگە، یادی رێكەوتنەكەیە پێمان باشە رای خۆمان بەو یادەوە دەربڕین و وەفدی ئەمریكی كەهاتووە پێ ی باشە بەیانێكی هاوبەش دەربكەین كە ئەوە بۆ خۆمان و بۆ خەڵكیش باشە.

**كاك فەرەیدون** :

ئەگەر پڕبەدڵی خۆمان شت بڵێین خەڵك مەئیوس ئەكات، بەڵام خراپ نی یە شتێك بڵێین، كەسوورین لەسەر ئاشتی و جێ بەجێ كردنی رێكەوتنەكە، سەرەڕای جێ بەجێ نەكردنی خاڵە ئەساسی یەكان.

**كاك عارف** :

ئەم وەفدی ئەمریكی یە كەهاتوون دیارە لەگەڵ ئێوەش قسەیان كردوە لەسلێمانی پێیان باشە لەیادی ساڵانەی رێكەوتنەكەدا شتێك رابگەیێنن، ئەگەر ئیجابی بێت باشە ئەگەر نەكرا ئەكرێ بەعام باسێكی بكەین تیایدا سوپاسی راعی ئەمریكی بكەین.

**كاك عیماد** :

ئێمە پێمان باشە بەبۆنەی ساڵێك بەسەر ئەو رێكەوتنەدا بەیانێك دەربكەین، ئەوە رێكەوتنێكی زۆر باشەو زۆر شتی ئیجابی تیایە، بەڵام ئەگەر بكرایە لەو ساڵەدا جێ بەجێ بكرایەو شتێك بكرایە زۆر باشتر ئەبوو. خۆشتربوو باسی ئەوەمان بكردایە كەجێ بەجێ كراوە نەك تەنیا یادی بكەینەوە، ئێستاش تەئكید لەسەر جێ بەجێ كردنی بكەین، بەتایبەت كەوەزعێكی نوێ هاتۆتە ئاراوە ئەوەش هاندەرمان بێت بۆ ئیش كردن لەسەری. ئێوەش پێشنیازتان چی یە لەو بارەیەوە موناقەشەی بكەین؟

**كاك جەوهەر** :

ئەبێ بەچاوێكی شمولترەوە باسی رێكەوتنەكە بكەین كەبەقازانجی میلەتەكەمانە وەك كاك عیماد وتی هیوادار بووین نەك باسی جێ بەجێ كردنی باسی دوای ئەومان بكردایە باشتر بوو. بەڵام حەقیقەت ئەوەیە دەستی ئێمەش خاڵی نی یە، لەگەڵ ئەوەی لەهەندێ خاڵ وەستاوین و چەقیوین، بەڵام وەزعەكە گەیشتۆتە ئەوە

٤٥

## چل و پێنجەمین کۆبوونەوەی لیژنەی باڵا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)
## پێنج شەممە ١٩٩٩/١٢/٢٥ شەقڵاوە

کۆبوونەوە سەعات (١٠,٤٠) دەقیقە دەستی پێکرد

بەبەشداری :

وەفدی (ی.ن.ك) : کاك فەرەیدون عەبدولقادر ، کاك عیماد ، کاك مەلا بەختیار .

وەفدی (پ.د.ك) : کاك سامی عەبدولرەحمان ، کاك جەوهەر نامق ، کاك بروسك نوری شاوەیس .

**کاك سامی:**

بەخێربێن . . فەرموون .

**کاك فەرەیدون :**

زۆر سوپاس . . بۆ بەرنامەی ئەم کۆبوونەوەیە پێشنیار ئەکەین ئەوەندە قسە بکەین کەمومکنە ، پێداچوونەوەیەکی سەردانی بەڕێزان کاك نێچیروان و وەفدی (م.س) بۆ لای بەڕێز مام جەلال بکەین کە بەڵێن بوو کۆمەڵێك هەنگاو بنرێت بۆ دروست کردنی دڵنیایی لای خەڵك و خزمەت کردنی پرۆسەی ئاشتی ، لەوانە گۆڕینەوەی مەکتەبەکان و ئازادکردنی دیل و گیراوەکان و گێڕانەوەی ئاوارەکان لەماوەی تەنها یەك هەفتەدا .

**کاك سامی:**

لەرێگاش باسمان کرد لەبەر ئەوەی رەمەزانە کۆبوونەوەکە یەك جەلسە بێت . . پێمان باشە .

خاڵێك موراجەعەی ئەوانە دەکەین ، خاڵێکی تر چەند هەنگاوێك کە برادەرانی یەکێتی کردویانە ، باسی بکەین ، موتەفەرقەش .

**کاك بروسك :**

موتەفەریقەش خاڵێك بێت ، ئەگەر هەبوو باسی بکەین .

**کاك فەرەیدون :**

ئەگەر خروقات هەبێت لەسەر وەرەقە بیدەین بەیەکتری باشترە بۆ موتابەعە .

**کاك سامی:**

ئەو دوو مەوزوعەش رەبتی یەکن ، لەمێژە تصور مان کرووە رەنگە جێ بەجێ کردنی رێکەوتننامەی واشنتۆن هەنگاو بەهەنگاو جێ بەجێ دەبێت ، گرنگ ئەوەیە ئەگەر خێراش نەبێ ، بەڵام بەردەوام بەرەوپێشەوەچوون هەبێت ، هەندێ جار کەموبادەراتیش هەبووە خزمەتی کردووە ، لەهەموو رێکەوتنێك دەقیش هەیە رۆحیش هەیە . ئەوسەفەرەی بەڕێز مام جەلال بۆ مەسیف زۆر خزمەتی کرد ، کاك نێچیرو مام جەلال لەئەمریکا یەکیان دی زۆر خزمەتی کرد ، کاك نێچیر بە مام جەلالی ووت کەناتوانم تەحەکوم بەسەفەرو هاتوچۆی مامم بکەم ، بەڵام ئەگەر رازین بەمن سەردانی بەڕێزتان بکەم ئامادەم ، ئەوەبوو سێ کەرتی (م.س) لەگەڵ کاك نێچیر سەردانی قەڵاچوالانمان کرد بۆ سەردانی مام جەلال و برایانی (م.س) و خەڵکیش زۆری پێ خۆش بوو ، تصور ئەکەم ئەویش خزمەتی کرد ، سەردانەکە لە ٢٢/١٠ بوو ، لە٢٤/١٠ زۆربەی (م.س) ئێمە سەفەرمان کرد بۆ ئەمریکاو دەرەوە ، مام جەلال و برادەرانی ئێوەش هەرزا . لەکۆنگرە تەنسیقی باش کراو

**پاشکۆی ژماره (١١-٢٥)**

٥٢

شانزە

**پەنجاو دووەمین کۆبوونەوەی لیژنەی بالا لەوەفدی (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)**
**شەممە ٢٠/٥/٢٠٠٠ کۆیە**

کۆبوونەوە سەعات (١٠,٣٠) دەستی پێ کرد

بە بەشداری:

وەفدی (ی. ن. ك): کاك فەرەیدون عەبدولقادر، کاك عیماد ئەحمەد، کاك سەعدی ئەحمەد پیرە.

وەفدی (پ. د. ك): کاك سامی عەبدولرەحمان، کاك جەوهەر نامق، کاك بروسك نوری شاوەیس.

**کاك فەرەیدون:**

بەخێربێن سەرچاو.. ئێمە ئامادەین.

**کاك سامی:**

بچینە سەر بەرنامەی خۆمان؟

**کاك فەرەیدون:**

بەرنامەی تازەتان هەیە یان لەسەر بەرنامەی پێشوو ئەڕۆین؟

**کاك سامی:**

بەرنامەکەی پێشوو.. ئێمە گەیشتبوینە (مهجرین).

**کاك فەرەیدون:**

بەڵێ.. فەرموون.

**کاك سامی:**

٤- المهجرين (دەقەکەی بەعەرەبی خوێندەوە).

**کاك عیماد:**

ئاوارە تەنیا لەهەولێرو سلێمانی نییە، کەرکوك و دهۆکیشی بۆ زیاد بکەین، هەر لەبەر ئەوەش لەمەکتەبەکانیش داوای کردنەوەی چوار مەکتەبمان کردووە.

**کاك جەوهەر:**

ئەمە پەیوەندی بە (٢٥) عائیلەکەوە هەیە تەنها بۆ سلێمانی وهەولێر، چونکە ئەوانی تریش باسکراوە.

**کاك سەعدی:**

ئێمە لای خۆمان لەوەرەقەکە دووشتمان زیادکردووە، یەکێکیان کۆمیتەیەکی حزبی، لەهەردوولا کەئەندامێکی قیادی مەسئولی بێت بۆ لێپرسینەوە لەکێشەی ئەوانەی ئەگەڕێنەوە، چونکە نابێ معامەلەی ئەم ئاوارە گەڕاوانە لەرێگای پۆلیس و ئاسایشەوە بکرێت بەڵکو دەبێ لەرێگای تایبەتەوە بکرێ، مەبەستیش ئەوەیە ریزیان لێ بگیرێت، تووشی ئیهانە کردن و تەشقەلە نەکرێن، خاڵێکی تر سەرف کردنی موچەکانیان و گەڕانەوەی مومتەلەکاتی غەیر مەنقولە بکرێت.

**کاك فەرەیدون:**

یا بنوسین (یبدأ المکاتب الحزبیة) ئەنووسین لەهەولێرو سلێمانی، یا هەر چوار مەکتەب بنووسری سلێمانی، هەولێر، دهۆك، کەلار.

پەنجاودووەمین کۆبوونەوە - کۆیە (١)

## پاشکۆی ژمارە (١٢-١)

تایبەت بە کۆبوونەوەی وەفدی باڵای (ی.ن.ک) بە سەرۆکایەتی (جەلال تاڵەبانی) و وەفدی باڵای (پ.د.ک) بە سەرۆکایەتی (مەسعود بارزانی)، لەسەر ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردولا و جێبەجێکردنی ڕیککەوتنامەی واشنتۆن. (١٩٩٩/١/٨)

**کۆبوونەوەی وەفدی باڵای (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)**
**بەئامادەبوونی بەرێزان مام جەلال و مەسعود بارزانی**
**هەینی ١٩٩٩/١/٨ مەصیف صلاح الدین**

کۆبوونەوە سەعات (٢,٥٠) دەستی پێ کرد

وەفدی (ی.ن.ك) : مام جەلال، دکتۆر کەمال فوئاد، کاك عومەری سەید عەلی، کاك ئەرسەلان بایز، کاك دارۆ شێخ نوری، کاك حەمە تۆفیق رەحیم، کاك مەلا بەختیار.

وەفدی (پ.د.ك) : کاك مەسعود بارزانی، کاك سامی عەبدولرەحمان، کاك موحسن دزەیی، کاك جەوهەر نامق، دکتۆر رۆژ نوری شاوەیس، کاك هوشیار زێباری، کاك عارف تەیفور، کاك بروسك نوری شاوەیس.

**کاك مەسعود** :

بەناوی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و خۆم شەخسی و بەناوی وەفدی پارتی، زۆر بەخێرهاتنی برای بەرێزم مام جەلال و وەفدی مەکتەبی سیاسی دەکەم، هیوادارم ئەم سەردانە ببێتە هۆیەك بۆ بەرەوپێشەوە چوونی پرۆسەی ئاشتی و هەلگرتنی ئەو کۆسپانەی لەرێگای دروست بووە. . زۆر بەتەقدیرەوە پێشوازی ئەو سەردانە ئەکەم، دووبارە بەخێربێن.

**مام جەلال** :

منیش بەناوی برادەرانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و خۆمەوە، زۆر سوپاسی برای بەرێز کاك مەسعود و برادەرانی (م.س) و سەرکردایەتی پارتی دەکەم.

بەهیوای ئەوەی بەئەم سەردانە دەرگای زۆر لەمەسەلەکان و لەسەردانی تریش بکرێتەوە، کەزۆر کەس وایان دەزانی دەبێ ئەم چاوپێکەوتنە هەر لەدەرەوە بێت، واخۆش بەختانە لەکوردستانی خۆمان و بەبێ وەساطەی هیچ لایەك خۆمان چاوپێکەوتن و کۆبوونەوە دەکەین.

هیوادارم بەم کۆبوونەوانە هەنگاوی زۆر گەورە بچینە پێش لەرێگای جێ بەجێ کردنی رێکەوتنامە مێژوویی یەکەی واشنتۆن و هەلگرتنەوەی ئەو کۆسپانەی لەرێگایدان، زۆر سوپاسیش بۆ ئەو پێشوازی و عیبارەتانەی بەرێزتان.

**کاك مەسعود** :

مام جەلال بەرۆژووەو برادەرانیش لەرێوە هاتوون و رەنگە ماندووبن، پێم باشە ئەم کۆبوونەوەیە زۆر درێژ نەبێت، ئەگەر دوای ئیفطار دابنیشین، دەتوانین تا درەنگ دابنیشین.

**مام جەلال** :

ئەگەر پێویست بێت دەتوانین سبەینێش دابنیشین، من جانتام هێناوە. (بەپێکەنینەوە)

**کاك مەسعود** :

زۆر باشە دەتوانین سبەینێش دابنیشین.

کۆبوونەوەی سەلاحەدین ١٩٩٩/١/٨ (١)

سەرچاوە: وەرگیراوە لە ئەرشیفی بنکەی ژین بۆ بوژاندنەوەی کەلەپوری و بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانی کوردی

سەعات (٣) کۆبوونەوە وەستێنرا ، بڕیاردرا سەعات (٥)ی ئێوارە بۆ بەریانگ کۆببنەوە ، پاشان کۆبوونەوەکە درێژەی پێ بدرێت .

دانیشتنی دووەم

سەعات (٧)ی ئێوارە

**کاك مەسعود :**

جارێکی تریش بەخێرهاتنێکی گەرمتان دەکەین . . دەست پێ بکەین .

**کاك سامی :**

بەراستی جێ بەجێ کردنی ڕێکەوتننامەکە دوو سێ مانگ دواکەوتووە ، لەبەر ئەوە ڕەنگە بۆچوونێکی موشتەرەکمان هەبێت ، کە ئەم کۆبوونەوەیە بۆ دانانی بەرنامەیەك بێت بۆ جێ بەجێ کردنی ڕێکەوتننامەی واشنتۆن ، کە ڕێکەوتنەکە دانراوە و ئیمزاکراوە ، ئەزیاد دەبێت نە کەم . ڕەنگە موتەفقیش بین کە ئەمانە بەندە سەرەکیەکان بێت ، بەپێی تەسەلسولی تەئریخی باسی بکەین نەك بەپێی گرنگی بەندەکان :

دارایی ، پەکەکە ، ئاوارە ، پەرلەمان ، تەطبیع ، حکومەتی هاوبەش ، هەڵبژاردن .

**کاك ئەرسەلان :**

ئەو ڕێکەوتنەی جەنابت تەرجومەت کردووە ، لەجەدوەلی زەمەنی پەکەکەی تێدا نی یە .

**کاك سامی :**

لەجەدوەلی زەمەنی نی یە ، بەڵام لەڕێکەوتنەکەدا هەیە .

**دکتۆر کەمال :**

ڕاستە کۆبوونەوەکە بۆ ئەوەیە کەی و چۆن؟ دەست بەجێ بەجێ کردنی ڕێکەوتننامەکەی واشنتۆن بکەین ، ئەو خاڵانەی ئێوە داتان ناوە ، ئەکرێت بەپێی جەدوەلی زەمەنی باسی بکەین ، ئەتوانین پاش و پێشی بکەین چۆنتان پێ باشە ؟

**مام جەلال :**

ئەو خاڵانەی کاك سامی باسی کرد هەموو خاڵی گرنگن ، هەموو خاڵەکان یەکتری تەواو دەکەن ، من ئێکام وایە هەموو هەڤاڵان کە لێرە دانیشتوون بەچاویلکەی بەرژەوەندی میلەتەکەمان تەماشای بکەین ، نەك کامەی لەبەرژەوەندی یەکێتی یا پارتی یە . ئەگەر بەچاویلکەی بەرژەوەندی میلەتەکەمان تەماشای بکەین ، من ڕام وایە دەتوانین بەزوویی هەندێ پێشکەوتن بەدەست بخەین ، هەروەك کاك سامی باسی کرد ماوەیەك لەجێ بەجێ کردنی ڕێکەوتننامەکە دواکەوتوین ، کە ئەوە هەندێك میلەتەکەمانی نائومێدو نیگەران کردووە و دوژمنانیشی دڵخۆش کردووە ، نابێ ئەم کۆبوونەوەیەش ئاخر کۆبوونەوە بێت ، من هەر کات پێویست بکات ئامادەم بێم بۆ ئێرە ، بەتایبەت کە پێمان بووەوە .

**کاك مەسعود :**

منیش تەئیدی قسەکانی مام جەلال دەکەم ، ئەو ڕێکەوتنە شتێکی زۆر گرنگە ، بەداخەوە ڕووداوی ناخۆشی زۆر ڕووی دا ، گرنگ ئەوەیە کار بکەین ئەو ڕێکەوتنە مێژوویی یە جێ بەجێ بکەین ، نابێ

واتەماشای بکەین ، کەدەبێ هەموو شت بکەین یا هیچ ، ئەوە بەیەك کۆبوونەوە تەواو نابێت ، پێویستە بەردەوامبین .

**کاك سامی :**

لەلیژنەی تەنسیق ئێمە بەدرێژی ئەم مەوازیعەمان باس کردووە ، ئەگەر پێتان باش بێت ئێمە جارێکی تر باسێکی ئەو مەوزوعانە بکەین ، ئێوەش بەڕێزان کاك مەسعود و مام جەلال دەورتان نزیك کردنەوەی ئەو مەسافەیەی نێوان هەردوو وەفدە کەیە ، هاوکاریمان بکەن لەموعالەجەی ئەو کۆسپانە .

**دکتۆر کەمال :**

باسی ئەو مەسەلانە بکەین بزانین لەکوێ دا وەستاوین ، چارەی بکەین .

**کاك عومەر :**

جا لەکوێ ئەوەستاوین ؟ !

**کاك ئەرسەلان :**

ئەوە (١١) مانگە وەفدی مەکتەبی سیاسی هەردوولا لەکۆبوونەوەی بەردەوامین ، بەراستی بڵێین هیچی وامان نەکردووە ، لەزۆربەی خاڵەکان چەقیوین ، هیواداریین ئەوەی بەئێمە نەکرا جەنابی مام جەلال و کاك مەسعود ئێوە بیکەن .

**کاك مەسعود :**

ئێوە کاری باشتان کرد ، لەسەر ئەساسی ئەوەی ئێوە نەبوایە بڕوا ناکەم رێککەوتننامەی واشنتۆن مومکن بوایەو سەری بگرتایە .

**کاك هوشیار :**

واباشە هەردوولا بەرنامەی کۆبوونەوەکە دابنێین ، ئەگەر پێتان باش بێت ئەو جەدوەلەی کاك سامی داینا ، یان ئەگەر ئێوە جەدوەل ئەعمالێکتان هەیە پێشنیاری بکەن ، کۆبوونەوەکەمان جەدوەل ئەعمالێکی هەبێت .

**کاك حەمەتۆفیق :**

پێم وایە ئەو جەدوەلەی کاك سامی دایناوە ، ئەکرێت کاری لەسەر بکرێت ، بەڵام دەستکاریەك بکرێت ، کەچەند خاڵێکی موشتەرەکەو لەیەك دوور خراوەتەوە ، لەوانە تەطبیع ، پەککە ، ئاوارە ، کەهەرسێکی پەیوەندی هەر بە تەطبیعەوە هەیە . بەڕای من بەرنامەکە بەم جۆرە بێت ؛ دارایی ، تطبیع کەئاوارەو پەککەکەش ئەگرێتەوە ، ئەوسا بێینە سەر خاڵەکانی تر .

**کاك جەوهەر :**

وەك کاك سامی وتی لیژنەی هەردوولا باش لەیەکتر نەگەین ، ئەزانین لەکوێ دا وەستاوین ، من ناڵێم چەقین وەك کاك ئەرسەلان وتی ، من ئەڵێم وەستاوین ، پرۆسەکە بەرەوپێشەوە نەچێت ، ئەو ئەسەلسولە وابزانم کاك دکتۆریش ئەزانێ ئێمە لەو خاڵانە وەستاوین ، بەڵام ئاوارەو پەککە دوو مەوزوعی جیاوازن تێکەڵ بەیەکی بکەین بەوە ناگەینە ئەنیجە .

کۆبوونەوەی سەلاحەدین ١٩٩٩/١/٨ (٣)

## پاشکۆی ژماره (١٢-٤)

**مام جەلال :**

من پرسیارێکم هەیە ، نازانم لەسەر پەکەکە خیلافمان چی یە ؟ من هەموو مەحزەرەکان دەخوێنمەوە ، هەستم نەکردووە لەکۆبوونەوەکان خیلافمان لەسەر پەکەکە هەبووبێت .

**کاك سامی :**

لەرێکەوتنەکە پەکەکە هاتووە ، بەنیسبەت ئێمە هەموو نەشـاطیکی پەکەکە زیانی هەیە ، ئێمە بەخوێن ضەریـبەی دەدەین . لەهەر کوێ بن زیان بەمەدەنی و خەڵکی ئێمە دەگەیێنن و هەست ناکەین هیچ گۆڕانێك لەسیاسەتیان هەبێت ، هەر لەسەر سیاسەتی تەخریبی خۆیان موستەمرن .

لەرێکەوتنەکە هاتووە ، نابێ هیچ مـەلاذ و مقەڕاتیان هەبێت ، نابێت لەناوچەکانی ئێمەوە ئاسایشی تورکیا تێك بدەن . ئەگەر پەکەکە بچێتەوە ساحەی طەبیعی خۆی ئەوکاتە ئێمە دەتوانین جۆرێکی تر تەعامول لەگەڵ پەکەکە بکەین ، زیاتر لە ( ٤٥٠ ) گوند لەناوچەی ئێمە بەهۆی ئەوان ئاوەدان نەبۆتەوە ، کەکاتی خۆی ئەو ناوچانە بۆ ئەوان ئازاد بووە ، بەشی سێ چوار شۆڕشی دەکرد ، بەڵام ئەوان دەیانەوێ بێن لێرە حاکم بن .

**مام جەلال :**

من هیچ خیلافێك لەنێوان ئەو قسانەی جەنابت و بۆچوونی برادەران نابینم ، من کەچوومە سوریا ، داوام کرد ، بەڵای پەکەکەمان لەکۆڵ بکەنەوە ، موشکیلەمان بۆ دروست نەکەن ، پشتیوانی ڕێکەوتنامەکە بکەن .

ئێمە هەموو مقەڕاتی ئەوانمان داخست ( ٥ ) مقەڕیان هەبوو لەسلێمانی ، کەلار ، قەڵادزێ و ڕانیـە ، هەموویان داخست ، ئاگاداری هەموچاپخانەکانمان کردووە شتیان بـۆچاپ نەکەن ، ئاگاداری حزبی سۆشیالیستمان کردووە ئەو پەخشەی (مەد TV ) ڕاگرن ، وەفدێکی هاوپەیشمانیش چوونەتە لایـان ، نایشارینەوە بەصەراحەت پێمان وتوون ، بەخۆشی بڕۆن ، ئەگینا لێیان قبول ناکەین .

من خۆم لەتورکیا بووم پێیان وتین پەکەکە لەهەر کوێ بێت ئێمە بەدوای دا دەچین . من لەمەودوا لای ئێمەو لای ئێوە بەدوو ناوچە حساب ناکەم ، لای ئێمەو لای ئێوە یەك ناوچەیەو نابێ لەهیچ لایەك بمێنن . بەڵام بەراستی ئێمە پێمان خۆشە بەخۆشی بێت ، ئەگینا سبەینێ ئیدارەی هاوبەشمان هەبێت حکومەت بەقانون تەعامولیان لەگەڵ دەکات و نابێت لەدەرەوەی قانون هیچ تەصـەروفێك بکەن ، ئەوەی لەسەر بنکەی عەسکەری لەرێکەوتنامەی پاریسیش هـاتووە کەنابێ هیچ بنکەیەکیان هەبێت ، بەڵام پەکەکە مـەنطقی نی یە ، ئەگینا لەوفەوەضنا ئێمە سەربەخۆین بەو حاڵەش قبول نی یە بێن لێرە خۆیان بەحاکم بزانن . ئەوان دەڵێن لەتورکیا شتمان هەیە ، ئێمەش دەڵێین خوای دەکرد دەبوون بەوالی دیاربەکر و ئەستەنبوڵ ، بچن لەوڵاتی خۆتان چیتان پێ دەکرێ بیکەن و بەڵا لەئێمە دوور بخەنەوە ، بەڕای من لەسەر پەکەکە ئیختلافمان نابێت ، ئەگەر خاڵەکانی تر جێ بەجێ بکەین .

**کاك عارف :**

ئەو خاڵانەی کاك سامی باسی کرد و کاك محەمەد تەعدیلێکی کرد ، بەڕای منیش پەکەکەو ئاوارە زۆر پەیوەندی بەیەکەوە هەیە ، بۆ وەزعی تەطبیعیش پەکەکە لەسلێمانی بێت ئێمە ناتوانین بێینەوە سلێمانی ، پەکەکە کادرمان بفرێنێ و دەستی لێ بوەشێنێ ، لەبەر ئەوە پەکەکە خاڵێکی زۆر گرنگە .

کۆبوونەوەی سەلاحەدین ١٩٩٩/١/٨ ( ٤ )

**کاك موحسن دزەیی :**

تەطبیع مەعنایەکی وازحی هەیە ، هەنگاوێك نی‌یە بەشەو و رۆژێك بکرێت ، لەو رۆژەوە نامەی مام جەلال و کاك مەسعود گۆڕدراوەتەوە تا ئەو رۆژەی هەڵبژاردن دەکرێت هەر بەردەوامە ، لەبەر ئەوەی تـەطبیع وەك مەسەلەی دارایی و پەککەکە نی‌یە یەك هەنگاوی موحەدەد بێت .

**کاك ئەرسەلان :**

راستە لەهەوەڵ رۆژەوە لە گۆڕینەوەی نامەکانی بەڕێزان مام جەلال و کاك مەسعود و هاتنی وەفدی ئێمە بۆ شەقلاوە و بەردەوامی کۆبوونەوەکان و ئاڵوگۆڕی گیراوەکان ، هەمووی هەنگاو بوو بۆ تەطبیع ، بەڵام تـەطبیعی تەواوەتی بەوە دەکرێت هەر لایەك لەهەر ناوچەیەك مقەڕی هەبێت دۆست و لایەنگرانی بەدڵنیایی و بەبێ ترس بتوانن هاتوچۆی بکەن کەئەوە بەمانگ و نیوێك پێش هەڵبژاردن ناکرێت و ماوەیەکی باشی دەوێت .

**کاك بروسك :**

کەباسی تـەطبیع ئەکەین زیاتر باسی تـەطبیع لەشارەکان دەکرێت ، من دەڵێم پێویستە تـەطبیع لەشاخەکانیش بکرێت ، ناکرێ لەشارەکان تـەطبیع هەبێت لەشاخەکان هێزێك هەبێت لەبەهاردا دابەزێت دەست بەفەعالیات بکات ، سبەینێ لقێکی ئێمە ئەچێتەوە سلێمانی یا رانیە ، پەککە بێت پەلاماری بدات ئەوە چۆن موعالەجەی ئەکرێت ، یا لەسلێمانی جەریدەیەکیان دەرئەچێت قسە بەئێمە ئەڵێت ، ئەبێ ئێمە هەر خەریکی وەڵامدانەوەی بین کەئەوە ئیشی سەرەکی ئێمە نی‌یە . لەبەر ئەوە پەککە مەسەلەیەکی گرنگەو موعالەجە نەکرێت تەطبیع ناکرێت .

**دکتۆر کەمال :**

مام جەلال سیاسەتی یەکێتی سەبارەت بەپەککە بۆ روون کردنەوە کەئێمە لای خۆمانەوە هەنگاوی باشمان ناوە دەستمان پێ کردووەو لەسەریشی بەردەوام ئەبین ، با ئێستا هەنگاوی تر بنێین . وەك برادەران وتیان لەهەوەڵ رۆژەوە بەردەوامین بارودۆخ ئاسایی بکەینەوە ، بەڵام هەندێ مەسەلە هەیە تیایدا وەستاوین ، پێویستە موعالەجەی بکەین ، پێشنیار ئەکەم مەسەلەیەك هەڵبژێرین کە تیایدا وەستاوین ، باسی بکەین و چاری بکەین یەك یەك مەسەلەکان باس بکەین ، مەسەلەی دارایی‌یە ، مەسەلەی تەطبیعە ، مەسەلەی حکومەتە ... تاد .

**مام جەلال :**

سوئالێك ئەکەم هەندێ طـەبیعی نی‌یە هیوادارم بە طـەبیعی وەری بگرن ، ئەویش ئەوەیە ؛ ئەگەر بەراستمانە ئەم دوو حزبە ئەمانەوێ بەهاوبەشی پێکەوە ئیش بکەین و هاوکاری بکەین و یەك بین ، راستە وەك کاك بروسك وتی ناکرێ شاخ لەشار جیابکەینەوە ، بەڕای من ئەگەر ئەمانەوێ یەکبین ئەوەی مەترسی بێت بۆ سەر ئێوە مەترسیشە بۆ سەر ئێمە ، ئەگینا بمانەوێ پاشقوڵ لەیەك بگرین ئەوە هەردوولا زەرەر دەکەین . بمانەوێ ، نەمانەوێ ، هاومەصیرین و براین ئەگەر (الأخوة الأعداء) یش بین ، ئەگەر نێتی رێکەوتنمان هەبێت ئەتوانین بەچەند کۆبوونەوەیەك ئەو مەسەلانە لەڕووی ئیداری لەڕووی عەسکەری لەشار و شاخ هەمووی چارەسەر بکەین . ئەوەش بڵێم وەزعێکی زۆر سەیر بەسەر عیراقدا دەگوزەرێ ، کەس نازانێ سبەینێ چی روو ئەدات .

کۆبوونەوەی سەلاحەدین ١٩٩٩/١/٨ (٥)

باسی ئەوەشتان كرد كەئەو ئەركەتان خستە سەر من و كاك مەسعود ئەگەر پێتان باش بێت ئەكرێ دووقۆڵی ئێمەش فسكەفسكێك بكەین ، وەك وتم من جاتام هێناوە ئەتوانین چەند پێویست بێت بمێنینەوە ، ئەگەر برادەران بیرتان بێت لەواشنتۆنیش دەقی رێكەوتننامەكەشیان هێنا ئێمە زۆر ووردمان نەكردەوە ، ئیمزامان كرد .

**كاك سامی :**

ئەوەی دەیلێین هەر ئەوەیە مام جەلال باسی كرد ، كەمقەڕاتیان نەمێنێ ، ئێمە بیستمان هەندێ مقەڕاتیان لەسلێمانی داخراوە ، بەڵام هەمان رۆژ مقەڕی نهێنییان داناوە .

**مام جەلال :**

ئەوە بەهیچ جۆرێك راست نی یە ، خۆ ئێستا ئەتوانن خۆتان بێنە ئەوێ تەماشا بكەن ، وەك دۆست و ئینشائەللا هاوپەیمانیش قسەتان بۆ دەكەین . هەندێ لەو حزبانەی هاوپەیمانی ئێمە سوود لەو مەسەلەیە وەردەگرن ، ئێمە سیاسەتمان ئاشكرایە بەرامبەر پەكەكە ، بۆنموونە ئێمە كادری پێشكەوتووی خۆمان تەحسین قادرمان لەسەر قسەكردن بۆ پەكەكە دەركرد ، مامۆستا جەمالیشمان بانگ كرد . نازانم ئێوە چۆن سەیری پەكەكە دەكەن ، پەكەكە تەنیا نی یە و لەناوچەكەدا پشتیوانی دەكرێت وهاوكارییان دەكرێت .

بۆ موعالەجەی مەوزوعی پەكەكە لای ئێمە ئاخر مۆڵەت بۆ مقەڕات وجەریدەیان نیهایەتی سەری ساڵ بوو ، پێمان وتوون بەخۆشی دەیكەن باشە بەخۆشی نایكەن بەناخۆشی ئامادەین بۆ سەرخستنی رێكەوتننامەی واشنتۆن شەڕیش بكەین .

**كاك عومەر :**

ماوەی ساڵێكە ئێمە ئیشی زۆرمان لەسەر مەسەلەی پەكەكە كردووە ، مقەڕاتیان نەماوە لەبۆتێ ، زەڵێ ، لێوژێ ، ئێنزێ ، والەسلێمانی ورانیە وكەلاریش مقەڕەكانمان داخستن ، ئیعلامیان نەماوە ، ئەوەی كاك بروسكیش باسی كرد ئێوە ئەتوانن لەسلێمانی بن وكەسیش ناتوانێ هیچ بكات . جموجوڵی تر لەهەولێر و ناوچەكانی لای ئێوەش ئەیكەن و لەوێش خەڵكیان هەیە ، لەهەولێرەوە بەتەلەفۆن قسە لەگەڵ (مەد TV) ئەكرێت وحزبەكانی لای ئێوەش لەپارتی كاری سەربەخۆ وحزبی شیوعی بەئاشكرا باسیان ئەكەن و دیفاعیان لێ ئەكەن .

**مام جەلال :**

موتەئەكدین ئێمە یاری بەو مەسەلەیەی پەكەكە ناكەین و ئەوەی بەینی خۆمان و ئێوە نادەین بەینی ئێمە و پەكەكە . ئەو رێكەوتنەی واشنتۆن شتێكی مێژوویی گەورەیە بۆ میلەتەكەمان لەبەر ئەوە بەهیچ شتێكی تری ناگۆڕیتەوە .

**دكتۆر رۆژ :**

لەو قسەیەی مام جەلالەوە دەست پێ ئەكەم ، كە ئەو رێكەوتنە چەند گرنگە بۆ ئێمە ، بزانین كێ لەگەڵ ئەوەیەو كێ دژی ئەوەیە ، دیارە ئەمریكا و بەریتانیا خۆیان تیایدا بەشدارن لەگەڵێدان ، بەڵام دوەلی ئیقلیم رای

كۆبوونەوەی سەلاحەدین ١٩٩٩/١/٨ (٦)

بگەیێنن یا نا ، دژی ڕێکەوتنە کەن . پەکەکەش بەئاشکرا دژی ئەو ڕێکەوتنەیەو کار بۆ ئەوە ئەکات تێکی بدات . ئایشارمەوە شەڕی ئێمەو پەکەکەش عاملێکی موشەجع بووە بۆ شەڕی نێوان ئێمەو ئێوەش .

بەڕای من بەم ئەسەلسولە باسی مەسەلەکان بکەین ؛ دارایی ، پەکەکە ، پەرلەمان ، حکومەت ، ئاوارەو تـــەطبعیش عەمەلیەیەکی بەردەامە ، ئەگەر لەسەر ئەم چوار خاڵە بەو ئەسەلسولە قسە بکەین ، ئەگەینە ئەتیجە .

**کاك ئەرسەلان :**

بەڕای من بەپێ ی جەدوەلی زەمەنی ڕێکەوتنەکە باسی مەسەلەکان بکەین ، کەپەکەکەی تێدا نی یە ، هەرچەند هەروەك جەنابی مام جەلال وتی ئێمە لەو بارەیەوە ئیشی زۆرمان کردووە ، مقەڕات و ئیعلام و هیچیان نەماوە . ئێمە لەمەسەلەی پەکەکەدا لانی کەم ٧٥٪ چوینەتە پێشەوە ، بەڵام لەخاڵەکانی تر هیچ پێشکەوتنێك نەبووە .

**کاك مەسعود :**

لەبیرتان نەچێ ئێمە دوومانگ لەجێ بەجێ کردن ، ئەئخیربوون ، ئێستا دەتوانین بڵێین ئەم دانیشتنە یەکەم دانیشتنی جدی یە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو ڕێکەوتنامەیە .

**مام جەلال :**

کاك ئەرسەلان ئەوەی وتت ڕاستە ، بەڵام ئەبێ وا حساب بکەین ئەوەی بۆ پارتی خراپە بۆ ئێمەش خراپە ، نابێ وا بیربکەینەوە تا یەکێتی ئەوەی لەسەرێتی نەیکات من هیچ نەکەم یا تاپارتی ئەوەی لەسەرێتی نەیکات تۆ هیچ نەکەیت .

**کاك مەسعود :**

پەکەکە وەکو بەشەریش قسە ناکەن ، ئەوەی لە ٨٤ بۆ ٨٨ ئێمە بۆ پەکەکەمان کرد وەك برادەرێك دەبوت خێرتان نەنوسێ ، ئەگەر پەکەکە ڕاست دەکات دیفاع لەکوردستان دەکات ، با لەجودی ڕێ بەتورك بگرێت . ئەگەر سبەینێ هێزی گەورەی دەباباتی تورك هات وەرچی هاتە پێش ڕایماڵی کێ ڕێ ی پێ دەگرێت ؟

**مام جەلال :**

لەتورکیا بەراستی بەئێمەیان وت ، پەکەکە لەهەر کوێ بێت ئێمە ئەچین بۆی ، لەقەڵادزێ بێت دێین بۆی ، لەسلێمانی بێت دێین بۆی .

**دکتۆر ڕۆژ :**

لەبەر ئەوە باشتر وایە پەکەکە لەکەرکوك بێ بۆ ئەوەی بچن بۆ کەرکوك . (بەپێکەنینەوە)

**مام جەلال :**

پەکەکە تەقسیری لەکەس ناکات ، قسەی زۆر بەئێمەش دەڵێن و دژی ئێمەشن ، لەقسەکانیان فەرقی ئێمەو ئێوە ناکەن .

**کاك عارف :**

دەباشە مام جەلال باهەموو دەریان بکەین .

کۆبوونەوەی سەلاحەدین ١٩٩٩/١/٨ (٧)

**مام جەلال :**

ئەوە نی یە دەریان دەکەین ، بەڵام پێویستە ئێوە ئاگاتان لەدەردی ئێمە بێت و ئێمەش ئاگامان لەدەردی ئێوە بێت .

**کاك سامی :**

بالمناسبە ئێوە لەموئتەمەری قەومی نەمان؟

**مام جەلال :**

ئێمە هەوەڵجار چووین بەو نیازەی طابعی پەکەکەی بەسەرەوە نەبێت ، لەهەوەڵەوە ئێوە نەهاتن ، حزبی دیموکرات نەهات ، ئێمە ئەوە دوو کۆبوونەوەیە ناچین ، قسەی زۆریان پێ وتبووین ، خوا هەڵناگرێ تەنیا دکتۆر مەحمود هەندێ دیفاعی لێ کردبووین ، کەرێکەوتننامەی واشنتۆن هەیەو حەقمانە ئێمە ئیش بۆ سەرخستنی ئەو رێکەوتنە بکەین .

**کاك جەوهەر :**

ئەو مەسەلەیە ئەوەندەمان باس کرووە کون و کەلەبەرمان نەهێشتووە باسی نەکەین ، چەند مانگە باسی نەکەین ، برادەران ئەڵێن حەلمان کردووە ، ئەوەندەی نەماوە ، بەڵام پاش هەموو ئەو ماوەیە موشکیلەی پەکەکە هەروەك خۆی ماوە ، لەلایەکی تر هەندێ برادەران ئەڵێن ئەوە کاری حکومەتی داهاتووە ، بەڵام بەراستی پەکەکە لەسەر ساحەکە بێت حکومەتی هاوبەش چۆن دروست دەکرێت؟ ! بەرای من ئەم مەسەلەیە حەق وایە لەم کۆبوونەوەیە بڕیارێکی کۆتایی لێ بدەین ، پیلانێك دانێین سەقفێکی زەمەنی هەبێت چارەسەری ئەواجدی پەکەکە بکەین .

**مام جەلال :**

ئێمە مەوقفی خۆمان لەپەکەکە روون کردۆتەوە ، بەڵام بۆ مەسەلەی حکومەتی موشتەرەك لەرێکەوتنەکە بڕیار بوو پاش سێ مانگ حکومەتەکە دروست بکرێت ، یەعنی دەبو ئێستا حکومەتە موشتەرەکەکەمان دروست بکردایە ، ئێستا من پێم وایە ئێوە هەر بەوەندە رازی نابن کەئێمە بڵێین پەکەکە لەناوچەی خۆمان نایەڵین و دەریان دەکەین ، کاك سامی هەر بەوە رازی دەبن؟ (بەپێکەنینەوە)

**کاك مەلا بەختیار :**

مام جەلال ئەوان بەوەندە رازین .

**کاك سامی :**

ئەگەر هاوکاریمان بکەن بۆ ناوچەکانی تریش خراپ نی یە . (بەپێکەنینەوە)

**مام جەلال :**

ئەگەر هەر بەوە رازین ئێمە لەحەفتەیەك دا هیچیان لای خۆمان نایەڵین .

**کاك عارف :**

ئێوە ئەوەی لای خۆتان بکەن ، بۆ ناوچەکانی تر ئەگەر پێویست بوو داواتان لێ ئەکەین ، ئەگەر پێویست نەبوو خۆمان ئەیکەین . . هەرچەند رێکەوتنی واشنتۆن باس لەوە ئەکات ، هەردوولا بەموشتەرەك سنوورەکان بپارێزن .

کۆبوونەوەی سەلاحەدین ١٩٩٩/١/٨ (٨)

**کاك عومەر :**

هەموو شتەکان پێکەوە بەستراوە ، بەشایەتی خۆتان لەوەتەی ئاگربەست بووە ، هیچ کێشەیەك لای ئێمەوە نەبووە بۆلای ئێوە ، لەلایەکی ترەوە لەسالی ١٩٩٥ ئێوە وپەکەکە شەڕتان بوو ئێمەش لەحالەتی شەڕدابووین ، هیچ تەدەخولمان نەکرد . ئێمە هەنگاوی باشمان ناوە ، بەلام لەخالە لاوەکی یەکانیش ئێوە هیچ هەنگاوێکتان نەناوە ، نە لەمەسەلەی گیراوەکان ، نە ئەنجومەنی قەزا ، نەخوێندکارە دابڕاوەکان ، نە ئاوارەکان ، لەزۆر مەسەلەی لاوەکی هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆتان نەناوە ، بڕیار بوو بۆ مەوزوعی دیل و گیراوەکان بەبێ قەیدو شەرت هەرچی دیل و گیراوی هەردوولا هەیە یەکسەر هەمووی ئازاد بکرێت . بەو موناسەبەیەوە داوا لە کاك مەسعود ئەکەم بەبۆنەی ئەم سەردانەوە ئەمر بکات باقیاتی گیراوەکانیش ئازاد بکرێن .

**دکتۆر کەمال :**

سەبارەت بەپەکەکە زۆرمان باس کردووە ، ئەگەر شتێکی موحەددەد هەیە ئێمە بکەین و نەمان کردووە پێمان بلێن با بیکەین .

**کاك مەسعود :**

هەدەفی ئێمە نی یە ، نەئێمە و نەئێوە نامانەوێ پەکەکە نەهێلین و پەکەکە لەناو ببەین ، بەلکو دەمانەوێ بەلای پەکەکە لەسەر ئێمە نەمێنێ ، ئیتر پەکەکە لەتورکیا و لەئەوروپا چی دەکات با بیکات .

**مام جەلال :**

ئەوەی کاك کەمال وتی قسەیەکی حسابی یە ، پەکەکە ئێرانی لەپشتە ، عیراقی لەپشتە ، هەموومان پێشمەرگایەتیمان کردووە ، مەفرەزەو کاری پارتیزانی بەکەس ڕێ ی لێ ناگیرێ ، مەسەلەی پەکەکە پلانێکی دەوێ لەرووی ئیعلامی یەوە لەرووی عەسکەری یەوە ، لەرووی ئیقلیمی و لەئەوروپا چی بکەین بۆ دوورخستنەوەی ئەو بەلایە لەخۆمان .

**دکتۆر رۆژ :**

ئەوەی مام جەلال باسی کرد راستە بەرنامەی ئەوێ ، پێویستە لەهەموو روویەکەوە باسی پەکەکە بکەین و بەرنامەی بۆ دابنێین ، لەگەل ئەوەدا لەمەسەلەکانی تریش دا بزانین لەچی دا عاسی بووین ، با ئەلێم چەقیوین ( بەپێکەنینەوە ) یەك بەیەك لەسەر ئەو مەسەلانە قسە بکەین و چەند سەعات پێویست بێت باسی بکەین ، حەز ئەکەن پەکەکە ئەکەین بەئاخر خال ، گرنگ ئەوەیە بەرنامە بۆ خالەکان دابنێین و چاری بکەین .

**کاك حەمە تۆفیق :**

ڕێکەوتننامەی واشنتۆن بەئەساس بۆ مەسەلەی پەکەکە دانەنراوە ، ئەوە پاش چوار سال شەڕو ناکۆکی ئێمە هاتووینەتە سەلاحەدین ، خەلك چاوەڕێ نی یە بچینەوە بلێین لەسەر پەکەکە رێك کەوتین ، خەلك چاوەڕوانی جێ بەجێ کردنی هەموو خالەکان و دروست کردنی حکومەت و گەڕانەوەی ئەو هەموو ئاوارەیەی هەردوولایە ، نالێم پەکەکەش گرنگ نی یە ، بەلام ئەوە تەنیا خال نی یە و تەنیا باس لەو مەسەلەیە بکەین ، ئینطباعیکی خراپ ئەدا بەخەلك .

کۆبوونەوەی سەلاحەدین ١٩٩٩/١/٨ ( ٩ )

**كاك سامی :**

ئه‌تیجه ده‌بێ له‌دوای ئه‌م كۆبوونه‌وانه بگه‌ینه ئه‌و بڕیاره‌ی یه‌كه‌كه‌ نابێ ئه‌واجدی له‌ كوردستانی عیراق هه‌بێت .

**دكتۆر رۆژ :**

ئه‌وه‌ یه‌كێكه‌ له‌خاڵه‌كان .

**كاك بروسك :**

ئه‌بێ له‌سه‌ هه‌موو خاڵه‌كان بگه‌ینه‌ بۆچوونێكی موحه‌دو مه‌جال نه‌بێ ته‌فسیری جیاوازی بۆ بكه‌ین .

**مام جه‌لال :**

ده‌ركردنی یه‌كه‌كه‌ ئێمه‌ به‌هه‌دوء كردمان ، ئه‌مانویست بیكه‌ین به‌عه‌للا ، ئه‌وه‌ی ئه‌كرابێت ئاماده‌ین هه‌موی بكه‌ین ، نازانم بیستوتانه‌ له‌ئه‌وروپا دیعایه‌ ده‌كه‌ن ، كه‌له‌رێككه‌وتننامه‌ی واشنتۆن هیچمان نه‌كردووه‌ ، رێككه‌وتن له‌سه‌ر دژایه‌تی یه‌كه‌كه‌ نه‌بێت .

كاك هوشیار چۆنی ده‌بینی وه‌زعه‌كه‌ چۆنه‌ ؟

**كاك هوشیار :**

به‌رای من له‌م كۆبوونه‌وه‌یه‌ باسی وه‌زعی عیراق بكه‌ین باشتره‌ ، وه‌ك ده‌ڵێن له‌سوخریه‌تی قه‌ده‌ره‌ عیراق داوای هه‌لگرتنی حه‌زری جه‌وی ده‌كات ، ئێمه‌ش بێ ده‌نگین .

**مام جه‌لال :**

ناكرێت ئێمه‌ له‌سه‌ر حه‌زری جه‌وی بێ ده‌نگ بین ، ئه‌وه‌ مه‌سه‌له‌ی سه‌ره‌كی ئێمه‌یه‌ ، ئه‌وان له‌سه‌ر ئێمه‌ شه‌ڕ ئه‌كه‌ن و ئێمه‌ش قسه‌ نه‌كه‌ین چۆن ده‌بێ؟ ! هه‌ر به‌راستی قسه‌كانیان زۆر ئاشكرایه‌ له‌جه‌ریده‌كان به‌ئاشكرا ئه‌ڵێ حه‌زری جه‌وی نه‌مێنێ خۆمان ئه‌زانین چی ئه‌كه‌ین .

**دكتۆر رۆژ :**

له‌هه‌موو مه‌سه‌له‌یه‌ك بێ ده‌نگ بین نابێ له‌مه‌سه‌له‌ی حه‌زری جه‌وی بێ ده‌نگ بین .

**مام جه‌لال :**

باسی ئیلغای حه‌زری جه‌وی و ده‌ركردنی ( NGO ) كانیش ده‌كه‌ن ، كه‌ئه‌وه‌ دوو مه‌سه‌له‌ی گرنگن بۆ ئێمه‌ ، حه‌ق وایه‌ سوپاسی سه‌رۆك كلنتۆنیش بكه‌ین ، كه‌سێ جاره‌ به‌ناوهێنان دیفاع له‌ئێمه‌ ده‌كات و ده‌ڵێت ئه‌گه‌ر په‌لاماری كورد بدات لێ ی ده‌ده‌ین .

**كاك هوشیار :**

پاش ئه‌م ضه‌ربه‌یه‌ ممكن نی یه‌ ئه‌مریكا له‌عیراق ئه‌راجوع بكه‌ن .

**مام جه‌لال :**

له‌م وه‌زعه‌ی عیراق هه‌ر شتێك بێت ئه‌گه‌ر یه‌ك بین و پێكه‌وه‌ بین قازانج ده‌كه‌ین ، نموونه‌ زۆره‌ ، كه‌ی پێكه‌وه‌بووین سه‌ركه‌وتووبووین ، كه‌پێكه‌وه‌ نه‌بووین هه‌ردوولا زه‌ره‌رمان كردووه‌ ، له‌به‌ر ئه‌وه‌ زۆر پێویسته‌ هه‌ڵوێستمان یه‌ك بخه‌ین . من وه‌زعی عیراق شلۆق ده‌بینم ، صه‌دام و ئه‌مریكا گه‌یشتوونه‌ته‌ خاڵی لاعه‌وده‌ ،

كۆبوونه‌وه‌ی سه‌لاحه‌دین ١٩٩٩/١/٨ ( ١٠ )

## پاشکۆی ژماره (۱۲-۱۱)

**دکتۆر کەمال :**

زۆر باشە سبەینێ وەڵامی مام جەلال و کاك مەسعودیش وەرئەگرین .

سەعات (۱۰,٤٥) دەقیقە کۆبوونەوە کۆتایی هات

سەرلەبەیانی رۆژی شەممە ۹/۱/۱۹۹۹ سەعات (۱۱) هەردوو وەفد بەئامادەبوونی بەڕێزان مام جەلال و کاك مەسعود لەهۆڵی پشوودان کۆبوونەوە و هەردوو بەڕێز چوونە شوێنی تایبەت بۆ کۆبوونەوەی دوو قۆڵی و وەرگرتنەوەی وەڵامی پێشنیارەکانی بەڕێز مام جەلال لەلایەن بەڕێز کاك مەسعودەوە . دوای ئەو کۆبوونەوە دووقۆڵی یە بڕیاری دەرکردنی راگەیاندنێکی هاوبەش لەسەر کۆبوونەوەکان دراو لیژنەی پێکهاتوو لەبەڕێزان دکتۆر کەمال فوئاد و کاك ئەرسەلان بایز لای یەکێتی ، وە کاك سامی عەبدولرەحمان و کاك فەلەکەدین کاکەیی لای پارتی یەوە ، راگەیاندنەکەیان داڕشت .

دەقی راگەیاندنە رۆژنامەگەری یەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو :

### راگەیاندنی رۆژنامەگەری

### کۆبوونەوەی بەڕێزان مام جەلال و مەسعود بارزانی

بەسەرپەرشتی بەڕێزان کاك مەسعود بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی رۆژانی ۸ و ۹/۱/۱۹۹۹ لەهاوینەهەواری (صلاح الدین) وەفدی یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوە . لەکۆبوونەوەکەدا هەردوولا لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە رێکەوتن :

١- پابەند بوون بەهەموو بەندەکانی رێککەوتننامەی واشنتۆن و سووربوون لەسەر جێ بەجێ کردنیان و لابردنی هەموو کۆسپ و تەگەرەیەك لەو رێگایەدا .

٢- وەفدی پارتی دیموکراتی کوردستان پابەندی خۆی بەجێ بەجێ کردنی خاڵی تایبەت بەدارایی یەوە دووپات کردەوە و دەستی کرد بەجێ بەجێ کردنی .

٣- لەچوارچێوەی بەردەوام بوون لەسەر رەوتی ئاسایی کردنەوەی باری کوردستان :

أ/ بڕیاردرا نوێنەرایەتی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسلێمانی و نوێنەرایەتی یەکی یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان لەهەولێر دابنرێن .

ب/ ئازادکردنی ئەو گیراوانەی کە تائێستا لەبەر هەندێك هۆ لەگرتووخانەکان دا مابوونەوە .

ج/ زەمینە خۆش کردن بۆ گەڕانەوەی ئارەزوومەندانەی ئاوارەکان بۆ شوێن و جێگای پێشووی خۆیان .

٤- بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو خاڵەی لەرێککەوتننامەی واشنتۆن دا هاتووە دەربارەی PKK ، وەفدی (ی . ن . ك) رایگەیاند کەپابەندە بەجێ بەجێ کردنی تەواوی ئەو خاڵەوە ، بۆ ئەو مەبەستەش هەنگاوی ناوە و بەردەوامیش دەبێت لەجێ بەجێ کردنی تەواوی خاڵی ناوبراودا .

٥- لەبواری لێکۆڵینەوە ، لەباری ئێستای کوردستان و عێراق و ناوچەکە هەردوولا لەسەر ئەوە رێککەوتن کەهەڵوێستیان بەرامبەر بەرووداوەکان و پێشهاتەکان یەك بخەن و کۆشش بکەن لەپێناوی

کۆبوونەوەی سەلاحەدین ۸/۱/۱۹۹۹ (۱۹)

## پاشکۆی ژماره (١٢-١٢)

پاراستنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ داو دابینکردنی ئاسایشی ناوچەکە لەسەر بناغەی پاراستنی بەرژەوەندی گشتیی هەمەلایەنەی پەیوەندیدارەکان .

٦- بەردەوامبوون لەسەر کۆبوونەوەکان و دانوستاندن بۆ جێ بەجێ کردنی تەواوی خاڵەکانی ڕێککەوتننامەی واشنتۆن .

بەم بۆنەیەوە کۆبوونەوەکە سوپاسی (کۆمیتەی باڵای ئاشتی) دەکات، بۆ ئەو ئەرکەی کێشاویەتی لەپێناو بەردەوامبوونی کۆبوونەوەکانی و جێ بەجێ کردنی ئەو هەنگاوانەی کە تائێستا نراون .

کوردستانی عیراق- صلاح الدین

١٩٩٩/١/٩

پاش نیوەڕۆ بەڕێزان مام جەلال و مەسعود بارزانی لە کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی دا ، لەسەر کۆبوونەوەکان ڕوونکردنەوەیان دا بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی هەردوولاو وەڵامی پرسیارەکانیان دانەوەو کۆتایی بەسەردانەکە هێنرا .

* * کۆتایی * *

کۆبوونەوەی سەلاحەدین ١٩٩٩/١/٨ (٢٠)

## ملخص البحث

أحداث الساحة السياسية في جنوب كوردستان في نهاية الثمانينات وبداية تسعينات قرن الماضي، كانت لها وقع كبير على العلاقات والصراعات بين الاحزاب السياسية في جنوب كوردستان، ولها انعكاساتها ايضاً على جميع الجوانب السياسية في جنوب كوردستان.

الصراعات بين الاحزاب السياسية بشكل خاص والوضع السياسي بشكل عام جنوب كوردستان كانت في تغير دائم حسب قوة وقدرة الأحزاب السياسية ففي بعض المرات كانت العلاقات بين الأحزاب السياسية على أحسن مايرام ومرات اخرى قد وصلت إلى الأقتتال الداخلي بين الأخوة. المفاجئات والتطورات السياسية في جنوب كوردستان كانت لها أيضاً تأثير كبير على الحركة التحررية الكردية في جنوب كوردستان، انتفاضة (آذار ١٩٩١) وإجراء اول انتخابات في (مايس ١٩٩٢) وتشكيل مجلس النواب (برلمان) إقليم كوردستان، تعتبر مرحلة جديدة في تأريخ الأحزاب السياسية في جنوب كوردستان. الصراعات المسلحة والأقتتال الداخلي بين الأحزاب (١٩٩١-٢٠٠٣) من سمات الرئيسية لهذه المرحلة. والتي هي عنوان بحثنا. يتكون البحث من مدخل وثلاثة فصول رئيسية. المدخل يتناول جذور الصراعات المسلحة والأقتتال الداخلي للأحزاب بين عامي (١٩٧٦-١٩٩١)

**الفصل الأول**، يتناول وضع جنوب كوردستان والصراعات المسلحة بين الأحزاب (١٩٩١-١٩٩٤) ويتكون من ستة بحوث والتي يتناول وضع إقليم كوردستان خلال انتفاضة (آذار ١٩٩١) ومفاوضات بين الجبهة الكوردستانية وحكومة العراق - المركزية، سحب الحكومة العراقية اداراتها في جنوب كوردستان وحكم الجبهة الكوردستانية وانتخابات (مايس ١٩٩٢) وتشكيل اول برلمان وحكومة إقليم كوردستان والصراعات المسلحة بين (ح. د. ك) و (ا. و. ك) واقتتال الداخلي بين كل من (ح. د. ك) و (حسك) و (ا. و. ك) و(الحركة الإسلامية).

**الفضل الثاني**، يتناول الأقتتال الداخلي بين الأحزاب السياسية في جنوب كوردستان (١٩٩٤-١٩٩٧) ويتكون من خمسة بحوث أساسية يتناول الجولة الأولى من اقتتال الداخلي بين (ا. و. ك) و (ح. د. ك) والجولة الثانية من اقتتال الداخلي بين (ا. و. ك) و (ح. دك) والجولة الأولى من اقتتال الداخلي بين (ح. د. ك) و (ح. ع. ك .PKK) والجولة الثانية بين (ا. و. ك) و (الحركة الإسلامية) والجولة الثالثة للأقتتال الداخلي بين (ا. و. ك) و (ح. د. ك) واحداث (٣١ آب ١٩٩٦) وهجمات عاصفة الأقتتال.

**الفصل الثالث**، الصراعات بين الأحزاب السياسية في جنوب كوردستان (١٩٩٧-٢٠٠٣) ويتكون من خمسة بحوث، يتناول الجولة الثانية من اقتتال الداخلي (ح. د. ك) و (ا. و. ك) والجولة الرابعة الأقتتال الداخلي بين (ح. د. ك) و (ح. ع. ك) ومعارك عاصفة انتقام الثانية بتدخل واشتراك تركيا في هذه الجولة من الأقتتال الداخلي وتطبيع العلاقات بين الطرفين، بعد الجولة الرابعة للأقتتال الداخلي بين (ح. د. ك) و (ا. و. ك) والأقتتال الداخلي بين (ا. و. ك) و المجموعات الإسلامية الجهادية سنة (٢٠٠٠) (جند الإسلام وانصار الإسلام).

في نهاية ثم توضيح نتيجة البحث بعدد من النقاط.

**Abstract**

The events in the political arena of Southern Kurdistan in the late 1980s and early 1990s greatly impacted on the relations and conflicts between political parties in South Kurdistan, it also had impacts on all the political fields in southern Kurdistan. Conflicts between political parties in particular and the political situation in general in southern Kurdistan have altered depending on the authority and political ability of the political parties. Sometimes the relations between the political parties have been good and sometimes they have been bad, these conflicts went on until they led to civil war and fratricide.

The political events and developments in South Kurdistan greatly impacted the Kurdish liberation movement in Southern Kurdistan. The March 1991 uprising, the withdrawal of the Iraqi government in October 1991, the first elections in May 1992, and the formation of the first parliament and government are considered new stages in the history of political parties in Southern Kurdistan.

Armed Conflicts and Civil Wars of Political Parties (1991-2003) are the most prominent features of this period, which is the title of the study, the study consists of an introduction and three main sections. In the introduction, the root of armed conflicts and civil wars among the political parties between 1976 till 1991 is presented.

The first part, the situation in Southern Kurdistan and the armed conflicts of the parties (1991-1994) consists of six chapters, including the situation in Southern Kurdistan on the eve of the uprising (March 1991), the May 1992 elections, the formation of the first parliament and the Kurdistan Regional Government, the armed conflicts between the PKK, the PUK, and the PDK, and the civil war between the PDK and the PUK, PSK, PUK, and BASK.

The second part, the civil war of political parties in Southern Kurdistan (1994-1997) consists of five main topics: the first round of the civil war between the PUK and the PDK, the second round of the civil war between the PUK and the PDK, the first round of the civil war between the PDK and the PKK, the second round of the civil war between the PUK and the BASK, the third round of civil war between the PUK and PDK, the incident of August 31, 1996, and the attacks of the storm of revenge by PUK.

The third part, the conflicts of political parties in Southern Kurdistan (1997-2003) consists of five topics: the second round of the civil war between the PDK and the PKK, the fourth round of the civil war between the PDK and the PUK, the second storm of revenge, Turkey's participation in this round of civil war, and the normalization of relations between the two sides after the fourth round of civil war between the PUK and the PKK in 2000, and the conflicts between the PUK and Islamic jihadist groups (Jund al-Islam and Ansar al-Islam).
Finally, the results of our study are presented in several points.

Kurdistan Regional Government
Ministry of Higher Education and Scientific Research
University of Sulaimani – Faculty of Humanities
Department of History

# Armed Conflicts among Kurdish Parties in Southern Kurdistan (1991-2003)

Thesis Submitted by:

**Shallaw Ibrahim Aziz**

To the council of college of Humanities - University of Sulaimani in partial fulfillment of the requirements for the Master Degree in a new and contemporary History

Supervised by:

**Professor. Dr. Aram Ali Mustafa**

2722 Kurdi    2023 A.D